# چەند نووسراوە، لێکۆڵینەوە و رەخنەی

# ئەدەبیی شاعیر و رۆژنامەوان،

# س. چ. هێرش

## لە بواری شێعر و وەرگێڕان دا

****

گردەوەکۆی:

قاسم چیرە، سوێد 2020

---

# زیندانی ئەوین

تا کە بەژنت با دەدەی چۆن چەشنی لاولاوت نەبم
یا کە دەدوێی مەستی لێو و عەتری هاڵاوت نەبم

تا کە هەتبێ دەستی ئەنگێو ، بۆمبی سینە و تیری چاو
سەیرە ئەمنی دڵلەخۆچووی بێپەنا ڕاوت نەبم

عالەمێکت کردە فەرهاد، دڵبەری شیرینی من
چۆن لە کێوی بێستوون نەخشێنەری ناوت نەبم

دەوڵەتی گەندەڵ کە نەیهێشت من بە ئازادی بژیم
بۆ لە زیندانی ئەوینی تۆی پەری پیاوت نەبم

تا نەیاری چاوچنۆک چاوی لە دۆلار بێ چلۆن
من لە بازاری ئەوین سەوداسەری چاوت نەبم

وەزعی ئاڵۆز بوو بە هۆ ماچم لە جێژوان دەسکەوێ
چۆن بە قوربانی شەماڵ و پرچی شێواوت نەبم

****

تا کە وەک کەو سەر لەبن بەفرێ بخەی هەروا دەبێ
وەک مرۆ، چۆن لاگری گۆڕانی نوێباوت نەبم
من کە جارێ چاوی خێر و مێهرەبانیم لێت نەدی
با لە سەفحەی یادی تۆ دا چیدی سەرناوت نەبم

*٢٢ی ئاوریلی ٢٠١١  س. چ. هێرش*

## چەند وشەیەک:

خوێنەرەوەی بەرێز! ئەم بەرهەمەی لەبەر دەستت دایە، کۆمەڵێک وتار، لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبین لەبواری شێعر و وەرگێڕان دا کە شاعیر، نووسەر و رۆژنامەوان سلێمان چیرە (هێرش) لە ماڵپەڕی خۆی-گزینگ.ئۆرگ- بڵاوی کردبوونەوە. بەڵام بەداخەوە، ماڵپەڕەکە دوای کۆچی نووسەر، داخرا و دەستڕاگەیشتن بە نووسراوەکانی کەوتە زەحمەتی.

وەک وەفایەک بۆ زەحمەتەکانی نووسەر، بە ئەرکی خۆم زانی کە لە رێگای گووگڵەوە، بەنێو ماڵپەڕە جۆراوجۆرەکاندا بگەڕیم و بیاندۆزمەوە. خۆشبەختانە بەشێک لە نووسراوەکان بە دەسخەتی خۆی لە ئارشیوەکەی‌و، بەشێکیش لە کامپیوتەرەکەی دا مابوون کە بە ئەمانەتەوە لێرەدا دەکەوێتە بەر دیدی ئێوەی بەڕێز. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە چەند نووسراوەییێکیان پێشتر لە گۆڤارەکەی واتە گزینگ دا چاپ کرابوون، کە بە گرینگم زانی لێرەدا دووبارە بڵاو ببنەوە.

قاسم چیرە، ئاوریلی ۲۰۲۰

## پێڕست:


1– میرزا هەستە گزینگ لە سەرانی داوە ........................................ لاپەڕە 006

وتووویژێکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی، سەلاحەدین بایەزیدی

2– بەهار و <<هەر ئازادی>> ........................................ لاپەڕە 018

3– بەهار وەرزی زانەوەی زەوی........................................ لاپەڕە 021

4– پێشەکی‌ی کتێبی << هێمن و من>> ........................................ لاپەڕە 023

5– ڕەگەزی ئیمپێرسیۆنیزم و سیمبۆلیزم لە ریئالیزمی << هێمن موکریانی>> دا .. لاپەڕە 028

6– سەمفۆنی کابووکێ و شێعری 'چیمەن' ........................................ لاپەڕە 034

7– چەند پەیڤێک دەگەڵ "بەدران ئەحمەد حەبیب" ........................................ لاپەڕە 038

8– لێکدانەوەی بڕگەشێعری (چاویلکە)ی مامۆستا هێمن ........................................ لاپەڕە 042

9– نامەیەکی مامۆستا هێمن و کورتەباسێک لە سەر شێعری "نۆبەمە بتدەمە..." ... لاپەڕە 044

10– عەلی میرفەتروس و شێعری هێمن لە گۆڤاری سەهەند ........................................ لاپەڕە 048

11– <<کورد>> وەک دوڕدانە لە دەریای شێعری حافز دا ........................................ لاپەڕە 051

12– هەڵبەستێک بۆ شەهید، سولەیمانی موعینی (یەکەم شێعری سیاسی) .......... لاپەڕە 055

13– بیرەوەرییەک لە عەزیز یۆسفی و شێعری "بزەی خوێن" ........................................ لاپەڕە 057

14– سالێک بەر لە هەڵەبجە، (بیرەوەرییەک لە بۆمبارانی کیمیایی) ........................................ لاپەڕە 059

15– جۆرەکانی کێش (وەزن) لە شێعری <<نالی>>دا ........................................ لاپەڕە 063

16– ڕێبازی فکری و شێوازی شێعری‌ی <<خانی>> لە مەم و زین دا ........................................ لاپەڕە 093

17– چەند شێعرێک بە ڕاوێژی هەمەدانی لە بابا تاهیر (وەرگێڕانەوە) ........................................ لاپەڕە 102

18– مۆسیقای کوردیی و فەرهەنگی کوردەکان (وەرگێڕانەوە) ........................................ لاپەڕە 108

19– قوڕئانی پیرۆزی مامۆستا هەژار و زمانی کوردی ........................................ لاپەڕە 116

20– بیرەوەرییەکانی وەفایی و چەند رەخنە و تێبینی ........................................ لاپەڕە 121

21– یادی ۲۵ ساڵەی حەسەن زیرەک ........................................ لاپەڕە 131

22– ماملێ، مامۆستای قەتاری کوردی ........................................ لاپەڕە 139

23– مەرجەکانی شێعربوون، (نامە بۆ شاعیرێکی لاو) ........................................ لاپەڕە 149

24– هەڵسەنگاندنی وەرگێڕانەوەی شێعرێکی فرووغ ........................................ لاپەڕە 151

25– هەڵسەنگاندنی غەزەلێکی مەولەوی بەلخیی ........................................ لاپەڕە 157

26– وەرگێڕانەوەی سێ غەزەلی مەولەوی ........................................ لاپەڕە 161

27– رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ماندووتر لە مێژوو ........................................ لاپەڕە 163

28– قسەی ئەم ژمارەیە (ژمارە ۲۳ی گۆڤاری <<گزینگ>> ........................................ لاپەڕە 164

29– مامۆستا ئەحمەد هەردی و شێعری <<ست فاتیمە>> ........................................ لاپەڕە 167

30– ڕانانی کتێب << لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ>> ........................................ لاپەڕە 170

31– کتێب بەسەر کردنەوە << کۆمەڵە شاخی بەرز و گەردەنکێش>> ........................................ لاپەڕە 174

## پێڕست:


32– ڕانانی کتێب << لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و ...، محەمەد خزری>> .......... لاپەڕە 175

33– سیمای ژێکافانەی زەبیحی لە ڕوانگەی مێژووەوە ........................... لاپەڕە 183

34– بەستەی ماڵئاوایی، –بۆ کەریمی حیسامی ................................ لاپەڕە 192

35– ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی و سیاسی لە موکریان ................ لاپەڕە 194

36– <<فڕین>>، وەرگێڕانەوەی شێعرێکی سیاوەش کەسرایی ..................... لاپەڕە 209

37– بەشداریی لە "هێندێک تێبینی زمانیی"، وێبلاگی ڕوانگەی حەسەن قازی ..... لاپەڕە 203

38– ژیاننامەی شاعیر، (سۆلەیمان چیرە–هێرش) ................................. لاپەڕە 215

# «میرزا هەستە گزینگ لە سەرانی داوە»

وتوویژێکی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ « س. چ. هێرش»

**سەلاحەدین بایەزیدی**

*سولەیمان چیرە، ناسراو بە س. چ. هێرش، ساڵی 1951 لە شاری مەهاباد لەدایکبووە. ساڵی 1968 دیپلۆمی ئەدەبی وەرگرتووە. پاشان لە ڕشتەی جوگرافیای ئابووری لە زانکۆی تەورێز درێژەی بە خوێندن داوە و لە ساڵی 1974 پلەی لیسانسی لەو ڕشتەیەدا وەرگرتووە. مامۆستایەتی کردووە و چەندین جار بە تاوانی چالاکیی سیاسی دەستگیر و ئەشکەنجە کراوە. ساڵی 1987 بە ناچار ڕووی کردۆتە هەندەران و دوای دوو ساڵ مانەوە لە ئازەربایجانی سەروو، باکۆ، لە ساڵی 1989وە لە وڵاتی سویدە. ماوەی دە ساڵ بە ڕێکوپێکی گۆڤاری گزینگی دەرکردووە و چەندین بەرهەمی چاپکراوی ئەدەبی هەن.*

**ئایا دەتوانین بڵێین سروشتی کوردستان و جوانییەکانی لە دەرکەوتنی تەبعی شێعریدا کاریگەرییان هەیە بەتایبەت بە کەسیک کە قۆناغی منالیی خۆی لە لادێدا بەسەربردبێ؟ دەمەوی بپرسم سەرەتای خولیای شێعریت دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

– ئەو وەڵامەی لێرەدا دەمەوێ سەبارەت بەم پرسیارە بیدەمەوە، دەکرێ لە ئاست زۆربەی بنەماڵەکانی ئەو کاتەی کوردەواریدا کە کەسانی وەک منی تێدا گەورە دەبوو، وەڕاست بگەڕێ و وەک نمونەیەکی بەرچاوی ئەو دەورانە چاوی لێبکرێ. بەرلەوەی لە ساڵی 1337ی هەتاوی (1958 ز.) بنەماڵەی ئێمە، باوکم و مامێکم کە پێکەوە دەژیان، بە یەکجاری لە شار نیشتەجێ بن، من خوێندنی سێ ساڵی سەرەتاییم لە گوندی هەمزاوا، نزیک شاری مهاباد، دەستپێکردووە و بەم جۆرە من و ئامۆزایەکم یەکەم کەس بووین کە لە بنەماڵەیەکی 15 سەر خێزانی ڕەوانەی مەدرەسە کراین و دەبەر خوێندن نراین. مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە کە لەم سەردەمە لەبەرئەوە زۆربەی بنەماڵەکانی کوردەواری نەخوێندەوار بوون، جۆرێک ئەدەبی زارەکی (فۆلکلۆریی) و خۆماڵی لەبری کەرەسەی ڕاهێنان و بارهێنانی ئەوڕۆیی وەک کتێب و ڕۆژنامە و تیڤی و... لەئارادا هەبوو کە دەیتوانی لەسەر کرانەوەی چاو و گوێی منداڵی کورد تەئسیری دیاریکراوی خۆی هەبێ.

ئێمە، منداڵانی ئەو سەردەمە، زۆربەی ڕۆژەکان بەتایبەت لە وەرزی زستاندا لەدەوری ئاورگ و تەندوور کۆزیلکەمان دەبەست و حیکایەت و چیرۆک و نەقڵیان بۆ دەگێڕاینەوە. هەروەها بنەماڵەی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە بنەماڵەیەکی وەرزێر بووین، مەڕداریش بووین. خاوەنی سێسەد مەڕی سپی بووین و گەرمێن و کوێستانمان دەکرد. جا لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو شوانانەی باوکم ڕایدەگرتن شمشاڵژەنی زۆر کارامە و لێزان بوون کە ئەوەش لەسەر شکڵگرتنی جۆرێک زەوق و چێژ و خۆشیوەرگرتن لە مۆسیقا و ئاشنابوون بە بەیت و باوی کوردەواری بێ تەئسیر نەبووە. ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە، چریکە و سۆزی برایمە سوورم دە گوێدا دەزرینگێتەوە کە بە دەنگ و شمشاڵ بەیتی «ناسر و ماڵماڵ» و «برایمۆک» و هی تری بۆ دەگوتینەوە. ئەوەش بڵێم هەموو جارێک کە وەختی شەرت پەڕینی برایمە سوور دەهات هەموومان خواخوامان بوو کە سەرلەنوێ ڕابگیرێتەوە و لانیکەم لە دەنگ و نەوای شمشاڵەکەی بێبەری نەبین.

دیارە ئەوانە هەموو دەیانتوانی بەستێنێکی لەبار بن بۆ ڕێخۆشکردنی قۆناخی دواتر واتە سەردەمی مێرمنداڵی و لاوێتی. لەو سەردەمەدا کە ماڵمان بە یەکجاری هاتبووە شاری مهاباد و دەگەڵ دیاردەی

ڕادیۆ کە تازە داکەوتبوو ئاشنا ببووین، زیاتر چاو و گوێم کرایەوە. دیاردەیەکی کە بە ڕادەیەکی زۆر تەئسیری لەسەر بیر و خەیاڵی من دانا و منی بەرەو دنیایەکی دیکە برد کە لەگەڵ دنیای مێرمنداڵی گەلێک جیاواز بوو، گوێڕاداشتن بە بەرنامەکانی بەشی کوردی ڕادیۆ بەغدا و تاران و کرماشان و دواتریش ڕادیۆی پەیکی ئێران بوو؛ هەڵبەت مەبەستم زیاتر ئەو بەرنامانە بوون کە یان شیعری جۆراوجۆریان تێدا دەخوێندرایەوە یان باسی ئەدەبی و شیعر و شاعیرییان تێدا دەکرا. بۆ نموونە زۆر جاران گوتوومە و ئێستاش دەیڵێمەوە کە جەنابی شوکروڵلا بابان کە بەڕاستی ڕۆحی وەبەر شیعرخوێندنەوەوە دێنا، لەسەر من کارتێکەریی زۆر بەرچاوی هەبوو. شیاوی گوتنە کە لە قۆناخی زۆر دواتردا جگە لە ئاشنابوون دەگەڵ شیعر و خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرانی خۆماڵیی هاوچەرخ، ناکرێ تەئسیری ڕاستەوخۆی نەمر مامۆستا هێمن کە لە کتێبی «هێمن و من»دا بەوردی ئاماژەم پێکردووە، بەهێند نەگیرێ و فەرامۆش بکرێ.

**منداڵیت و شێوەگرتنی ژیانی لادێ لەسەر کەسایەتی هونەریت، دواتر ژیانی شاخ و ئێستاش شار بە هەموو ماناکانییەوە... ئەو سێ قۆناخە لە ژیانت چۆن پێکەوە دەبەستیتەوە؟ ئایا شار توانی کاریگەرییەکانی ڕابردووت لەنێوبەرێ؟**

– وا بزانم هەر قۆناخێک لە ژیاندا کارتێکەریی خۆی هەبووە و هەیەتی. بەڵام بە باوەڕی خۆم هیچ قۆناخێک بەقەد قۆناخی منداڵی و مێردمنداڵیی و تافی لاوێتی لەسەر شێوە و شکڵگرتنی زەوقی ئەدەبی و کەسایەتی هونەری تەئسیر دانانێ. دەتوانین گەلێک نموونە لە نووسەران و شاعیران بێنینەوە کە ڕەگ و ڕیشاڵی زۆربەی بیر و بۆچوون و ڕوانگەکانیان کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و دەداتەوە، هەر لەم قۆناخی منداڵی و مێردمنداڵییەوە سەرچاوی گرتووە و سەرچاوەش دەگرێ. جا کەسی تاین، شاعیر بێ، چیرۆکنووس بێ، شانۆنامەنووس بێ، یان بەگشتی سەر بە هەر ژانرێکی هونەری بێ، لەو دیاردەیە ئاوارتە ناکرێ و بەشێکی زۆر لە ڕوانگە و جووڵە و بزاوت و کار و ئاکاری ئەدەبی و هونەرییەکەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، خۆئاگا و ناخۆئاگا ڕەنگدەرەوەی ئەو سەردەمەیە.

دەوەدا شک نییە کە جێگۆڕکێی جۆغرافیایی و شوێن گۆڕین، دیاردە و دیمەنە سروشتییەکان، چاوپێکەوتن و تێکەڵاوبوون دەگەڵ خەڵکی جۆراوجۆر لە هەموو قۆناخەکانی ژیاندا، هەم وەک کەرەسەی تێڕوانین و تێڕامان، هەم وەک تەجروبە و داهێنان، دەتوانن تەئسیری بەرچاو لەسەر کاراکتەر و کەسایەتیی ئەدەبی و هونەری دابنێن، بەڵام کارتێکەری شتگەل و دیاردە و ڕووداوەکانی سەردەمی منداڵی و لاوێتی شتێکی دیکەیە و لایەنێکی کارا و کاربڕتری هەیە. نازانم ئەو قسەیە کەسێکیتر کردوویەتی یان هەر بە ئی خۆمی دابنێم: ژیانی ئەدەبیی و هونەریی هەر کەس لە زەمانی ئێستادا کە کۆشکی داهاتووی لەسەر دابنێ، ڕیشە و بناغەکەی لە ژیان و بەسەرهاتی ڕابردووی کەسی تاین وەردەگیرێ.

من لەو بارەیەوە نموونەیەکی سادەت بۆ باس دەکەم. جارێکی لە سەردەمی مێردمنداڵیمدا کە بە ڕاسپێری لەلایەن باوکمەوە دەبوومە میوانی دیوناسێکی خۆمان و دەبوایە دەگەڵی چووبامە کوێستانی گەدە، ناوچەی مەنگوڕایەتی، و عەڕابەی کەڵیی کە لە شار بۆمان دروست کردبوو، لە گوندەکەی خۆی بۆی هەڵبەستم و بۆی وەکار بخەم، وا ڕێکەوت ئێوارەدرەنگانێک لە بناری قەڵاتی شا لەدەم ڕووبارێکی دۆڵەشێخان لاماندا و شەو لەوێ ماینەوە. بۆ بەیانی حاجی ڕەسوو کە ویستی لە خەوم هەستێنێ، گوتی: ‹میرزا، هەستە گزینگ لە سەرانی داوە...› کاتێک هەستام چەند دیمەنی ڕەنگاوڕەنگ و دەگمەن، هاوکات سەرنجیان ڕاکێشام. لەلایەک ڕەنگی ئەو گزینگە کە وەک زەردایییەکی سروشتی لە داوێنی کێوەکاندا دەبریسکایەوە و لەلایەکیتر دەنگی بولبول و باڵندە وردیلەکان کە لە گوێمدا دەزرینگانەوە،

تەواوی هەست و نەستمیان ئاوێتەی ئەو سروشتە جوانە و ڕازاوەیە کردبوو. لە هەمووی جوانتر و سەرنجڕاکێشتر دیتنی یەکەم جاری هێلانەی ئەو باڵندە قندیل و خنجیلەیە بوو کە لە کوردەواری خۆماندا پێی دەڵێین گۆرەویچن. لەرینەوە و شنینەوەی ئەو هێلانەیە کە لەسەر چڵە لاوێنێک هەڵواسراوە، چ بەهۆی شەپۆلی ڕووبار و چ بەهۆی شنەی باوە، تەواوکەری ئەو دیمەنە جوان و ڕازاوەیەی سروشت بوون کە هەتا هەم چێژ و ئوخژنی ئەو کاتەم هەر لە زەین و هەناودا دەهێڵنەوە. هەر بۆیەشە وشەی «گزینگ» کە دەرخەر و هەڵگر و وەخۆگری ئەو دیمەنە سروشتییەیە لە زۆربەی شیعرەکانمدا دووپاتە دەبێتەوە و تەنانەت ناوی گۆڤاری گزینگ و هەروەها ماڵپەڕەکەشم هەر بیرخەرەوەی ئەو دیمەنەیە.

**چۆن بوو نازناوی ‹هێرش›ت هەڵبژارد؟**

– ئەگەر سەرنج بدەی کۆمەڵێک لە شاعیرانی موکریان، پیتی یەکەمی ناسناوەکەیان بە پیتی هـ دەستپێدەکات، وەک: هێمن (م. شێخولئیسلامی موکری)، هەژار (ع. شەرەفکەندی)، هێدی (خ. حیسامی و هاوار (ع. حەسەنیانی). هەر بەو پێیە کۆمەڵێک لە شاعیرانی لاو، واتە نەسلی دواتر، بەخاتری خۆشەویستی و ڕێزلێنانی ئەو مامۆستایانە کە من بەش بەحاڵی خۆم یەکێک لەوان بووم، پێمانخۆشبوو ناسناوی ئێمەش هەر بە پیتی هـ دەستپێبکرێ، وەک: هێرش، هەڵۆ (ق. موئەییدزادە)، هێدی (ج. حەسەنپوور) و زۆر کەسی دیکە.

**بەڵام ئەو نازناوانە دەلالەت لە کەلتورێکی شۆڕشگێڕی و خەباتی نهێنیی سەردەمێک دەکەن کە تیایدا تەنانەت نووسینیش قەدەغە بوو. بۆ نموونە ئەو ناوانەی ئاماژەت پێدان بە جۆرێک لە جۆرەکان بەهۆی سیاسییەوە ناچار بوون نازناوێک هەڵبژێرن.**

– قسەی جەنابت زۆر دروستە، چاک بوو وەبیرت هێنامەوە، بەڵێ، لەو سەردەمەدا دانانی ئەو ناسناوانە لە ترسی بگرەوبەردە و ئەشکەنجەی دامودەزگای ساواک (سازمانی ئەمنیەت و ئیتلاعاتی کیشوەر) هەم باو بوو و هەمیش پێویست. زۆر جار ئەو ناسناوە دەیتوانی بەفریات بگا و لە گەلێک بێنەوبەرەی چاوەڕواننەکراوی ئەو سەردەمەی پاشایەتی کە کورد گوتەنی «کەڵ بە موو بەند بوو» نەجاتت بدا. بۆ نمونە جارێکی لەسەر ڕادیۆی پەیکی ئێران، شیعرێکی من کە بەبۆنەی شەهیدبوونی نەمر سولەیمانی موعینیەم گوتبوو بە ناسناوی هێرش خوێندرابۆوە. دوابەدوای ئەوە لەلایەن ساواکەوە کە زۆر جار لە بیانوو دەگەڕا و دە بنەماڵەی ئێمە و شەخسی منی هەڵدەکێلا بانگکرام کە گوایە ئەو شیعرە ئی منە. من لە وەڵامدا گوتم ئی من نییە و بەم جۆرە ناسناوی هێرش بە هانامەوە هات. هەڵبەت من مەبەستم زیاتر لەبەرچاوگرتنی ڕواڵەتە قانوونییەکە بوو کە جارجار تەنانەت سیستەمە دیکتاتۆرییەکانیش حیسابێکی بۆ دەکەنەوە، دەنا هەر ئەو ساواکە هەر بەو بیانووە پڕوپووچانە زۆر جاران تیرۆپڕی لە خەڵکی هەڵداوە، بەبێ ئەوەی «نە بای پێدا هاتبێ و نە باران».

**پێتوا نییە جووڵانەوەی ڕووناکبیریی کوردستانی ئێران دوای کۆچی دوایی مامۆستا هێمن و هەژار کەلێنێکی گەورەی تێکەوتووە و لە هەموو بوارەکانەوە بێدەنگە؟**

– دەوەدا شک نییە کە کۆچی دوایی ئەو مامۆستایانە بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە تازە کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتەما بوو لە هەبوونی ئەو ئازیزانە کەڵکی پێویست وەرگرێ بۆشاییەکی گەورەی لەم پرۆسەیەدا خوڵقاند. بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەو دوو مامۆستایە بێجگە لەو ماوە کەمەش کە لە ڕەوتی کوردینووسین و شیعر و زمانەوانی و ڕووناکبیریدا حزووری زیندوو و ڕاستەوخۆیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەبوو، لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانیان چ بە شێوەی شیعر و چ بە شێوەی پەخشان،

توانیان شۆڕشێکی گەورەی ڕووناکبیریی، دیارە ئەوەی مەبەستی جەنابتانە بەدیبهێنن و نەسلێکی زۆر باش لەدوای خۆیان پەروەردە بکەن و باربهێنن. ئەو دوانە وێڕای چەند مامۆستای دیکە کە ناکرێ ناویان لێرەدا فەرامۆش بکەین وەک مامۆستایان زەبیحی، فەرهەنگنووس و ڕۆژنامەوان و قزڵجی، ڕۆژنامەوان و چیرۆکنووس. کە بە عەقیدەی من دەبێ بە کۆڵەکەی سەرەکیی قوتابخانەی موکریان ناویان بێنین، نەتەنیا لەسەر بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڵکە لە کوردستانی گەرمێن (باشوور) و تەنانەت شوێنەکانی دیکەش کارتێکەری گرینگ و بەرچاویان داناوە.

لێرەدا پێمخۆشە تەنیا ئاماژە بە کارتێکەریی مامۆستا هێمن و دامەزرانی گۆڤاری سروە بکەم کە چ تەئسیرێکی باش و لەباری سەبارەت بە فێربوونی زمانی کوردی و شێوەی کوردینووسین لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەت لاوان و گەنجان دانا. لێرەدا پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە سەرجەمی بەرهەمی ئەو مامۆستایانە دەتوانێ وەک کلیلێک بۆ پەرەپێدان و نزیکبوونەوە لە زمانی یەکگرتوو (ستاندار)ی ئەدەبی لە بواری دیالێکتی کرمانجیی خواروو کەڵکی لێوەربگیرێ.

**چۆن؟**
– بەگشتی زمانی یەکگرتوو (ستاندارد)ی هەر نەتەوەیەک پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵێک دیالێکت و زاراوە و لەهجە و ڕاوێژی جۆراوجۆری ئەو گروپە قەومی و ئینسانییەی کە بە شێوەی دینامیک و زیندوو بەردەوام بەیەکەوە تێکەڵاوییان هەیە. بەڵام مەسەلەیەکی کە لەو بارەیەوە زۆر گرینگە و ئەو جۆرە زمانە نووسیارە واتە زمانی یەکگرتووی ڕەسمی/ فەرمی (ستاندارد) لە تەواوی زمان و دیالێکتە بیسیار و وێژیارەکان جیادەکاتەوە لایەنی دەسەڵاتی سیاسییە کە دە پێکهاتن و پەرەگرتنی زمانی ڕەسمیدا کارتێکەریی بەرچاوی هەیە.

لە پێوەندیی دەگەڵ مەسەلەی زمانی یەکگرتوو بۆ ئێمەی کورد کە بێجگە لە هێندێک قۆناخی کورتی مێژوویی، ئەویش لە شکڵی ئەمارەت و ئۆتۆنۆمی و نیوچە دەوڵەتدا، خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبووین؛ باشترین شێوە و ڕێگەچارە ئەوەیە کە بابەتی نووسیار و بەرهەمی بەمیراتماوی شاعیر و نووسەرەکانمان بکەینە بەڵگە و دەستاوێژ و ئەو بۆشاییەی پێ پڕبکەینەوە. بۆ نمونە زمانی نووسیاری و پێوێژراوی بلیمەتێکی وەک نالی کە هەم بەدیهێنەر و هەم پەرەپێدەری ئەو قوتابخانەیە کە من بە ناوی ڕێبازی بابان ناودێرم کردووە، دەتوانێ و هەروەک وایشە، ببێتە بناخەی زمانی یەکگرتووی کوردی، هەڵبەت بۆ بەشی کرمانجی خواروو. کەواتە لە سەردەمێکی دواتر کە لقێک هەر لەو ڕێبازە لە شوێنێکی دیکەی جوغرافیایی، بە شکڵێکیتر و بەگوێرەی بارودۆخێکیتر پەلدەهاوێژێ و پەرەدەگرێ بۆچی لەپێناو زمانی یەکگرتوو (ستاندارد)ی نەتەوەییدا کەڵکی لێوەرنەگیرێ؟ هەڵبەت مەبەستم ئەو ڕێبازەیە کە لە سەرەوە بە ناوی ڕێبازی موکریان ئاماژەم پێکردووە.

ئەوەی کە کام دیالکێت و لەهجە، بەپێی چ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و چ بارودۆخێکی سیاسییەوە دەکرێتە بنەما و بناغەی زمانی یەکگرتوو گرینگ نییە، بەڵکە گرینگ ئەوەیە کە لە نێوان زمانی بیسیار و وێژیار (بیستن و ئاخافتن)ی تاک و بەکۆمەڵ لەلایەک و زمانی نووسیار (زمانی ڕەسمی و ستاندارد) لەلایەکی ترەوە پێوەندیی دینامیک و مەنتیقی بەرقەرار بکرێ و کەڵکی پێویست بۆ پەرەپێدانی زمانی یەکگرتووی نەتەوەیی وەربگیرێ.

بەکورتی، منیش یەکێک لەو کەسانەم کە بیر و بۆچوونی مامۆستایان هەژار و هێمنم لەو بارەیەوە قەبوڵە کە دیالێکتی موکریان بەتایبەت لە باری کر و داڕشتنی ڕستەوە دەتوانێ ببێتە بناغەیەکی پتەو لەپێناو پەرەسەندنی زمانی یەکگرتووی کوردی. لێرەدا مادام ئەو باسەم وروووژاندووە، بۆ سەلماندنی

قسەکەم لە هەردوو مامۆستای بەڕێز کە بەشێکی زۆر لە نووسەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان وەک ئایەتوڵڵای زمان بە سەرچاوە و مەرجەعیان دەزانن، دوو نموونە دەهێنمەوە. مامۆستا هەژار کە خۆی یەکێک لە ئەندامانی کارای «کۆڕی زانیاری کورد» بووە، لە چێشتی مجێور، ل. 539دا دەنووسێ:

«هەمیشە من شەڕی ئەوانەم دەکرد کە زمانی پاکی کوردی تێکدەدەن و دانە بە دانە عەرەبی وەردەگێڕن و ئەویش بە ئیشتیای نەزانی خۆیان... گاڵتەم پێدەکردن. لەبەر ئەوە زۆریان زۆر ڕقیان لە من دەبۆوە. نەبەزینم لە بەرانبەر ئەو نەزانە خۆ بە زاناناسانە سەرەنجام کارێکی وای کردبوو کە زۆریان بیر لە حاڵی خۆیان و قسەی من بکەنەوە و ئەگەرچی خراپەیان دەگوتم، بێنەسەر قسەکانم. پێموایە لەم شەڕ و هەرایانەدا توانیم تا ئەندازەیەکی باش گەشە بە زمانەکە و نووسینی کوردی بدەم».

مامۆستا هێمن‌یش سەبارەت بە لەهجەی موکریان، لە وتووێژێک (گزینگ ژمارە 23، ل. 39)دا ئاوا دەڵێ: «ئەگەر بۆخۆم موکریانی نەبام، پێموابوو لەهجەی موکریان باشترین لەهجەیە بۆ زمانی کوردی، بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی. بەڵام دەترسێم ئەوەی بە تەعسسوب دابنێن، کە ئەمن و تەعەسسوبیان نەگوتووە. مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەفەرموێ، موکریان بە مانای ‹موغ ڕێیان› ـە، یانی ڕێگای ئەو موغانە بووە کە لە هەورامانەوە هاتوون، یان لە جێگەی دیکەڕا، بە دریاس/ دریاز کە کۆنە شاری موکریانە، بەوێدا ڕابوردوون و هەریەک لەوانە هێندێک وشەی کوردیان بەجێهێشتووە، هێندێک تەعبیری شیعریان بەجێهێشتووە، ئەوانە ئێستاش لە موکریاندا حیفز کراون(پارێزراون). ئەم لەهجە دەڕوا تا دەگاتە نزیک سولەیمانی. دیارە لەهجەی سولەیمانی – نەک لەهجەی دێهاتەکانی– فەرقی هەیە، یانی لەهجەیەکی لەهجەی موکریانی ناوەڕاستە لە کوردستاندا. بە عەقیدەی من چاکترین لەهجەیە کە ئێمە بیکەینە بناغە بۆ ئەوەی زمانی یەکگرتووی کوردی لێ دروست بکەین».

**مەبەستت لە قوتابخانەی موکریان چییە؟ تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانەیە چین؟**

– ئەگەر سەرنجت دابێ لە گزینگی ژمارە 11 (لاپەڕەی 17–20) دا بە شێوەیەکی زۆر کورت باسی سێ ڕێبازی شیعری کوردیم کردووە، واتە ڕێبازی گۆرانی، ڕێبازی سۆرانی(بابان) و ڕێبازی بادینانی (بۆتان). من بۆخۆم نەزەرم وایە کە چەند کەس لە دانەر و پێکهێنەرانی ڕێبازی سۆرانی کە سەرەتا لە سەردەمی بابانەکاندا سەریهەڵدا خەڵکی ناوچەی موکریان بوون کە یەک لەوان عەلی بەردەشانی بووە. جا ئەو ڕێباز و قوتابخانەیە کە لەسەر دەستی کەسێکی وەک حەزرەتی نالی برەو و پەرەی پێدرا، زۆر دواتر لەلایەن شاگردان و ڕێڕەوانی ئەو ڕێبازە، وەک وەفایی، ئەدەب و بەتایبەت حەریقـەوە لە ناوچەی موکریان بڵاوبۆوە کە من بە ناوی ڕێباز یان قوتابخانەی موکریان ناودێرم کردووە. ڕاستە ئەو ڕێبازە، واتە موکریانی، سەرچاوەکەی هەر هەمان ڕێبازی سۆرانی‌یە، بەڵام لە زۆر لایەن و ڕەهەندەوە بەتایبەت لە سەردەمی کۆماری کوردستان (1946)ـەوە، چ لە باری داڕشتن و چ لە بواری زمانەوە لەگەڵ ئەسڵی قوتابخانەکە جیاوازی هەیە و خەسلەتێکی سەربەخۆ و تایبەتمەندییەکی شاز وەردەگرێ. ئەگەر هەروا بە شێوەی سەرپێیش بێ، ناوی هێندێک لە شاعیر و نووسەرانی سەر بەم ڕێبازە بە نمونە دەهێنینەوە، کە بەگشتی لە چوارچێوەی ئەو ڕێبازەدا جێدەگرن، وەک شەوقی (قازی زادە)، مەلا مارفی کۆکەیی، سەیفولقوزات، خاڵە مین، هەژار، زەبیحی، هێمن، قزڵجی و زۆر کەسی تر.

**ئایا ئەو قوتابخانەیە توانی بۆ دەرەوەش تەشەنە بکات یان هەر لە چوارچێوەی موکریاندا مایەوە؟ ئەی لەڕووی زەمانییەوە چی؟ ئایا بەردەوام بوو یان تایبەت بوو بە زەمانێکی دیاریکراو؟**

– دیارە بەشێک لە وەڵامی ئەو پرسیارە هەم لە توێی قسەکانی خۆم و هەم مامۆستایان هەژار و هێمن، لە سەرەوە جواب دراوەتەوە. ئەگەر مەبەستت تەشەنەکردن بۆ دەرەوەی ناوچەی موکریانە، بەڵێ، ڕۆژ

لەگەڵ ڕۆژ ئەو شێوازە لەنێو شاعیران و نووسەران و چیرۆکنووسانی کورددا زیاتر برەو پەیدا دەکا و شوێنی شیاوی خۆی دەکاتەوە. لێرەدا پێویستە من جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، بۆ نمونە فەرق و جیاوزای بنەڕەتی لە شێوەی نووسیندا ئەوە نییە کە من بنووسم «دەڕۆم، گرینگ، بەغدا، دێم، تێیدا...» و نووسەری شوێنێکی دیکەی کوردستان بنووسێ «ئەڕۆم، گرنگ، بەغا، یەم، تیا...»، بەڵکە لە شێوەی پێکهاتە و داڕشتنی دەستەواژەی پەتی و ڕستەی پاراوی کوردییە.

**چەندە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی مامۆستا هێمن دای کە نوێبوونی شیعر دەبەستێتەوە بە ناوەڕۆکی شیعرەوە؟**

– هەروەک دەزانین و تەجروبەش نیشانیداوە، شێعر دیاردەیەکی کڕک و نەگۆڕ نییە و بەپێی زەوق و هەستی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت کارتێکەری زمانەوە هەمیشە لە گۆڕاندایە و هەر بۆیەشە ناکرێ تاریف و پێناسەیەکی دیاریکراو و یەکلایەنەی بۆ لەبەرچاو بگیرێ. من دەوەدا هیچ شکم نییە کە مەبەستی مامۆستا هێمن لە ناوەڕۆک ئەو بیر و هەست و دەربڕینە خەیاڵاوییەیە کە توخم و ماکە و پێکهاتەی سەرەکیی شێعرەکە هەم لەلایەنی زەمان و هەم لەلایەنی زمانەوە پێکدێنێ. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕستەیە پێویستە نمونەیەک بێنینەوە. ئەگەر شاعیرێک لەم چەرخ و چاخەی ئێستادا کە دەورانی ئینفۆرماتیک و ئەلیکترۆنیک و ئینتەرنێتە، بیهەوێ زولف و کەزیەی دڵدارەکەی بە کەمەند، یان وەک شاعیرێکی کلاسیکیی خۆمان بە نێردیوان (پەیژە) بچوێنێ و لە ئامراز و کەرەسەی دەورانی کۆن کە سەدان و هەزاران جار دووپاتەکراونەتەوە، کەڵک وەربگرێ، دەوەدا شک نییە کە ئەو گوتراو و دەربڕینە لە هەر قاڵب و فۆڕمێکدا بێ نەتەنیا کەس پێی خۆش نابێ و چێژی لێوەرناگرێ بەڵکە دەبێتە جێگەی پێکەنین و سەرسووڕمانیش. لە شێعردا ئەوە کۆمەڵێک ماکە و توخمی بەیەکەوەبەستراون، وەک بیر و ئەندێشە، هەست و خەیاڵ، ریتم و مۆسیقا، زمان و دەربڕین...، کە کر و ساختومانی شێعرەکە پێکدێنن و بواڵەت و کاکڵ و ناوەڕۆکیش خۆی وەک ماکەیەکی گرینگ دەتوانێ ڕواڵەت و شکڵ و فۆڕمێکی جوان بۆ خۆی ببینێتەوە. جا بۆیە بە قەولی مامۆستا هێمن کە شکڵ و ناوەڕۆک لە شێعردا تەواوکەری یەکترن، ئەگەر هەر بایەخ بە شکڵ بدرێ و لایەنی ناوەڕۆک و وردەکاری مانا فەرامۆش بکرێ، ئەوا ئەو شێعرە وەک بڵقی سەر ئاوی لێدێ و زۆر زوو مفح دەبێتەوە.

لێرەدا بۆ ئەوەی مەبەستی ئەو بڕگەیەی سەرەوەم بدەمە دەست، تاکە شێعرێک لە حەزرەتی نالی بە نمونە دێنمەوە کە ماکە سەرەکییەکانی شێعریی، بە چ شێوەیەکی جوان و شاعیرانە لە بواڵەت و ڕواڵەتێکی گونجاودا ئاوێتەکردووە:

دەورانی‌یە وەک هێڵەگی سەودا سەری گێژم
بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هـەرچی دەبێژم

بەکورتی، نە نووسینی شێعر بە شێوازی عەرووزی (کێش و قافیە) دەتوانێ سەلمێنەری کۆنی و لایەنی ناشێعربوونی گوتراو و دەربڕاوە زەینییەکان بێ و نە ڕیزکردنی هێندێک وشەش بە شێوەی قاڵبی نوێ نیشاندەری شێعربوونی نووسراو و دەربڕینە خەیاڵییەکانن.

خەیاڵی ناسک و بەزەینی کەس نەگەیشتوو، دەربڕینی تازە و لە زمان خۆشهاتوو، مانای پاراو و پێگەیشتوو، بە هەر شێوازێک بگوترێ و لە هەر شکڵ و ڕواڵەتێکدا بگونجێندرێ جوان و پەسندە.

**ئەی بۆخۆت لە شێعردا ڕەچاوی چی دەکەیت؟**

– ئەوەی ڕاستی بێ، من لە شێعردا خۆم بە هیچ شێوازێکی دیاریکراو و دەربەست نابەستمەوە. دیارە

دەبێ ددان بەو ڕاستییەدا بنێم کە من زیاتر لایەنگری ئەو شێوازەم کە لە کوردیدا بە هەڵە زاروێژی «کلاسیک»ی بۆ بەکاردێنن، واتە ئەو شێوازەی کە تێیدا کێش و قافیە لەبەرچاودەگیرێ. بەڵام نابێ ئەوەش بشارمەوە کە بەشێکی زۆر لەو کۆمەڵە شێعرانەی کە بەم شێوازە دەنووسرێن ناتوانم بە شێعریان دابنێم. چونکە دەبەرگر و دەرخەر و دەربڕی هیچ چەشنە بیر و تەعبیر و دەربڕینێکی تازە نین. پێچەوانەکەشی هەر دروستە و بەشێکی هەرە زۆری ئەو جۆرە شێعرانەی کە بە زاروێژی ئەمڕۆیی مۆدێرن (نوێ، حوڕ، ئازاد، سپی) یان پۆستمۆدێرنیان پێدەگوترێ، ناچنە نێو خانووی خنجیلانەی شێعرەوە.

بە عەقیدەی من پێوانە بۆ شێعری چاک کە نەبێتە بلّقی سەر ئاو ئەوەیە کە شاعیر بەگوێرەی هەر شێوازێک بتوانێ پێوەندییەکی مانایی و مۆسیقایی لە نێوان کۆڵەکە و پێکهاتەکانی شیعر، واتە بیر و خەیاڵ، ئیماژ و وێنە، ڕیتم و ئاهەنگ، زمان و دەربڕین بەدیبێنێ و ڕاگەیێنەری پەیامێکی عیشقی–مرۆیی یان کۆمەڵایەتی– فەرهەنگی بێ.

**هەروەک دەزانین بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، 40 ژمارەی گۆڤاری گزینگ چاپ و بڵاوکرانەوە. چۆن دەستت پێکرد و بۆ ڕاوەستا؟**

– ئەوەی ڕاستی بێ من هەر زۆر لە کۆنەوە فکر و سەودای ئەوەم لەسەردا بوو کە گۆڤارێکی فەرهەنگی–ئەدەبی بە زمانی کوردی دەربکەم. کاتێک لە ساڵی 1989 وەک پەنابەر هاتمە وڵاتی سوید و تێیدا ئاقارم گرت، دوای چەند ساڵێک، واتە دوای ئاشنابوون بە کامپیوتەر و خۆڕاهێنان و تاقیکاریی ڕۆژنامەوانی لە ساڵی 1993دا بە شێوەی تاکەکەسی قۆڵم لێ هەڵماڵی و لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆم یەکەم ژمارەی ئەو گۆڤارەم لە پاییزی ئەو ساڵەدا دەرکرد کە تا ساڵی 2003 درێژەی کێشا و سەرجەم 40 ژمارەی لێدەرچوو.

شیاوی گوتنە، تەواوی کارەکانی ئەو گۆڤارەم بۆخۆم ڕادەپەڕاند، هەر لە تایپکردنەوە ڕا بیگرە تا دەگاتە ئێدیتکردن و پۆستکردن. زۆر جار 16 تا 18 سەعات بەتایبەت ئەو کاتانەی کە گۆڤارەکە ئامادەی چاپ دەکرا، بە تایپ و ئێدیت و ڕازاندنەوەوە خەریک دەبووم. پێویستە ئەوەش بڵێم کە گۆڤاری گزینگ تەنیا لە ژماە 16 تا ژمارە 22 خاوەنی دەستەی نووسەران بوو کە ئەویش بەداخەوە بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی و لێکدووربوون کە هەرکام لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی لە وڵات یان شارێکی جیاوازدا دەژیان، تەجروبەیەکی سەرکەوتوو نەبوو، هەر بۆیەش لە ژمارە 22 بەدواوە تا ئەم ساڵەی گۆڤارەکە ڕاوەستا خۆم بە تەنیا مامەوە و کارەکانیم بەڕێوەبرد.

هەڵبەت لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شتێک بکەم کە لە بواری مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە زۆر زۆر گرینگ و شیاوی سەرنجە. وا بزانم جگە لە وتووێژێکی تەلەڤزیۆنی کە ڕۆژی 1ی نۆڤامبری 2004 لە ڕێگەی کاناڵی(ڕۆژتیڤی)یەوە سەبارەت بە ڕاوەستانی گۆڤاری گزینگ لەگەڵ من کرا، جەنابت یەکەم کەسی کە سەبارەت بەم مەسەلەیە پرسیارم لێدەکەی و وەک ڕۆژنامەوانێک بۆت گرینگە بزانی کە ئەو گۆڤارە بۆچی ڕاوەستا و نەیتوانی درێژە بە چالاکیی خۆی بدا. دیارە من ئەو شتە تەنیا بۆ مێژوو دەڵێم و نامەوێ شووتی گەورەی شاماتی بۆ نێودەرکردن و خۆڕانان وەبن هەنگڵی خۆم بدەم.
بەڵێ، هەروەک خۆێشت دەزانی، زۆر کەس و گروپ و لایەنی ئاکادێمیک لەسەر فلان ڕۆژنامە یان گۆڤار کە کاتی خۆی تەنیا یەک یان دوو ژمارەی لێدەرچووە ئێستاش توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن. تۆ تەماشا، من بە هەڵکەوت و لاپرەسەنی، ئەویش بە بانگهێشتی عەلی قازی (کوڕی ڕەش)، کوڕی یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان، کە ئیجازەی بانگهێشتی چەند کەسیان پێدابوو، لە ڕێوڕەسمی تایبەت بە یادی شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد لە ڕۆژی 2005.03.31 لە شاری سلێمانی بەشداریم کرد کە

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو ڕێوڕەسمەی بەڕێوە دەبرد. سەرنج بدە! زۆر سەیرە، هیچ ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێک (کوردسات، خاک...) نەهات بپرسێ ئەرێ کاکە پاشەڵەت چەند جەواڵ کا دەبا؟! ئەرێ وەرە بزانین تۆیەک کە بە تاقی تەنیا و بە ئەرک و گیرفانی خۆت گزینگت تا 40 ژمارە هێنا، چۆن بوو ڕاوەستا و لە چالاکی کەوت؟! دیارە ئەو وردە گلەییانەم هەر ئەو کات لە هوتێل سلێمانی پالاس بە کاک شیرکۆ مەنگوڕی، جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕاگەیاند.
هەڵبەت چەند ڕۆژ بەرلە گەڕانەوە، بۆم دەرکەوت کە تەواوی ئەو بەزمە لەژێر سەری مامۆستایەکی خۆشخەتوخاڵی خۆماڵیی و قسەبێژێکی ڕووهەڵماڵاوی جێگە و ڕێگەپێدراوی نێو یەکێتیی نیشتمانیی‌یەوە بوو کە کاتی خۆی نووسەرێک لە گۆڤاری گزینگدا، گوایە ڕەخنەی لە یەکێتیی نیشتمانی گرتووە و پێی گوتووە «پشتی چاوت برۆیە»! هەروەک لە شوێنی دیکەشدا گوتوومە، ئێستا ئەگەر بمەوێ وەڵامی هۆی ڕاوەستانی گۆڤاری گزینگ بدەمەوە، هۆیەکانی ڕاوەستان زۆرن بەڵام دەکرێ وەک ڕوانگەیەکی گشتی لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕبکرێنەوە:
– بێجگە لە هێندێک چەت و ئاستەنگی شەخسی، لە بواری ئابووریشەوە ئەو توانایيە نەمابوو.
– بەرزبوونەوەی لەڕادەبەدەری نرخ و هەقدەستی چاپ، پۆست، کەلوپەل و ئامرازی پێویست.
– زۆربوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر لەچاو ساڵانی پێشوو، چ لە باشووری کوردستان و چ لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان.
– داشکانەوەی ژمارەی نووسەران بەسەر ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوەوەی کوردستان.
– تیراژی زۆرتری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوەوە و ڕاکێشانی زیاتری نووسەران کە پێیان خۆشە بەرهەمەکانیان بە تیراژێکی زۆرتر و ڕواڵەتێکی جوانتر بڵاوبکرێتەوە.
– ڕووهێنانی ڕۆژلەگەڵڕۆژی نووسەران بۆ دیاردەی ئینتەرنێت و بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی بەرهەمەکانیان و زۆربوونی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی.
– قەتیسمانەوەی گۆڤارەکانی دەرەوە لە بازنەیەکی تەسک و تەنگەبەردا و بێبەریبوون لە ناردنەوە و گەیاندن بە خەڵکی ناوەوە. لەبیرمان نەچێ تەواوی ئەو ئاپۆڕەیەی کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین مەرج نییە هەمووی ئەهلی کتێب و خوێندنەوە بن، ئەوە بێجگە لە ڕێژەی ئاڵۆڕەی ناوەوە کە زۆر گرینگ و بەرچاوە.
– هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەک نەتەنیا پشتی گۆڤاری گزینگ‌یان نەگرت، بەڵکە جارجار دژایەتیشیان دەکرد.
– بەکورتی، سەرەڕای تەواوی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە دەستنیشان کران، ئەگەر گۆڤاری گزینگ درێژەی کێشابا، ئەو نێوەرۆک و بواڵەتەی جارانی نەدەما و دیارە خەرج و زەحمەت و کوێرەوەرییەکەیشی زیادی! لە پێوەندیی دەگەڵ ڕاوەستانی گزینگدا نوکتەیەکم وەبیر هاتەوە کە بیستنی ناخۆش نییە. زۆر جار بە هاوڕێیەکانم دەگوت هەر کات گۆڤارە وەرزییەکان لە وەختی دەرچوونی خۆیاندا دواکەوتن و دوو ژمارەیان لە یەک بەرگدا چاپکرا، ئەوە نیشانەی ڕاوەستانی گۆڤارەکەیە. ئەزقەزای ڕۆژگار گزینگ کە تا ژمارە 38 بە شێوەی ڕێکوپێک و لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەردەچوو، لەپڕ لە ژمارە 39–40 تووشی ئەو بەڵایە هات و بەداخەوە بۆ هەمیشە ڕاوەستا.

**ئایا گزینگ بابەتی سیاسیشی بڵاودەکردەوە یان گۆڤارێکی تەنها فەرهەنگی– ئەدەبی بوو؟**
– نەخێر، بابەتەکانی ئەو گۆڤارە زیاتر بابەتی مێژوویی و کەلتوری و ئەدەبی و ڕەخنەیی بوون. دیارە بە ڕادەیەکی کەم لەچاو ئەو بابەتانەوە، جاروبار بەتایبەت لە سەروتارەکاندا لێکدانەوە و شیکردنەوەی

سیاسییش بڵاودەکرانەوە کە دە خزمەت ڕێبازی گشتیی گۆڤارەکە یان دە چوارچێوەی بەرژەوەندیی مەسەلەی نەتەوەیی کورددا بوون. بۆ ئاگاداری خۆت و خوێنەرەوان، ئەم ڕا و بۆچوونە لە یەکەم سەروتاری یەکەم ژمارەی گزینگ (لاپەڕەی 5)دا بەم جۆرە دەسنیشان کرابوو: «هەروەک ئاشکرایە ئەو گۆڤارە خاوەنی ڕێبازێکی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆدەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندیی گەلی کورد بەتایبەتی داکۆکی بکات. بەڵام خۆ لە باسی زەقی سیاسی و وتاری چاوبەمۆلەق وەستاوی یەکلاخوازی دەبوێرێ. لەگەڵ ئەوەشدا بەربەرەکانی و دەمەلاسکەی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی ناکا کە بۆ مافی ڕەوای گەلی کورد لە گۆڕەپانی خەباتدا تێدەکۆشێ. بەکورتی گۆڤاری گزینگ دەبێ سەنگەری پێکانی بیر و بۆچوونی ئینسانانەوازانە بێ و سەکۆی وەرگرتنی ئەزموونی پێشکەوتنخوازانە...». وا بزانم لە یەک دوو نمونەی گچکە نەبێ کە نەدەبوو بڵاوببنەوە، بەگشتی ئەو ڕێبازە تا ئاخرین ژمارە هەر لەسەر هێڵی خۆی ما و ئەو پرینسیپە هەروا لەبەرچاوگیرا.

**پێگەی گۆڤاری گزینگ لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەتایبەت لە تاراوگەدا، چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

– ئەگەر من بێم و لە زمان خۆمەوە بە بەژن و باڵای گزینگدا هەڵبڵێم لەڕاستیدا ماناکەی هەروا دەبێ کە من پەسنی خۆم داوە، بۆیە لەو بارەیەوە دەبێ خەڵک و خوێنەرەوان و هەروەها مێژوو قەزاوەت و داوەری بکەن. ئەوەی ڕاستی بێ، گۆڤاری گزینگ کە لە نێوان ساڵانی 1993 تا 2003 ـەوە دەردەچوو، جگە لە خزمەتی فەرهەنگی و ئەدەبی و کوردینووسین، توانی هێندێک بۆشایی ئەو دەورانە لانیکەم لە بواری زانیاریدان و ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی پرۆسەی نەتەوە– دەوڵەت کە ئێمەی کوردی دەگرتەوە و دەگرێتەوە، پڕبکاتەوە. یەکێک لە شانازییەکانی گۆڤاری گزینگ لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ئەوە بووە و ئەوەیە کە ئێستاش بەشێکی زۆر لە نووسراوە و وتارەکانی وەک ژێدەر و سەرچاوە کەڵکیان لێوەردەگیرێن. هەر بۆیەشە دوای چەند ساڵان کە لە وەستانی چالاکیی ئەو گۆڤارە تێدەپەڕێ، هەن کەسانێک کە بە تەلەفۆن و نامە هانم دەدەن کە سەرلەنوێ بۆ وەڕێخستنەوەی گۆڤاری گزینگ دەستبەکار ببمەوە. یەکێک لەو کەسانەی پێمخۆشە ئاماژەی پێبکەم، مامۆستای خۆشەویست و بەڕێزم کاک محەمەدی مەلا کەریمە، کە لە نامەیەکیدا بە ڕێکەوتی 2005.08.29 بۆی نووسیبووم:

" ... زۆر خەفەتی ناچاربوونت بۆ داخستنی ئەو گۆڤارە ئەخۆم کە جێگایەکی زۆر دیار و شایانی لە جیهانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بۆ خۆی گرتبوو. هیوام وایە لە زووترین کاتدا بتوانی ڕێگایەک بدۆزیتەوە بۆ دەستکردنەوە بە دەرکردنی...".

**وەک کەسێک کە لە بواری ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا کار دەکەیت، زمانی سایتەکان چۆن دەبینیت و پێتوایە چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤ دەکەنەسەر باکگراوندی ڕۆشنبیری کوردی؟**

– بۆ هەر دیاردەیەکی تازەی تێکنیکی، ئەویش بەتایبەت مەسەلەی ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کە تێکنیکێکی تەواو تازەیە، ماوەیەکی دیاریکراوی زەمانی پێویستە تا خەڵک خۆی لەگەڵ بگونجێنن، یان بە واتایەکی تر کات و دەرفەتێکی دیاریکراوی گەرەکە تا خەڵک بتوانن بە شێوەیەکی دروست و مەنتیقی کەڵکی لێوەربگرن. دیارە لێرەدا من تەنیا بە شێوەیەکی زۆر کورت لەسەر لایەنی زمانیی ماڵپەڕ و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان قسە دەکەم کە وەک ئامرازی ڕاگەیاندن و کەرەسەی زانیاریدان، لەڕێی ڕایەڵەی ئینتەرنێتەوە، بەردەنگ و خوێنەرەوانێکی هەراو و یەکترنەناس دەکاری دێنن و بە شێوەیەکی خێرا و ڕاستەوخۆ جۆرەها پێوەندی بەیەکەوە بەرقەرار دەکەن. هەرچەند وێژیاگی ئامرازی ڕاگەیاندن و زانیاریدان بەتایبەت ژۆرنالیزمی ئینتەرنێتی و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لانیکەم بۆ کۆمەڵگەی

کوردەواری پرۆسەیەکی زۆر نوێ و تازەڕێکەوتووە، بەڵام هەر چۆنێک بێ ناکرێ خۆ لەو دیاردە گلۆباڵ (جیهانی)یە ببوێرین کە بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆمەڵگەی کوردیش دەگرێتەوە و دەیخاتە ژێر ڕکێف و تەئسیری خۆیەوە. جا ئەگەر هەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری شێوەی دەکارهێنان و کەڵکلێوەرگرتنی ئەو دیاردە نوێیە بکەین دەبینین کە هەم لایەنی پۆزێتیڤ و باش و بایەخداری هەیە و هەم لایەنی نێگێتیڤ و خراڵ و نالەبار. بەڵام من خۆم نەزەرم وایە بۆ نموونە ئەگەر شێوە و تەرزی دەکارهێنانی زمانی کوردی لە سایت و ماڵپەڕ و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لایەنی نێگەتیڤی هەبێ، ئەوا لە درێژخایەندا لە گەلێک هەل و بواری دیکەوە بۆ ئێمەی کورد کە ناچارین ڕەگەڵ ئەو شەپۆلە جیهانییە بکەوین لایەنی پۆزێتیڤ و بایەخداری زۆر زیاتر دەبێ.

من تەواو لەگەڵ ئەو بۆچوونەی تۆدام کە ئەو زمانە کوردییەی لە سایت و ماڵپەڕ و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان (ئەو ڕۆژنامە چاپییانەی دەخرێنەسەر ڕایەڵەی ئینتەرنێت ئاوارتەن) دەکار دەکرێ و دەنووسرێ، هێشتا زمانێکی پوخت و پاراو و گونجاو و یەکگرتوو نییە. هەڵبەت ئەوەش بۆ ئەو ماوە کەمەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، زۆر سەیروسەمەرە و نائاسایی نییە. چونکە هەر وڵاتێک کە پاشکۆی کۆمەڵگە داهێنەر و پێشکەوتووەکان بێ و خۆی لەسەر بناخەیەکی قانونمەند و بە شێوەی شێنەیی پەرەی نەگرتبێ، شکت نەمێنێ کە ئەگەر بیهەوێ دیاردەیەکی جیهانی بخوازێتەوە و بیگوازێتەوە نێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی خۆی، بێ و نەبێ تووشی هەڵە و ئاستەنگیی دەکارهێنان دەبێ. بەتایبەت ئەو وڵاتە یان ئەو کۆمەڵگەیە کە بە شێوەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بەڕێوەبچێ. جا ئەگەر کۆنکرێت بمەوێ وەڵامی ئەو پرسیارەی جەنابت بدەمەوە، زۆربەی ئەو کۆمەڵە تێکۆشەر و ڕۆشنبیرانەی کە بەهۆی مەسەلەی نەتەوەیی و سیاسی و نەبوونی دیموکراسی و پێشێلبوونی مافی مرۆڤ لە نیشتمان و زێدی خۆیان پەرەوازە بوون و بە ناچاری لە تاراوگە گیرساونەتەوە، دەیانەوێ لە تەواوی ئەو بوار و هەل و دەرفەتە زێڕینەی کە لە وڵاتی دووەم یان وڵاتی ئاقارلێگرتوو، با بڵێین زیاتر ڕۆژئاوایی، بۆیان هەڵدەکەوێ کەڵکی پێوستی خەبات و بەربەرەکانی لە دژی نیزامە دیکتاتۆری و تۆتالیتێرەکان وەربگرن کە دیاردەی ئینتەرنێت و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان یەک لەو دیاردانەن کە تێکۆشەران و ڕۆشنبیران و نووسەرانی حیزبی و ناحیزبی، چ بە شێوەی کۆ و تێکڕایی و چ بە شێوەی تاک و یەکلایی لەپێناو ئامانجە دیاریکراوەکان ڕووی تێدەکەن. ئەوەی لێرەدا گرینگە و نابێ چاوپۆشی لێ بکرێ و وا بزانم جەنابیشت هەر مەبەستت ئەوە بوو، لایەن و چۆنیەتی دەکارهێنانی زمانی کوردییە. بەداخەوە دەبێ بڵێم کە زۆربەی بەڕێوەبەرانی سایت و ماڵپەڕ و ویبلاگە کوردییەکان لەگەڵ ئەوەدا کە باری زانیاریی و ڕۆشنبیریی ئینتەرنێتییان لە ڕادەیەکی بەرزدایە، بەڵام بەداخەوە چونکە خۆیان زمانی کوردی بە باشی نازانن، تا ئێستا نەتەنیا نەیانتوانیوە زمانێکی پوخت و پاراو کە دەگەڵ ئەو دیاردە نوێیە یەکبگرێتەوە ڕەچاو بکەن، بەڵکە لە بەستێنی ژۆرنالیزمی ئینتەرنێتیدا زمانێکی سەقەت و ناقۆڵا و قورس دەکاردێنن. بەکورتی، من لەسەر ئەو باوەڕەم کە لە پرۆسەی کار و تێکۆشان و بەردەوامیدا ئەو کەموکووڕییە چارەسەر دەکرێ و ئێمەش دەتوانین ڕێگای ڕاست و دروستی خۆمان بدۆزینەوە.

**جەنابتان لە چەندین بواری جۆراوجۆری ئەدەبیدا کار دەکەن وەکو شێعر، وەرگێڕان و نووسین. ئایا تەنها بە بوارێکەوە خەریک بوایەی دەستکەوتێکی باشتری نەدەبوو؟**

– لە سەرێکەوە هەق بە جەنابتە کە مرۆڤ ئەگەر هەر لە بوارێکی دیاریکراوی ئەدەبی و هونەریدا هەوڵبدات ڕەنگە سەرنجڕاکێشتر و سەرکەوتووتر بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بوارانەی کە ناوت هێنان – ئیجازەم بدە چالاکیی ڕۆژنامەوانیشی بخەمە سەر– هەموویان پێوەندی و تێکەڵاوییان بەیەکەوە هەیە. شتێکی ئاشکرایە کەسێک کە نووسەر بێ، بێگومان لەگەڵ بواری ڕۆژنامەنووسیی و ڕۆژنامەگەرییش

سەروکاری دەبێ. هەر بەو پێیەش کەسێک کە شاعیر بێ، ئەویش جارجار خۆی لە کاروباری تەرجومە و وەرگێڕانەوەی شێعر وەردەدا. نموونەشمان بۆ ئەو دیاردەیە زۆرە، چ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، وەک مامۆستا هێمن و چ لە دەرەوە و لە ڕادەی جیهانیدا، وەک ئۆکتاڤیۆ پاز و زۆر کەسی‌تر.

**شێعر چەندە توانای خوڵقاندنی هێزێکی جیدی هەیە بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە یاخود تێپەڕکردنی ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە؟**

– کاک سەلاحی بەڕێز، وا بزانم ئەو پرسیارە ئەگەر لە دوێنی نەختێک دوور لە دەورانی ئێمەوە کرابایە، لەوانە بوو وەڵامێکمان بۆ دۆزرابایەوە، بەڵام شێعر بەپێی تاریفێک کە ئەگەر هەڵقوڵاوی زەین و زەوقی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەکی بگۆڕ و ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی ژیان و سەردەمی ئێستامان بێ، ئەوا ناتوانین ئەو ئەرکە قورس و گرانەی بدەینە پاڵ و پێمان وا بێ شێعر لەو بارەیەوە دەتوانێ بمانباتە گۆڕەپانی کارستانە سەیروسەمەرەکان و کارە لەکراننەهاتووەکان. نا، بەداخەوە نەتەنیا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کە هێشتا شێعر خۆشەویستی و نرخ و بایەخی بەرچاوی خۆی هەیە، بەڵکە لە هیچ شوێنێکی ئەو جیهانەدا ئەو ئەرک و کارایی و کاربڕییەی نەماوە کە لە ڕۆژگارانی ڕابردوودا هەیبووە.

وەک دەیشزانین لە ئەساسدا ئەو تاریفە گشتی و پێناسە کلێشەییەی کە لە شێعر دەکرا، لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی زۆربوون و هاتنەکایەی گەلێک لە ژانرە هونەری و ئەدەبیەکان و بەتایبەت نەخشی ماسمێدیای جیهانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک گۆڕاوە و دەگۆڕدرێ. ڕاستە هەتا ژیان و عیشق و پێوەندییە ڕۆحی و ئەویندارییەکان بمێنن، شێعریش هەر دەمێنێ بەڵام بەکورتی، وەک بزوێنەر و دنەدەری هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناتوانێ ڕۆڵێکی ئاوا کارای هەبێ کە کۆمەڵگە بەرەو بەستێنی پێشوەچوون و پەرەسەندن هان بدا.

**چۆن بیرت لە وەرگێڕانی غەزەلەکانی حافز کردەوە، لە کاتێکدا پێموابێ تاک و تەرا لەلایەن کەسانی تریشەوە وەرگێڕدراوەتەوە؟**

– ئەوەی ڕاستی بێ هەر لەو سەردەمانەوە کە من حافزی شیرازیم وەک شاعیرێکی خەیاڵورد و هەستناسک کە ئێستاش بەشێکی زۆر لە بیر و دەربڕینەکانی تەڕایی و تەڕاوەت و تازەییان هەیە، ناسیوە فکر و کەڵکەڵەی وەرگێڕانەوەی غەزەلەکانیم لە سەردا هەبووە. بەڵام بە شێوەی خورت و خۆوەر و خۆکر لە ساڵی 1983وە دەستمپێکرد کە لە سنووری نێوان کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات واتە لە ناوچەی سۆفییەکان(خواکورک) دەژیام. لەو ساڵەوە تا سەرەتای ساڵی 1987 کە بنکەکەمان کەوتە بەر هێرش و پەلاماری بۆمبارانی کیمیایی ڕێژیمی بەعسیی عێراق و خۆیشم یەکێک لە بریندارە دژوارەکان بووم، توانیم نزیکەی یەک لە سێی سەرجەمی غەزەلەکانی حافز وەربگێڕمەوە سەر زمانی کوردی.

هەرچەند تا ئەو کاتە یەکەم کەس بووم کە ئەم کارەم کردبێ، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کەمترخەمی و دڵەڕاوکێی خۆم و هەڵاتهەڵات و جێگۆڕکێی هاوڕێیانی حیزبی شیوعی عێراقی کە نووسراوە و شێعر و وەرگێڕاوەکانم پێ ئەسپاردبوون، تەواوی ئەرک و زەحمەتەکانم بەفیڕۆ چوون و بەرهەمەکانم فەوتان.

ساڵی 1989 کە لە وڵاتی ڕووسیاوە هاتمە وڵاتی سوید و وەک پەنابەر نیشتەجێ بووم، سەرلەنوێ دەستم بە وەرگێڕانەوەی غەزەلەکانی حافز کردەوە کە بەشێکیانم لە گۆڤاری گزینگ و لەم دواییانەشدا کۆمەڵێکم لە ماڵپەڕی گزینگدا بڵاوکردووەتەوە.

لە وەڵامی بەشی ئاخری پرسیارەکەت دەبێ بێژم تا ئەو جێیەی بزانم لەو کەسانەی کە غەزەلەکانی حافزیان وەرگێڕابێتەوە سەر زمانی کوردی، من تەنیا نەمر مام عەبباس حەقیقیم پێ شک دێ کە نزیکەی

سەد غەزەلێکی وەرگێڕابۆوە سەر زمانی کوردی و بە ناوی شەونم لە ساڵی 1370ی هەتاوی (1991) بە چاپی گەیاندبوو.

**وەرگێڕانەکەی مامۆستا حەقیقی لە چ ئاستێکدا دەبینی؟ تا چەند سەرکەوتوو بووە و توانیویە حەقی خۆیانی بداتێ؟**

– ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ منێک کە لەمێژساڵە خۆی بە وەرگێڕانەوەی غەزەلەکانی حافزەوە خەریک کردووە و گەلێک جاران تێماوە، زۆر ئاسان نەبێ و لەوانەشە گران بکەوێ. چونکە هەروەک ئاشکرایە، خۆی ماناکردنەوەی غەزەلەکانی حافز کارێکی سەخت و ئەستەمە، چ بگا بە وەرگێڕانەوەی کە ئەرکەکە چەندقات چەتوونتر دەکا. هەڵبەت ئەو قسەیە زۆر گوتراوە و دەشگوترێتەوە کە شێعری وەرگێڕدراو ئەو مانا و تام و چێژەی کە لە زمانە ئەسڵییەکەدا هەیەتی نایمێنێ. ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر قسەیەکی دروستە و حاشای لێناکرێ. بەڵام هەر چۆنێک بێ، بۆ ئێمەی کوردیش، بەتایبەت لە سەردەمی گلۆبالیزمدا، کە دیاردەی وەرگێڕانەوە گرینگی خۆی هەیە و ڕەهەندێکە بۆ ناسین و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و زەوقی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان، دەبێ بەهێندی بگرین و هەوڵی بۆ بدەین. جا ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە ئەو سەد غەزەلەی کە لەلایەن نەمر عەبباس حەقیقییەوە وەرگێڕدراونەتەوە سەر زمانی کوردی هەڵسەنگێنین، ئەوا کارەکەی لەگەڵ ئەوەدا کە بێ عەیب و ئێراد نییە، بە تێکڕایی شیاوی پەسن و پێزانینە. لێرەدا بۆ ئەوەی بزاندرێ کە ئەرکی وەرگێڕانەوەی غەزەلی حافز کە پڕە لە وردەکاری و سەنعەتی شێعری چەندە قورس و گرانە، جێی خۆیەتی ئاماژە بە غەزەلێک بکەم کە خۆم ماوەیەکی دووروودرێژە پێیەوە خەریکم، بەڵام هێشتا دڵم لێی ئاو ناخواتەوە و ڕازیم ناکا، ئەویش ئەو غەزەلەیە کە دێڕی یەکەمی ئاوا دەستپێدەکرێ:

دوش وقت سحر از غصه نجاتم دادند

و اندر این ظلمت شب آب حیاتم دادند

نەمر عەبباس حەقیقی لە شەونم، ل. 81دا، ئاوای وەرگێڕاوەتەوە:

شەوەکی لەو خەمی بووم بەرگی نەجاتیان دامێ

چاخی تاریکەشەوێ ئاوی حەیاتیان دامێ

کە هەروەک دەردەکەوێ، ماناکەی پڕ بە پێستی خۆی نییە. جا بۆیە کە دەڵێم کاری وەرگێڕانەوە ئەویش شێعرەکانی حافز، کارێکی سادە و ساکار نییە و حەوجێی بە زەحمەت و پشوودرێژی و وردبوونەوەوەیەکی زۆر هەیە، قسەیەکی هەروایيم نەگوتووە.

• • •

ئەم دیمانەیە پێشتر لە ماڵپەڕی «دیمانە»دا بڵاو بۆتەوە.








## بەهار و «هەر ئازادی »

دەمێک سەدە و لەمێژساڵە، نەیاران و دوژمنانی سیاسی و ڕێژیمە کۆنەپەرستەکانی دژی کورد، چاویان بەرایی نەهاتووە و ئێستاش نایە، کە کوردیش وەک نەتەوەیەکی لەمێژینەی خاوەنماف لە خاک و وڵاتی خۆی بە ئازادی و سەربەستی بژی و بە خۆشی و شادی بەرەوپیری نەورۆز و بەهارەوە بچێ. دەمێک سەدە و لەمێژساڵە، وەرزی بەهار و نەورۆزانەی کورد، لە لایەن ڕێژیمە حاکمەکانەوە یان تەشقەڵە و دەهۆ و ڕاونان و جوێن بووە یان بۆمباران و کیمیاباران و ڕشتنی خوێن.

هەر لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە(1988)وە بگرە تا دەگاتە کوشت و کوشتاری کوردە ڕاپەڕیوەکانی کوردستانی ژێردەسەڵاتی ڕێژیمی بەعسیی سوریا و، هەروەها دەمکوتکردنی کوردگەلی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. هیچ بەهارێکی کورد بێ کوردکوژی تێپەڕ نەبووە. بۆنموونە، مامۆستا هێمن لەو نووسراوەیەی خۆیدا کە لە زەمانی کۆماری کوردستان(1946)دا نووسیویە، نموونەیەکی دیکە لەو جۆرە ڕووداوانەمان وەک: سووتاندنی بانە و مەریوان و سەردەشت و بۆمبارانی ناوچەی هەورامان لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە، بۆ باس دەکا کە چلۆن دوژمنان و ڕێژیمە کۆنەپەرستەکانی دژی گەلی کورد، ئەو کاتیش(1945)، وەک ئێستا بەهاری کوردەوارییان دە خوێندا شەڵاڵ کردووە. بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانە دەرسی مێژووییان لێ وەربگیرێ و ببنە هۆی ڕەمزی یەکگرتن، فەرموون ئەوەش ئێوە و «هەر ئازادی».

س. چ هێرش

## «هەر ئازادی»

"ساتی یازدەی بەیانی بوو، هێشتا لە ماڵ وەدەر نەکەوتبووم و هەر خەریکی موتاڵا بووم _ کتێب و دەفتەر و کاغەزێکی زۆرم لە دەوروبەری بڵاوببوونەوە، لەپڕ دەرکی دیوەکەم کراوە و برایەک، هاوخوێنێک، ئاشنایەک کە لەمێژە یەکتری دەناسین و هەمیشە لە هەموو کاتێکدا یاریدەی یەکتریمان داوە و بۆ مەبەستێک کارمان کردووە، وەژوور کەوت. ڕۆژباشی لێکردم، هەستام دەستم گوشی و لە لای سەرووی خۆم دانا و دەستمان کرد بە قسەکردن، لە شێعر و ئەدەبیاتەوە پێیداهاتینەخوار، باسی جوانیی دیمەنی خواکرد و خۆشیی شەوی مانگەشەو و لەنجەولاری کچۆڵان و ئاهەنگی مۆسیقی و دەنگی خۆش و شێعری چاکمان دەکرد. وردە وردە هاتینە سەر باسی سیاسەت، ئاواڵەکەم کە تا ئێستا زیاتر بێدەنگ بوو و گوێی بۆمن ڕاداشتبوو گوتی: ئەرێ براله ئەتۆ تا کەنگێ ماندوو نابی! تا کەنگێ واز لەو نووسینانە ناهێنی؟ تا کەنگێ هەر لە مەوزووعی سیاسی دەدوێی؟ تا کەنگێ هەر هاواری ئازادی دەکەی؟ بۆچی جارێکی مەوزووعێکی ئیجتیماعی نانووسی؟ بۆچی بڕێک لە وەزعی کۆمەڵایەتی نادوێی؟

ئەو هەموو تانە و تەنقیدە، ئەو هەموو هاوار و هەرایە و ئەو هەموو پاڕانەوە و هەڕەشە چ قازانجێکی بۆ ئێمە هەیە؟ چ دەردێکی ئێمە دەرمان دەکا؟ وە چ برینێکی ئێمە پەڕۆ دەکا؟ ئێستا ئێمە دەبێ بۆ ئاوەدان کردنەوەی دێیەکانمان و بۆ ڕازاندنەوەی شارەکانمان هەوڵ بدەین. دەبێ خەیابانان ئیسفاڵت بکەین و کووچە و کۆڵان خاوێن بکەینەوە و ڕێگایان چاک بکەین.

وە بەتایبەتی دەبێ خەریک بین لادێیە هەژارەکانمان، جووتێرە فەقیرەکانمان، فەلەخوێ بێئەنواکان کە چەرخی ژیانی نەتەوەکەمان بە زۆری باسکی ئاسنینی ئەوان هەڵدەسووڕێ لەو خانووە قورماوییانە، لەو غارە ڕەشانە بێنینەدەر، وە تکایان لێ بکەین و تێیان بگەیێنین کە خانووبەرەی پاک و خاوێن بۆ خۆیان دروست بکەن و چیدی لە نێو ئەو پەینوپاڵ و تۆز و خۆڵ و کەسافەت و میکرۆبەدا نەژین. ئاخر ئەوانیش ئادەمیزادن _ ئەوانیش ئاسوودەییان دەوێ، ئەوانیش دەبێ لە ژیان بەهرە وەرگرن و هیچ نەبێ خانووبەرەیەکی ئابڕوومەندانە کە ئادەمیزاد بتوانێ تێیدا هەڵبکا، ساز کەن.

پێکەنیم و گوتم: خۆشەویستەکەم ئەتۆ بۆخۆت شارستانی بێگومان وەک من کە ئەسڵە لادێییم و لە باوەشی دێهاتدا پەروەزەبووم چلۆنەتی ژیانی لادێیەکان نازانی، ڕەنگ بێ جەنابت میچ و دیواری ڕەش و قورماوی و بانی بێ هەڵاش و کونکونی دێیەکانی کوردستانت وەک من نەدیبی و دلۆپەی ڕەش و ساردت وەبەر گوێلاکی نەکەوتبێ و تۆزوخۆڵ و غوباری کووچە و کۆڵانە پڕ زبڵ و زبیلەکانت مەیل نەفرمووبێ، بەڵام ئەمن کە بیست و چوار ساڵ لە دێهاتدا ژیاوم و لە نیزیکەوە ژیانی تاڵی دانیشتووانی ئەو دێهاتەم دیوە و بیرم لێ کردووەتەوە لە تۆ چاتر دەزانم کە تەرزی خانووبەرەی لادێیەکان دەگەڵ پێنج چەرخی لەوەی پێش هیچ تەفاوەتێکی نەکردووە و دەزانم کە چلۆنەتی ژیانی خاوەنانی ئەو کۆختانە وەک ژیانی ئادەمیزاد ئەویش ئادەمیزادی چەرخی بیستەم ناچێ و دزانم لە هیچ جێگایەکی کوردەواریدا هێشتا هەنگاوێکی توند بۆ پێشکەوتن هەڵنەهێنراوتەوە بەڵام مایەی ئەو پاشکەوتنەش باش دەزانم و ئەگەر ئەتۆش کەمێک وردبیتەوە و برێک بیربکەیەوە تێدەگەی کە لە قەرنێک لەوەی پێشەوە ئیستیعمارچییەکان بۆ پاراستنی موستەعمەرەکان کوردستانیان کردووەتە مەیدانی عەمەلیاتی شووم و کردەوەی بێ شەرمانەی خۆیان و لەو مدەتەشدا دانیشتووانی ئەو سەرزەمینە لەبەر کێشەکێش و تاڵان و برۆ و زوڵم و زۆریی دراوسێکان نەپرژانە سەر جوانکردنی وڵاتەکەیان و لەولاشەوە دوژمنەکان و ئیستیعمارچییەکان بۆ وێرانکردنی کوردستان بە هەموو وەختێک و بە هەموو چەشنێک تێکۆشاون. جارێکی خەریکی ڕووتاندنەوەی کوردان بوون و دەسترەنجی ئێمەیان بردووە و ماڵی ئێمەیان وێران کردووە و کۆشک و سەرسەرای خۆیان پێ ڕازاندووەتەوە. وە دەمێکیش هاتوون مەیدان و ماڵ و خانووی مەیان وەبەر تۆپ و بۆمب داوە. سووتاندنی بانە و مەریوان و هەورامان و بۆمبارانی ئەو مەناتیقانە بە دەستی «سەرتیپ هۆشمەند»ی مورتەجیع لە ساڵی ڕابردوودا و ئاورتێبەردانی دێهاتی دەوروبەری سەردەشت بە دەستی دەستوپێوەندەکانی ئەو بلەوەزە لەو بەهارەدا قسەکانی من سابیت دەکەن. کەوابوو مەعلوومە کە وەپاشکەوتنی ئێمە لە بەر تەنبەڵی و تەوەزەلی و بێکاری و خوێڕیگەریی نییە. ئێمەش پێمان خۆشە وڵاتەکەمان ئاوەدان بێتەوە، ئێمەش پێمان خۆشە خانووبەرەکانمان برازێنینەوە. ئێمەش دەمانەوێ بەرەو تەمەددون و شارستانەتی برۆین، ئێمەش دەمانەوێ لە ئاپارتمان و قەسری موجەلەلدا بژین و چیدی لەو کۆخانەدا ڕاینەبوێرین. وە دەتوانین زۆر زوو ئەو نەواقیسە رەفع بکەین بەڵام ئەوەی بزانە تا ئەو دوژمنانە مابن تا ئەو زۆردارانە بە سەرماندا زاڵ بن تا کاری ئێمە لە دەستی بێگاناندا بێ هەروا بەڵکو خراپتر دەبین. کوردستان وەختێک ئاوەدان دەبێتەوە، کوردستان هەنگاوێک دەرازێتەوە کە دەستی مورتەجیعەکانی لێ کۆتا بێ و لە ژێر پەنجەی خوێنینی ئیستیعمار بێتەدەر. دەبێ ئێمە لە پێشدا پشت لێک ببەستین ڕێککەوین، کۆشش بکەین هەوڵ بدەین ئازادی و سەربەستی بستێنین و دەستی مورتەجیعەکان بپەرێنین، جا ئەوجار خەریکی عومرانی وڵاتەکەمان بین. ئەمن کە خۆم بە کوردێکی

دڵسۆز و نیشتمانپەرست دەزانم تەنیا هەدەفێکم هەیە ئەویش ئازادی یە، بەڵێ ئازادی یە و هەموو ئاواڵەکانم بۆ ئەستاندنی ئازادی بانگ دەکەم و دەڵێم:

خۆشەویستەکانم ئەگەر لەو ژینە نەنگینە جارِز بوون، ئەگەر ئارەزووی پێشکەوتنو{پێشکەوتنتان} هەیە لە رِێگای ئازادیدا فیداکاری بکەن. هەر ئازادی دەتوانێ ئێوە بگەیێنێتە رِیزی نەتەوە پێشکەوتووەکان، هەر ئازادی دەتوانێ وڵاتی ئێوە ئاوەدان بکاتەوە و هەر ئازادی بەکاردێ، هەر ئازادی میللەت لە چارەرِەشیی نەجات دەدا. لە پاش ئەو گفتوگۆیە ئاشناکەم هەڵستا و رِۆیشت، لە بەر دەرکێ هەرام لێکرد و بە پێکەنینەوە گوتم: عەزیزم لە بیرت نەچێ «هەر ئازادی »".

*رۆژنامەی کوردستان، ژمارە 62، ساڵی یەکەم، چوارشەممۆ 5ی پووشپەرِی 1325 ،*
*27ی ژوئێنی 1946*

## بەهار وەرزی زانەوەی زەوی

**بەهارچ بە گوێرەی ئەفسانە کۆنەکان و چ بە گوێرەی ئایینە دێرینەکان، وەرزێکی پیرۆزە، وەرزی زانەوەی زەوی و بووژانەوەی سروشتە، سروشتیش ژێنەری بوونەوەر و پێدەری بژیوی گیان لەبەرە. بەهار بۆ هەموو نەتەوە جۆربەجۆرەکانی سەر زەوی لە زەرد و سوور ڕا بگرە تادەگاتە ڕەش و سپی، شادیهێنەرە.**

**هیچ نەتەوەک نییە کە هاتنی بەهاری بە لاوە گرینگ نەبێ و بە دابونەریتی خۆماڵی بەرەو پیریەوە نەچێ و جێژنەی بۆ نەگرێ. ڕەنگە ئەو نەتەوە و کۆمەڵە ئینسانییانەی کە لە سای فەن و تێکنیک و سەنعەتەوە، زۆر بەرەو پێشەوە چوون، وەرزی ساڵ، یان بوونی بەهار و زستان تەئسیرێکی وەها نەکاتە سەر چۆنیەتی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووریان؛ تەنانەت لەوانەشە لە هێندێک شوێنی سەرزەوی، زستان بە لای خەڵکەوە خۆشەویستتر بێ تا بەهار. بەلام بەهەر حاڵ ناتوانین ئەوەی نەسەلمێنین کە بەهار جگە لە سرشتی جوانی، بۆ تەواوی بوونەوەری سەرزەوی لە خزۆک و فرۆک ڕا بگرە تا ڕەوەک و گەڕۆک، وەرزی زاوزێ یە، وەرزی بوون و بوونەوەی نوێ یە. وەرزی هیوا و هومێدە، وەرزی گەشەسەندن و تێهەڵچوونەوەیە. لەو وەرزەدایە سروشت هەم دەژیتەوە و هەم دەژێنێتەوە.**

**بۆیە ئێستاش کەم نین ئەو خەڵک و کۆمەلانەی کە وەرزی تەمەندرێژی زستان بە هەزار باوێشکی بێ دەرەتانی و سووتەمەنی، خەمی بێ نانی و خواردەمەنی، بە تەما و هیوای هاتنی وەرزی عومرکورتی بەهار دەبەنەسەر.. بەتایبەت ئەو کوڕ و کۆمەلانەی کە لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا دەژین و ساڵ دوازدەری مانگ، بە هۆی بێ ئاوی و ناتەواوی ئاووهەوای سروشتی، یان سرشتی بیرناساغی و قۆڕدەماغی ڕێژیمە سیاسییەکانیان؛ بە هەناسەساردی و دڵتەنگی ژیان ڕادەبوێرن.**

**ساڵ نییە چاوی خواز و دەستی نیاز بەرەو ئاسمان هەڵنەهێنن و، دڵیان بە هاتنی بەهار خۆش نەکەن... جا چ بە تەمای سفرەی جوان و ڕەنگاوڕەنگی تەبیعەت بن، یان گرمەی هەور و پەڵە بارانی ڕەحمەت!**

**بەلام هەیدادا ئەگەر بۆ بنیادەمی جاران، زستان سەمبولی هێزی شەڕو شوڕ و نیکبەت بوو و، بەهار سەرچاوەی خێر و بەرەکەت؛ ئەوا ئێستا لە سایەی جۆرەها کەرەسەی بەسام و سەرسووڕهێنەری تێکنۆلۆژی، کە زۆربەیان بۆ پلانی ئینسانکوژی و پیلانی خوێنمژی، لە ژێر چاودێری زۆرداران و دەسەلاتدارانی سەهەندە و لاپرەسەنی بەرێوەدەبرێن، شتەکە بەپێچەوانەیە و، بۆ زۆربەی گەلانی ئەم جیهانە، «بەهار بێ بارانە و گولاڵەی سوور، خوێنی جەرگی یاران»!**

**لەوانەیە زۆر کۆمەڵی ئینسانی هەبن کە دڵیان وەک سانیەژمێری سەعات بۆ هاتنی بەهار و زیارەتی گوڵ و گوڵزار و لە ئامێزگرتنی سروشتی ڕازاوە لێبدا، بەلام خواخوایانە هەروا ملکەچی وەرزی زستان بن و بەهار نەیا؛ بەهاری شەڕ، بەهاری لەشکرکێشی، بەهاری کوشت و کوشتار.. ئەو بەهارەی کە ئیدی فەرمانی لە دەست خوداوەندی ئەوین چۆتەدەرێ و کەوتۆتە چنگ ئەهریمەنی شووم، کە پیشە و ئاکاری هەر چوار وەرزی ساڵی، چاندنی تۆوی شەڕ و شوڕوهەرایە و باراندنی ژار و گوللە و بۆمبا...!**

بەڵێ، هەوسار بەدەستان و بەڕێوەبەرانی نیزامی جیهانی بەپێچەوانەی تەواوی ئەو بەڵێنییانەی سەبارەت بە سوڵح و ئاشتی و داهاتووی پڕ لە سەعادەتی ئینسانی بە بەشەریەتی دەدەن و واش نییە، بەڵکوو بە دروستکردنی جۆرەها چەک و تەقەمەنی _ خۆشیی وەرزی بەهار و، ئالوودەبوونی «مەڵبەندی ژیان»یش هیچ! خودی گۆی زەوی لە خەتەرداوێن کە لەوانەیە ڕۆژێک بتەقێتەوە.

کام ئینسانی خاوەن هەستی سەرزەوی هەیە، سەرەڕای تەلەف بوون و بەفیڕۆچوونی ئیمکانات و وزەی سروشت، بە بیستن و بینینی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی کە تێیاندا ئینسان کۆما کۆما دەکوژرێن و هەزار هەزار دەبرژێن، موچوڕکی بە لەشدا نەیا و دەروونی نەهەژێ و بە دەنگی بەرز نەیەژێ:

تف لە ڕووتان ئەی داچێنەرانی تۆوی مەرگ و نەمان، داچەقێنەرانی داری ئیعدام؛ هەی مووتان لە سەری پەنجە بێ، ئەی ژاربارانکەرانی شاری هەڵەبجە.. دەک بە لەعنەت بن، ئەی پێشێلکەرانی خۆشی و شادی و ئازادی.

تۆ بڵێی! ڕۆژێک لە ڕۆژان، جیهان و وێڕای ویش کوردستانەکەمان، بەهارێک بە خۆیەوە ببینێ کە چیدی تێیدا، دیمەن و سەیرانگاکان بە خوێنی لاوان سوور هەڵنەگەڕێن و، سەوزەگیای نەرم و نیان بە دوکەڵ و ژار بۆژوێ نەبێ و باڵی پەپوولە و پەڕەسێلکە و، زولف و کەزیەی کیژۆڵان بۆ دەستەچیلەی ئاگری شەڕ هەڵنەپرووزێن و هەڵز و بیزا و مەندۆک سەریان بە ناپاڵم هەڵنەکرووزێن.

*گۆڤاری گزینگ، ژمارە 3، بەهاری 1373 _ 1994*

## پێشەکیی کتێبی "هێمن و من"

## چەند وتەیەک

لە نێو کۆڕو کۆمەڵی کوردەواریدا کەم کەس هەیە نێوبانگی "مامۆستا هێمن"ی چ وەک شاعیرێکی پڕهەست و وتەشیرین، چ وەک نووسەرێکی بەتوانا و خامەنەخشین نەبیستبێ. هەروەها کەم شاعیر و نووسەری کوردیش هەیە کە ئاوا بێ شیلەوپیلە، ڕێکوڕاست خۆی بە گەلەکەی ناساندبێ. باوەکو خۆی گوتەنی: "لە بنی کولەکەشی نەدابێ‌و لێفەی لەسەر هەتیوان هەڵنەدابێتەوە" ئایا چی بۆ ئێمەمانان هێشتۆتەوە تا بمانەوێ پەردە لەسەر هەندێ رازی ژیانی هەڵدەینەوە؟

هەر کەس پێشەکی ( لە کوێوە بۆ کوێ)ی دیوانی (تاریکو ڕوون)ی خوێندبێتەوە، ئەو راستییەی بۆ دەردەکەوێ. بۆیە من دەخۆم ڕانابینم لەم بارەوە زێتر لە بەڕەی خۆم پێ‌ڕاکێشم و ویستبێتم هێمن بە ئێوەی بەرێز بناسێنم، ڕەنگە ئەوەندەم هەق هەبێ بڵێم کە من هێمن/م بەلانی نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز و بەتین وەک بابی خۆم خۆشدەویستو گەورەترین ئارەزووی سەردەمی لاویم ئەوە بوو کە لە نێزیکەوە بە دیداریان شاد بم و ئاواتی ئەو چەند ساڵەی چەرمەسەری و دەربەدەریشم ئەوە بوو، هیچ نەبێ بۆ ئاخرین جار دیبامەوە. بەڵام داخی گەورەو گرانم نە تەنیا شالاوی دێوەزمەی ئەجەلی بەدکردار ئەو ئاواتەی بۆ هەمیشە گۆڕەوشار کردم، بەلکو دەستی چارەنووسی رۆژگاریش نەیهێشت تەنانەت بە دوو دڵۆپە فرمێسک لەسەر تابووتە نازەنینەکەی، کوڵوکۆی دەروونم دامرکێنم و ئەرکی شاگردایەتی خۆم بەجێ بگەیێنم.

زۆر گەورەو سیاسەتمەدار لە سەردەمی ژیاندا نێو دەردەکەن و ماوەیێک مێشکی کۆڕو- کۆمەڵان بەخۆوە خەریک دەکەن بەڵام کە مردن بۆ هەمیشە نێویان لەسەر دڵان دەسڕێتەوە و لەبیر دەچنەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە قەت جارێک لە جاران هەنگاوێکی چاکەیان نەناو تەنیا بۆ گیرفان و بەرژەوەندی خۆیان زەبروزەنگیان نواندو ئاژاوەیان نایەوەو کارەساتیان خوڵقاند. بەڵێ ئەوانە کە مردن بۆ هەمیشە دەمرن. کەچی شاعیرانی هەڵقوڵاو لە نێو دەریای گەلدا، ئەوکات کە دەمرن سەرلەنوێ نێویان دێتەوە نێو نێوان. هێمن یەکێک لەو شاعیرانە بوو کە نێوەکەی بۆ هەمیشە لەسەر چلەپۆپی داری ژیان دەلەرێتەوە.

جگە لە هێندێ کەس کە لەرووی قینو بوغزی سیاسیەوە بە ناهەق قسەی نابەجێیان بە هێمن گووت، هیچ شاعیرێک بەقەرا ئەو لە نێو دڵو دەروونی خەڵکدا جێی خۆی نەکردبۆوە. هەر بۆیەش خەڵکی کورد بە بیستنی مەرگی هێمن لە هەموو پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان، تازیەبار بوون، پرسەو سەرەخۆشییان بۆ دانا، دەستە دەستە خۆیان دەسەرگێڕا و شینیان بۆ گێڕا. تۆ بڵێی ئەو (هێمن)ـە بەم زووانە لە یادان بچێتەوە؟

هێمن ئەگەرچی لە رێبازی تێکۆشانو خەبات بەرەو دوندی ئامانجو ئاوات زۆر جار تووشی بەڵای لابەلا هات و یەک دوو جاریش لە هەورازی هەزار بە هەزار و هەڵدێری عەستەمو هەڵەموت، بەسەختی هەڵەنگووت، بەڵام زۆر زوو وەخۆ هاتەوەو تێهەڵچۆوەو وەک عاشقێکی هەڵوەدا، رێگەی گەل و نیشتمانی بەر نەدا. دەکرێ بڵێین هێمن ئاوێنەی تەواونوێنی هیواو هومێدی لەمێژینە و بگرە دەردو داخو

خەم و پەژارەی گەلەکەی بوو. هێمن زاری دادو هاواری هەژارو نەخوێندەواری کورد بوو. هەزار جار لەگەڵیان کەوت و هەستایەوە، هەزار جار لەگەڵیان مردو ژیایەوە، هەزار جار لەگەڵیان تەزیو نەبەزی...

زۆر کەس پێیان وا بوو هێمن هەروا ئینسانێکی شاعیرمەسلەکە و بەس، ئەوەی لە نیزیکڕا نەیناسیبا ڕەنگە لەسەر ئەو بڕوایە با، بەڵام هێمن زۆری دەباراندا هەبوو، هەم شاعیرێکی سیاسی بوو هەم سیاسییەکی شاعیر، هەم تێکۆشەرێکی گەلخوازی بیرخاوێن بوو، هەم کۆڵنەدەرێکی دڵبازی پاکداوێن. ئاشق و سەوداسەری نیشتمان بوو، پێداهەڵدەری جوانی و ژیان. تا بڵێی روحسوک و دڵناسک و مێهرەوان بوو، قسەخۆش و حازرجواب و نوکتەزان، لە خاینی خوێڕی نەدەپرینگاوە، بۆ ماڵی دنیا نەدەکوروزاوە، قسەی سۆدرە و سەهەندەی نەدەبیست، لاسار و لاپرەسەنی خۆش نەدەویست. لامەلامەی لەبەر کەس نەدەکرد، ئێرەیی و بەخیلی بە کەس نەدەبرد. لەخۆبایی و بێخود نەبوو، چاوچنۆک و حەسود نەبوو، دۆستی یەکڕووی نەدەبوغزاند، پاشملە بۆ کەسی تێنەدەچاند، زوو هەڵدەچوو، زووش ئاشت دەبۆوە، ئەهلی بەزم و چەفەنگ بوو، دەروونساف و یەکڕەنگ بوو. بۆ نێوی کورد زۆری کرد، شاعیر ژیا و شاعیر مرد.

خوێنەری بەڕێز:

ئەو نامیلکەیەی لەبەر دەستت دایە، بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن و ڕێزلێنان لە یادی ئەو شاعیرە پایەبەرزە نووسراوە، ناوەرۆکی باسەکەمان بەر لەوەی لایەنی لێکۆڵینەوەی هەبێ، زیاتر خاتیرەو بیرەوەریە. جا ئەگەر لێرەو لەوێ (من من)ێکت لەلایەن منەوە چاو پێدەکەوێ منەتبارم بە (من)یان مەزانە و لە خوێندنەوەیان مان مەگرە. بە (مینگە مینگ)یان لە قەڵەم دەی، چاترە تا لۆمەو لەقەم، باسەکە ئەوەی هەڵدەگرت.*

*هێرش،*

*۱۳۷۰ی هەتاوی (۱۹۹۱ی زایینی)*

---

* ئەم نامیلکەیە جاری یەکەم بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن، ساڵی ١٣٦٥ لە چیا نووسرابوو کە بەداخەوە بۆم دەرباز نەکرا. ئەوە بۆ جاری دووهەم بە هێندێک دەسکارییەوە پێشکەشی خوێنەرانی دەکەم.

## خەمێکی‌تر

***<u>بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن شاعیری گەورەی کورد</u>***

لەنێو باخی دەروونمدا ژیاوە وەرهەمێکی‌تر
بەجارێ زەردی هەڵگێڕا نەمامی خۆزگەمێکی‌تر
هەموو مانو نەمانی من دەمێکە تا دەمێکی‌تر
*"ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی، بۆم تێکە کەمێکی‌تر*
*کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی‌تر"*

****

بەهارم زەرد و بێڕەنگە لەتاو گوڵزاری داڕووتاو
شکا باڵی مەلی شێعرم، نە هەستم ما نە تینو تاو
بە یادی گشت عەزیزانی لەسەر ئەم خاکەدا فەوتاو
*"لە بادە ئەم ژەمە تێر کە منی تینووی جگەرسووتاو*
*بەچی دیارە کە دەیبینم شەوێکی‌تر ژەمێکی‌تر"*

****

وڵاتی سووری خوێناوی ئەگەر ورد بێتە سەر شانۆ
دەگرییێنێ دەماوەند و سەهەند و لەند و داڵاهۆ
لەسوێیان بەستە ناخوێنێ لەسەر چڵ بولبولی نامۆ
*"گەلێکم ڕۆژگاری تاڵو شیرین ڕابوارد ئاخۆ*
*مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی‌تر"*

****

پەری شادیم لە خوێن زیاتر، چ ناچێژێ، چ ناڕێژێ

لەژانە زامی مێژوویيم، نە ئۆخژنێ، نە سارێژێ

پەپوولەی دڵ لە سووتانە، بە کەس ئەم ڕازە نابێژێ

*" نەما خانی هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ*

*دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین زین و مەمێکیتر"*

****

شەوێ، پیریم لە خەوما دی، بزرکا ڕووم کە ئەز وا نیم

گوتی: تا سەر نیە بۆ کەس، بڕا هەستی غەزەلخوانیم

بەخێر بێ یادی جێژوانی شەوانی سەردەمی جوانیم

*" گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو رۆژێ، کەچی ڕوانیم*

*لەپێشمدایە زەرد و ماەو سەختو ئەستەمێکیتر"*

****

نەبینرا بووکی ئاواتم بە تارا ڕابرێ، تارام

ئەوەندی دەستی زۆرداری خەیاڵم داگرێ، خارام

کە تا نەمنێنە نێو گۆڕا، لەگۆڕا نامرێ ئارام

*" پەپوولەی خۆشەویستی من لە شوێنێ ناگرێ ئارام*

*دەنیشێ و باڵی دەبزێوێ لەسەر سینە و مەمێکیتر"*

****

چ ما؟ نەیکەم لەپێناوت وەکوو دیلێ لەبەر دەستت

چما وابوو کە بێی لادەی لەسەر عەهدێ کە خۆت بەستت

وەرە سوێندم بە دڵداری چ بوو لەم کارە دا، قەستت

*" شەوێکی چاوەنواڕت بووم نەهاتی گیانەکەم ویستت*

*منی دڵناسکی شاعیر بگێڕم ماتەمێکیتر"*

ئەگەرچی ڕۆڵەکوردێکی بەڵادیدەی مەهابادیم

لەسەر دڵخوازی شیرینم دەنوێنم نەخشی فەرهادیم

کە هاتوو هەر پەری دادیش نەپرسێ دادی بێدادیم

*" هەتاکو دواپشوو ڕێبواری ڕێگەی عیشق و ئازادیم*

*ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی‌تر"*

****

*س. چ. هێرش*

*کەوەرت (لۆلان)، بەهاری ١٣٦٥*

---

*تێبینی: دێڕەکانی ناو کەوانە ئی مامۆستا هێمن کە لە پارچە شێعری ( عیشق و ئازادی) ناڵەی جودایی وەرگیراون.*

# ڕەگەزی ئیمپێرسیۆنیزم و سیمبۆلیزم لە ڕێئالیزمی «هێمن موکریانی» دا

هەروەک لە شوێنی دیکەش لێرەولەوێ گوتوومە و نووسیومە، خۆشبەختانە سەبارەت بە بیۆگرافی و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی «هێمن»( 1921–1986)، بە تێکڕایی لایەنێکی ئەوتۆی لێڵ و ناڕوون و شاراوە نەماوەتەوە کە لە سۆنگەیەوە لایەنگران و خوازەران و خوێنەرەوانی جیهانی شێعریی شاعیر، تووشی گرێپووچکەی بیروبۆچوون یان هەتڵەی شیتەڵکردنەوە و لێکدانەوە ببن. دیارە ئەوەش ناشارمەوە کە لە ڕوانگەی خۆمەوە هێشتا یەکدوو لایەنی ختۆکەدەری لاوەکی لەو بەستێنە پان و بەرینەدا بە جەختنەکراوی و یەکلانەکراوەیی ماونەتەوە کە دەبێ لە هەلێکی ڕەخساو و دەرفەتێکی گونجاودا زیاتر ڕوون بکرێنەوە، کە یەک لەوان چۆنیەتی نووسین و بڵاوکردنەوەی پارچە هۆنراوەی (بەهاری بێ خەزان) وەک ڕەنگدەرەوەی بارودۆخی ناهومێدییەک کە تا حاڵیخۆکوشتن پاڵی بە »هێمن»ەوە نا. دووهەمیان تیشکخستنە سەر ئەو سۆنگە و سەبەب و هۆکارانەی کە ڕێبەرایەتی (حدکا)، «هێمن»ی لە پلەی شاعیری میللی کۆماری کوردستان بەرەو شوێنێکی نەشیاو تۆڕهەڵدا و، بە ناڕەوا خستیە پەراوێزەوە؟! بە هەرحاڵ، ئەوەی لێرەدا گرینگە و بە پێی توانا دەمەوێ شیبکەمەوە ئەوەیە کە ئایا مەلی شێعر و خەیاڵی «هێمن» ـ ئەو شاعیرە گەورەیەی کوردەواری ـ لە سەکۆی بارستایی کام ڕێباز جێگیر دەبێ و لە مەکۆی تەختایی کام شێواز لەنگەر دەگرێ؟

دەوەدا شک نییە، کە بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی سیاسی، پێگەی چینایەتی و پلە و پایەی بنەماڵەیی و، زۆر هۆکاری دیکە دە شکڵگرتنی کەسایەتی و باری روحی و دەروونی هەر مرۆڤێک تەئسیر و کارتێکەریی دیاریکراوی خۆیان هەیە کە دەبێ بە چاوی سەرنجەوە لێیان وردببینەوە. بۆیە لەو پێوەندییەدا وەک بیرخستنەوەش بێ، ڕەنگە ئاماژە بەهێدندێک خاڵی گرینگ کە لە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و کاراکتێری سیاسی و چلۆنایەتی دەربڕین و شێوازی شێعریی «هێمن» تیشکیان داوەتەوە بە پێوسیت بزانم:

ـ هێمن هەر لە کاتی لە دایکبوونیەوە تا ژێوەڵە دەبێ و پێدەگا، نە لە باوەشی خۆشەویستیی دایکیدا فرچک دەگرێ و، نە لە ئامێزی نازی ویدا پەروەردە دەکرێ. خۆی لەو بارەیەوە دەڵێ: «مێژوکم لە مەمکی دایکم نەکردووە و فرچکم بە شیری دایەن گرتووە.. دایەنەکەم ناوی یاسەمەن و خەڵکی ئازەربایجان بوو. لەلەکەم کە ناوی عیزەت بوو خەڵکی تورکیا بوو.. مردنی عیزەت و تۆرانی یاسەمەنم باش وە بیر دێ. ئەم ڕووداوە یەکەم زەبری توند بوو کە وە هەستی ناسکی منداڵەی من کەوت و یەکێکە لە بیرەوەرییە هەرە تاڵەکانی ژیانم. لە ڕاستیدا من دوو جار هەتیو بووم و دووجارم دایک و باب مردوون. جارێک بە ساوایی و جارێک بە پیری».

بۆیە بە تێڕادیوی دەڵێم کە بەشێکی زۆری عەلاقە و عیشق و خۆشەویستیی هێمن سەبارەت بە ژن (ئەگەر تەنانەت وەک چەمکی گشتیش چاوی لێبکرێ) پێوەندی بەم خاڵەوە هەبووە.

ـ هێمن هەم ئاغازادە بووە و هەم شێخزادە. واتە »چ لە باری ئاغایەتی و چ لە باری شێخایەتی هێمنی منداڵ دەبوایە ڕێ و ڕەسمی باب و باپیران ڕەچاو بکا. هیچ نەبێ یا ببێتە ئاغایەکی بەرزە دەماخ، یا شێخێکی بۆشناخ».

خۆی لەو بارەیەوە گوتوویەتی: «ئێستاش کە وەبیرم دێتەوە کزەم لە جەرگی دێ و خەمێکی گران دامدەگرێ، کە من لە هەموو خۆشی سەردەمی منداڵی بێبەش بووم». هێمن وەک «کۆیلەی ناو قەفەزی زێڕ، کۆیلەی ڕێ و شوێنی کۆن»، هیچکات بزەی سەر لێوی باوکی خۆی کە بەزەییەکی منداڵانەی پێدابێتەوەهەست پێنەکرد. هێمنی منداڵ، نە تەنیا لە باوکی، بەڵکە لە برا گەورەکەشی واتە«سەید هیدایەت(باباغا)» دەترسا و زەندەق و زراوی دەچوو!

شیاوی گوتنە کە ڕەنگدانەوەی ئەو نێوان ناخۆشی و ناکۆکییە تا سەردەمی بە ساڵاچوونی ئەو دوو برایە هەر درێژەیکێشاوە و، هەروەک لە (هێمن و من)یشدا گوتوومە هەر ئەو برا و خزم و کەسوکارە بوون کە «ئەو ئەتکە گەورەیان بە هێمنی شاعیر کرد؟ بە دەستی خۆیان لە ساواک داویان بۆ نایەوە تا هەم ژیانێکی بێ دەردەدی سەر بۆ هێمن تەرخان بکەن، هەمیش مڵک و ماشەکەی خۆیان بپارێزن».

هێمن لە (تەپڵی ئەمان)دا ئاماژە بەم ناکۆکییە دەکا:

*برا و خزم و کەسوکارم بــــــە جارێ*

*ئەوان لێم بوونەتە داسی ڕەمـــــــانە*

*لـــــە ماڵی خۆم دەکەم بۆنی غەریبی*

*کە بێزارم لە هەرچێکی هەمـــــــانە*

*ئەوی خۆشم دەویست وەک گیانی شیرین*

*تەماشای بۆتە مشتەی ناو هەمـــــانە*

ـ خۆدوورخستنەوە و وازهێنانی هێمن لە مەسەلەی عیشق و دڵداریی سەردەمی لاوێتی و هەرزەکاری و، بەشداربوونی چالاکانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خاک و نەتەوەکەیدا:

*ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خـــاڵ نیم*

*ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن*

ـ کارتێکەریی و تەئسیری کۆمەڵەی (ژ. ک) و کۆماری کوردستان(1946) لە سەر کەسایەتی سیاسی و شێعریی هێمن و، دواتریش ڕەنگدانەوەی تراژێدی شکستی کۆمار و تەواوی ئەو بەسەرهاتانەی کە تا ڕۆژەکانی دوایی ژیانی شاعیر ڕوودەدەن کە کەموزۆر دەیانزانین.

جێگەی گومان نییە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بەپلەی یەکەم لە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕێباز و شێوازی شێعری و ئەدەبیی تەئسیر دادەنێ. ئەوەش دەزانین کە گەشەکردنی زمان و بەتایبەت زمانی ئەدەبی و تەنانەت زمانی شێعر و دەربڕین، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بنکەی دەسەڵات واتە دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە کە کوردستان لە ژێر ئەئسیری زۆر هۆگەلی جۆراوجۆر ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری کە هەر لە زۆر کۆنەوە شێعر و شاعیریی تێیدا برەو و ڕەواجی هەبووە ئەوەیە کە بیروبۆچوون و هەستی نەتەوەیی لە شکڵ و چوارچێوەی شێعردا خۆی دەرخستووە کە سەرەتای پرۆسەکەشی دەگەڕێتەوە سەردەمی خانی لە (مەم و زین)دا. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە کوردستان لە باری چۆنیەتی ڕەوتی شێعر و سەرهەڵدانی ڕێباز و شێوازەکانەوە بە هۆی گەلێک بارودۆخ و هەلومەرجی جۆغرافیایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نەیتوانیوە لە سەر هەڵێکی ڕێک و گونجاو پەرەبگرێ. ئاشکرایە، هەر لە بەر ئەو لایەنە گرینگەشە،

ناکرێ هیچکام لە ڕێباز و سەبک و شێوازە جۆربەجۆەکانی شێعری و ئەدەبی ـ ئەو جۆرەی بۆ نموونە لە شوێنەکانی دیکەی جیهان و لەوانە ئوڕووپا لە ئارادایە، بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری تەرخان بکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین گەلێک هێڵ و ماکە و ڕەگەزی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی شێعرو شاعیریی دە بەرهەمی شاعیرانی کورددا ببینین. «هێمن» نموونەی بەرچاوی ئەو دیاردە شێعرییەیە کە لێرەدا بە پێی توانا هێندێک لەو لایەنانەی دەخەمەڕوو.

هەروەک دەزانین «هێمن»ی لاو، ئافرێنراو و پەروەردەکراوی کۆماری کوردستان(1946) بووە و، کۆماری کوردستانیش بەدیهێنەر و پەرەپێدەری جۆرێک شێعر و ئەدەبی ڕێئالیزم(وەکخۆخوازی).

ڕەنگە بە تێڕادیوی بگوترێ کە »هێمن» دەگەڵ ئەوەدا کە چوارچێوەی فکری و ڕوانگەی شێعریی لە سەرتەختایی ڕێئالیزم دامەزراوە و دەتوانین بلێین بەتێکڕایی لە سەرئەو ڕێبازە دەڕوا و دەبزوێ و هەناسە لێدەدا، بەڵام لە زۆر شێوازی دەربڕین و لایەنی دیکەش کەڵک وەردەگرێ.

هەرچەند ئەورێئالیزمەی من باسی لێوەدەکەم و وەک ئەو جۆرەی کە هەیە، ناتوانێ پڕ بە پێستی ئەو قۆناخە دیاریکراوە بێ. بەڵام تایبەتمەندی و شازییەکی کە ئەو ڕێئالیزمە ـ لانیکەم سەبارەت بە هێمن ـ هەیەتی ئەوەیە کە لە لایەکەوە دەگەڵ ماکەگەلی ڕێبازی سروشتخوازی (ناچرالیزم) تەواو تێکەڵاوی هەیە و، لە لایەکی دیکەشەوە بە هێندێک لایەنی ڕۆمانتیزمی شۆڕشگێڕانە و جوانیناسیی ڕۆمانتیکیانە دەبەستریتەوە کە لە قۆناخەکانی دواتری کۆماری کوردستانداماکەگەلی ئیمپێرسیۆنیزم (هورووژاوخوازی) و سیمبۆلیزم (هێماخوازی)یشی تێدا بەرچاو دەکەوێ و، بەتایبەت شێوازی دواتر لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا دەبیندرێ:

*من لـــــــــە جوانی دەگەڕێم تێپەڕە زستانی دزێو*
*کچ کە ڕووم نادەنێ با سەیری گوڵ و شەونەم کەم*
*شەڕەبایە لـــــــــە چیاکان و هەوا تووشە دەنا*
*وەکوو شێتان دەمەویست ڕوو لە چیای ئەستەم کەم*

ئەوەش بگوترێ کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێئالیزمی «هێمن» ئەوەیە کە ئیماژ و وێنەشێعرییەکانی خۆی لە واقیعی کۆمەڵایەتی وەردەگرێ، بەڵام نەک بە شکڵێکی ناشاعیرانە و بە شێوەی کلێشەیی، ئەو زۆرجار جیهانێکی زەینی وەها جوان و ڕازاوە دەخوڵقێنێ کە دەبێ جیهانی دەرەوە خۆی دەسەر بگێڕێ.

*خەر نیم بۆ تەمەن شێت بم بە کانی ژینێدا نوسێم*
*ئەوەندەم ژین دەوێ تا دەم دەنێمە نێو دەمێکی تر*

«هێمن» لەو جێگایەدا کە ناهۆمێدی و هەناسەساردی ڕووی تێدەکا و، ناخی مەلاوەمەل لە ژان و هەژان و هورووژانە کەڵک لە شێوە دەربڕینی هورووژاوخوازی وەردەگرێ.
هەڵبەت جیاکردنەوەی لایەنی ماکەی هورووژاوخوازی لە لایەنی ڕەگەزی هێماخوازیی«هێمن» گەلێک ئەستەم و دژوارە. ئەو دوو چەمکە لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر لەیەک نزیکن، لە هەمان کاتیشدا زۆر لەیەک

دوور و دژ به یەکن. بۆ ئیمپێرسیۆنیزم تاقیکردنەوەی بە هەستونەست، هەژان و هورووژانی ناخ و دەروون و نواندنیان بە شێوەی بڕبڕ و کاتیی زۆر گرینگە، لەحاڵێکدا لە سیمبۆلیزمدا تەواوی جیهانی تاقیکراو و وەکخۆبینراو، نواندنی دونیای ئیدە و ئارەزوو و خەیاڵەکانە و، زۆرجاریش پەشیمان بوونەوەیە بۆ دەورانی تێپەڕیو و سەردەمی هەرزەکاری بەتایبەت سەبارەت بە لایەنی عیشق و دڵداری.

سیمبۆلی «شەنگەبێری» لە هەردوو پارچە هۆنراوەی (شەنگەبێری) و(ڕێژنە) دەتوانێ نموونەیەکی زەق و بەرچاوی ئەو مەبەستە بێ کە لە هەل و دەرفەتێکی تردا ـ ئەگەر تەمەن یار بێ ـ بە وردی باسی لێوەدەکەم.

*شەنگەبێری! ساڵی ساڵان لە کوێستانێ، لـە ناو مەڕی*
*بۆ مەڕدۆشین هەڵت دەکرد ئەو باسکی سپی مەرمەڕی*
*لە بەر هاڕەی گۆبەرۆک و گوارە و کرمەک و ژێر چەنە*
*نیوەرۆیە لـــــــــە بەر بێرێ کۆڕی مەڕی ڕادەپەڕی*

*شەنگە بێری بسڕەوە فرمێسکی بێ شـوانی ئیتر*
*ڕەنگە هێشتا لەو کەژ و کێوانە بۆ شوان ببمەوە*

سیمبۆلیزمی «هێمن» کە بەرهەمی گۆڕانکاریی بیر و خەیاڵی ڕۆمانتیکییانەی تەواوی ئامرازەکانی دەربڕینە، تا ڕادەیەک لە وردەکاری و وشەئارایی و سەنعەتی شێعریی ئیمپێرسیۆنیستی کە تەنیا بایەخ بە تاقیکراوەکانی هەستونەست دەدا نیزیک دەبێتەوە. بۆیە هەڵاواردنی ئەو دووانە لە یەکتر ڕەنگە کارێکی زۆر سانا و ئاسایی نەبێ.

بە کورتی شێوازی هێماخوازی لە »هێمن»دا، لە چاو لایەنی هورووژاوخوازی واتە ئەو جێگەیەی جیهانبینییە مادییەکەی زۆر بەرجەستە دەبێتەوە و بەڵام بەپێچەوانەی هێڵی سەرەکی تەواوی شاعیرانی هورووژاوخواز کە تێیدا ماکەی ڕۆمانتیزم بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێ، نە تەنیا زاڵە بەڵکە حاڵەتێکی ئارمانجخواز و ڕۆمانتیکی و ئارەزومەندانە پەیدا دەکا. هەر بۆیەشە زۆر جار، پەنا بۆ نۆستالۆژی و تەمسیل(ڕیوایەتوێژیی) دەبا:

*بەهار بوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە*
*درۆیە گەر گوتوویانە بە خونچێکی بـــەهار نایە*
*شێخی سەنعان بۆ چ گاور لە ئیسلام وەرگەڕا*
*من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمـــەوە*

لە سیمبۆلیزمی «هێمن»دا، شێعر دەربڕی ئەو پێوەندی و تێکەڵاوییانەیە کە زمان لە نێوان واقیعی هەستپێکراوی بەرچاو و خەیاڵی داڕێژراوی وێنەکراو(ئیماژ) دەیانخوڵقێنێ.
سیمبۆل و هێماکانی شێعریی «هێمن»، لە ڕوح و دەروونێکی هورووژاو و سەرکێش و یاغی و ناچەمکیبوونی زمان هەڵدەقوڵێن کە هیچ مەنتیق و تیۆری و مانایەکی ئاسایی هەڵناگرن. زمانی «هێمن» بۆیە شاعیرانەیە کە لە ڕاشکاوویێژیی و ڕووداوویێژیی، شیکردنەوە و لێکدانەوە خۆ دەبوێرێ و، زیاتر لە

ئیستیعارە و هێما و سیمبۆل و جۆرەها وردەکاری و ڕەوانبێژیی شاعیرانە، بەواتایەکی تر لە دەربڕینی هەستهەژێن و ڕوحبزوێن بۆ هەژاندن و هورووژاندنی ناخی بەردەنگ وخوێنەرەوە کەڵک وەردەگرێ. بۆ نموونە: سیمۆلی«سەروی ڕەوان» لە پارچە هۆنراوەی (بارگەی یاران) کە ئاخرین شێعری «هێمن»ە و دەکرێ وەک وەسیەتێکییش بینواڕین، ئایا هەر بە واتا زامانییەکەی هاتووە یان ڕەمز و چەمکێکی ئیماژیستییانەی دیکەشی تێدا شاردراوەتەوە؟!

شاعیر لە سایەی ئەو سیمبۆل و ڕەمزانەی کە لە ئاکامی ڕامان و خەیاڵ و تێڕوانینی شاعیرانەوە بەدیاندەهێنێ، تاقیکراوە دەستپێڕانەگیشتووەکانی زەین و مێشکی خۆی دەخاتەڕوو:

*کانیی ڕوونم دی بـــــە لێشاوی بەهار شلوێ نەبوو*
*بــەفری گەورەم دی چیای گرت و بە تاوێ بوە قەدەم*
*ژینی کــــــورتم دی پڕاوپڕ بوو لە شانازی و شەڕەف*
*عومری زۆرم دی کە دوایی هات بە ڕیسوایی و نەدەم*

ڕێبازی ئیمپێرسیۆنیزم لەگەڵ ئەوەدا کە دەربڕین و تێڕوانین و ئیماژ و خەیاڵەکانی بە شێوەی نەرم و نیان و شاعیرانە دادەڕێژرێن، لایەنێکی ماددی و هەستپێکراوی هەیە، بەڵام لە سیمبۆلیزمدا ڕەگەزی ئارمانجخوازانە و ڕوحخوازانە زیاتر خۆدەنوێنێ، هەرچەند جیهانە خیاڵاوییەکەشی ڕەنگدانەوەی ئامرازی هەستونەستەکان بن. لێرەدایە کە سەبارەت بە«هێمن»ی زۆرجار سیمبۆلیست دژوار دەبێ کە بە ڕاشکاوی بیخەینە ناو چوارچێوەی جیهانبینییەکی دیاریکراوەوە.

«هێمن» بە پێچەوانەی شاعیرانی پلە یەکی سیمبۆلیست کە پێیانوایە شێعر وەک مۆسیقا، پێویستییەکی ئەوتۆی بە مانا و چەمک نییە و بەڵکە ئەرکەکەی تەنیا بەخشینی جۆرێک هەستی پێخۆشبوون بە بەردەنەگ و خوێنەرەوەیە، زۆر بایەخ بە لایەنی زمانی و مانایی و چەمکی شاعیرانە و تەنانەت پەیامیش دەدا.

هەربۆیەشە »هێمن» لەو دەگمەن شاعیرانەیە کە بە شێوەیەکی زۆر گونجاو و مەنتیقی توانیویەتی یەکێتی شکڵ(فۆڕم|ڕواڵەت) و کاکڵ(نێوەرۆک|بووالّەت) لە تەواوی بەرهەمەکانیدا بپارێزێ و، تەنانەت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان(سیاسەت، نەداری، نەخوێندەواری و زۆرداریی..) وەها دەگەڵ دیاردە ڕوحی و دەروونییەکان (عیشق و خۆشەویستی، هومانیسم، مەرگ و ژیان..) ئاوێتە بکا کە هەر بەردەنگ و خوێنەرەوەیەک تام و چێژی تایبەت بە خۆیانی لێ وەربگرن:

*من بە فرمێسکی ڕنووی کوێستانی کورد پەروەردە بووم*
*کوڵمی ســــوور و چاوی شین و سینگی بەفرینم دەوێ*
*خۆشەویستی من کچە کــــــوردێکە پاک و نازەنین*
*باخەوانە پیرەم و باخی بـــــــــە پەرژینم دەوێ*

نموونەی بەرچاو بۆ نیشاندانی ئەو دوو ڕەگەزە شێعرییەی لە سەرەوە باسکرا، یەکیان پارچە هۆنراوەی (ئێوارەی پایز)ە کە پڕە لە خەیاڵی ورد و دەربڕینی ئیمێرسیۆنیستی و، ئەوی دیکەشیان شێعری (بارگەی یاران)ە کە دەکرێبیخەینە ناو چوارچێوەی شێوازی سیمبۆلیستییەوە.

لە کۆتاییدا، ئەگەرچی بێئەمەگی و بەمنچێتی، کەمتەرخەمی و مامەخەمەیی تایبەتمەندیی نێوەرۆکی هەردوو ڕێبازی ئاماژەپێکراوە، بەڵام ئەوەی لە »هێمن«دا گرینگە ئەوەیە کە لەوپەڕی ناهۆمێدی و بێدەرەتانیشدا هێڵی هیوا و ئاوات و دوارۆژی ڕوون لەپێناو خاک و نەتەوەکەیدا بەرنادا. هەروەک ئاشکرایە،شێعری (بارگەی یاران) کە دەکرێ وەک دوایین بەرهەم و تەنانەت وەسێتنامەی شێعریی مامۆستا «هێمن» چاوی لێبکرێ، لەگەڵ ئەوەدا وەڵامی قسەی نەشیاو و نابەجێی ئەو کەسانە دەداتەوە کە هەڵوێستی نارەوایان لە بەرانبەریدا گرتبوو، ئەو مەبەستەی بە جوانی و ڕاشکاوی پێکاوە:

*ئاو نەبوو ئەودەمی «هێمن» مەلەوانی کورد بوو*
*ئاو شوکور زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چبکەم؟!*

ستۆکهۆلم، بنکەی ئا. بیٚ. ئێف 23-04-2006

---

تێبینی1: ئەو وتارە بۆ سمیناری «یادی بیست ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن» کە لە لایەن ) ڕێکخرابوو نووسراوە و لە ABFکۆمەڵەی هونەریی سوێدی کوردی – رادیۆ زریبار و بە هاوکاریی ( ڕۆژی 23-04-2006 لە بنکەی (ئا. بیٚ . ئێف)ی ستۆکهۆلم پێشکێش کراوە.

خاوەنی ئەم وتارە، لە کۆتاییدا پارچەشێعری (شارگەی یاران)ی خۆی خوێندەوە کە تێهەڵکێشێکە لە شێعری (بارگەی یاران)ی مامۆستا هیمن.

شیاوی گوتنە بەشدارانی ئەو سمینارە بریتی بوون لە: کاک پەرویز جیهانی، کاک پشکۆ نەجمەدین، یای شەهلا دەباغی، کاک ئاشق، یای مەرزە جەوانمەرد، کاک کوردۆ باکسی، کاک ناسر حیسامی، کاک موحەمەد ئەمین یەزدانفەڕ، س. چ. هێرش.

تێبینی2: پێویستە ئەوەش بگوترێ کە من واتە »س. چ. هێرش«، بە شێوەی نێوبڕ لە هێندێک شوێنی ئەو وتارەدا، چەند بابەتێکی زارەکیشم وەک شیکردنەوە باسکردووە کە بەرپرسیارێتی تەواوی ئەو باسوخواسانە وە ئەستۆ دەگرم و لە وەختی خۆیدا زیاتریان لە سەردەڕۆم. دیارە، بۆ ئەوەی نەتوانم گڕنوو بە قسەی هەق بگرم یان لە قسەکانی خۆم پاشگەز ببمەوە، ئەوا خۆشبەختانە تەواوی باسەکە لە لایەن (ڕۆژهەڵات تیڤیٚ)ەوە تۆمار و ئاستەکراوە و، دەکرێ لە کاتی پێویستدا بەسەری بکەینەوە.

س. چ. هێرش

لە ماڵپەری گزنگ وەرگیراوە

## سەمفۆنی کابووکێ و شێعری 'چیمەن'

**لە مانگی گەلاوێژی ساڵی 1358ی هەتاوی دەستەیەکی هونەری بە سەرپەرشتی کاک ئیقبالی حاجبی لە شاری سنەوە دێنە مەهاباد و ماوەی چەند ڕۆژان شانۆیەکی مۆسیقایی بە نێوی ( سەمفۆنی کابووکێ) پێشکەش دەکەن**

**کە لە کۆڕی ناوبراودا (کاک عەزیز شارۆخ)یش بەشدار دەبێ. هەرچەند ئەمن بەشبەحاڵی خۆم زۆرم سەر لەو کارانە دەرناچێ، بەڵام ئاهەنگەکەم بەدڵەوە نووساو پێم کارێکی داهێنەرانەو سەرکەوتووانە بوو. بە تێکڕایی خەڵک پێشوازیەکی گەرم و لەڕادەبەدەریان لێکرد. دوای ئەوە، یەکیەتی لاوانی مەهاباد بە نیازی دەستخۆشانەو ڕێزگرتن لە هونەری بەرێوەبەران و بەشدارانی گروپی (سەمفۆنی کابووکێ) ئێوارەئاهەنگێکی بەزمو هەڵپەڕکێ لە دانیشسەرای کچانی مەهاباد وەڕێ دەخا، ئێوارەی ڕۆژی ئاهەنگەکە، من و مامۆستا هێمن لە گەڕەکی خڕێ ڕا بەرەو شوێنی گۆڕین وەڕێ کەوتین. لە چوارچرای هەباس ئاغای تووشی کاک سمایلی برادەرم بووین و دوای چاکوچۆنی ئەویشمان ڕەگەڵ کەوت. مامۆستا عادەتی وا بوو کە بۆ هەر شوێنێکی ئاوا چووبا، (تاریکو ڕوون) و (ناڵەی جودایی) لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت نەکا داوای شێعر خوێندنەوەی لێبکرێ. بەرلەوەی سواری تاکسی بین مامۆستا ڕووی لە سمایلی کردو گوتی "وابزانم کارتی لێگێڕانەوەت پێنیە. ها ئەو تاریکو ڕوونەی لەبن هەنگڵت بنێ نەوەکوو پێشمان پێبگرن". وەختایەک گەیشتینە بەردەرگای دانیشسەرایە، چەند لاوی مێرمنداڵی قۆشمە لە مامۆستا دەپرسن ئەوانە کێن؟ مامۆستاش دەڵێ "ئەوانە مونشی منن" بەم جۆرە سێبەسێ چووینە ژووری.**

**هێشتا بەتەواوی پێمان نەنابووە ژووری حەوشەکە، ئەوەندەم دی پۆلێک گەنجو لاو دە مامۆستا ڕۆهاتن و بردیانە نێو گەڕێ ڕەشبەڵەک. لەو حەوشە پانو بەرینە داوەتێک دەگەڕا، سەرو بنی دیار نەبوو. دارو بەرد وە سەما کەوتبوو. چاوەچاوی کوڕیشکان و تاسکەتاسکی کەنیشکان تەنانەت دڵی ویشکە سۆفی خانەقایشی دێنایە جۆشو خرۆش.**

**داوەت بەربوو، دوو دوو و سێسێ کۆزیلکەمان بەست و لە دەوری یەک کۆبووینەوە. دەمێک بوو تاو پەڕیبوو. شەو ئامێزی بۆ بێدەنگی دەکردەوە. ئەستێرەکان بەرەو ژوانگەی ئاسمان خۆیان تیفتیفە دەدا، وردەوردە سەری قسان خۆش دەبوو. لەپڕ کیژۆڵەیەکی ژیکەڵەو خوێنشیرین لەبەردەم مامۆستا قووت بۆوەو بە دەنگی نەرم و ڕاوێژی سنەییانە، دوای چاکو چۆنی هاتە ئاخافتن و گوتی " مامۆستا گیان شێعرێکی ئاشقانەم گەرەکە". مامۆستا تێیڕادەمێنێ و دەپرسێ ناوت چیە، ئەویش دەڵێ: چیمەن. مامۆستا پێی وابوو بە خوێندنەوەی:**

***(دەشت و چیمەن ڕازاوە کێوو بەندەن نەخشاوە)***

**نەجاتی دێ، کەچی (چیمەن) شێعرێکی وای دەویست:**

***"وەک ئـــارەقەی هەنیـــەی جوانان***

***وەک دڵەخـــــــورپەی جێـــژوانان***

***وەکـــــوو کەشمو نەشمی بـــــووکێ***

*وەک ڕەنگو بــــۆنی گوڵـــــووکێ*

*شێـــعرێکی تەڕ، شێعرێکی خـۆش*

*شـێعرێک دڵان بێـنێتـــە جـــۆش"*

*[شـێعرێک باســـی جوانی ئەو بێ]*

*[لەنجــــەی تاوس، ڕەوتی کەو بێ]*

*[بەڵام ئەفسووس هەزار ئەفسووس]*

*[کە کچ جوانیش بێ وەک ڤێنووس]*

*"پـــەری شیـــعر وەک کچی جـوان"*

*بـــۆ پیـــاوی پیـــر نایەتە ژوان"*

مامۆستا هێمن ئاخرسەر سووکە هەناسەیەک هەڵدەکێشێو دەڵێ: چیمەن، کچانم بەخوڵای ئێستا بۆم نایە... بابزانم. زۆر جاران کە داوای شێعری لێکرابایە ئەو گوتەیەی دووپات دەکردەوە ( بابزانم بۆم دێ). لەو کەینو بەینەدا کە من هەستم بزوابوو بە چاوان مامۆستام حاڵیکرد کە بەڵێنی پێبداو دڵی ئەو میوانە نازدارە نەشکێنێ و خوازو نیازی بێتە جێ.

بەکورتی ئەو ڕووداوە بوو بە هەوێنی شێعرێکی تازە بە نێوی چیمەن کە هەر بۆ سبەی لە دەفتەری حزبی دیمۆکرات بۆ مامۆستام خوێندەوە کە لەو عانەدا مەلا عەوڵا و مەلا جەلال و یەک دوو کەسی دیش لەوێ بوون. کاتێ لە خوێندنەوەی پارچە شێعرەکە بوومەوە، مامۆستا دیسان سوکە هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی " چاوی سەرم بی... بەڵام بەو هەناسەی پاییزانە هەر هیچت بۆ من نەهێشتۆتەوە"...

هەرچەندە تا ئەو ساڵانە لەبەر بێنەوبەرەو خۆشارەوەکێن و هەڵاتهەڵات و ڕاوڕاوێنی سیاسی خۆم لەو پارچە شێعرە دەبوارد، بەڵام کە ئاوڕێکم وە ڕابردووی پڕپێچو پەنای خۆم دایەوە ڕوانیم منێکی ڕەنج بەخەساری دنیای سیاسەت لەو بیرەوەرییانە زیاتر چیم بۆ نەماوەتەوە، بۆیە سەرلەنوێ دەستێکی باشم تێوەردانەوە و ساخم کردنەوە. هیچ نەبێ ببنە هۆی ڕەوینەوەی تەم و خەمی غەریبایەتی:

## چیمەن

**لە هەڵپەڕکێکی دڵگیری شەوانە**

**بە ئەسپایی کچێکی ژیکەڵانە**

**بەری هەڵدا گەڕی گەرمی زەماوەند**

**بزەی نازی دەهاتێ چاوبزانە**

به بەرچاوی گەلێک لاوی زراوچوو
نزیک بۆوە لە 'هێمن' دڵبەرانە
وەکوو تاوس لەلای هەڵنیشتو پێی‌گوت:
"گەرەکمە شێعرێ بێژی عاشقانە
کەوا بیوەم بەرەو کورسان بە دیاری
کە، نەچمەو دەستی خاڵی لێرەکانە"
دراوە سەر لەنوێ هێمن گەمارۆ
گەمارۆی ئەم کەڕەت کوا وەک چەلانە
هەتا دوێنێ خەفێو پۆلیس و ژاندارم
–وەرە بنواڕە ئاکاری زەمانە–
کەچی ئێستا ئەسیری کیژە کوردێک
چەتوونە لێی قوتار بێ بەم زووانە
ئەویش کیژێ کە وەک بڕنۆیە باڵای
چما دەبزێوێ هەستی شاعیرانە
هەڵیگرتم خەیاڵی وردو ناسک
لە حاڵێکا کە دەدوان ئەم دوانە
بە من دەتگوت بەیانە گوڵ دەپشکوێ
خوناوەی ناز دەبارێ لەم دەمانە
سەرم سوڕ ما لە کاروباری گەردوون
لە پاییز و بەهاری هاوینانە
لە نێوان چیمەن و زەردێ چ سەیرە
گزینگێک و هەناسەی پاییزانە
***
مەلی شێعرم کە دی ئاونگی گۆنای
لە سوێیان لەنگەری گرت لەم بەرانە
بە ترسو لەرزەوە پێم گوت: کچی شۆخ
بە شاگرد و چکۆڵەی ویم بزانە
ئەگەر چی لام گرانە وەسفی جوانیت
ڕەچاویش کەم ڕەوشتی 'هێمن'انە

دەبێ بگرین، کە کوردین، قەدری میوان

دەخیلت بم نەڕەنجی لێم بەمانە

نەوێرم چاو لە چاوت کەم چ مەعلووم

کە مەستی ژوانە یا کوشتەی سەرانە

برۆت گەر تێک بنێی دنیا دەشێوێ

بە تیرێکی کە دەرچێ لەم کەوانە

دەترسێ دڵ وەکوو گوارە لە زوڵفت

نەوەک بخرێتە ژێر پێ کاتی شانە

لە تاوان قافیەم لاسەنگ و سووکە

ئەوەند سەنگی قیافەی تۆ گرانە

بە کام واژە بنوێنم ڕەوتی باڵات

کە دەبزێوی بەعاستەم ئەم مەمانە

قەدی بەرزو نیگا رەمزو کەوی تەرز

چ خشپیلو بەنازو خنجیلانە

گزینگی دوندی ئارێزە بزەی تۆ

کە زیندووڕاگری ڕۆحو دڵانە

لەمە زیاتر چ بێژم چیمەنی جوان

چیدی مەگرە بە مامۆستا بەهانە

*س.چ. هێرش*

*مەهاباد، گەلاوێژی ١٣٥٨*

## چەند پەیڤێک دەگەڵ "بەدران ئەحمەد حەبیب"
## سەرنووسیاری گۆڤاری (شین)
## سەبارەت بە "هێمن" و شێعرەکانی

لە ڕێگەی ماڵپەڕە خنجیلانەکەی «هێدی»یەوە چاوم بە نووسراوەیەک لە ژێر عینوانی (هێمن و شێعرەکانی) بە قەڵەمی ڕێزدار کاک "بەدران ئەحمەد حەبیب" کەوت کە دوای سەرنجدان و خوێندنەوەی نووسراوەکە و، ڕێنوێنیی کاک "هێدی" بۆم دەرکەوت ئەسڵی نووسراوەکە لە ژێر سەردێڕی (دیسانەوە شیعر) لە ژمارە 6ی گۆڤاری(شین) دا چاپ کراوە و، خاوەنی گوتارەکەش بێژگە لەوەی کە سەرنووسیاری گۆڤارەکەیە، ئەندامی کارای «کۆڕی زانیاری{ی} کوردستان»یشە.
هەروەها، ئەوەشم بۆ ڕوونبووەوە کە سەرنووسیاری گۆڤاری (شین) باسێکی لە ژێر عینوانی ("قانیع" چیت بە سەرهێنام! ـ شین، ژمارە5) دا دەست پێکردووە و، لە ژمارە 6دا، دەرفەتی هێناوە و جارێکی تر گەڕاوەتەوە سەر (هێمن و شێعرەکانی).

لێرەدا بەر لەوەی ڕاستەوخۆ چەند سەرنج و تێبینییەک لە سەر نووسراوەی گۆرین دەرببڕم، باش وایە ڕوونکردنەوەیەکی پێویست و سەرپێیی سەبارەت بە زاراوە یان زارویژی بە هەڵە دەکارهاتووی(کۆوار) لە لایەن سەرنووسیار و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شین) بخەمە ڕوو.

هەروەک دەزانین زاراوەی (گۆ+وار، ڤار) لە دوو وشەی (گۆ: بە مانای گۆتن، گوتن، ئاخاڤتن و..) و، (وار، ڤار: بە مانای شوێن، جێگە و مەڵبەند) پێکهاتووە کە سەرجەم مانای (شوێن و جێگەی گوتن) بە دەستەوەدەدا، کەوابوو دەکارهێنانی زاراوەی (کۆوار) هەڵەیە و، ئەگەریش مەبەست شێوەزاری کرمانجی سەروو بووبێ، دەبوو بە شێوەی (کۆڤار) دەکارهاتبا.

بەڵام، ئەوەی گرینگە و لێرەدا گەرەکە قسەی لە سەر بکرێ، وەڵامدانەوە و شیکردنەوەی هێندێک شافرمایشتی نەشیاوە کە نووسەر لە توێی هەردووک گوتاری ("قانیع" چیت بە سەرهێنام! ـ شین، ژمارە5) و (دیسانەوە شیعرـ ژمارە6)، سەبارەت بە "قانیع" و "هێمن" دەریبڕیوە.

نووسەر، کە لە گوتاری یەکەمدا، باسەکەی بە ڕستەی: «هەردووکیان بە ژیان "بەرز" و بە شیعر "کلۆڵ"بوون!» کۆتایی پێدێنێ، لە گوتاری دووهەمدا سەبارەت بە "هێمن" بە ئاکامێکی سەیر و سەمەرەتر دەگا و دەڵێ: «زۆر شیعری "هێمن" هەیە لە بەر بێکاری نووسراون ».

تا لە بیرم نەچووە، با ئەوە وەبیر کاک «بەدران ئەحمەد حەبیب» بێنمەوە کە زۆربەی هەرە زۆری شێعرە باش و ناسک و سەرکەوتووەکانی شاعیرانی بەناوبانگ (لەبەر بێکاری) نووسراون و، ئەزقەزا (بەهاری کوردستان)یش کە نێوبراو تەنیا لە باری زمانی و دیالێکتی موکریانییەوە پێی شێعرێکی باشە، یەکێک لەو جۆرە شێعرانەیە.

دە پێوەندی دەگەڵ شێعر بە گشتی و لایەنی «بە شیعر"کلۆڵ"بوونی "قانیع" و "هێمن"» بەتایبەتی، دەبێ لانیکەم سەرنجی ئەو چەند خاڵانە بدرێ:

ـ یەکەم، پێوەر و پێوانەی تاریف و پێناسەکردنی شێعر چییە ؟
ـ دووهەم، شاعیر خاوەنی چ ڕێباز و شێوازێکی شێعرییە، واتە جۆری جیهانبینی و شێوەی بەیان و دەربڕینی لە چ ئاستێکدایە؟
ـ سێهەم، شێعرێتی و پلەی و پایەی شاعیر بە نیسبەت چی و کێ و، کام بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێندرێ؟

ئایا بۆ کەسێک کە بە خوێندنەوەی ژیاننامەی پڕ لە ڕەنج و کوێرەوەریی قانیع و هێمن، ئەویش لە ساڵی 1974 و لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی، لەپڕ هەڵوێستی بگۆڕدرێ و ڕکی لە شێعر ببێتەوە و واز لە شاعیرێتی بێنێ ـ بەتایبەتی لە سەرەتای خوێندنەوە ڕووی لە بابەتە زانستییەکان کردبێ و دواتر کۆلێجی ئەندازیاریشی تەواوکردبێ؛ چۆن دەتوانێ و بۆی هەیە لە سەر "قانیع" و "هێمن" بدوێ و، قەزاوەتێکی شاعیرانە و بێلایەنانە لە سەر شێعری ئەو دوو کەڵە شاعیرە ئەنجام بدا؟! بێشک، کەسێکی وا ئەگەر سەد جاریش ئەندامی «کۆڕی زانیاری{ی} کوردستان» بێ، کەس بایی تووزێکی قرپۆک، نرخ و بایەخ بۆ بیر و بۆچوونە کرچ و کاڵەکانی دانانێ.

نووسەر لە بەرایی گوتاری (دیسانەوە شیعر)دا دەڵێ:

« ئەوەی سەرنجی دیوانی "هێمن" بدات بۆی دەردەکەوێ "هێمن" لە شێعری خۆیدا زیاتر بایەخی بە دوو پرس داوە: یەکەمیان ـ بابەتی ئەوین، ئەویش ئەوینێکی سادە و ڕووالەتی کە زیاتر لە کەفوکوڵی گەنجانە دەچێ و، تا رادەیەکی زۆر چەپاندنی زایەندی (الكبت الجنسی) بە سەریدا زڵە{زاڵە}».
شیعرەکانی"هێمن" لە پرسی ئەوین بۆ ئافرەت، لە ماچ، مەمک، مژین، گوشین، راموسان، هامێز تێ وەرهێنان و شەوڕاو و... هتد، بەولاوە ناڕۆن».

دە پێوەندی دەگەڵ ئەو ڕستەیەی سەرەوە دەبێ بگوترێ:

ـ یەکەم، ڕاستە "هێمن" لە دایکەوە سەر بە بنەماڵەی شێخی بورهان (تەریقەتی نەخشبەندی) و، پێگەیشتووی ئەو خانەقایە بووە، بەڵام هەرگیز دە چوارچێوەی بیروباوەڕی شێخایەتی و ڕێبازی "سۆفیزم"دا خۆی نەگونجاندووە و، خاوەنی جیهانبینییەکی ئاماڵ سێکۆلار بووە. کەوابێ بابەتی ئەوین لای "هێمن" دەبێ سادە و ساکار و سروشتی(زەمینی) بێ، نەک ئاڵۆز و سەیروسەمەرە و ئەوپەڕسروشتی!

*بەهار بوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە*          *درۆیە گەر گوتوویانە بە خونچێکی بەهار نایە*

*شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا*          *من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە*

ئایا نموونەگەلی لەو جۆرە شێعرە بەرزانە دەتوانن تەنیا دامرکانەوەی کەفوکوڵی گەنجانە بن؟

ـ دووهەم، مرۆڤ مادام ئەندامی «کۆڕی زانیاری{ی} کوردستان» نەبێ لە کوێ دەزانێ «چەپاندنی زایەندی(الكبت الجنسی)» یانی چی؟! چابوو، خودا نووسەر بحەسێنێتەوە کە بۆ وشە و زاراوەی ئاوا قەڵب و داتاشراو، قامووسێکی عەڕەبی ـ کوردیشی بە نێوی "فەرهەنگی زاراوە" ڕۆناوە کە مرۆڤ

دەتوانێ لە وەختی وادا کەڵکی لێوەربگرێ. واتای ئەم زاراوەیە لەم فەرهەنگەدا بەم چەشنە لێکدراوەتەوە. (کبت: چەپاندن. لە کوردیدا باوە: «لە سک شێردنەوە{شاردنەوە} و دەرنەکردنی خەم و پەژارەیەک». الکبت الجنسی: چەپاندنی زایەندی).[1]

«چەپاندنی زایەندی» ئەگەر باشی لێ حاڵی بووبم، دەبێتە: «بای سک خاڵی نەکردن| دانەمرکانەوەی کەفوکوڵ» و فرۆید گوتەنی: عوقدەی هەناویی و ئارەزووە سەرکوتکراوەکان. ئایا دەربڕینی بیروبۆچوونێکی ئاوا ساویلکانە، ئەویش سەبارەت بە هونەری شێعر، سووکایەتیکردن بە شاعیرێکی ناسکخەیاڵی وەک "هێمن" نییە؟!

کاک "بەدران ئەحمەد حەبیب" پێی وایە ئەگەر شاعیرێک باسی خۆشەویستی و ئامراز و زاراوە ئەویندارییەکان بکا مەسەلەی سێکس بە سەریدا زاڵە و بۆ ئەو فەرمایشتەشی دەڵێ:

ئەوەی سەیری دیوانی "مەلای جزیری" یان "نالی" یان لە سەردەمی نوێدا "گۆران" بکات دەزانێ ئەوینی » گیانی{ی} لە لای ئەمانەدا چەندە قووڵە. لەلای کەسیان سێکس زاڵ نییە، هەشبێ لە پشت چەندان پەردەوەیە ».

بۆچی باسی ماچ و مەمک و...، بە لای "هێمن"ەوە لایەنی سێکسی هەیە و بەلای ئەوانی دیکەوە لایەنی ڕووحی؟! ئەگەرچی بە هیچ بارێکدا شیاو نییە سەردەمی "مەلای جزیری" و "نالی" و تەنانەت "گۆران"یش دەگەڵ سەردەمی "هێمن"دا بەراورد بکەین، بەڵام با بزانین ئەو قسانەی کاکی نووسەر هەتا کوێ بڕ دەکەن؟!

مەلای جزیری لە گەڵ ئەوەدا کە شاعیرێکی سۆفی مەشرەبی سەر بە تەریقەتی نەخشبەندی بووە، سەودای «عیشقی زەمینی»یشی لەسەردا هەبووە. ئەویش داوای ماچ و بوسەی لە دڵدار کردووە و، تەنانەت «سەلما» نێوێک دین و دڵیشی بە تاڵان بردووە:

*عەرعەر خـــــەراما ب قەدد و قامەت* — *یەک بوسە دامە ب سەد قیامەت*
*یەک بوسە بەخشی ئەووەل ب ئیحسان* — *ئاخیر لمن کرد جورم و غەرامەت*[2]

"نالی"یش کە مەلایەکی خوداناسی کۆمەڵخوازی ئینسانئەواز بووە، بە لێشاو باسی خۆشەویستی و ماچی لەب و دەمی غونچە و شتی لەوە عەنتیکەتریش دەکا و بۆ وێنە دەڵێ:

*دەم دەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە* — *بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆیا دەمی نادا*[3]

*قیمەتی ماچی دو سەد کیسەیی ساغە و، نیمە* — *غەیری یەک کیسەیی سەد پارە لە گیرفانمدا*[4]

*مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ* — *هاتەخەوم ئەمشەو بە چ ناز و عیتابێ...*[5]

وە، بەڵام "گۆران"، کە لەو لایەنەوە ئاوارتەیە و زۆرکەم باسی ماچ و دەسبازی و زاراوەی لەم چەشنەی کردووە، ئەگەر ئەویش مرۆڤێکی جوانیپەرست و سروشتخواز و عاشقێکی سووتاوی پاکباز نەبوایە، هەرگیز شێعری ئاوا ناسک و تەڕ و پاراوی بۆ نەدەهات.

کاک "بەدران ئەحمەد حەبیب" لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ:

« دووەمین پرس لە شیعری «هێمن»دا ـ پرسی نیشتمانپەروەری و تێکۆشانی سیاسییە بەڵام ئەویش کوردایەتییەکی دروشم ئامێز کە قووڵی و فەلسەفەیەکی تێدا بە دی ناکرێت ».

بە گوێرەی ئەو قسەیە، ئەگەر لە کاکڵی واژەرۆکی «بە ژیان "بەرز" و بە شیعر "کڵۆڵ"»ی سەبارەت بە هێمن گوتراو ورد ببینەوە و دەگەڵ ڕستەی«کوردایەتییەکی دروشم ئامێز کە قووڵی و فەلسەفەیەکی تێدا بەدی ناکرێت» بەراورد بکەین، ئایا لایەنی «کوردایەتی»یەکەش وەک لایەنی شێعرییەکە بە "کڵۆڵ" دەرناچێ؟! مادام ئاوابێ، چ «بەرز»ییەک لە »ژیننامەی مرۆڤێکی خۆ بەختکاری کورد لە سەردەمی قارەمانەتیی کلاسیکدا» دەمێنێتەوە کە کوردایەتییەکەی چ قووڵی و فەلسەفەیەکی تێدا بەدی نەکرێت؟! باشە ئەگەر پێوانەی «بەرزی»ی ژیانی "هێمن" شێعری وەک: «خاین، خوێڕی، درۆزن، سەرشۆڕ، نامەرد، دیکتاتۆر» نەبێ کە لە کاتی ڕێپێوانی ساڵی(1953)دا هەزاران کەسی لە دژی حەمەڕەزاشای پەهلەوی دا هێنایە سەر شەقام و خیابانی مهاباد، ئەدی چ شتێکە؟! خۆ، کاک بەدران گوتەنی بابەتی ئەوین و باسی ماچ وموووچیش، ناتوانن ئەو "بەرزی"یە مسۆگەر بکەن. بێ لەوەش، کاکی نووسەر بۆ لە بری "مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات.."، دەیان نموونەی وەک:

"سووڕی دەوران"، "ئێوارەی پاییز"، "عیشق و ئازادی"، "بەرەو ئاسۆ" و.. ناهێنێتەوە.

لە کۆتاییدا، سەرنووسیاری گۆڤاری (شین) بۆ خوێنەرەوانی خۆی ڕوون ناکاتەوە کە مەبەستی لە نووسینی ئەو (لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە)یە چی بووە؟!

س. چ هێرش 2004-12-02

****

1) فەرهەنگی زاراوە، زاراوەگەلی ڕاگەیاندن و کارگێڕی و قوتابخانەیی، عەڕەبی – کوردی، بەدران ئەحمەد حەبیب، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، ل97 و 98 .
سەرنج: ئەو فەرهەنگە هیچ چەشنە بایەخێکی زانستی و قامووسیی نییە و، تەنیا بۆ خۆڕانانی زمانی عەڕەبی ڕۆندراوە!!

2) دیوانی عارفی ربانی..: مەلای جزیری، «هەژار» شەرحی لێ کردوە، ل 140.

3، 4 و 5) دیوانی نالی..، مەلا عبدالکریمی مدرس و.

## لێکدانەوەی بڕگەشێعری(چاویلکە)ی مامۆستا هێمن
## سه رچاوه : سايتي گزينگ

هەروەک دەزانین، مامۆستا هێمن یەکێک لەو شاعیرانە بووە کە بەو پەڕی شارەزایی و لێزانییەوە توانیویەتی ڕووداوە کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و بەسەرهاتە مرۆڤایەتی ـ فەرهەنگییەکان لە قاڵبی بیر و خەیاڵ و دەربڕینە شێعرییەکانیدا بگونجێنێ و وێنەیەکی جوانی زیندووی دوور لە دەربڕینی ویشک و برینگی زەینی بخوڵقێنێ، کە هەم خوێنەرەوەکانی وێڕای چێژوەرگرتن، تووشی بیرکردنەوە و ڕامان بکات و هەم نۆستالۆژی و سەرسووڕمان.
تەلمیح (ئاماژەبێژی) یا بە گۆشەی چاو ئاماژەکردن لە زارویژی شێعریدا ئەوەیە کە شاعیر لە توێی قسە و وشە و دەربڕینەکانیدا ئاماژە بە دیاردەیەک، ڕووداوێک، (مەسەل، ئایەت و حەدیسێک)، یان چیرۆک و بەرسەرهاتێکی گرینگ بکات کە لە قۆناخێکی خەیاڵاوی ئوستورەیی و ئەفسانەیی یان دیاریکراوی مێژوویی ڕوویدابێ و سەرنجی خەڵکی ڕاکێشابێ.

نموونەیەک لە نالی:
*هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین*
*خۆی کە دامێنگیری شاهی ئاسەفی سانی دەکـــــــا*
(کە هێمایە بۆ حیکایەتی حەزرەتی سولەیمان و پەپووەسلێمانە و بەلقیسی شاژنی یەمەن کە لە شاری سەبا ژیاوە..)[1]

نموونەیەک لە مەحوی:
*کــــــە چەرخ ئەسکــەندەری دی دەردەدارە*
*وتی: ئەم هـــــــــــەم بووە هەمدەردی دارا*
*هەتا هــەق ناسیرە، هەر حەقمە مـەنزوور*
*وەکوو (مەنســوور) ئەگەر بمکەن بـــە دارا*[2]

نموونەیەک لە حافزی شیرازی:
*گەر وەکوو فەرهاد بە تاڵی گیان بدەم بـاکم چییە*
*بەس نییە چیرۆکی شیرین، دێ دەخوڵقێنێ لە من*
کە ئاماژەیە بە چیرۆکی ئاشقانەی شیرین و فەرهادی ناوچەی کرماشان لە دەورانی ساسانییەکان(خوسرەو پەرویز)دا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێ کە وردەکاری یا سەنعەتی شێعریی (تەلمیح) لە دەربڕینەکانی هێمندا، بە پێچەوانەی شاعیرە کلاسیکییەکان زۆر زیندووتر و واقعیتر و خۆمانەترە کە تەنانەت هێندێک

له دەربڕینەکانی بوونەتە مەسەل و زارویژی ڕۆژانەی خەڵک، وەک دەستەواژەی "بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ"[3] کە بە بۆنەی ڕووداوی هەڵاتنی حەمەرەزاشای پەهلەوی (1953) گوتراوە.
دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە شاعیرانی کلاسیک، لە وردەکاریی (تەلمیح)دا، زۆرجار وشەیەک، یان دەستەواژەیەک وەک دەرخەر و ڕەنگدەرەوەی ڕووداوەکە دەکاردێنن کە پێشتر ڕوویداوە و وەبیر خەڵکی دەهێننەوە، بەڵام (تەلمیح) لە ئی هێمندا جۆرێکی دیکەیە، واتە لێرەدا شاعیر تەواوی ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەسەرهاتە مرۆڤایەتی و ئەویندارییانەی کە بە چاوی خۆی بینیویەتی، یان لە خۆی ڕوویانداوە بە شێوەیەکی چڕکراو و بۆدراو لە دەربڕینەکانیدا دەیانگونجێنێ.
یەک لەو پارچەشێعرانەی کە ئەو وردەکارییەی تێدا گونجاوە، بڕگە شێعری (چاویلکە)یە. با لە پێشدا پارچەشێعرەکە بنووسینەوە و، ئەوسا مەبەستەکە بخەینە ڕوو:

*لــــەو دەمەی ڕا دڵم لێی داوە بۆ ژوان*
*من دێوانەی چاوی جوانم، چاوی جوان*
*گـــــــەرچی خەڵکی وڵاتی چاوجوانانم*
*چـــــــاوی جوانم تێر نەدی بە چاوانم*
*هەتا لاو بووم چاوی جوانم لێ ون بوو*
*پەچەو ڕووبەندو چارشێوم دوژمن بوو*
*ئێستا پیرم و کـــــــەوتوومەتە ئاویلکە*
*چـــاوی جوانم لێ ون دەکـــا چاویلکە*[4]

تا ئەو جێیەی بزانم و لێرەولەوێ باس لەو شێعرە کرابێ، زۆر کەس بە تایبەت ئەو کەسانەش کە شارەزای ڕێباز و شێوازی شێعری هێمنن، لە لێکدانەوەی وشەی (چاویلکە)ی دوایین دێڕی بڕگەشێعرەکەدا تووشی هەڵە دەبن و، پێیان وایە ئەوە "هێمن"ە کە بە هۆی پیرییەوە چاویلکەی دە چاوی کردووە و ناتوانێ چاوی جوانی باش پێ ببینێ. دیارە ناهەقیشیان نییە، ئەو کەسانە کە ئاگاداری ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی نەبوون، چۆن و بە چیرا زانیبایان کە ئەوە کەنیشکە جوان و جحێڵەکان (بەتایبەت کیژە قوتابییەکان)ی ئەو شارەن، بە دەچاوکردنی چاویلکەی ڕەش و ڕەنگین - کە لەو ساڵانەدا مۆد بووە، چاوی جوانی خۆیان لە بینەر(شاعیر) شاردووەتەوە؟!
بە کورتی، مەبەستی شاعیر ئەوە بووە بڵێ: وەک چۆن سەردەمانێک "پەچە و ڕووبەند و چارشێو" ئەو ڕۆڵەی گێراوە کە چاوی جوانی لێ ون بکا، ئێستا چاویلکەی رەش ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ.

*1) دیوانی نالی، لیکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل 22.*
*2) دیوانی مەحوی، لێکدانەوەی لیکۆڵینەوە: مەلا عبدالکریمی مدرس و محەمەدی مەلا کەریم، ل 7و8.*
*3) بڕوانە: دیوانی هێمن موکریانی، پێشەکی و پێداچوونەوە: س. چ. هێرش، ل 169و170.*
*4) سەرچاوەی پێشوو، ل320.*

# ئاش به نۆره دەگەڕێ مامه هەژار

## نامەیەکی مامۆستا هێمن و

### کورتە باسێکی کۆن و نوێ لە سەر پارچە شێعری:

*"نۆبەمە بتدەمە بەر تەوس و پلار*
*ئاش بە نۆرە دەگەڕێ مامە هەژار"*

**برای خۆشەویست کاک عەزیز***

**لەمێژە نامە پڕ سۆزەکەت و دیارییە جوانەکەتم پێ گەیشتووە، بەڵام بە داخەوە نەمتوانیوە جوابت بۆ بنووسمەوە. ئێستا لە کۆبوونەوەدا مامۆستا دکتور ناجی عەبباس نامە تازەکەتی پێ نیشان دام. ویستم بەو کورتە نامە جوابت بدەمەوە. کاکی خۆم بە سەری تۆ من جوابی بەرەو موکریانی هەژارم نەداوەتەوە تا بۆت بنێرم. بیستوومە شاعیرێک جوابی داوەتەوە و بە ناوی منەوە بڵاوی کردۆتەوە، خۆم نوسخەم نەدیوە. بزانە ناتوانی پەیدا{ی} بکەی و بۆم بنێری.****


برای خۆشەویست کاک عەزیز
لەمێژە نامە پڕ سۆزەکەت و دیاریە جوانەکەتم پێ گەیشتوە، بەڵام بە داخەوە نەمتوانیوە
جوابت بۆ بنوسمەوە، ئێستا لە کۆبوونەوەدا مامۆستا دکتور ناجی عەبباس نامە
تازەکەتی پێ نیشان دام، ویستم بەو کورتە نامە جوابت بدەمەوە. کاکی خۆم بە
سەری تۆ من جوابی بەرەو موکریانی هەژارم نەداوەتەوە تا بۆتی بنێرم. بیستومە
شاعیرێک جوابی داوەتەوە و بە ناوی منەوە بڵاوی کردۆتەوە، خۆم نوسخەم نەدیوە.
بزانە ناتوانی پەیدا بکەی و بۆمی بنێری. برات هێمن
١٩٧٥/١٢/٢٥

**برات هێمن**

**ئیمزا 25|12|1975**

*** بەڕێز دوکتور عەزیز فەیزنەژاد، دانیشتووی وڵاتی ئالمان.***

*****بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەست، ئەو نووسراوەیەی خوارەوە بخوێنەوە.***

سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی پارچە شێعری (نۆبەمە بتدەمە بەر تەوس و پلار) لە کتێبی «هێمن و من» دا ئاوا هاتووە:

{... دروست لەوکاتەدا کە شۆڕشی چەندین ساڵەی کورد هەرەسی پێهێندراوە. لەو عانەدا کە کورد هەزار هەزار هێلانەی بە سەردا ڕووخاوە. لەودەمەدا کە زەوی و زاری وەرزێری کورد سووتاوە و کانی و کەرێز و ئەستێری بە بۆمبای ژاراوی ویشک کراوە. لەو ساتەدا کە چاوی «هەژار» هاندەری ئاوات و پێداهەڵدەری خەبات داگیرساوە و جەستەی تەزیو و تاساوە، نەک بە لانی لاواندنەوە بەڵکوو بە لانی تانە و تەشەر، پارچە شێعرێک لە زمان «هێمن» (ئەو بولبولە سەر بێ تووکە)ی هاوسەنگەری جارانی هەژار بڵاودەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زاران کە سەرەتاکەی بەم جۆرەی خوارەوە دەست پێدەکرێ:

*نۆبەمە بتدەمـــە بەر تەوس و پلار*
*ئاش بە نۆرە دەگەڕێ مامە هــەژار*

هەرچەند ئەمن بۆخۆم دەمزانی ئەو پارچە شێعرە مافی بە »مامۆستا هێمن»ەوە نییە بەڵام لە سەر دڵم بووبوو بە گرێ، تا وای لێهات مامۆستا گەڕایەوە و ڕۆژێکی لێم پرسی: ئەرێ مامۆستا ئەو پارچە شێعرەی مامۆستا هەژاری داوەتە بەر تەوس و پلار هی تۆیە؟ گوتی: *"تۆ بڵێی ئەمن شێعری ئاوا قۆڕ بڵێم؟ سەرەڕای وەش ئەمن چۆن دڵم دێ شتی وا بە هەژاری بڵێم تەنانەت ئەگەر گۆشتی یەکیش بخۆین ئێسکی یەکتر ناشکێنین"* .}[1]
هەروەک لە خوارەوە ڕوون دەبێتەوە، پارچە شێعرەکە هی کاک «ئەحمەدی قازی» سەرنووسەری ئێستەی گۆڤاری (سروە)یە، کە لە وتووێژێک دەگەڵ ڕۆژنامەی (پەیامی کوردستان)، دوای تێپەڕبوونی 30 ساڵ ئەو گرێپووچکەیە دەکاتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێ:

{لە ساڵانی 54–55 دیسان لەلایەن ساواک جارجار کەسێک دەهات کە بە نێوی دارابی خۆی دەناساند. سەعیدی ناوێک کە یەکی قوڵەی زۆر ناحەز بوو، بەزمی بە من گرت کە تۆ دانەمەزراوی و تۆ فیشەکێکی کە چاشنیت هەر لە سەرە و خەتەرت هەیە، شێعر دەخوێنییەوە. گوتم: ڕاستە کە شێعر دەخوێنمەوە بەڵام شێعری سیاسیم نەخوێندۆتەوە. لە ژێر چاودێرییەکی سەخت دا بووم. ئەوکات لە ژێر تەئسیری شێعری فارسی دا بووم. شێعری نادرپوور و نیما و... ئەمنی وەک کوردێک دەورووژاند، پێمخۆشبوو کوردایەتی ئەمجار بە شکڵی مەحفیلی و لە فۆڕمی کاری ئەدەبی دا بکەین. کاری ئەدەبی لای من زۆر موهیم بوو، شێعرێکم بۆ مامۆستا هەژار دانابوو، ساڵی 1975 شۆڕش هەرەسی هێنا و ئەو هەموو پێشمەرگەی پارتی هاتبوون و چەکیان دانابوو، زۆر دڵتەزێن بوو.

بە بۆنەی لە دایکبوونی کوڕی شا شێعرێکیان بە زۆر بە مامۆستا هێمنی دانابوو، مامۆستا هەژار زۆر بە توندی ڕەخنەی لێگرتبوو. هێمنیش ئەو شێعرەی هەژاری کە لە »بەرەو موکریان»دا بڵاوبووبۆوە خوێندییەوە و هەستا ڕۆیشت بۆ لای هەژار.

ئەمنیش کە شاهیدی ئەو ئاش بەتاڵە و ئەو داڕووخانە بووم، خۆم کردە هێمن و لە جیاتی هێمن لە قالبی شێعرێکدا بە توندی وەڵامی هەژارم داوە، دوایەش شێعرەکە لە دوو سێ جێیان بڵاوبۆوە، بەڵام نوسخەکەم بڵاو نەکردەوە، چون دوکتور شەڕەفکەندی کە لە ئوڕووپا تەشریفیان هێناوە و ڕەفیق و هاوکلاسیم بوو، تکای لێکردم کە ئەو شێعرە بڵاونەبێتەوە.

جارێکی لەگەڵ لێژنەی حوسنی نییەتی ئێران چووینە بێورانی سەردەشت، لەوێ مام جەلال میوانداری کردین، من بووم و داریووشی فرووهەر و مەلا شێخ عیزەددین و نوێنەرانی حیزب لەوێ بوون. کاک فاتیح شێخولئیسلامی کە ئەودەم بە نێوی «چاوە» شێعری دەگوت، بە مام جەلالی گوت ئەو شێعرەی باسمان لێکرد هی ئەو کاک ئەحمەدەیە، مام جەلال داوای شێعرەکەی لێکردم و گوتی ئەم کلاشینکۆفەت دەدەمێ شێعرەکەم بدەیە. ئەمنیش کە دەمزانی دەیهەوێ لە دژی پارتی کەڵکی سیاسی لێوەربگرێ، نەمدایە. شێعرەکەش ئاوا دەستی پێدەکرد:

*پێت گوتم بولبولی سەر بێ تووکم/پێت گوتم نایە چ جووکە و نووکم/پێت گوتم باڵ و پەرم هەڵبوەرێ/زەمزەمەم کردووە بۆ جاشە کەرێ/تەشەر و تانە وەهای پێکهاتم/سەرم هەڵگرت و بەرەو ڕووت هاتم/چونکوو پێم وابوو لە لای تۆ هەدەفە/شەڕ لە سەر کوردە هەرا بۆ شەڕەفە/کەچی نەمزانی هەزار حەیف و دەخیل/ئەو شەڕە بۆ حەجەمە و ئیسرائیل*

خولاسە بەو تەرتیبەی هاتبووم. مامۆستا بەرەو موکریان هاتبۆوە، عەرزم کردبوو کە:

*سەفەری خاکی موکریانت کرد/پێم بڵێ دەو سەفەرەیدا چت کرد/چوویە سەر گۆڕی حوسێن و قازی/یان لە بیر چوونەوە خوات لێ ڕازی/چووی بپرسی لە موعەینی حاڵێک/دوو کوڕی چوون بە وەعدەی ساڵێک/گەر نەماون نە عیمادی و حەمەشەل/نانی ساواکی دەخۆی تێر و تەسەل*

جا چون نوسخەم نییە و لە هیچ جێگەیەکیش بڵاونەبۆتەوە، شێعری هێمنیش نییە و شێعری من بوو؛ با بگەڕێینەوە سەر مەوزووعەکەی خۆم، ئەو کابرایە کە دەهات ڕۆژێک هەر ئەو شێعرەی بە دەستەوە بوو، گوتی ئەتۆ ئەو شێعرەت گوتووە، ئەمنیش حاشام کرد و گوتم ئەوە هێمن گوتوویە، چون زۆر گرانم بۆ تەواو دەبوو.}[2]

هەڵبەت شیاوی گوتنە چونکە کاک ئەحمەدی قازی پارچە شێعرەکەی بە تەواوی نەخستووەتەڕوو، لێرەدا بە پێویستی دەزانم هانا بۆ ئەم نوسخەیەی خۆم ببەم کە لە بەردەستم دابوو، ئەگەرچی بۆ ئەمەشیان دڵم زۆر ئاو ناخواتەوە، بە هیوای ئەو ڕۆژە کە دەقی ماک لەلایەن خاوەنەکەیەوە بڵاوببێتەوە (س. چ. هێرش).

فەرموون ئەوەش ئێوە و پارچە شێعرەکە:

نۆبەمە بتدەمە بەر تەوس و پــــــلار
ئاش بە نۆرە دەگەڕێ مامە هـــــەژار

پێت گوتم بولبولی ســــــەر بێ تووکم
پێت گوتم نایە چ جـــــــووکە و نووکم
پێت گوتم باڵ و پــــــــەڕم هەڵبوەرێ
زەمزەمەم کـــــــردووە بۆ جاشە کەرێ
تەشەر و تانە وەهــــــــــای پێکهاتم
ســــەرم هەڵگرت و بەرەو ڕووت هاتم
چونکوو پێم وابوو لــــە لای تۆ هەدەفە
شەڕ لەســــەر کوردە هەرا بۆ شەڕەفە
کەچی نەمزانی هەزار حەیف و دەخیل
ئـــــەو شەڕە بۆ حەجەمە و ئیسرائیل
ســــــــــەفەری خاکی موکریانت کرد
پێم بڵێ دەو ســەفەرەیدا چت کـــــرد
چوویە ســــــەر گۆڕی حوسێن و قازی
یان لە بیر چوونەوە خــوات لێ ڕازی
چووی بپرسی لـــــە موعەینی حـــاڵێک
دوو کــــوڕی چوون بە وەعدەی ساڵێک
چوویە سەر گۆڕی سولەیمانی شەهید
چوویە سەر گۆڕی هەزار ڕۆڵەی ڕەشید
دارە تووی بەژنی خـــــــــەزایی ماوە؟
ئیشکەڵە، گەندەڵە یا ســــــــووتاوە؟
وەکی بیستوومـــــــــە دەڵێن سووتاوە
ئێستە لەو کــــــــارە سەری سووڕماوە
کـــە هــــــەژار هاتەوە بن باڵی حەجەم
شـــــــــــەڕەفی داوە بە دینـــار و درەم
گەر نەمــــاون نە عیمادی و حەمەشــەل
نانی ســــاواکی دەخۆی تێر و تەســەل
ئێستا کـــە لە شا و کــوڕی شا میوانی
فێری گۆشتـــــاو و پـــــــــڵاوی وانی
• • •

*1- هێمن و من، نووسینی: هێرش، سوێد: 1992 ، چاپ: کتێبفرۆشی هەرزان، ل 52-53 .*

*2- لایەنە تاریک و ڕوونەکانی مێژووی هاوچەرخ، وتووێژ لەگەڵ ئەحمەدی قازی، پەیامی کوردستان، ژمارە 14 ، 5ی نۆڤامبری 2005*

# عەلی میرفەترووس و شێعری هێمن لە گۆڤاری سەهەند*

لە ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی بەدواوە لە تەورێز دەمخوێند لەگەڵ دەستەیێک رۆشنبیری فارس و ئازەری ئاشنایەتیم پەیدا کرد. ئەوانە زۆرتر کاری رۆشنگەری و دەرخستنی گۆڤارو شەونامە و شتی لەم چەشنەیان دەکرد، یەکێک لەوانە "عەلی میرفەترووس" شاعیرو نووسەری لەنگرووودی بوو. ( ئەو شارە لە ناوچەی گێلان– شمالی ئێران– هەڵکەوتووە) کە ئێستا وەک نووسەرێکی چاک و هەڵکەوتوو ناوی دەرکردووەو گەلێک بەرهەم و نوسراوەی بەنرخی مێژوویی(حەللاج– ئیسلام شناسی...) نووسیوە و لە چاپی داوە.

ئاغا عەلی تا بڵێی لاوێکی خوێنگەرم و ئازا و بەجەرگ بوو. سمێڵێکی زلی کوردانە و ئاماڵبابیانە و چاوێکی تیژی هەڵۆیانەی هەبوو. لە نیگای یەکەم دا سەرنجی ئینسانی رادەکێشاو زۆر زوو دەکەوتە نێو دڵان. سەرەڕای ئەوەی کە ئاگاداریەکی باش و وردی لەسەر رابردووی خوێناوی و مێژووی کوردستان هەبوو، پڕبەدڵیش لە بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد لایەنگیری دەکرد. ئێستا نازانم هەڵوێستی چۆنە، بەڵام ئەوکات بەڕاستی خۆی بە دۆستی کوردان دادەناو لە مەسەلەی ڕەوای کورد پشتیوانی دەکرد. هەر بۆیەش جارێکی بەنیازی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵانی ٤٧–٤٦ (١٩٦٧– ٦٨) لەگەڵ خۆم هاتە شاری مەهاباد و بەر لە هەموو شت داوای لێکردم چوارچرای پیشان بدەم.
وەختایێک گەیشتینە ئەوێندەرێ هەردووک چاوی پڕ بوون لە ئاو و گوتی "ئاخری رۆژێک دادێ کۆتەڵی قازی لێرە لەجێی ئەو حەرامزادەیە دابندرێ."

دوای ئەوە کە تەواو دڵی یەکتریمان بەدەست هێنابوو، رۆژێک لە حەینی قسەو باس سەبارەت بە شێعرو ئەدەبی کوردی پێشنیاری هاوکاری پێکردم. ئەوکات لە تەورێز گۆڤارێک بەنێوی (سەهەند) لە ژێر چاودێری ئەو برادەرە بە زمانی فارسی دەردەچوو کە ژمارە یەکی تازە لەچاپ دەرچووبوو کە من بەڵێنی هاوکاریم پێدا، ئەو سەردەمی لەنێو کۆڕو کۆمەڵانی رووناکبیری ئێرانیدا، نێوی هێمن و هەژار کە هەردووکیان لە کوردستانی ئەودیو دەژیان، زۆر لەسەر زاران بوون. وابوو من پارچە شێعری (تۆم هەر لەبیرە)ی مامۆستا هێمن/م وەرگێڕایە سەر فارسی و بۆ سەهەندی ژمارە/٢م ئامادە کرد کە لە بەشی شێعرو ئەدەبی گەلانی شۆڕشگێڕ بەچاپ گەیشت. وردە وردە دەهات بناغەی ئاشناییمان پتەوتر و ڕادەی هاوکاریمان پتر بێ کە بەداخەوە عەلی میر فەترووس لەلایەن ساواکەوە بەرەو زیندان ڕەپێچەک دراو گۆڤارەکەش بۆ هەمیشە خڕکرایەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ هاتنی ئەو برادەرە بۆ مەهاباد، نەقڵێکم وەبیرهاتەوە حەیفە نەیگێڕمەوە، دوای هاتنی ئەو برادەرەم جار نا جار هاواڵی تریش سەردانی مەهابادیان دەکردو چەند رۆژ دەمانەوە. پاش ماوەیەک قورعە بۆ سمێڵزلێکی بەلوچی دەرکەوت، سمێڵی ئەوەندە زل بوو کە سمێڵی عەلی لەچاو هی وی هەر چ نەبوو. ئەگەر بڵێم قەڵافەتی تابوشتی راگرتنی ئەو بارە قورسەی نەدەهێنا درۆم نەکردووە. بەڵێ دوای چەند مانگان وابوو لە تەورێز قەوما و خەڵکێکی زوریان گرت، ئەو زەمانی تا بگرو هەڵلایەک لە تەورێز دژ بە رژێم وەڕێدەکەوت، ئەو ماڵە کوردانەی کە لە خۆیان دەترسان یان کوڕو گەنجی جحێڵ و خوێندکاریان هەبوو، تەندوورەکانیان دادەخست و هەرچی کتێب و متێبی لەبەردەستیان بوایە

دەیانسووتاند، ڕەنگە ناحەقیشیان نەبووبێ. من خۆم ئەو سەروبەندی هێندێک شێعرو هۆنراوەم لەلای برادەرێک بە ئەمانەت دانابوو. ئەویش کە خۆی مامۆستا بوو، پێشتر شتەکانی من و خۆی لە ماڵە خزمێکی دادەنێ، ئەو خزمەش وەختایێک دەزانێ لەوانەیە تووشی گرتن و چەرمەسەری بێ، هەموویان لە تەندووری داوێ و دەیانسووتێنێ. دوای ماوەییێک بە برادەرەکەمی گوتبوو " کوڕە جا خزم بۆ ڕۆژێکی وا نەبێ بۆچی دەبێ"!

دیسان لە ساڵی ١٣٥٠ خۆپێشاندان و بەربەرەکانی خوێندکارانی زانکۆکان لە شارەکانی تاران، تەورێز، ئیسفەهان، شیرازو... دژی ڕژێم دەستپێدەکا کە بناغەی کۆشکی پاشایەتی وەلەرزە دەخا. کاتێ منیش وێڕای چەندسەد کەس لە زستانی ئەو ساڵەدا دەگیرێم مامم، بەڕەحمەت بێ، بە بابمی ئاوا گوتبوو : "بەسەری شێخی، هەر سمێڵفشێکی دی ڕوو لەو ماڵەی کاتەوە قاچی دەپەڕێنم. بەسەری شاهی نەقشبەند هەر شتێکی بقەومێ دەستی ئەو سمێڵزلانەی تێدایە..." کارم بەوەی نیە کە هەرچی جەزرەبەو زیندان و دەربەدەری بوو ئەو سمێڵزلانە چێشتیان کەچی حازرخۆرانی بەر سێبەر نەغدو پوخت هاتنە سەر حازریو بزری.

***

لێرەدا، ڕوونکردنەوەیەک پێویستە ئەویش دەربارەی پارچە شێعرەکەی مامۆستا هێمن/ـە. پارچە شێعری (تۆم هەر لەبیرە) کە لە دیوانی (تاریکو ڕوون) لاپەڕەی ٦٢ بەچاپ گەیشتووە، لە پێنج بەندی چوارلایی پێکهاتووە لەحاڵێکدا ئەوەی من لە گۆڤاری سەهەند وەرمگێڕابۆوە شەش بەند بوو، وابزانم پارچە شێعرەکە لە ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماریش هەر شەش بەند بووە. ئەوەی کە مامۆستا هێمن خۆی دەریهاویشتبێ یا لەبیری چووبێت مەسەلەییکیترە. بەهەرحاڵ بۆ ئاگاداری خوێنەران بەندی شەشەمی هۆنراوەکە دەخەینە ڕوو کە ئەگەر قازانجیشی نەبێ، زەرەری نیە:

*ئەتۆ شـــــیرینی ئەمنیش چەشنی فـــەرهاد*

*ئەتۆ لەیـــــــلای منیش مەجنــوونی ناشاد*

*چ ژێردەست بم، چ سەربەست بم، چ ئازاد*

*ئەمن ئەی نیشتمـــان تۆم هەر لەبیـــــرە*

****

یادی ئەو دەورە بەخێر بێ کە لەسەر قەولی گراو
دامدەگرت سەنگەری جێژوانی بە چەک دەورەدراو
چ زوو بۆی نامەوە پیری ڕەشەداوی لە نەکاو

"تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەوڕاو
جوانە زۆر جوانە بەڵێ، ڕەوتی کەوان من چبکەم؟"





...
ای آرزوی روشن تبعیدی!
ای سرخپوش صبح مبارک!
ای آنکه از ورای اساطیر
خشم عتیق قوم مرا
فریاد می‌کنی!
اینک تو از میان خون و خاطره می‌آیی
اینک تو از میان جنگل نزدیک
یا از ستیغ خشم مهاباد
این سوگوار همیشه،
این پایدار پریش!
...

'علی میر فطروس'

ئەتۆ شیرینی ئەمنیش چەشنی فەرهاد
ئەتۆ لەیلای منیش مەجنوونی ناشاد
چ ژێردەست بم، چ سەربەست بم، چ ئازاد
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
'هێمن'

وێنە: نامەیەکی عەلی میرفەترووس وبڕگەیەک لە شێعرێکی ناوبراو.

*هێمن و من، لاپەڕەی ٢٤–٢٧، بەهاری ١٩٩٢ ' س. چ. هێرش.

## «کورد» وەک دوڕدانە لە دەریای شێعری حافز دا

لێدوان و باسکردن دەربارەی بیر و بۆچوونی حافز، چ وەک شاعیرێکی وردبین و خەیاڵپەرداز، چ وەک مرۆڤێکی ڕەند و ئینسانئەواز کارێکی سووک و ئاسان نییە، ئەویش ئەو حافزەی کە دوای تێپەڕبوونی شەش سەدە، ئێستاش فکر و زیکری گەلێک لە حافزشناسانی ناوەوە و دەرەوەی بە خۆوە خەریک کردووە و، هێشتا زۆرێک لە نهێنییەکانی ژیان و چۆنیەتی ڕاست و پاستکردنەوەی غەزەلەکانی ڕوون نەبووەتەوە.

هەر بۆیە منێکی کوردی مەلەنەزانی کەمبینەی لە ئاو ترساو، کە ماوەیەکە لە دەریای بێ بەستێنی شێعری حافزدا، خەریکی دەرهێنانی دوڕدانەیەکەم، لە پەلەقاژە زیاتر چیم بۆ نەکراوە. بەڵام هەرچونییەک بێت، نێوی حافز و غەزەلە تەڕ و دڵگیرەکانی نە تەنیا بۆ نەتەوەی کورد و بەتایبەت کۆڕوکۆمەڵی شێعرویست و ئەدەبدۆست بێگانە نەبووە و نییە؛ بەڵکە بۆ نەتەوە دراوسێکانی ئێرانی و بگرە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئاشنایە. هەربۆیەش، چ ئەوەی لە سای زوڵم و زۆرداری، شەوێک لە شەوان بە هەناسەساردی سەری نائومێدی نابێتەوە و، چ ئەوەی زمانی فێڵ و ڕیا و بێعاری دەستی تاسەو ئاواتی پێ بەردابێتەوە، ناتوانێ لە دەوری باخۆچکەی خەیاڵ و خانووچکەی خەراباتی حافز کۆزیلکە نەبەستێ و گوێ بۆ چریکەی شاعیری هەقبێژ و خۆشڕاوێژی شیرازی ڕانەدێرێ، کە لە حاند دەسەڵاتدارانی ماخولیا و خوێریلکەی جیهانی «خراپئاوا» دەخوێنێ و دەڵێ:

*شەڕی حەفتا و دوو میللەت خڕی بیانوو بێ لە لات*<br>
*کــــە نەدۆزراوە هەقیـــقەت سەر لە ئەفســانە درا*

کاتێ حافز لە سەرەتاکانی سەدەی هەشتەمی کۆچی لە دایک دەبێ، نزیکەی سەدساڵێک بە سەر هەڵمەت و کوشتار و ڕاوەڕووتی چەنگیزی مەغۆل تێدەپەڕێ. دوای ڕاوڕاوێن و ڕمبازێن و زەوی سووتاندن و زگ دڕاندن، شیراز خاکی پاکان و چاکانی حافز تازە دەهات نەفەسێکی ئوخژناوی بێتەوەبەرخۆ، کە دیسان پیاوکوژێکی دی بە نێوی تەیمووری لەنگ (شەل) وەخۆدەکەوێ و وڵات بە خاک و خوێن دەکێشێ.

دروست ئەو کاتەی کە بە دەستی تەیموور، سەر لە سەربان و منارەی شاران لە قەنارە دەدران و، کەوڵی لە کائاخندراوی خەڵکی بێ تاوان لە کووچە و کۆڵان و بازاڕان هەڵداوەسران، یان هەر ئەو کاتەش کە ناوچەی کرمان و شیراز لە نێوان حاکمە قۆڕدەماخەکانی سەر بە ئێلخانانی مەغۆل دەبوونە پێگەی شەڕوشوور و پێکدادان و، دەست بە دەست دەکران؛ حافز لە شاری شیراز ژیان ڕادەبوێرێ و جگە لە لاواندنەوە و دڵدانەوەی خەڵک کارێکی ئەوتۆی لە دەست نایە.

ئاکارپیسی و بێ وێژدانیی دەسەڵاتداران، ڕیا و خەڵکفریودانی دینمەداران وا لە حافز دەکات کە تەنانەت لە گەڵ دامودەزگای مەلەکووتیش ـ کە کەس نەیزانی و نازانێ بۆچ ئینسانی هێنایە ئەو «خراپئاوا»یە ـ تێکەوێ و ئەگەریش بۆی هەڵکەوێ ئادارای لە سەر پاداری نەهێڵێ.

به کورتی، حافز ڕەنگدەرەوەی دەرد و ڕەنجی سەدان ساڵەی کۆمەڵگەکەیەتی. گەلێک لەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی کە بە چاوی خۆی دیویەتی و هەستی ناسکی پێ هورووژاوە، بە زمانی ڕەمز و ڕاز و تەورییە لێیان دواوە، کە لەم بوارەدا جارێکیش بە ڕاگوزار «کورد»ی وەبەر ئانیشکی شێعر داوە. ئەوا لێرە، بە وەرگێڕانەوەی سەرجەمی غەزەلەکە بۆ سەر کوردی، باسەکەمان درێژە پێدەدەین:

داد بۆ مەی بە مەی ئـــاور تێبـــەربوو　　　　کـەوا ئەمجاریش، ئەوم تێبەربـــوو
هـــەزار ئافەرین بۆ شەڕابی ســـوور　　　　کـە دەسڕێتەوە زەردیم لەسـەر ڕوو
نەڕزێ ئەو دەسـتەی ڕەزی هێنـا بەر　　　　نەشکێ ئەو پێیە کە شێلای هێشـوو
قەزای نووســـراوە ڕەش نـــابێـتەوە　　　　کە چارەنـووسم عیشق بوو، لە زوو
کاری خودایی نە ســـووک و ســـانە　　　　دە زاهید بڕۆ! پێم مـــەگرە بیانـــوو
ئەوەی دەتداتێ ســـاقی تاو نا تـــاو　　　　چ تاڵە و چ ســـاف، بینۆشە هەمـوو
خۆش بە! لەخۆوە هەر خۆت مەخۆوە　　　　بە مـاڵی دنیا هەرگیز مەگرە خـــوو
تا مـــاوی وەهـــا ژیـــان ڕابوێـــرە　　　　کـــە مـردی، نێـوت نەبەن بە مـردوو
مەدوێ لە حیکمەت کە کــــاتی ئەجەل　　　　وەک بێچـارە کورد، دەمرێ ئەرەستوو
مەسـتی وەحدەتـی جــــامی ئەلەستە
ئەوەی وەک «حـافز» پێی تەڕکا گەروو

ئەمن بە گوێرەی توانا، بیروڕای خۆم دەربارەی ئەو تاکە شێعرەی کە وشەی «بێچارە کورد»ی تێدا بەکار براوە دەردەبڕم تاکوو بزانین مەبەستی حافز چ بووە.

1- ئایا ویستوویە تەنیا بۆ قافیەی غەزەلەکەی، کەڵک لە وشەی «کورد» وەرگرێ؟

2- یان دەنا ویستوویە بە چاوی دەسەڵاتدارانی ڕەگەزپەرستی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاو لە کورد بکا و بە ڕەپاڵنانی وشەیەکی تر وەک «بێچارە«، کورد لە چاو بخا و بێچارەتری کا؟ بە ڕای من، حافز شاعیرێک (نەبووە، هەر کە (قافیەی لێ بە تەنگ هات، بازاڕی جەفەنگی گوڵ بکات!

بە گوێرەی ئەو دوو نوسخەی[1] کە من کەڵکم لێ وەرگرتوون، سەرجەمی غەزەلەکە، خۆی لە دە دانە شێعرێک پێکهاتووە. حافز ئەگەر مەبەستێکی تایبەتی نەبوایە، لام وایە وازی لەو دەنکە بەیتە دێنا و بە نۆ گلەکە ڕازی دەبوو. ئەوەش بڵێی دوای حافز، ئەو شێعرە ناوئاخن کرابێ، شتێکی دوور لە عەقڵە و، تەنانەت بۆ گەلێک تاقمی ڕەگەزپەرستی بەرچاوتەنگ ئەگەر کرابا، ئەو تاکە شێعرەشیان دەکڕاندەوە، هەروەک لە زۆر نوسخەکاندا ئەم کارە کراوە.[2]

دیسانیش ئەگەر حافز نیازی قافیە بوایە زۆرچاک دەیتوانی لە وشەگەلی «سەرداری گورد»، «ڕۆستەمی گورد».. کەڵک وەرگرێ کە هەم لە باری وشەئارایی و هەمیش لە باری ئاهەنگەوە جوانتر لەگەڵ «ئەرەستوو» ڕێک دەکەوتن. بەڵام ئایا حافز دەیتوانی تا ئەو ڕادەیە خۆی ناشی لە قەڵەم بدا کە «ڕۆستەم» یا «سەردار» ئەویش بە پێوانەی حیکمەت لەگەڵ ئەرەستوو هەڵسەنگێنێ و بە یەکتریان بشوبهێنێ، شتی وا لە حافز بە دوورە.

ڕەنگە گەلێک کەس لە سەر ئەو ڕایە بن کە وشەی «بێچارە» وشەیەکی نابەدڵ و سووکەڵەیە و، بێونەبێ حافزیش وەک نەیارانی دۆینێ و ئەمڕۆی کورد، ویستوویە بە چاوی سووک، سەیری کورد بکرێ و هەتا هەتایە ئەو سفەتە شانەوشان دەگەڵی بڕوا و جارناجاریش ئانیشکێکی قیناویشی تێوەژێنێ؛ نا، ئەوەش هەر وا نییە.

لە سەرانسەری دیوانی حافزدا، شەش جار وشەی بێچارە بە کاربراوە، کە لە هیچیاندا جگە لە واتای دڵسۆزیی هاوتا دەگەڵ داخ، مانای سووک و تانە و تەشەر و توانج نابەخشن.

دەتوانین لەم بارەدا چەند نموونە لە خوارەوە بێنینەوە:

دڵ بە بۆی وی بوو، گوتی خۆشە هەوای شار
بێچارەیە نەیزانی کە یاری سەفەری بوو!
*(دل گفت فروکش کنم این شهر به بویش*
*بیچاره ندانست که یارش سفری بود!)*

تەنیا بە چۆڕێکی تۆ، خاکی زەوی بوو بە دوڕ
سەیری ئەمەی بێچارە کە بۆت لە خۆڵ کەمترین!
*(از جرعەی تو، خاک زمین قدر لعل یافت*
*بیچاره ما، که پیش تو از خاک کمتریم!)*

بە ڕوونبوونەوەی دەستەواژەی «بێچارە کورد» و ئاوێتەبوونی لەگەڵ حیکمەت و ئەرەستوو، ناچار ئەو بۆچوونەمان تێدا بەهێزتر دەکات کە حافز جگە لە وشیارکردنەوەیەکی فەلسەفییانە و دڵسۆزییەکی هۆشمەندانە، چ غەرەزێکی تری نەبووە. لە سەرانسەری غەزەلەکانیدا بەرگریکردن لە مافی ڕەوای ئینسان، بە چاوی شاعیرێکی ڕەند و ئازادە وەک ڕۆژی ڕوون عەیانە.

ئەوەیکە حافز لە حیکمەت و عیرفاندا ئەوپەڕی شارەزایی هەبووە چ جێگەی گومان ناهێڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە زیاتر لایەنگری تەریقەت بووە تا شەریعەت، بەڵام لە تەریقەتیشدا نە دڵی بە هیچ پیر و خانەقایەک خۆش کردووە و نە دەستی ئیرادەتی داوەتە هیچ موڕشیدێک؛ حافز تەنیا هاوڕازی مەی و شاگرد و گوێگری پیری خەرابات و ڕێڕەوی پاکبازی خانەقای عیشق بووە و بەس.

لە سەردەمی ئەودا بە گشتی و لە دەورانی ئەمیر موباریزەدین بەتایبەتی کە حافز زۆر جار بە»موحتەسیب» نێوی دێنێ، وەدوای حیکمەت و فەلسەفە کەوتن کە گوایە کفرە و بۆنی خوانەناسی لێدێ، بە کارێکی حەرام و ناڕەوا لە قەڵەم درابوو؛ کەم کەس دەیوێرا بە ئاشکرایی بیروڕای خۆی دەربڕێ، یان دەبوایە بێدەنگ بێ یا دەنا ملکەچی دامودەزگای دینمەدارانی سەردەم بێ.

کە وابوو حافز لەو ڕوانگەوە هەم چۆنیەتی بارودۆخی سەردەمەکەمان بۆ بەیان دەکا و هەم دەیهەوێ ئەو کەسانە وشیارکاتەوە کە بە هۆی حیکمەت و فەلسەفە ئەگەر بە پلە و پایەی ئەرەستووی یۆنانیش بگەن، نەتەنیا ناگەنە هەق و هەقیقەت، بەڵکە سەری خۆشیان وەک ئەو کوردە بێچارەیە بە فەتەڕات دەدەن.

ئایا کوردێکی پسپۆڕی لە حیکمەت شارەزای ئەوتۆمان پێ شک دێ کە هاوچەرخی خواجەی شیرازی بووبێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە چەتوونە! گریمان کەسێکی وا هەیش بێ. ئاخر نابێ سەری بووبێتە پردەبازی ڕێبازی حیکمەت و فەلسەفە، تا حافز لەفزی بێچارەی بۆ بەکار هێنابێ؟

بۆیە، سەراوان و بناوانی باسەکەمان دێتە سەر ئەو ڕایە کە مەبەستی حافز، شەهابەدینی سۆرەوەردی یا «شێخی ئیشڕاق»ە کە لە ساڵی 578ی کۆچی، لە تەمەنی 38 ساڵیدا، بە فتوای مەلایانی دین لە زیندانی مەلیک زاهیری ئەیووبی دەکوژرێ.[3] بەم جۆرە ژیانی یەکێک لە گەورەترین زانایانی حیکمەت و فەلسەفە کۆتایی پێ دێ. تۆ بزانە چها ئینسانی وەک شێخ شەهابەدین بە تاوانی پووچی لە دین وەرگەڕان لە سەریان دراوە کە حافز دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەونیوێک هێشتا ڕووداوی دڵتەزێنی شێخی ئیشڕاقمان بە «مەسەل» بۆ دێنێتەوە.

س.چ. هێرش 25 -10-1991

---

*سەرنج: ئەو نووسراوەیە یەکەم جار، لە گۆڤاری وان (گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد - سوێد، ژمارە1، 1992 . ل65-67، کە خۆشم یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی بووم)، بە شێوەیەکی پڕ لە هەڵە و پەڵە چاپ بووە و، لێرەدا وێڕای ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، وەک خۆی پێشکێش کراوەتەوە.*

*1- غەزەلەکە لە: دیوان حافظ شیراز، بە کوشش احمد شاملو (لاپەڕەی 171) وەرگیراوە؛ دیوان خواجەحافظ شیرازی، سید ابولقاسم انجوی شیرازی.*

*2 - بۆ نموونە: شرح غزلهای حافظ، دکتر حسینعلی هروی، ئەو غەزەلەی تێدا نییە.*

*3- تاریخ مشاهیر کرد، ج1، بابامردوخ روحانی(شیوا).*

## هەڵبەستێک بۆ شەهید سولەیمان موعینی

یەکەم شێعری سیاسی من ساڵانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی دەگرێتەوە کە ئەو دەم لە پۆلی شەشی ناوەندی دەمخوێند. ناخۆشترین و دڵتەزێنترین کارەساتی کە بە چاوی خۆم بینیم و هەتا هەتایە قەت لەبیرم ناچێتەوە دیتنی تەرمی رووتوقوت و هەنجنهەنجنی دەستەیەک لە ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد بوو کە لە شەقام و چوارڕێ و مەیدانی شار، دەیانگێڕان و نیشانیان دەدان تاکو خەڵک چاوترسێن بکەن. زۆر چاکم لەبیرە، لە چوارچرای مەهاباد، تەرمی گەللەدابێژی ڕۆڵەی بوێر و هەقبێژ(مراد شیریژ)یان بە نێردیوانێ بەستبۆوە، لەپڕ هەڵیکردە بایێک و تەرمەکە داکەوت. بە چاوی خۆم بینیم هەرچی ئەفسەرو ژاندارم و ئاژانی کە لەوێ بوون ڕایان کرد. لە دڵی خۆمدا گوتم وەرە تۆ بەشقی خودا بزانە دیلی چ نیزامێکی ترسەنۆک و گەندەڵین.

دوابە دوای ئەو کارەساتانە، وابزانم لە مانگی جۆزەردان بوو کە تەرمی کاک سولەیمانی موعینییان هێنایەوە ژاندارمەری مەهاباد، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان گێڕابوویان بەڵام لە مەهاباد نەیانوێرا لە ترسی خەڵک ئەو کارەی بکەن. ڕۆژێک لە باخی گوڵان کە لەگەڵ کاک سمایلی رەفیقم دەرس و دەورەمان دەکردەوە، بیستمان کە وا کاک سولەیمانی موعینی لە گومبەزان دەنێژرێ. ئەو رۆژە سەرلەبەیانی ئاسمان ساو بوو لەپڕ هەورێکی رەش ئاسمانی داگرت و نم نم دایکردە باران. لەو کاتەدا بە دڵێکی خەماوی و چاوێکی فرمێسکاوی، لەبن دارێکی ڕۆنیشتم و شێعرێکم نووسی کە بۆ سبەی ئەو شێعرەم گەیاندە دەست دوو کەسان کە یەکێک لەوان 'خانەی موعینی' بوو (بەداخەوە، ئەویش دوای چەند ساڵان لە کوردستانی ئەودیو شەهید کرا). هەرچەند شێعرەکە زۆر پتەو نەبوو بەڵام دەستبەدەست گەڕا. جا سەیر ئەوەیە کە حەمەدەمینی برام دوای ماوەیێک هات و گوتی وەرە شێعری شاعیرێکی ئەودیوت بۆ بخوێنمەوە، کە دەستی پێکرد دیتم هەر ئەو شێعرەی خۆمە.

دەقی پارچە شێعرەکەم لەمێژساڵە فەوتاوە و ئەوەی لە زەینم دا ماوە رەنگە ئاماڵفەرقێکی لەگەڵ ئەوەکەی پێشوو هەبێ کەوا بە یادی ئەو شەهیدە نیشتمانپەروەرە لێرەدا سەرلەنوێ تۆماری دەکەمەوە:

ئاسمـــانی شاری ســـابڵاخ پڕ لە هەور و پڕتەمە
ژیانی ئەمرۆی کوردەواری زۆر چەتون و ئەستەمە
دوێنێ تەرمی قـــارەمـــان و ڕۆڵەیی ئازادیخـــواز
هـــاتەوە نێو باوەشـــی ئەو نیشتمـــانە پڕخەمـە
ئاسمـــان ڕەنگی گرژ بوو وەختێ دیتی تەرمـەکەی
بۆیە فرمێســک دەڕێژێ خۆی وەکوو ئەو عـالەمە
کاکە فایق دەستی هەڵگرت وا لە ژینی خۆشی شـار
ژیا لە رێی کوردایەتی قەت داینەنواند ئەو پەرچەمە

پڕبەدڵ دای یارمەتی جــووڵانەوەی ئەودیوی کورد

تا لە زیدی وی نەیــاران کەوتنە کایە و هەمهەمە

ناعیلاجی خۆی و دەستەی هاتە ناوچەی مەنگوران

دەوری گێڕا ئەو لە شۆڕش تاکــوو دوێنێ ئەودەمە

ڕۆژی هیوای کوردەواریم کەوتەوە ژێر هەوری ڕەش

بۆیــە ئێستا دڵبەخــەم هەر ناڵەنــاڵ و پرتەمــە

****

*مەهاباد ( باخی گوڵان)، بەهاری ١٣٤٧ هەتاوی*

*سولەیمان چیرە (هێرش)*

---

*سەرچاوە: کتێبی "بزەی خوێن" ، چاپی سوێد ١٩٩٠. ل ٧-٩.*




هەر ئەوکاتەی کە ماڵمان لە هەمزاوایە بوو، بابم بۆ ڕۆژی مەبادایە، لە گەڕەکی شوانان پارچە زەوییەکی لە میرزا محەمەدی قادرچاوڕەقان ( باوکی میرزا عەوڵای خەزوورم) شکستەبەندی بەنێوبانگ، دەکڕێ و دەیکاتە خانوبەرە. بەر لەوەی ماڵمان بۆ هەمیشە بێتە شار، جاروبار بە تایبەت هاوینان منیان دێنایە لای باوکم کە خۆی لە کۆنەوە، لەلای هەرمەنییەک دارتاشی و تەگەرسازی دەکرد.
یەکەم جار بە سواری وشتر و جاری دووهەم بە جێبێکی سەرئاواڵا کە هی ماڵە عەوڵای بایزاغای بوو، پێم ناوەتە شاری مەهاباد و تا ئەوکاتی پێم وابوو کە دنیا هەر هەمزاوایە و بەس. دەورووبەری گەڕەکی ئێمە تا دەگاتەوە تاقەدار و پادگان و باخی شێروخورشید، هەمووی مەزرا و دێمەکار بوو. پاشان بە تایبەت لە زەمانی تیمسار کەریمی وەرهەرام کە نەخشەی شار گۆڕا و خیابان لێدرا، شکل و قەوارەی ئەو ناوەش دیمەنێکی دی بە خۆیەوە دی و وردەوردە خانووبەرەی نوێی لێ سازکرا.
لەو ماڵەی کە باس کرا و هێشتا وەبەر خیابانێ نەکەوتبوو، بابم بۆ ماوەی چەند مانگان، وەتاغ و خەڵوەتییەکی دابوو بە ژن و پیاوێکی کە نێویان مام حەمەد و خات نەزاکەت بوو. لە یەکێک لەو هاوینانەی کە لەلای بابم مابوومەوە، دەمدی جاروبار میرزایەکی لێوبەبزەی ئاماڵ کورتەباڵای پۆشتە، هاتوچۆی ئەو ماڵەی دەکرد، نەمدەزانی کە کوڕی خۆیانە. تا دەهات کتێبەکانی پێ‌لێک دەکردمەوە و بە قسەی خۆش و ژیرانە ئامۆژگاری دەکردم. هەموو جارێ بابمی هان دەدا کە دەستمان پێ‌لەخوێندن هەڵنەگرێ. دوای چەندساڵان کە فامم کردەوە، لێم حاڵی بوو ئەو میرزایە هەمان "*عەزیزی یۆسفی*"یە کە لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی وێڕای هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان بە تاوانی کوردایەتی و بیروبڕوای ئازادیخوازی گیرابوو و ببوو بە قارەمانی گرتووخانەکانی قزڵقەلعە، بابل، قەسر، ئێوین، کۆمیتە و بەرازجان... لە پێشووشدا چەند ساڵێک گیرابوو. لە تەواوی دەورانی دەرسخوێندنی خۆمدا، شکڵو قیافە و شێوەو ئاکاری ئینسانانەی ئەو قارەمانە شەڕافەتمەندەم هەر لەبیر مابوو تا ئەوکاتەی کە لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لەدوای بەربوونی، بە ئاودەنگی لە تارانێ پێی شادو شوکور بوومەوە. بەڵام داخی گەورەو گرانم بە هۆی نەخۆشی دڵ زۆر نەژیاو ئاخرسەر لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تارانێ لە ڕۆژی ١٥ی جۆزەردانی ساڵی١٣٥٧ بەهۆی کەمتەرخەمی دکتۆر و خەیانەتی کاربەدەستانی گوێ‌لەمستی سەربە ساواک، بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێ‌کردین. ڕەوانی شاد و گڵکۆیەکەی پڕ لە گوڵ بێ.
...

* *پێشەکی کۆمەڵە شێعری 'بزەی خوێن' ١٩٩٠ لاپەڕەکانی ٤و٥.*

*پێشکەشە بە ڕەوانی پاکی قارەمانی*
*گرتووخانەکانی ئێران، شەهید عەزیز یۆسفی*

# «بزەی خوێن»

عیشقە تەنیا مەکتەبم، هیچ دەرسێ نازانم ئەمن
ســـەد کەڕەت ڕەت ببمەوە ناڵێم پەشیمانم ئەمن

عیشقی شیرین وای لە من کرد ببمە فەرهادی زەمان
کـــێو لەبن بێنم بە دەنگـــــی تیشـــەلێدانم ئەمن

تا پەریزادی ئەڤین دیل بێ بەدەست دێوی دزێو
چۆن هەدادانم دەبێ گــەر مەردی مەیدانم ئەمن

گیان لەسەر دەست تێدەکۆشم چیم بەسەر دێ دوایە، چش
" تـــۆزی بانـــانم لـــەپڕ، یا خـــانی خانـــانم ئەمن* "

دێوی شەو سەدها چەلی کوشتوم لە جێژوانێ کەچی
" لای بەیـــانان دێ دەبیـــنێ هەر هـــەزارانم ئەمن** "

هەم تریفەم هەم تروسکەم هەم بروسکەم هەم شەماڵ
پەلکـــەزێڕینەی گـــەش و ڕەنگیـــنی ئاسمـــانم ئەمن

وەرزی پاییزان گزینگم هەڵدەوێژنم زوڵفی شەو
لای بەهـــارانیش گوڵاڵـــەی ئاڵی کوێستانم ئەمن

ئەو دەمەی دڵدارەکان بەدزی دەچن بۆ جێژوان
دژ بە شـــۆفارانی شـــەو پارێـــزەری وانم ئەمن

دێم دەنەخشێـــنم بە خوێـــنم ڕووی بزرکـــاوی زەوی
نەختە نەختە، نوختە نوختە، ئەهدو پەیمانم ئەمن

گەر بزەی خوێنم ببینن قەت منو ناچێ لەبیر
جەوهەری مانی گەل و بوژێنەری ژیانم ئەمن

*س.چ. هێرش، دێرشکێی بادینان ١٣٦٣*

---

* *پەندی پێشینانە.*
** *لە وتەکانی کاک عەزیز وەرگیراوە.*

# ساڵێک بەر لە هەڵەبجە




**(بیرەوەرییەک لە بۆمبارانی کیمیایی)**

**ڕەنگە کەم کەس ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بن کە ڕێژیمی بەعسیی عێراق بەر لەوەی ڕۆژی 16–03–1988، شاری هەڵەبجە کیمیاباران بکا و لە ناو دۆزەخی ڕق و قینی شۆڤێنیستیدا بیخینکێنێ، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باشوور و بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە جموجۆڵی پێشمەرگەی تێدا دەبینرا، جۆرەها گازی کیمیایی و چەکی کۆمەڵکوژیی بەتاقی دەکردەوە و دەکاری دەهێنا.**

**ئەو ڕووداوەی لێرەدا ئاماژەی پێدەکەم، یەکێک لە تاڵترین و ناخۆشترین ڕووداوەکانی ژیانمە کە دوای تێپەڕبوونی 20 ساڵیش هێشتا ئاسەواری نالەبار و مەترسیداری رووحی و جەستەیی لە سەر من هەر ماوە و هەر دەشمێنێ، لە ژانی سی و سێپەلاک و سینە و پشووسوارییی ڕا بگرە تا دەگاتە جۆرەها ژانی ئێسکوپروسک و سەرگێژەی هەمیشەیی کە بە هیچ دوکتۆر و حەکیمانیش چاریان ناکرێ. چونکە ژانی زۆربەی ئەو جۆرە سەمم و ژار و گازە کیمیاییانە و پاشماوەی کارتێکەرییان وەها شاراوەیە کە هەر جارەی بە شێوەیەک سەرهەڵدەدەنەوە.**

**سەرەتای بەهاری ساڵی 1987 بوو، من و بەشێک لە هاوڕێیانمان بە نێوی(جەماعەتی هەورامان)١ کە وەک پێشمەرگەی میوان لە لای (حشع)٢ دەژیاین، بە هۆی بارودۆخ و ئاڵۆزیی بەرەکانی شەڕەوە، لە ناوچەی لۆلان و خواکورکەوە ڕەوانەی ناوچەی بادینان(سێسووچ) کراین و لە شوێنێک کە لە نزیک شارۆچکەی (ئامێدی) و لە سەر زێی بادینان هەڵکەوتبوو، گیرساینەوە.**

ئەگەرچی بە وردی نازانم چ ڕۆژێک بوو، بەڵام ئەوەی لێم ڕوونە وەرزی بەهار و مانگی جۆزەردان بوو. حیزبەکانی بەرەی (جود)۳ لە بنکەی لقی ۲ی پارتی کە لە شوێنێکی زۆر ئەستەم و پەنا و پارێزراو هەڵکەوتبوو، کۆبوونەوەیان هەبوو.

ئێوارە بوو «ئاخ لە داخت ئێوارە...»، کە زۆربەی کارەسات و ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیانی من هەر ئێواران قەوماون. ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆ، لە نێوان برادەرانی (حشع) لەلایەک و جەماعەتی هەورامان لەلایەکی تر کێبڕکێی تۆپی پێ(فوتبۆڵ) بەڕێوەدەچوو. جا بە هۆی ئەو کێبڕکێیە زۆربەی برادەرانی نیشتەجێ لەو بنکەیە بۆ تەماشا هاتبوونە ئەوێ و یارییەکەیان چاو لێدەکرد کە منیش یەکێک لەوان بووم هەم یاریم دەکرد و هەم تەماشا.

شتێکی کە زۆر گرینگە و دەبێ ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە کاربەدەستان و لێپسراوانی سەربازیی ڕێژیمی بەعسیی عێراق بە گوێرەی زانیاریی ورد و دروست کە بە هۆی جاسووس و خەفیە و بەکرێگیراوانی خۆیان پێیان دەگەیشت، زانیبوویان کە ئەو ڕۆژە کۆبوونەوە هەیە و جەماعەتێکی زۆر خزاونە ئەو بنکەیە. هێشتا خۆر چەند بستی مابوو ئاوابێ، کە لە ناکاو هەشت فڕۆکەی شەڕکەری جۆری نازانم چی... دیواری دەنگییان شکاند و ئارامیی ئەو شوێنەیان شێواند، لە چەند چرکەیەکدا تەواوی ئەو دۆڵەیان کردە دۆزەخی تەم و دووکەڵ. چاک بوو، لەسەر ئەو حاڵەشڕا، خۆشبەختانە هیچکەس ڕاستەوخۆ نەکەوتە بەر هەڵمەتی قۆنبەلە ژاراوی و ڕاکێتە کیمیاییەکانەوە. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە زۆربەی بۆمباکان دوور لە خانووەکان خرابوونەخوار و، هەروەها ئەو گۆڕەپانەی یارییەکەشی لێدەکرا نەکەوتە بەر چاوی پەلامارداني تەیارەکان. ئەگەرچی ئەوە خۆی هات و شانسێکی گەورە بوو کاتێک زانیمان ، نە کەسمان لێ بریندار بووە و نە کەسیشمان لێ کوژراوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هیچکەس نەیدەزانی ئەو قۆنبەلە و ڕاکێتانە هەمووی گازی کیمیایین و دوایە تەئسیر و کارتێکەریی لە سەر مرۆڤ دادەنێن، جا هەر واش بوو.

لەم هەموو کادێر و پێشمەرگە و جەماعەتەی لەوێ بوون تەنیا کەسێک بە نێوی «موحسین دزەیی» فکری بۆ ئەوە چووبوو و گوتبووی: ئەو فۆکانە چەکی کیمیایان خستووەتەخوار. دیارە مرۆڤ نابێ ڕاستییەکان بشارێتەوە، هەر کە ئەو قسەیە لە زمان ئەو برادەرە بڵاوبووەوە، دەستبەجێ بە فەرمانی برادەرانی سەروو تێکەوەپێچراو و دەمکوت کرا کە تۆ نابێ روحییە و نەفسییەتی پێشمەرگە بەم قسانە بڕووخێنی.

بە هەرحاڵ، لە ئەسەر ئەم ڕووداوەدا، دوو کەس لە ئەندامانی (حشع)، یەکیان بە نێوی «رزگار ( لە برادەرانی ئیزەدی)» و یەکێکیش بە نێوی(...؟) شەهید بوون و جەماعەتێکی زۆریش بریندار بوون کە منیش یەک لە بریندارە دژوارەکان بووم.

دوای ئەوەیکە فڕۆکەکان قۆنبەلە و بۆمباکانیان هاویشتەخوار و ڕۆیشتن و، ئێمەش خۆشحاڵ لەوەیکە کەس هیچ بەڵایەکی بە سەر نەهاتووە، لە پەنا و پەسیوان هاتینەدەر و بەرەو شوێنی نانخواردن وەڕێکەوتین. من، کاتێک بیستم ئاومان نەماوە و بۆرییەکەمان پچڕاوە، بێ ئەوەی بە کەس بڵێم بەرەو شوێنی ڕاکێشانی سۆندەکە رۆیشتم تا ئەگەر لە جێیەک پچڕاوە تێکی بخەمەوە. دیارە بۆرییە ئاوەکە بە

هۆی قۆنبەلەیەکی کیمیایی پچڕابوو، کە بە بەن و شریت جەمسەرەکانیم لێک بەستەوە، بەڵام هەر لەوکاتەی کە خەریکی چاککردنەوەی بۆرییەکە بووم، ئەوەی ڕاستی بێ بۆنێکی زۆر توند و ناخۆش وەک میوەی گەنیو و تەڕەکاریی ترشاو(کاڵەک و تریزووی ترشاو) لووتی داگرتم. لەگەڕانەوەشدا کە وردەوردە سەرم دەگێژەوە هات،هەر نەمزانی ئەوە گازی کیمیایییە.

دوای نانخواردنی ئێوارە، بە هۆی هاتنی براکەم «حەمەدەمینی چیرە» کە ئەزقەزا هەر ئەو ڕۆژە لە خواکورکەوە بە سەردان هاتبوو، زۆربەی برادەران لە هۆدەکەی من کۆببووینەوە و گەرمی قسە و باسان بووین. هەر ئەوەندەم زانی حاڵم تێکچوو، وردەوردە چاوم داگیرا و دڵم لە ژێڵلا هات... ژان و ئازار تەواوی لەشی داگرتم، ئیتر حەجمینم لێ هەڵگیرا. چاوەکانم لەگەڵ ئەوەدا کە لێکدا لێکدا ئاویان پێدادەهاتنەخوار و دەبرژانەوە هەڵنەدەهاتن، دەتگوت کوێر بووم. جا بۆیە هەر لەو کاتەوە کاک «قاسمی ڕەیانی» وەک نزیکترین و خۆشەویسترین هاوڕێی ئەو سەردەم و ئێستاشم، تا ماوەیەکی زۆر بوو بە چاوساخم و، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بەوپەڕی لە خۆبردوویی و بە چاوی هاواڵێکی دڵسۆز خزمەتی کردم کە تا هەم هەر لە چاومدا دەبێ.

بەڵێ، دوای ئەوەیکە، کەسانی دیکەش تووشی ئەو حاڵەتە هاتن و ژمارەیان زۆری کرد، سەرکردایەتی وەخت کە هیچ تاقیکاری و تەجرەبەیەکی وای لە بواری چەکی کیمیاییەوە نەبوو، فەرمانی دەرکرد کە هەر بەو شەوە ئاور بکەنەوە و ئێمەی بریندار و پێست هەڵامساو و بلۆق هەڵدراو و چاونووساو و ئۆقرەلێهەڵگیراو لە پەنا گڕی ئاور ڕابگرن، کە ئەگەر مانەوەمان لە پەنا ئەو ئاگرە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشابا و، خێرخوازێک هەروا لە خۆوە نەیزانیبا کە ئەو هیچ سوودێکی نییە لەوانەبوو زۆربەمان بۆ هەمیشە کوێربووباین.

دوای ماوەیەک کە لە دەوری ئاگر تێر و پڕ برژاندیانین، ئەوجار فەرمان هات کە بەرەو شوێنە بەرزاییەکان ڕامان گوێزن، چونکە بە بێتەل خەبەریان وەرگرتبوو کە ئەو فڕۆکانە هەڵگری قۆنبەلە و چەکی کیمیایی بوون. دوای ئەوەیکە ئەو شەوە بەرەو یەکێک لە شاخە بەرزەکان کە شوێنی (دۆشکە|فڕۆکەشکێن) بوو، ڕاگوێزراین، بۆ بەیانی خەبەر هات کە تەواوی ئەو کەسانەی کە بریندارن و چاویان هەڵنایە دەبێ سەریان دە ئاوی فێنکی کانی و جۆبار بنێن، یان خۆش خۆش بە دەستسڕەی تەڕ چاویان بشۆن و دایپۆشن.

ئەوەی لە بیرم مابێ، دوای چەند ڕۆژان مەفرەزەیەکی «یەکێتی نیشتمانی» کە بە ڕاگوزار بەم ناوچەیەدا تێدەپەڕین و، وابزانم ئەو تەجرەبەیان لە ناوچەی خۆیان بە چاو بینیبوو، یەکدوو شووشە دەرمانی چاویان داینێ کە ڕۆژێ دوو قەترەیان دەچاوی دەکردین. ئەوەی ڕاستی بێ نازانم لە باری پزیشکییەوە چەندی تەئسیر بووە یا نەبووە، بەڵام ئەوەندەی دەزانم کە چاوەکانم ژانیان بە هیچ نە دەشکان و تا دوو مانگانیش هەر هەڵنەدەهاتن. ئێستاش کە ژان و دەرد و خەم و خەفەتی ئەو چەند حەوتوویەی ئەو دەورانەم وەبیردێتەوە موچوڕکم بە لەش دا دێ. باری تەندروستیم ئەوەندە خراپ بوو، زۆر جار برادەران کە بە لامدا تێدەپەڕین گوێم لێدەبوو کە دەیانگوت: (حەیف، «هێرش»ەکەشمان چوو...)! جا هەر بەڕاستیش، بنیادەم جاری وایە لە ڕادەبەدەر خۆڕاگر و گیانسەخت دەبێ!

به کورتی، هەرچەند زۆر شت ماوە دە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا باسی بکەم، بەتایبەت کاتێک لە وڵاتی ڕووسیا (یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو) ویستم ڕاستی و دروستی ئەو هەواڵە بە گوێی برادەرانی ئەوێندەرێ ڕابگەیێنم هەر کەمێکی مابوو بە شێتیشم لە قەڵەم بدەن، ئەم بیرەوەرییە تاڵەم لێرەدا کۆتایی پێدێنم.

س. چ. هێرش، 17-03-2007

پەراوێزەکان:

١- پێکهاتەیەک لە ئەندامانی «حیزبی توودەی ئیران ـ لقی کوردستان»، ئەندامانی «سازمانی فیدایانی خەڵق، ئەکسەرییەت ـ لقی کوردستان» و ئەندامانی «حدکا- پێڕەوانی کۆنگرەی چوار»، کە وەک پێشمەرگەی میوان لە لای (حشع) دەژیان و ئەم نێوەیان بەسەر دابڕابوو.

٢- حیزبی شیوعی عێراق

٣- جود، بە عەرەبی چووککراوەی (جبهە وطنی دیموقراتی)یە. ئەوکاتە بەرەی جود لە سێ حیزبی: پارتی دیمۆکراتی کوردستان، حشع و پارتی سۆسیالیستی کوردستان پێکهاتبوو.

## جۆرەکانی کێش (وەزن) لە شێعری «نالی»دا




لەو زنجیرە نووسراوەیەدا بە گوێرەی توانا هەوڵ دراوە تەواوی ئەو کێش(وەزن)انەی کە «نالی» بۆ گوتنی شێعرەکانی، کەڵکی لێوەرگرتوون یان دەکاری هێناون دەستنیشان بکرێن.
هەرچەند مەبەستی سەرەکی ئەو باسە، لێدوان لە سەر زانستی «عەرووز» و شیکردنەوەی (بەحر)ەکانی شێعری نییە، بەڵام بۆ ئاشنایی زیاتری خوێنەرەوان و لایەنگرانی شێعری نالی، بە شێوەیەکی سەرپێییش بێ، کورتە زانیارییەک سەبارەت بە (کێش) و چۆنیەتی ئاوێتەبوونی شەپۆل و درکە (دەنگ و بڕگە) کان وەڕووخراون و، پاشانیش دێڕی یەکەمی سەرجەمی ئەو غەزەل و چامە و شێعرانەی کە لە دیوانی «نالی»دا بە گوێرەی (ئەلفوبێ) هاتوون، بەڕیز نووسراونەتەوە و جۆری (کێش)ەکانیان دیاری کراون.
کێش(وەزن): کێش چەشنە ڕێکوپێکیی و گونجاوییەکی تایبەتە کە لە ئاوێنەبوونی دەنگ و درکە (شەپۆڵ| بڕگە) کانی شێعردا پێکدێ و، جۆرە ئاهەنگ و مۆسیقایەک بە شێعرەکە دەبەخشێ.
پێوانە و تەرازووی کێش لە شێعری عەرووزی(یا بە زاروێژی هەڵەی باو کلاسیکی)ی کوردیدا، ئەو دەنگ و درکە، یان ئەو شەپۆل و بڕگە کورت و درێژانەن کە لە دێڕێکدا بە شێوەیەکی ڕێک و گونجاو ئاوێتە دەبن و لە دێڕەکانی تردا دووپاتدەبنەوە. دیارە هەر چەشنە ڕێکی و گونجاوییەکی تایبەت، یان چۆنیەتی ئاوێتەبوون و ڕێزبوونی یەک لە دوای یەکی بڕگە کورت و درێژەکان، جۆرە کێشێکی تایبەت بە خۆیان دەخوڵقێنن.
جۆر و شێوەی ئاوێتەبوونی ئەو دەنگ و بڕگە کورت و درێژانە کە بە زاروێژی زانستی عەرووزی، پایە (کۆڵەکە)یان پێ دەگوترێ، بناخە و پێوەر و یەکەی کێش(وەزن) بە حیساب دێن. ئەو کۆڵەکانە، بە دوو شێوە کۆدەبنەوە: ئەگەر کێشێک لە دووپاتکردنەوەی پایەیەکی هاوچەشن واتە وەک خۆی دروست ببێ ئەوا وەزنەکە «هاوپایە»یە، وەک: موستەفعیلون موستەفعیلون موستەفعیلون؛ بەڵام ئەگەر کۆڵەکەکان هاوچەشن نەبن ئەوا وەزنەکە «ناهاوپایە»ی پێ دەگوترێ، وەک: موفتەعەلون مەفاعیلون موفتەعەلون

مەفاعیلون. ئەوەش بڵێین کە هەر کۆڵەکەیەکیش بە پێی وەزنی دیاریکراو لە یەک بڕگە تا پێنج بڕگە ئاڵوگۆڕی بەسەردادێ، وەکوو: فەع(یەک بڕگە)، فەعەل(دوو بڕگە، مەفعوولو(سێ بڕگە)، موفتەعەلون(چوار بڕگە)، موستەفعەلاتون(پێنج بڕگە).

هەڵبەت لەو جێیەڕا کە پێکهاتەی هەر پایە و کۆڵەکەیەک، کۆبەندی دەنگ و بڕگە جۆراوجۆرەکان و چۆنیەتی ئاوێتەبوونیانە، ئێمە ئەشێ بە وردی ـ بەتایبەت لەمەڕ زمانەکەی خۆمان ـ ئاشنایان بین.
لە زمانی کوردیدا (بە هەر دوو ستانداردی کرمانجی سەروو و خواروووەوە)، دەنگ و بڕگە (شەپۆل، درکە) کان یان بە زاروێژی زمانناسان «بزوێن»(Vowel) ەکان بە دوو دەستە دابەش دەکرێن:
1– بڕگە یان بزوێنە کورتەکان بریتین لە: ئە«e» (ئەرۆم، گەرەک، وەرە)، ئو«u» (چون، سوڕ، گول)، ئۆ«o» (ئۆف، مۆر، تۆ)، ئی«î» (ژین، قین، زی) ئێ«ê» (ئێش، لێڵ، ڕێ).
2– بڕگە یان بزوێنە درێژەکان بریتین لە: ئا «a» (ئازیز، پاییز، کارا) ئوو «û» (ڕووت، بووک، پەڵوو)، ئیی«îî» (یاریی، فڕیی، دەژیی).
ئەوەش فەرامۆش نەکرێ کە لە شێوەزاری کرمانجی سەروو، نیوچە بزوێن(سووکە بزوێن)ێک بەم نیشانەیە «ئـ» (i) لە نووسیندا بووەتە باو و دەکار دەکرێ کە لە نووسینی شێوەزاری کرمانجی خوارووودا لەبەر چاوناگیرێ. دیارە بە بۆچوونی خۆم ئەو نیوچەبزوێنە دە زات و ناخی خودی دەنگە کپ (Consonant)ەکاندا هەیە و پێویست بەم نیشانەیە ناکات، وەک: ژن، دڵم، بزن، سەرقژن، زگ.
ئاشکرایە، دەستنیشانکردنی ئەو بزوێنە کورت و درێژانە بۆ ئەوە بوو کە بتوانین چۆنیەتی ئاوێتەبوون و جێگرتنیان لە شێعری (عەرووزی)دا دیاری بکەین. دیارە هەرکام لەوان ئەگەر لە شوێنی دروستی خۆیاندا ئاوێتە و جێگیر نەبن، ئەوا شێعرەکە تووشی لەنگی و لۆریی(سەکتە) دەبێ.

کێش(وەزن) لە باری چۆنیەتی پێکهاتە و ڕیزبوونی پایەکانییەوە دوو جۆرە:
1– کێشی ساغ(سالم): ئەگەر لە پایەکانی کێشێکدا، هیچ چەشنە گۆڕانێک ڕوونەدا و شکڵی ئەسڵیی کۆڵەکەکان وەک خۆیان بمێننەوە، ئەوا کێشی نێوبراو بە ساغ (سالم) لە قەڵەم دەدرێ، وەکوو: فاعیلاتون، مەفاعیلون، موستەفعیلون...
2– کێشی ناساغ(ناسالم): ئەگەر کۆڵەکەی کێشێک گۆڕانی بە سەر دابێ یان بە زاروێژی عەرووزی تووشی (زەحف، زیحاف، ئەزاحیف) هاتبێ، واتە لە ئەسڵی خۆی دوورکەوتبێتەوە ئەوا پێکهاتەی ئەو کێشە ناساغ یان (موزاحەف)ی پێ دەگوترێ، وەکوو: گۆڕانی فاعیلاتون (لە بڕگەی درێژەوە بۆ کورت) بە فاعیلاتو، فەعەلاتون بە فەعەلاتو...
هەروەک دەزانین چەشنی جێگرتن و ئاوێتەبوونی کۆڵەکەکان یان شێوەی (ئەفاعیل)ەکان (بەحری شێعریی) پێکدێنن. جا ئەگەر دێڕی هەر بەحرێک لە دوو پایە پێکهاتبێ ئەوا پێی دەگوترێ: موڕەببەع (چوارانە)، سێ کۆڵەکە بێ: موسەددەس (شەشانە) و، چوار کۆڵەکە بێ: موسەممەن(هەشتانە).
ئەوەش بزانین کە هیچ بەحرێک (بۆ هەر دێڕێک) نابێ لە دوو پایە کەمتر و لە چوار پایە زیاتر بێ.
کاری بەسەرکردنەوەی کۆڵەکەکان و ئەوەیکە بزانین بەحرەکان لە چەند پایە پێکهاتوون و ڕیتم و مۆسیقا و ئاهەنگی ئاوێتەبوونیان چۆنە، بە زاروێژی عەرووزی (تەقتیع)، یان (دابڕکردن)ی پێ دەگوترێ، کە لێرەدا بۆ کاری دابڕکردنی بەحر(شێعر)ەکان لە دوو نیشانەی « ـ» (بۆ بڕگەی درێژ) و«ە» (بۆ بڕگەی کورت) کەڵک وەردەگرین:

(ئەی|جیل| وە)(دە|ری| حوس|ان و)(ج| ڵەو| کێ| شی)(تە| ما| شا)
(مەف|عوو| لو) (مە| فا|عیی| لو) (مە| فا|عیی| لو) (مە| فا|عیل)
ـ ـ ە| ە ـ ـ ە | ە ـ ـ ە | ە ـــ ـــ

هەروەک دەشزانین، لە زانستی (عەرووز) دا، بۆ هەر کێشێک نێوێکی تایبەت دیاری کراوە، بۆ نموونە ئەگەر وەزنەکە لە سەر کۆڵەکەی مەفاعییلون دامەزرابێ «هەزەج»، ئەگەر لە سەر کۆڵەکەی فاعیلاتون بێ «رەمەل» و، ئەگەریش لەسەر موستەفعیلون بێ ئەوا «رەجەز»ە. دیارە، لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەم بەحر و وەزنانەی کە «نالی» دەکاری هێناون گەلێک زۆرن و لە درێژەی باسەکەدا دەخرێنەڕوو، لێرەدا هێنانی نێوی هەموویان بە پێویست نازانم.

بەڵام، بەر لەوەی جۆری وەزنە دەکارهاتووەکانی دیوانی «نالی» لە خوارەوە دەستنیشان بکەم، پێویستە نوکتەیەکی گرینگ جەخت بکەمەوە ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەت فەرهەنگی ـ ڕۆشنبیریی لە زۆر لایەن و بوارەوە قەرزداری حەزرەتی«نالی» یە و، بۆ نموونە ئەگەر ئێمەی کورد خاوەنی ئەو بلیمەتە فەلسەفی و فەرهەنگی و زمانی و شێعرییە نەبووباین، ئەستەم بوو بتوانین باسی شێعر و ئەدەب بەتایبەت غەزەل و، هەروەها زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی و زۆر مەسەلەی تریش بکەین. بۆ ئەوەی قسەیەکی هەرواییم نەکردبێ سەرنجی ئەو دێڕەی خوارەوە بدەن و خۆتان سەرپشک بن بزانن وایە یان نا؟:

دەورانی یە وەک هێلەگی سەودا سەری گێژم

بۆیە بـــــە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم

«نالی» بێژگە لەو لایەنانەی ئاماژەی پێکرا، شارەزایی و توانایەکی لەڕادەبەدەریشی بەسەر کێشی (عەرووزی) دا هەبووە و، توانیویەتی لە زۆربەی ئەم کێش (وەزن) ە خۆش و سوار و جێکەوتووانەی کە بۆ نموونە «سەعدی» و «حافز» لە شێعری زمانی فارسیدا دەکاریان هێناون، کەڵک وەربگرێ و دەگەڵ شێعری کوردیی بیانگونجێنێ.

لێرەدا، بۆ هاسانکاریی و جوان لێحاڵیبوون هەوڵ دراوە، سەرەتا جۆری کێش (وەزن) و بەیتی یەکەمی شێعرەکان بنووسرێنەوە و پاشان بۆ هەر کام لەوانیش شکڵی دابڕکردنیان دیاری بکرێن:

ـ) هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی خراوی کوێرکراوی قرتاو

ئەی جیلوەدەری حوسن و جڵەوکێشی تەماشا!

سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە حاشا

ئەی جیلوە| دەری حوسن و| جڵەوکێشی| تەماشا!

ســەر ڕشتە| یی دین بێ مە|دەدی تۆ نی| یە حاشا

مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو| مەفاعیل

ـ ـ ە| ە ـ ـ ە | ە ـ ـ ە | ە ـــ

ـ) هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی خراوی کوێرکراوی قرتاو

ئەستێرە هەموو مەحوە لە نێو نووری قەمەردا

یا شـــەمسی جەماڵت شەوی گێڕاوە بە فەردا؟

ئەستێرە| هەموو مەحوە| لە نێو نووری| قەمەردا

یا شـــەمسی| جەماڵت شە| وی گێڕاوە| بە فەردا؟

مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو| مەفاعیل

ـ ـ ە| ە ـ ـ ە | ە ـ ـ ە | ە ـــ

**(ـ هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی خراوی کوێرکراوی قرتاو**

**تا تایی سەری توڕڕەیی پڕ پێچشی بادا**
**هەرتایەکی بارێکی گوڵ و نافە بە بادا**
**تا تایی| سەری توڕڕە| یی پڕ پێچ| شی بادا**
**هەرتایە| کی بارێکی| گوڵ و نافە| بە بادا**
**مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو| مەفاعیل**

ـ ـ ه| ه ـ ـ ه | ه ـ ـ ه | ه ـــ ـــ

**(ـ هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ**

**تەبەسسوم دەردەخا حوققەی دەم و جەوهەر لە نێو ئەودا**
**بەڵێ مسقاڵە زەڕڕە زاهیرە جیلوەی لـــــــە پڕتەودا**
**تەبەسسوم دەر| دەخا حوققەی| دەم و جەوهەر| لە نێو ئەودا**
**بەڵێ مسقا| ڵە زەڕڕە زا|هیرە جیلوەی| لـــــــە پڕتەودا**
**مەفاعیلون| مەفاعیلون| مەفاعیلون| مەفاعیلون**

ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ

**(ـ رمل مثمن مخبون اصلم (رەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی گوێبڕاو**

**جۆشش و تابە لە نێو دیدەیی گریانمدا**
**چ تەنوورێکە لــە تەندوورەیی تۆفانمدا**
**جۆشش و تا| بە لە نێو دی| دەیی گریا| نمدا**
**چ تەنووریَ| کە لــە تەندوو| رەیی تۆفا| نمدا**
**فاعیلاتون| فەعەلاتون| فەعەلاتون| فەعلون**

ـ ه ـ ـ | ه ه ـ ـ | ه ه ـ ـ | ـ ـ

**(ـ هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ**

**ڕوخم ڕەنگینی ڕەنگی ڕوومەتی ڕەنگینتە بازا!**
**قــــەدی سەروم کەمانینی قەدی شیرینتە بازا**
**ڕوخم ڕەنگی| نی ڕەنگی ڕووا مەتی ڕەنگی| نتە بازا!**
**قــــەدی سەروم| کەمانینی| قەدی شیری| نتە بازا**
**مەفاعیلون| مەفاعیلون| مەفاعیلون| مەفاعیلون**

ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ

**(ـ رجز مثمن مطوی مخبون (ڕەجەزی هەشتانەی پێچراوی حەشاردراو**

**ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا**
**عــــارفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا**
**ئەحوەلی تەف| رەقە نەزەر| تەقوییەتی| سەبەب دەکا**
**عــــارفی وەح| دەت ئاشنا| لەم قسەیە| ئەدەب دەکا**
**موفتەعەلون| مەفاعەلون| موفتەعەلون| مەفاعەلون**

ـ ه ه ـ | ه ـ ه ـ | ـ ه ه ـ | ه ـ ه ـ

(ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانەی قرتاو

بولبولی تەبعم ئـــــەوا دیسان ســـەناخوانی دەکا
نوکتەسەنجی و، بەزلەگۆیی و عەنبەرئەفسانی دەکا
بولبولی تەب|عم ئـەوا دی| سان سەناخوا| نی دەکا
نوکتەسەنجی و| بەزلەگۆیی و| عەنبەرئەفشا| نی دەکا
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

(ـ مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف (موزاریعی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

گـــەر بێیە دەرێ، سەروی ڕەوانی لە ئیرەمدا
وەر نەییە دەرێ، ئاهوویی چینی لە حەرەمدا
گـــەر بێیە| دەرێ، سەروی| ڕەوانی لە| ئیرەمدا
وەر نەییە| دەرێ، ئاهوو| یی چینی لە | حەرەمدا
مەفعوولو| فاعیلاتو| مەفاعییلو| فاعیلون

ـ ـ ە| ـ ە ـ ە | ە ـ ـ ە | ـ ە ـ

(ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانەی قرتاو

تەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لـــە (عمدا) وا دەکا
تەبعی شەککەر|باری من، کور| دی ئەگەر ئین| شا دەکا
ئیمتیحانی| خۆیە مەقسوو| دی، لــــە (عمدا)| وا دەکا
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

(ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانەی قرتاو

پیم دەڵێن: مەحبووبە خێڵ و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا
خێڵ و قیچە، یا تەرازووی نازی نـــەختێ سەر دەکا
پیم دەڵێن: مەح| بووبە خێڵ و| قیچە، مەیلی| شەڕ دەکا
خێڵ و قیچە،| یا تەرازووی| نازی نـــەختێ| سەر دەکا
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

(ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانەی قرتاو

چاوەکەت ئـــاگر لە سینەی عاشقی مسکین دەکا
مەستە، مەیلی چەن کەبابێکی دڵی خوێنین دەکا
چاوەکەت ئـــا| گر لە سینەی| عاشقی مس| کین دەکا
مەستە، مەیلی| چەن کەبابێ| کی دڵی خوێ| نین دەکا
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

ـ) هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

يا بدر علــــــوا و ضياء و كمالا
فالغصن مع الاصل الى فرعک مالا
يا بدر|علــــــوا و |ضياء و | كمالا
فالغصن| مع الاصل| الى فرع| ک مالا
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو| مەفاعیل

ــ ــ ه| ه ــ ــ ه | ه ــ ــ ه | ه ــ ــ

ـ) هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

حیرەتزەدە وا دیدە وەکوو حەڵقەیی دەرما
بێ مــایە نییە عاشیقی بێچارە، (بفەرما)!
حیرەتزە| دە وا دیدە| وەکوو حەڵقە| یی دەرما
بێ مـــایە | نییە عاشی|قی بێچارە،| (بفەرما)!
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو| مەفاعیل

ــ ــ ه| ه ــ ــ ه | ه ــ ــ ه | ه ــ ــ

ـ) هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو

جەنانی وەک جینان کردم بە ماوا
«حەبیبە»ی (ماڵیاوا) مـاڵی ئاوا!
جەنانی وەک جینان کردم بە ماوا
«حەبیبە»ی (ماڵیاوا) مـاڵی ئاوا!
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل

ه ــ ــ ــ | ه ــ ــ ــ | ه ــ ــ

ـ) رمل مسدس محذوف (ڕەمەلی شەشانەی قرتاو

پەچـەیی پەرچەمیی و، پرچی سیا
هەر دەڵیی مانگە شەوە کوڵمی تیا
پەچـەیی پەرچەمیی و، پرچی سیا
هەر دەڵیی مانگە شەوە کوڵمی تیا
فاعیلاتون| فاعیلاتون | فاعیلون

ـ ه ــ ــ | ـ ه ــ ــ | ـ ه ـ

ـ) رمل مثمن محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی قرتاو

ڕیشەکـــەی پان و درێژە، بۆ ڕیا خزمەت دەکا
زاهیرە هەرکەس بە توول و عەرزی ڕیشیدا ڕیا
ڕیشەکـــەی پان و درێژە، بۆ ڕیا خزمەت دەکا
زاهیرە هەرکەس بە توول و عەرزی ڕیشیدا ڕیا
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ه ــ ــ | ـ ه ــ ــ | ـ ه ــ ــ| ـ ه ـ

(ــ هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

زولفەینی بە خەم مار و بە حەڵقەن وەکوو عەقرەب
شیعری لەف و نەشرن، چ موشەوەش، چ مورەتتەب
زولفەینی| بە خەم مار و| بە حەڵقەن وە| کوو عەقرەب
شیعری لە| ف و نەشرن، چ | موشەوەش، چ| مورەتتەب
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو| مەفاعیل

ــ ــ ه| ه ــ ــ ه | ه ــ ــ ه | ه ــ ــ

(ــ هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

ماتەم وەکوو زولفەینی سییەهـ ، گرتی سەراپات
پۆشی لـــــە ڕوخت تەعبییەی بەیدەق و شامات
ماتەم وە| کوو زولفەینی| سییەهـ ، گرتی| سەراپات
پۆشی لـــە | ڕوخت تەعبی| یەی بەیدە| ق و شامات
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو| مەفاعیل

ــ ــ ه| ه ــ ــ ه | ه ــ ــ ه | ه ــ ــ

(ــ هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

چاوت لـــە برۆ یەعنی لە ژێر تاقی نەزارەت
بێ پەردە عەیان دێتە تەکوللوم بە ئیشارەت
چاوت لە | برۆ یەعنی | لە ژێر تاقی| نەزارەت
بێ پەردە| عەیان دێتە| تەکوللوم بە| ئیشارەت
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو| مەفاعیل

ــ ــ ه| ه ــ ــ ه | ه ــ ــ ه | ه ــ ــ

(ــ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو

مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرمووت
دەخیلت بم کە خانەی سەبرەکەم سووت
مەکە ئیخلا| فی ئەو وەعدەی| کە فەرمووت
دەخیلت بم| کە خانەی سەب| رەکەم سووت
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل

ه ــ ــ ــ | ه ــ ــ ــ | ه ــ ــ

(ــ هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

ئەی سەروی بوڵەند قەدد و، برۆتاق و، مەمک جووت!
کێ دەستی دەگـــــــاتە بەی و ناری نەگەیشتووت؟!
ئەی سەروی| بوڵەند قەدد و،| برۆتاق و،| مەمک جووت!
کێ دەستی| دەگـــــاتە بە| ی و ناری نە| گەیشتووت؟!
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو| مەفاعیل

ــ ــ ه| ه ــ ــ ه | ه ــ ــ ه | ه ــ ــ

ـ رمل مسدس مخبون محذوف (رەمەلی شەشانەی حەشاردراوی قرتاو

عومری بێ حـاسڵی من چوو بە عەبەس
ئەمەکم هەرچی هەبوو چوو بە عەبەس
عومری بێ حـا| سڵی من چوو| بە عەبەس
ئەمەکم هەر| چی هەبوو چوو| بە عەبەس
فاعیلاتون| فەعەلاتون | فەعەلون

– ه – – | ه ه – – | ه ه –

ـ هزج مثمن اخرب (هەزەجی هەشتانەی خراو

عیشقت کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و، لەیلا کچ و، سەلما کچ و، عەزرا کچ
عیشقت کە| مەجازی بێ،| خواهیش مە|کە ئیللا کچ
شیرین کـ| چ و، لەیلا کچ و،| سەلما کـ|چ و، عەزرا کچ
مەفعوولو| مەفاعیلون| مەفعوولو | مەفاعیلون

– – ه | ه – – – | – – ه | ه – – –

ئەو وەزنە بەم شێوەیەش دابڕدەکرێ:
عیشقت کە مە| جازی بێ،| خواهیش مەکە| ئیللا کچ
شیرین کچ و، لەیلا کچ و، سەلما کچ و، عەزرا کچ
موستەفعەلو| مەفعوولون| موستەفعەلو| مەفعوولون

– – ه ه | – – – | – – ه ه | – – –

ـ هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

ساقی! وەرە ڕەنگین کـــە بە پەنجە لەبی ئەقداح
بەم ڕاحە، لە سەر ڕاحە، دەڵێن: ڕاحەتی ئەڕواح
ساقی! وە| رە ڕەنگین کـە| بە پەنجە لە| بی ئەقداح
بەم ڕاحە، | لە سەر ڕاحە،| دەڵێن: ڕاحە| تی ئەڕواح
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو| مەفاعیل

– – ه | ه – – ه | ه – – ه | ه – –

ـ رمل مثمن مخبون اصلم (رەمەلی هەشتانەی حەشاردروی گوێبڕاو

ابروان تو طبیبــــــــان دل افگارانند
هر دو پیوسته از ان بر سر بیمارانند
ابروان| تو طبیبــــــا| ن دل افگا| رانند
هر دو پیوس| ته از ان برا| سر بیما| رانند
فاعیلاتون| فەعەلاتون| فەعەلاتون | فەعلون

– ه – – | ه ه – – | ه ه – – | – –

(ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانەی قرتاو

ئیلتیقای پۆلا و ئاسن هـــــــر نیزاعه و گیر و دار
جەمعی ماء و نار و، زەند و زەندە و، مەرخ و عەفار
ئیلتیقای پۆ| لا و ئاسن| هـــــــر نیزاعه و| گیر و دار
جەمعی ماء و| نار و، زەند و| زەندە و، مەر| خ و عەفار
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ

(ـ مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف (موزاریعی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئـــەی بادی خۆش مروور!
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری (شارەزوور)!
قوربانی| تۆزی ڕێگە| تم ئـــەی بادی| خۆش مروور!
ئەی پەیکی| شارەزا بە | هەموو شاری| (شارەزوور)!
مەفعوولو| فاعیلاتو| مەفاعیلو| فاعیلون

ـ ـ ه| ـ ه ـ ه | ه ـ ـ ه| ـ ه ـ

(ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانە قرتاو

سەیلی هیجرەت بەردی بنچینەی لە ڕەگ هێنامەدەر
بـــاری فیکرت قەددی ڕاستی تێکشکاندم وەک فەنەر
سەیلی هیجرەت| بەردی بنچی| نەی لە ڕەگ هێ| نامەدەر
بـــاری فیکرت| قەددی ڕاستی| تێکشکاندم| وەک فەنەر
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ

(ـ مجتث مثمن مخبون اصلم (موجتەسسی هەشتانەی حەشاردراوی گوێبڕاو

شەوی بەهاری جوانی خەوێ بوو پڕ تەشویر
لـــە فەجری پایزی پیریی بەیانی دا تەعبیر
شەوی بەها| ری جوانی| خەوێ بوو پڕا| تەشویر
لـــە فەجری پا| یزی پیریی| بەیانی دا| تەعبیر
مەفاعیلون| فەعەلاتون| مەفاعیلون | فەعلون

ه ـ ه ـ | ه ه ـ ـ | ه ـ ه ـ | ـ ـ

(ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانەی قرتاو

تیر ناز نگەهک هر دله نیجـــــــە یری وار
عاشقک پاینە زولفک گیبی یوزبک سری وار
تیر ناز | نگەهک هر| دله نیجـــە| یری وار
عاشقک پا| ینە زولفک | گیبی یوزبک| سری وار
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ| ـ ه ـ

ئەو غەزەلە بە زمانی تورکی(تورکمانی) گوتراوە، بۆ ئەوەی لە دابڕکردندا سەرنج بدرێتە بڕگەکان، ئەوا بە شێوە ڕێنووسی کوردیش دەخرێتەڕوو:

تیرێ نازێ | نیگەهەک هەر| دلە نیجـــــە| یەری وار
عاشقەک پا| ینە زولفەک | گیبی یوزبەک| سەری وار

(ـ هزج مثمن اخرب مکفوف مجبوب (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی خەساو

ان زلف مشکبار بدان روی چون بهـــار
گر کوتەاست، کوتهی از وی عجب مدار
ان زلف| مشکبار ب| دان روی چون| بهـــار
گر کوتە| است، کوتهی| از وی عجب | مدار
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | فەعەل

ـ ـ ە | ە ـ ـ ە| ە ـ ـ ە| ە ـ

ئەو شێعرەی «نالی» خۆی چوارینەیە. شیاوی گوتنە کە ئەو کێش(وەزن)ە، تایبەتی (روباعی) یان چوارینەیە کە زۆربەی هەرە زۆری چوارینە باوەکان لە زمانی فارسیدا، لە سەر ئەو وەزنە گوتراون. دیارە ئەو کێشە بۆ گوتنی چوارینە لە زمانی کوردیشدا هەر باو بووە.

(ـ رمل مسدس محذوف (ڕەمەلی شەشانەی قرتاو

خاو و بێ خاوی دوو زولفی خاوم ئەز
چـاوە چاوی یەک غەزالەی چاوم ئەز
خاو و بێ خا| وی دوو زولفی| خاوم ئەز
چـاوە چاوی| یەک غەزالەی| چاوم ئەز
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

(ـ رمل مثمن محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی قرتاو

هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟ تەیکەری هەوراز و لێژ
سینەپان و، مووچەکورت و، شانەبەرز و، گوێ درێژ
هەی کەرێکم| بوو، چ پەیکەر؟| تەیکەری هەو| راز و لێژ
سینەپان و، | مووچەکورت و، | شانەبەرز و،| گوێ درێژ
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

(ـ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو

کـە تۆ هاتی لە نەومیدیی نەما باس
لە هیجر و ئینتیزار ئیدیی نەما باس
کـە تۆ هاتی| لە نەومیدیی| نەما باس
لە هیجر و ئین| تیزار ئیدیی| نەما باس
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل

ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ

ـ رمل مثمن مخبون محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی قرتاو

لە کن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیولا نییە باس
لـــە حیکەم پەروەرییی بووعەلی سینا نییە باس
لە کن ئەو جەو| هەرە فەردە| لە هەیولا| نییە باس
لـــە حیکەم پەر| وەرییی بوو|عەلی سینا| نییە باس
فەعەلاتون | فەعەلاتون| فەعەلاتون| فەعیلون
ـ ـ ە ە | ـ ـ ە ە | ـ ـ ە ە | ـ ە ە

ـ بسیط مثمن مخبون (بەسیتی هەشتانەی حەشاردراو

سابوونی کەففی پێیە کــەفی زاری چاپلووس
خاسیەتی ڕەققی هەیە نەرمیی زوبانی لووس
سابوونی کەف| فی پێیە| کــەفی زاری | چاپلووس
خاسیەتی ڕەق| قی هەیە| نەرمیی زو| بانی لووس
موستەفعیلون| فاعیلون| موستەفعیلون| فاعیلون
ـ ـ ە ـ | ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ | ـ ە ـ

ئەو وەزنە بەم شێوەیەش دەکاردەکرێ: موستەفعیلون فەعیلون موستەفعیلون فەعیلون
ـ رمل مثمن محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی قرتاو

مووی سپی کـــردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط
شۆرە شەط یەعنی کە تێیدا خودبەخود قەل بوو بە بەط
مووی سپی کـــر| دم بە شوشتن| ئاوی عەینی | شۆرە شەط
شۆرە شەط یەع| نی کە تێیدا | خودبەخود قەل| بوو بە بەط
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون
ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

ـ بسیط مثمن مخبون (بەسیتی هەشتانەی حەشاردراو

قوربان مەحاڵە پێکەوە بن سەبر و ئیشتیاق
خاریج لە نەصصی ئایەیە تەکلیفی(لایطاق)
قوربان مەحا| ڵە پێکە| وە بن سەبر و| ئیشتیاق
خاریج لە نەص| صی ئایە| یە تەکلیفی| (لایطاق)
موستەفعیلون| فاعیلون| موستەفعیلون| فاعیلون
ـ ـ ە ـ | ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ | ـ ە ـ

ـ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو

چییە گوارە گـــــوناهی، وا بە نەستەق
بە گوێ هەڵتاوەسیوە سەر موعەللەق؟!
چییە گوارە| گـــــوناهی، وا| بە نەستەق
بە گوێ هەڵتا| وەسیوە سەر| موعەللەق؟!
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل ـ ـ ـ ە | ـ ـ ـ ە | ـ ـ ە

ـ) مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف (موزاريعی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

ئەی شۆخی بێ نیاز و گران ناز و غەمزەسووک
تیری موژەت نیشانەی دڵ کــون دەکا بە نووک
ئەی شۆخی| بێ نیاز و | گران ناز و | غەمزەسووک
تیری مو| ژەت نیشانە| یی دڵ کون دە| کا بە نووک
مەفعوولو| فاعیلاتو| مەفاعییلو| فاعیلون

ـ ـ ە| ـ ە ـ ە | ە ـ ـ ە| ـ ە ـ

ـ) هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو

بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام
بە زستان دڵ شکەستەی بــــەردی سەرمام
بە هاوین جەس| تە خەستەی دەر| دی گەرمام
بە زستان دڵ | شکەستەی بــــەر| دی سەرمام
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ

ـ) هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

ئــــەی تازەجەوان! پیرم و ئوفتادە و کەوتووم
تا ماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم، کە بەسەرچووم
قوربانی وەفاتم
ئـەی تازە| جەوان! پیرم| و ئوفتادە| و کەوتووم
تا ماوە| حەیاتم
دەستێ ب| دەرە دەستی| شکستەم، کە| بەسەرچووم
قوربانی| وەفاتم
مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | فەعولون

ـ ـ ە | ە ـ ـ ە| ە ـ ـ ە| ە ـ ـ

مەفعوولو | مەفاعیل

ـ ـ ە | ە ـ ـ

ـ) هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ

حەنایی کـــــــردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم
ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم
حەنایی کــــــــر| دووە پەنجەی| بە خوێناوی| دڵی زارم
ئەمە ڕەنگە | شەهادەت بێ | کە کوشتەی دەس| تی دڵدارم
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون

ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ

ـ) هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

دەورانی یە، وەک هێڵەگی سەودا سەری گێژم
بۆیە بــــــە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم

دەورانی| یە، وەک هێڵە| گی سەودا سە| ری گێژم
بۆیە بـــــە | دەقیقی مە| سەلە هەرچی| دەبێژم
مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | فەعولون
ــ ــ ە | ە ــ ــ ە| ە ــ ــ ە| ە ــ ــ

ـ هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو)
عومرێکە بـــــە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێنەگەیی، ئێستە خەمۆشم
عومرێکە | بــە میزانی| ئەدەب توحفە| فرۆشم
زۆرم و| ت و کەس تێنە| گەیی، ئێستە | خەمۆشم
مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | فەعولون
ــ ــ ە | ە ــ ــ ە| ە ــ ــ ە| ە ــ ــ

ـ هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو)
شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم
مەشغووڵی نەفەس گرتنی مشکین نەفەسێکم
شەو هات و | ئەمن مەستی| خەیاڵاتی | کەسێکم
مەشغووڵی| نەفەس گرت| نی مشکین نە| فەسێکم
مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | فەعولون
ــ ــ ە | ە ــ ــ ە| ە ــ ــ ە| ە ــ ــ

ـ هزج مثمن اخرب مکفوف مقصور (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی کورتکراو)
ماچی دەمەکەی دامێ کە دامێ سەروماڵم
بنواڕە چ ســەییادە، چ جەللادە بە حاڵم!
ماچی دە| مەکەی دامێ| کە دامێ سە| روماڵم
بنواڕە| چ ســەییادە،| چ جەللادە| بە حاڵم!
مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | مەفاعیل
ــ ــ ە | ە ــ ــ ە| ە ــ ــ ە| ە ــ ــ

ـ رمل مثمن مخبون مقصور (ڕەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی کورتکراو)
لایقی مەخزەنی تەبعە هەموو کەنزی غەزەلم
قــابیلی زەربی ڕەواجە زەڕ و زیوی مەسەلم
لایقی مەخ| زەنی تەبعە| هەموو کەنزی| غەزەلم
قابیلی زەر| بی ڕەواجە| زەڕ و زیوی | مەسەلم
فاعیلاتون| فەعەلاتون| فەعەلاتون| فەعەلات
ــ ە ــ ــ | ە ە ــ ــ | ە ە ــ ــ | ە ە ــ

ـ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو)

عەزیزم ڕۆحی شیرینم، دوو چاوم
دەوای زامی دڵ و جەرگی هەناوم
عەزیزم ڕۆ| حی شیرینم،| دوو چاوم
دەوای زامی| دڵ و جەرگی| هەناوم
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل(فەعولون)

ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ

ـ رمل مسدس محذوف (ڕەمەلی شەشانەی قرتاو)

گەر دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم
من بە برسی قەت مەزانە، غەم دەخۆم
گەر دەپرسی| من لەبەرچی| کەم دەخۆم
من بە برسی| قەت مەزانە|، غەم دەخۆم
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ

ـ رمل مثمن محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی قرتاو)

وەی کە ڕووزەردی مەدینە و ڕووسیاهی مەککە خۆم
دەرکـــراو و دەربەدەر، یاڕەب دەخیلی عەفوی تۆم
وەی کە ڕووزەر| دی مەدینە و | ڕووسیاهی| مەککە خۆم
دەرکـــراو و| دەربەدەر، یا| ڕەب دەخیلی | عەفوی تۆم
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ

ـ رمل مثمن مخبون اصلم (ڕەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی گوێبڕاو)

دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە، جەوابی نادەم
موددەتێکە لـــــە قەفەسدایە، عەزابی نادەم
دڵ دەڵێ سەی| ری چەمەن خۆ| شە، جەوابی| نادەم
موددەتێکە| لـــــە قەفەسدا| یە، عەزابی| نادەم
فاعیلاتون| فەعەلاتون| فەعەلاتون| فەعلون

ـ ه ـ ـ | ه ه ـ ـ | ه ه ـ ـ | ـ ـ

ـ رمل مثمن محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی قرتاو)

(فاتیحە!) تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم
موددەتێکی زۆرە پاتەختە لـــە بۆ خاقانی غەم
(فاتیحە!) تەس| خیرە شاری| دڵ بە تابوو| ری ئەلەم
موددەتێکی| زۆرە پاتەخ| تە لـــە بۆ خا| قانی غەم
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ

ـ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو)

لەبت میم و، قەدت ئەلف و، زوڵف چیم
دەزانی بـــــــەم سێیانە تالیبی چیم!
لەبت میم و|، قەدت ئەلف و|، زوڵف چیم
دەزانی بـــــــەم| سێیانە تا|لیبی چیم!
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل(فەعولون)

ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ

ـ رمل مثمن مخبون اصلم (رەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی گوێبڕاو)

سوی مصر است مرا عزم از این لجەء غم
تا کە در نیل کشم جامە ز بی داد و ستم
سوی مصر اس|ت مرا عز| م از این لج| ەء غم
تا کە در نی| ل کشم جا| مە ز بی داد| و ستم
فاعیلاتون| فەعەلاتون| فەعەلاتون| فەعلون

ـ ە ـ ـ | ە ە ـ ـ | ە ە ـ ـ | ـ ـ

ـ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو)

کە تۆی قیبلە، دەمت سا بێنە قوربان!
لــە سەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان!
کە تۆی قیبلە،| دەمت سا بێ| نە قوربان!
لــە سەر قوبلە| دڵم مەشکێ| نە قوربان!
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل(فەعولون)

ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ

ـ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو)

ڕەفیقان! من ئەوا ڕۆییم لە لاتان
لە مەزڵوومان بڵا چۆڵ بێ وڵاتان
ڕەفیقان! من| ئەوا ڕۆییم| لە لاتان
لە مەزڵوومان| بڵا چۆڵ بێ| وڵاتان
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل(فەعولون)

ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ

ـ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو)

لە دوگمەی سوخمە دۆینێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سپێدەی بـــــــاغی سێوان
لە دوگمەی سوخ| مە دۆینێ نوێ| ژی شێوان
بەیانی دا| سپێدەی بـــــــا | غی سێوان
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل(فەعولون)

ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ

ـ رمل مسدس محذوف (ڕەمەلی شەشانەی قرتاو)

ئـــــــەهلی تەعدادی مەحاسین نووسییان
خاڵ یەک و زوڵفی دووان، هەردوو سییان
ئـــــــەهلی تەعدا| دی مەحاسین| نووسییان
خاڵ یەک و زوڵ| فی دووان، هەر| دوو سییان
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ

ـ هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ)

ڕەقیب و موددەعیی فیتنە و عیلاقەی چاوی جادووتن
لـــە گۆشەی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و مارووتن
ڕەقیب و مود| دەعیی فیتنە و| عیلاقەی چا| وی جادووتن
لـە گۆشەی گۆ| شەوارەت نا| ئیبی هاروو| ت و مارووتن
مەفاعیلون| مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون

ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ

ـ هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو)

ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بوومن
موشکیل بگەنە ســاعیدی شاهێکی وەکوو من
ئەم سەرسە| ری بازانە| کەوا هەمسە| ری بوومن
موشکیل ب| گەنە ساعی| دی شاهێکی| وەکوو من
مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | فەعولون

ـ ـ ه | ه ـ ـ ه| ه ـ ـ ه| ه ـ ـ

ـ منسرح مثمن مطوی مكشوف (مونسەریحی هەشتانەی پێچراوی وەڕووخراو)

دووری لە من خستەوە بێ سەبەبێ یاری من
باری خودایا کـــــە تۆ بگری سەبەبکاری من
دووری لە من| خستەوە| بێ سەبەبێ| یاری من
باری خودا| یا کە تۆ| بگری سەبەب| کاری من
موفتەعیلون| فاعیلون| موفتەعیلون| فاعیلون

ـ ه ه ـ | ـ ه ـ | ـ ه ه ـ | ـ ه ـ

ـ هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو)

خەندەو دەمی «مەحبووبە» کەوا زۆر نمەکینن
بەس خۆشـە ئــەگەر خۆ نمەکی زەخم و برینن
خەندەو دە| می «مەحبووبە»| کەوا زۆر ن| مەکینن
بەس خۆشـە| ئــەگەر خۆ ن| مەکی زەخم و| برینن
مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | فەعولون

ـ ـ ه | ه ـ ـ ه| ه ـ ـ ه| ه ـ ـ

(ـ هزج مثمن اخرب مكفوف مقصور (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی کورتکراو

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن
ئەم تاق|مە مومتازە| کەوا خاسسە| یی شاهن
ئاشووبی| دڵی مەملە| کەت و قەلبی| سوپاهن
مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | مەفاعیل

ـ ـ ه | ه ـ ـ ه| ه ـ ـ ه| ه ـ ـ

(ـ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو

خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین
کـــــە ناچین، لێرە خۆشەچینی ماچین
خەتات فەرموو| کە خۆشە چی| ن و ماچین
کــە ناچین، لێ| رە خۆشەچی| نی ماچین
مەفاعییلون| مەفاعییلون | مەفاعیل (فەعوولون)

ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ

(ـ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو

بە جان سەختیی و دڵ بەردیی، من و تۆ
بیعەینی هــــــەر وەکوو پۆڵا و بەردین
بە جان سەختی| ی و دڵ بەردیی،| من و تۆ
بیعەینی هــــــەر| وەکوو پۆڵا| و بەردین
مەفاعییلون| مەفاعییلون | مەفاعیل (فەعوولون)

ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ

(ـ رمل مثمن محذوف (ڕەمەلی هەشتانە قرتاو

وەک قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتوومیە ناو
تار و پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کــــــــردوومە داو
وەک قەفەس ئەم| حوجرە کون تێ| یە کەوا گر| توومیە ناو
تار و پۆیی| عەنکەبووتە،| زۆرە لێی کـــــــر| دوومە داو
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ

(ـ هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کـــەمت بوو
هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کـــەمت بوو
مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | فەعوولون

ـ ـ ه | ه ـ ـ ه| ه ـ ـ ه| ه ـ ـ

‐) رمل مثمن مقصور (ڕەمەلی هەشتانە کورتکراو

تا فەلەک دەورەی نەدا، سەد کەوکەبی ئاوانەبوو
کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو
تا فەلەک دەو| رەی نەدا، سەد| کەوکەبی ئا| وانەبوو
کەوکەبەی میهـ| ری موبارەک| تەلعەتی پەی| دا نەبوو
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلات

ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ ـ | ـ ه ـ

‐) هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی، فـــەرەقی بوو
مەکسووری ڕقی بەودڵی وەک بەردی ڕەقی بوو
دڵ شیشە| یی پڕ خوێنی| فیراقی، فـــە| رەقی بوو
مەکسووری| ڕقی بەود| ڵی وەک بەردی| ڕەقی بوو
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | فەعوولون

ـ ـ ه | ه ـ ـ ه| ه ـ ـ ه| ه ـ ـ

‐) هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو

دەروونم پڕ کـــــەباب و دەردە بێ تۆ
دڵم گەرمە و هەناسەم سەردە بێ تۆ
دەروونم پڕ| کـــەباب و دەر| دە بێ تۆ
دڵم گەرمە و| هەناسەم سەر| دە بێ تۆ
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل (فەعوولون)

ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ

‐) هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو

نەمردم مـــــــن ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ
نەمردم مـــــن| ئەگەر ئەمجا| رە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ،| هەتا ئەم خوا| رە بێ تۆ
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیل(فەعوولون)

ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ

‐) هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

زوڵفت کە لە سەر ڕوو بە خەم و تابیشە ئەمڕۆ
دوودی سییەهی عوودە لــە سەر عاریضی پشکۆ
زوڵفت کە| لە سەر ڕوو بە| خەم و تابی| شە ئەمڕۆ
دوودی سی| یەهی عوودە| لە سەر عاری| ضی پشکۆ
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | فەعوولون

ـ ـ ه | ه ـ ـ ه| ه ـ ـ ه| ه ـ ـ

ـ هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو)

شـــەوی یەڵدایە، یا دیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو
شـــەوی یەڵدا| یە، یا دیجوو| رە ئەمشەو
کە دیدەم دوور| لە تۆ بێ نوو| رە ئەمشەو
مەفاعیيلون| مەفاعیيلون| مەفاعیل(فەعوولون)

ـ ـ ە | ـ ـ ـ ە | ـ ـ ـ ە

ـ هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو)

ساقی! بە مەیی کۆنە لە سەر عادەتی نەو بە
بشکێنە بە یەک نەوبە دووسەد ماتەمی تەوبە
ساقی! بە| مەیی کۆنە| لە سەر عادە| تی نەو بە
بشکێنە| بە یەک نەوبە| دووسەد ماتە| می تەوبە
مەفعوولو| مەفاعیيلو| مەفاعیيلو | فەعوولون

ـ ـ ە | ە ـ ـ ە| ە ـ ـ ە| ە ـ ـ

ـ مضارع مثمن اخرب (موزاریعی هەشتانەی خراو)

دەستم لە گەردەنی خۆت، هەڵمەگرە ئەی«حەبیبە»!
وەبزانە خوێنی خۆمـــــــــە، یا میننەتی ڕەقیبە
دەستم لە| گەردەنی خۆت|، هەڵمەگرە| ئەی«حەبیبە»!
وەبزانە| خوێنی خۆمـــــــــە|، یا میننەتی ڕەقیبە
مەفعوولو| فاعیلاتون| مەفعوولو| فاعیلاتون

ـ ـ ە | ـ ە ـ ـ | ـ ـ ە | ـ ە ـ ـ

ـ هزج مثمن اخرم (هەزەجی هەشتانەی لووتکونکراو)

درونی لدار الشارزور و برده
كفرميسک گرم الی آو سرده
(دەرونی لیداری ششارەزووری وە بەردیهی
کە فرمێسکین گە ر مین ئیلا ئاوی سەردیهی)
(دەرونی لی| داری ششا| رەزووری وە| بەردیهی
کە فرمێسکین| گە ر مین| ئیلا ئاوی| سەردیهی)
مەفاعیيلون| مەفعولون | مەفاعیيلون | مەفعولون

ـ ە | ـ ـ ـ ە | ـ ە ـ | ـ ـ ـ ە

ـ هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ)

لـــــــە دڵدا ئاتەشی عیشقت بلێسەی میسلی تەندوورە
شەتی ئەشکم نەبێ مانیع، دەسووتێم دەبمە کۆی نوورە
لـە دڵدا ئا| تەشی عیشقت| بلێسەی میس| لی تەندوورە
شەتی ئەشکم | نەبێ مانیع،| دەسووتێم دەب| مە کۆی نوورە
مەفاعیيلون| مەفاعیيلون | مەفاعیيلون| مەفاعیيلون      ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ

**ـ) رمل مثمن مخبون محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی قرتاو**

**وەسفی ڕوخساری لــە فیکری بەنی ئادەم بە دەرە**
**ئیبتیدای مەدحی دەمی وەک خەبەری بێ ئەسەرە**
**وەسفی ڕوخساری لــە فیکری بەنی ئادەم بە دەرە**
**ئیبتیدای مەدحی دەمی وەک خەبەری بێ ئەسەرە**
**فاعیلاتون| فەعەلاتون| فەعەلاتون | فەعیلون**

**ـ ـ ە ـ | ە ە ـ ـ | ە ە ـ ـ | ە ە ـ**

**ـ) مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف (موزاریعی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو**

**ئـــەی ساکینی ڕیاضی مەدینەی مونەووەرە**
**لوتفێ بکە، بفەرموو: مەدینەی منە و، وەرە**
**ئـــەی ساکی| نی ڕیاضی| مەدینەی مو| نەووەرە**
**لوتفێ ب| کە، بفەرموو:| مەدینەی م| نە و، وەرە**
**مەفعوولو| فاعیلاتو| مەفاعییلو| فاعیلون** **ـ ـ ە | ـ ە ـ ە| ە ـ ـ ە | ـ ە ـ**

**ـ) هزج مسدس محذوف (هەزەجی شەشانەی قرتاو**

**سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە**
**دەڵێی عاصیی بووە لەو جێگە بەرزە**
**سەراپای گوا| رە زەردی تر| س و لەرزە**
**دەڵێی عاصیی| بووە لەو جێ| گە بەرزە**
**مەفاعییلون| مەفاعییلون| مەفاعیل (فەعوولون)**

**ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ**

**ـ) رمل مثمن محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی قرتاو**

**(حلقە در گوش) ی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە**
**بـــــا نەناڵێ، لێی مەدە (عن لطمە كف الكفە)**
**(حەلقە دەر گو| ش) ی کەفی ڕەن| گینی تۆیە| ئەم دەفە**
**با نەناڵێ،| لێی مەدە (عەن| لەتمیهی کەف| فە لكەفە)**
**فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون**

**ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ**

**ـ) هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ**

**کەوا زەڕتایی یەکتایی دەڵێی خورشیدی ئافاقە**
**مەڵێ خورشیدی ئافاقە، بڵێ میهرێ کە وا تاقە**
**کەوا زەڕتا| یی یەکتایی | دەڵێی خورشی| دی ئافاقە**
**مەڵێ خورشی| دی ئافاقە، | بڵێ میهرێ | کە وا تاقە**
**مەفاعییلون| مەفاعییلون | مەفاعییلون| مەفاعییلون**

**ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ**

- هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ)

به مەرگی خۆت قەسەم، زاهید، هەموو عومرت عوبوورێکه
مەقام و مەنزڵت، ئـــــــــاخر، لە کن جەمعی قوبووریکه
به مەرگی خۆت| قەسەم، زاهید،| هەموو عومرت| عوبوورێکه
مەقام و مەن| زڵت، ئـــــاخر،| لە کن جەمعی| قوبووریکه
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون
ە – – –| ە – – –| ە – – –| ە – – –

- رمل مثمن مخبون اصلم (رەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی گوێبڕاو)

سەری هەر مووی بەدەنم تەرزە تەمەننایێکه
گـــەردشی نووکی سەرم دووکەڵی سەودایێکه
سەری هەر مووی| بەدەنم تەر| زە تەمەننا| یێکه
گـــەردشی نوو| کی سەرم دوو| کەڵی سەودا| یێکه
فەعەلاتون | فەعەلاتون| فەعەلاتون | فەعلون
ە ە – –| ە ە – –| ە ە – –| – –

- هزج مثمن اخرب مکفوف مقصور (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی کورتکراو)

شاهینی دوو چاوت کە نیگا و مەیلی بە دانگە
کێشـــانی بـــه قــــوڵلابی دڵاوێزی بژانگه
شاهینی| دوو چاوت کە| نیگا و مەیلی| بە دانگە
کێشـــانی| بـــه قـــــوڵلابی| دڵاوێزی| بژانگه
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | مەفاعیل
– – ە | ە – – ە| ە – – ە| ە – –

- مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف (موزاریعی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو)

بنواڕە وشکه سۆفیی و رەقسی بـــە هەلهەلە
دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە
بنواڕە| وشکە سۆفی| ی و رەقسی بـــە| هەلهەلە
دیسان لە| بەحری وشکی| هەوا کەوتە| پێ مەلە
مەفعوولو| فاعیلاتو| مەفاعیلو| فاعیلون
– – ە | – ە – ە| ە – – ە| – ە –

- هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ)

شکەنجی عەرز و توولی پێچی زوڵفت بێ سەرەنجامە
مەسەل توولی ئەمەل، عومری خضر، زنجیری سەودامە
شکەنجی عەر| ز و توولی پێ| چی زوڵفت بێ| سەرەنجامە
مەسەل توولی| ئەمەل، عومری| خضر، زنجی| ری سەودامە
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون
ە – – –| ە – – –| ە – – –| ە – – –

**)ـ هزج مثمن اخرب (هەزەجی هەشتانەی خراو**

**سەودازەدەکەی زوڵفت، ئەزهاری لە کن پەشمە**
**دوور لەو گوڵە بێ خارە، گوڵزاری لە کن پەشمە**
**سەودازە| دەکەی زوڵفت،| ئەزهاری| لە کن پەشمە**
**دوور لەو گو| ڵە بێ خارە،| گوڵزاری| لە کن پەشمە**
**مەفعوولو| مەفاعیلون| مەفعوولو| مەفاعیلون**
**ـ ـ ه | ه ـ ـ ـ | ـ ـ | ه | ه ـ ـ ـ**

**)ـ هزج مثمن اخرب مکفوف مقصور (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی کورتکراو**

**بایێ لــــە تەڕەف قیبلەمەوە دێت و وەزانە**
**یا بۆیی هەناسەی دەمی غونچەی لەرەزانە**
**بایێ لــــە| تەڕەف قیبلە|مەوە دێت و| وەزانە**
**یا بۆیی| هەناسەی دە|می غونچەی لە| رەزانە**
**مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | مەفاعیل**
**ـ ـ ه | ه ـ ـ ه| ه ـ ـ ه| ه ـ ـ**

**)ـ هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ**

**ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا، هەتاکەی حیرسی وێرانە!**
**لــــەگەڵ ئەم عــــەشقبازانە بڕۆ بــــازانە، ئازانە!**
**ئەلا ئەی نەف| سی بووم ئاسا،| هەتاکەی حیر| سی وێرانە!**
**لــــەگەڵ ئەم عــــەش| قبازانە | بڕۆ بــــازا| نە، ئازانە!**
**مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون**
**ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ**

**)ـ هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ**

**سوروشکی من کــــە لێڵاوە، غوباری کۆهـ و هاموونە**
**وەرە سەرچاوەکەم بنواڕە، وەک ئاوێنە چەند ڕوونە**
**سوروشکی من| کە لێڵاوە،| غوباری کۆ| هـ و هاموونە**
**وەرە سەرچا| وەکەم بنوا| ڕە، وەک ئاوێ| نە چەند ڕوونە**
**مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون**
**ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ**

**)ـ رمل مثمن مخبون محذوف (رەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی قرتاو**

**دڵ سیاسەنگ نەبێ، مائیلی خــــاکی وەتەنە**
**خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە**
**دڵ سیاسەن|گ نەبێ، ما|ئیلی خــاکی| وەتەنە**
**خاڵی لەعلی| حەبەشە، سا|کینی بوردی| یەمەنە**
**فاعیلاتون| فەعەلاتون| فەعەلاتون | فەعیلون**
**ـ ه ـ ـ | ه ه ـ ـ | ه ه ـ ـ | ه ه ـ**

ـ) هزج مثمن اخرب (هەزەجی هەشتانەی خراو

لـــەو وەختەوە بیستوومـــە دیتن بە قـــەدەر چاوە
هەر مووم لەبەدەن یەکسەر، وەک عەینی فەنەر چاوە
لـــەو وەختە| وە بیستوومـــە| دیتن بە| قـــەدەر چاوە
هەر مووم لە| بەدەن یەکسەر،| وەک عەینی| فەنەر چاوە
مەفعوولو| مەفاعیلون| مەفعوولو| مەفاعیلون

ـ ـ ە | ە ـ ـ ـ | ـ ـ ە | ـ ـ ـ ە | ە ـ ـ ـ

ـ) هزج مثمن اخرب مکفوف مقصور (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی کورتکراو

ئـــەو سیلسیلە وا میشکی خەتا نێوی براوە
پڕ پێچ و شکەن، خەم بەخەم و حەڵقەکراوە
ئـــەو سیلسی| لە وا میشکی| خەتا نێوی| براوە
پڕ پێچ و| شکەن، خەم بە| خەم و حەڵقە| کراوە
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | مەفاعیل

ـ ـ ە | ە ـ ـ ە| ە ـ ـ ە| ە ـ ـ

ـ) هزج مثمن اخرب مکفوف مقصور (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی کورتکراو

زوڵفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە
ئـەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز و بە داوە
زوڵفت بە| قەدتدا کە| پەرێشان و| بڵاوە
ئـەمڕۆ لە| منی شیف| تە ئاڵۆز و| بە داوە
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | مەفاعیل

ـ ـ ە | ە ـ ـ ە| ە ـ ـ ە| ە ـ ـ

ـ) رمل مثمن محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی قرتاو

تا لە من ئەو زوڵفە ڕێی بۆسە و کەناری گرتووە
ناو دەمم بێ شوبهە تامی زەهری ماری گرتووە
تا لە من ئەو| زوڵفە ڕێی بۆ| سە و کەناری| گرتووە
ناو دەمم بێ| شوبهە تامی| زەهری ماری| گرتووە
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

ـ) رمل مثمن محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی قرتاو

گوڵبنی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە
غونچە بەم شیرینییە قەت نەیشەکەر نەیکردووە
گوڵبنی قەد| دت لە قوببەی| سینە غونچەی| کردووە
غونچە بەم شی| رینییە قەت| نەیشەکەر نەی| کردووە
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

-) مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف (موزاريعی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

گــەرمی و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە
پشکۆی گوڵاتەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە
گــەرمی و تە| ڕیی بەهارە| کە پشکۆ کو| ژایەوە
پشکۆی گو| ڵاتەشین بە| نەسیم بوو گە| شایەوە
مەفعوولو| فاعیلاتو| مەفاعیلو| فاعیلون

ـ ـ ە | ـ ە ـ ە | ە ـ ـ ە | ە ـ ـ ە | ـ ە ـ

-) هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ

سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خضرە، نیوە هەودایە
چ هەودایە؟ کە هەر حەڵقەی دوسەد زنجیری سەودایە
سەری زوڵفت| کە ڕشتەی عوم| ری خضرە، نی| وە هەودایە
چ هەودایە؟| کە هەر حەڵقەی| دوسەد زنجی| ری سەودایە
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون

ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ

-) هزج مثمن اخرب (هەزەجی هەشتانەی خراو

بیستم لە هەموو لایە مەیلی شەڕ و دەعوایە
ســـەودا لە سەرمدایە، باکم چ لە غەوغایە
بیستم لە| هەموو لایە| مەیلی شە| ڕ و دەعوایە
ســـەودا لە| سەرمدایە،| باکم چ| لە غەوغایە
مەفعوولو| مەفاعیلون| مەفعوولو| مەفاعیلون

ـ ـ ە | ە ـ ـ ـ | ـ ـ ە | ە ـ ـ ـ

-) هزج مثمن اخرب مکفوف مقصور (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی کورتکراو

سەرمایەیی سەودا کە دەڵێن زولفی دو تایە
هـــەر پێچشی تایێکی سەد ئاشووبی تیایە
سەرمایە| یی سەودا کە| دەڵێن زولفی| دو تایە
هـــەر پێچ| شی تایێکی| سەد ئاشووبی| تیایە
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | مەفاعیل

ـ ـ ە | ە ـ ـ ە| ە ـ ـ ە| ە ـ ـ

-) هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ

موشەخخەس لەشکری خەتت لە سەر تەسخیری باڵایە
کە توڕڕەی (میری میران) ت نیشانەی سەبتی توغرایە
موشەخخەس لەش|کری خەتت | لە سەر تەسخی| ری باڵایە
کە توڕڕەی (می| ری میران) ت| نیشانەی سەب| تی توغرایە
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون

ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ | ە ـ ـ ـ

(ـ رمل مثمن مخبون محذوف (رەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی قرتاو

ئەڵڵا ئەڵڵا کـــە چ عەقڵ و چ کەماڵێکی هەیە
لەگەڵ ئەو عەقڵ و کەماڵە چ جەماڵێکی هەیە
ئەڵڵا ئەڵڵا | کـــە چ عەقڵ و| چ کەماڵێ| کی هەیە
لەگەڵ ئەو عەق| ڵ و کەماڵە| چ جەماڵێ| کی هەیە
فەعەلاتون | فەعەلاتون| فەعەلاتون | فەعەیلون
ـ ە ە | ـ ـ ە ە | ـ ـ ە ە | ـ ـ ە ە

(ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانە قرتاو

عاشقی بێ دڵ دەناڵی، مەیلی گریانی هەیە
بێ شکە هـــەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە
عاشقی بێ| دڵ دەناڵی،| مەیلی گریا| نی هەیە
بێ شکە هـەو| رە تریشقە| تاوی بارا| نی هەیە
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون
ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ

(ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانە قرتاو

بـــەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنە و بازاڕی یە
چونکە ناگاتە گونی دێوانەکەی، لێی عاری یە
بـــەرگی دنیا| هێندە کورت و| کۆنە و با| زاڕی یە
چونکە ناگا| تە گونی دێ| وانەکەی، لێی| عاری یە
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون
ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ

(ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانەی قرتاو

با ڕەفیقانم بکەن شینم کـــــــە وەقتی زاری یە
قەت مەکەن تەقسیر لەگریان، شیوەنم یەکجاری یە
با ڕەفیقا| نم بکەن شی| نم کـــــە وەقتی| زاری یە
قەت مەکەن تەق| سیر لەگریان،| شیوەنم یەک| جاری یە
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون
ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ | ـ ـ ە ـ

(ـ رمل مثمن مخبون محذوف (رەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی قرتاو

بیدی مەجنوونە وجوودم لە هەموو بەر بەری یە
نـــە کەسێ مونتەفیعی یەک بەری یا سێبەری یە
بیدی مەجنوو| نە وجوودم| لە هەموو بەر| بەری یە
نە کەسێ مون| تەفیعی یەک| بەری یا سێ| بەری یە
فەعەلاتون | فەعەلاتون| فەعەلاتون | فەعیلون
ـ ە ە | ـ ـ ە ە | ـ ـ ە ە | ـ ـ ە ە

**ـ) رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانەی قرتاو**

لەو کەسە دینی ئەتۆ نووری دڵ و ئیمانی یە
ڕوو بە زوڵفت دامەپۆشە، یەعنی کافرسانی یە
لەو کەسە دی| نی ئەتۆ نوو| ری دڵ و ئی| مانی یە
ڕوو بە زوڵفت| دامەپۆشە،| یەعنی کافر| سانی یە
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون

ـ ٥ ـ ـ | ـ ٥ ـ ـ | ـ ٥ ـ ـ | ـ ٥ ـ

**ـ) رمل مثمن مخبون محذوف (رەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی قرتاو**

ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەر و پەیوەندی نییە
نەیشەکەر قەددە، بەڵا بەندی هەیە، قەندی نییە
ئاخ لەگەڵ ئێ| مە (حەبیبە) | سەر و پەیوەن| دی نییە
نەیشەکەر قەد| دە، بەڵا بەن| دی هەیە، قەن| دی نییە
فاعیلاتون| فەعەلاتون| فەعەلاتون | فەعیلون

ـ ٥ ـ ـ | ٥ ٥ ـ ـ | ٥ ٥ ـ ـ | ٥ ٥ ـ

**ـ) هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ**

حەریقی ضیقی زیندانم، نەسیمی سوبحدەم با بێ
ئەگەر ڕۆحی منت باقیی دەوێ، ساقی! مەیی نابێ
حەریقی ضی| قی زیندانم،| نەسیمی سوب| حدەم با بێ
ئەگەر ڕۆحی| منت باقیی| دەوێ، ساقی!| مەیی نابێ
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون

٥ ـ ـ ـ | ٥ ـ ـ ـ | ٥ ـ ـ ـ | ٥ ـ ـ ـ

**ـ) هزج مثمن اخرب مکفوف مقصور (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی کورتکراو**

مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ!
مەستوورە| کە حەسنا و| ئەدیبە بە| حیسابێ
هاتە خە| وم ئەمشەو بە| چ نازێک و| عیتابێ!
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | مەفاعیل

ـ ـ ٥ | ٥ ـ ـ ٥ | ٥ ـ ـ ٥ | ٥ ـ ـ

**ـ) هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ**

خـــوشا ڕەندێ لـــە دنیا، بێ موبالات و موجەڕڕەد بێ
بە ڕۆژ زیندەی جەماعەت بێ، بەشەو مات و موجەڕڕەدبێ
خـــوشا ڕەندێ| لـــە دنیا، بێ| موبالات و| موجەڕڕەد بێ
بە ڕۆژ زیندەی| جەماعەت بێ،| بەشەو مات و| موجەڕڕەدبێ
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون

٥ ـ ـ ـ | ٥ ـ ـ ـ | ٥ ـ ـ ـ | ٥ ـ ـ ـ

ـ هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ)

لە چاوی (ڕوودبار) م (نووری) دیتن وەقتە تاریی بێ

ئەمیش با ماجەرای هیجرانی (نووری ڕوودباری) بێ

لە چاوی (ڕووا دبار) م (نووا ری) دیتن وەق| تە تاریی بێ

ئەمیش با ما| جەرای هیجرا| نی (نووری ڕووا دباری) بێ

مەفاعییلون| مەفاعییلون | مەفاعییلون| مەفاعییلون

ە – – – | ە – – – | ە – – – | ە – – –

ـ هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو)

ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بورووجی!

وەی قوللەیی دووریی کە دەڵێی قامەتی عووجی!

ئەی قەلعە| یی ماهم کە| دەڵێی ئەوجی| بورووجی!

وەی قوللە| یی دووریی کە| دەڵێی قامە| تی عووجی!

مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | فەعوولون

– – ە | ە – – ە| ە – – ە| ە – –

ـ هزج مثمن اخرب (هەزەجی هەشتانەی خراو)

گەر بازی نەزەربازی، لەم دەست و نیگارەت چی!

بۆ یاریی و دەسبازیی، لـــەم ڕاو و دیارەت چی!

گەر بازی| نەزەربازی،| لەم دەست و| نیگارەت چی!

بۆ یاری| ی و دەسبازیی،| لـەم ڕاو و| دیارەت چی!

مەفعوولو| مەفاعییلون| مەفعوولو| مەفاعییلون

– – ە | ە – – – | – – ە | ە – – –

ـ هزج مثمن اخرب مکفوف مقصور (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی کورتکراو)

ئەی خەستەیی چاوت هەمو ئاهوویی تەتاری!

وەی بەستەیی زوڵفت هەمو شیرانی شـــکاری!

ئەی خەستە| یی چاوت هە| مو ئاهوویی| تەتاری!

وەی بەستە| یی زوڵفت هە| مو شێرانی| شـکاری!

مەفعوولو| مەفاعییلو| مەفاعییلو | مەفاعیل

– – ە | ە – – ە| ە – – ە| ە – –

ـ رمل مثمن مخبون محذوف (ڕەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی قرتاو)

بێ جوێ بوونەوەیی، زەخم و برین و ئەسەرێ

تیری موژگانی درێژت لـــە جگەر تێ دەپەڕێ

بێ جوێ بووا نەوەیی، زەخ| م و برین وا ئەسەرێ

تیری موژگا| نی درێژت| لـــە جگەر تێ| دەپەڕێ

فاعیلاتون| فەعەلاتون| فەعەلاتون | فەعیلون

– ە – – | ە ە – – | ە ە – – | ە ە –

ـ) هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

ساقی! وەرە، مەیخانەیی دڵ کۆنە ڕەحیقی
گەر مایلی تەوفی حەرەم و بەیتی عەتیقی
ساقی! وە| رە، مەیخانە| یی دڵ کۆنە| ڕەحیقی
گەر مای|لی تەوفی حە| رەم و بەیتی| عەتیقی
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | فەعوولون

ـ ـ ە| ە ـ ـ ە| ە ـ ـ ە | ە ـ ـ

ـ) رمل مثمن مشكول (رەمەلی هەشتانەی قەشانکراو

(برق البصر) لە بەر بەرق تەلەئلوئی لەئالی
(خسف القمر) لە ئیشراق قیامەتی جەمالی
(بەریقەلبە| صەر) لە بەر بەر| ق تەلەئلو| ئی لەئالی
(خەسیفەلقە| مەر) لە ئیشرا| ق قیامە| تی جەمالی
فەعەلاتو | فاعیلاتون| فەعەلاتو | فاعیلاتون

ـ ـ ـ ە | ـ ە ـ ە | ە ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ە

ـ) مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف (موزاریعی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

بنواڕە نەوبـــەهار و فوتووحاتی گوڵشەنی
گوڵ زاری کردەوە، لە دەمی، غونچە پێکەنی
بنواڕە | نەوبەهار و| فوتووحاتی| گوڵشەنی
گوڵ زاری| کردەوە، لە| دەمی، غونچە| پێکەنی
مەفعوولو| فاعیلاتو| مەفاعیلو| فاعیلون

ـ ە | ـ ە ـ ـ ە | ە ـ ە | ـ ە | ـ ـ

ـ) رمل مثمن مخبون محذوف (رەمەلی هەشتانەی حەشاردراوی قرتاو

قـــــەدری من چەندە لە لای دەوڵەتی دنیایی دەنی
قەدری ئەو کەمتر و هەردوو لە غەمی یەکدی غەنی
قـــــەدری من چەن| دە لە لای دەو| ڵەتی دنیا| یی دەنی
قەدری ئەو کەم| تر و هەردوو| لە غەمی یەک| دی غەنی
فاعیلاتون| فەعەلاتون| فەعەلاتون | فاعیلون

ـ ە | ـ ـ ە ە | ـ ـ ە ە | ـ ـ ە ـ

ـ) هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ

موساوی وەک یەک و لوولن لە هەر دوو لاوە زولفەینی
نموونەی عەکسی حەرفی میم و نوون و واوە زولفەینی
موساوی وەک | یەک و لوولن| لە هەر دوو لا| وە زولفەینی
نموونەی عەک| سی حەرفی می| م و نوون و وا| وە زولفەینی
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون

ـ ـ ـ ە | ـ ـ ـ ە | ـ ـ ـ ە | ـ ـ ـ ە

)ـ هزج مثمن سالم (هەزەجی هەشتانەی ساغ

نەفەس بگرە لــە هاتوچوویی خۆڕایی هەتا ماوی
کە ئەم بایە هەتا ئێستاکە هەر عومری بە با داوی
نەفەس بگرە| لــە هاتوچوو| یی خۆڕایی| هەتا ماوی
کە ئەم بایە| هەتا ئێستا| کە هەر عومری| بە با داوی
مەفاعیلون| مەفاعیلون | مەفاعیلون| مەفاعیلون
ـ ـ ـ ە | ـ ـ ـ ە | ـ ـ ـ ە | ـ ـ ـ ە

)ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانەی قرتاو

گوڵ کە یاغی و دەم دڕاو بوو، کەوتە لاف و ڕەنگ و بۆی
باغەبان گوێی گرت و، وا هێنای بە دەستی بەستە بۆی
گوڵ کە یاغی و| دەم دڕاو بوو،| کەوتە لاف و| ڕەنگ و بۆی
باغەبان گوێی| گرت و، وا هێ| نای بە دەستی| بەستە بۆی
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون
ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

)ـ مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف (موزاریعی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی قرتاو

تەشریفی نەوبــەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی غونچەیە بۆیێ دەپشکوێ
تەشریفی| نەوبــــەهارە| کە عالەم دە| کا نوێ
دڵ چونکە| میسلی غونچە| یە بۆیێ دە| پشکوێ
مەفعوولو| فاعیلاتو| مەفاعیلو| فاعیلون
ـ ـ ە | ـ ە ـ ە | ە ـ ـ ە | ـ ە ـ

)ـ رمل مثمن محذوف (رەمەلی هەشتانەی قرتاو

یار دڵی خوێنین و چاوی پڕ لە گریانی دەوێ
ئارێ ئارێ گوڵ لە باغان ئاوی بارانی دەوێ
یار دڵی خوێ| نین و چاوی| پڕ لە گریا| نی دەوێ
ئارێ ئارێ| گوڵ لە باغان| ئاوی بارا| نی دەوێ
فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلاتون| فاعیلون
ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ ـ | ـ ە ـ

)ـ هزج مثمن اخرب مکفوف مقصور (هەزەجی هەشتانەی خراوی کوێرکراوی کورتکراو

خــــاڵی نییە ڕەشماری دو زوڵفت لە بەڵایێ
حەڵقەی شەڕییان بەستووە هەر یێکە لە لایێ
خــــاڵی نی| یە ڕەشماری| دو زوڵفت لە| بەڵایێ
حەڵقەی شە| ڕییان بەستو| وە هەر یێکە| لە لایێ
مەفعوولو| مەفاعیلو| مەفاعیلو | مەفاعیل
ـ ـ ە | ە ـ ـ ە| ە ـ ـ ە| ە ـ ـ

ـ هزج مسدس مقصور (هەزەجی شەشانەی کورتکراو)

وەرە ساقی! بە شین و نەدب و واوەی
ئەوا فەرشی حەیاتی خۆم دەکەم تەی
وەرە ساقی!| بە شین و نەد| ب و واوەی
ئەوا فەرشی| حەیاتی خۆم| دەکەم تەی
مەفاعیلون| مەفاعیلون| مەفاعیل

ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ

ـ هزج مسدس مقصور (هەزەجی شەشانەی کورتکراو)

(بحمـــــــــدالله) دو چاوی یارم ئۆخەی
بە بێ مەی مەستە، بێ مەی مەستە بێ مەی
(بیحەمـــــــــدیلا)| دو چاوی یا| رم ئۆخەی
بە بێ مەی مەس|تە، بێ مەی مەس| تە بێ مەی
مەفاعیلون| مەفاعیلون| مەفاعیل

ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ ـ | ه ـ ـ

تەواو. س. چ. هێرش 2011.

# ڕێبازی فکری و شێوازی شێعریی خانی لە مەم و زین دا

هێرش

**ئەمـــا خانی هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ دەنا هێشتا لەکوردستان دەژین «زین ومەم»ێکی تر هێمن**

## بەشی یەک) جیهانبینی خانی

بە داخەوە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیێکی تێر وتەسەل لەسەر«مـــەم و زین» ئەو بەرهەمـــە گرینگەی خانی نەکراوە. هەر کەس بە گوێرەی پێوانەی خۆی، جیهانبینی و شێوەی داڕشتن وجـۆری دەربڕینی خـانی لە مـەم و زین دا لێکداوەتەوە کـە ئەگـەر بە وردی سـەرنج بدەین ئەوبیر و بۆچوونانە پڕ بە پێستی خۆیان نەبوون و نین. هەڵەی سەرەکیش لێرەڕا سەرچاوە دەگرێ کە بۆ یەکەم جار نووسەرانی هەندەری ئەرکی ئەو کارە بە نرخەیان وەئەستۆ گرت و ئێمەی بێ دەرەتانیش چاومـان لە زاری وان بووە و هەرچی ئەوان بۆیان نووسیوین بە دڵخۆشییەوە وەرمان گـرتووە. هەرچەند ئەو زانایانە بۆ ناسـاندن و ئەفەوتانی ئەدەب و کولتووری کوردی چ ئەدەبی زارەکی وفـۆلکلۆری وچ ئەدەبی نووسـراو، ئەو پەڕی دڵسۆزی و ئەمەگی ئینسانی خۆیان نیشان داوە و گـەلێک پێچ وپەنای نا لەبار و کەلێن و قـوژبنی نادیاری مـێژووی ئەدەبی کوردیان ڕوون کـردووەتەوە ، بەڵام ئەوان بە گوێرەی کەرەسـەی لێکۆڵینەوە و ڕادەی تێگەیشتن و چۆنیـــەتی پرۆسـەی گەشە سـەندنی ئەدەبیی خـۆیان و ئەو ڕێبـاز وشـێـوازانەی کـە لە ژێر کـارتێکەری ڕاستەوخۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری خـۆیاندا خـولقـاون، پرۆسـەی سـەرهەڵدان وگەشەسەندنی ئەدەبی کـوردیان لێکداوەتەوە. دیارە لێرەدا دەبێ زۆر مەمنوون وملکەچ یان بین کە ئەگەر ئەوان نەبووبان، زەحمەت بوو ئێمەی کورد خـۆمـان ڕانابا و لە ئەدەبی نووسـراوی ئەو دوو سێ سەدەیەی پێش خۆمان، بە شانازییەوە دوابابین.

ئەوەیکە تا ئێسـتـاش ڕەوتی سـەرهەڵدانی مێژووی ئەدەبی کوردی پڕە لە تاریکی و بۆشایی شـتێکی ئاشکرایە و جارێ عـەسـتـەمـیشـە لەو پێکداداان و سەرلێ شێواوییەی تووشی هاتووین بـتـوانین بەرەی خـۆمـان لە ئاوێ بینەوەدەر.. هەرچەند هۆی ئەوەش بەشی زۆری ســووچی هەڵکەوتوویی وڵاتەکـەمـان بووە لە نێـو چەند هێزی خاوەن دەسەڵاتی دڕواسێ و بەشێکیشی هۆی خۆش باوەڕی ولەشبلی و کەمتەرخەمی خـۆمـان بووە کـە یان لە مـزگەوت ودیوەخـان و بەربەڕۆچکە بێ خـەیاڵ پاڵـمـان داوەتەوە و بە گـولێک ئاو وەمـەلە کـەوتین؛ یان بە شـەڕی خۆقڕکەری خۆخۆیی، دوژمنی لاسار ولاپەرەسەنی خۆمان کە لە تەڕی فرمێسکی ئێمەی خواردووە و لە ویشکی مـێشکی ئێمـە ڕای بواردووە، وەسەما خستووە؛ خۆشمان ئاوی بێنە ودەستان بشۆ...

لەو هەل ومـەرجـە ئاڵۆزەدا ولەم بار و دۆخـە ناله بارە دایە کـە زۆر جـار لە خـۆم دەپرسم و دەڵێم خـوایە ئەگـەر ئێـمـە ئەو«خانی»یە خـواپێداوەمـان نەبایە خۆمـان بە چی ڕانابایە، نووسەر و ئەهلی قەڵەم لە کام ئەدەبی نووسراو وبەرهەمی کـلاسیک دوابایە، ئەگـەر ڕووداوی تراژیدی عـیشـقـیی ئەو دوو دڵدارە ناکـامـەی خـانی نەبوایە، چۆن چۆنی دەمـانتـوانی بە خولقاندنی چەند کارەساتی دەستکردی پڕ لە حیماسەی دوژمن پەسند!! لە جیهانی ئەدەبدا ناومان هاتبایە.

ئەوەی بە گـوێرەی توانا لێـرەدا ولەو باسـەدا دەخـــرێتـــە ڕوو، ئەوەیە بزانین خـــانی چ جیـهـانبینیێکی هەبووە، لە جۆری خولقاندن وداهێنانی ئەو بەرهەمـــەیدا، چ بیـــر و بۆچوونێکی فەلسەفی و عیرفانی دەکار هێناوە، هەروەها لە بەیان ودەربڕیندا چ ڕێبـــاز وشێوازێکی ڕەچاوکردووە.

بەڵام بەر لەوەی بچـینە سـەر باسی ئەسـڵی پێویستـە ئەو پرسـیارە ئاراستـە بکرێ کە ئایا خانی سۆفی بووە؟ ئەگەر سۆفی بووە سەر بەکام تەریقەت وخانەقا بووە؟

ئەوەی کـە هێندێک لە زانایان و نووسـەرانی خۆماڵی و هەندەری لێرە و لەوێ بە گشتی خانی وەک ســۆفی دەناسـێن، وابزانم تووشی هەڵە هاتوون و ئەوەش هەر وەک دەپێـشـدا گـوتم لە زانیاریی و نووسراوەی ئەو نووسەرە هەندەرەییانە سەرچاوەی گرتووە کە بە هەمـوو عـالم وعـارف وخواناسە ئیسلامییەکانیان گوتووە سۆفی و ڕێبـازەکـەیان ناوناوە(سـۆفـیـزم)سـۆفـیـگەری، ئەهاتوون لە جۆراوجۆری وجیاوازی تەریقەتەکان وردبینەوە. لە حـاڵێکدا بە لە بەرچاوگـرتنی کـاکـڵی مـەعنایی هێندێک وشـەگـەلی وەک:(حـەقـیـقـەت و شـەریعـەت و تەریقـەت)،(خـانەقـا، سـۆفی)، (تەکـیـە، دەروێش)، کـە لانیکەم لە کـوردەواریدا مـانای جـێکەوتوویان هەیە، ناکـرێ هەروا لە خـۆڕا دەکاریان بێنین. بەکارهێنانی وشەی سـۆفی بۆ خانی جارێ لە پێشدا چووک کردنەوەی پلە و پایەی ئەوفەیلەسوف و عارفە خواناسەیە. ئەوەی کە تەریقەتە باوەکانی کوردستان، چ ئەخشبەندی و چ قادری، هێندێک ڕەگە وماکەی زۆر بەرزی مەعنەوی وئینسانییان تێدایە، هیچ شک نییە و دەگەڵ ئەو قـسـەیەش دژایەتی نابێ کـە ئەگـەر خـانی ڕاسـتـەوخـۆ لایەنگریشـیـان نەبووبێ، بەربەرەکـانی نەکـردوون؛ بەڵام بەکـارهێنانی لەفزی سۆفی بۆ خانی بێ خانەقا و پیر، ئەویش بێ بەڵگە و پشـتـیـوانە، کـارێکی نەشـیـاو و نەسەلماوە. خانی لە هیچ شوێنی مەم وزین دا بە تایبەت لەو جێیەی کە پەسنی خودا وپێغەمبەر دەکـا، شـتـێکی ئەوتۆی باس نەکـردووە، لە حاڵێکدا ئەگەر وابا وەک زۆربەی ئەو شاعیر و مـەسنەوی نووسـانەی کـە بە شـانازییەوە باسی تەریقەت و پیر و شێخەکانی خۆیانیان کردووە، ئەویش باسی دەکـــرد و ئەیدەشـــاردەوە، یان هەروەک خۆی دەفەرموێ:

ئەلقیـصـصـە ژ حـیکمـەتا تە ئاگـاه
فـــەردەک مـــە نەدی تەبارەکـــەڵلاه
عـیـرفـان طەلەبێ د صـاحیب ئیدراک
دەرحـەقـقێ تەگـۆتی:(مـاعـرفناک)
تەنانەت ئەدەهات بە زمانی تانە و کینایە

(زاهید و صۆفی و فەقیە) بە وشەگەلی(جاهیل و نوەمی و سەفیل)هاوبەر بکا و بڵێ:

کەس نینە ژ عیشقێ بێ ئەثەر بت
مومکین کو ژ ذەوقێ بێ خەبەر بت
هەرکەس ب قیاسێ هیممەتا خوە
دێ صەرف بکەت ئیرادەتا خوە
لێ ئەکثەری عامی یان نەزانن
ئەفسا خوە ژ بۆ خوەرا نزانن
نابالغ و ئەبلەە و سەفیهن
یا زاهید و صۆفی یو فەقیهن

دیارە مەبەستی خانی لە(صۆفی) بێجگە لە مانای گشتی و قامووسییەکەی، بنەماڵەی سەفەوی بووە کە لەسەرەتادا بە مەیزەر وخەرقەی سۆفییایەتی هاتنە مەیدانەوە و پاشان پشتیان تێکرد و خەنجەر و پاشایەتییان هەڵبژارد.

بۆیە دەکرێ بڵێین خانی لە عیرفان وخواناسییدا ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی هەبووە و بە پێچەوانەی تەریقەتەکانی سۆفیگەری کە سۆفی و دەروێش و مورید، بە هۆی ڕێنوێنی و ئیرشادی پیر و قوتب و شێخەکانیان لە حەق و حەقیقەت نزیک دەبنەوە، ئەو تەنیا(موصطەفا) بە ڕێبەری خۆی دەزانێ و لە ڕێی ئەوا دەیەوێ بە حەق و حەقیقەت بگا:

یارەب تو بە حەقی موصطەفا کی
(خانی)ب خوەڕا تو ئاشنا کی

خانی وەک زانایێکی پایەبەرزی زەمانی خۆی لە هەموو زانستەکانی فەلسەفی و عیرفانی و ئیسلامی تەنانەت هێندێک بیر و بۆچوونی ئایینی زەردەشتی و حیکمەتی یۆنانی( بە تایبەت ئەو بەشەی کە دەگەڵ فەلسەفەی ئیشراقی سۆرەوەردی و هێندێک ڕەگەی وەحدەتولوجود لە عیرفانی ئیسلامیدا یەک دەگرنەوە) کەڵکی وەرگرتووە و هەرکام لەوانە بە جۆرێک لە مەم و زین دا ڕەنگیان داوەتەوە.
بەگوێرەی ئەو ڕیزەڵە وتانەی سەرەوە، دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە خانی لە ئاوێتەکردنی ئەوانەدا جیهانبینییێکی تایبەت بە خۆی بنیات ناوە.

سەر نامەیێ نامە نا مە: ئەڵلاە
بێ نامی وی ناتەمامە وەڵلاە
ئەی مەطلەعێ حوسنێ عیشق بازی
مەحبوبێ حەقیقی و مەجازی...

لە ناوەندی جیهانبینی خانیدا، عیشق(خودا) هەموو شتێکە و دەوری سەرەکی دەبینێ. عەرز وعاسمان بۆنی ئەوی لێدێ و هەموو بوونەوەری ناسووتی نیشانەی زاتی ئەون و هیچ شتێک بەبێ فەرمانی ئەو نەبووە ونابێ، ئینسان وەک سەروەری هەر دوو جیهان جیلوەیێکە لە نووری عالەمی لاهووت.. هەر کەس بە گوێرەی ئیرادە و هەوڵ وکۆششی خۆی یان بە هۆی سرشتی پاک و ڕەوشتی چاک دەتوانێ ئەم جیهان، بەو جیهانەی کەتێیدا دەژی بکڕێ ولە بەحەشتی پڕ لە حوری وغیلماندا پاڵداتەوە.

هەروەک دەزانین لە تەواوی دیباچەکەیدا بە وردەکارییێکی وەها شاعیرانە پەسنی خودا دەکا کە هیچ خوداناسێک نەیتوانیوە بەمجۆرە وەسفی بکا، بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەوانەشدا کە دێتە سەر ژیانی واقیع، بیر وباوەڕی خوداناسی وخۆناسی و خەڵک ناسی (کوردایەتی) بە جۆرێک ئاوێتە دەکا کە کەم زانای دەهری وەک وی دەتوانێ ناکۆکی و ناتەبابییەکانی کۆمەڵایەتی بخاتەڕوو.. لە بیر وتێڕوانینی خانی(ئەوەی لەمەم وزین ڕەنگی داوەتەوە)دا، دیاردە کۆمەڵایەتی وئینسانییەکان شێوەیێکی وەها دیالکتیک و زیندوو بەخۆوە دەگرن کە تەنانەت جارجار خاڵی شک وگومانیش دەکەوێتە سەر لایەنی خوداناسییەکەی. هەر وەک ئەمر هێمن موکریانی لە پێشەکی «تحفەمظفریە» دا بە دروستی گوتوویە کە: «.. لە سەرانسەری بەیتی مەم و زین دا لە نێوان خودای خێر وشەڕدا ملانەیە، ملانەیەکی توند و بەربەرەکانییێکی سەخت و لەئاشتی نەهاتوو»، هەرواش لە تەواوی مەم وزینی خانیدا، ئەو ململانێ و ناکۆکییە دەبیندرێ بەتایبەت کە ماکە هاوبەر(دژ بەیەک)ەکان وەک: خێر و شەڕ، ڕووناکی وتاریکی، چاکی و خراپی، جوانی ودزێوی، باشی وجاشی، پاکی و پیسی، ڕەوشتی و پەلەشتی.. بە مانای ئەوڕۆیی باس دەکرێن، کەوا هیچکام لەو دووماکە هاوبەرانە، نە بێ یەک هەڵدەکەن و نە بەیەک هەڵدەکەن واتە بە یەکەوە بوونیان هەم مایەی دژێتییە و هەم مایەی یەکێتی:

ئەفلاک وعەناصیر و مەوالید
ئەخلاط و طەبایع و مەقالید
ڤێکرا د بەدیعول ئیشتیراکن
تێکدا د سەریعول ئینفیکاکن
سەر ڕشتەیێ گەوهەرا بەقانە
سەرمایەیێ عیللەتا فەنانە

هندەک د ثەقیل و هن خەفیفن
هندەک د خەفی یو هن لەطیفن
هەم کار و ژ بۆمەرا مەزیجن
هەر چار ژبۆمە ئاخشیجن
ئاگر ڤەکوژێ هەوا هەوایە
ئاڤ ئەر چکی یا هەبا هەبایە

بەگوێرەی ئەو جیهانبینییە خانی، مەم (و زین)وەک نموونێکی پاک (گەوهەری بەقا) بۆ عیشقی دنیایی(ناسووتی) کە خۆی جیلوەیێکە لە عالەمی عیشق(لاهووتی) لە لایێک و بەکر عەوانی وەک نموونێکی پیس بۆ فیتنەی دنیایی(شەڕ / شەیتان) دەست نیشان دەکا کە هەردووکی ئەوانە وەک دوو جەمسەری ئەو ناکۆکی(دژێتی ویەکێتی)یە هەم کێشەری یەکترین و هەم ڕادەری یەکتر، واتە تا ماکەی خێر و پاکی و باشی نەبێ ماکەی شەڕ و پیسی وجاشی مانای نابێ.

سەرەڕای ئەوە، هەموو کەسەکانی(مەم وزین)لە ڕوانگەی خانییەوە، وەک نموونێکی کۆمەڵایەتی(کوردایەتی)ش کە هەرکام چارەنووسێکی دیاریکراویان هەیە خۆ دەنوێنن و، دروست ئا لێرەدایە، وەختایێک خانی بۆ ئەو ناتەبایی وناکۆکییانەی سەردەمی خۆی کە وەڕووی خستوون و بەڵام ناتوانێ چارەیێکیان بۆ بدۆزێتەوە، جیهانێکی ئیدەئالیستی وخەیالاوی ــ وێڕای هێندێک بیر و بۆچوونی عیرفانی تازە و شاز ــ دەخولقێنێ کە لەم جیهانەیدا گورگ و مەڕ پێکەوە ئاوێ دەخۆنەوە.

ڕاستە خانی وەک زۆربەی عارفانی خوداناس باوەڕێکی تەواوی بە چارەنووس هەیە ولەو ڕوانگەویە دەکرێ بڵێین لایەنگری قەزا وقەدەر(چارەنووسخوازی/ فاتالیسم)بووە، بەڵام چارەنووسخوازییێکەی بە پێچەوانەی عالمانی شەریعەتپەنای لایەنگری زوڵم وزۆر کە لە پەنای دین و مەزهەبدا وەک گورگ کەوتبوونە گیانی خەڵکی بێ تاوان، لایەنی دەمارگیری و ویشکەڕۆیی نەبووە وتەواوێک ناوەرۆکی ئینسانی و عیرفانی هەبووە و تەنانەت غەمی شەیتانی بێچارەشی خواردووە کە بە ناحەق لە بارەگای خودادا دەرکراوە :

ئیبلیسێ فەقیرێ بێ جینایەت
هیندی تە هەبوو د گەل عینایەت
هەر ڕۆژێ دکر هەزار طاعات
لەوڕا کو تە دا وی ئیستیطاعات

وی سەجدە نەکر لغەیری مەعبود
گێرا تە ژ بەردەرێ خوە مەردود
یەک سەجدە نەکر لپشتێ ئەغیار
قەهرا تە کرە موخەللەدوننار

خانی کە لە کاروباری دنیایی دا، لەلایەن کەرەمی خودایی ـ سەبارەت بە ویست وخوازی کۆمەڵایەتی(کوردایەتی) خۆی ـ بە هیچ کوێ ناگا، پێشنیارێکی زۆر سەیر ئاراستەی(مەعبود)دەکا و دەڵێ کە تۆ مادام نێمەت لە جیهانی نوور و پاکی ڕا بۆ نێو جیهانی خاکی تورهەڵدا و ئاوا زەلیل ومالوێران و چارەڕەشت کردووین و هیچ شتێکیش بە دەست خۆمان نەبووە، لانیکەم لەو جیهاندا عەتا وکەرەمی خۆتمان پێ ڕەوا ببینە ومەمانسووتێنە:

لەورا کو خرابی یو، قەبولی
نینن بە فەضایل وفضولی
عابید ب ریایەکی هەلاکن
عاصی بە دوعایەکی د پاکن
عالەم کو وەکی خەیالێ ظیللە
صانیع ب خوە هادی یو، موظیللە
ئەو تینەتە مەنظەرا خەیالێ
ئەو تی ختە پەردەیا ضەلالێ
لێ دایە مە جوزئێ ئیختیاری
ئەفسا مە پەلید وحیلە کاری
ئەو ژی بری یە ژ دەست مە ناچار
ئەم مانە ولوطفێ حەق مەدەدکار

خانی بە گوێرەی ئەو بیرە عیرفانییەی بە تایبەت کە لە زمان پیرێکی میهرداری عاشق هەواڵی چوونی بەکر عەوانی بۆ بەحەشت دێنێتەوە و سەرەڕای ئەوە غەمی هەموو ئەو ئینسانانەش دەڕەوێنێتەوە کە بیری سووتانی دۆزەخ تاوێک لێیان نابێتەوە:

دوژمن کو ژ عیشقێ بەهرەوەر بن
بەس دۆست نە دێ د موعتەبەر بن؟!
ئەڤ ڕەنگە تەعەللوقا ڕەقیبان
پەس چەندە تەفەووقا حەبیبان؟

ئەوەشمان بۆ دەخاتە ڕوو کە بیری چارەنووسخوازییەکەی تەنیا پێوەندی بە ئینسان و دانەری جیهان، یان ئەو سزا و پاداشتانەوە هەیە کە لەو دنیا خودا بۆ مەخلووقی خۆی دیاری دەکا، نەک پێوەندی خودی ئینسانان لە جیهانی خاکیدا. خانی پێی وایە کە جەمسەر و پێکهێنەری هەر دوو هێزە دژ بە یەکەکان کە ئەویش لە لایەن خوداوە لە ئەزەل(قەدیم) ەوە دیاری کراوە، بۆ ئەزم ونیزامی جیهان و بۆ ڕەوتی بوون و لەناوچوون (گەوهەری بەقا و فەنا)دا پێویستن و دەبێ وابێ. بە کورتی خانی بە گوێرەی ئەو بیرە عیرفانییە، جیهانێکی دوور لە زوڵم وزۆریی وچەوسانەوەی گەرک بووە.. کە ئەوەی لە ژیانی دنیایی دا بۆ نایەتەدی، لە جیهانێکی دیکەدا ئارەزووی بۆ دەخوازێ...

هەر وەک لە پێشدا باس کرا، خانی سەرای ئەوەی کە لە شەریعەتی ئیسلامیدا مەلایێکی زۆر زانا وشارەزا بووە، لە عیرفان و خوداناسیشدا پلە و پایەیێکی بەرزی ئینسانی هەبووە. ئەو بەپێچەوانەی زاهیدانی ڕیایی و فەقیهانی لەخۆبایی، زانست وعیرفانی خۆی نەکردە مەبەستی گیرفانی و وەسیلەی دنیایی. بۆیە جگە لە تەعەسسوب و خۆخۆیی کوردایەتی(کە هۆی سەرەکی دانانی مەم و زینیش هەر ئەوە بووە) هیچ چەشنە ویشکەڕۆیی مەزهەبی و بیرەپەڕۆیی مەرامی و زۆرگۆیی عەقیدەیی نەبووە و تەنانەت لەوکاتەشدا کە بنەماڵەی سەفەوییەکان لە ئێران جەماعەتی سوننی مەزهەب قەتڵ وبڕدەکەن و عوسمانییەکان جەماعەتی شیعە؛ خانی بیر و زمان وقەڵەمی خۆی بە ژەهری تەعسسوبی مەزهەبی وخۆخۆیی فیرقەیی ئالوودە ناکا. ئەگەر لە یەک دوو شوێنیش باسی(عەلییە و صەعالیک) دەکا، مەبەستی تەعەسسوبی نەتەوەیی یە نەک مەزهەبی:

مەحکومێ عەلییە و صەعالیک
مەغلوب وموطیعێ تورک وتاجیک!

ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەم بنەماڵەی سەفەوییەکان وهەم عوسمانییەکان دوژمنی ڕاستەوخۆی میللەتی کورد بوون کە خانی بە نێوی (شەیاطین و مەلاعین)ناویان دەبا و پێغەمبەر دەکاتە تکاکار تا خودا لە ناویان بەرێ:

دێ شاد بن ل مە شەیاطین
مەسرور بن گەلەک مەلاعین
ئەڤ گورگێ لەعینێ بەد سەرئەنجام
ژێ کەر بکرن مە شبهێ ئەغنام
ئەلقیصصە بکی کو دێوێ سەرکەش
تەنها وتەنێ بچێە ئاتەش

ئەگەر لەو چەند دێڕانەی سەرەوە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خانی مەبەستی شەیتان وگورگ ودێوەکانی دنیایی بووە نەک ئەوشەیتانە

**• مەم(و زین)نوێنەری عیشقی پاک و هەروەها سەمبۆلی ویست وخوازی(کوردایەتی)خانی و بەکر و میر زەینەدین نوێنەری پیسی و ناپاکی و سەمبۆلی جاشی و دووبەرەکی...**

گۆڕینەی کە لە بارەگای خودا دا بۆی دەپارێتەوە. هەرچەند لە باری عیرفانییەوە، مەبەست لە دێو و شەیتان، ئەفسی پیس وپەلەشت و دەروونی دێو سفەتانەیە، بەڵام خانی بە هێنانی نیوەبەیتی(ژێ کەر بکرن مە شبهێ ئەغنام)، بە وردی مەبەستی هەر ئەوان بووە کە ئەو مەبەستەی بە وردەکارییێکی شاعیرانە(کینایە وئیهام) دەوێدا گونجاندووە.

خانی بۆچی ئەو ڕووداوە ئاساییەی چەند سەدساڵ پێش خۆی کە بە شێوەی بەیتی فۆلکلۆر لە نێو زۆربەی خەڵکی کوردی ناوچە جۆربەجۆرەکاندا باو بوو، بۆ بنەمای بەرهەمەکەی هەڵبژارد؟ بۆچی بۆ دەربڕینی ویست وخواستی ڕوحی وکۆمەڵایەتی خۆی، ئەوشاکارەی لە ژێر ئەو ناوەدا داهێنا؟ ئەدەکرا وەک زۆربەی نووسەرانی کوردی فارسی نووس و عەرەبی نووس، ئەو«بیدعەت»ەی بە جێ نەهێنابایە وهەر خەریکی خوداناسیی ومەلایەتی خۆی بایە؟ چ هۆیێک پاڵی پێوەنا کە بە تەمەعی دراو ودینار، عیلم بە پولێک و حیکمەت بە سەولێک نەفرۆشێ و وەک کیمیاگەرێک جەوهەری فێڵ و دەهۆ و دەغەڵکاری دەخۆیدا بپالێوێ و غەرەز ومەبەست و ئامانج نەکاتە وەسیلە و ماڵی دنیایە؟ ئایا خۆشەویستی چ کچە شۆخێکی کوردی دڵ ودین بەتالانبەر، دڵی ئەو مەلاعارف و خوداناسەی وەجۆش هێناوە تا مەم و زین بکاتە بەهانە بۆ دەربڕینی عیشقێکی پاک و ئەبەدی؟

ئەوانە پرسیارگەلێکن ڕەنگە هەرکەس بە پێی گەز و مقەستی خۆی بیبڕێ یان بە گوێرەی بیر و مەبەستی خۆی لێکی بداتەوە، بەڵام ئەوەی ڕوونە و خانی خۆشی لە زۆر جێگای شاکارەکەیدا باسی دەکا، ویستوویە کەسایەتییێکی شیاوی ئەدەبی و ئینسانی و ←

**• ئایا لە سەردەمێکی ئەوهایی دا کە تەواوی ئەمارەتە خاوەن دەسەڵاتەکانی کورد یەک لەدوای یەک . لەوانە ئەمارەتی بۆتان(جزیر) لە حاڵی لەناوچوون و توانەوە دان، خانی جگە لە چیرۆکێکی تراژێدی چی خولقاندبایە؟!**

نەتەوایەتی بۆکوردی ون و بێ ناو و نیشان بخاتەڕوو و گەلی کوردیش (وەک گەلانی خودا شت پێداو) بەگەلانی دراوسێ وجیهانی سەردەم بناسێنێ.

دەوددا کە مەم وزینی خانی وەک گرینگترین و بەپێزترین بەرهەمی ئەدەبیی کوردی و جیهانی چاولێدەکرێ شک نییە، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی شێوازی داهێنان و جۆری دەربڕینی ئەدەبی ئایا مەم و زین، دەخرێتە خانەی کام بەشی ئەدەبییەوە؟ ئایا داستانێکی سادەی دڵدارییە لەسەر بنەمای بەیتێکی فۆلکلۆری کۆنەساڵ، یان چیرۆکێیکی حیماسی(epic)یە لە سەر ئەساسی ئەفسانە و خەیاڵ؟ ئایا ڕۆمانس(romance) ێکی ڕۆمانتیکە یان چیرۆکێکی تراژێدی و عەنتیکە؟ ئایا ڕووداوێکی زەمانی ومەکانییە یان چیرۆکە شێعرێکی عیشقی ـ عیرفانی؟ ئایا پۆئێم(poem) ێکی خۆماڵی وداهێنەرانەیە یان کۆمەڵە هۆنراوەیێکی ئاڵی وچاولێکەرانە؟

هەر وەک خانی دە بەرهەمەکەی خۆیدا بۆمان ئاشکرا دەکا، ئەو داستانە لە کۆنەوە وەک بەرسەرهاتێکی ڕاستەقینە ڕووی داوە و شێوەی بەیتی فۆلکلۆری(ئەدەبی زارەکی) بە خۆیەوە گرتووە و پاشان بەرەبەرە لەلایەن بوێژان و بەتایبەت بەیتبێژە خۆماڵییەکان، بە گوێرەی زەوق و بیر و باوەی کۆمەڵایەتی سەردەم گۆڕانکاری تێدا کراوە. گومان لەوەدا نییە کە ئەو ڕووداوە، چ لە شێوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکە بێ و چ لە شێوەی سەرلە نوێ داڕشتنەوەکەی خانی بێ، بە ڕووداوێکی تراژێدیک لە قەڵەم دەدری و لە باری جۆری داڕشتنی ئەدەبییەوە دەچێتە نێو خانەی تراژێدی، بەڵام تراژێدی نەتەوەیی یان تراژێدی عیشقی؟ ئەگەر بێتوو قەڵەمی لێکدانەوە بۆ لای هەرکام لەو دوو

دیاردانە داشکێنینەوە، ئاخر سەر هەر تراژێدییەکە دەمێنێتەوە و جیا کرنەوەیان زەحمەتە. ئەو ناکۆکی و ناتەباییانەی کە لە نێوان کرمانج(کورد) و دوژمنانی ڕاستەوخۆی کورددا هەبوون لەلایێک و لەلایێکی دیش بێنەوبەرە و بەربەرەکانی نێوان خودی سەرۆک عەشیرەتەکان(ئەمیرەکان)، بوونە هۆی ئەوە کە خانی خوازی ڕوحی و ویستی کۆمەڵایەتی خۆی بخاتە نێو چوار چێوەی شێعرەوە. مەبەستی سەرەکی خانیش هەر ئەوە بووە کە شەرحی غەمی دڵ(تراژێدی نەتەوەیی) بکاتە چیرۆک و مەم و زین(تراژێدی عیشقی)یش بکاتە بەهانە کە ناوێتە کردنی ئەوانە پێکەوە و گونجاندنیان لەگەڵ بارو دۆخی زەمانە، خۆی ئەوپەڕی بیر بەرزی و ناسک خەیاڵی خانی دەگەیێنێ:

شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە
زینێ ومەمێ بکم بەهانە
نەغمێ وە ژ پەردەیێ دەرینم
زینێ ومەمێ ژنو ڤەژینم
مەعلول بوین حەبیب وعاشق
ئیرۆهە وەکی طبیبێ حاذق
دەرمان بکم ئەز ئەوان دەوا کەم
وان بێ مەدەدان ژ نو ڤە را کەم
دەردێ د دلێ مەمێ جگەر ڕێش
زینا ژ دەرونێ دل جەفا کێش
وێ پەردەگی یا، عەفیف و مەستور
وێ بێ گونەهێ ژ توهمەتێ دور
مەشهور بکم ب طەرز و ئوسلوب
مومتاز بین موحیب ومەحبوب..

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تراژێدی(بەتایبەت تراژێدی عیشقی) ئەوەیە کە هیچ چەشنە پێوانەیێکی عەقڵی ومەنتیقی بە خۆوە ناگرێ و هیچ حەوڵ و تەقەلاییێکیش کاربڕ وچارەساز نییە. دیارە خۆی ئەو دیاردەیەش دەگەڵ کاکڵی جیهانبینی خانی کە باوەڕی بە چارەنووس هەبووە، یەک دەگرێتەوە. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو قۆناغەی خانی تێیدا ژیاوە، هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرا. کە وابوو، لە تراژێدیدا، دژێتی لە نێوان ویست وخوازی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لەلایێک و نەبوونی وزە وتوانایی بۆ گەیشتن بە ئامانج لەلایێکی دی، خۆ دەنوێنێ. هەر وەک لۆسیۆن ئەدیبی گەورەی چینی دەڵێ: «لە تراژێدی دا هەمیشە لەناوچوون و توانەوەی شتی جوان و پڕبایەخ نیشانی خەڵک دەدرێ». لە بارودۆخ و قۆناغی تراژێدیدا، قارەمانی تراژیک هەمیشە دەستەودامانی کارەسات و بەدبەختی و نەهاتییە و ئەنجامەکەشی هەر مەرگ ونەمانە. مەم و زینێکی هەناسەسارد و بێ تاوان، یەکیان لە گۆشەی زیندان و ئەوەی دیکەیان لە قوژبنی ماڵ دەئاخندرێ و هیچیشیان توانایی ئەوەیان نییە خۆیان لەو قۆناغە تراژێدییە ڕزگار بکەن.

بۆ کوردستانی دوو پارچەکراوی سەردەمی خانی، ئێمە دوو دەستە قارەمان دەبینین، مەم(و زین)نوێنەری عیشقی پاک و هەروەها سەمبۆلی ویست وخوازی(کوردایەتی)خانی و بەکر و میر زەینەدین نوێنەری پیسی و ناپاکی و سەمبۆلی جاشی و دووبەرەکی؛ دیارە لە نێوان ئەو دوو هێزە هاوبەرە سەرەکییەدا، هێندێک قارەمانی دیکەش خۆ دەنوێنن کە دەیانەوێ ڕووداوەکان بەرەو لایەنی حەق و خێر وچاکە داشکێننەوە، بۆ نموونە چەکۆ و عەرفۆ دە سیمای دوو قارەمانی حیماسیدا دژی بارەگای میردەخرێنە مەیدان و هەڕەشەو گورەشەیێک دەکەن، بەڵام لە توانایان دا نییە گۆڕانکارییێکی بنەڕەتی پێک بێنن. هەرچەند بەکر عەوانی وەک ماکەی خراپە لەو نێوەدا سەری تێدا دەچێ، بەڵام لە ڕاستیدا، ڕەوتی ناکۆکی ودژێتی وەک واقیعی کۆمەڵایەتی بۆ لای بەرەی حەق و خێر داناشکێتەوە کە جەوهەری تراژێدییەکەش هەر لێرەدایە.

هەر بۆیەشە خانی بە پێچەوانەی لایەنی عیرفانی بەیتە فۆلکلۆرییەکە، کە زۆر ماکەی ئەفسانەیی ودوور لە باوەڕی تێدایە، لانیکەم بۆ گونجانی واقیعی سەردەم، دێنێ هەموو کەسەکانی چیرۆکەکەی دەخاتە شوێنێکی دیاریکراو و بنەماڵەیێکی خاوەن ناوی کورد تاکوو وەک سەمبۆلی کوردستان ئەو دیاردەیە پڕ ڕەنگ بکاتەوە. بۆیە هەموویان، ڕواڵەت و بوواڵەتی تراژێدیان هەیە، لە (میر زەینەدین)ەوە بگرە هەتا بەکرعەوانی و قەرەتاژدین.. ئەوەی کە ئەمارەت و بارەگای میر، بێ بەکرعەوانی سەهەندە و سەیانی هەڵناسوڕێ، تراژیکە. یان ئەوەی کە قەرەتاژدین هەموو کۆشک و سەرای خۆی ئاور تێبەردەدا و.. ئاخر سەر دەبێتە بکوژی بەکر( بە دووریشی نازانم کە سەرچاوەی هەموو ئەو دەهۆ ودووزمانییەی کە بەکر دەیکا لەوانەیە یەکێک بووبێ لە ڕەقیبانی کاکە مەم، بەڵام ناوێری دەری ببڕێ) هەر تراژیکە... بە کورتی ←

ئەوەیە چارەنووسی قارەمانی تراژیک کە خانی بۆخۆشی هەر چارەنووسێکی تراژیدی هەیە.

خانی نەیویستووە لە بەرهەمەکەی دا ــ سەرەڕای کاکڵ و مانا عیرفانییەکەی ــ گۆڕانکارییێکی سەیر ودوور لە واقیعی کۆمەڵایەتی پێکبێنێ و ئەو دوو دڵدارە ناکامەی سەردەمی خۆی بە حالەتێکی ڕۆمانتیکی بە یەک بگەیێنێ و پاشان چەپڵەی درۆی بۆ لێبدرێ. چونکە بە گوێرەی سرشت وجەوهەری تراژیدی بە تایبەت کە قۆناغەکەش هەر تراژیدی(نەتەوەیی) بێ، قارەمان بۆی نییە یان بۆی نالوێ نیازی ڕوحی و ویستی مێژوویی و خوازی کۆمەڵایەتی خۆی بە دی بێنێ. جگە لە ناکامێکی تراژیک هیچ چارەنووسێکی دیکەچاوەڕوان ناکرێ. بۆیە ئەگەر بە وردی لێکی بدەینەوە، یان وەک لەسەرەوە گوتمان ئەگەر بە پێوانەی عیرفانیش بێ، دەبینین ئەوە خودی خانی یە کە دە ڕوخساری مەم (مەبەست و ئامانج )دا خۆی دەنوێنێ و لە ڕاستیشدا مەم هەر خۆیەتی کە مەرگ و نەمانی خۆی لە پێناو ئەوینی زین(کوردستان) دا دەقەبڵێنێ و ئاخرسەر کوردستانەکەش دەدۆڕێنێ.

ئایا لە سەردەمێکی ئەوهایی دا کە تەواوی ئەمارەتە خاوەن دەسەڵاتەکانی کورد یەک لەدوای یەک ــ لەوانە ئەمارەتی بۆتان(جزیر) لە حاڵی لەناوچوون و توانەوە دان، خانی جگە لە چیرۆکێکی تراژیدی چی خوڵقاندبایە؟! چۆن وەک چارەنووسێکی دیاریکراو، پێش وەخت خۆی لە(مەم وزین)دا نەمراندبایە؟! ئەوە لە حاڵێکدایە دوای تێپەڕبوونی سێسەد ساڵ هەر دەڵێی ئەوڕۆیە کەوا خانی، لەگۆشەی حوجرەکەیدا دانیشتووە و بۆ هەموو ئەو مەم و زینانەی سەردەمی خۆی و بەتایبەت کوردستانەکەی کە بەدەردی «مەم وزین»ان چووە و ئێستاش هەر لە قۆناغی تراژیدی دایە.. مەزڵوومانە و بەو پەڕی هەناسەساردییەوە دەلالێتەوە و دەڵێ:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا
کورمانج د دەولەتێ دنێ دا
ئایا بە چ وەجهێ مانە مەحروم
بیل جوملە ژ بۆ چ بونە مەحکوم؟

لێرەدایە کە تراژیدی و چارەنووسی مەرگەساتی قارەمانانی خانی بە تەواوی تایبەتمەدییێکانی سەردەمی خۆی، جارێکی دیش لە سەردەمی ئێمەدا دووپاتە دەبێتەوە.

(درێژەی هەیە)

# ڕێبازی فکری و شێوازی شێعری خانی

## لە مەم وزین دا

هێرش

### ٢) ڕێباز و شێواز

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو باسە لە ئەساسدا درێژەی هەمان باسی پێشوویە(ژمارە ٩)، بەڵام بۆ ئەوەی سەبارەت بە شێوازی شێعریی خانی بە تایبەت و شێعری بادینان (بۆتان) بە گشتی، ئاکامێکی شیاو وگونجاو بدرێتە دەست، بە پێویست زاندرا، چەند سەرنجێک سەبارەت بە ڕێبازەکانی شێعری کلاسیکی کوردی و هەروەها کورتەییێک لەسەر ئەو بەستێن و بارودۆخەی کە ڕێ خۆشکەر و بەدیهێنەری ڕێبازی شێعری بادینان بوون کە شاعیرانی پێش و پاش خانی دەگرێتەوە، پێشکێش بکرێ.

هەر وەک لە پێشدا باسکرا مێژووی کوردان بە تایبەت مێژووی ڕەوت و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شێعر و ئەدەبی کوردی تابڵێی تاریک وناڕوونە. ئەو ڕەوتە ئەگەر لە شوێنێک بەگوێرەی چەند هۆیێک سەری هەڵدابێ و هێندێک قۆناخی بڕیبێ، لە شوێنێکی دیکەدا، یان بە شێوەیێکی زۆر لاواز سەری هەڵداوە و یان بە جارێک کوێر بۆتەوە. دیارە هەر نەتەوەیەک کە لە شوێنێکی جوغرافیاییدا ژیابێ و بۆ مانەوەی خۆی هەوڵی دابێ و بەرگری لە خۆی کردبێ، مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە و هەر بەو پێیەش سەبارەت با کار و ئاکار و ڕەفتار و بیر و بۆچوونی ژیانی ڕۆژانەی خۆی، فەرهەنگ وکولتوور و وێژەی تایبەت بە خۆی هەیە. کورد یەکێک لەو نەتەوە دێرینانەیە کە هەر زۆر لە کۆنەوە، باری هەڵکەوتوویی شوێنە جوغرافیاییەکەی وای بۆ ڕێکخستووە کە بکەوێتە نێو گێژەپان وجەغزی کێبەرکێ و بگرە وبەرەی سیاسی و فەرهەنگیی گەلانی دەستدرێژکەری لاوەکی. زۆرجار تا سنووری مەرگ و نەمانیش ڕۆیشتووە و پاشان هەر لە سایەی ئەو شوێنە جوغرافیاییەی توانیویەتی سەر هەڵێنێتەوە و بوون و هەوێتی خۆی ڕاگەیێنێتەوە. جا لە بەر ئەو هۆیە ، کورد پێش ئەوەی لە بواری ئەدەب و وێژەدا هەوڵی دابێ، زیاتر هەوڵی مانەوەی فیزیکی خۆی داوە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە پیاو دەتوانێ پشتیان پێ ببەستێ، وێژە و ئەدەبی کوردی، وەک زۆربەی گەلانی دیکە، لە بواری شێعردا سەری هەڵداوە، جا چ بە شێوەی ئەدەبی وێژراو ـ زارەکی (بەیت و فۆلکلۆر) بێ یان بە شێوەی ئەدەبی نووسراو (کلاسیک). هەڵبەت ئەگەر لە دووبینەکانی باباتاهیری عوریان، یەکەمین شاعیری عارف مەسلەکی بنەچەک کورد ـ لوڕ(سەدەی پێنجەمی کۆچی) چاو بپۆشین و وەک یادگارێکی کۆن لە نێو ئارشیوی مێژووی دابنێین، شێعری کلاسیکی کوردی وەک ئەدەبی نووسراو، کە بە بەڵگە ساغ کرابێتەوە، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی(سەدەی ١٤ی زایینی) بە زاراوەی گۆرانی و بە ناوەرۆکی سروشتی ـ ئایینی، لە نێو جەرگەی قەڵەمڕەوی ئەمارەتی ئەردەڵاندا سەری هەڵداوە و بەرەبەرە ئەشونومای کردووە.

شێعری کلاسیکی کوردی بە گوێرەی باری هەڵکەوتوویی ناوچە و هەرێمەکانی کوردستان و لە ژێر تەئسیر و کارتێکەری ئەمارەتە کوردییەکان و هەروەها بنکە کۆمەڵایەتی ـ مەزهەبییەکان، دەتوانرێ بە سەر سێ ڕێبازی جیاوزدا دابەش بکرێ: **ڕێبازی گۆرانی، ڕێبازی سۆرانی و ڕێبازی بادینانی.**

١) **ڕێبازی گۆرانی:** ئەو ڕێبازە لە مەلا پەرێشانی دینەوەری(٧٥٧ - ٨٢٥ کۆچی/ ١٣٥٥-١٤٢٣ز)ڕا دەست پێدەکا و بە مەولەوی تاوەگۆزی(١٨٠٦-١٨٨٢ز) شاعیری چڵەپۆپەی ئەو ڕێبازە، بەو پەڕی بەرزیی خۆی دەگا کە لە دوای ئەو، وردەوردە بەرەو کزی هەنگاو دەنێ. ڕێبازی گۆرانی تەواوی ئەو ناوچە و مەڵبەندانە دەگرێتەوە کە لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەمارەتی ئەردەڵاندا بووە، ئەوە جگە لەو بنکە و شوێنانەی کوردستان کە خەڵکەکەی لەسەر ئایینی ئەهلی حەق(کاکەیی، عەلیوڵلاهی)، نیعمەتوڵلاهی... بوون . دیارە زاراوەی گۆرانی زمانی ڕەسمی و ئیداری بارەگای ئەردەڵانەکان بووە، دەنا زۆر جار بارستایی زمانی شێعریی شاعیرانی سەر بەم ڕێبازە بۆ لای زاراوەکانی دیکەش وەک: هەورامی(بەتایبەتی) / زازایی، کەڵهوڕی ، کرماشانی... دادەشکێتەوە و تەنانەت دوای لەناوچوونی ئەمارەتی ئەردەڵان، بەشێکی زۆر لە شاعیرانی ئەو ڕێبازە، لەگەڵ ئەوەیکە بە زاراوەی خۆمالیی خۆیان شێعر دەڵێن، دێنە سەر ڕێبازی سۆرانی. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شاعیرانی سەر بەو ڕێبازە، دەکارهێنانی کێشی ڕەسەنی خۆماڵی(پەنجەیی)واتە کێشی دە کەرتی یە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئێستە گۆڕانکارییێکی فۆرمیی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.

٢) **ڕێبازی سۆرانی:** ئەو ڕێبازە وێڕای پێکهاتن و پەرەگرتنی هێز و دەسەڵاتی ئەمارەتەکانی موکری و بەتایبەت بابان و دواتر سۆران، بەرەبەرە لەپاڵ دیالێکتی شێعریی ئەوسەردەمە واتە گۆرانی، سەرهەڵدەدا و لە زەمانی بابانەکاندا لە سەر دەستی عەلی بەردەشانی و نالی جێدەکەوێ و بەهۆی پێڕەوانی نالی و شاعیرانی موکریان دەرێژردەدرێ. زاراوە سەرەکییەکانی ئەو ڕێبازە بریتین لە سلێمانی، موکریانی، سنەیی و گەرمیانی... کە لە پرۆسەییێکی دیاریکراودا بە هۆی دەستپێشخەری وکارتێکەری نالی، پێغەمبەری غەزەلی کوردی، زاراوەی سۆرانی وەک یەکێک لە زمان(ستاندارد)ە ئەدەبییەکانی کوردی ڕێی خۆی دەکاتەوە و سەقامگیر دەبێ. تایبەتمەندییەکانی شێعریی ئەو ڕێبازە، جگە لە جۆراوجۆریی بابەت وناوەرۆک، دەکارهێنانی ←




کێشی(عەروزی) و گونجاندنی «بەحر»ەکانی شێعرییە دەگەڵ زمانی کوردی( کە لە دەرفەتی تر وشوێنی دیکە بە وردی باسی لە سەر دەکرێ).

**٣) ڕێبازی بادینانی:** شوێنێ سەرهەڵدانی شێعر و ئەدەب لەو بەشەی کوردستان کە لەم نووسراوەیەدا بە ڕێبازی بادینانی نێودێردەکرێ، تەواوی ئەو ناوچە و مەڵبەندانە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەلاتی ئەمارەتەکانی **هەکاری، ئامێدی(بادینان)، بۆتان، بدلیس** و هەروەها **قەلادار** و میرنشینە کوردییەکانی دیکەدا بوون. دیالێکتە سەرەکییەکانی ئەو ڕێبازە بریتین لە: بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی[١]، کە لە شێعری شاعیرانی وەک: **سەلیمی سلێمان، عەلی حەریری، مەلای جزیری، فەقێ تەیران، مەلای باتێ، ئەحمەدی خانی** و هەروەها شاعیرانی دواتر: مرادخانی بایەزیدی، شاپەرتەوی هەکاری و شێخ نورەدینی بریفکانی... ڕەنگیان داوەتەوە و تێکەڵاوییەک لەو زاراوانە لە ژێر عینوانی(کرمانجیی سەروو)[بادینانی] بووە بە یەکێکی تر لە زمان(ستاندارد)ە ئەدەبییەکانی کوردی.

نازانم تا چ ڕادەیێک بوێرم ئەو بیر و بۆچوونەی خۆم سەبارەت بە زاراوەی «بادینان» کە ئەو مەڵبەندە پان و بەرینەی کوردستانم لە ڕەوتی شێعر و شاعیریدا پێ نێودێرکردووە، دەربیرم و بە دەمدا نەیەنەوە و بڵێن: (تا دوێنێ چابوو «سەروو»و«خواروو» و باکوور و باشوور بوو.. ئەوجار هەر ئەوەمان مابوو کە کوردستان بکەیەنە «سۆران» و «بادینان».. ). بەهەرحاڵ هەرچۆنییێک بێ، بێرێکە و لێرەدا وەک پێشنیار ڕایدەگەیێنم.

وشەی «بهدین[٢] = بێهدین(بادینی یان بادینان = دینی باش یان دینی چاک) کە بۆ پێڕەوانی زەردەشت بەکار هاتووە و ڕیشەکەی لە« بە(beh) = بێهـ»ی پەهلەوی و«وە(veh)[٣] = وێهـ »ی ئاڤێستایی وەرگیراوە، بیرخەرەوەی دەورانێکی زۆر کۆنی مێژوویی یە. بێ لەوەش ئەگەر بێنین وشەی «بوختی - بۆتی»[٤] و هەروەها وشەی «بوهتان»: (هندەک ژ فەسانەیێ د بوهتان/هندەک د بەهانە، هن د بوهتان)، لەگەڵ وشەی « بخت = بوخت[٥] (Boxt، بە مانای ڕزگاربوو)ی پەهلەوی بەراوردبکەین؛ لەوانەیە هەم لە باری فۆنۆلۆژی(دەنگشناسی) و هەم لە باری مۆرفۆلۆژی(گۆڕانکاریی زمانی)یەوە، ئەو هیوایەمان تێدا بە هێزبکا کە لە نێوان وشەگەلی بێهدین/ بادینان و بوخت/بوهت(بوهتان/ بۆتان) دا جۆرە وێچوویی و هاوسانییێکی ڕیشەیی ومێژوویی بەدی بکرێ.

سەرەڕای ئەوانەی دەستنیشان کران، سەرنجێکی دیکە کە بتوانێ هێڵی ئەو بیر و بۆچوونە پڕ ڕەنگتر بکا، بوونی هۆزی«داسنی»یە کە لەسەر ئایینی یەزیدی(ئیزەدی)ین و خاوەنی دوو کتێبی پیرۆز بە ناوی: «جیلەوە» و«مەسحەفی ڕەش»ن کە هەردووکیان بە شێوەی کرمانجیی سەرووی زمانی کوردی[بادینانی]نووسراونەتەوە[٦]. دیارە «داسنی»، هەم وەک وشەیێکی ئاڤێستایی و

هەم وەک کۆنترین هۆزی ناوچە، دەتوانێ سەبارەت بە زاراوەی بادینان، بەڵگەیێکی عەقڵ پەسند بێ کە لەوبارەوە مامۆستا **مسعود محەمەد** بە دروستی بۆی چووە و نووسیوەیە:

«کتێبی زەردەشت، ئاڤێستا، سەقافەتی هەموو گەلە ئێرانیەکانی لە سەقافەتی گەلانی دیکە، گردەبڕ، جودا کردەوە: پێڕەوانی زەردەشت بە(مەزدەیەسنا ـ خواپەرست)ناسران. غەیری ئەوان بە(دێویەسنا ـ دێوپەرست)ناوبران(ل ۲۳۵، مزدیسنا وادب پارسی، جلد اول، د. محمد معین).

لە نموونەی رووبەڕوو بوونی **مەزدەیەسنا** ودێویەسنا کەوا بە درێژایی مێژووی کورد لە زەمانی زەردەشتەوە تا ئیمڕۆ شێوەی زیندووی هەبوە، برا ئیزەدییەکانن کە لەلایەن غەیرەوە پێیان گوتراوە (داسنی ـ دێو یەسنە ـ دێوپەرست). هەر چونکە پێڕەوانی زەردەشت بە (بیەدینان ـ خاوەنانی دینی چاک)دەناسران تاکوو ئێستاش بە جیرانەتی (دێویەسنە) لە باکووری زێی گەورەدا ناوی(بادینان) بۆ ئەو هەرێمە ماوەتەوە. بەشەکانی دیکەی کوردستان، چونکە نەشیا لە خۆڕایی و بێ پێداویست لە تەک ئیسلامدا دینی زەردەشت بە (بیەدین) هەڵ بدرێتەوە تێیاندا، ئەو ناوەیان لێ شۆرایەوە».[٧]

بەپێچەوانەی بۆچوونی میر شەرەفخانی بدلیسی کە گۆیا بادینان لە «بهاءالدین»[٨] ناوێکەوە هاتووە، هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی تەواوی ئەو سەرنج و تێبینییانە؛ دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە دەکارهێنانی زاراوەی بادینان، چ بۆ ڕەوت و ڕێبازی ئەدەبی و شێعری و چ بۆ دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی ئەو مەڵبەندە پان وبەرینەی جوغرافیایی کە بە شێوەیێکی عادەتی لە ژێر ناوی(کرمانجی سەروو) باوبووە، کارێکی نابەجێ نابێ.[٩]

هەروەک ئاشکرایە، دوای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، زمانی کوردی بە هەموو دیالێکتە جۆربەجۆرەکانییەوە، لە پاڵ زمانی عەرەبی وەک زمانی دینی بۆ بە جێهێنانی ئەرکی ئیسلامی و کاروباری شەرعی، درێژەی بە ژیانی خۆی دا و دواتریش سەرەڕای ئەو هەموو ئەگبەتی و ئەهاتییەی کە تووشی هات، نەتەنیا لەناونەچوو، بەڵکوو توانی ببێتە زمانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ.

ئەوەیکە حاشای لێناکرێ ئەوەیە کە گەشەکردنی زمان و بەتایبەت زمانی ئەدەبی، پێوەندییێکی ڕاستەوخۆی بە دەوڵەت ودەسەڵات یان بنکەی سیاسی ـ ئیدارییەوە هەیە کە کوردستان لە ژێر تەئسیری زۆر هۆگەلی دینی، سیاسی و سەربازی، هەڵکەوتی جوغرافیایی(ستراتیژی)و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی ئەو هەلەی بۆ نەڕخساوە. ڕەنگە ئەوە خۆی بەکێک لە دیاردە سەیروسەمەرەکانی مێژوو بێ کە کورد هەرچەند وەک نەتەوەیەک خاوەنی یەکێتی خاک(جوغرافیا)، یەکێتی ئیتنیک، یەکێتی زمان و فەرهەنگ وکولتووری خۆیەتی بەڵام هێشتا بۆی نەلواوە لەژێر دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە نائیتنیک و لاوەکییانەی حوکمیان بەسەردا کردووە ڕزگار بێ.

بێگومان بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری تاڕادەیێکی بەرچاو کاردەکاتە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕێباز وشێوازی ئەدەبی. دیارە دەوەدا شک نییە کە دامەزرانی میرنشینە کوردییەکان لە سەرەتای سەدە ناوەندییەکان، بەستێنێکی لەبار و قۆناخێکی پڕشنگدار بووە بۆ سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ڕەوت و ڕێبازی ئەدەبی. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە ئەگەر بۆشاییێک سەبارەت بە نەبوونی بنکەییێکی سیاسی ـ ئیداری لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، هەست پێکرابێ، ئەو بۆشاییە بە شێوەییێکی سروشتی و ئاسایی، بە هۆی بنکە کۆمەڵایەتی ـ ئایینییەکان وەک مزگەوت وخانەقا وتەکیە و جەمخانە و... پڕکراوەتەوە. ئەگەر میرنشینەکوردییەکان بە پێی پێداویست پەرەپێدەری ئەدەبی نووسراو ورەسمی بوون، ئەو بنکە و شوێنانە لەلایێک کانگای ئەدەبی ڕیوایەتی ـ حیکایەتی بوون و لەلایێکی دیکەوە، مەکۆی ئەدەبی بیسراو و وێژراو.

دیارە لەو بەشەی کوردستانیش واتە بادینان، کۆڕەی ئەدەبی نووسراو(میللی ـ کلاسیک) لەنێو داوێنی ئەدەبی وێژراو(زارەکی ـ فۆلکلۆریک)دا، هەر بە شێعر فرچکی گرتووە و لە دارە دارە تێپەڕیوە و پاشان لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە.

تا ئەو جێیەی عەقڵی لێکۆڵینەوە و قەڵەمی نووسینەوەی مێژوویی بڕی کردبێ و وردە زانیارییێکی دابێتەدەست، سەرەتای ئەدەبی بادینان وەک ئەدەبی نووسراو، لە کۆتایی سەدەی ۱٦ و سەرەتای سەدەی ۱۷وە، لە نێو جەرگەی ئەمارەتەکانی هەکاری، بۆتان(جزیرە)، بدلیس و بادینان، دەست پێدەکا. یەکەم شاعیرێک کە لە سەر بەستێنی ئەدەبی ڕیوایەتی ـ حیکایەتی، ناوی تۆمار کرابێ «سەلیمی سلێمان»ە کە پۆئێمی (یوسف و زولەیخا)ی لە ساڵی۹۹٥ی کۆچی(۸۷ ـ ۱٥۸٦) بە شێعر هۆنیوەتەوە.[١٠]

لەنێوان لێکۆڵەرەوانی مێژووی ئەدەبی کوردی، سەبارەت بە چۆنیەتی و مەودای ژیانی بەشێک لە شاعیرانی سەرەتای ئەو ڕێبازە، گەلێک جیاوازیی بەرچاو دەبیندرێ و تا ئێستاش بارودۆخی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی ژیانی تایبەتی و شێوەی چالاکیی ئەدەبی و شێعریی هێندیکیان روون نەبووەتەوە ؛ لە بەر ئەوە ئەستەمە بتوانرێ بە ڕاشکاوی بیر و بۆچوونێکی یەکلاکەرەوە، بێتە ئاراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بڵێین کە تا زمانی نووسینی کتێبی «شەرەفنامە»(ساڵی ۱۰۰٥ کۆچی = ۱٥۹٦)، هیچیەک لەو شاعیرانەی کە لە سەرەوە، تا زەمانی خانی ناویان هاتووە، یان هێشتا لەدایک نەبووبوون یان تەمەنیان نەگەیشتبووە ڕادەی چالاکیی ئەدەبی و دانانی بەرهەم بە زمانی کوردی. ئەگەرچی لە «شەرەفنامە»دا، جێگەیێکی ئەوتۆ بۆ ژیانی نووسەر و شاعیران تەرخان نەکراوە، بەڵام بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین ئەگەر ژیانی شاعیرێکی گەورەی وەک مەلای جزیری، بەر لە ژیانی میرشەرەفخان بووایە، یان لانیکەم ماوەی ژیانی چالاکیی ئەدەبی مەلای جزیری لەگەڵ زەمانی نووسینی کتێکەی ئەودا هاوکات بووایە، بێگومان نێوی ئەویش لە ڕیزی زانا ومەولانا و نووسەران وەک: مەولانا حوسام الدین (ل٦٤٥)، مەولانا ئیدریسی بدلیسی(ل ٦٤٥)، «شوکری»شاعیر(ل ٦٥۸) و دەروێش مەحمودی کەڵەچێری(ل٦۷۷)تۆمار دەکرا. دیارە ئەوانە زۆربەیان بە عەرەبی و فارسی و تورکی نووسیویانە و شەرەفخان خۆشی کتێبەکەی بە فارسی نووسیوە. کەوابوو، دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە تا سەردەمی نووسینی «شەرەفنامە»، هیچ تێکستێک یان دەقێک نەدۆزراوەتەوە کە دەرخەری ئەدەبی نووسراوی کوردی لەو بەشەی کوردستان بێ.

ئەوەیکە ئاشکرایە، شێعر و ئەدەبی هیچ نەتەوەیێک، نە لەپڕ و یەکدا بەدوو بەدیدێ و نە بە بێ کارتێکەری وتەئسیری چەند لایانەی

نەتەوەکانی دیکە پەرەدەگرێ. ئەوەی ڕاستی بی، کوردیش لەو بارەدا ئاوارتە ناکرێ و بە پێی پێداویست لەگەڵ تەواوی ئەو خەڵک و نەتەوانەی کە لەگەڵیان دراوسێ بووە و سنووریان لێک گەڕاوەتەوە، تێکەڵاویی فەرهەنگی هەبووە . هەم تەئسیری داناوە و هەم تەئسیری وەرگرتووە. نە ئەوەندە بەرچاوتەنگ وچاوچنۆک بووە کە چیان پێنەبخشێ و نە ئەوەندەش کەللە ڕەق و قۆڕدەماخ بووە کە هیچیان لێ نەخوازێتەوە.

ئەمارەتە کوردییەکانی ئەو مەڵبەندەی کوردستان، زۆربان، پێش هێرش و هاتنی مەغولەکان لە سەدەی ١٣ی زایینییەوە (بەشێکیان هەر زۆر لە کۆنترەوە)خاوەنی دەسەڵات و بنکەی سیاسی نێوخۆیی(جاری وایە فەرمانبەر وسەرسپاردە و جاری واشە سەربەخۆ) بوون. شەڕوکێشە و بگرە وبەرەی سیاسی و سەربازی لە نێوان کوردەکان و حکوومەتە هێرشکەرە لاوەکییەکان تا سەرەتای سەدەی ١٦ ، هەروا بەردەوام بووە. لەوماوەیەدا، کوردستان زۆر جار لە نێوان مەغولەکان(ئێلخانییەکان ـ ئەتابەگەکان)، تاتارەکان(تەیموری شەل) و تورکمانەکان(قەرەقۆینلوو، ئاق قۆینلوو) دەست بەدەست کراوە. دوای لەناوچوونی ئاق قۆینلووەکان و هاتنە سەرکاری سەفەوییەکان، ئەمارەتە کوردییەکانی ئەو هەرێمە، توانیان چ بە شێوەی شەڕ ولە خۆ دیفاع کردن، چ بە شێوەی هێمنی و خۆ لە شەڕ بواردن، وەک پارسەنگێکی سیاسی لە نێوان دووهێزی دژ بەیەکی سەفەوی وعوسمانی، تا ماوەیێک سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن.

دیارە سەرجەمی ئەو شەڕ و پێکدادان و خاک داگیرکردنە لە لایێک و هەروەها لە خۆ دیفاع کردنی کوردان لە لایێکی دیکەوە، سەرباری زۆر دیاردەی مێژوویی پێشووتریش(وەک: هاتنی مەقدونییەکان، سلوکییەکان ، ڕۆمییەکان، عەرەبەکان و بەتایبەت شەڕەکانی سەلیبی، سەلجوقییەکان وشکستی بیزانسییەکان بەدەست تورکانی عوسمانی)؛ هەمووی بوونە کۆمەڵە هۆیێک کە کوردستان نەتوانێ ، نە پرۆسەی یەکگرتوویی نەتەوەیی(لەباری سیاسییەوە ) بە شێوەیێکی سروشتی تێپەڕبکات و نە ڕەوتی یەکگرتوویی زمان و ئەدەبی نووسراو. بەتایبەت کاتێک لە نێوان سەفەوییەکان وعوسمانییەکان لە ژێر ئەنسیری گۆڕانکاریی و بارودۆخی جیهانی(دەوڵەتەکانی ئورووپایی وپەرەگرتنی سەرمایەداری) ، هێندێک کێشەی سنووری یەکلا کرانەوە و ئەو دوو دەوڵەتەش بەرەو سانترالیزم و نیزامێکی ئاماڵ سەرمایەداری ڕێیان گرتەبەر؛ ئەو ئەمارەتە کوردیانەش کە تا ئەو سەردەمە(سەدەی ١٨ز) هەبوون، لەناو بران کە ئەوە خۆی بوو بە کوێربوونەوەی ئەوە ڕەوتە ئەدەبییەی کە پێشووتر لەو مەڵبەندەی کوردستان دەست پێکرابوو.

یەکێکی دیکە لە کارە سەیر و سەمەرەکانی مێژوو کە دیسانیش هەر بە زیانی کورد داشکاوەتەوە، ئەوەیە کە ئەگەر ناتەبایی سیاسی و دژایەتی خاک داگیرکردن لە نێوان ئیمپراتوری عوسمانی و وڵاتە ئورووپاییەکان نەبووبایە، نە بنەماڵەی کۆنە سۆفیی بەڕەگەز تورکی سەفەوی کە تازە ئاگری **قەلیانی قزڵباشیی شیعەگەرییان**، لە ئاست **سەبیلەی سوننیگەریی** خوندکارانی عوسمانی دەگەشاندەوە، دەیانتوانی ببنە خاوەنی ئەو دامودەزگایە کە خوێن بێ و سەران بەرێ ؛ نە ئەوەش کەکورد لە هەر بارێکەوە **«مەحکوومی عەلییە و صەعالیک بێ و مەغلوب وموتیعی تورک و تاجیک!!»**.

**درێژەی هەیە**

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

١) *فەرهەنگی خاڵ*، شێخ محمدی خاڵ، جزمی یەکەم، ل ٢٦.

٢) *فەرهنگ فارسی عمید*، تالیف حسن عمید، ج١، ص ٤٦١.

٣) *فرهنگ فارسی*، دکتر محمد معین، ص٦٠٨.

٤) *شەرەفنامەی* شەرەفخانی بدلیسی ، هەژار کردویە بە کوردی، لاپەڕەی٢٧٣.

٥) *فرهنگ فارسی*، دکتر محمد معین، ص ٤٧٦.

٦) *«لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە...»*، دکتۆر مارف خەزنەدار، لاپەڕەی ١١٥.

٧) *زاراوە سازی پێوانە*، مسعود محمد، ل ٣٦٩.

٨) شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی ، هەژار کردویە بە کوردی، لاپەڕەی ٢٥٧.

٩) د. نافع ئاکرەیی، لەوبارەوە دەڵێ: بەهدینان یا بادینان مەبەستم کوردی کوردستانی تورکیا و سوریا و بەشێک لە کوردستانی ایران[ئێران]و عیراقی خۆمانە لە بەر ئەوەی بەم شێوە تایبەتی یە د ئاخفن... هیندەک پێ یان خوشە بە ناوی کورمانجی ژورو ناو بنێن و هەرێمەکەش بە ناو کورمانجی ژورو لە قەڵەم بدرێت.. لێرەدا نازانم ڕێگا بە خۆم بدەم و بڵێم ئەو قسە ڕاست بێ.. چونکە لە ئەزمانی جیهان دا گوێم لێ نەبوە بڵێن ئینگلیزی ژورو، خوارو یان فرەنسی یا جەرمانی...»

«... ئەم هەرێمە چەند شێوە تایبەتی وبچوکی هەیە.. خەڵکەکە بەم شێوانە د ئاخفن بەلام بە چاکی تێک دەگەن ئەم شتە ژی پەیوەندی بە چەند هۆیەکەوە هەیە ئەو ژی ئەوانەن:

آ ـ هەر شێوەیەکی بچوک پەیوەندی بە جێگا و هەرێمەکی بچوکەوە هەیە وەک شێوەی بوتان و هەکاری و ژەنگاری و بەرواری و مەرگەوەڕی.. هتد..

ب ـ دیسان پەیوەندی بە تیرە وعەشیرەوە هەیە هەر وەک زێباری و هەرکی و شکاک و هتد..

ج ـ لەم هەرێمەدا چەند شێوەیەکی تایبەتی هەن پەیوەندیان لە گەڵ شێوەکانی تر لە هەرێمەکانی دی کوردستانەوە هەیە ئەو ژی وەک شێوەی زازا کە لەگەڵ شێوەی فەیلی و لوڕی وەک یەکە هەر وەها شێوەی شەبەک کە لەگەڵ شێوەی هەورامان یەکدەگرنەوە.

د ـ ئەمەوێ بڵێم کە لە سەر هەردوو لێوی ڕوباری زێ بادیناندا چەند تیرەیەک هەن بە شێوەیەکی تێکەڵاو لە بادینی وسۆرانی د ئاخفن سورچی وگۆران و برادۆست بەم شێوە تێکەڵاوە قسەدەکەن « گۆران ئەو تیرانەن کە لە دەشتی ناوکور لە قەزای ئاکرێ دا دەژین».

لێرەدا ئەتوانم بڵێم کوردی هەرکی لە دەشتەبێل و شکاکی تل گەوەر[ تەرگەوەڕ] و کوردی بۆتان و وان و دیاربەکر و هەکاری و قامشلی و ئامێدی و ژەنگار و دوهوک[ دهۆک] وئاکرێ بە چاکی تێک دەگەن و ئەگەر شیعری مەلای جزیری و خانی وجگەرخوێن و سەبری بوتانی و موئەیید تەیب و عەبد ولرەحمان مزوری بۆیان بخوێنیەوە.. هەمویان بە چاکی تێ دەگەن. **(کاروان**، تشرینی یەکەم، ١٩٨٢ ، «ئەدەبی کوردی لە بادینان دا...»، د. نافع ئاکرەیی).

١٠) د. ئەمیری حەسەنپوور. گزینگ، ژمارە ٩، پاییزی ١٩٩٥، لاپەڕەی ٦. ■

# چەند شێعرێک بە ڕاوێژی هەمەدانی لە بابا تاهیر


د. مەلیک مێهردادی بەهار

(نوستوورەشناس و مامۆستای دانیشگای تاران)


وەرگێڕانەوە و هێنانە سەر شێوەی سۆرانی شێعرەکان: س. چ هێرش


قدوة العارفين باباطاهر همدانی علیه الرحمه

ڕەوانشاد مینەوی لە ژمارەی دووەم، ساڵی چوارەمی مەجەللەی دانیشکەدەی ئەدەبیاتی دانیشگای تاران، بیست و پێنج تاک لە شێعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانی هێناوەتەوە کە بریتین لە: دوو بڕگەی سێ بەیتیی، شەش بەیتیی و، هەشت دووبەیتیی.
ئەو کۆمەڵەیە کە جگە لە دوو دووبەیتیی ئەبێ ئەویش بە جیاوازییەکی زۆرەوە، لە دیوانی بابەتاهیردا نییە، لە ژێر ژمارەی ٢٥٤٦، لە موزەی قونیە هەبووە و ڕێکەوتی ٨٤٨ی لە سەرە.
لە خوارەوە هەوڵێک دراوە تا ئەو شێعرە ڕاوێژییانە لێکبدرێنەوە. لە پێشدا دەستنووسی ڕەوانشاد مینەوی نەقڵ دەکرێ، پاشان شێوەی ڕاستکراوەی ئاماڵ دروستی هەر بڕگە یان دووبەیتیی نیشان دەدرێ و لەدوایەشدا ئاوانووسی [دەنگنووسیphonetic] و وەرگێڕدراوەی شێعرەکان دەدرێتەدەست. لە کۆتاییدا، واژەنامە و بەرنووسی گشتیی سەبارەت بە شێعرەکان دەخرێنەڕوو.

[سەرنج: چونکە شێعرەکان بە ڕێنووسی ستانداردی کوردی دەنووسرێنەوە، فۆرمی لاتینی ئاوانووسی(phonetic)ی شێعرەکان (جگە لە واژەکان) بۆ خوێنەرەوەی کورد زۆر پێویست نییە. هەروەها لەبەر ئەوە کە شێعرەکان هاتوونەتە سەر شێوەی سۆرانی، وەرگێڕانەوەی ماناکردنەوە فارسییەکانیش بە پێویست نەزاندرا ـ هێرش]

### یەک

گر اژ[۱] زر اونهی[۲] ایوانی اژ گل
به پرچینش کری[۳] وانوشه[٤] و ول[٥]
گر او[٦] بشنش نهی آن دار شمشاد
گر او رونش[۷] کری[۸] آواج[۹] بلبل
سرانجامان بشی، بەیا[۱۰] بهرزی[۱۱]
یای ته گور وی[۱۳] ماوای ته گل

گەر ئەژ زەر ئوونهی ئەیوانی ئەژ گێل
بە پەرچینەش کەری وانووشە و وێل
گەر ئو بەشنەش نێهی نان دار شمشاد
گەر ئو روونەش کەری ئاواجێ بێلبێل
سەرئەنجامان بشی، بە یا بەهەرزی
یایێ تە گور وی ماوایێ تە گێل*

* [دەنگی (ێ) لەهەموو شێعرەکاندا، کە نووسەر نیشانەی (e)ی بۆ داناوە، لە بری (کەسرەی فارسی) دەکارهاتووە کە لە ڕێنووسی سۆرانیدا

نانووسرێ، بەڵام دەدرکێ(تەلەفوز دەکرێ): گل/gil=gel ، ول/vil=vel و بلبل/bilbil=belbel ـ هێرش]

### سۆرانی

گەر لە ژێر بکەی هەیوانێک لە گڵ
پەرژینی هەموو وەنەوشە بێ و گوڵ
گەر هەر لایەکی پڕکەی لە شمشاد
تێیدا ڕەوان بێ ئاوازی بولبول
سەرئەنجام دەڕۆی، بەجێی دەهێڵی
جێگەی تۆ گۆڕ و مەکۆی تۆ یە گڵ

### دوو

زار[1]جم[2] دی[3] ودای[4] مورج[5] ادخورد[6]
مورج آن دو دستش او خدا درد[7]
نگهان[8] بامد[9] آن بازوداری[10]
زارجش کشت[11] و موران زارج ادخورد
دالج[12] الوند[13] کوهان کرد پرواز
بازش بکشت و خونش پاک واخورد[14]
بمد[15] نچیروان[16] در دی[17] و داین[18]
بوکدش[19] تیر ودال اژ کار بدرد[20]
بشه نچیروان دستت و چادست[21]
چه اینت ودکره[22] اژ کار بدرد
فنامی نشه[23] این ودکه من کرد
به من هم آن کرن[24] هر ود که من کرد

زارجۆم دی وێدایێ موورج ئەدخەرد
موورج ئان دو دەستەش ئوو خودا دەرد
ئەگهان بامەد ئان بازێ وێداری
زارجەش کوشت و مووران زارج ئەدخەرد
دالێ ج ئەلوەند کوهان کەرد پەرواز
بازەش بکوشت و خونەش پاک واخەرد
بەمەد نێچیروان دەرین وەداێن
بەوەکدەش تیر و دال ئەژ کار بەدەرد
بەشە نێچیروان دەستەت ووچادەست
چێ ئینەت وەدکەرە ئەژ کار بەدەرد
فەنا می نەشە ئێن وەد کێ مەن کەرد
بە مەن هەم ئان کەرەن هەر وەد کێ مەن کەرد

### سۆرانی

کەوێکم بینی تێشووی مێرووی خوارد
مێروو دوو دەستی بۆ لای خوا ڕاداشت
لەناکاو بۆی هات بازی شکاریی
کەوی بەرەو لای مێرولان هەڵداشت
هەڵۆی سەر دوندی ئەلوەند هەڵفڕی
خوێنی بازەکەی خوارد و لە وێی ناشت
دەرکەوت ڕاوچی توورە و داخ لە دڵ
تیرێکی هاویشت، هەڵۆکەی هەڵداشت
ئەی نێچیرەوان! دەستەکانت خۆش
کە ئەو بەدکارەت لە سەر زەوی ماشت
ون نابێ بەدی و بۆم ڕادەدێری
دەستی خراپەم بۆ هەرکەس ڕاداشت*

* [وەک نووسەریش دەریبڕیوە، لە سۆرانییەکەشدا دوو پاتکردنەوەی قافیە(دیارە به ناچاری) بەدی دەکرێ. هێرش]

### سێ

یا[1]کم[2] در[3] دی[4] هنی[5] دریا نبی[6] یار
یاکم خوردی[7] گهان[8] پیدا نبی یار
من اژ آن رو[9] به دامان ته ژد[10] دتت
ده[11] گردونت پر و پایی نبی یار*

یاکێم دوڕ دی هەنی دەریا نەبی یار
یاکێم خۆر دی گیهان پەیدا نەبی یار
مەن ئەژ ئان رو بە دامانێ تە ژەد دەست
کێ گەردونەت هەنی بەرپا نەبی یار

*: [لە ژێرنووسی ژمارەی ١ی لاپەڕە ٢٧١ دا، بە گوێرەی سەرنجی ئاغای مەحموودی مونشی کە نووسەریش قەبوڵی کردووە، ئەو دێڕە ئاوایە کە پڕ بە پێستی خۆیەتی: کە گردونت هنی برپا نبی یار = کێ گەردونەت هەنی بەرپا نەبی یار. هێرش]

### سۆرانی

کە بینیم دوڕ هەنی دەریا نەبوو یار
کە بینیم خۆر جیهان پەیدا نەبوو یار
لەبەر وەی دست بە داوێنت ببووم من
کە گەردوونت هەنی بەرپا نەبوو یار

### چوار

یا[1] کە اژ مهر تم دم می ژد[2] ای یار
خویش و بیگانگان سنگم ژد ای یار
جرمم اینه که از[3] ته دوست دارم
نه خونم کرد[4] و نم راهی ژد[5] ای یار*

یا کەژ مهرێ تەئەم دەم می ژەد ئەی یار
خیش و بیگانە سەنگەم می ژەد ئەی یار
جورمۆم ئینێ کێ ئەز تە دوست دارەم
نە خونەم کەرد نە راهەم می ژەد ئەی یار

*: [هەروەک نووسەریش نیشارەی پێکردووە، قافیە و جێنشینی قافیە لەو دووبەیتییەدا تەواو ئاڵۆزە و دروستەکەی دەبێ ئاوا بێ ـ هێرش]:
موکژ مهر تەام دم می ژد ای یار
خویش و بیگانە سنگم می ژد ای یار

جرمم اینه که از ته دوست دارم
نه خونم کرد نه راهم می ژد ای یار

### سۆرانی

که میهری تۆم له دڵ ڕاگرتووه ئەی یار
کەس و ناکەس بە بەرد ڕێم کەوتووه ئەی یار
ئەودەم تاوانه تۆم خۆشویستووه ئەی یار
نه ڕێگر بووم، نه خوێنم ڕشتووه ئەی یار

### پێنج

من آن پیرم که خوانندم قلندر
نه خانم بی[1]، نه مانم بی، نه لنگر
رو[2] همه رو ورایم[3] گرد گیتی
شو[4] در آیه و[5] او سنگی نهم سر*

مەن ئان پیرۆم کە خانەندۆم قەلەندەر
نه خانۆم بێ، نه مانۆم بێ، نه لەنگەر
رو هەمە رو وەرایەم گەردێ گیتی
شو دەرئایێ وە ئو سەنگی نەهەم سەر

### سۆرانی

من ئەو پیرەم کە پێم ئێژن قەلەندەر
نه خانم هەس، نه مانم هەس نه لەنگەر
که ڕۆژ دەردێ دەپێوم دەوری گیتی
که شەو دادێ بە بەردیەوە دەنێم سەر

*: [ئەو چوارینه له دیوانه چاپکراوەکاندا، بەم جۆرەی خوارەوه نووسراوه ـ هێرش]:

مو آن رندم که نامم بی قلندر
نه خون دیرم نه مون دیرم نه لنگر
چو روز آیه ورآیم گرد گیتی
چو شو آیه به خشتی وانهم سر

(مۆ ئان ڕەندۆم کە نامەم بێ قەلەندەر
نه خون دیرۆم نه مون دیرۆم نه لەنگەر
چو روز ئایێ وەرایەم گەردێ گیتی
چو شەو ئایێ بە خشتی وا نیهەم سەر)

### شەش

یا[1] اژین بند در ازناوه[2] کتیم[3]
خونم ادخورد[4] و در خوناوه کتیم
یا درین شو مه گیتی ام نیایا[5]
اژ خو بی باره[6]، در وەرلاوه[7] کتیم

یا ئەژین بەند دەر ئەزناوه کەتیم
خونۆم ئەدخورد و دەر خوناوه کەتیم
یادەرین شو مەهێ گیتیم نەیایا
ئەژ خو بێباره، دەر وەرلاوه کەتیم

### سۆرانی

من کە بەو بەندە لە ئەزناوەوه کەوتووم
خواردنەوەم خوێنه، له خوێناوەوه کەوتووم
که نەیەت لەو شەوەدا مانگی جیهانم
له خۆ بێ خۆم و، له وەرلاوەوه* کەوتووم

* [نووسەر له مانا کردنەوەی ئەو دێڕەدا، له سەر ئەو وشەیه نیشانەی پرسیاری داناوه و لێی ئەرخەیان نییه. منیش جگه له مەعنای مامۆستا بەهار عەقڵم بۆ شتێکی دی بڕی نەکرد. هێرش]

### حەوت

پنج روژی هنی[1] خرم گهان بی
زمین خندان، برامان[2] آسمان بی
پنج رویی هنی هاژید[3] سامان
نه جینان[4] نام و نەژ[5] آنان نشان بی

پەنج روژی هەنی خوورڕەم گیهان بی
زەمین خەندان بەر ئامان ئاسمان بی
پەنج رویی هەنی هاژید سامان
نه جینان نام و نەژ ئانان نیشان بی

### سۆرانی

پێنج ڕۆژێ هەنی جیهان خۆش دەبێ
ئاسمان دەگری، هەرد له جۆش دەبێ
پێنج ڕۆژیکی دی ئیستێکی بگرن
له نێو و نیشان جیهان بۆش دەبێ

### هەشت

الف کژ کاف و نونش سر به ور کرد[1]
همش هامان[2] گهان او لاجور[3] کرد
آ[4]کش ادآفری[5] گردون گردان
آنش ادسات[6] و من انداجه ور کرد[7]

ئەلف کەژ کاف و نونەش سەر بە وەر کەرد
هەمەش هامان گیهان ئو لاجوەر کەرد
ئا کەش ئەدئافری گەردونێ گەردان
ئانەش ئەدسات و مەن ئەنداجە وەر کەرد

### سۆرانی

ئەلف کاتێ له کاف و نوون عەیان بوو*
له سۆنگەی ئەو جیهان پڕ ئەرخەوان بوو
که گەردوونی گەڕۆکی ئەو بنیاتنا
ئەمن ڕوانەر** ئەویش وەستای جیهان بوو

*: ئیشاره به ڕیوایەتی تەوراتی ـ قورعانی یە سەبارەت بە ئافرانی هەبووگ کە خودا گوتی: «ببە (کن)، ئینجا ببوو (کان)»[ماموستا بەهار].

** [نووسەر لە ماناکردنەوەی ئەو دێڕەدا نووسیویە: آن را(جهان را) او فرو ساخت و من اندازه بر کردم (من برانداز ـ نطاره ـ کردم)، کە لە ژێرنووسەکەیدا دەڵێ: مانای نێو کەوانەکە ئی مورتەزای سەڕرافە. منیش ئەوم لەبەرچاو گرتووە. هێرش]

**نۆ**

بشم به الوند دامـــان مـــو[1] نشـــــانم
دامن اژ هر دو گـــیـــــتی هاوشـــانم[2]
نشـــانم توله[3] و مـــــــویم بـه زاری
بی کــــه بلبل هنی وا[4] ول نشـــــانم

بشـــۆم بەلوەند دامـــان مـــو نیـــشـــانۆم
دامـــەن ئەژ هەر دو گـــیـــتی هاوەشـــانۆم
نیـــشـــانۆم تولە و مـــویۆم بە زاری
بێ کـــە بێلبـــێل هەنی بە وێل نیـــشـــانۆم

**سۆرانی**

بڕۆم، داوێنی ئەلوەند جێ نیـــشـــانم
بشـــۆم داوێن لە ئی هەر دوو جـــیـــهـــانم
نـەمــــــــام بڕوێنم و بگریم بە زاری
هەتا ژوانگەی گـــوڵ و بولبـــول بڕوانم

**دە**

از[1] آن اســـپـــیـــده بازم همـــدانی
ای[2] تنهـــایی کـــرم نیـــچـــروانی
همـــه به من ودیرن[3] چرخ و شـــاهین
به نام من کـــرن نچـــیـــروانی

ئەز ئان ئەســـپـــیـــدە بازۆم هەممەدانی
ئی تەنهـــایی کـــەرۆم نێـــچـــیـــرەوانی
هەمـــە بە ممەن وێدیرەن چەرخ و شـــاهین
بە نامێ مـــەن کـــەرەن نێـــچـــیـــرەوانی*

* ئەو چوارینە لە دیوانی بابەتاهیردا بەم جۆرەیە[ماموستا بەهار]:

مـــو آن اســـپـــیـــده بازم همـــدانی
لاله(لانه) در کـــــوەدارم نـهـــــانی
بەبال خـــود پرم کـــوهان به کـــوهان
به چنگ خـــود کـــرم نجـــیـــربانی

**سۆرانی**

من ئەو ئەســـپـــیـــدە بازەم هەممەدانی
کـــە تەنیـــا خـــۆم دەکـــەم نێـــچـــیـــرەوانی
لە ژێر فـــەرمـــانی من دان چەرخ و شـــاهین
بە نێـــوی من دەکـــەن نێـــچـــیـــرەوانی*

* ئاغای دوکتور جەوادی برومەند بڕگەیەکی لە کتێبی *فردوس المرشدیه فی اسرار الصمدیه*، دانانی مەحموودی بنی عوسمان(تهران ۱۳۳۳، صفحه۳۲٦) بە نووسەر[بەهار] لوتف کرد کە دەربڕینێکە سەبارەت بە بازی هەمـەدانی و ئەوە دەگـەیێنێ کـە مـەبەسـتی بابەتاهیـر لە بازی هەمەدانی مەعنای عیرفانی بووە:

«... کە ئەو شوێنە[خانەقایە] ڕاگوزاری بازگەلی سپی یە؛ تۆ دابنیشە و داودابنێوە، هاکا کە ڕۆژێک بازی سپی دە داوی تۆ بکەوێ و بە بەرکەتی وی تۆو قەومی تۆ ڕزگارییان ببێ، ڕۆژی قیامەت.»[ماموستا بەهار]

**لێکدانەوەی واژەکان:**

**یەک**

١) az [ئەژ]: از [لە].

٢)ōnehē [ئوونهی]: دابینێی، داپپۆشی، پێشگری فێعلی ō [ئوو] لە ئێرانیی کۆن avā بە مانای «بر»[بەر] وەرگیراوە.

٣) karē [کەری]: بچەقێنی، بڕوێنی.

٤)vānoşa [وانوشـه]: وەنەوشـە، بنەوشـە. ئێـرانیی نێـوانەی ڕۆژئاوایی:vanafşag[وەنەفشەگ].

٥)vel [ول/vil]: گوڵ. ئاڤێستا: var∂δa، پەهلەوی:vār، فارسیی نێوینی کۆن:vil. ئەو واژەیە لە فـارسـیی نێـوانەدا چووەتەوە سـەر ڕاوێژەکانی دەستەی شیمالی زمانەکانی ڕۆژئاوایی ئێرانیی.

٦) ō [ئوو]: بە. ئێرانیی نێوانەی ڕۆژئاوایی: ō.

٧) rōṇ [ روون]: بەرەو، بۆلای. هەر ئەوەیە کـە لە بەشی دووهەمی واژەگەلی بیرون و درون [دەرەوە و ناوەوە]ی فارسیدا دێ.

٨) karē [کەری]: بیکەی. لە دەستەی شیمالی زمانەکانی ڕۆژئاوایی ئێران، ستاک کاری ئێستای کردن «کر»[کەر]ە نەک «کن»[کون بە مانای بکە، بیکە].

٩)āvaj [ئاواج]: ئاواز.

١٠) yāy[یای]: جێ، جێگە. ئێرانیی نێوانەی ڕۆژئاوایی:gyāg.

١١) baharzē [بەهەرزی]: بهێڵی، لێبگەڕێی. ئاڤێستا: har∂z.

١٢) te [تە]: تۆ. بە هۆی کورتی دەنگی e، لە ڕێنووسدا بە شێوەی ی (= تی) نەهاتووە. [بە پێی ئاوانووسیی ماموستا بەهار ئەو دەنگە بەرانبەر بە کەسرە/ژێری فارسی داندراوە کە لە ڕێنووسی باوی کوردیدا نە (ی)یە و نە (ێ)، بەڵکوو دەکرێ بەو نیشانە یە:(ئـ /i)دەستنیشان بکرێ کە لە ڕێنووسی ستانداردی سۆرانی نایەتە نووسین وەکوو: ژن=jin، گن=gin، گرتن=girtin ـ هێرش]

١٣) vē [وی]: بێ، ببێ. شێوەیەکی دیکە لە bē، لە چاوگەی بوون.

**دوو**

١) zārej [زارج]: کەو. فارسی: زرج [زەرج].

٢) om [ئۆم]: ڕاناوی غەیری کارای یەکەم کەس: بە من، بە هۆی من، لەگەڵ فێعلی تێپەڕی ڕابردوو بەکاردێ و مانای نادیار دەدا بەفێعل: [ئۆم دی]=بەهۆی من بینرا کە مانای ئەسڵی «بینیم/ دیتم»ە.

٣) dî [دی]: دیتی. کورتکراوەی dîd. لە زۆربەی ڕاوێژەکانی ئێرانیی ڕۆژئاواییدا خوازی قرتاندنی پاشۆک بەدیدەکرێ. بۆ کری ڕێزمانیی بڕوانە: دوو ـ ٢.

٤) veda [وێدا]: تۆعمە، شکار، ڕاو(؟)

کورتکرای ودار = viard>vidār، لە dar و پێشگری vi بە مانای «درین».
٥) mōrj [موورج]: مێروو.
٦) adxard [ئەدخەرد]: خواردی، قووتیدا. لەفزی xard لە قەراخ xord بە ڕاوێژی ئازەریش دەبیندرێ. پێشگری فێعلیati>ad، مانای کەماڵ لە کارێک یان ئەوپەڕی شتێک دەگەیێنێ.
٧) dard [دەرد]: هەیبوو. دەست بەکەسێ هەبوون بەمانای یارمەتی خواستن.
dard نێوی بەرکارە لە بری dāşt و وێدەچێ لەگەڵ ppfp.d∂r∂taی ئاڤێستایی پێوەندی هەبێ.
٨) naga:hān [نەگهان]: ناگەهان، لەپڕ.
٩) bāmad [بامەد]: هات، هاتیە. بڕوانە: دوو ـ ١٥.
١٠) vedāri [وێداری]: شکاربوو، ڕاوکراو. بڕوانە: دوو ـ ٤.
١١) ş koşt - [ش کوشت]: ئەو کوشتی. بڕوانە: دوو ـ ٢ و دوو ـ٣.
١٢) dāl [دال]: داڵ، هەڵۆ.
١٣) eç [ئچ]: ئاوێتە لە e نێونجی و ç کە کورتکراوەی çē ە، بەرانبەر بە نیشانەی لکاوی دەستەی جنوبی، گرووپی ئێرانیی ڕۆژئاوایی. لە ئازەری دا زۆر جێگەی واهەیە کە لەو واژەیە بە جێگای نیشانەی لکاو کەڵک وەردەگیرێ، بەڵام لە دەقی بەردەستدا تەنیا هەر ئەو خاڵەم بەرچاو کەوت. پەهلەویی نێوانەی:ĉē.
١٤) vāxard [واخەرد]: خواردیەوە، دیسان خواردی.
١٥) bamad [بەمەد]: هات. madan و āmadan هەردووک مانایەکیان هەیە و لە ئێرانیی نێوانەی ڕۆژئاوایی دەبیندرێ. ١٦) na:çîrvān [نەچیروان]: نێچیروان، ڕاوچی. بەشی یەکەم لە ئەسڵدا nahçîr بووە کە قرتانی h، aی بەرزکردووەتەوە و بووەتە:a.
١٧) dardēn [دەردین]: خەماوی. ئاوێتە لە دەرد و ēn-، وەک غمین [غەمین] لە فارسیدا.
١٨) vadāyēn [وەدئایین]: بەدئایین، دژۆک، بەد خولق.
١٩) bavakd-aş [بەوەکد ـە ش]: بیپێکێ، بیخا. لە چاوگەی av-akandan [ئەوەکەندەن] کە دەنگی یەکەم کەوتووە و anی نێوانیش قرتاوە. aş یش ڕاناوی غەیری کارای سێهەم کەسە.
٢٠) az kār badard [ئەژ کار بەدەرد]: لە کاری کرد، نەیهێشت، بڕوانە: دوو ـ٧.
٢١) voçādast [ووچادەست]: مانا ڕوون نییە. ڕەنگە دەگەڵ چاوگەی کوردی «وچان»بەمانای ئیستراحەت و ئارامگرتن پێوەندی هەبێ. بەوپێیە، ووچادەست بە مانای دەست ناسوودە و ئارامگرتوو، کە خەستە و ماندوو نییە، هاتووە. بڕوانە:کتێبی **فرهنگ مردوخ**، دانانی زانای ناودار حەزرەتی ئایەتوڵڵا ئاقای شێخ محەمەدی مەردوخی کوردستانی. بەرگی دووهەم. چاپی ئەرتەش. لە گیلەکی دا، vājāha-stan [واجاهەستان] بە مانای «بووژانەوە، هەست بە خۆشی کردنەوە» و، vajastan [واجاستەن] بە مانای «وەبەر دڵ کەوتن، جێ کەوتن» هاتووە. بڕوانە: **فرهنگ لغات و اصطلاحات و ضرب المثلهای گیلکی**، گردەوەکۆیی و ڕۆنانی ئەحمەد مەرعەشی، ٢٥٣٥ تهران.
٢٢) vadkara [وەدکارە]: بەدکارە.
٢٣) e [ئێ]: نیشانەی لکاو.
٢٤) karan [کەرەن]: دەکەن. بڕوانە: یەک ـ ٨.

**سێ**

١) yā ke [یا کێ ]: تاکوو، کاتێک کە، پەهلەوانی نێوانەی.
٢) m- [م]: ڕاناوی غەیری کارا، یەکەم کەسی تاک، من.
m dor dî- ، دوڕم دی/بینی.
٣) dor [دور]: دوڕ، گەوهەری دەریایی بەناوبانگ، مرواری.
٤) dî [دی]: کورتکراوی dîd، نێوی بەرکار لە دیتن/بینین. بڕوانە: سێ ـ٢.
٥) hanî [هەنی]: هەنوو، هێشتا. بۆ مانا جۆراوجۆرەکانی هەنی لە ڕاوێژگەلی کوردیدا، بڕوانە: فرهنگ مردوخ، بەرگی دووهەم.
٦) nabî [نەبی]: نەبوو. bî لە ئێرانی نێوانەی ڕۆژئاوایی: bîd، کە فێعلی ئێستای bēd ە و لە ڕاوێژە نوێیەکاندا بووەتە bē.
٧) m xor dî- [م خۆر دی]: خۆرم دی /بینی.
٨) gahān [گەهان]: جیهان.
٩) rōj>rō [روو>رووج]: ڕۆژ.
١٠) man zad [مەن ژەد]: لێمدا، وەشاندم. بڕوانە: دوو ـ٢ و دوو ـ٧.
١١) da [دە]: دە، لە (ئامرازی لکاو).
واهەیە بە شێوەی dar [دەر]یش بەرچاو بکەوێ. دە ئازەرییشدا da یە.

**چوار**

١) بڕوانە: سێ ـ ١.
٢) m dam mēzad- [م دەم میژەد]: دەمم لێکدەدا، قسەم دەکرد، دەپەیڤیم. بڕوانە: دوو ـ ٢ و دوو ـ ٣.
٣) az [ئەز]: من، ئەمن. لە حاڵەتی کارادا. ئاڤێستا: az∂m.
٤) na xōn-om kard [نە خون ـ ۆم کەرد]: خوێنم نەکردووە، خوێنم نەڕشتووە/کەسم نەکوشتووە. بڕوانە: دوو ـ ٢ و دوو ـ٣.
٥) na-m rāh-ē zad [نە ـ م راهی ژەد]: نە ڕێم لێداوە، ڕێگریم نەکردووە. بڕوانە: دوو ـ ٢ و دوو ـ ٣. ڕەنگە m- بە مانای دیسان، هەم /یش بێ و ڕاناوی غەیری کارا، سەبارەت بە بەشی چواری ـ ٤ ئەوەش بگرێتەوە.

**پێنج**

١) بڕوانە: یەک ـ ١٣.
٢) بڕوانە: سێ ـ ٩.
٣) varāyom [وەرئایۆم]: دێم و دەڕۆم، دەگەڕێم.
٤) şō [شوو]: شەو.
٥) va [وە]: بە.

**شەش**

١) بڕوانە: چوار ـ١ و سێ ـ ١.
٢) iznāve/aznāve [ئەزناوە]: ناوچەیەک لە ناوچەکانی هەمەدان. بڕوانە: برهان قاطع، بەرگی یەکەم.
٣) katēm [کەتیم]: کەوتووم. لە kaftan [کەفتەن] بە پشت بەستن بە ēm-.

٤) xōn-om adxord [خون ـ ۆم ئەدخورد]: خوێنم هەڵقوڕاندووە/ خواردووەتەوە. بڕوانە: دوو ـ٢، دوو ـ ٣ و دوو ـ ٦.
٥) nayāyā [نەیایا]: نەیا، وەجهی ئیلتزامیی مەنفی، بە مانای داهاتوو، سێهەم کەسی تاک.
٦) az xo be bāre [ئەژ خۆ بی بارە]: لە خۆ بێخۆ، لە حاڵی خۆ چوون.
٧) varlāva [وەرلاوە]: مانا ڕوون نییە. واژەی lāva مانای سێلاو، ئاگر، گریان و زاری دەدا، ڕەنگە «گرە مەشقەڵ»، یان «قوڵپەی گریان».

حەوت
١) بڕوانە: سێ ـ٢.
٢) barāmān [بەرئامان]: گریان
ئێرانیی نێوانەی ڕۆژئاوایی barāmîdan [بەرامیدان]، گریین.
٣) hāzēd [هەژید]: وەدوای کەون، پێڕەوی بکەن
لە چاوگەی hāxtan/haxtan [هەختەن/هاختان]، فێعلی فەرمان، دووهەم کەسی کۆ. sāmān hāzēd [سامان هاژید]، ڕاوەستن، سەبربکەن.
٤) J-ēnān [ج ـ ینان]، سووککراوی aj ēnān، لەوانە، دەنگەکانی j و z و جاروباش ş لە دەستەی شیمالی، گرووپی ئێرانیی ڕۆژئاوایی دەبنە جێنشینی یەکتر. بڕوانە: حەوت ـ٥.
٥) z [ژ]: لە. سووککراوی az. بڕوانە: حەوت ـ٤.

هەشت
١) var [وەر]: لەسەر، سەروو، سەرەوە.
٢) hāmān [هامان]: مانا ناڕوون، ڕەنگە کۆی hām، هەموو.
٣) lājvar [لاجوەر]: سووککراوی لاجوەرد.
٤) ā [ئا]: کاتێک، چون، چونکە.
٥) ad'āfraî [ئەدئافری]: دای ئافراند، دایخوڵقاند، دایهێنا. سووککراوی ad'āfraîd. بۆ پێشگری ad بڕوانە: دوو ـ٦؛ بۆ کری ڕێزمانیی بڕوانە: دوو ـ٢ و دوو ـ٣.
٥) adsāt [ئەدسات]: تێکیخست، سازی کرد. سووککراوی adsāxt [ئەدساخت]. بۆ پێشگری ad بڕوانە: دوو ـ٦؛ بۆ کری ڕێزمانیی بڕوانە: دوو ـ٢ و دوو ـ٣.
٧) man andāje varkard [مەن ئەنداجە وەرکەرد]: من ئەندازەم دروست کرد، من گەڵاڵەم کرد، پێوانەم کرد. ڕەنگە: بەرەندازم کرد.

نۆ
١) mo [مۆ]: ڕەنگە: خۆ، بەمانای خود. [لە ڕۆربەی چوارینەکانی باباتاهیر دا (مۆ) بە مانای (من/ئەمن) هاتووە ـ هێرش].
٢) hāvaşānom [هاوەشانۆم]: لە avaşāndan [ئەوەشاندەن] بە مانای «ئەفشاندن/ئەوشاندن» [بلاوکردن و پەخشاندن]. داوێن لە شتێک ئەفشاندن بە مانای «تەرکی موتڵەقی قسەکردن» [ڕوووەرگێڕان]. پێشگری «ها» لە ئێرانیی نێوانەی fra بە مانایەکی ئەغلەب ناڕوون دێ.
٣) tūla [تولە]: ئەمام، لق. کوردی: توولە. بڕوانە فرهنگ مردوخ، ب ٢، ڕەنگە دەگەڵ ترکە [tarka= لقی باریکی دار] هاوڕیشە بێ.

٤) vā [وا]؛ لەگەڵ، دەگەڵ، وێڕای.

دە
١) az [ئەز]: من، لە حاڵەتی کارادا.
٢) e [ئێ]: کە. ئێرانیی نێوانەی ڕۆژئاوایی: î/i، کە.
٣) vedēran [وێدیرەن]: تێپەڕن، ڕابرن.

## لێکدانەوەی گشتیی دەق

ئەو بیست و پێنج دێڕەی وەپاڵدراو بە بابەتاهیری عوریان لە باری قاعیدەگەلی شێعریشەوە شیاوی لێکدانەوەیە و ئەەیکە جاری وایە ئوسوڵی قاعیدە، ئەو جۆرەی کە مامۆستایانی وێژە گوتوویانە، لەو شێعرانەدا لەبەرچاو نەگیراوە. یەکەم دووپاتکردنەوەی یەک قافیەیە. بۆنموونە لە شەش دێڕی بەشی دووهەم دووجار «اژ کار بدرد» [ئەژ کار بەدەرد] دووپات بووەتەوە و واژەیەک کە پێش یەکەمین جەل هاتووە «دال»ە و دووهەمی «ودکرە» هەروەها لەو دێڕانەدا «ادخورد» لەگەڵ «واخورد»بووەتە قافیە.
لە بەشی چوارەمدا، «ژد ای یار» ڕەدیف و «دم می»، «سنگم» و «راهی» بوونەتە جێنشینی قافیە. جاری واشە قافیە بە وردی لەبەرچاو گیراوە، وەکوو دووبەیتیی بەشی شەشەم یا حەوتەم.
پێکگرتنی ئەو دێڕانە لەگەڵ ئەوەیکە لە دیوانی بابەتاهیردا بەچاپ گەیشتووە، دەریدەخا کە جیاوازییەکانیان نێوانی زەوی و ئاسمانە. ئەگەرچی، تەنانەت بەبێ دەسپێڕاگەیشتن بەو نموونە ڕەسەنانە و تەنیا بە زانیارییەکی مامناوەنجی لە زمانشناسیی ئێرانی دەکرا سەرنج بدرێ کە سەرتاسەری دیوانی وەپاڵدراو بە بابەتاهیر ئاڵۆزە. لە دەستدابوونی ئەو نموونە ڕەسەنانە یارمەتی و ئیجازەمان پێدەدا کە دیوانی بابەتاهیری هەمەدانی بە گوێرەی زانیاری زمانەکانی ئێرانی نێوانەی ڕۆژئاوایی و بەتایبەت زمانی پەهلەوانی و قانوونەکانی گۆڕانکاریی ئەم و بەسەرنجدان بە لەهجەگەلی نووسراو یا هەبووی دەررەی ئیسلامیی ڕۆژئاوا ـ باکووری ڕۆژئاوای ئێران دووبارەساغ بکەینەوە و ئەوی لە دەستێوەردانی ئاشکرا کە بە مەبەستی فارسیکردنی ئەو شێعرە ڕاوێژییانە ئەنجام دراوە دوور ڕاگرین. هاکا مەردی مەیدانێک هەنگاو هەڵێنێتەوە.
خاڵێک کە دەبێ سەبارەت بە ئاوانووسی (phonetic) دەق وەبیربخرێتەوە، ئەوەیە کە بە گریمانەیەکی پتەو، هەمووی ān ـ ەکان دەبوایە کرابان بە ūn و، واژەی «بیگانە» بە شکڵی béyāna و کۆیەکەی béyānayan درکابا و چونکە بەڵگەیەکی بە هێز لە دەستدا نەبوو، لەبەرچاو نەگیرا.
لە کۆتایی قسەدا، دەبێ لە هەموو ئەو کەسانەی کە لەو بارەوە یارمەتیان داوم سپاسوێژی بکەم، بەتایبەت لە ئاغایانی مەحموودی مونشی، دوکتور جەوادی برومەند و مورتەزای سەڕڕاف کە هەموو کارەکەیان بە وردی هەڵسەنگاند و ئەمنیان بە گەلێک نوکتە ڕێنوێنی کرد. هیوایە سپاسی من قەبوڵ بکەن.

**سەرچاوە:** جستاری چند در *فرهنگ ایران*، **مهرداد بهار**، تهران، زمستان ١٣٧٣، (ل ٢٦٧-٢٨٠).

# مۆسیقای کوردیی و فەرهەنگی کوردەکان

*نووسەر: ئایاکو تاتسومۆرا (زانستگای میللی مۆسیقا و هونەرە جوانەکانی تۆکیۆ)*

*وەرگێرانەوە لە زمانی فارسی: س. چ. هێرش*

لە ساڵی 1975، ئەو گروپە (دووهەمین گروپی توێژینەوە لە مۆسیقاناسیی ئێتنیکی لە ئێران و تورکیا) دەستی بە لێکۆڵینەوەیەکی خۆجێیی لە سەر مۆسیقای ئەو کوردانە کرد کە لە ئازەربایجانی ئێراندا دەژین. مۆسیقای کوردەکان، لە بەراورد دەگەڵ مۆسیقای دانیشتووانی دیکەی ناوچە، بەتەواوی جیاوازە. تەواوی ئەو ئاهەنگانەی کە لە گوندەکان کۆکراونەتەوە، شکڵی دژەدەنگیی وغەیرەدەنگی (ئانتی فۆناڵ)[1]یان هەیە کە دەکرێ لە نەریتی مۆسیقای کوردیدا بە گرینگ لەقەڵەم بدرێ. ئاهەنگە سازکراوەکانی مۆسیقارە نیوەپسپۆڕەکان کە لە شارەکاندا ئاستەکراون، زۆرتر بە هۆی کر(نەخشی)ی مێلۆدییەکەیان دیاری دەکرێن. ئەوە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر مۆسیقا و فەرهەنگی کوردەکان و، مەبەستیش شیکردنەوە و تێگەیشتنی مانا و هەستی ئاهەنگینی مۆسیقایە، کە لە فەرهەنگدا وەک گشتێک و لە مۆسیقادا وەک دیاردەیەکی دەنگیی شوێن دادەنێ. ڕوانگەی توێژینەوە تا ئێستە توێژینەوە لەمەڕ کورد و مۆسیقا بە دوو شێوە ڕاپەڕێندراوە.

یەکەمیان شێوەیەکی مەردمناسانە(خەڵکناسانە)یە کە لەسەر مۆسیقا و فەرهەنگ وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێدادەگرێ. کەموکورتی ئەو شێوەیە ئەوەیە کە لە مۆسیقا و بایەخەکەی وەک دیاردەیەکی دەنگیی چاوپۆشی دەکا. لەو جێیەڕا کە مۆسیقا بەشێک لە فەرهەنگی خەڵکە، شیکردنەوەی لایەنەکانی دیکەی فەرهەنگیش لە توێژینەوەدا پێویستە. بەڵام ئەگەر مۆسیقا و فەرهەنگ بەبێ شیکردنەوەی «دەنگ|چریکە»، واتە خودی مۆسیقا، بخرێتە ژێر توێژینەوە، ئامراز دەگەڵ مەبەست تێکەڵ کراوە.

دووهەمین شێوە، مۆسیقاناسی‌یە، کە لێکدانەوەی کر(نەخش)ی مۆسیقا لەبەرچاودەگرێ. کەمووکورتی ئەو شێوەیەش ئەوەیە کە مۆسیقا وەک دیاردەیەکی فەرهەنگی نابینێ و حاشای لێدەکا. بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەو شێوەیە لە بنەتادا تەنیا دیاردەی دەنگە، واتە شیکردنەوەی مۆسیقا تا ڕادەی یەک (شت|ئامراز) و، نەک وەک ڕەنگدەرەوەیەکی مرۆیی. ئاشکرایە کە مۆسیقا لە فەرهەنگ یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بەدیدێ و، فامینی وی بەبێ تێگەیشتنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم فەرهەنگە نایەتەدی. لەم شێوەیەشدا لایەنی هەڵە لە نێوان ئامراز و مەبەست لەئارادایە. هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو شێوەیە، بابەتی ئەو باسە نییە. بەڵام بۆ پەرەدانی زۆرتری مۆسیقاناسیی ئێتنیکی، لایەنخوازییەکی نوێ لە توێژینەوەدا پێویستە. لایەنخوازییەک کە بتوانێ هەردووک شێوە ئاوێتە بکا و تێگەیشتنێک لە چەمکی جوانیناسانە و بایەخی مۆسیقا بەدەستەوەبدا. شتێک کە لە توێژینەوەکانی پێشتر لە ئارادا نەبووە. ئەم لایەنخوازییە نوێیە لە توێژینەوەدا، دەبێ لە سەر کۆڵەکەی ناخ و ڕێککەوتووی نێوان ڕشتەگەلی مۆسیقاناسیی، خەڵکناسیی، کۆمەڵناسی و جوانیناسی دابمەزرێ. ڕەنگە شێوەی ئاهەنگناسانە(جوانیناسانە)، دەرخەری ئەم لایەنخوازییە نوێیە بێ. لێرەدا، واژەی ئاهەنگ بە مانا تەسکەکەی واتە ئاهەنگی مۆسیقا نییە، بەڵکە چەمکێکی هەراوتر و وەک «ڕێکیی حەڕەکەتەکان»ە. هەر بەمجۆرەی کە ئەفلاتوون لە کتێبی قانوون دا، دەریبڕیوە. یەکەم، لە هەر فەرهەنگێکدا ئاهەنگێکی

سروشتی لە ئارادایە کە لە سەر بناغەی گۆڕانی وەرزانە لە دەوروبەردا ڕاوەستاوە. ئاشکرایە کە ئاهەنگی سروشتی لە ناوچە دەشتاییەکان دەگەڵ ئاهەنگی ناوچە گەرم و پڕبارانییەکان و، یان دەگەڵ ئاهەنگی سەرزەوی فێنکی خاوەنی چوار وەرز، تەواو جیاواز و نالێکن. دووهەم، لە هەر فەرهەنگێکدا «ئاهەنگێکی کۆمەڵایەتی» لەئارادایە کە لە ڕێکیی حەڕەکەتە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەدا تەئسیر وەردەگریٚ؛ وەک حەڕەکەت لە سازمانی ئابوور، کۆمەڵگە، سیاسەت، مەزهەب و زمان. زمان بەتایبەت، ماکەیەکی گرینگ لە کری «ئاهەنگی کۆمەڵایەتی» پێکدێنیٚ، کە بە شێوەیەکی پتەو دەگەڵ چەمکی مۆسیقای ئاهەنگ تێکەڵاوی هەیە. سێهەم، هەستێکە کە لە دەنگە پەتییەکان، نەزمێکی مۆسیقایی پێکدیٚ؛ یان هەستێک کە ماکەچاوییەکان بۆ ئافراندنی بەرهەمە هونەرییەکان، دەخاتە ژێر نەزمێکی شازەوە. ئەو هەستە لە سەر ئەستوندەگی ئاهەنگەکانی سروشتی و کۆمەڵایەتی پەرەی گرتووە و لێرەدا عینوانی «هەستی ئاهەنگی هونەری» پێدەدریٚ. بەڵام ئەوە بەم مانایە نییە کە هەر دەربڕینێکی هونەری، بە هۆی دەوروبەرەکەی دیاری دەکریٚ. «هەستی ئاهەنگی هونەری» کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، شازێتی باش و داهێنەرانەی هەیە و تەنیا ملکەچی ئاهەنگی سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی نییە. کەچی دەربڕینی هونەری پێوەندی بە لایەنخوازیی تاک نیسبەت بە کۆمەڵگاوە هەیە. شێوەی ژیان، شێوەی چالاکییە هونەرییەکان و یان شێوەی بیرکردنەوەی تاک، گرینگترین ماکەگەلی داهێنانی هونەرین بەتایبەت لە کومەڵگای نوێدا.

هەروەها دەبیٚ سەرنج بدریٚ کە ئەم هەستە، بە پێی گۆڕانکارییەک کە لە ئاهەنگی حەڕەکەتی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدەن، دەگوڕدریٚ. گۆڕانکاریی مێژوویی یان نەبوونی لە ئاهەنگی کۆمەڵایەتیدا، ماکەیەکی سەرەکی یە لە شکڵگرتنی هەستی حەڕەکەت (ئاهەنگ)ی هونەری لە فەرهەنگێکدا. بەڵام زەمانێک کە هەستی ئاهەنگێکی هونەریی تایبەت لە کۆمەڵگادا شکڵ دەگریٚ، بە گەلێک شێوە تووشی ئاڵوگۆڕێکی دیکە دەبیٚ و، تاڕادەیەکی زۆر لە گۆڕانکارییەکانی ئاهەنگی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا سەربەخۆ دەمێنێتەوە. بەگشتی، وەختاییەک تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای خەڵکێک دێتە بەرباس، پشت بەم لایەنە نەگۆڕانەی فەرهەنگی ئەو گەلە دەبەستریٚ. لە ڕاستیدا، دەتوانریٚ بۆنموونە ئیشارە بە خەڵکانێک بکریٚ، کە زمانی سەرەکیی خۆیان لە دەست داوە، کەچی تایبەتمەندیی مۆسیقای خۆیان پاراستووە.1) توێژینەوەیەک کە ئەم شێوە (هەستی ئاهەنگی هونەری)یە پێڕەوی دەکا دەبیٚ پاڵووە بگۆڕ و لە گۆڕاننەهاتووەکانی فەرهەنگ لەبەرچاوبگریٚ. لە ڕوانگەی ئەم شێوەیە، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان هەستی ئاهەنگی هونەریی مەڕدارە موسوڵمانەکانی سەرزەوییە ویشکەکان و، برینجکارە بودایەکانی ناوچە گەرم و شێدارەکاندا هەیە و، ئەم جیاوازییە لە بنەتادا نالێکیی بووالّەت لە کر(نەخش)ی مۆسیقای ئەو دوو فەرهەنگەدا دیاری دەکا. ڕابیتەی سەرەکیی نێوان لێکۆڵینەوە لەمەڕ فەرهەنگ بە شێوەی گشتی و، توێژینەوە لە مۆسیقا وەک دیاردەیەکی تایبەتی بە دوو ڕێگا پێکدیٚ: لە ڕێگای شیکردنەوەی هەستی ئاهەنگداریی خەڵکێک، کە دە سەرجەمی فەرهەنگێکدا شوێن دادەنیٚ و، هاوڕیٚ دەگەڵ ئەم، لە ڕێگای شیکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی مێژوویی دە ڕەوتی پەرەگرتن و پەرەسەندنی ئەو هەستەدا، ئێمەش، دە شیکردنەوەی مۆسیقای کوردیدا ئەم شێوەیە دەگرینە پێش. هەرچەند لە درێژەی لێکۆڵینەوەی خۆجێییدا، کوردەکان بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکەمان نەبوون؛ چونکە گرتنی ئیجازە بۆ مانەوەی درێژخایەن لە گوندێکی کوردنشیندا ئیمکانی نەبوو. کەوابوو زانیارییە کۆکراوەکان بە ڕادەیەک نین کە بۆ تەکمیلّی توێژینەوەیەک یارمەتیمان بدەن. لە توێی ئەم ماوەیەدا مەنتەقەی کرماشان لە ئێران

و مەنتەقەی تورکیای ڕۆژهەڵاتیش نەخرانە بەر چاوپێکەوتن. دەگەڵ ئەوەدا، ئاشکرایە کە کوردەکان مۆسیقای شازی خۆیان هەیە و بابەتێکی عەنتیکە بۆ لیکۆڵینەوەی زیاتر لە ڕشتەی «خەڵک و مۆسیقا»دا پێکدێنن. سەرەڕای کەموکووڕیی توێژینەوەکان، بەشێک لە ئاکامەکان، بۆ یارمەتی گەیاندنی لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو، لە ژێرەوە دەخرێنەڕوو. بەشی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوە لە شاری مەهاباد ئەنجام درا. 2) لێکدانەوەی مۆسیقای کوردیی ئاکامگەلی توێژینەوەی خۆجێیی ئێمە لەمەڕ مۆسیقای کوردیی دەکرێ بە شکڵی ژێرەوە ڕیزبەندی بکرێ: 1- ئاوازە یەکدەنگییەکانی نیوە چادرنشینەکان (نیوە هەوارچییەکان)؛ 2- ئاوازە دژەدەنگییەکان (ئانتی فۆنال)[2] هاورێ دەگەڵ هەڵپەڕکێ کە لە گوندەکان ئاستەکرا؛ 3- مۆسیقای ژەنەرە نیوەپسپۆڕەکان، کە لە شاری مهاباد ئاستەکرا؛ 4- بانگدان و قورعانخوێنیی. ئەوەی کە لە خوارەوە دێ، لێکدانەوەیەکی پوختە لە مۆسیقای نامەزهەبی (سێکۆلار)[3]، بەتایبەت خاڵەکانی1و2 و 3 یە. مۆسیقای مەزهەبی، بەتایبەت بانگدان و قورعانخوێنیی لێرەدا ناخرێتە بەرباس. 1 ـ ئاوازە یەکدەنگییەکانی نیوە چادرنشینەکان: ئەو ئاوازانە لە دوو چادر(تاوڵ)دا، لە نزیکی شاری مەهاباد (یەکیان لە پازدە کیلۆمیتر و ئەویتر لە دە کیلۆمیتریی شار) ئاستەکراون. چادرنشینەکان تازە لە کوێستان(هەوار)ڕا گەڕاونەتەوە ئاران(دەشت)، تا گیرۆدەی سەرمای سەرەتای زستان لە کوێستان نەبن. ئەم ئاوازە یەکدەنگییە ساکارانە، ئی منداڵی مەڕدار (هەوارچی)ەکانن. ئەم ئاوازانە دەگەڵ سازێک هاوڕێیی نەدەکران. ڕیتمی ئەو ئاوازانە ٥٣ و ٦٣ن،وێڕای لێدانی ئامال خێرا و دەنگی بەم. لە مهابادیش مۆسیقای لێدراو دەگەل شمشاڵ، ئاستەکراوە، ئەم سازە لە ئەسڵدا فلووت (بلوێر)ی شوانان و لە هەمان ئامێری نەی فارسی یە. سازێک کە دەنگەکەی ئاستەکراوە لە لوولەئاسنێکی نادیاری بەدەست سازکراو بوو کە کاتی لێدان بە شێوەیەکی قیلەوقانج ڕایاندەگرت. دەنگی شەمشاڵ زۆر ویشک و کڕەکە. 2 ـ ئاوازە دژەدەنگییەکانی گوندەکان: گوندەکانی دەوروبەری ورمێ، کە دانیشتوانەکەی، ئازەریی، هەرمەنیی، ئاسۆریی و کوردن، خرانە بەر چاوپێکەوتن. تەواوی ئەو گوندانە، بێژگە لە گوندە کوردنشینەکان، مۆسیقای وێکچوویان هەیە، کە بە دەهۆڵ و زوڕنا لێدەدرێ (دەژەندرێ). تەنیا کوردەکان مۆسیقای جیاوازیان هەیە؛ جۆرێک ئاوازی دژەدەنگیی کە پێشتر بە هۆی کریستێنسن[4] زانای ئێرانناس لە سەری نووسراوە. 2- لەم ناوەدا دوو گوندی سیلوانا و ئانبی، هەڵکەوتوو لە ٥٠ کیلۆمیتریی باکووری ڕۆژئاوای ورمێ لە داوێنی زنجیرەچیای زاگرۆسیش، خرانە بەر چاوپێکەوتن. بە هۆی نزیکی ئەو گوندانە لە سنووری ئێران و عێراق{تورکیا}، ئەم ناوچەیە بە وردی لە لایەن ژاندارمەرییەوە کۆنترۆڵ دەکرا. دەگەڵ ئەوەش، دانیشتووانی کوردی ئەو گوندانە، ڕەفتارێکی زۆر دۆستانەیان هەبوو، وە توانیمان لەم وەختە کەمەی بۆ توێژینەوە هەمانبوو، زۆرترین کەڵک وەربگرین. بە گوێرەی زانیارییەکانی کوێخای گوند، دێی سیلوانا نزیکەی ٧٠٠ کەس ئاپۆرە، ٨٠ خێزان و فێرگەیەکی سەرەتایی هەیە. ئاپۆرەی گوندی ئانبی ١٠٠٠ کەس، وێڕای ١٠٠ خێزان و فێرگەیەکی سەرەتایی. حاسڵاتی ئەو گوندانە، گەنم، گوێز، شووتی و تەڕەکارین. خەڵکی ئەو دوو گوندە مەڕ و ماڵاتیش بەخێو دەکەن. چڕینی ئاوازە دژەدەنگییەکانی ئێرە ئاوایە: سەرەتا پیاوێک دەست بە گوتنەوەی مێلۆدییەک دەکا، کە لە دوو یان چوار بەیت (دێڕەشێعر)ی سادە دروست بووە کە ئاهەنگ (هەوا)ی ئاوازەکە پێکدێنێ. ئەو مێلۆدییە چەند جار و تەقریبەن هەمیشە لە چوارچێوەی وەستانێکی ٤ەی زەربی دووپاتدەکرێتەوە. وەختایێەک هەوای سەرەکی ئاواز، واتە ئەو دێڕەشێعرە ساکارانە چەند جار دووپاتکرانەوە و، کاتێک

گوتنەوەی ئەو شێعرانە بە شێوەی جۆراوجۆر پاشبەندێکیان پێکهێنا، مرۆڤێکی دیکە دەست بەگوتنەوەی دەکا و دەگەڵ ئاخرین دێڕ(ڕستە)ی ئاوازی کەسی یەکەم هاودەنگی دەکا (دەیڵێتەوە). سەرەڕای ئەوە، ئاوازێکی دیکەی هەر لەم چەشنەش، کە بە هۆی منداڵان، کچێک و کوڕێکەوە گوترا، ئاستەکرا. ئەو ئاوازە بەپێچەوانەی ساکارییەکەی، کر(نەخش)ێکی وێچووی لە چەشنی ئاوازەکانی دیکە هەبوو. ئەوە نیشان دەدا کە ئەم شکڵە لە ئاوازدا، لە مۆسیقای سوننەتیی کوردیدا بەقووڵی ڕیشەی داکوتاوە، شکڵی دژەدەنگیی مۆسیقای کوردی لە ئاوازە حیماسییەکاندا بەرچاوە. ئەو ئاوازانە لە مۆسیقای سوننەتیی کوردیدا زۆر دەبیندرێن.3) کوردەکان زیاتر لە ٢٨ جۆری هەڵپەڕکێیان هەیە، کە هەرکام ڕیتم و حەرەکەتی جیاوازیان هەیە. لەوانە، هەڵپەڕکێی سێپێیی، کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا هەر لە شوێنی خۆی ئاستەکرا. ئەو هەڵپەڕینە بریتی‌یە لە حەرەکەتێک دە سێ هەنگاوی بەکاوەخۆدا. هەڵپەڕکێکاران دە سووڕانێکی نیوبازنەییدا و لە حاڵێکدا دەستیان دە دستی یەک ناوە، هەنگاو هەڵدەگرن {هەڵدەپەڕن}. شێخانی هەڵپەڕینێکی دیکەیە، کە لە حەرەکەتی خێرا و هەڵبەز پێکهاتووە. هەڵپەڕکێیەکانی کوردیی ئەغڵەب زۆر زیندوو و پڕ جووڵەن. هەڵپەڕکێ دە نەریتی کوردەواریدا شوێنێکی گرینگی هەیە. 3 ـ مۆسیقای ژەنەرە نیوە کارامەییەکان: ئەو مۆسیقایەی لە شاری مهاباد ئاستەکراوە، مۆسیقای ژەنەرە نیوە پسپۆڕەکانە و تاڕادەیەکیش هونەرمەندانەیە. ئەو ژەنەرانە ئەغڵەب گرووپێکی سێ کەسیی پێکدێنن: گۆرانیبێژ(ئاوازخوێن)، ژەنەری سازی فووتێکەر و تەپڵێدەر. ئەو گرووپانە، ئەغڵەب لە زەماوەند و میوانداریییەکاندا بەشدار دەبن. ئەوانە کەسانێکی چاونەترسن و لە کاری خۆیاندا لە تێکنیکێکی بەرز کەڵک وەردەگرن. مێلۆدییەکانی ئەو ژەنەرە نیوەپسپۆڕانە، لە هەمان جۆری مۆسیقای گوندی یە، کە پەرەگرتنێکی زیاتری بەخۆیەوە دیوە. بەڵام لە درێژەی لیکۆڵینەوەکەمان لەم شوێنەدا، جۆری ئاوازی یەکدەنگیی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، دەو شێوەیەدا نەبیندرا. گۆرانیبێژ نەخشێکی سەرەکی دە دەربڕینی مۆسیقای نیوەپسپۆڕەکاندا دەگێڕێ. ئاوازخوێن بەبێ ئەوەی ساز(ئامێر)ێک بژەنێ، گۆرانی دەڵێ و، ئەغڵەب ڕێبەری گرووپەکەیە. شێوەی دەربڕینی ئاهەنگ، ساکار و بایەخدار و جیاواز لە شێوەی گنینی عەرەبی یە.4) زەقترین تایبەتمەندییەکانی ئاهەنگە کوردییەکان، مێلۆدی و گاوەکانێتی کە گوێرەی شازێتییەکی جیاوازیی مۆسیقای کوردی دەردەخەن. مێلۆدی ئاهەنگە کوردییەکان، دەکرێ بە چوارچێوەیەک بە مەوداگەلی ٣ء ڕیزبەندی بکرێن. ئا: ئەو مێلۆدییانەی کە لە سەر پایەی مەودای یەک لە سێی مینۆڕ دە« نۆتی ڕێ»دا (نۆتی پایەی گاو کە ئەساسی مەودا دە گاودایە) حەرەکەت دەکەن. (ئەم مینۆرە دەبەرگری ماژۆڕێکی دووهەمی ژێروو و مینۆڕێکی دووهەمی سەروویە)، (١٦ بڕگە). بێ: ئەو مێلۆدییانەی کە لە سەر پایەی مەودای یەک لە سێی ماژۆڕ دە (نۆتی ڕێ)دا حەرەکەت دەکەن. (ئەم ماژۆڕی سێهەمە دەبەرگری دوو دووهەمەکانی ماژۆڕە کە لەلای یەک داندراون)، (١٠ بڕگە). پێ: ئەو مێلۆدییانەی کە لە سەر پایەی مەودای یەک لە سێی مینۆڕ حەرەکەت دەکەن، کە لە مینۆڕێکی دووهەمی ژێروو و ماژۆڕێکی سەروو پێکهاتوون، (٢ بڕگە). تەنیا ئاوێتەبوونی ئەو سێ نۆتەیە بەسە بۆ ئەوەیکە بڕگەیەک سازبکرێ و، ژمارەی نۆتگەلی پێکهێنەری بڕگە لە ٦ نۆت زیاترە. حەرەکەتی مێلۆدییەکان گاو بە گاوە و بازەکانیان تەقریبەن هەمیشە دە مەودایەکی یەک لە چواردا بەدیدێن. بەکورتی، لە ٢٨ بڕگە کە کۆمانکردبۆوە، ١٦ بڕگە بە ڕوونی گاوگەلی وەکوو گاوی مینۆڕیان هەبوو. دە گرووپی (بێ)دا ١٠ بڕگە بە دەستەوەیە. ئەگەرچی ٨ بڕگە گاوگەلی وەکوو گاوی ماژۆڕیان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا خاوەنی

دەنگێکی وەکوو گاوی مینۆڕن. چونکە لە ژەنینی ئەو ٨ بڕگەیەدا، نۆتگەلی (دۆ ـ میی) ئەغڵەب دەردەکەون، بەلام نۆتی (سۆل) بەدەگمەن ئەوهایە. لە ئاکامدا هاوئاهەنگیی نۆتەکانی ماژۆڕ بە ڕوونی هەست پێناکرێن و، هەستی بەدەستهاتوو زۆر لەم هەستەوە نزیکە کە لە مێلۆدییەکانی گرووپی (ئا)دا بەدەست هاتووە و بە هاسانی دەگەڵ یەک تێکەڵ دەبن. دوو بڕگەی گرووپی (بێ) خاوەنی مێلۆدیگەلێکن کە بە نۆتی (ڕێ) خەتم دەبن و هەمان حاڵەتی مێلۆدییەکانی گرووپی (ئا)یان هەیە. مێلۆدییەکانی گرووپی (پێ) لە سێ نۆتی سادە و تیکراری پێکدێن. جاریوایە ئەو مێلۆدییانە خاوەنی نۆتی(دۆ)ن و دەکرێ لەم حاڵەتەدا دە گرووپی (بێ)دا دابندرێن. دەگەڵ ئەوەش، نۆتگەلی (سۆل، فا، میی) دەتوانن ببنە جێنشینی نۆتگەلی (ڕێ، دۆ، سیی) دە بەشێک لە گاوی (ئا)دا. کەوابوو دەتوانرێ ئەوان دە گرووپی (ئا)دا وەک گشتێک جێ بدرێن. بە شێوەیەکی پوخت، دەتوانرێ دوو گرووپی (بێ) و (پێ) وەکوو بەشێک لە گرووپی (ئا) لەقەڵەم بدرێن. دەکرێ بڵێین کە مۆسیقای کوردی دە ئەسڵدا خاوەنی گاوێکی سروشتیی مینۆڕی دەبەرگری: (سۆل، میی، ڕێ، دۆ، سیی، لا)یە. لە زۆربەی بواراندا بەرنۆتی (لا)یان هەیە و، مێلۆدییەکان لە سەر پایەی مەوداگەلی مینۆڕێکی سێهەم بنیاتنراون. هێندێک جاریش، (دۆ) دەبێتە بەر نۆتە و، مێلۆدییەکان لە سەر ئەساسی ماژۆڕێکی سێهەم دامەزراون. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە کر(نەخش)ی مۆسیقای کوردیی لایەنخوازییەکی ئاوای هەیە، ئەگەرچی بەڵگەی بەدەستەوەبوو بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە بەس نییە. دە سیستمی مۆسیقای ڕەسەنیی ئێرانیدا، گۆشەیەک هەیە کە لە دەستگای شووردا بە بەیاتی کورد ناسراوە، کە سەرچاوەی کوردیی ئەم بڕگەیە دەردەخا. ئەم گۆشەیە، گاوێکی وەکوو گاوگەلی سەرەوەی هەیە. لە تورکیا و عێراقیش مەقامگەلێک هەن کە نێوەکانیان سەرچاوەی کوردیی ئەوان نیشان دەدا. لێرەدا مەسەلەی پێوەندیی نێوان مۆسیقای سوننەتیی کوردی و مۆسیقای ڕەسەن و پێچەڵپێچ دێتەگۆڕێ. نۆتگەلی یەک لە چوار دە مۆسیقای ژەنەرانی نیوەپسپۆڕدا نەبینرا. بەڵام دە گاوگەلی مۆسیقای کلاسیکدا کە سەرچاوەی کوردییان هەیە، ئەم نۆتگەلە، جارجار وەک گاوەکانی دیکە کەڵکیان لێوەردەگیرێ. واوێدەچێ کە دە ڕەوتی گۆڕانکاریی مۆسیقای خۆجێیی بەرەو مۆسیقای پەرەگرتووی بارەگایی (دەرباری ـ ڕەسمی)دا، نۆتگەلی یەک لە چوار، لە ژێر کاریگەریی مۆسیقای نەتەوەکانی دیکەوە هاتبێتە ناو سیستمی مۆسیقای کوردییەوە. یا ئەوەیکە، ئەو شتەی تەنیا بە شێوەی لایەنخوازییەک دە مۆسیقای کوردیدا لەئارادا هەبووە، ئێستە بەهۆی ژەنەرانی پسپۆڕ جەختی لەسەرکراوە و دە پرۆسەی هەوڵەکانیاندا لەپێناو دەستپێڕاگەیشتن بە مۆسیقایەکی ناسکتر، گۆڕانی بەسەرداهاتووە. دەگەڵ ئەوەشدا، پێوەندیی نێوان مۆسیقای خۆجێیی و مۆسیقای ڕەسەن(کلاسیک)ی میللی لە هەرێمی ئاسیای ڕۆژئاوا مەسەلەیەکی عەنتیکەیە بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو. مۆسیقای کوردیی، بەهۆی مێلۆدییە سروشتییەکان، گاوی وەکوو مینۆڕ و ڕیتمی هەژێنەر و ئاوازبێژیی دەروشاوە، حاڵەتێکی تایبەت پێکدێنێ، کە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پڕ لە هەژان و تەژی لە خەم و پەژارەیە. بۆیە دەگوترێ کە هەر ئەم حاڵەتە تایبەتیەشە ئەغڵەب سەرنجی جیهانگەڕە هەندەرییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەگوێرەی قسەی بۆیس° ، ئەم جیهانگەڕەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی کوردستانی کرد: «ئاهەنگە کوردییەکان بە زیل و بەمێکی ئاماڵ ڕێکوپێک و دەربڕینێکی تەواو خەماویی دیاری دەکرێن. ناکرێ بیربکرێتەوە کە چلۆن هەستگەلێک کە بەدیهێنەری ئەم چەشنە ئاهەنگانەیە لە ناو قەبیلەگەلێک سەریهەڵداوە کە تەنیا لە ڕێگای زەبروزەنگ و تاڵان خۆیان بە ئێمە ناساندووە».5)

مۆسیقای کوردی زۆرتر لە ڕێگای مێلۆدی خەماویی دە گاوی سروشتیی لە چەشنی مینۆڕ و، شکڵی دژەدەنگیی و ڕیتمێکی ساکار و بەڵام زیندوو و هەژێنەرەوە دیاری دەکرێ. ئەگەرچی کوردەکان هاتوونەتە سەر دینی ئیسلام، بەڵام سوننەتی مۆسیقای عەرەبی، شوێنێکی وای لە سەر مۆسیقای وان دانەناوە. بێ لەوەش، کوردەکان سەرەڕای سوننی بوونیان، دەگەڵ ئەوە کە ئەهلی تەسەننون خۆئاسایی لەمەڕ مۆسیقاوە لە شیعەکان تەسکخوازترن، بەڵام لە ئازەرییە شیعە مەزهەبەکان ئازادانەتر بە مۆسیقاوە خەریک دەبن. لێرەدا بە سێ مەسەلەی سەرەکی کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرترهەیە، ئاماژە دەکەین: 1 ـ پێوەندیی تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی مۆسیقای کوردی دەگەڵ فەرهەنگی کوردی وەک شتێکی گشتی. 2 ـ پێوەندیی نێوان مۆسیقای کوردی و مۆسیـقای گەلانی دیکە. 3– ئاڵوگۆڕی گریمانەیی دە مۆسیقا و فەرهەنگی کوردیدا. دە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی یەکەم، دەتوانرێ بە هۆکارەکانی ژێرەوە، وەک دیاریدەری تایبەتمەندییە بەرچاوکانی مۆسیقای کوردی، ئیشارە بکرێ. یەکەم، لەمەڕ ڕیتمی سروشتیی مۆسیقای کوردی دەبێ بگوترێ کە سەرزەوی ئەژدادی کوردان، ئەستوندەگی ناوچەی کوێستانی ئاسیای ڕۆژئاوایە و، بەهۆی بارودۆخی دژواری دەوروبەر لە سەدەمەی پەلاماردەران پارێزراوە. دووهەم، دە پێوەندی دەگەڵ ئاهەنگی کۆمەڵایەتیدا، کوردەکان لەئەساسدا چادرنشین(هەوارچی)ن و نیزامێکی عەشیرەتییان هەیە. ڕەنگە ئەو هۆکارانە بتوانن ڕەسەنایەتی مۆسیقای ئەوان دەربڕن. ڕۆشنە کە کارتێکەریی هەندەریش هەبووە، بەڵام ئەو تەئسیرە نەیتوانیوە گۆڕانی سەرەکی لە مۆسیقا و فەرهەنگی کوردیدا بەدیبێنێ. چونکە ناوچەی ژیانی کوردەکان، لەباری جۆغرافیاییەوە زۆر دوورەپەرێزە. واوێدەچێ کە تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئاژەڵداریی و چادرنشینی، هەستی مۆسیقای ڕیتمیک و شازێتی هەژێنەرانەکەی پەرەپێدابێ. هەروەها، وادێتە بەرچاو کە نیزامی عەشیرەیی کۆمەڵگا، هاوکات دەگەڵ هۆکارەکانی سەرەوە، بە پاراستنی شێوەی دەربڕینی ساکار و ئازادی مۆسیقای کوردیان، کۆمەگ کردبێ. لە حاڵێکدا، لە نێوان ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتی ناوەندیکراویان هەیە، مۆسیقا خۆئاسایی بە شێوەی هونەرێکی پاڵاوتە، وەکوو مۆسیقای دەرباری(بارەگایی) دەرکەوتووە. مەسەلەی دووهەم خاوەنی دوو لایەنە: یەکیان بەراوردی مۆسیقای کوردی دەگەڵ مۆسیقای گەلانی دیکەی ئێرانی یە، بەتایبەت فارسەکان و لۆڕەکان کە دەگوترێ دەگەڵ کوردەکان خزمایەتیی مێژوویيان هەیە، وە ئەوی دیکەیان، بەراوردی مۆسیقای کوردی دەگەڵ مۆسیقای سەرزەوییەکانی دیکەیە لە ناوچەیەکی بەربڵاو لە یۆنان و ئوڕووپای ڕۆژەڵاتەوە بگرە تا دەگاتە ئاسیای ناوەندی و ئەفغانستان. چونکە کوردەکان گەلێکی دێرینن و مێژووییەکی درێژیان دە پێوەندی دەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەیە، شیکردنەوەی هەڵسەنگاندنی مۆسیقا و فەرهەنگی ئەوان جێگەی بایەخ پێدانە. مۆسیقای کوردی دەتوانرێ وەک ئاڵقەیەک لە فەرهەنگەکانی مۆسیقا بێتە بەرچاو کە نەریتگەلی ئاسیایی و ئوڕووپایی بەیەکەوە گرێدەدا. سێهەم، کە داهاتووی مۆسیقا و فەرهەنگی کوردی دەگرێتەوە، دەگەڵ شێوەی ژیانی لە حاڵی گۆڕان و پەرەسەندندا تێکەڵاوییەکی نزیکی هەیە. کوردەکان خەڵکێکی پڕ لە جۆش و خرۆشن و ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێزیان هەیە کە دەتوانێ ببێتە کوڵەکەیەکی سەرەکی بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی مۆسیقای کوردیی. دە پێوەندی دەگەڵ هورووژاندنی هۆشیاریی نەتەوەیی و هەوێتی خەڵکی کورد، مۆسیقای کوردی و ژەنەرانی کورد دەتوانرێ وەک ڕانەری نەخشی «ئاشقەکان» لە تورکی ئازەریدا چاوی لێبکرێ. هەرچەند گۆڕانکارییەک کە لەم ساڵانەی دوایی ژیانی کوردەکاندا پێکهاتووە، لەوانەیە گەورەترین گۆڕان بێ کە

ئەوان بەتاقیان کردووەتەوە. بە پێی ئەو ئاڵوگۆڕەی شێوەی ژیان، هەلومەرجی سیاسی کوردەکان، دەشێ کر(نەخش)ی دەنگیی مۆسیقای ئەوانیش لە هێندێک لایەنەوە تووشی گۆڕانکاری بکا. نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی ئاوا، هەر ئێستەش دە مۆسیقای ئاستەکراودا هەست پێدەکرێ. بەڵام مۆسیقای کوردی، هاکا تا زەمانێک کوردەکان، تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی خۆیان بپارێزن، باقی بمێنێتەوە. هەبوونی ئەو گەلە بە ڕۆشنی مەسەلەیەکی بناغەیی دێنێتە ئاراوە بۆ لیکۆڵینەوەی فەرهەنگ و مۆسیقا لە کۆمەڵگای نوێدا.

• سەرنج: ئەو گوتارە لە مەجەللەی (مطالعات کردی، جلد1، شمارە4، سال سوم، تابستان1365، بڵاوکراوەی بنکەی کورد لە پاریس) وەرگیراوە و لە زمانی فارسی ڕا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. دیارە، نووسراوەکە بۆ یەکەمین جار بە زمانی ئینگلیسی لە ژێر عینوانی:

*"Musics and Culture of the Kuds"*

لە گۆڤاری:

*Senri Ethnological Studis, no 5. 1980*

دا بڵاوکراوەتەوە. شیاوی گوتنە کە دەستەی نووسەرانی ئەم مەجەللەیە بریتی بوون لە: عەلی بوچاک، سیامەند عوسمان، حەسەنی قازی و عەبباسی وەلی، کە سیامەند عوسمان بەرێوەبەر و، عەبباسی وەلی بەرپرسی بەشی فارسی بووە.

***(س. چ. هێرش)***

پەراوێزەکان:

١ـ وەک هەزارەکانی ئەفغانستان، دەگەڵ ئەوەدا کە زمانی سەرەکیی خۆیان لە دەست داوە بەڵام تایبەتمەندیی مۆسیقای سوننەتیی خۆیان هەروا پاراستووە.

٢ ـ کریستێنسن، شکڵی ئاوازی دژەدەنگیی مۆسیقای کوردی دە چوار ناوچەدا ئاستە و توێژبەندی کردووە. یەکێک لە بوارە باشەکانی کاری وی، ئاماژە بە ئاوازی بووکهێنان (زەماوەند)ێکە کە لەلایەن چوار ژن و پیاوەوە ئیجراکراوە کە دەستەواژەیەک بە شێوەی یەک لەدوای یەک و بڕگەگەلی جۆراوجۆر دەڵێنەوە.

٣ـ بۆوێنە مۆسیقای یەهوودی{جوولەکە} لە کوردستان داگیرکەرییە قارەمانانەکەی *هامۆ موسو*[٦] – < *میراتی مۆراشا*>[٧] بە ئاستە و لێکدانەوەی *ئامنۆن سیلۆئا*[٨] نیشان دراوە.

٤ ـ دوا بە دوای ئەو دێڕە، پاراگڕافێکی چەند دێڕیی سەبارەت بە چۆنیەتی نای و تووزەلە قرتێنرا و بە پێویست نەزاندرا بخرێتەڕوو. (س. چ هێرش)

٥ـ بڕوانە: Bois, T. Connaissances des Kurds, Lebanon 1965

---

1,2– Antiphonal

3– Secular

4– Christensen

5– Bois

6– Hamu Musea

7– Morasha Heritage

8– Amnon Siloah

# قورئانی پیروزی مامۆستا هەژار و زمانی کوردی

## باسێک لە سەر دەقی وەرگێڕاو و فەرهەنگۆکی وشەکان

س. چ. هێرش (سلێمان چیرە)

بەر لەوەی باسی سەرەکیی بابەتەکە دەستپێبکرێ، جێی خۆیەتی کتێبی «قورئانی پیرۆز»، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، بە خوێنەرەوانی ڕێزدار بناسێندرێ.
کتێبی «قورئانی پیرۆز»ی مامۆستا هەژار(عەبدوڕڕەحمانی شەرەفکەندی،1992–1921) کە بریتی یە لە وەرگێڕانەوەی هەر سی جزمەی قورئان، لە ساڵی 1990 وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و، چەند ساڵ دواتر(2000)، پاش گێرە و کێشەیەکی زۆر لە چاپخانەکانی«ئیحسان» و «تازە نیگا» بە 15 هەزار نوسخەوە لە چاپ دراوە و کەوتووەتە بازاڕەوە.

ئەو «قورئان»ە کوردییە، بە بەرگی زێڕکفت و چاپێکی جوان و ڕازاوە، نزیکەی 604 لاپەڕەی قەوارە وەزیری یە. دیارە لەو 604 لاپەڕەیە، 302 لاپەرە بۆ نەسس(دەق)ی قورئان و، 302 لاپەڕەش بۆ وەرگێڕاوە کوردییەکەی تەرخان کراوە و، لە بەرانبەر هەر لاپەڕەیەکی قورئان کە سووڕە و ئایەتەکانی تێدا هاتووە، هەر هەمان لاپەڕە و ژمارە، بۆ زمانی کوردی دووپاتکراوەتەوە. دیارە ئەوە خۆی بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و بەراوردکردن یارمەتییەکی زۆر باش بە خوێنەرەوە دەدا. لە لاپەڕەی 604 بەم لاوە، کە لاپەڕەکان ژمارەیان بۆ دانەندراوە، لاپەڕەیەک بۆ پێرستی سووڕە و ئایەتەکان دیاریکراوە و، لاپەڕەیەکیش بۆ (نیشانەکانی ڕێنوێنی خوێندنەوە) بە دوو زمانی عەڕەبی و کوردی لەبەرچاو گیراوە.
پاشکۆیەکی 10 لاپەڕەییش بە زمانی کوردی لە لایەن مامۆستایان: «موحەممەد هادی موڕادی» و «موحەممەد ماجیدی مەردوخی ڕوحانی» پێشکێشکراوە.

لە دواهەمین لاپەڕەی ئەو «قورئان»ەدا، ژمارە و ڕێکەوت و ئیجازەی چاپ و مۆری بەرپرسی «وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئیسلامی» و، ئەدرێس و نیشانەی چاپەمەنییەکان ئاراستەکراوە. لە کۆتایی کتێبەکەدا، جەغزێکی بچکۆلانەی تێنووسراویش وەک (سپاس بۆ: دوکتور عەزیزی فەیز نەژاد...) هاتووە کە لێرەدا جێی خۆیەتی ـ وەلەو سەرنجێکی لاوەکیش بێ ـ ئاماژەی بۆ بکرێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، «دوکتور عەزیزی فەیزنەژاد»، هەروەک خۆی بۆی باس کردووم، زۆر لەمێژساڵ بوو مامۆستا هەژاری هاندەدا و لەبەری دەپاڕایەوە کە تەنیا و تەنیا لەپێناو خزمەت بە وشە و پاراوکردنی زمانی کوردی، کتێبی «قورئان» وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و، بەمجۆرە ئاواتەکەی وەدیهات.
هەڵبەت، هەر نێوبراویش بوو لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری «گزینگ»(1993–2003)دا، داوای لە منی کلۆڵ کرد کە «قورئان»ی مامۆستا هەژار لە گۆڤارەکەدا بناسێنم. بەڵام بە هۆی وەستانی گۆڤارەکە ئەو ئەرکە بۆ ئەمڕۆ دواخرا و، ئەوا ئێستا، بە خاتری دۆستی زۆر بەڕێزم دوکتور عەزیز، ئەو کارە گرینگ و گران و دوور لە توانایە چەشنی «مێروولەیەک کە بچێ بە گژ کێوی قافا» وەئەستۆ دەگرم و، ئەو قورئانە کوردییە لە ماڵپەڕی «گزینگ»دا بە ئێوەی بەڕێز دەناسێنم.

هەروەک لە دوایین لاپەڕەکانی کتێبەکەدا هاتووە، مامۆستا هەژار بەر لەوەی ماڵئاوایی لە ژیان بکا، مافی پێداهاتنەوە و پێداچوونەوە و هەڵەوپەڵەگرتن و، هەروەها ئەرکی ڕێکخستن و لەچاپدانی ئەو «قورئان»ەی بە دوو هاواڵ و هاوکاری خۆی واتە: مامۆستایان «موحەممەد هادی مورادی» و «موحەممەد ماجید مەردوخی ڕوحانی» ئەسپاردووە و، ئەوانیش وێڕای نووسینێکی دووقۆڵیی لە ژێر سەردێڕی (وەناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە..)، هۆ و سۆنگەی وەرگێڕانەوە و چۆنیەتی و ئاکامی لەچاپدانی کتێبەکەیان ڕوون کردووەتەوە.

لە ژێرنووسێکی ئەو نووسراوەیەدا کاک «موحەممەد ماجید» دەڵێ:

((ئاخر و ئۆخری گەلاڕێزانی ساڵی 1369ی کۆچی - هەتاوی (1990ی - ز) بوو کە چوومە خزمەتی مامۆستا. داگیرسابوو، لە سەر یەک دەکۆخی و نەفەسی سوار ببوو. هەر دانیشتم، فەرمووی: «ماجید! ئەوا بە مەعسووم و غەبدوڵلاشم گوتووە(دادە مەعسووم خێزانی و کاک عەبدوڵلا برای مامۆستا)، قەڵەمێکی سوورم بە کاک هادی (مورادی) داوە و لێم داوا کردووە بە دەس کۆلکە مەلاوە نەجاتم بدا! هەر کوێکی{کوێییەکی} هەرچێکی {هەر چییەکی} پێدەکا، حەقی خۆیە. ئەتۆش لە سەرت بێ، «ئیدیت» و «ویرایش» و ئەو قسە قۆڕانەی خۆتی لێ زیادکە و چۆناوچۆنی چاپیش، بۆ خۆت دەزانی؛ ئەوە تازە کاری منی بە سەرەوە نەماوە.))

هەروەک بە دروستی لە نووسراوەی ڕێزدارانی ئاماژەپێکراودا هاتووە، وەرگێڕانەوەی «قورئان» لە ماوەیەکی نۆ مانگەدا، ئەویش لە سەردەمی پیرێتی و لە کاتی نەخۆشی و پشووسوارییدا نەتەنیا کارێکی سەخت و ئەستەم و دژوارە، بەڵکە ئەرکێکی شیاوی شانازیپێکردن و ئەوپەڕی پێزانینیشە. لە پاڵەوە ئەوەش بڵێم، هەرچەند وەرگێڕانەوەکەی مامۆستا هەژار، دوور لە هەڵە و کەموکووڕیی نییە و، ئەوەش بێشک، یا دەبێ لە سۆنگەی نەخۆشیی و هەڕەتی پیریی مامۆستا لە قەڵەم بدرێ، یان لە سەر حیسابی ئەو دوو بەڕێزانە بنووسرێ؛ بەڵام بە لای منەوە، لایەنی ئەرێیی وەرگێڕانەوەی قورئان، نەک لە ڕوانگەی جیهانبینی و باوەڕی دینییەوە، بەڵکە لە ڕوانگەی خزمەتی ئەدەبی و، بووژانەوە و پەرەگرتنی زمانی کوردی، بەتێکڕایی لە لایەنە نەئێییەکەی زەقتر و بەرچاوترە و، دەوەدا شک نییە کە مەبەستی سەرەکی مامۆستا هەژاریش خۆی هەر ئەوە بووە. بۆیە ئەگەر لێرەولەوێ، لە مانالێکدانەوەی ئایەتەکان و وشە سەخت و ئەستەمەکان تووشی چەت و تەنگوچەڵەمەش هاتبێ، یان کوردگوتەنی نەیویستووە «زۆر فوو لە دۆ بکا»، زیاتر لەبەر ئەو ئامانج و مەبەستەی سەرەوە بووە؛ ئەوەش نا، لانیکەم یادگارێکی بۆ دین و دنیا بەجێهێشتووە!

لە سەر ئەو حاڵەشڕا، ئەمن نایشارمەوە کە بەشێکی زۆری ئەم کەموکووڕییانە، بەتایبەت مانا لێکدانەوەی ژێرنووسەکان(فەرهەنگۆک)، دەخەمە ئەستۆی مامۆستایان کاک «موحەممەد هادی» و کاک «ماجیدی ڕوحانی» کە لە درێژەی باسەکەدا بە وردی و بەشێنەیی لەسەریان دەدوێم.

ئەو ڕەخنە و گازندەیانەی لە پلەی یەکەمدا مامۆستا هەژاری دەگرنەوە بریتین لە:

ـ مامۆستا هەژار، بۆ کتێبێکی پیرۆز و ئەسپەندی وەک «قورئان»، لانیکەم لە ڕوانگەی خۆیەوە دەبوایە پێشەکییەک بنووسێ و، تێیدا چۆنیەتی و شێوازی وەرگێڕانەوەکەی خۆی ڕوون کردبایەوە؛ ئایا لە ڕووی کامە دەق و سەرچاوەی عەرەبی یان کامە سیرە و تەفسیر، قورئانی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی؟! باوەکوو مامۆستا هەژار، لە زمانی عەرەبیدا، کەسێکی زۆریش پڕ و شارەزا و لێزان بووبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانرێ بە تێرادیوی و بە ئەرخەیانی بگوترێ کە مامۆستا هەژار ڕاستەوخۆ لە زمانی قورئانەوە کە عەرەبی یە، ئەو کارەی کردبێ! وەک چۆن مامۆستایان «موحەممەد هادی موڕادی» و «ماجیدی ڕوحانی» بۆ بەراوردکردن و پێکگرتنەوە و لێکدانەوەی هێندێک وشە لە تەفسیری «کەششاف» کەڵکیان وەرگرتووە، ڕێی تێدەچێ مامۆستا هەژاریش لە دەقی تەفسیرگەلێک (چ عەرەبی، فارسی و..) کەڵکی وەرگرتبێ؟!

ـ ڕاستە، مامۆستا هەژار بە گوێرەی شێوازی باوی خۆی، لە زۆربەی وەرگێڕانەوەکانیدا لە هەموو چەشنە ڕاوێژ و زاراوە و دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی بەهرەی وەرگرتووە و، لەم بارەیەوە گەنجینەی زمانی کوردی گەلێک دەوڵەمەندتر کردووە، بەڵام لە زۆر شوێندا واژە و زارگۆ و دەمبێژی وەها ناپێویست و زێدەی دەکارهێناوە کە چوارچێوەی نێوان زمانی نووسین(ستاندارد|یەکگرتوو|ئەدەبی) و زمانی پەیڤین(زارەکی)ی لەبەریەکبردووە و، هیچ سنوور و جیاوازییەکی لە نێوان ئەو دوو لایەنە کە لە هەموو زماناندا پێڕەو دەکرێن، دانەناوە. وەک: لەنگۆ: لە ئێوە (ل 13، قورئانی پیرۆز)، خۆن: خۆمان، وێمان(ل14)، جهوو: جوولەکە، یەهوود(ل18)، ، قەردار: قەرزدار، قەرزار(ل48)، ناتانی: ناتوانی(ل410)، ئاڤاکەلاندنی: ئاوەکوڵ(ل508) و..

دەوەدا شک نییە، زمانی عەرەبی کە لە دەورانێکی زۆر دوورودرێژی مێژوویدا، چ وەک زمانی دینی(ئاسمانی و ئەسپەند) و چ وەک زمانی ئەدەبی و دەرباری، زمانی ئاخافتن و نووسین و دەربڕین بووە، ژمارەیەکی زۆر لە زمانەکانی دیکەی ناوچەی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا خستبوە پەراوێزەوە و، دیارە زمانی کوردیش لەم دیاردەیە ئاوارتە نەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زمانی کوردی دوای بووژانەوە و پەرەگرتنی بە شێوەی ئەوڕۆیی، سەرەڕای ئەوە گەلێک لە وشە و واژە و زاراوەی زمانە دێرینەکان یان زمانە ئێرانییەکان(وەک: زمانی مادیی، ئاڤێستایی، فارسی کۆن، پەهلەوی و دەری..)ی دە خۆیدا حەشارداوە، بەشێکی زۆریشی لە وشەگەل و موفرەداتی زمانی عەرەبیماڵیی کردووە و، وەخۆیگرتوون؛ بۆیە بە پێچەوانەی قسەی هێندێک کەس، زمانی کوردیش ئەو توانایەی تێدایە کە ئەرکی وەرگێڕانەوەی قورئانی پێ ڕاپەڕێندرێ وەک پێی ڕاپەڕێندراوە.

هەروەک لە پێشیشدا ئاماژەی بۆ کرا، مامۆستا هەژار بەم وەختەکەمە نۆمانگەییەی کە بە وەرگێڕانەوەی قورئانەوە خەریک بووە، بە تێکڕایی توانیویە ئەو ئەرکە بە شێوەیەکی باش ڕاپەڕێنێ و، ئەگەر کەموکووڕییەکیش وەک کورداندنی لە زێدەبەدەر یان خۆماندوونەکردن لە بواری زمانی«سەجع»ەوە دەبیندرێ، ئەوا لە نرخی کارەکەی کەم نابێتەوە.

لەو بەشەدا، بەرلەوەی نموونەگەلی بەرچاو لە کەموکووڕییەکان دەستنیشان بکرێن، سەرەتا ئاماژەیەک بە زمانی «سەجع» دەکەم و، پاشان وێڕای خستنەڕووی چەند سەرنج لە سوورەی «فاتیحە« و

لێکدانەوەی مانای یەکەمین ئایەتی قورئان واتە «بسم الله الرحمن الرحیم» ـ دیارە زیاتر لە باری «سەرف و نەحو»(ڕێزمان)ەوە، درێژە بە باسەکە دەدەم.

هەروەک دەزانین، یەکێک لە هونەرە جوانکارییەکانی دەقی قورئان زمانی «سەجع»ە کە لە زۆربەی هەرە زۆری سووڕە و ئایەتەکاندا بەدیدەکرێ. سەجع بەو وشەگەلە هاوکێش و هاوئاهەنگ و هاودەنگە دەگوترێن کە لە ئاخری ڕستە یان دەستەواژەیەکدا دەکاردەکرێن. سەجع کە مانای ڕێکی و گونجاویی، هاودەنگیی و هاوقافیەیی، گمەی کۆتر.. دەگەیێنێ، خۆی لە سێ بەش پێکدێ: 1) سەجعی هاوبەر یان هاوسەنگ ئەوەیە، کە وشەکان تەنیا لە وەزن و کێشدا لە یەک بچن، وەک: ماڵ| باو، گەلاوێژ|بەڵاگێڕ؛ 2) سەجعی هاوتا یان هاوتەریب ئەوەیە کە وشەکان لە بواری کێش و ژمارە و پیتی ئاخری ڕستەوە وەکیەک بن، وەک: ڕوانگە|ژوانگە، گێوژ| مێوژ؛ 3) سەجعی هاوپیت یان قەشان ئەوەیە کە یەکدوو پیتی هاوچەشن لە ئاخری ڕستەدا لەیەک بچن و دووپاتببنەوە، وەک: خەڵات| ڕۆژهەڵات، کۆچکە|بەربەڕۆچکە.

ئێستا ئەگەر وەرگێڕاوە کوردییەکەی دەقی «قورئان» لە باری دەکارهێنانی هونەری «سەجع»ەوە هەڵسەنگێنین، دەبینین لە زۆر جێگادا، ئەو دیاردەیە بە شێوەیەکی زۆر جوان و ڕێکوپێک لە دەقە کوردییەکەشدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هەروەک گوتم کەموەختی و کەم دەرفەتی، ئەو بوارەی بە مامۆستا هەژار نەداوە کە لەو بارەیەوە زیاتر وردبێتەوەو، تێیدا زمانی «سەجع» وەک ئەو نموونانەی خوارەوە لە تەواوی دەقە کوردییەکەدا زاڵ بێ: «ئێمە هەر تۆ دەپەرستین و پشتن هەر بە تۆ دەبەستین»(سووڕەی فاتیحە، ئایەتی5)؛ «باش بزانن، کە خراپەکار ئەوانن، بەڵام بە خۆیان نازانن» (سووڕەی بەقەرە، ئایەتی12 ـ ل3)؛ «هەرچی لە ئاسمانان و زەویدایە، بۆ خودایە..» (ئایەتی 129، ئالی عیمران ـ ل66)؛ «هەرچی هەیە لە ئاسمانان و زەمیندا و هەرچیەکیان لە نێواندایە، گش بۆ ئەوە و هەرچی لە ژێر خاکیشدایە« (ئایەتی 6، سووڕەی تاها ـ ل312)؛ «گوتیان: دیارە ئەوانە دوو جادووگەرن، دەیانەوێ بە جادوویان لە هەردی خۆتان دەرکەن و نەریتە هەرە باشەکەو لەناوبەرن» (ئایەتی 63، سووڕەی تاها ـ ڵ315) «ئەوەی کە دروستی کردی و ئەندامەکانی ویخستی و ڕێکی کردی. بە هەر شکڵێکیش خۆی ویستی، دەری خستی» (ئایەتەکانی 7و8ی سووڕەی ئینفیتار- ل587).

لە درێژەی باسەکەدا، باشتر وایە گرینگیی مانا و جێگە و پلەی ئەو دوو وشە(سیغە)یەی «رحمن| رەحمان» و «رحیم| رەحیم» لە ئایەتی «بسم الله الرحمن الرحیم»دا ڕوون بکەینەوە و بزانین چ جیاوازییەک لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا هەیە و، پاشانیش دەگەڵ وەرگێڕاوە کوردییەکەیدا واتە: «وە ناو خودا، کە دەهندە و دلۆڤانە» بەراوردی بکەین.

هەروەک دەزانین بنک و بنەوانی جیهانبینی ئیسلامی کە «قورئان» سەرچاوەکەیەتی لە سەر بناغەی دوو دونیایی دامەزراوە. جا ئەگەر دە پێوەندی لەگەڵ ئەو جیهانبینییەدا، وشە|سیغەی رەحمان و رەحیم کە ڕیشەی هەردووکیان لە مەسدەر(چاوگە)ی «رحم| رەحم»ەوە هاتووە، شیبکرێنەوە، ئەوا وشەی رەحمان (وەک سفەتی خودا: ئافرێنەری جیهان و هەرچی تێیدایە) زیاتر لایەنی ئەو «رەحم»(بزەیی)ە دەگرێتەوە کە ئەشێ خودا وەک بەدیهێنەری گەردوون، سەبارەت بە تەواوی ئافرێنراوان(مەخلووقات: ئینسان و حەیوان)ی خۆی، لە زنیدەوەری گەڕۆک و فڕۆکەوە بگرە تا دەگاتە خزۆک و خشۆک، بە شێوەی عادڵانە

و دادپەروەرانە بینوێنێ و، ڕزق و ڕۆزیی زیندەوەران و، خۆراک و پۆشاکی ئینسانان، بەبێ فەرق و جیاوازیی نەژاد و جنس و دین و ڕەنگ و زمان، لە سەر ئەو دونیایە دابین بکا. بەڵام هەرچی کەلیمەی «ڕەحیم»ە کە کەوتووەتە دوای کەلیمەی «ڕەحمان»، لایەنی ئەو «ڕەحم» و مێهرەبانی و بەخشین و لێبوردنە دەگرێتەوە، کە ئافرێنەری گەردوون ئەشێ سەبارەت بە ئینسان و بەتایبەت موسوڵمانان، لەم دونیا (ئاخیرەت| قیامەت) دا نیشانی بدا.

بە گوێرەی ئەو سەرنجەی سەرەوە، مامۆستا هەژار کە لە ماناکردنەوەدا، لەبری وشەی ڕەحمان، «دەهندە» و لەبری وشەی ڕەحیم، «دلۆڤان»ی هێناوەتەوە، ڕاستە هەڵە نین، بەڵام پڕ بە پێستی خۆیان نین. یەکەم، وشەی دەهندە کە شێوە(سفەت)ی کارا(فاعیل)ی چاوگەی «دان»ە لە زمانی فارسی ڕا وەرگیراوە و کوردی نییە و، نێوی کارای ئەم چاوگەیە دەبێتە »دەر و بدەر». دەو پێوەندییەدا، دەبێ هەوڵیش بدرێ تەواوی ئەو نێوانەی کە حاڵەتی کارا یان بکەر(فاعیل)یان بە سەردا دێ، بە پێی ڕێزمانی کوردی بە شێوەی دروستی خۆیان دەکار بکرێنەوە. دیارە لە بارودۆخێکی وەهادا کە زمانی کوردی کەمی هێنا و تووشی بۆشایی هات، ئەوا دەکرێ هانا بۆ وشە خواستنەوە لە زمانەکانی دیکەوە ببەین، بەڵام مادام زمانی کوردی لەو بارەیەوە دەوڵەمەندە، ئیتر پێویست ناکا.

دووهەم، وشەی «دلۆڤان» دەتوانێ مانای کەلیمەی «ڕەحمان»یش وەخۆبگرێ، لەحاڵێکدا بە گوێرەی ئەو شیکردنەوەی سەرەوە ئەو دوو وشەیە تەواو جیاوازییان هەیە.

بێ لەوەش، ئایەتی «بسم الله الرحمن الرحیم»، بەر لەوەی ڕستەیەکی تەواو بێ، زیاتر دەستەواژەیە و، دەکارهێنانی فێعل(کار) و ئامرازی گرێدان(وەک: کە) زۆر لە جێگەی شیاوی خۆیاندا نین. هەڵبەت ئەو دیاردەیە ئایەتگەلی 2 و3 و4 یش دەگرێتەوە. کەوابوو، ئایەتەکە دەبوو ئاوا مانا کرابایەوە: «وە ناوی خودای بەخشەر و بەخشێنەر»، واتە: «بە ناوی خودای ڕۆزیدەر و لێبوورەر».

لە ئایەتی 2 دا، وشەی ڕاهێنەر لەبری «رب» هەڵەیە و دەبایە وشەی «ئافرێنەر| خوڵقێنەر» هاتبایە.

هەروەها، ئایەتی4: «لە ڕاستەڕێ شارەزان کە:»، مەبەست و مانای ئایەتەکە ناگەیێنێ. ڕاستەڕێ بەو ڕێگا لێک و تەخت و ڕاستەقینەیە دەگوترێ کە ئینسان بە سەریدا بڕوا، نەک ڕێگای ڕاست و دروست، کە مەبەست ئاکار و کردەوەی چاک و پەسندە. ئەوسا، «شارەزان کە» ش کە لەبری «اهدنا»دا هاتووە، تەواو نییە و، دەبوو ئاوابا: «ڕێی ڕاستمان پێ بنوێنە».



*تێبینی: لە تاریخی ١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٠ی هەتاوی لە وێبنووسی لەتیفکورد بڵاوکراوەتەوە.*

http://letifkurd.blogfa.com/post/58

# بیرەوەرییەکانی وەفایی و چەند ڕەخنە و تێبینی

س. چ هێرش




بەر لەوەی سەرنج و تێبینییەکانی خۆم وێڕای چەند سووکە ڕەخنەی برایانە لە سەر کتێبی «بیرەوەرییەکانی وەفایی» دەرببڕم، بە پێویستی دەزانم سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی نووسەری ڕێزدار و دەستڕەنگین مامۆستا «محەمەد حەمەباقی» بکەم کە چالاکییان لە بواری خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردییەوە بەرچاو و شیاوی ئەوپەڕی سەرنجە.

نووسەر (وەرگێڕەوەی بیرەوەرییەکان) لە بەشی (بەرایی) کتێبەکە، کە وەک پێشەکی نووسراوە و تێیدا گەلێک زانیاری بەنرخی لە سەر نێوئاخنی بیرەوەرییەکان خستووەتەڕوو، ئاوا دەنووسێ:

"بیرەوەرییەکانی وەفایی، یان وەک وەفایی خۆی ناوی ناوە: تحفة الموریدین؛ بریتییە لەو بیرەوەرییانەی کە وەفایی لە ژیانی خۆیدا بە هیوای ئامادەکردنی بۆ چاپ، نووسیویەتی.

ئەم بیرەوەرییانە لەگەڵ دەیان کتێبی تری هێشتا دەستنووسی بە نرخدا، لە کتێبخانە دەوڵەمەند و پڕ بەهاکەی جەنابی مامۆستا قازی محەمەد خضری ئەرزیوەیی دا پارێزراوبوو. جگە لەم دەستنووسە، گەلێ بەڵگە و نامەی تایبەتی و مێژووی بنەماڵەی ئەهرییەکانیان لە لا پارێزراوە و هەمیشە کتێبخانەکەیان بەشێک بووە لە ئەرشیفی بنەماڵەی ساداتی شەمزینان، بەڵام لە ڕۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کە بە هۆی هێرشی ڕووسەوە، ناچار بوون ماڵ و خانەقاکانیان بە جێ بهێڵن و ڕوو بکەنە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، کتێبخانەکەیان کەوتۆتە بەر دەستی لەشکری ڕووس و سووتێنراوە و ئەوەی بۆیان ماوەتەوە، هەر تەنیا ئەو کتێب و دەستنووس و نامانە بوون، کە لە چاڵ و ناودیوار و جێگەی تایبەتیدا شاردوویاننەتەوە. وەک لە جەنابی حاجی شەفیع (١٩٦١ز)ی کوڕی خوالێخۆشبوو قازی محەمەدی خضری مان بیست: ئەم بیرەوەرییانەی وەفایی، لە سەرەتادا هەر تەنیا نوسخەیەک بووە و بە خەتی خودی وەفایی بووە و لە ناوچەی مەرگەوەڕ بووە، بەڵام قازی محەمەد خضری، کە زۆر بە تەنگ سۆراخ و پاراستنی کتێب و دەستنووسی کۆنینەوە بووە؛ بۆیە لە پێناوی پەیداکردنی ئەم بیرەوەرییانەدا چۆتە مەرگەوەڕ و بە خەتە خۆشەکەی خۆی، ڕوونووسێکی بیرەوەرییەکانی وەفایی کردووە؛ کە ئەم بیروەرییانەی بەردەستی ئێمە، ئەو خەتە جوانەی خوالێخۆشبوو قازی محەمەدی خضری یە، کە لە کاتی خوێندنەوە و تەرجەمەکردنیدا، هیچ گیر و گرفتێکی نەخوێندنەوەمان نەهاتە بەردەم... ئەم بیرەوەرییانە دوای ئەوەی لەلایەن قازی محەمەد خضرییەوە روونووس کراوەتەوە؛ یەک ـ دوو دانەیەکی لە موکریان و لای بنەماڵەی خانەدانی ئەهری فتۆکۆپی لێ هەڵگیراوەتەوە، بەڵام (وەک وتمان) ئەم نوسخەیەی ئێمە، ئەو دەستنووسەی قازی محەمەدی خضرییە، کە نزیکەی (٧٠-٨٠)ساڵە، بە هەر ڕەنج و ماندووبوونێک بووە، لای خۆیان پاراستبوویان؛ تا لە پاییزی ساڵی ١٩٩٤ز دا، کە ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری مەهاباد، کۆڕێکی ئەدەبیی بۆ بیرەوەری وەفایی سازدا، هاوڕێی شاعیر: کاکە مارف ئاغایی (١٩٦٥-١٩٩٨/٢/١٩ز) بە خۆشییەوە مزگێنی دامێ، کە بە هۆی خزمایەتی نزیکیانەوە لەگەڵ بنەماڵەی قازی محەمەدی خضری دا، توانیویێتی دەستنووسی بیرەوەرییەکانی وەفایی بۆ ئەم کۆڕە بهێنێ و لە هەمان کاتدا وتارێکی تێر و تەسەلیشی دەربارەی دەستنووسەکە، ئامادەی کۆڕەکە کردبوو.

ئیتر هەر دوای تەواوبوونی کۆڕی ناوبراو، کاکە مارف

ئاغایی، بە ئاواتی وەرگێڕانی ئەم بیرەوەرییانە، بۆ سەر زمانی کوردی و ئامادەکردنی لە شێوەی کتێبکدا بۆ کتێبخانەی کوردی، سپاردی بە من و منیش دواتر هەر لەگەڵ کاکە مارفدا چووینە خزمەت قازی محەمەدی خضری لە شنۆ و ئاگادارمان کرد کە ئەگەر ڕێگەمان بدات دەستنووسی ناوبراو دەکەوێتە لای من و خەریکی تەرجەمەی دەبم... دوای ئەوەی زۆر بە خۆشییەوە پێشوازی لە داواکەمان کرد؛ بە چاکم زانی لەگەڵ هاوڕێی نووسەر: کاکە محەمەدی مەحموودی (کۆزاد) دەست بکەینە تەرجەمە و ئامادەکردنی.

ئەم بیرەوەرییانە لە بنەڕەتدا بە زمانی فارسی نووسراوە و پەخشانێکی یەکجار شیرین و ڕازاوەی ئەدەبییە کە «٢٧٤» لاپەڕەی قەوارە مام ناوەندییە و هەر لاپەڕەیەکیان پانتاییان «١٣ سانتیمەتر» و درێژاییشیان «١٨سانتیمەتر»ە و لە هەر لاپەڕەیەکیشدا نزیکەی «٢٠ دێڕ» تێدا نووسراوە. ئەو جۆرە خەتەش کە پێی نووسراوە، نەستعلیقە.

مێژووی نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانە وەک دیاری دەکات، دەبێتە ساڵی ١٨٩٥ز، کە لەو ساڵەدا شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ئەستەموولەوە نامە و ڕاسپێریی بۆ وەفایی دەنێرێ، کە ئەگەر وەفایی بیرەوەری و شیعری خۆی بنووسێتەوە و بۆی بنێرێت: دڵشاد دەبێ و بۆی چاپ دەکات... وەفایی ـ یش ئەم هەواڵە وەک مزگێنی وەردەگرێ و بە پەلە دەست بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەکات و لە سێ مانگەی زستانی هەمان ساڵدا پێوەیان خەریک دەبێ.

ئەم بیرەوەرییانە لە بنەڕەتدا «٦» بەش بوون، کە هەر بەشەی بۆ بابەتێک تەرخان کراون و هەروەها جەنابی قازی محەمەدی خضری ـ ش پاشکۆیەکی کورتی بە ناوی بەشی «٧»ەوە بۆ نووسیوە، کە تایبەتە بۆ پلە و پایە و کەراماتی «شێخ عەبدولقادر»، بەڵام ئەوەی دەست ئێمە کەوتووە، لە بەشی سێیەمەوە دەست پێ دەکات، تەنانەت هەندێکیشی لە سەرەتای بەشی سێیەم لە گەڵدا نییە؛ ...

... ئەم بیرەوەرییانە لەو کاتەوە دەست پێدەکەن کە وەفایی ساڵی ١٨٨٦ ز ـ چۆتە خزمەت شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری؛ واتە: ساڵێک دوای ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە جێی شێخ محەمەد ساڵحی مامی لە خانەقای نەهری دەبێتە جێگر و مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی..." (لاپەڕەی ٣ و ٤ و ٥).

## چۆنیەتی وەرگێڕانەوە

هەروەک دەزانین یەکێک لە ئاکارە باش و پەسندەکانی چاپکردن و خستنەڕووی دەستنووس و دەقی کۆن و لەمێژینە ــ چ شێعر و پەخشان و بەڵگەنامە ــ ئەوەیە کە دەبێ ئەسڵی دەقەکە لە پێشدا بڵاوبکرێتەوە، ئەوسا هەوڵی وەرگێڕانەوەی بۆ بدرێ. کتێبی «تحفة المردین»ی وەفایی کە لە ئەسڵدا بە زمانی فارسی نووسراوە، دەبوو وێڕای دەقەکوردییەکەی، دەقە فارسییەکەشی لە گەڵدا چاپکرابا، بۆ ئەوەی خوێنەرەوە یان لێکۆڵەرەوە توانیبای لە نێوان ئەو دوو دەقەدا بەراوردێکی کردبا؛ بەڵام بەداخەوە، تەنیا چوار لاپەڕە (ل ٢٩٧-–٣٠٠) لە سەرجەمی دەستنووسەکە، تۆمارکراوە. لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانین هەڵە و کەم و کوورییەکان دەستنیشان بکەین، دەقی فارسی ئەو دوو لاپەڕەیە وەک نموونە دێنینەوە و، پاشان بە هێنانەوەی دەقە کوردییەکەی ئەو دوولاپەڕەیە و، هەروەها وەرگێردراوەیەکەیش لە خۆم، باسەکەمان درێژە پێدەدەین. ئەوەش دەقە فارسییەکەی ئەو دوولاپەڕەیە:

و همچنین سالی بخصوصی مهمی عمده و انجام مطلبی مخصوصه از دولت علیه عثمانی مصطفی پاشای لوا که در ولایت قارص سکونت داشت با جمعی کثیر بشمذینان مامور شده بنهری آمد اگرچه در صورت ظاهر از عالم پولادگه اظهار مرحمت و مهربانی مینمود لکن در معنی انکار کلی داشت و صافی الضمیر او بعداز بیعت و ارادت او واضح گردید بعداز ورود بنهری و تشخیص مکان نزول برای او و چند نفر پاشایان دیگر ساعتی چند استراحت کرده آسوده شوند این حقیر با حاجی اسمعیل ناظر حسب الامر آنحضرت چنانکه رسم درویشان است شربت و شیرینی و گلاب و قندآب بردیم و قدری خوردند و اشامیدند از بشرهٔ او آثار غیظ و کدورت و نایرهٔ بغض و انکار شعله‌ور بود تند و غضبناک و خاموش و بی باک رخساره ترش کرد و ابرو بهم آورده گویا سرکه‌فروش است یا دیگ پر جوش است میل و مبالاتی به کس نداشت رباعیه:

آرام بگیـــــر ای دل بد پـر ز عـــیـــــوب
دیگـر از در دیگـران مـــــرو حلقـــــه مکـوب
در صـــــــورت ظـاهری وفـــــایـی منـگـر
یک سـیـــرت خـوب به ز صـد صـــورت خـوب

و با آنکه از جانب آنحضرت متصرف اظهار تبریک و تهنیت مینمود او بلا و نعم زبان نگشود اما تصادفا جوانی باین محبوبی که بسن هفده یا هجده رسیده‌بود دراین ایام بی مثل و همتا بود نه پیری دیده نه جوانی شنیده از تناسب اعضا و ترکیب صورت بالابرزو باهو رستمانه و چشمان آهوانه و سروگردن دلفریب و ابروان پر عتیب و سماحت و ملاحت بی نظیر و عدیل بود و در زلاقت زبان و بلاغت بیان نادره زمان و اعجوبهٔ دوران مینمود زبان آور و کاربین و معرفت پرور و سهمگین صباحت گل و فصاحت بلبل داشت از غرور جوانی و داعیهٔ کامرانی نه میل و مبالات به کسی داشت و نه لطف و التفاط با متنفسی مینمود گویا دشمنی بود خونی و خونخواره‌ایست اندرونی رباعیه:

ای آنکه ز عاشقان کنی منع نطر
با حسن مناز و رنج بیهوده مبر
ای آینه از آه وفایی حذری
بس کرده سیه سفید این دور قمر

بعد از ساعتی این حقیر با حاجی اسمعیل ناظر برخاسته بحضور مبارک آمدیم و تفصیل احوال و کماهی افعال اورا عرض کردیم چیزی نفرمودند روز دیگر چاشتگاه آنحضرت فرمودند که سجادەی مرا ببرید بیندازید میخواهم برسم تبریک ملاقاتی کنم حسب الامر سجادەرا بردم و انداختم و خبر دادم که تشریف می آورند پاشای مرقوم در جایی نزدیک پنجره اطاق که همیشه مسند آنحضرت در آنجا انداخته میشد با کمال نخوت و عظمت تند و باهیئت مشغول نظاره حوض و حیات بود رباعیه:

رسم است هر آنکس که کمالی دارد
در جرگهء دلبران جمالی دارد
نازد به جمال خود وفایی غافل
کز دور فلک بدر وبالی دارد

ناگاه آنحضرت تشریف آوردند و این حقیر پردەرا بلند کردم سایر پاشایان با آن ترجمان که عثمان افندی کاتب ولایت وان بود برخاسته استقبال نموده دست مبارک را زیارت کردند رباعیه:

از عارض مار زلف بگرفت کنار
گویا که طلوع کرده مه در شب تار
یار آمد و بنشست وفایی برخواست
از مجمع عاشقان دو صد نالهء زار

تا نزدیک سجاده تشریف نیاوردند مصطفی پاشا برپانشد و مصافحه ننمود پس بقرار اول بجای خود نشست و بنظاره حوض و حیات مشغول گردید و چنان بی مبالات نشست که پهلوی راست او در مقابل روی مبارک افتادەبود و در آنجلس چند نفر پاشایان و صاحبمنصبان دولت عثمانی بعضی بر سر صندلیها و بعضی زانو بزمین صم بکم نشستەبودند رباعیه:

در مجلس عاشقان بی نام و نشان
آرام بگیر یکدم ای جام جهان
جان بر لب و دل بکف وفایی صفتیم
از غمزه یکی اشارت ازما دل و جان

جناب خلیفه ملاعبداله سلیمانی مشهور بجولا هم پهلوی مبارک نشسته اینحقیر هم بالای سر خلیفه ایستادەبودم سر فراگوش این حقیر آورد و گفت خیلی مشکل است که آنحضرت دل چون سنگ و سندان این مصطفی پاشا را نرم کند و اورا از اینحال تبدیل نماید پس آنحضرت نفسی چند مراقب شدند که بیک ناگاه مصطفی پاشا مثل آنکه کسی غفلتا و فجاةً خنجری بپهلوی او زند یا تیری باو برساند سرعةً روی خودرا از تماشای حوض و حیات برگردانید و روبروی آنحضرت زانو زده و سر بجیب خود انداخت و تامدتی رنگ و رخسارش متصل پی در پی عرق میریخت گویا از نوبهار شکفته شبنم دمیده و از یکچمن گلدسته گلاب چکیده رباعیه:

چون گوشهٔ چشم مرحمت پیر کبار
انداخت بران جوان پر کبر و فخار
از عارض او عرق وفایی بچکید
شبنم که فرودمد از گلبرگ بهار

چنانکه مرید و سالک در خدمت پیر خود با خشوع و ادب و خضوع و حیا زانو زده متواضع بنشیند باینقرار شرمنده و خجلت زده گردن کج گردید رباعیه:

آنشوخ که از غایت حسن رخ خویش
با پادشهان سری نیاوردی پیش
در یک نظر پیر چنان گشت اسیر
گویا که وفایی است چنین خسته و ریش"

(ل٢٩٩-٣٠٠)

**برگەی یەکەمی دەقە کوردییەکە(نووسەر):**

ساڵێکیش مستەفا پاشای میرئاڵا، کە لە دەڤەری قارس دادەنیشت، بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی گرنگ و گەورە و جێبەجێکردنی کارێکی تایبەت، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی یەوە، بە هێزێکی گەورەوە نێردران بۆ نەهری. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا، لوتف و دڵسۆزیی بەرامبەر بەم باوەڕە پۆلاییینە دەنواند؛ بەڵام لە ناخدا ئێجگار نکوولی دەکرد و لە دوای زیارەتی ئەو زاتە، دڵیمان بۆ دەرکەوت. پاش گەیشتنە نەهری و تەرخانکردنی شوێنی دابەزین، بۆ خۆی و چەند پاشایەکی یاوەری، چەند سەعاتێک حەسانەوە و ئاسوودە بوون. من و حاجی ئیسماعیلی نازر، بە پێی فەرمانی ئەو زاتە و بەپێی ڕەسمی دەروێشان، شەربەت و شیرینی و گوڵاو و قەنداومان گێڕا. کەمێکیان لێ خواردەوە. ڕەنگ و ڕووی ئەو پیاوە؛ رق و ناخۆشیی لێدەباری و بڵێسەی کینە و نکوولی پێوە دیاربوو. توند و رقاوی و بێدەنگ و بێ باک و رووترش و برۆگرژ بوو. هەر دەتگوت سرکەفرۆشە، یان مەنجەڵی لە کوڵ و لە جۆشە. مەیل و گوێی بە کەس نەدەدا. چوارینەی «١٦٦»:

ئەی دڵەی بەدخوو، داساکێ بەس بێ، بەس ئەم هەڵانە
ئیتر لە دەرگەی ئەم و ئەو مەدە و بژی مەردانە
وەفایی سەیری روخساری دەرێ و ڕواڵەت مەکە
یەک ڕەوشتی جوان، بە بارتەقای سەد روخساری جوانە

(ل١٢٩-١٣٠)

## ڕەخنە و تێبینییەکان

بە بەراورد کردنی دەقە فارسی و کوردییەکەی ئەو دوو لاپەڕەیە، بۆمان دەردەکەوێ کە چەند وشە و دەستەواژە، یان ڕانەگوێزراونەتە ناو دەقە کوردییەکەوە، یان ئەگەر ڕاگوێزراون لە مەبەستی دەقەکە

دوور کەوتوونەتەوە، کە لێرەدا هەوڵدەدەم گرینگترینیان دەستنیشان بکەم:

ــ وشەگەلی وەک «... و همچنین»( وه هەروەها)، «علیه»(مونەننەسی علی بە مانای خاوەنرێز، جێ بەرز)، «شەمزینان» (ناوچەیەک لە باکووری کوردستان و هەروەها شارێکیشە لەو مەڵبەندە) و...

ــ لێرەدا جێی خۆیەتی کە باسێکی کورت سەبارەت بە واو(...و...، ... و، وە...) و نەخشی وی لە ڕستەدا بخەینە ڕوو.

واو لە کوردیدا، بە پێی نەخشێکی کە لە ناو وشە یان ڕستەدا هەیەتی بە چەند جۆر دابەش دەکرێ:

١- و(V/W)، واوی ئەسڵی کە وەک یەکێک لە پیت(تیپ)ە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بەکاردێ، وەک: وەرە، چووم، هیوا، گرێو...

٢- و (u/ü)، واوی عەطف یا ڕەبت کە دوو وشە یان دوو ڕستەی برگەیەک بە یەکەوە گرێ دەدا، وەکوو: نالی و مەحوی، هیوا هات و وریا ڕۆیشت...

ئەگەرلە ڕستەیەکدا بخوازرێ پشوو بدرێ و نەفەس تازە بکرێتەوە، یان سووکە وەستانێک لە نێوان ڕستەکاندا بکرێ، باشتر وایە کە ئەو جۆرە واوە ئاوا بنووسرێ: (و، ــ و؛)، دیارە بە گوێرەی کر و داڕشتن و شێوەی درکاندن و خوێندنەوە لە زمانی کوردیدا، کاتێک وێرگول (، ؛)، خاڵ/ نوختە(.) یان نیشانەی پرسیار و سەرسووڕمان (؟ ـ !) داندرێ و ڕستە کۆتایی پێدێ، دروست نییە کە سەر لەنوێ ڕستە یان برگەکە، بە واوی وەستاو(و)، دەست پێبکەینەوە. زۆربەی نووسەران، بەتایبەت لە وەرگێڕاندا، بە داخەوە ئەو مەبەستە لەبەرچاو ناگرن و زۆرجار، بۆ نموونە: (واوی فارسی و عەرەبی...) یان (and ی ئینگلیسی وoch ی سوێدی)، کە لە دوای کۆتایی ڕستەدا دێن، یان دەیقرتێنن یان بە وەستاوی و نەدرکاوی (و:vi) لە ڕستەدا دەکاری دێنن.

٣- وە (we/ve)ی سەرەتا یان دەستپێکردنەوە، کە زۆرکەس لە خۆڕا خۆی لێ نەبان کردووە، ئەوەیە کە دوو ڕستەی درێژ، دوو برگە و پاڕاگراف، یان مەبەستی پێشترگوتراو دەگەڵ مەبەستی دواتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە و، دروست وایە کە لە وەرگێڕاندا بە وردی لەبەر چاو بگیرێ. دیارە لێرەدا مەبەستی ئێمە زیاتر ئەو (و)ەیە کە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی وەفایی دا و، بەتایبەت لەو دوو لاپەڕەیەی کە بە نموونە هێنراوەتەوە، پاش گوێ خراوە. ئەوەش بزانین کە لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا، هەرچی بە سەر زاردا بێ و، هەر لەفزێکی بدرکێ ئەشێ وەک خۆی بنووسرێتەوە. وەک چۆن دەنووسین: کە، دە، لە، حەی، بڤ... هەرئاواش دەبێ ئەو (وە)یە لە بری (و) بنووسرێ.

ــ چەند پلە و پایەی شوغڵیش دەگەڵ نێوی کەسەکان تێکەڵ کراوە، وەک: «لوا» (میرئالا، عەلەمدار) و «ناظر» (چاودێری خانەقا، خەرجراگر، نازرخەرج) و... ، کە ئەگەر نێوی کەسەکان بە گوێرەی خاڵبەندی دە ناو دووکەوانەدا هاتبا، ئەو سووکە هەڵەیەش نەدەهاتەگۆڕێ. دیارە هەروەک دەزانین لەو کات و زەمانەی وەفاییدا، خاڵبەندی وەک ئەو سەردەمەی ئێمە باو نەبووە و، ئەوەش کە نووسەر بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک خاڵبەندیی لە دەقە کوردییەکەدا لەبەرچاو گرتووە، کارێکی زۆر بە جێی ئەنجامداوە، بەڵام دەبوو لە (بەرایی) کتێبەکەدا، یان لە ژێرنووسەکاندا، ئەو مەبەستەی ڕوون کردبایەوە.

ــ دەستەواژەی (از عالم پولادگە) بە «بەم باوەڕە پۆڵایینە» تەرجەمەکراوە کە وابزانم دروست نییە و، وەفایی ویستوویە بڵێ کە کابرای فەرماندە (میرئالا) لە عالەمی دەسەڵات و فیز و خۆبەزلزانییەوە ڕوانیویەتە جەنابی شێخ «عوبەیدوڵڵای نەهرێ». دیارە، وشەی «عالم» چ بە شکڵی عالەم (دنیا/جیهان) و، چ بە شکڵی عالم (زانا/ پسپۆڕ) بخوێندرێتەوە، دیسانیش مانای (باوەڕ) ناگەیێنێ.

ــ وەرگێڕانەوەی ڕستەی «... و مافی الضمیر او بعداز بیعت و ارادت او واضح گردید» بە «... و لە دوای زیارەتی ئەو زاتە، دڵیمان بۆ دەرکەوت» تەواو هەڵەیە. مەبەستی وەفایی لە هەردووک (او= ئەو) خودی کابرایە نە جەنابی شێخ. کەوابوو، مانای ئەو ڕستەیە دەبێ بەم جۆرە بنووسرێ: «... وە ناخی دڵی وی، دوای بەیعەت و ئیرادەت ئاشکرابوو».

ــ زۆربەی میرزا و کاتب و بنووسەکانی دەورانی پێشوو، لە نووسینەکانیاندا وشەی (حقیر/من حقیر)یان بەکاردەهێنا کە لە کوردیدا دەبێتە (چکۆڵەتان، منی گچکە یا منی چکۆڵە/منی ناچیزە)، کە ئەوەش لە دەقەکە کوردییەکدا لەبەر چاو نەگیراوە.

وەرگێڕدراوەی برگەی یەکەم:

وە هەروەهاساڵێک لە پێوەندی دەگەڵ کارێکی گرینگ و ئەنجامدانی مەبەستێکی تایبەتی لەلایەن دەوڵەتی خاوەنڕێزی عوسمانییەوە «مستەفاپاشا»ی لیوا کە لە شارستانی قارص نیشتەجێ بوو لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر بەرەو شەمزینان ڕاسپێردرا و هاتە نەهرێ. هەرچەند بە شێوەی ڕواڵەت لە عالەمی دەسەڵات و خۆ بە زلزانییەوە ڕووی مەرحەمەت و میهرەبانی دەنواند بەڵام لە مانادا تەواو مونکیر بوو، وە ناخی دڵی وی دوای بەیعەت و ئیرادەت ئاشکرابوو. لە پاش هاتنی بۆ نەهرێ و دیاریکردنی شوێنی دابەزینی ئەو و چەند کەس لە پاشایانی تر، چەند سەعاتێک پشوویان دا و حەسانەوە. چکۆڵەتان لەگەڵ «حاجی ئیسماعیل»ی چاودێر بە پێی فەرمانی خاوەنشکۆ هەروەک ڕەسمی دەروێشانە، شەربەت و شیرینی و گوڵاو و قەنداومان برد، کەمێکیان خوارد و خواردەوە. لە سیمای ویدا شوێنەواری ڕق و تووڕەیی و ئاگری بوغز و ئینکار بڵێسەکێش بوو، توند و قەڵس و بێدەنگ و بێباک ڕوخساری گرژکردووە و بڕۆی تێکناوە وەک بڵێی سرکە فرۆشە یان مەنجەڵی لە کوڵ و لە جۆشە، مەیل و موبالاتی بە کەس نەدەکرد.

چوارینە:

داسەکنێ! دڵەی پڕ لە عار و پڕ لە هۆ
سا، مەکوتە دەرگای خەڵکی دی، چیدی گەلۆ
مەڕوانە بە ڕواڵەت سەر و سیمای وەفایی
کە ڕەوشت چاکیی، باشترە تا جوانیی مرۆ

**بڕگەی دووهەم(نووسەر):**

ئەگەرچی پەردەداری ئەو زاتە، پیرۆزبایی و بەخێرهاتنی دەکردن! کەچی ئەو متەقی لێوە نەدەهات. لە ڕاستیشدا تازە لاوێکی بەم شەنگ و شۆخییە، کە تەمەنی «١٧-١٨» ساڵان دەبوو. لەم سەردەمەدا بێ وێنە بوو. نە پیرێکی بینا و نە لاوێکی گوێ ڕایەڵ بوو. بە روخسار و لەش و لار، باڵابەرز و بازوو رۆستەمانە و چاو ئاسک و سەرومل دڵرفێن و برۆ ئەستوور و جوامێر و زانست پەروەر و سامناک بوو. خاوەنی جوانیی گوڵ و زمانی بولبول بوو. ئەوەندە رۆح زل و خۆ بەزل زان بوو، نە مەیل و گوێی بە کەس دەدا و نە لوتف و میهرەبانی لەگەڵ کەسدا دەنواند. دەتگوت دوژمنی خوێنیی و خوێنخۆری دەروونییە. چوارینەی «١٦٧»:

ئەی ئەوەی ڕێگا دەگریت لە تیلە و نیگای دڵداران
بە جوانیی خۆتا مەنازێ و مەدە ڕەنجی بە تاڵان
تۆش ئەی ئاوێنە سڵ کە لە کسپە و ئاهی وەفایی
زۆر ڕەنگی سپی، گۆڕیوە بە ڕەش، ئەم سوورەی دەوران

(ل-١٣)

ـ ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دەبینین وەفایی لەو بیرەوەرییانەدا، ویستوویە ڕووداوەکان بە زمانێکی ئەدبی و بەتایبەت بە شێوەی سەجع و کێشدار بگێڕێتەوە، یان دەتوانین بڵێین ویستوویە حاڵەتێکی ئاماڵ «گولستان»یانەی شێخی سەعدی پێبدا، کە سەرنجی خوێنەرەوە زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. کەچی، لە زۆر شوێنی دەقە کوردییەکەدا ـ هەرچەند شێوازەکە تاڕادەیەک لەبەر چاو گیراوە ـ، بەتایبەت لەو چەند لاپەڕەیەدا کە دەکرێ وەک نموونەی تێکرای دەقەکوردییەکە چاوی لێبکرێ، زمانی دەق و مێژوویی بە سەر زمانە سەجع و ئەدەبییەکەدا زاڵ بووە. بۆ وێنە، لە ڕستەی «نە پیری دیدە نە جوانی شنیدە از تناسب اعضا و ترکیب صورت بالابرزو باهو رستمانە و چشمان آهوانە و سروگردن دلفریب و ابروان پر عتیب و سماحت و ملاحت بی نظیر و عدیل بود»، سەجع و ئاهەنگی وشەکان تێکچوون و تەنانەت وشەکان جێگۆڕکێیان پێکراوە. جگە لەوەش هێندێک وشە بە هەڵە تەرجەمەکراونەتەوە و، هێندێکیش هەر لە دەقەکەدا نەهاتوون.

بۆ وێنە: ڕستەی «در زلاقت زبان و بلاغت بیان نادرە زمان و اعجوبە دوران مینمود»، لە دەقە کوردییەکەدا قرتاوە و هیچ ئیشارەیەکیش نەکراوە.

ـ لە دەستەواژەی «ترکیب صورت بالابرزو باهو رستمانە» دا، «بالابرزو» بە «باڵابەرز» وەرگێڕدراوەتەوە، کەچی بە بوونی «باهو رستمانە» (مەچەک ڕۆستەمانە) لە پاڵ ویدا، دەبوو دەستبەجێ بزاندرێ کە وەفایی باڵای کابرای فەرماندەی بە باڵای «برزوو»ی کوڕی سۆهرابی کوڕی ڕۆستەم چوواندووە.

ـ دەستەواژەی «نە پیری دیدە و نە جوانی شنیدە»، هەرگیز ئەو مانایە نابەخشێ کە لە کوردییەکەدا هاتووە: «نە پیری بینا و نە لاوێکی گوێ ڕایەڵ». «دیدە» و «شنیدە» هەردووک سفەتی مەفعوولین نەک سفەتی فاعیلی. هەروەها دوو وشەی بە یەکەوە لکێندراوی «بی نظیر و عدیل» واتە: «بێ هاوتا و تاقانە»ش لە مەتنەکەدا نەهاتووە.

وەرگێڕدراوەی بڕگەی دووهەم:

وە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە لایەن خاوەنشکۆوە، پەردەدار(میواندار) ڕووی پیرۆزبایی و بەخێرهێنانی دەنواند، ئەو لە ئا تا ئا زمانی نەگەڕا. بەڵام ئینسافەن لاوێک بەو دڵگیرییە کە تەمەنی حەڤدە یا هەژدە دەبوو، لەو هەڕەدەدا بێوێنە و هاوتا بوو، نە پیرێتی دیتووە و نە لاوێتی بیستووە، لە ڕێکیی ئەندام و تەرکیبی شێوە باڵا برزووی مەچەک ڕۆستمانە و چاو مامزانە و، سەروگەردنی دڵڕفێن و جووتەئەبرۆی پەیوەست و جوامێری و دڵگیرییەوە بێ هاوتا و تاقانە بوو. لە گەڕاندنی زمان و گەیاندنی بەیان دەگمەنی زەمان و هەڵکەوتەی دەوران بوو، زمانپاراو و کارکوشتە و زانستپەروەر و بەسام، روخسارێکی گوڵانە و ڕەوانبێژییەکی بولبولانەی هەبوو. لە فیزی جەوانی و ئیدعای کامەڕانییەوە نە مەیل و مویالاتی بە کەس دەکرد نە لوتف و ئیلتیفاتێکی بە خاوەنڕوحێک دەنواند، دەتگوت دوژمنی خوێنیی و خوێنخۆرەوەیەکی دەروونی یە.

چوارینە:

ئەی ئەوەی ئێژی بە عاشق کە: مەڕوانە
هێندە بە جوانیی مەنازە، بە زیانە
سڵ کە ئەی ئاوێنە لەم ئاهی وەفایی
زۆر سپی کردووە بە ڕەش، سووری زەمانە

**بڕگەی سێهەم(نووسەر):**

دوای سەعاتێک من و حاجی ئیسماعیلی نازر، هەستاین و هاتینەوە خزمەت ئەو زاتە و بەدرێژی باسی ئاکار و کرداری ئەو پیاوەمان بۆ کرد. ئەو زاتە هیچی نەفەرموو. چێشتەنگاوی ڕۆژی دوایی، ئەو زاتە فەرمووی: بەرماڵەکەم بۆ بهێنن و بۆم ڕابخەن. دەمەوێ ئادابی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی چاوپێکەوتنی بکەم.

منیش بە پێی فەرمانی ئەو زاتە، بەرماڵەکەم برد و رامخست و پێم ڕاگەیاند کە ئەو زاتە، تەشریف بۆ ئێرە دێنێت. پاشان ناوبراو لە شوێنی هەمیشەی ئەو زاتە، لە نزیک پەنجەرەکەوە، بەو پەڕی فیز و گەورەییەوە دانیشتبوو. توند و بە هەیئەت خەریکی سەیرکردنی حەوزی ناو حەوشەکە بوو. چوارینەی «١٦٨»:

له کن ئەو کەسەی خاوەن کەمالە، گوایە وا باوە
چون لای دلداران بە جوان ناسراوە و جێگەی شیاوە
بە خۆی دەنازێ، وەفایی بەڵام، ئاگای لێ نییە
کە چەرخی گەردوون، چی لە هەناوی خۆیدا داناوە
(ل۱۳۰-۱۳۱)

ـ لەو بڕگەیەدا، وشەی «تفصیل» لە دەقە کوردییەکەدا، کە بە «بە درێژی» ماناکراوەتەوە هەڵەیە و، وشەی «پوختە» دروستترە.

ـ وشەی «کماهی» کە وشەیەکی لێکدراوی(ک+ما+هی) عەرەبی یە، مانای «هەرچی هەیەتی» یان «چۆنیەتی» دەبەخشێ کە لە دەقەکەدا وەلانراوە.

ـ ئەگەر سەرنجێکی سەرپێیی ئەو ڕستەیەی: «دەمەوێ ئادابی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی چاوپێکەوتنی بکەم.» بدەین، دەبینین هەم لە باری داڕشتنەوە هەڵەی تێدایە و هەمیش لە باری ماناوە ناتەواوە. وابزانم دەبوو ڕستەکە بەم چەشنە نووسرابایە: «دەمەوێ ئادابی بەخێرهاتن و پیرۆزبایی چاوپێکەوتنی بەجێبێنم».

ـ لە دەقە فارسییەکەدا «حوض و حیات» نووسراوە. کەوابوو، (حەوزی ناو حەوشەکە) هەڵەیە و، «حەوز و حەوشە» دروستە.

وەرگێڕدراوەی بڕگەی سێهەم:

دوای سەعاتێک ئەم چکۆلەتان دەگەڵ «حاجی ئیسماعیل»ی چاودێر هەستاین و هاتینە حزووری پیرۆز و پوختەی ئەحواڵ و چۆنیەتی کرداری ئەومان عەرز کرد، شتێکیان نەفەرموو، ڕۆژی دواتر لە چێشتەنگاودا خاوەنشکۆ فەرموویان کە بەرماڵی من بێنن ڕایخەن، دەمەوێ وەک ڕەسمی پیرۆزبایی چاوپێکەوتنێک ئەنجام بدەم. بە پێی فەرمان بەرماڵم برد و ڕامخست و ڕامگەیاند کە خاوەنشکۆ تەشریف دێنن. پاشای ناوبراو لە شوێنێکی نزیک پەنجەرەی وەتاغ کە هەمیشە جێگەی خاوەنشکۆ لەوێ ڕادەخرا، بە تەواوی فیز و گەورەییەوە، توند و بە هەیبەت خەریکی ڕوانینی حەوز و حەوشە بوو.

چوارینە:

هەر کەس کە کەمالێکی هەیە وا باوە
لە نێو دلبەران جەمالیشی بەرچاوە
دەخوڕێ بە جەمالی خۆی وەفایی، خافڵ
بەدریش بێ، فەلەک ڕاوی دەنێ لەم ناوە

**بڕگەی چوارەم(نووسەر):**

کتوپڕ ئەو زاتە تەشریفی هێنا و منیش پەردەکەم لابرد. هەموو پاشایان و عوسمان ئەفەندی، کە وەرگێڕ و کاتبی «وان» بوو؛ هەستان و پێشوازییان کرد و دەستی موبارەکیان زیارەت کرد. چوارینەی «۱٦۹»:

ماری پەرچەم و زوڵفی لە سەر ڕووی، خست بەملاولادا
ڕووی لە مانگ دەچوو، ئەوکاتەی هەڵدێ لە تاریک شەودا
یار هات و دانیشت، وەفایی ئیتر کۆڕی عاشقان
دووسەد ناڵین و شیوەن و هاوار، لە ناویان هەستا
(ل۱۳۱)

ـ لە کوردیدا «پەردەلادان» باوە، نەک «پەردە لابردن». هەروەها «دیگر پاشایان» نابێتە «هەموو پاشایان» و، «ترجمان»یش نابێتە «وەرگێڕ». عوسمان ئەفەندی کاتب و میرزای شارستانی وان، کوردی گوتەنی دیلمانج بووە و بەس.

وەرگێڕدراوەی بڕگەی چوارەم:

لەپڕ خاوەنشکۆ تەشریفیان هێنا و منی چکۆلەتان پەردەکەم لادا، پاشاکانی تر دەگەڵ دیلمانجەکە کە عوسمان ئەفەندیی کاتبی شارستانی وان بوو، هەستان بە پێشوازکراوی دەستی موبارەکیان ماچ کرد. چوارینە:

ماری کاکۆڵی لە ڕوو خستەوە لاجانگ
وەک لە ئاخی شەوەزەنگ دەربکەوێ مانگ
هات یار و کە دانیشت، وەفایی هەستا:
لە کۆڕی عاشقان سەد ناڵە و سەد بانگ

**بڕگەی پێنجەم(نووسەر):**

هەتا نەگەیشتە لای بەرماڵەکە، مستەفا پاشا هەڵنەستا و دەستی درێژ نەکرد. پاشان وەک جاری پێشوو، لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە و خەریکی سەیرکردنی حەوز و حەوشەکە بووەوە ئەوەندە بێ دەربەست دانیشت، کەلەکەی ڕاستی کەوتبووە بەرامبەر روخساری ئەو زاتە. کۆڕەکەش چەندان پاشا و خاوەن پایەی حکومەتی عوسمانی لێبوون. هەندێکیان لە سەر کورسی دانیشتبوون و هەندێکیشیان چۆکیان دادابووە سەر زەوی و کڕ و کپ دانیشتبوون. چوارینەی «۱۷۰»:

لە ناو مەڵبەند و کۆڕی عاشقی بێ ناوونیشان
تاوێک ئارام بە و بحەسێرەوە، ئەی گیانی جیهان
دڵ لە سەر دەست و گیانیش لە سەر دەست، وەکوو وەفایی
لە غەمزەکەی ئەو، ئامادەیەک و ئێمەش دڵ و گیان
(ل۱۳۱)

ـ وەفایی کە فێعلی «تشریف آوردن»ی بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا بەکارهێناوە، دەبوایە لە دەقە کوردییەکەشدا هاتبا.

ـ فێعلی «لێبوون» و، هەروەها «دانیشتبوون»ی جاری یەکەم زیادین.

وەرگێڕدراوەی بڕگەی پێنجەم:

تا بۆ لای بەرماڵ تەشریفیان نەهێنا، مستەفا پاشا هەڵنەستا و دەستی درێژ نەکرد، ئەوسا وەک جاری پێشوو لە جێی خۆی دانیشتەوە و بە ڕوانینی حەوز و حەوشەوە خەریک بوو. وە وەها بێ موبالات دانیشت کە کەلەکەی ڕاستی دەکەوتە بەرانبەر ڕووی موبارەک. دەو مەجلیسەدا چەند کەس لە پاشایان و کارگێڕانی دەوڵەتی عوسمانی هێندێکیان لە سەر کورسیان و بەشێکشیان بە چۆکدادراوی لە سەر زەوی کپ و بێدەنگ

دانیشتبوون. چوارینە:

لەم کـــۆڕی ئەویندارگـــەلی بێ ناو و نیـــشـــان
تاوێکی پشـــوویەک بدە، ئەی گـــیـــانی جـیـــهـــان
دڵ لە مـــست و گـــیـــان لە ســـەر لێـــوە وەفـــایی
لەو غـــەمـــزە، نیگایەک و لە ئێـــمـــەش دڵ و گـــیـــان

**بڕگەی شەشەم(نووسەر):**

**جەنابی خەلیفە مەلا عەبدوڵڵای سلێمانی ـ ناسراو بە: جۆڵاـ ش لە نزیک ئەو زاتەوە دانیـشـتـبـوو. منیش لە پشت سـەری خـەلیـفـەوە وەسـتـابـووم. سـەری هێنایە بن گـوێم و وتی: زۆر زەحـمـەتە ئەو زاتە، ئەو دڵە بەرد و پۆڵایینەی ئەم مـسـتـەفـا پاشایەی پێ نەرم بکرێت و لەم حاڵە بیگۆڕێت.**

**ئەو زاتە مـاوەیەک لێی رامـا و لە ناکاو مـسـتـەفا پاشا وەک ئەوەی لە پڕێکدا خەنجـەرێک بە کـەلەکـەی ڕاسـتـیـدا بکەن، یان تیـری بەرکـەوتبێ؛ خـێـرا ڕووی لە سـەیرکـردنی حـەوز و حـەوشـە وەرگـێـڕا و لە بەردەم ئەو زاتەدا چوو بە چۆکدا و سەری خـەواند. ئیتر روخساری نیشتە سەر ئارەق و وەک شەوغی تازە بەهار، یان وەک چیمەن و چەپکە گوڵ؛ گوڵاوی لێدەتکا. چوارینە «١٧١»:**

**کـە پیـری مـەزن، تیلەی پڕسـۆز و بەخـشـیـنی چاوی؛**
**بڕییـە ئەو لاوەی خـۆ بەزلزان و کـەشـحـە و فـیـزاوی**
**لە هـەنیـــەیەوە، وەفـــایی تـک تـک ئارەق دەتـکا**
**وەک گـوڵی بەهار؛ کـە لێی بچـۆڕێ، تکەی خـووناوی**

**(ل١٣١-١٣٢)**

**ـ وابزانم لە نێـوان «وەسـتـان» و «ڕاوەسـتـان»دا جـیـاوازی هـەیە و، هـەروەهـا جـەنابی خـەڵیفە لە «ژوور سـەری» وەفایی ڕاوەستاوە، نەک لە «پشت سەری».**

**ـ وەفـایی، دڵی کـابرای بە بـەرد و سندان چواندووە، ڕاسـتـەسندان خـۆی لە پۆڵا دروست کـراوە و ئاسنگەر ئاسنەواڵەی لە سـەر دەکوتێتەوە، بەڵام دەکارهێنانی وشەی «پۆڵایین» مانای سندان نادا.**

**ـ ڕسـتـەی «ئەو زاتە مـاوەیەک لێی رامـا» هـەڵەیە. لە کـوردیدا «تێ ڕامان»مان هـەیە نەک «لێ ڕامان». بێ لەوەش، «مراقب شدند» مانای «لێ ڕامان» نادا. ئەوەش بگوترێ کە بە گوێرەی ئەو دوو لاپەڕەیەی لە بەردەست دایە، وەفایی لە تەواوی ڕستەکاندا بە عینوانی ڕێزگرتن لە شێخ عوبەیدوڵڵا، فێعلی سێهەم کەسی جەمع(کۆ)ی دەکار کردووە، کە دەبوو لە وەرگێڕانەوەکەشدا ئەو مەبەستە لە بەرچاو گیرابا.**

**ـ ڕستەی «روخساری نیشتە سەر ئارەق» هەڵەیە و، دەبوو گوترابا: ئارەق نیشتە سەر روخساری».**

**ـ «سـەرخـەواندن» لەبری «سـر بجـیب خـود انداخت» هەڵەیە و، دروسـتـەکـەی دەبێـتـە: سـەری دەبەر خـۆیەوە نا، یان سـەری خـۆی شۆڕکردەوە.**

**ـ دەسـتـەواژەی «از نوبهار شکفتە شبنم دمیدە و... » بە «شـەونمی تازەبەهار، یان...» تەرجەکراوەتەوە، کە تەواو هەڵەیە.**

وەرگێڕدراوەی بڕگەی شەشەم:

جەنابی خەلیفە مەلا عەبدوڵڵای ناسراو بە (جۆڵا) ش لە تەنیشت پیرۆزیان دانیشتبوو، ئەو چکۆڵەشتان لە ژوور سەری خەلیفە ڕاوەستابووم، سەری هێنایە بن گوێی چکۆڵەتان و گوتی زۆر زەحمەتە کە خاوەنشکۆ دڵی وەک بەرد و سندانی ئەو مستەفا پاشایە نەرم بکا و لەو حاڵەی بهێنێتەدەرێ، ئەوسا خاوەنشکۆ چەند پشوویەک چاوەڕوان بوون کە لەناکاوێک مستەفا پاشا وەک ئەوەیکە کەسێک لە ناخافڵ و کتوپڕ خەنجەرێک لە کەلەکەی بدا یان تیرێکی تێسرەوێنێ، خێرا ڕووی خۆی لە ڕوانینی حەوز و حەوشە وەرگێڕا و لە بەرانبەر خاوەنشکۆ چۆکی دادا و سەری دەبەر خۆیەوە نا و تا ماوەیەک ڕەنگ و ڕوخساری هەروا پەیتاپەیتا ئارەقەی لێ دەتکاوە، دەتگوت لە خونچەی نەوبەهار خوناوە دەماوە و لە چەپکەگوڵی چەمەن گوڵاو تکاوە. چوارینە:

تا نیگای مـــەرحـــەمـــەتی پیـــری شکۆدار
کـــەوتە ســـەر لاوی بەفـــیـــز و زل و ڕوودار
وا، هاتەتکان ئارەقـــەی ڕووی، وەفـــایی
هەر وەک بتکێ شـــەونمی ســـەرگـــوڵ لە بەهار

**بڕگەی ئاخر(نووسەر):**

**وەک چۆن مـورید و دەروێش، لە خـزمـەت شـێـخی خـۆیدا، بە ئەدەب و خـــۆنەنوێنی چۆک دادەدات و خـــۆ بە کـــەم زانانە دادەنیشێت؛ ئاوا شەرمەندە و خەجاڵەتبار نووشتایەوە. چوارینە «١٧٢»:**

**ئەو شـەنگەی، سـیـمـای لەوپەڕی جوانیی و بێ هاوتاییـە**
**ســـەردانەواندن، بـۆ پاشـــایانیش، نازانی چیـــیـــە**
**کـــەچی بە تاقـــە ســـەرنجـــێکی پیـــر، وا گـــیـــرۆدەبوو**
**شـەکـەت و زامـدار، کت و مت دەتوت: هەر وەفـایی یە**

**(ل١٣٢)**

**ـ پێموایە فێعلی «نووشتایەوە» لە بری «گردن کج گردید» دروست نییە و، دەبوو بگوترێ: سـەری شۆڕ کردەوە، ملی خوار کردەوە یان ئەستۆکەچ بوو.**

**ـ نووسەر، هەرچەند لە زۆر شوێنی بیرەوەرییەکاندا، وشەی «سالیک»ی وەک خـۆی هێناوەتەوە و نەیگۆڕیوە، بەڵام لێـرەدا لە بری ئەو وشـەیە «دەروێش»ی دەکـارهێناوە کـە زیاتر بۆ پێـڕەو و ڕێڕەوانی تەریقـەتی «قـادری» باوە تا تەریقـەتی «نەقشـبـەندی». ڕاسـتـە وەفـایی خـۆی لە لاپەڕەی یەکەمی بیرەوەرییەکاندا (ل٢٩٧ی کتێبەکە) لە دوو دەروێشی کشـمیری و بوخارایی دەدوێ، بەڵام بە گشـتی لە کوردسـتـان، زاراوەی (دەروێش و تەکیە) زیاتر بۆ تەریقـەتی قادری بەکاربراون و، هەر ئاواش زاراوەی (سۆفی و سـالیک و خـانەقا)ش بۆ تەریقـەتی نەقشـبـەندی). ئەوەش کـە زاراوەی «دەروێش» بە شـێـوەی گشـتی، بۆ پێڕەو و ڕێڕەوانی**

شێخ و ساداتی نەهری، بەکاردەبری، ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەبگری کە ڕەچەلەکی بنەماڵەی ساداتی نەهری دەچێتەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی. دیارە ئەو بنەماڵەیە، لە دوای «سەید طەهای نەهری» کە خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە، چوونەتە سەر تەریقەتی نەقشبەندی و ئەو تەریقەتەیان برەو پێداوە.[1]

وەرگێڕدراوەی بڕگەی ئاخر:

هەروەک چۆن مورید و ڕێڕەو لە خزمەت پیری خۆیدا، گوێ بە فەرمان و بەئەدەب و، دەستەونەزەر و بەحیا چۆکدابدا، بەتوازوعەوە دادەنیشێ، بەم چەشنە شەرمەزار و خەجاڵەتبار سەرشۆڕدەکاتەوە. چوارینە:

شۆخێک کە لەبەر ئەوپەڕی ڕووی جوانی خۆی
قەت شاشی نەزانیبوو بە هەوشانی خۆی
بە نیگای پیر وەها کەفتگە نێو داو
دەتگوت وەفایی یە، بیزارە لە گیانی خۆی

**ڕوونکردنەوەی کێش(وەزن)و مانای چوارینەکان**

لێرەدا، بۆ وەڕووخستنی کێش و مانای چوارینەکان، تەنیا ئەو چەند چوارینەیەی سەرەوە وەک نموونە شیدەکەینەوە و، بۆ ئەوەی باسەکە تووشی درێژدادڕیی نەبێ لەوانی دیکە خۆ دەبوێرین.

هەروەک ئاگادارین چوارینە(روباعی) یەکێک لە جۆرەکانی دەربڕینی شێعرە، کە شاعیر تێیدا، مەبەستێکی دیاریکراوی ڕەوشتی، فەلسەفی، دڵداری و... بە کەمترین وشە و زۆرترین مانا دەردەبڕێ. بە گوێرەی سەرجەمی ئەو چوارینانەی کە لە کۆنەوە تا ئێستا، بە زمانی فارسی و تەنانەت بە زمانی کوردیش گوتراون، بە پێی عورفی شێعری و پێوانەی ئەدەبی، یان زانستی عەروض و دابڕکردنی وەزنەکانیان، دەتوانین لە چەند کێش (وەزن)ی تایبەتیدا بیانگونجێنین کە زۆربەی ئەو وەزنانە لە یازدەوە بۆ سێزدە بڕگەیی دەگۆڕدرێن. بەڵام وەزنی ئەسڵی چوارینە(روباعی) لە زمانی فارسیدا «بەحری هەزەجی هەشتانەی ئەخرەب...»ە. هەڵبەت دەستنیشانکردنی تەواوی ئەو کێشانە لێرەدا زیادی یە و، تەنیا ئەو وەزنە باوانەی کە پێوەندییان بە باسەکەوە هەیە دەیانخەینەڕوو.

**١) کێشی یازدە بڕگەیی:**

مەفعولون مەفعولون مەفعولو فەعەل[2]
(- o /o - - /- - - /- - -)[3]

ئەو کێش (وەزن)ە بۆ چوارینەبێژی کوردیی، زۆر لە سەر زاران خۆش نییە، هەربۆیە زۆربەی شاعیرانی کورد، لە (بەحری هەزەجی شەشانەی مەحذووف = مەفاعیلون مەفاعیلون فەعولون) کەڵک وەردەگرن. نموونە، باباهەژاری موکوریانی:

دڵم تەنگە وەکوو خونچەی دەمی تۆ
سەرم گێژە لە گێژی پەرچەمی تۆ
دڵ و گیان و ژیانم دا بە ماچێک
وتت: پێکنایە، زۆری من کەمی تۆ[4]

نموونە، هێمن:

قەرار بوو بێی لە گەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی، گەرچی پێت دابووم بەڵێنی
لە ناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن
لە کوێ فێربووی گوڵم پەیمان شکێنی؟[5]

**٢) کێشی دوازدە بڕگەیی:**

مەفعولون مەفعولو مەفاعیلون فەعەل
( - o /- - - o /o - - /- - -)

نموونە، خەییامی هەژار:

دنیا بە دەسی دەستەکەر و گایێکە
هەر جاشەکەرە: وەزیر و پاشایێکە
دیندار بە کەسێ دەڵێن نەزان و گێژە
هەر کەس کە دەڵێن کافرە زانایێکە[6]

**٣) سێزدە بڕگەیی:**

مەفعولو مەفاعیلو مەفاعیلو فەعەل
(- o /o - - o /o - - o /o - -)

نموونە، خەییام:

گر آمدنم بخود بودی نامدمی
ور نیز شدن بمن بودی کی شدمی
بە زان نبودی کە اندر این دیر خراب
نە آمدمی، نە شدمی، نە بدمی[7]

بە دەستنیشانکردنی ئەو سێ وەزنەی سەرەوە، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە زۆربەی چوارینەکان لە زمانی کوردیدا لە سەر کێشی دوازدە بڕگەیی داندراون کە زیاتر دەگەڵ وەزنی **(لا حول و لا قوة الّا بالله)** یەک دەگرنەوە و، تەنانەت عەبدوڕەحمانی هەژار کە چوارینەکانی «خەییام»ی وەرگێڕاوەتەوە، زۆربەی ئەو چوارینانەی کە لە سەر کێشی سێزدە بڕگەیی بوون دایشکاندوونەتەوە و خستوونیەتە قاڵبی کێشی دوازدە بڕگەیی.

نموونە، وەرگێڕدراوی ئەو چوارینەی سەرەوە:

هاتن بە دەسی خۆم نەبوو، هێنایانم
دەرچوونەدەریش چۆن و کەیە؟ نازانم
سەد خۆزگە نە هاتبام، نەچووبام، نەبیام
لەو گێرە و کێشەدا ڕەحەت با گیانم[8]

مامۆستا محەمەد سەبارەت بە چوارینەکان دەنووسێ:

"ئەمجۆرە شیعرە چوارینانە، کە وەزنی تایبەتی خۆیان هەیە و لە ناو ئەدەبی عیرفانی فارسیدا باون؛ کەمتر شاعیرانی کورد پەیڕەویان کردووە. بۆیە بۆ ئەوەی لەو وەزنەی دەرهاوێژم و کەش

و هەوایەکی کوردییانەیان بدەمێ، بە زمانی شیعری رەوان و فۆلکلۆر ئاساییەکانی وەفایی وەرمگێڕاون و لە وەرگێڕانیشدا وەزنی پێنج برگەیی هیجام بەکارهێنا، تا زۆرتر لە سەر زمان، سفت و رەوان و پاراو بن... کە ڕێدەکەوێ ئەم پێنج هیجایە لە هەندێ چوارینەدا دووجار دووبارە بۆتەوە و لە هەندێکی ترشدا سێ جار...". (ل٢٥)

خاڵێکی کە لێرەدا زۆر جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە وەزن و کێشی روباعی (چوارینە) بەو تایبەتمەندیيانەی کە لە سەرەوە باسکرا، نە بە دووپاتبوونەوەی دووجار پایەی پێنج برگەیی دێتەدەست و نە، بە دووپاتبوونەوەی سێ جار پایەی سێ برگەیی. ئەوەش کە نووسەر دەڵێ «ئەم پێنج هیجایە لە هەندێ چوارینەدا دووجار دووبارە بۆتەوە»، هیچ نموونەیەکم بۆ ئەو جۆرە چوارینەیە بەرچاو نەکەوت. کێشی دووجار پێنج برگەیی، وەک یەکێک لە وەزنە سەرەکییە خۆماڵییەکان و شێعری فۆلکلۆری کوردی، کە زۆربەی شێعری دیالێکتی «گۆرانی/هەورامی) لە قاڵبی ئەو وەزنەدا گوتراون؛ بۆ هۆنینەوەی چوارینە زۆر گونجاو نییە.

نموونە، مەولەوی تاوەگۆزی:

ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن
زایەڵەی سەمتوور کەللەم وە گەرمەن
سەدای زیل و بەم مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت شادیشەن، خەم دەماخ بەرزەن[9]

نموونە، شێعری فۆلکلۆری کوردی:

ئەگەر زانیبام دڵداری وایە
هەرگیز نەمدەکرد لە سەر دنیایە

کەوابوو، کێشی پازدەبرگەیی (سێ جار پێنج برگەیی) کە نووسەر بۆ وەرگێڕانەوەی چوارینەکان کەڵکی لێوەرگرتووە، دەگەڵ تایبەتمەندیی روباعی یەک ناگرێتەوە و، زیاتر دەچێتە ناو قاڵبی غەزەل و قەصیدەوە. ئەو وەزنەش کە وەفایی چوارینەکانی لە سەرداناوە، ئەم جۆرەیە:

مەفعولو مەفاعیلون مەفعولو فەعەل

(- o /o- - /- - - o /o - -)

دەوەدا شک نییە کە وەرگێڕانەوەی ئەو چوارینانە، هەروەک نووسەر بە دروستی ئاماژەی پێکردوە(ل٢٥)، کارێکی هێندە هاسان نییە و بەڵکە سەختیشە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرا بە سەرنجدانێکی زیاتر، هەوڵدرابا کێش و ریتم و مۆسیقای چوارینەکان، لانیکەم دە قاڵبی کێشێکی گونجاو لەگەڵ گوێ و زەوق و چێژی کوردەواری پارێزرابان.

هەروەک شارەزایانی بواری شێعر و شاعیری ئاگادارن، تەنیا چەندێتی ئەستوونی یان ژمارەی برگەکان بۆ پێوانەی وەزنێک بەس نییە، بەڵکە دەبێ چۆنیەتی ڕیزکردن و ئاوێتەبوونی پیتە کپ (consonant) و دەنگدار(vowel)ە کورت و کێشراوەکان و، هەروەها مۆسیقای ناوەوەشیان لە بەرچاوبگیرێ، کە بەداخەوە لەو چوارینانەدا هیچ چەشنە مۆسیقا و هارمۆنییەک بە دی ناکرێن.

ئەگەر چاوێک بە سەر ئەو چەند چوارینانەی سەرەوەدا بخشێنین دەبینین سەرەڕای لەبەرچاونەگرتنی وەزنەکانیان، لە زۆر شوێندا بە خاتری قافیە (سەروا)، مەبەست و ماناکانیش بە هەڵە تەرجەمەکراون.

**چوارینەی ژمارە «١٦٦»:**

ــ ڕستەی «بژی مەردانە»ی میسرەعی دووهەم زیادی یە.

ــ وشەی «داساکێ» کە لە چاوگەی «داسەکنین» وەرگیراوە هەڵەیە و دروستەکەی دەبێتە «داسەکنێ». هەڵبەتا لە وەرگێڕانەوەدا، جارجار وەرگێڕەوە بۆی هەیە لە هێندێک وشە و ئامرازی پێوەندی بۆ گونجاندن لەگەڵ وەزنەکەدا کەڵک وەرگرێ، بەڵام ئیدی هەق نییە مانا و مەبەستی شێعرەکان بگۆڕدرێن، یان دارشتنی هەڵە و وشەی قەبە و ناشاعیرانە دەکاربکرێ.

ــ لە باری کێشیشەوە (سێ جار پێنج برگەیی) دێری سێهەم چاردە برگەیە و ئەوانی دیکە پازدە برگەن.

**چوارینەی ژمارە «١٦٨»:**

ــ وا باوە ئەوەی کەماڵی هەبێ جەماڵیشی هەیە، ئیتر «گوایە» زیادی یە.

ــ لە میسرەعی چوارەمدا، ڕستەی «چی لە هەناوی خۆیدا داناوە» لە بری «بدر وبالي دارد»دا هاتووە کە تەواو هەڵەیە. وەفایی دەڵێ:

نازد بە جمال خود وفایی غافل
کز دور فلک، بدر وبالی دارد

لێرەدا جەماڵ بە بەدر (مانگی چاردە) شوبهێندراوە، واتە ئەگەر مرۆ ڕوخسارێکی وەک مانگی چاردەشی هەبێ، ڕۆژێک هەردەبێ بڕوا (بمرێ). وەک چۆن «بەدر» لە خولانەوەی فەلەک و چەرخی گەردووندا وەباڵە و، هەمیشە ئاوا نامێنێتەوە، جوانییش بۆ هیچکەس هەتا سەر نییە.

**چوارینەی ژمارە «١٦٩»:**

ــ دەستەواژەی «خست بەملاولادا» لەبری «بگرفت کنار» داندراوە کە زۆر ناشاعیرانەیە. لە کوردیدا هیچکەس نەیبیستووە «ماری پەرچەم و زولف» بکەوێ یان بخرێ! بەڵکە لادەدرێ، وەلادەخرێ یان دەخرێتەلاوە. لێرەدا دەبێ لە فێعلی «خستنەوە» کەڵک وەربگیرێ، نەک لە «خستن».

ــ وەفایی بە هێنانەوەی وشەی «خافڵ»، دەیەوێ هەم خۆی وریا بکاتەوە و هەمیش ئێمە، کە دنیا هێندەی پێناوێ و ئاخری هەر مەرگە؛ ئیتر بۆ دەبێ لە بری «خافڵ» (ی دوو هیجا) کە وشەیەکی

جێکەوتووە، چەند وشەی وەک «بەڵام.. ئاگای لێ نییە(چەند هیچا)» بهێنینەوە، کە حاڵەتی پەخشان بە شێعرەکە بدرێ؟

ــ وشەی «برخاست» (هەستا) دوو مانای هەیە کە لە وەرگێڕدراوەکەدا شێواوە. مەبەستی وەفایی ئەوەیە: کاتێک شێخ تەشریف دێنێ، لە پێشدا وەفایی خۆی هەڵدەستێ(مانای یەکەم) و پاشان لە کۆڕەکەش دووسەد ناڵە هەڵدەستێ(مانای دووهەم).

**چوارینەی ژمارە «١٧٠»:**

ــ هێنانی وشەی «بحەسێرەوە» یان «بچۆرەوە» (چوونەوە)، بخۆرەوە (خواردنەوە) و بێرەوە (هاتنەوە)، کە شێوە دیالێکتی ناوچەیەکی گچکەی کوردستانە لە شێعردا، کەمێک لە زەوقی شێعری بە دوورە، دەبێ هەمیشە لە نێوان زمانی نووسین و زمانی پەیڤیندا جیاوازی دابندرێ.

ــ هەم «دڵ» لە سەر دەست و هەم «گیان»یش لە سەر دەست، ئەوە قسەی وەفایی نییە، ئەو دەڵێ: دل بر کف (دڵ لە نێو دەست/ دڵ لە مست) و جان بر لب (ڕوح لە سەر لێو).. هەر وەک گوترا یەکێک لە تایبەتمەندی شێعر و بەتایبەت چوارینە ئەوەیە کە قسە کورت و پاراو بێ و، مانا زۆر و بە لێشاو.

ــ لێرەدا، ڕووی قسەی وەفایی دە شێخەکەی خۆیەتی، نازانم نووسەر ئەم «ئەو»ەی بۆ بە سەر ویدا داسەپاندووە. وەفایی دەڵێ: (ئەی گیانی جیهان... لەو غەمزەیەی تۆ ئیشارەیەک بەسە تا ئێمەش دڵ و گیانمان ببەخشین).

**چوارینەی ژمارە «١٧١»:**

ــ لێکدراوی «گوشەیێ چەشمێ مەرحەمەت» [بە ڕێنووسی کوردی](سیلەی چاوی مەرحەمەت)، بە «تیلەی پڕ سۆز و بەخشینی چاوی؛» وەرگێڕدراوەتەوە». وەفایی گوتوویە: «.. چشم مرحمت» (چاوی مەرحەمەت/ چاوی بەخشیش)، نەک «مرحمت چشم» (بەخشینی چاو!).

**ڕوونکردنەوەی چەند هەڵەی دیکە**

ـ نووسەر لە ژێرنووسی لاپەڕەی ١٠ی کتێبەکەدا دەڵێ کە شێخ عوبەیدوڵلا «دیوانێکی شیعری گەورەی بە ناوی مثنوی هەیە.. کێشی شیعریی ئەم دیوانە مسدس مەقصورە». دیارە لێرەدا دەبێ هەڵەی چاپی کرابێ و نێوی وەزنەکە لە قەڵەم کەوتبێ. هەڵبەت بە پێی ئەو ئاماژەی نووسەر کردوویەتی کە شێخ عوبەیدوڵلا بۆ دانانی ئەو دیوانە چاوی لە مەولانای ڕۆمی کردووە، دەبێ مەثنەوییەکە لە سەر کێشی (ڕەمەلی موسەددەسی مەحزووف) واتە: «فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلون» گوترابێ.

ـ لە ژێرنووسی لاپەڕەی ٢٤ی کتێبەکەدا هاتووە:

«وەک لە کاک سەلاحی شێخولئیسلامی ـ کوڕی مامۆستا هێمن ـ ی شاعیرم بیستووە؛ گوایە وەفایی هەر تەنیا کوڕێکی بە ناوی خەییام هەبووە، کە بە داخەوە ئەم کوڕە شێت بووە، کاک سەلاح، کاتی خۆی ئەم هەواڵەی لە باوکی (هێمن) بێستووە.»

ئەوەی ڕاستی بێ، ڕوونکردنەوەی ئەو هەڵەیە، خۆی پێوەندییەکی تەواوی بە ڕوونکردنەوەی ژیانی «وەفایی» یەوە هەیە کە هیوادارم بتوانم (لە داهاتوودا) ئەو باسە درێژە پێبدەم. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە و باسەکەش هەر لە سەر ڕوونکردنەوەی هەڵەکانی ئەو کتێبە چەقی بەستووە، بە کورتی دەڵێم: یان نووسەر بە هەڵە ئەو هەواڵەی ڕاگوێستووە یان کاک سەلاح لە گێڕانەوەی هەواڵەکەدا تووشی هەڵە بووە. وەفایی هیچ ئەولادی نێرینەی لە پاش بەجێ نەماوە و ئەو «خەییام»[10]ەش کچەزای بووە.

ــ لە لاپەڕەی ٣٥ی کتێبەکەدا، نووسەر بۆ ناساندنی «خواجەی ئەحراری» لە ژێرنووسەکەدا تووشی هەڵە بووە.

مەبەست لە «خواجەی ئەحرار»، «خواجە عوبەیدوڵلای ئەحرار»ە کە شێخێکی ناوداری تەریقەتی نەقشبەندی بووە و چەند سەدە دوای «خواجە عەبدوڵلای ئەنصاری» ژیاوە.

**پەراوێزەکان:**

١) یادی مەردان ـ بەرگی یەکەم، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەلا عبدالکریمی مدرس دایناوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٩؛ لاپەڕەی ٩٨.

٢) زۆربەی ئەو وەزنانە لە «زوحافاتی» بەحری «هەزەجی هەشتانە» بە حیساب دێن. بۆ زانیاری زیاتری جۆری وەزنەکان بڕوانە: آشنایی با عروض و قافیە، دکتر سیروس شمیسا، تهران، چاپ دهم ١٣٧٣.

٣) ئەوە (-) نیشانەی دەنگداری کورتە و، ئەوەش(O) نیشانەی دەنگداری کێشراوە، کە لە زمانی کوردیدا و بەتایبەتی لە دابڕکردن(تقطیع)ی بەحرەکانی شێعریدا زۆر لەبەر چاو ناگیرێن و، دەخوێندنەوەدا زۆر جار سەنگ و سووک دەکرێن.

٤) چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی هەژار، سروش، تهران ١٣٦٩؛ ل٨٩.

٥) دیوانی هێمن موکریانی، پێشەکی و پێداچوونەوە. س. چ هێرش، کتێبفرۆشی هەرزان، سوێد، ٢٠٠٣، ل ١٧١.

٦) چوارینەکانی خەییام...، ل٥٩.

٧) چوارینەکانی خەییام بە کوردی و فارسی، ئامادەکردنی: نەبی قادری، سوید ١٩٩٤، ل٣٠.

٨) پێشوو...

٩) رسالەی عشق لە مەولەوی نامی دا، سۆران سنەیی، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی، ١٣٧٠ هەتاوی، ل٥٣١.

١٠) ئەمن خۆم ئەو «خەییام»ەم لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٢ کە تەمەنی لە بەینی ٣٥ تا ٤٠ ساڵ دەبوو، دیبوو. «خەییام» کە بە (شێت) لە قەڵەم درابوو، زۆر قسەخۆش و نوکتەبێژ و زۆرزان بوو. خەییام لەو ساڵانەی شێتایەتیدا، شەوانە زیاتر وەک سەرپەنا لە ئاورخانەی حەمامی (مەڕمەڕ)ی ئەوکاتەی مەهاباد دەماوە و، بە ڕۆژیش لە بازاڕ و گوزەرەکاندا دەگەڕا... وابزانم هەر لەو ساڵانەشدا کۆچی دوایی کرد.

• • •




...

لە کۆنەوە گوتویانە بیری منداڵی تیژە، بە عاستەم و دوبەڵا '*ماسۆ*'، جێی لەدایکبوونم وەبیر دێ کە ماڵمان هاتۆتە '*هەمزاوا*'یە (لە پێشدا لە ٥کیلۆمەتری جادەی مەهاباد– سەردەشت هەڵکەوتبوو کە پاشان وەژێر بەندئاوێ کەوت و خەڵک چەند جێگەی تریان ئاوەدان کردەوە) و هەر لەوێ لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی، ١٩٥٥ی زایینی کە مەدرەسە لە گوندەکەمان دامەزرا، من بە کەمتەمەنترین قوتابی وەرگیرام و نرامە بەر خوێندن. هەمزاوا، هەم لەبەر ئەوەی مەکۆی عەولای بایزاغا سەرۆکی عەشیرەتی مەنگور بوو وهەمیش نزیک شار بوو، گوندێکی ئاوەدان و قەرەباڵغ بوو. ڕۆژ نەبوو تەردەست و پاڵەوان و بەندباز، قامبێژ و چاوەش، لۆتی و ورچباز ڕوی تێنەکەن، قەت ڕۆژێکی بێسەیر نەبووین. زۆر بیرەوەری خۆشی ئەو کاتەم لە زەیندا ماوەتەوە.

لە ساڵی ١٣٣٧ ی هەتاوی ڕۆژێک لەناکاو حەسەن زیرەک و حەمە جەیران لە کلاسەکەمان وەژوور کەوتن. دوای چاکو چۆنی لەگەڵ ئاغامدیر، کاک سولەیمانی حەبیبپەنا، کلاسەکەمان بوو بە بەزم و چەپڵەڕێزان. لەسەر داوای ئاغا مدیر گەڕەلاوژە دەستی پێکرد و دوای چەند کەسان نۆبە گەیشتە سەر من. کاتێ لە گۆرانیەکەم بوومەوە *( ئاوەدان بێ بەردوکە، ئاوەکەی ساردو سوکە، یارەبی بەقوڕێ گیرێ، لێی پەیدا بوە جندوکە – ئاوەدان بێ هەمزاوا، دەڵێی حۆری لێ زاوە، کەلەکەی چەپم شکاوە، ئەو کچە بە مست لێی داوە)* حەسەن زیرەک گوتی: "ئەو ڕەشەیە شتێکی لێ دەردێ". هەڵبەتە وا نەزاندرێ کە بوومە شتێکی زۆر عەجایب، نەخێر نەوەڵڵا لە کوردێکی سادەو ساکار بەولاوە نەبوومە چی تر. بەهەر حاڵ ئەوە یەکێک لە خۆشترین بیرەوەریەکانی سەردەمی منداڵیم بوو کەوا ئێستاش دوای نیزیکەی ٣٠ ساڵان، حەیرانی حەمە جەیران و گۆرانیی

*"ئاو هەڵات و ڕۆژ هەڵات، دای لە پردی مەهابات، چەندم حەول لەگەڵ دا، توران لەگەڵم نەهات*"ی حەسەن زیرەکم لە گوێدا دەزرینگێتەوە. وا بزانم دوای سەردانێکی تر لە هەمزاوا، هەر ئەو ساڵی بوو کە حەسەن زیرەک پەڕیوەی گەرمێنێ دەبێ و لە ئێزگەی رادیۆی بەغدا، بەشی کوردی، زۆربەی گۆرانیەکانی تۆمار دەکا و پەرە بە هونەرەکەی دەدا. ئەوکات هێشتا مەلیک فەیسەڵی سانی لە عێراق پاشایەتی دەکردو هاتوچۆ و ئەم دیو و ئەو دیو کردن ئاسایی بوو.

** پێشەکیی کۆمەڵە شێعری ' بزەی خوێن' ،چاپی یەکەم– ستۆکهۆڵم، ١٩٩٠، لاپەڕەکانی ١–٣.*

# یادی ٢٥ ساڵەی حەسەن زیرەک

*س. چ. هێرش*

ئایا بەڕاستی حەسەن زیرەک شیاوی ئەوەیە یادی بکرێتەوە و شوێنێکی پڕبایەخی لە ڕەوتی هونەری ئاواز و گۆرانی کوردیدا بۆ تەرخان بکرێ؟ بۆچی نا... گرینگ ئەوەیە بە چ بیر و بۆچوون و پێوانەیێک چاو لە هونەری گۆرانیی کوردەواری بکەین. هەروەک دەزانین و باوە، هەموو نەتەوە زیندووەکانی جیهان ڕێز لە هونەر و هونەرمەندی خۆیان دەگرن و بە شانازی یادیان دەکەنەوە. ئێمە بۆ نەیکەین؟ ئەویش بۆ هونەرمەندێک کە تا ئەوکاتەی لەسەر تەختی نەخۆشخانە لە گەڵ دێوی مەرگ ڕووبەڕوو بوو، وشەی کوردی لە زار نەکەوت و بەدەم گیانەڵڵایشەوە هەر نارەناری دەهات. لەڕاستیدا، لە بیرکردنەوە و یادنامەی ئەوهاییدا، بەتایبەت بۆ کەسێکی وەک حەسەن زیرەک کە هەر لە سەردەمی منداڵیمەوە دیومە و دواتریش زۆر جاران لە شایی و زەماوەندان چاوم پێی کەوتۆتەوە، نەتەنیا یادی ئەو کەسە دیاریکراوە لە مێشک و خەیاڵمدا زیندوو دەبێتەوە، بەڵکوو وەرەقە زەردهەڵگەڕاوەکانی ڕابردووی خۆشم لە خۆوە بە کزەبای زریانی زەمان هەڵدەدرێنەوە و بۆ تاوێک موچڕکێکی سەرسوڕمان هەموو لەشم دادەگرێ و خەیاڵی ئەو ساڵە دزراوانەی کە تا ئەبەد بۆم نادۆزرێنەوە هەڵمدەگرێ و دەڵێم: زەمان چ زوو تێدەپەڕێ! ٢٦ ساڵ لەوە پێش...! هەر دەڵێی دوێنێ بوو! بە نیازی بووک گواستنەوە لە مەهاباد بەرەو سەردەشت وەڕێکەوتبووین. وەختایێک گەیشتینە سەردەشت، دیتمان خەڵکێکی زۆر لە دەورو بەری ماڵە بووکێ کۆبببوونەوە و چاوەڕێ بوون حەسەن زیرەک ببینن. گەڕی شایی دەگەڕا، سەرچۆپی خۆی بادەدا و گاوان پێی پێدادەدا، یەک دەستی دەگرت و یەک دەستی بەردەدا... دوای تاوێک، غەڵبەغەڵب کەوتە نێو خەڵک: ئەدی حەسەن زیرەک کوا؟ ئێمە چەند کەسێک ڕاسپێردراین کە هەرچۆنێک بێ و لەبەر دڵی ئەو خەڵکەش بێ کە لە گوند و ئاواییەکانی دەوروبەری سەردەشت ڕا هاتبوون و تامەزرۆی دیتنی حەسەن زیرەک بوون، دەبوو سۆراخێکی بکەین و بزانین لە کوێە. دوای ماوەیێک گەڕان بەو موسافیرخانەو بەم قاوەخانەدا، ئاخرسەر گوێبیس بووین کە لە موسافیرخانەی جەعفەری ماملێیە. دوای ئەوەیکە قابێکی وۆدکای مەراغەی خواردبۆوە، شەکەت و بێواز لەسەر تەختێک لێی ڕاکشابوو. کاتێک ئەو حاڵەمان دی، لە دڵی خۆماندا گوتمان گیانی دەگیانی کەی یەک گۆرانی بۆ ناگوترێ، ئەو هەمووە خەڵکەش چاوەڕێیەتی!

– کاک حەسەن! ئەوە لە کوێی تەواوی سەردەشت چاوەڕێتە!

کاتێک ئێمەی دی، بەکاوەخۆ ڕاست بۆوە و زۆر بە شەرمێونی گوتی: "کوڕینە! ئەگەر قابێکم لەگەڵ خۆتان بۆ نەهێنن، نایەم..."

وەختایێک گەیشتینەوە حەوشەی ماڵە بووکێ، ئەو حەسەن زیرەکە شەکەت و بێوازەی دیتبوومان بوو بە کەسێکی دیکە. دوای خواردنەوەی چایێک دەستی پێکرد، بەڵام چ دەستپێکردنێک:

*ئامینێ! چاوی تۆ جامی شەرابی منە*
*لەبخەندت دەمکوژێ، دین و عەزابی منە*
*بۆچی لێم زیزی... بۆ چی تۆراوی*
*هەر دەڵێی ئاسکی گەردن خوێناوی*
*یان دەڵێی بووکی زاوا لێی داوی...*

دارو دیوار وە سەما کەوتبوو، هەر خەڵک بوو دەهاتن و لە سەربانی ماڵە بووک و خانوەکانی دەوروبەر کۆزیلکەیان دەبەست. ئەمن بۆخۆم لە کەسوکاری ماڵە بووکێم بیست کە دەیانگوت: : "بۆ خاتری خودای زوو پیلی بووکێ بگرن و بڕۆن، دەنا خانوەکەمان دەڕووخێ".
بەر لەوەی بخوازرێ یادی ئەو هونەرمەندە ڕەند و مەندە بە چەند وشەیەکی ئاسایی و ئەوەیکە چۆن ژیا و چۆن مرد، زیندوو بکرێتەوە، باشتر وایە شوێن و پلەو پایەی لە بواری هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردی دیاری بکرێ و نرخی شیاوی خۆی بدرێتێ. هەرچەند لێرەدا بە ڕاشکاوی ئەوەی دەڵێم کە کار و ئەرکێکی ئەوتۆ بۆ منێک کە هیچ سەرەدەرێک لە هونەری مۆسیقا و گۆرانی دەرناکا، بێ و لەسەر هونەرمەندێک بنووسێ، ڕەنگە کارەکەی پوخت و پاراو و جێی پەسند نەبێ. بەڵام چار چییە، بەڵکوو ئەوە هاندەرێک بێ بۆ ئەو کەسانەی کە لە ڕاستیدا ئەگەر کەمتەرخەمی نەکەن و بنووسن زۆر شتی بەنرخیان لە هەگبەدا هەیە. دیارە لێرە دا، جێی خۆیەتی ئیشارە بکرێ، ئەو پرۆگرامەی ڕۆژی ١٩٩٧/٦/٢٨، لە یادی ٢٥ ساڵەی حەسەن زیرەک، لەلایەن (مەد تێڤێ)وە بەڕێوەچوو، کە بەڕێزان بارزان شاسوار(بەڕێوەبەر)، ناسر ڕەزازی(هونەرمەند) و تیپی ئۆرکێستر: مامۆستا عارف، حوسێن ڕەهبەر، ڕزگار خۆشناو و ئەردەشیری زبەردەست و هەروەها کەسان و هونەرمەندانی دیکە بە شێوەی زیندوو تێیدا بەشدار بوون، بەتێکڕایی کارێکی سەرکەوتوو بوو. بەتایبەت ئەو ڕیزەڵە قسانەی کە هونەرمەندی لاو عەدنان کەریم سەبارەت بە حەسەن زیرەک کردی شیاوی سەرنج بوون.
بەهەر حاڵ، پرسی سەرەکی سەبارەت بە باسەکەمان ئەوەیە کە ئێمە بە گوێرەی کام پێوانەی هونەری، دەبێ ئەو ڕەوت و بارودۆخەی کە حەسەن زیرەکی تێدا پەروەردە بووە هەڵسەنگێنین؟ ئایا دیاردەیەکی شاز و دەگمەنی وەک حەسەن زیرەک و ئەو بەستە و گۆرانییە زۆرو زەوەندانەی کە تۆمار کراون و بەلانی کەمەوە ڕەنگدەرەوەی بارودۆخێکی دیاریکراوی زەوق و سەلیقەی کۆمەڵگەی کوردەوارین، دەبێ بچێتە نێو کام دابەشکردنی هونەرییەوە؟ ئایا هونەرەکەی دەکرێ بە خۆماڵی و ناوچەیی لە قەڵەم بدرێ یان فۆلکلۆریک و میللی؟ یان دەنا هەر کلاسیک، بە مانا گشتییەکەی؟ وەڵامی ئەو پرسیارە، لانیکەم بۆ من، زۆر ئەستەمە. چونکە، هیچ پێشینەیەکی فەرهەنگی و نووسراوەیی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نییە کە بتوانین پشتی پێ ببەستین.
بەڵام ئەوەیکە ئەو بارودۆخەی حەسەن زیرەکی تێدا هەڵکەوت و گەشەی کرد، چۆن بوو؟ دەبێ نەختێک بۆی بگەڕێینەوە دواوە و پاشان بێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست. دەوەدا شک نییە کە ئەو نەتەوە دراوسێیانەی کە زۆر جار بە هۆی گەمە و کارتێکەریی مێژوو، چارەنووسیان بەیەکەوە بەستراوەتەوە، لە بواری کولتووری و هونەرییەوە تێکەڵاوی و ئاوێتەبوونیان گەلێک بەرچاوە و کوردیش لەو قاعیدەیە ئاوارتە ناکرێ کە خۆی لە نێو چەند نەتەوەی خاوەن دەوڵەتدا دابەشکراوە. دیارە ئەو نەتەوە سەردەستانەی کە پرۆسەی دەوڵەتیکردنی میللیان بەتایبەت لە باری سیاسییەوە زووتر بۆ ڕەخساوە، بۆ هەموو دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هونەری پاشناوێکی میللیان دەکارهێناوە و ئی نەتەوە بندەستەکانیان بە خۆماڵی و ناوچەیی لە قەڵەم داوە. ئەوەی لەسەر هونەری مۆسیقا و ئاواز و گۆرانی ڕاستی بێ، هیچ دیاردەیێکی میللی لە شەرت و کارتێکەریی ئەو دیاردە ناوچەیی و خۆماڵییانە بەدەر نەبووە و نییە. دوای شۆڕشی مەشروتەی ئێران (١٩٠٦) کە هێندێک دیاردەی ئازادیخوازی و نوێخوازی لەگەڵ خۆی هێنا، بەتایبەت دواتر لە دەورانی پەهلەوی یەکەمدا، ئەو دیاردەی مۆسیقا و ئاوازی ئێرانی

کە ناوی میللیان بەسەردا بڕی، زۆربەی ماکەگەلی لە ڕۆژئاوای ئێران ( کوردستان، کرماشان و لوڕستان) وەرگرتبوو. بۆ نموونە، *قەمەرولملووکی وەزیری (١٩٠٣–١٩٥٩)*' هونەرمەندی بەنێوبانگی ئێرانی، کە وەک دیاردەیێکی ئاوازخوێنیی میللی نێوی دەرکرد، لە هیچ بارێکەوە لە'*سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی (١٨٨١–١٩٣٦)*' سەرتر نەبوو، ئەوە نەبێ کە زمانی وەزیری فارسی بوو و ئی سەیدی خۆمان کوردی، ئەو گەنجتر بوو و سەید پیرتر. ئەگەر لەباری ئامێر و ئامرازی مۆسیقاییش بەراوردی بکەین، لە ئێرانی ئەو سەردەمیشدا گەلێک ئامراز وەک ڤیلۆن و شتی دیکە نەبوون، ئەگەریش بووبن لە دەست ئەرمەنی و ئامێروانە بیانیەکاندا بوون. هەرچەند دیاریکردنی سنوورێکی ئەندازەگیراوی میللی بۆ هونەری ئاواز و گۆرانی ئەو نەتەوانەی کە لەگەڵ یەک دراوسێن زەحمەتە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، ناوچەی کوردستان ئەگەر لە باری ئامێر و ئامرازی مۆسیقاییشەوە لاواز بووبێ، لە باری لەحن و هەوا و ئاهەنگەوە سەرچاوەیێکی دەوڵەمەند بووە، بە دوو دەلیل: یەک، چ لە دەورانی دوورو درێژی دەسەڵاتی عەرەباندا و چ دواتر لە دەورانی دەسەڵاتی سەفەویەکاندا کە لەگەڵ هونەری مۆسیقا و ئاواز بەگشتی بەربەرەکانی دەکرا، کوردستان پەناگەیەکی زۆر باش بوو بۆ پاراستنی ئەو دیاردە هونەریانە. تەنانەت ئەگەر لە هێندێک قۆناغی مێژووییشدا، کوردستان لەوبارەوە زۆری فشار بۆ هاتبێ، ئەو ئەرکە لەنێو خانەقاکاندا بەڕێوە چووە و نەیانهێشتوە ئەو دیاردەیە بە تەواوی کوێر بێتەوە و جۆرێک مۆسیقای خانەقایی (عیرفانی) بە ئامێری دەفە و دایرە شکڵی گرتووە کە دواتر بووەتە بنەمایەک بۆ هونەر و ئاوازی کلاسیکی کوردی(لە کوردستانی ڕۆژهەڵات). بۆ جەختکردنەوەی ئەو ڕەوتە دەکرێ هەم بەشێک لە مەقامەکانی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بە نموونە بهێنینەوە و هەم بەشێک لە ئاواز و گۆرانییەکانی مامۆستا محەمەدی ماملێ کە زۆربەی لەحن و ئاهەنگە مەجلیسیەکانی لە باوکی خوالێخۆشبووی واتە، میرزا سەعیدی ماملێ (خۆشخوێنی خانەقای شەمزینان) وەرگرتووە. دوو، کوردستان بەپێی هەڵکەوتی جۆغرافیایی و بارودۆخی سروشتی و زەوق و سەلیقەی کۆمەڵایتیی دانیشتووانی، هەرگیز بە نێوی دین و مەزهەبەوە نەبووەتە پێگەی بەڕواڵەت دینداری و جێگەی مەردمئازاری. بگرە بە درێژایی مێژووش گەلێک لەو خەڵکانەی کە سەر بە دینی یەهوودی و مەسیحی بوون، ژیانی ئاسایی خۆیان تێدا بردوەتەسەر. ئەگەر لە هێندێک قۆناغی مێژووییشدا خەڵکی کورد تووشی کارەساتیش هاتبن، نیشتمانەکەیان نەکردووەتە خمخانە و خۆیان دە هەشی بەدبەختی و بێچارەیی نەگرتووە و پەریی زەوق و شادیان لە خۆیان نەتۆراندووە. گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک دەتوانن نموونەیێکی بەرچاوی ئەو ڕەوتە دوورودرێژە بن کە تێیاندا زەوق و شادی کۆمەڵایەتی، ئیستەتیک و جوانیپەرستی و بیری سەربەستی ڕەنگیان داوەتەوە.

ڕاستە کوردستان گەلێک خۆشخوێن و هەوازان و مەقامبێژی زۆر چاک و شارەزای پەروەراندووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی دەرەتان و تێکنیکی ئەوڕۆیی و هەروەها بارودۆخی نالەبار، نەلواوە دەنگ و نێوی ئەو هونەرمەندانە تۆمار بکرێ. لەوانەی کە وەک فاکتی مێژوویی لە ڕەوتی هونەری ئاواز و گۆرانی دا، بەپێی چالاکی و دەورانی ژیانی هونەریان، دەکرێ نێویان بێنین، گرینگترینیان، یەکەم مامۆستای ئاوازی میللی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و دووهەمیان مامۆستای ئاوازی فۆلکلۆریک حەسەن زیرەک (١٩٢٢–١٩٧٢) بوون.

هەروەک دەزانین مەودای زەمانیی ئەو دوو کەسە لەباری هونەرییەوە ساڵانێکی زۆر بووە و وەختێک سەید عەلی ئەسغەر کۆچی دوایی دەکا، حەسەن زیرەک تازە پێ دەنێتە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە، ئەدی بۆچی لەو ماوەیەدا هونەرمەندێکی دیکەی کورد بەدی ناکەین... باوەکوو کەرەسەی نوێتری تۆمارکردنی دەنگ و ئاهەنگیش داکەوتبێ؟ وەڵامەکە زۆر ڕوونە و حەوجێ بە شیکردنەوە ناکا کە سیاسەتی هونەریی دەوڵەتی مەرکەزی هەر ئەوەی لەباردابوو کە ئەودەمی گرینگییەکی زۆر بە هونەری - بە قسەی خۆیان-ناوچەیی نەدەن. جا ئەگەر دواتر لە دەورانی پەهلەوی دووهەم دا دەبینین کەسێکی وەک حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی تاران و کرماشان دەردەکەوێ و نێو دەردەکا، دەبێ لەلایێکی دیکەوە بۆی بچین.

حەسەن زیرەک وەک هونەرمەندێکی خاوەن بەهرە کە لە خۆی ڕادەدی و داهاتوویێکی ڕوونی هونەری لە پێناو خزمەت بە گەلەکەی دەدی، هەرگیز هونەرەکەی بۆ کۆزیلکەی مەجلیسی ئاغاوەت و دەوڵەمەندان و گەڕی ڕەشبەڵەک و شایی و زەماوەندیان تەرخان نەکرد و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دە فکری ئەوەدا بوو کە بازنەی چالاکی و تێکۆشانەکانی وێڕای تێکەڵاوێک لەگەڵ هەست و بیری کوردایەتی بە پانتایی کوردستان گەورە کاتەوە. هەر بەو مەبەستەش کە دەزانێ لە شاری بەغدا رادیۆی بەشی کوردی کراوەتەوە بۆ دمەلاسکەی ڕێژیمی ئێرانیش بێ، ڕوو دەکاتە کوردستانی گەرمێن و بۆ یەکەمجار (١٩٥٤-١٩٥٥) بەشێک لە گۆرانییەکانی لەوێ تۆمار دەکا. شتێکی کە دەبێ لێرە جەختی لەسەر بکرێ ئەوەیە کە حەسەن زیرەک بارودۆخی کۆمەڵایەتی و هونەری ئەوەیکە لە کوێ چ بڵێ و چ نەڵێی زۆر باش هەڵسەنگاندووە و ئەوەی چاک زانیوە کە لەو هەلەی بۆی هەڵدەکەوێ دەبێ کەڵکی لێوەرگرێ، هەر ئەو جۆرەی کە ڕێژیمی پاشایەتی عێراقیش دەیەویست لێی وەرگرێ. کاتێک لێی دەخوازن بە مەلیک فەیسەڵی سانی هەڵبڵێ، سێ و دووی لێناکا، بۆ ئەوەی ئەویش بتوانێ پەرە بە هونەرەکەی بدا و هەستی کوردایەتی خۆی بە گوتنی هێندێک برگە و سەربەند و نێوبەند بە گوێی خەڵک ڕاگەیێنێ. بۆ نموونە، لە گۆرانیی*'هەم نارنج و هەم بێیە...'* دا کە بە*'توران خانم'*ی کۆنە دەسگیرانی هەڵدەڵێ، نێوی ڕێبەران و شەهیدانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بیردەخاتەوە و دەڵێ:

*بەندی ١) ماڵت وێران بێ شەوە*

*بۆچ منت نەبردەوە*

*ئاشقی چاوی تورانم*

*بڕۆی پەیوەستن پێکەوە*

*با لەسەر تۆ بمکوژن*

*وەکوو 'سەدر' و 'پێشەوا'*

*لە بۆکان لە دارم دەن*

*وەک 'شێربەگی یەکشەوە'*

*توران یانە بمکوژە*

*یان نا ڕەگەڵم کەوە...*

*سەربەند): هەم نارنج و هەم بێیە*

*ماڵیان لەسەر خڕێیە*

*دۆستی گەورەم تورانە و*

*چاوی ڕاستەم خەجێیە*

*بەردەرکی ماڵە توران*

*پۆستی گوێچکەدەرێیە...*

ئەگەر هەوا و ئاهەنگی ئەو گۆرانییە و هێندێک لە بڕگەکانی لە فۆلکلۆریش وەرگیرابن، حەسەن زیرەک زۆر جوان توانیویەتی هەم ڕازونیازی دڵی خۆی تێدا دەرببڕێ و هەم ڕووداوی دڵتەزێنی قۆناغێک لە مێژووی گەلەکەی. ئەوانەی شارەزای چۆنیەتی دەربەدەری و شێوازی هونەری ئەوکاتی حەسەن زیرەک بن، دەزانن کۆمپۆزیسیۆنی ئەو بەندە، چەندە بەجێو ڕێ گوتراوە کە دەبێ بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوە. هەروەک ئاشکرایە، دوای تێکدانی کۆماری کوردستان ( ١٩٤٦) و بگرە هەتا کودەتای شا- زاهیدی کە دژ بە موسەدیق (١٩٥٢-١٩٥٣) بەڕێوەچوو، سیاسەتی دەوڵەتی مەرکەزی سەبارەت بە کوردان هەر توندو تیژی بووە و کوردستان وەک ناوچەیێکی نائەهل و یاغی چاوی لێکراوە. بەڵام دواتر بەگوێرەی هێندێک ئاڵوگۆڕ کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی دا، سیاسەتی دەوڵەتی مەرکەزیش نەختاڵێک گۆڕانکاری بەسەردا هات و ئەوجار شێوەیێکی دیکە ڕەچاوکرا کە ئەویش لەبەرچاوگرتنی هێندێک مافی کولتووری و لایەنی فۆلکلۆری بوو کە دەبوو لە کوردستان بەڕێوەببرێ. دیارە ئەوەش بە پێخۆشبوونی خۆیان نەبوو. یەک لەو کارانە کردنەوەی هێندێک ئیستگەی ڕادیۆی کوردی بوو، لە پێشدا لە تاران (١٩٥٨) و دواتریش لە ناوچەکانی کوردستان. هەرچەند دانانی ئەو ئێستگەیانە لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە زیاتر بە مەبەستی بەربەرەکانی سیاسەتەکانی ئەوکاتی عێراق بوو کە عەبدولکەریم قاسم، ڕوخێنەری ڕێژیمی پاشایەتی بەڕێوەیدەبرد. بەڵام بێ لەوەش خۆ نەدەکرا خۆیان لەو ڕاستییە گێل بکەن تەنانەت لە دەورانی پاشایەتی 'مەلیک فەیسەڵ'یشدا بەرنامەی بەشی کوردی لە ڕادیۆی بەغدا بەڕێوەدەچوو و هیچ نەبا دەبوو ئەوانیش لەوبارە هەنگاوێک هەڵێننەوە!

ئەوە زۆر ڕاستە کە حەسەن زیرەکی نەخوێندەوار و بێپشتیوان، توانایەکی لەڕادەبەدەری هەبوو هەم لەباری ناساندن و پەرەپێدانی وشەی کوردی و هەم لەباری زیندووکردنەوە و نوێکردنەوەی گەلێک لەو ئاهەنگ و هەوایانەی کە دەهات لەبەین بچن. بەڵام لەویش ڕاستتر ئەوەیە کە ئەو شانسە، بەپێی گەمە و گەرەلاوژەی مێژوو بە نێوی حەسەن زیرەکی هونەرمەند، بۆ کوردان هەڵکەوت کە ئەگەر لە زۆر بارانەوە دۆڕاندبوویان، لانی کەم لەم بارەوە بیبەنەوە و بردیشیانەوە، بەو مانایە کە گەنجینەی هونەری میللی و فۆلکلۆری نەتەوەیێک لە فەوتان ڕزگار دەبێ. بۆیە هونەر لە ئاساییترین شکڵی خۆیدا و تەنانەت لە دیکتاتۆرترین ڕێژیمیشدا ئەو ڕێگایەی کە دەبێ بیپێوێ دەیپێوێ. بۆ ڕێژیمی ناوەندی ئێران گران تەواو دەبوو کە هیچ چەشنە ئاوڕێک وەسەر کوردان- بە قسەی خۆیان هاوخوێن و ئاریایی- نەداتەوە و لەلایەکی دیکەش ئەگەر بیدابایەوە وای لێدەهات کە حەسەن زیرەک بێ و بەپێچەوانەی ویست و خوازی ئەوان، لە ڕادیۆی کرماشان تێچریکێنێ و بڵێ: *" کرماشان شاری شیرینم/ شاری نەخشین و کوردنشینم..."*. ئایا بۆ ڕێژیمێکی کە دابەشکردنە جۆغرافیاییەکانی بەتایبەت لە بارەی کوردستاندا، هەمووی ورد و سیاسیانە و لەپێشدا حیسابکراو بوو، قەبوڵ دەکرا کە کرماشان بانگەوازی کوردبوونی بۆ بکرێ ئەوەیش لەسەر ڕادیۆ؟ ئەوەیە جەبری مێژوو.

دوای گەڕانەوەی حەسەن زیرەک لە کوردستانی گەرمێن، قۆناغێکی تازە (١٩٥٨-١٩٦٤) لە کار و ژیانی هونەری وی دەست پێدەکرێ و هەر لەو قۆناغەش دایە کە جوانترین و بەنرخترین گۆرانیەکانی لە رادیۆی تاران و کرماشان تۆمار دەکرێن. هەروەک ئاگادارین، ئەگەر لە یەکدوو گۆرانی ئەو سەردەمەی چاو بپۆشین کە تێیاندا بە 'شا' و 'کوڕی شا'ی هەڵگوتووە، زۆربەی گۆرانیەکانی ڕەنگدەرەوەی فەرهەنگ و زەوقی کۆمەڵیەتی چەند سەد ساڵەی کۆمەڵگەی کوردەوارین و لە رەسەنترین هەوا و ئاهەنگی کوردی دەژمێردرێن. بەتایبەت ئەو گۆرانییانەی کە لەگەڵ چەند ژنی گۆرانیبێژ تۆمار کراون و بەداخەوە جگە لە خانمی' *فاتمەی زەرگەری*' ، نازانم ئەوانی دیکە کێ بوون.

ئەمن ئێستاش پێم سەیرە چۆنیان ڕێگا داوە ئەو گۆرانییەی تۆمار بکا کە دەڵێ:

*بەندی ١): ساڵان دەچوومە-ئەی هاوار- باغی شەقڵاوە*

*ئەو ساڵ خۆ پیر بووم-لەدووریت- کەلکم براوە*

*ئەو ساڵ بەهارمان،کە بێ بارانە*

*گوڵاڵەی سوورم- ئەی هاوار- خوێنی یارانە*

*سەربەند): لەو سەرە دەنگی ساز دێ، هەڵایە و زەمزەمە*

*قریشکەی خانم ناز دێ، ماچ کەم ئەو دەمە*

*دەم لەسەر دەمە و دەست لەسەر مەمە*

*لاڵ بم، ئاورم کردەوە*

*شەو لەسەر سینگ و مەمکەکەت ڕۆژم کردەوە(٢ جار)*

*بەندی ٢): ساڵان بەهارێ- ئەی هاوار- دەچوومە سەیران*

*ئەو ساڵ بەهارم- ئەی هاوار، سورەگوڵێ- لێبوو بە زستان*

*'لە هەر چوار لاوە، شاییە بەڕیزە*

*خەنەبەندانە- گیانەکەم- شینی عازیزە(٢ جار)'*

*سەربەند): لەو سەرە دەنگی ساز دێ...*

*بەندی ٣): ساڵان دەچوومە-ئەی هاوار- شاخی کوردستان*

*ئەو ساڵ ویشک بوو- بۆچ لەمن؟- گیان، باغ و بێستان*

*ئەو ساڵ بەهارمان لێ بوو بە زستان*

*گوڵاڵەی سوورم- ئەی هاوار- بووە خوێنی یاران(٢ جار)*

*سەربەند): لەو سەرە دەنگی ساز دێ...*

ئەو گۆرانییە، پێم وانییە حەوجێ بە هیچ شیکردنەوەیێک بکا کە چ هونەرمەندانە یەک دوو برگە لە هۆنراوە بەناوبانگەکەی 'پیرەمێرد' نێوئاخن کراوە و ئەوەش کە چ پێوەندیێک لە نێوان دوو تابلۆی جیاوازی بەند و سەربەندەکاندا بەدی دەکرێ؟ خوێنەرەوە خۆی دەبێ لێکی بداتەوە. بۆ تێکنیکی مۆسیقا و هارمۆنی دەنگ و ئامێرەکانیش، تا گوێی لێنەگری ناتوانین شتێکی گرینگ بڵێین.

ئەو هەوا و ئاهەنگە فۆلکلۆرییانەی کە حەسەن زیرەک نوێی کردوونەتەوە، سازی مۆسیقای زۆربەیان کاتی خۆی یان ئامێری تەپڵ و دووزەلە بووە یان دەهۆڵ و زوڕنا. یەکێک لە کارە سەرکەوتووەکانی ئەو هونەرمەندەمان ئەوە بووە کە سەرەڕای تازەکردنەوەی فۆرمی گۆرانییەکان، لە بواری وشەی پەتی و

زاراوای باوی قۆناغی وەرزێری ( و لە هێندێکیاندا شارەیی)، لە گەڵ تێکنیکی مۆسیقا و ئامێرە تازەداهاتووەکانیش گونجاندوونی. لەوانەیە هێندێک لە کاربەدەستە کوردەکانی ئەو کاتەی رادیۆ کرماشان، یان ئەو سازژەنانەی کە کاریان لەگەڵ کردووە، لە باری هاوئاهەنگی دەنگ و مۆسیقاوە، تەئسیریان لەسەر دانابێ، بەڵام بە تێکڕایی ئەو دیاردەیە بۆ هونەرمەندێکی نەخوێندەواری نۆتنەزان شتێکی شاز و چاوەڕواننەکراوە.
دروستە بەشداری تیپی مۆسیقا و شێوەی ئاوێتەبوونی ئامێرەکان تا ڕادەیێک تەئسیری دیاریکراوی خۆیان هەیە، بەڵام چەشنی دەنگ و لەرەی گەروو و شێوازی چڕینی حەسەن زیرەک جۆرێک بووە، جگە لە هێندێک لە گۆرانییەکانی رادیۆ تاران و کرماشان نەبێ کە بە مۆسیقای پێشئاهەنگ دەستپێدەکرێن، لە زۆربەیاندا، بە هۆی سازەکان بەربەست نەکراوە. مۆسیقاژەنەکان ئەغڵەب چاویان لە زاری وی بووە و ئامێرەکانیان کۆک کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا، هارمۆنی و پارسەنگێکی تەواو لە نێوان دەنگ و پاشدەنگ و ئاهەنگی سازەکان بە دیدەکرێ کە لە کاری هونەرمەندانی دیکەدا کەمتر دەبیندرێ. زۆربەی ئەو سازژەنانەی لەگەڵ حەسەن زیرەک کاریان کردووە، خۆیان بە بەختەوەر زانیوە کە ڕۆژێک لە رۆژان مۆسیقایان بۆ ژەنیوە.
جارێک کەمانچەژەنێکی تورک دەکەوێتە بەر تانە و تەشەری گۆرانیبێژێک کە گوایە زۆر توانا نییە و نایزانێ. کابرای کەمانچەژەن لە جوابدا دەڵێ بڕۆ کاکەگیان! ئەمن بۆ حەسەن زیرەکم کەمانچە لێداوە، چۆن نایزانم؟!
حەسەن زیرەک، تا بڵێی ئینسانێکی شەرمێون و کەمدوێ بوو، بەهۆی نەخۆشییەکەی کەمتر هاتوچۆی خەڵکی دەکرد. زۆر کەس پێیان خۆش بوو یارمەتی بدەن، بەڵام بۆخۆی نەیدەویست. دەیزانی تازە زۆر درەنگ بووە و کار لە کار ترازاوە. ئەوەی فکری لێنەکردباوە پووڵ و پارە بوو، دوای هەر شایی و زەماوەندێک ئەگەر هەموو گیرفانی پڕ لە پارە با، بۆ بەیانی قرانێکی پێنەدەما، زۆر دەست و دڵباز بوو. جگە لە ناوێکی بەرزی هونەری بۆخۆی و بۆ گەلەکەی هیچ شتێکی لە پاش خۆی بە جێ نەهێشت. یادی سەد جار بە خێر بێ!

** گزینگ، ژمارە ١٧، پاییزی ١٩٩٧. لاپەڕەکانی ٥٦-٥٩.*



## مامڵێ: مامۆستای قەتاری کوردی

gzing.org – 2007 06 20

دیارە حەوجێ بە گوتن نییە کە لێزانان و شارەزایانی بواری مۆسیقا و گۆرانی، دەبێ سەبارەت بە محەمەدی مامڵێ بدوێن و قسە بکەن، نەک منێکی لەو بارەدا کڵۆڵ و هڵۆڵ، بەڵام چار نییە و هەرچۆنییەک بێ، لە سەر داوای هونەرمەندی دەستڕەنگین و بەهرەمەندی مۆسیقا کاک چیا (بۆ ماڵپەڕە خنجیلانەکەی) چەند گوتەیەک پێشکێش بە لایەنگرانی دەنگی بەسۆزی مامۆستای قەتار، مامڵێ ی نەمر دەکەم.

*( وەرزی زستانە، زەوی وەک ئاشقێکی چاولەڕێماوی گراوی لەجێژوان تۆراو، لە ژێر گومبەزی ئاسمانی بە پەردەی سپی داپۆشراو، مات و سەرسوڕماو، سەری دەبەر خۆیەوە ناوە و دەناڵێنێ.*

*سەهۆڵبەندانە، خۆر وەک شۆخێکی دڵشکاوی لە یاردابڕاو، جارجار بەناز و نیونازێکەوە لە سووچێکی ئاسمان، بە نیگایەکی سیحراوی لە زەوی ڕادەمێنێ.*

*وەرزی زستانە، لە حاڵێکدا ئاسمان، چاوبەگریان، کڵوکڵو فرمێسکی خەم و پەژارە بە سەر مەڵبەندی موکریان دادەبارێنێ، گومبەزان مەکۆی خۆشەویست و حەزان، ئارا و قەراری نامێنێ، گۆیا ڕاسپاردەی ئاشقان هەواڵی هاتنی میوانێکی ئازیز ـ مامڵێ ـ ی پێ ڕادەگەیێنێ..*

*وەرزی زستانە، هەرچی مەل و بولبولی باخ و گوڵزارن، لە هێلانەی کپی مەلاومەل لە تەنیایی، چاوەڕوانی دیمانەی گوڵ و هاتنی بەهارن... ).*[1]

محەمەدی مامڵێ، کوڕی میرزا سەعیدی مامڵێ (مام عەلی) لە ساڵی 1304ی هەتاوی (1925ز) لە بنەماڵەیەکی کاسبکار و هونەرمەند و نیشتمانپەروەر، لە گەڕەکی هەرمەنییانی مهاباد لە دایک بوو. میرزا سەعید هەرچەند نەخوێندەوار بووە، بەڵام بە هۆی هونەری دەنگخۆشی و مەقامزانی و شێعرخوێنی(بەتایبەت وەفایی) لە کۆڕ و کۆزیلکەی عارفانەی خانەقای شەمزینان، ڕێز و حورمەتێکی زۆری لێ گیراوە و، لە گەڕەک و دەر و بازاڕ بە میرزا ناوی براوە.

هەروەک لە زۆر کەسی بەتەمەنی ناوچەی موکریان بیستراوە، سەعیدی مامڵێ دەگەڵ هونەرمەندی بەنێوبانگ، سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی (1882–1937) کە لە ساڵی 1932دا هاتووەتە موکریان و لە باغی میرزا شەریفی حاجی ڕەشید، بۆ خەڵکی مهاباد گۆرانی گوتووە، بەشدار بووە. محەمەد حەمەباقی نووسەری کتێبی (سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی) دەڵێ: (حاجی غەنی چاپچی بۆمی گێڕایەوە کە جگە لە سەعیدی مامڵێ، سێ گۆرانیبێژی تری مهابادی، بە ناوی عەبدوڵڵا ڕەش، کەوێ جوو و حسەینی قاقی گۆرانییان لەگەڵ سەیید دا وتووە. سەیید لە ڕادەبەدەر ڕێزی بۆ ئەم گۆرانیبێژانە دادەنا؛ بەتایبەتی بۆ سەعیدی مامڵێ(1877–1941).. لەم بارەیەوە محەمەدی مامڵێ، دوای نیوەڕۆی

ڕۆژی 20–8–1988ز، لە ماڵی خۆیان بۆمی گێڕایەوە کە هەر جارەی سەعیدی مامڵێ بەندێکی خۆشی گۆرانییەکی وتووە؛ سەیید لە جێی خۆی هەڵساوە و ناودەمی سەعیدی مامڵێ ی ماچ کردووە).[2]

محەمەدی مامڵێ، خۆی لە بارەی میرزا سەعیدی باوکیدا گوتوویە: «بابم نەخوێندەوار بوو و لە نێو بازاڕدا دوکانێکی چکۆڵەی خوریفرۆشی هەبوو. ئێمە شەش کوڕ و کچێک بووین.. بابم، هەر بەگشتی تایفەی ئێمە، تایفەی گۆرانیبێژانە. بابم زۆربەی ئەو گۆرانییانەی کە ئەمنیش دەیانڵێمەوە، بۆ خۆی داینان و ئاهەنگی خستوونەسەر. نەیتوانیوە سازێک لێ بدا، بۆ ئەو مەبەستە سازژەنی خۆی هەبووە. ئەو لە هەموو گۆرانییەکی زیاتر حەزی لە گۆرانی ئایینی و دڵداری بوو.»[3]

هەرچەند بنەماڵەی مامڵێ بە تێکڕایی هونەرمەند و دەنگخۆش و گۆرانیبێژن، بەڵام محەمەدی مامڵێ هونەرمەندێکی دەگمەن و هەڵکەوتە بوو کە لە دوای میرزا سەعیدی باوکی و هەروەها میرزا حوسێن (1915–1952)ی برای کە دەساڵێک لە خۆی گەورەتر بووە، توانی وەک بەرپرس و نوێنەری هونەریی ئەو بنەماڵەیە، بۆ ماوەی پەنجا ساڵ، مەقام و گۆرانی کوردی برەو و ڕەواج پێبدا.

حامیدی کاکیلی، یەکێک لە نیزیکترین دۆستانی محەمەدی مامڵێ لەو بارەیەوە دەڵێ: «ناکرێ بڵێین بنەماڵەی مامڵێ لە چ کاتێکەوە و لە کوێ ڕا دەستیان پێکردووە. ئەوانە ژن و پیاویان دەنگخۆش بووە وەک ماسی وابوون هەر وەختێکی دە ئاو هاویشتراون مەلەوان بوون. محەمەدیش هەروەتر ناتوانین بڵێین بە چ ئاهەنگێک و لە کوێ ڕا دەستی پێکردووە. تەنانەت بەشێک لەو بنەماڵە کە لە کوردستانی عێراق نیشتەجێن دەنگیان خۆشە. بەگشتی ئەو بنەماڵەیە، لە مام عەلی و مام سەعید ڕا بگرە هەتا میرزا حوسێن و محەمەد و ئەوانی تر بە هۆی دەنگەکەیانەوە دەگەڵ هەموو بەزم و خۆشیی و مەجلیسێکی ئەو شارە و ئەو ناوچەیە تێکەڵاو بوون بەتایبەت ئەودەم کە وەک هێستا مەحدودییەت نەبوو.»[4]

لەوانەیە کەسێک یان کەسانێک دەنگی هونەرمەندێکیان بەدڵ نەبێ، ئەوە شتێکی سروشتی یە و، مامڵێش لەو دیاردەیە ئاوارتە ناکرێ. بەڵام زۆر کەس لە سەر ئەو باوەڕەن کە مامڵێ بێجگە لە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و کوردایەتی خۆی، هونەرمەندێکی بەوەج و ڕەسەن و خاوەن قوتابخانەیە. هەر لە سەردەمی منداڵیمەوە لە زۆر کەسی بەتەمەنم دەبیست کە سەبارەت بە «مامڵێ» دەیانگوت: (زۆر بەجێ و ڕێ گۆرانیان دەڵێ). ڕاستە، دەنگخۆشیی بەهرەیەکی خوادادیی و دایکزایی یە، بەڵام با بزانین چ شتگەلێک محەمەدی مامڵێیان بەو پلەیە گەیاند و نێویان لە سەر چڵەپۆپەی هونەری مەقام و گۆرانی کوردیی نەخشاند.

«مامڵێ» هەر لە سەردەمی لاوییەوە وەک هونەرمەندێکی ئازادیخوازی خاوەن ڕازونیازی خەڵکنەواز، دەرکەوتووە و بە پێی ئەرکی کۆمەڵایەتی و کوردایەتی، خۆی پێگەیاندووە. لەگەڵ هیچ داروودەستە و تاقمێکی سەرەڕۆ و زۆردار دانووی نەکوڵاوە و، لە ئەستەمترین قۆناخەکانی ژیاندا، وەک بولبولێکی خوشخوێن، سەری لە هەموو هەوار و کوێستانەکانی کوردستان داوە و، مزگێنی شادی و ئازادی بۆ ڕێڕەوانی ئەوین هێناوە. لە ڕۆژانی فەرعانەدا، بە بەستە و ئائیایە، بەزم و ئاهەنگی هاوقەتارانی ڕازاندۆتەوە، لە ڕۆژانی تەنگانەشدا بە قەتار و لایلایە خەڵکی لاواندۆتەوە. مامڵێ، بێجگە لە کوردایەتی، سەربازی هیچ ڕێبازێکی ئیدەئۆلۆژی نەبوو، ئەو تەنیا گیانبازی گەلەکەی بوو.

له زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە دەست تاقمێکی خۆبەخودازانی هیچنەزان دایە، زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە هونەرمەند بتوانێ لەنگەری خۆی لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا ڕابگرێ و بە پووڵ و پارە هەڵنەفریوێ و هەتڵە نەبێ؛ «مامڵێ» چ وەک کەسایەتی کۆمەڵایەتی و چ وەک کەسایەتی هونەری، هەم لە ڕێژیمی پاشایەتی (ڕەزاخان 1925-1941 و حەمەڕەزا پەهلەوی1941-1979) دا و هەم لە ڕێژیمی مەلایەتی(1979-...؟) دا، توانی بە شێوەیەکی گونجاو، نە تەنیا ئەو لەنگەرە ڕابگرێ، بەڵکە وەک هونەرمەندێکی ئازادیخواز و گەلنەواز لە ساڵی 1347(1968) زیندانیش بکرێ. بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە مامڵێ لە بارودۆخێکی زۆر تایبەتیی کوردستاندا، وەک سیمبۆلی نواندنی بەشێک لە فەرهەنگی خۆڕاگری و سەرزیندوویی گەلی کورد کە لە زۆربەی گۆرانییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەمیشە چقڵێک بووە لە چاوی نەیاران و دژبەرانی گەلەکەی. هەربۆیەش، هەر بەستە و گۆرانییەکی کە «مامڵێ»دەیگوت و دەیخوێند، بۆ ئەوەی بزانرێ چ مەبەست و ڕەمز و ڕازێک لە گۆرانییەکانیدا حەشاردراوە، لە لایەن ساواکی مهابادەوە، بە وردی سەرنجی دەدرایە. هەڵبەت «مامڵێ» ش ئەو کەسە نەبوو کە بێگودار لە ئاو بدا و لە خۆڕا بیانوو بداتە دەست ساواک، زۆر عاقڵانە و هونەرمەندانە هەڵسوکەوتی دەکرد و بە شێوەیەکی زۆر مەنتیقی تەقییەی هونەریی بەکاردەبرد.

## « قەتار» چییە؟

هەروەک دەزانین، «مامڵێ» بێژگە لە هونەرمەندیی و دەنگخۆشییەکەی، ئاوازبێژ(مەقامبێژ) یان بە واتا کوردەواری و موکریانییەکەی قەتاربێژێکی شارەزا و بێهاوتاش بووە و، تەنانەت نێوی «مامڵێ» و «قەتار» وەها ئاوێتەی یەکتر بوون کە نواندن و وێناندنی هەرکام لەوان دەستاولەجێ ئەویدیکە دەخاتەوەبیر. بۆیە بەر لە هەرشت پێویستە لەسەر وشە و زاراوەی «قەتار» هەڵوێستێکی فەرهەنگی و مۆسیقایی بنوێندرێ، کە هەم باسەکەی پێ دەوڵەمەندتر بکرێ و، هەمیش لە سۆنگەیەوە بتوانرێ هونەری بەرزی ئەو مامۆستا مەزنەی پێ دەربخرێ.

لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست، سەرەتا هەوڵدەدەم هێندێک بیروبۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆر بدەمەدەست و، پاشانیش بە دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆم، باسەکە کۆتایی پێبێنم.

وشەی «قەتار» لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا، بە مانای «کۆمەڵی چارەوێ بۆ بارکردن» و هەروەها بە مانای «هەوای گۆرانیەک»[5] هاتووە، کە لە »فەرهەنگی خاڵ»یشدا هەر ئەم دوو مانایە دراوەتە دەست.[6] هەروەها لە (فەرهەنگی فارسی)دا، جگە لە مانای کاروان (ڕیزبەستنی وڵاخەیل بە دوای یەکدا) و ڕێگای ئاسن..، واتای «یەکێک لە دەسگاگەلی شوور» یشی بۆ لێکدراوەتەوە.[7]

کاک «سمایلی مامڵێ» دانەری کتێبی (کاروانی هونەری مامڵێ..) کە خۆی یەکێک لە گۆرانیبێژانی ئەو بنەماڵەیە دەژمێردرێ، ئاوا دەڵێ: «قەتار بەو شێوەیەی کە لە گوتن و (ادای) بنەماڵەی مامڵێ دا باوە، لە ناو جەرگەی مزگەوت و خانەقادا دەرهاتووە و لە ڕاستیدا بنەمای ئەو مۆسیقایە واتە قەتار ئایینی یە و، هەوا و مێلۆدییەکەی غەمبار و عارفانەیە و، خەڵکێکی زۆری پێ هەژاوە و، پێ گریاوە».[8]

نێوبراو دوای ئەوەیکە قەولێک لە نەمر مامۆستا«جەمیل ڕۆژبەیانی» دێنێتەوە کە دەڵێ: «... ڕەنگە ناوی هەندێ لە گۆرانییەکانی کوردی زۆر کۆن بن، بۆ وێنە (قەتار) ڕەنگە لە وشەی (گاتا)وە گۆڕابێ، وە لە کاتی خۆیا هەر گاتای پێ ووترابێ..»، نەزەری پرۆفیسۆر د. «عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ»یشی لەم بارەیەوە هێناوەتەوە کە گوتوویە: «زۆر بە جێیە کە (قەتار) لە گاتای زەردەشتەوە یا ئافێستاوە هاتبێ، بەڵام دوور نییە کە (قەتار) هەر لە وشەی (قەتار)ی عەرەبی یەوە هاتبێ، کە بە مانای کاروان بە کار ئەهێنرێ. بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەوەیە کە زۆر جار لە مەقامی قەتاردا گۆرانی بێژ ئەڵێ "قەتارێ بێنن غەمانم بارکەن"، یا بەم مەقامەوە جۆرە هۆنراوێک ئەوترێ، کە مانای راستەقینە یا مەجازی گەشت و ڕۆیشتن و کاروانی تیابێت».[9]

کاک «محەمەد حەمە باقی» لە کتێبی (سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی)دا کە لێکۆڵینەوە و زەحمەتێکی شیاوی سەرنجی ئەنجام داوە، ئاماژە بە قەتاری سنە دەکا و دەڵێ: «شارەزایانی دەسگاگەلی مۆسیقای ئێرانی، پێیان وایە مەقامی ئیسفەهان بەشێکە لە دەسگای شوور و هەندێکی تریش دەڵێن بەشێکە لە دەسگای هومایون. مەقامی بەناوبانگی کوردەواری: قەتار سەر بەم مەقامەیە. هەر بۆیە بەم مەقامەی سەید دەڵێن: قەتاری سنە».[10] هەروەها نووسەر لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەدا، ئاماژە بە بیروبۆچوونێکی شیاوی سەرنج دەکا و دەنووسێ «مەقامی بەیاتی تورک یەکێکە لە پاشکۆکانی دەسگای شوور و وەک مۆسیقاناسی گەورەی ئێرانی عەلینەقی وەزیری لە بارەیەوە دەڵێ: بەیاتی تورک، مەقامێکی بازاڕییە و گامەکانی بە گامی بەیاتی کورد نزیکە و بزووتنەوە و ئاڵوگۆڕی کەم تێدایە، بۆیە ئەگەر مۆسیقاژەن، یان گۆرانیبێژی ئەم مەقامە، زۆر بەهرەدار نەبێ و ئاڵوگۆڕ لە دەنگیدا نەسازێنێ، تا ئاوازەکەی لەو یەک نەفەسییە دەربهێنێ؛ سەرکەوتوو نابێ».[11]

گروپێکی ژاپۆنیی سەر بە زانستگای میللی و هۆنەرە جوانەکانی تۆکیۆ کە لە ساڵی 1975ەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر مۆسیقای کوردی هاتبوونە کوردستان، پێیانوایە: «دە سیستیمی مۆسیقای ڕەسەنیی ئێرانیدا، گۆشەیەک هەیە کە لە دەستگای شووردا بە بەیاتی کورد ناسراوە، کە سەرچاوەی کوردیی ئەم بڕگەیە دەردەخا».[12]

کاک «هیوا قارەمانی» لە کتێبی (یادی بەخێر) کە تێیدا زۆربەی ئاواز و گۆرانییەکانی «محەمەدی ماملێ»ی بە شێعر و ئاهەنگ و مەقامەکانەوە دەستنیشانکردووە، «قەتار»ی بە گۆشە(نەغمە)ی بەیاتی تورک لە دەسگای شووردا تۆمار کردووە.[13]

کاک «بەهمەنی حاجی ئەمینی» کارناسی مۆسیقا لە زانکۆی هونەرە جوانەکانی زانستگای تاران و دانەری کتێبی (موسیقی کردهای هورامان|مۆسیقای کوردەکانی هەورامان ـ 1379)، سەبارەت بە ئاوازی قەتار نووسیویە و دەڵێ:

« قەتار ئاوازێکە کە ئاهەنگ و نێوەرۆکی دەقەکەی دەبەرگری هەستێکی هەڵقوڵاو لە خۆشەویستی و ئارەزوومەندی یە. لە باری وشەوە »قەتار» لە زمانی کوردیدا بە مانای «ڕەدە|ڕێچکە» و «کاروانی ئەسپ و ئێستر» دێ. پێوەندی وی دەگەڵ ئاواز بە دروستی ڕوون نییە. عینوانی قەتار لە مۆسیقای سوننەتیی ئێرانیشدا لە ئاراداهەیە. لە ڕەدیفسازی ئێرانی بە ڕیوایەتی نوورعەلی برومەند

(دورینگ1370) قەتار بە عینوانی گۆشەیەک لە ئاوازی بەیاتی کورد ئاستەکراوە. ئەو بابەتە کە گۆشەی قەتار لە مۆسیقای سوننەتیی ئێران تا چ ڕادەیەک دەگەڵ قەتار لە مۆسیقای کوردستان وێچوویی هەیە شیاوی شیکردنەوەیە. قەتاریش وەک لاوک و حەیران خاوەنی میتر(وەزن|کێش)ی ئازادە. ئەو ئاوازانە خۆئاسایی لە میوانداری و مەجلیسەکاندا ئیجرا دەکرێن».[14] کاک بەهمەن، لە درێژەی باسەکەیدا بەم ئاکامە دەگا و دەڵێ: «ڕابیتە و پێوەندیی مۆسیقای سوننەتیی ئێران دەگەڵ مۆسیقای کوردستان لە پلەی یەکەمدا لە نێوان ئاوازی قەتار و گۆشەی قەتار لە ڕەدیفی مۆسیقای سوننەتیی ئێراندا دەبیندرێ.
عینوانی قەتار و تێکەڵاوییەکەی بە ئاوازی بەیاتی کورد لە ڕەدیفدا بە ڕیوایەتی نوورعەلی برومەند، بواری ئەوە دەدا کە بکرێ ڕیشەی گۆشەی "قەتار" لە ڕەدیفی مۆسیقای سوننەتیی ئێران دە ناو مۆسیقای کوردستاندا بدۆزرێتەوە. ئاستی وێچوویی گۆشەی قەتار و ئاوازی قەتار (نۆتنووسی4:) لە درێژەکێشان و نێوەرۆکی دەنگەکانیشدا دەبیندرێ. بەڵام درێژەکێشانی دەنگە یەکسانەکانیان بە مانای تایبەتمەندییە مێلۆدییەکان نییە».[15]

بەهەرحاڵ، ئەوەیکە »قەتار» لە ڕوانگەی مۆسیقاناسییەوە چ پێگە و جێگەیەکی لە ناو دەسگا و مەقامگەلی مۆسیقادا هەیە بۆ پسپۆڕ و شارەزایانی ئەو بوارەی هەڵدەگرین و، سەرنجی خوێنەرەوان بۆ لای وشەی «قەتار» وەک زاراوەیەکی گشتی و پێوەندی ئەو زاراوەیە دەگەڵ ئاوازەکانی «محەمەدی ماملێ» ڕادەکێشین.

لە پاڵەوە ئەوەش بڵێم کە مەبەست لە ئاواز تەواوی ئەو ئاهەنگ و مێلۆدی یان ئەو چڕین و گوتنانەن کە ناکرێ دە چارچێوەی گۆرانی، ستران، سرود، قام، وردەقام، بەستە و سرود دا بیانگونجێنین، ئەگەرچی لە کوردەواریدا «گۆرانی» بە شێوەیەکی باو و گشتی، بۆ هەموو جۆرەکانی چڕین دەکار دەکرێ. بە واتایەکی تر، لە ڕوانگەی مۆسیقاییەوە جیاوازیی هەر چەشنە چڕینێک پێوەندی بە ئاهەنگ، ڕیتم، مێلۆدی، هەنگاو و پلە و شەپۆلی دەنگەوە هەیە، کە ئەگەر لە گۆرانیدا بەتایبەت ڕیتم و ئاڵوگۆڕی دەنگ دەوردەگێڕن؛ لە ئاوازدا شێوەی چڕین (قوڕگ و لەرە و چریکەی دەنگ) و هەروەها هەڵکشان و وەستان و داکشانی دەنگ یان چوونەسەر و لەنگەرگرتن و هاتنەوەخوار زۆر گرینگن.

کەوابوو، وەک چۆن بۆنموونە ئاواز(مەقام)ی «ئەڵلاوەیسی» لە گەرمێن، «هۆرە» لە هەورامان، «لاوک» لە بۆتان و بادینان، «حەیران» لە دەشتی هەولێر باوە، وابزانم جێگەی هیچ لۆمە و ڕەخنەیەک نامێنێتەوە ئەگەر بڵێم لە موکریانیش لەبری ئاوازی فارسی زاراوەی «قەتار» دەکارهاتووە.

گومان لەوەدا نییە کە وشەی «قەتار»، واژەیەکی عەرەبی یە و بە مانای «کاروان» یان «ڕەیزبەستنی وشتر و ئەسپ و ئێستر بە دوای یەکدا» هاتووە، بەڵام ئەوەیکە چۆن و چ وەخت ئەو بوواڵەت و نێوەرۆکە مۆسیقاییەی بە خۆوەگرتووە و هاتووەتە ناو فەرهەنگی کوردەوارییەوە ڕوون نییە. ئەوەش کە بە گوێرەی قسەی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەگوترێ وشەی«قەتار»، ڕەنگە لە واژەی«گاتا»وە هاتبێ، جێگەی لێکۆڵینەوەیە و ناکرێ لەوبارەوە بڕیارێکی بە پەلە و یەکلاکەرەوە بدرێ.

بە پێی ئەو گریمانەیەش، کە ئاهەنگ و مێلۆدیی«قەتار» ڕەنگە لە جۆر و شێوەی دەنگ و جووڵە و ڕەوتی کاروانەوە سەرچاوەی گرتبێ، زۆر جێگەی متمانە نییە. چونکە ئەگەر سەرنج بدەین و بۆ نموونە

هەوا و مێلۆدی «لە کانی ئاسکان» یان «لاوە هەی لاوە»ی مامڵێ لەبەرچاوبگرین و دەگەڵ دەنگ و ڕەوتی کاروان بەراوردی بکەین، دەبینین هیچ چەشنە هارمۆنی و هاوئاهەنگییەکی ئەوتۆ نابیندرێ. وەک ئاشکرایە ئەو هارمۆنییەی کە لە نێوان کارو کرگاری ڕۆژانە (شێوەی جووڵە و ڕۆیشتن و هەڵبەزدابەز)ی خەڵک لەلایەک و، ئاهەنگ و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان لە لایەکی ترەوە هەیە ـ بۆ نموونە: «ئەرێ هۆی خاڵی ڕێبوار» لە کاتی جووتکردن و، «ئامین و ئامین بە تۆ دەڵێن کاڵێ..) لە کاتی دەسکەنە و هەرەوەزدا.. بەرچاوناکەوێ.

دیارە لەوانەیە، لە زۆرگوتنەوەی شێعری «قەتارێک هاتووە گەوهەر بارێتی» یان «قەتارێک بێنن خەمانم بار کەن» بەم ئاهەنگ و مێلۆدییەی کە هەیەتی، زاراوەی «قەتار» کەوتبێتە سەر زارانەوە، بەڵام سەلماندنی ئەوە کە چڕێنەری ئاواز خۆی ڕەشمە یان هەوساربەدەستی کاروان (قەتار) بووبێ، لە واقیعیەت بە دوورە.

شیاوی گوتنە کە دیاردەی هونەریی مۆسیقای کوردی(چ هونەری ساز و چ هونەری ئاواز) یش وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی ئەدەبی و کولتووری، چونکە بە شێوەی زارەکی و گەنجینەی نەنووسراو بووە و نەتوانراوە بێتە سەر کاغەز و تۆمار بکرێ، بەشێکی زۆری یان فەوتاوە و یان بە مڵکی نەتەوە خاوەندەوڵەتەکانی دراوسێ لە قەڵەم دراوە. بۆنموونە ئەگەر سووکە ئاماژەیەکیش لەمەڕ مۆسیقای کوردی لێرەولەوێ کرابێ، وەک ئەوەیکە »فورسەتوددەولەی شیرازی بە دوو عینوانی قەتاری کورد و قەتاری تورک ئاماژە کردووە»[16]؛ ئەوا لە سەردەمی پەهلەوییەکان(بەتایبەت ڕەزاخان 1925ـ1941)، نێوهێنانی کورد لەو بارەیەوە هەر بەجارێک قەدەغە بووە. لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش کە عەرەبەکان و تورکەکان خاوەندەسەڵات بوون، وێناچێ وەزع لەوە باشتر بووبێ.

هەرچۆنییەک بێ، بە بۆچوونی خۆم، «قەتار» تەواو دیاردەیەکی مۆسیقای ئاوازیی شارەیی یە. لەوانەیە لە زۆر کۆنەوە هەبووبێ و لە سۆنگەی گەلێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مەزهەبییەوە فەوتابێ، کەچی دواتر لە سەردەمی گواستنەوەی کۆمەڵگەی لادێیی بەرەو سنووری کۆمەڵگەی شارەیی سەرلەنوێ بووژابێتەوە. بە واتایەکی تر، دەتوانم بڵێم کە نوێبوونەوە و شکڵگرتنەوەی «قەتار» کە ڕەنگدەرەوەی نیازی کۆمەڵایەتی و زەوقی هونەری و خۆشەویستی ئینسانی و عیرفانیی سەردەمێکی دیاریکراوە، پێوەندییەکی تەواوی بە چین و توێژی مامناونجی یان وردەبۆرژوازی تازە سەرهەڵداوی شارەوە هەبووە. ئەگەر گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بەرهەمی کار و چالاکی خەڵکێکی مەڕدار و کۆچەر و وەرزێر بوون، کە زۆرجار ناچارکراون شوێنی ژیانیان بگۆڕن؛ ئەوا «قەتار» بەرهەمی زەوق و ئەوینی خەڵکێکی کاسبکار و کاربەدەست و سەنعەتکارە کە لە شوێنێکی ناوەندیکراو بە نێوی شار دامەزراون.

وابزانم لە خۆڕانییە، کە هونەرمەندی گەورە »حەسەن زیرەک» وێڕای تەواوی ئەو خیبرەیی و شارەزاییەی کە لە هونەری ئاواز و گۆرانیی کوردیدا هەیبووە و، لەگەڵ ئەوەدا هاوتەمەن و هاوچاخی «مامڵێ» بووە، ئاوازی «قەتار»ی نەچڕیوە. ڕاستە کە »زیرەک» بە پێی ئەو دەرفەتە هونەرەییەی کە لە ئێزگەکانی ڕادیۆی بەشی کوردیی بەغدا و تاران و کرماشان.. بۆی هەڵکەوت و، توانی چوارچێوەی هونەری فۆلکلۆریی بەرەو سنووری هونەری شارەیی کە لە ئاوازگەلی وەک«کرماشان شاری شیرینم»،

«لەو سەرە دەنگی سازدێ» و.. دەبیندرێن تێپەڕێنی؛ بەڵام ئەگەر لە دیاردەی قوڕگ و لەرینەوە و شەپۆلی دەنگ کە ماملێ بە تێکڕایی«ڕاستکۆک» بووە و زیرەک «چەپکۆک»، چاوبپۆشین؛ ناتوانین تەئسیری دوو ماکەی گوندنشینی و شارنشینی وەک پێگەی نەشونما و پێگەیشتنی هونەریی بخەینە لاوە، کە یەکەمیان کانگەی ئاهەنگە فۆلکلۆرییەکان بووە و دووهەمیان سەرچاوەی ئاوازە شارەییەکان.

کە وابوو تا ئەو کاتەی زانیارییەکی سەلماو و پشتپێبەستراو نەیەتە ئاراوە، ئەمن هەروا لە سەر ئەو باوەڕە دەمێنم کە »قەتار» پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هونەری خەڵکی ئاقارگرتووی شار و بەتایبەت بنەماڵەی «ماملێ»وە هەبووە، کە لە مام سەعید و میرزا حوسێنەوە دەستی پێکردووە و لە سەر دەستی «محەمەدی ماملێ» بە لووتکە گەیشتووە. هەڵبەت هیچ بە دووریشی نازانم کە سەردانی هونەرمەندی مەزن «سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی» بۆ ناوچەی موکریان، لەوانەیە بێ تەئسیر نەبووبێ.[17]

## لێکدانەوەی بەرهەمەکان

بەرهەمەکانی «ماملێ» لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتون:1– بەیت(گوڵێ، شیرن بەهارە و..)، 2– گۆرانی(قام، بەستە) و، 3– قەتار.

1– دە پێوەندی دەگەڵ ئەو بەشەدا، تەنیا ئەوەندە دەگوترێ کە »ماملێ» هەرچەند بە شێوەیەکی زۆر جوان لە چڕین و گوتنەوەی ئەو شێوەیەدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لەو بوارەدا زۆر بەرهەمی ئاستە(تۆمار)کراوی لە پاش بە جێ نەماوە.

2– سەرجەمی گۆرانییەکانی «ماملێ»، دەکرێ بە شێوەی خوارەوە دابەشکرێن:

ئا) گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان: ئەو گۆرانییانە تەواو بە مڵک و گەنجینەی هونەری کوردەواری دادەندرێن کە «ماملێ» زۆربەیانی بە شێوازی خۆی گوتووەتەوە. شیاوی سەرنجە کە بەشێکی زۆر لەو ئاهەنگانە لەلایەن هونەرمەندانی دیکەشەوە گوتراونەوە، بۆنموونە: گۆرانیی«مرێم سابڵاغی ـ ماملێ» و «مرێم بۆکانی ـ زیرەک»؛ یان گۆرانی «بەرهەڵبێنە..» کە بێژگە لە ماملێ و زیرەک، لەلایەن «خەلیلی سەددیقی» و «مەزهەری خالەقی»یشەوە گوتراونەتەوە.

بێ) گۆرانییە هاوبەشەکان: ئەوانە ئەم جۆرە گۆرانییانەن کە هەوا و ڕیتم و مێلۆدییەکەیان لە ناو گەلانی دراوسێی وەک: فارس، ئازەری و تورک، هەرمەنی و عەرەب و.. هاوبەشە و، بە دروستی نازاندرێ کێ لە کێی وەرگرتووە. دیارە بۆ ئەو بەشەش دەبێ بگوترێ کە گەلانی دراوسێی وەک فارس و ئازەری و تورک و عەرەب، یان ئازەرییەکانی کۆماری ئازەربایجان کە خاوەنی دەوڵەت و دەسگای ڕەسمی(ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن) بوون، زووتر لە ئێمە توانیویانە بەشێکی زۆر لەو گۆرانییانە بە نێوی خۆیان ئاستە و تۆمار بکەن.

پێ) گۆرانییە خوازراوەکان: ئەم گۆرانییانە بەشێکن کە لە گەلانی دراوسێی فارس و ئازەری و ئیدیکە وەرگیراون، بۆ نموونە: گۆرانی «ڕەعنا» (فارسی) و «ئازەربایجان مەڕاڵی»(ئازەری). ئەوەی جێگەی

سەرنجە ئەوەیە کە »ماملێ» بەرگێکی وەها جوان و کوردانەی بە بەژنی ئەو گۆرانییانە بڕیوە کە ناسینەوە و هەڵاواردنیان لە ماکە ئەسڵییەکە کارێکی دژوارە.

تێ) گۆرانییە داهێنراوەکان: لە سەرجەمی ئەو گۆرانییانەی کە دە کتێبی (یادی بەخێر)[18]دا تۆمار کراون و نیزکەی 300 تا 320 گۆرانی (بێژگە لە قەتارەکان) دەگرنەخۆ، بەشێکی هەرە زۆریان گۆرانی داهێندراو و داندراون، کە لە مانەش پشکێکی زۆرو زەوەند وەبەر خودی «ماملێ» دەکەوێ و پشکێکی بەرچاویش کەسانی وەک خوالێخۆشبووان: «سێمانی شاوەلە»، «حاجی هاشمی نانەوازادە»، «فەتاحی سیلۆێ ــ ئەمیر عەشایری» و «خەلیلی سەددیقی» دەگرێتەوە کە بە شێعر و ئاهەنگ و بەستە یارمەتیان داوە.

3– قەتار، لە هیچکەس شاراوە نییە، کە لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەت لە موکریاندا، ئەگەر گریمان تەریقەتە مەزهەبییەکان(قادری، نەخشبەندی، ئەهلی هەق|کاکەیی..)[19] چ قازانج و نەخشێکی ئەوتۆشیان لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای کوردەواریدا نەبووبێ، لانیکەم ئەو نەخشەیان بە باشی گێڕاوە کە لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووییدا توانیویانە ڕابردووی هونەری و ئاوازی کوردیی لە تالان و نەمان و فەوتان ڕزگار بکەن و، تەنانەت پەرەشی پێبدەن.

یەکێک لەو مەکۆ گرینگانە کە دەتوانرێ وەک کانگای ئاوازە عیرفانییەکان یادی لێ بکرێ، خانەقای شەمزینانی مەهاباد بووە کە هەم «وەفایی» شاعیری بەنێوبانگ و هەم بنەماڵەی ماملێ(مام سەعید) ــ وەک دوو مرید و هاوکاری هونەریی، سەر بەم خانەقایە بوون. هەروەک دەزانین، زۆربەی ئەو ئاهەنگانەی کە لە لایەن بنەماڵەی مامڵێ و بەتایبەت «محەمەدی مامڵێ»وە بە شێوەی قەتار گوتراونەوە، پێشتر یان لەو خانەقایەدا بە شێوەی غزەلخوێنی وێڕای ئامێری دەفە خوێندراون و، یان لە مەجلیس و بارەگای گەورەپیاوانی شار بە کەمانچە و تەپڵ و تار ئیجراکراون. بۆ نموونەی یەکەم، لە شێعرەکانی وەفایی وەک: «گا دەسووتێم، گا دەگرییێم» و «مەمکۆژە تۆ گردنی خۆت» کەڵک وەرگیراوە و، بۆ نموونەی دووهەمیش دەکرێ بە ئاوازە داهێنراوەکانی بنەماڵەی «مامڵێ» وەک: «لە کانی ئاسکان» و «لاوە هەی لاوە».. ئاماژەبکرێ.

بە کورتی، «قەتار» بە کۆمەڵێک ئاهەنگی ڕەسەن و مێلۆدی دەگمەن دەگوترێ کە بە پێی نیازی کۆمەڵایەتی و زەوقی فەرهەنگی و ئەوینی عیرفانی، لە ناخی کوردەوارییەوە هەڵقوڵاون و، وەک گەنجینەیەکی پڕبایەخ بە یادگار ماونەتەوە.

لێرەدا پێویستە لەمەڕ چڕینی ئاواز(قەتار)، چەند تایبەتمەندیی پێوەندیدار دەستنیشان بکرێ کە دە شێوازی هونەریی «مامڵێ»دا بەوپەڕی شارەزایی و لێهاتوویی لەبەرچاو گیراون. ئەگەر لە دەنگی خۆش و بەسۆز کە هونەرێکی زاتیی و زگماکی یە چاوبپۆشین، دەبێ ئاماژە بە »شێوەی چڕین» یان «چریکەی دەنگ» بکرێ کە لە ناو فارسەکاندا بە »تەحریر» تەعبیرکراوە. گرینگ ئەوەیە کە لە کاتی چڕین و چریکاندندا ئەشێ گونجاوییەکی ڕێکوپێک لە نێوان مەودای هەڵکشان و وەستان و داکشانی دەنگ لەلایەک و، لەرینەوەی تارەکانی گەروو(قوڕگ) لەلایەکی ترەوە بەدیبێ، کە وشەکان یان دەقی ئاوازەکان وەک گوڵی پشکووتوو گوێی بیسەر بلاوێننەوە.

هەڵکشان یان چوونەسەری دەنگ کە فارسەکان(ئەوج)ی پێدەڵێن ئەو کاتەیە کە ئاوازبێژ وەک چریکەی بولبول تێی دەچرێکێنێ و دەنگ هەڵدێنێ؛ وەستان(ئیست) کاتێکە کە ئاوازبێژ لە مەودای نێوان هەنگاوی دەنگەکاندا لەنگەر دەگرێ، واتە لە نێوان گەروو و مەلاشوو و زماندا سووکە وچانێک لە شێوەی دەربڕینی دەنگ پێکدێنێ؛ داکشانی دەنگ یان هاتنەوەخوار کە فارسەکان بە (فرود)یان تەعبیرکردووە، ئەو کاتەیە کە ئاوازبێژ بە شێوەیەکی گونجاو و ئارام ئاخرین وشە یان پاشدەنگی چریکەی ئاوازەکەی دە گەروویدا وەها قەتیس بکاتەوە کە هیچ چەشنە نیخە و مینگە و پڵتەیەک هەست پێنەکرێ.

دە پێوەندی دەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە شازانەی سەرەوە، هیوادارم مۆسیقازان و مۆسیقاناسە خۆماڵییەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانن تەواوی قەتارەکانی «مامڵێ» وێڕای نۆتنووسی شیبکەنەوە و بایەخی شیاوی خۆی پێبدەن.

بە کورتی، ئەوانەی «مامڵێ»یان لە کاتی چڕینی قەتاردا لە نزیکەوە نەدیتبێ، ڕەنگە هەستپێکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوەیان بە لاوە گران بێ، بەڵام بۆ ئەوەی بزانین کە »مامڵێ» چەندە مامۆستا و شارەزا بووە، با بێین تەنیا گوێ «لە کانی ئاسکان» ڕابگرین و یادیشی لە دڵدا زیندوو.

*س. چ هێرش: 2005 –2004*

• • •

پەراوێزەکان:

1– کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد: محەمەدی مامڵێ، س.چ هێرش، گزینگ، ژ 22، 1999، ل80.

2– سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، محەمەد حەمەباقی، چاپی یەکەم 1988، ل122و123.

3– تاوێ دەگەڵ مامڵێ، هێلا شلومبێرگێر، و: هێدی، گزینگ، ژمارە 3، بەهاری 1994، ل47.

4– یادی بەخێر، هیوا قارەمانی، نەشری ڕەهرەوی مهاباد، چاپی هەوەڵ ساڵی 1378، ل 22 و 23.

5– هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی ـ فارسی، هەژار، یک جلدی.

6– جزمی سێهەم لە فەرهەنگی خاڵ، نوسراوی شێخ محمدی خاڵ، ل 64.

7– فەرهەنگی فارسی، دکتر محمد معین، جلد2.

8– کاروانی هونەری مامڵێ..، نووسین و ئامادەکردنی: سمایلی مامڵێ، بەرگی یەکەم، ل 62.

9– سەرچاوەی پێشوو، ل 63 و 64.

10– سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم: 1998، ل90.

11–سەرچاوەی پێشوو، ل 88. هەوەها، لە لاپەڕەی105 یش، ئەو ڕستەیە دووپاتکراوەتەوە.

12– مطالعات کردی، جلد1، شمارە4، سال سوم، تابستان1365، ڵ 42. (بۆ کوردییەکەی بڕوانە: ماڵپەڕی گزینگ، هەوار ـ چێژگ، مۆسیقای کوردیی و فەرهەنگی کوردەکان).

13– یادی بەخێر، هیوا قارەمانی، نەشری رەهرەوی مەهاباد، ل160.

14– فڵنامە موسیقی ماهور، سال پنجم، شمارەی 17، پاییز 1381، ڵ 60.

15– سەرچاوەی پێشوو، ل 65.

16– سەرچاوەی پێشوو، ل76، پەراوێزی ژمارە14.

17– سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، محەمەد حەمەباقی، چاپی یەکەم 1988، ل122و123.

18– یادی بەخێر، هیوا قارەمانی، نەشری رەهرەوی مەهاباد، ل173.

19– بۆنموونە ئەگەر (خانەقای شێخی بورهان) و (خانەقای سەیدی زەمبیل) کانگەی بووژانەوە و پەرەپێدانی شێعر و شاعیری بوون، (تەکیەی قادرییەکان) و (خانەقای شەمزینان) و (جەمخانەی ئەهلی هەقەکان).. بە دەکارهێنانی ئامێری دەفە و تەنبوور، ئەو نەخشەیان دە چوارچێوەی ئیجراکردنی ئاوازی عیرفانی و مۆسیقای کوردەواریدا گێڕاوە. شیاوی گوتنە کە هەموو لقەکانی سەر بە تەریقەتە نەخشبەندییەکان وەک: خاجەگان (شێخی بورهان) و.. لە خەتم و ڕێوڕەسمی خۆیاندا ئامێری مۆسیقا دەکارناهێنن، کەچی لە تەواوی خانەقاکانی سەر بە بنەماڵەی نەهریْ(شەمزینی) و هەروەها تەکیەی قادرییەکان دەکارهێنانی ئامێری دەفە لە یەکەمیاندا بۆ خەتم و غەزەلخوێنی و، لە دووهەمیاندا بۆ زیکر و زەرگوەشاندن پێڕەو دەکریْ.

*(س.چ هێرش)*

*****************



## مەرجەکانی شێعربوون

شێعری چاک، چ بە شێوازی کێشی عەرووزیی(کلاسیک)، یا کێشی پەنجەیی(خۆماڵی) یان کێشی ئازاد(نوێ: شێعری سپی| شێعری ئازاد| پەخشانە شێعر) ئەو شێعرەیە کە لە نێوان توێکڵ و کاکڵ یان فۆرم و نێوەرۆکدا، چەشنە تێکئەڵقاویی و تێکێشراوییەکی جوان و ڕازاوە و خۆشکر لە جۆری تەون ببیندرێ، کە تەواوی پێکهاتەکانی شێعر وەک خەیاڵ، زمان و وێنە| ئیماژ..، چ لە ئاستی ئاسۆیی و، چ لە ئاستی ئەستوونییەوە پێوندییەکی وەها مەنتیقی (لۆژیکی)یان پێکەوە هەبێ کە ئەگەر واژەیەک دەرباوێژی شێعرەکە تووشی خەوشیی بێ و حاڵەتی شێعربوونی خۆی لە دەست بدا.

ئەگەر کەسێک بیهەوێ، خەیاڵ و دەربڕینەکانی خۆی لە سەر شێوازی کێشی عەرووزی (کلاسیک) پێشکێش بکا دەبێ سەرنجێکی زیاتر بداتە ئاستی ئاسۆیی کە تێیدا یەکێتی هەست و مانا و مەبەست وەها درابێتە دەست کە خوێنەر یا بیسەر دە مەبەستی شاعیر بگا و بتوانێ چێژی لێوەربگرێ. بەڵام لە شێوازی کێشی ناعەرووزی(پەنجەیی، ئازاد| نوێ| سپی| پەخشانە شێعر) دا، بێژگە لە ئاستی ئاسۆیی، ئاستی ئەستوونیی بڕگە و کۆپڵەی هۆنراوەکەش زۆر گرینگە کە تێیدا یەکێتی هەست و مانا و مەبەست وەک ئەستووندەگێکی پتەو، دەبێ لەبەرچاو بگیرێ. هەڵبەت جگە لەم دوو لایەنەی سەرەوە، ئاستی مۆسیقاییش واتە یەکێتی و وێچوون و هارمۆنی لە نێوان پیت و وشە و دەستەواژەکان، شیاوی بایەخدانە کە لە هەردووک شێوازدا دەبێ گرینگیی پێبدرێ.

نموونە بۆ ئاستی ئاسۆیی لە مامۆستا «هێمن موکریانی»:

*بۆ دەبێ «زێندین» لـــــــە زیندانم بکا چونکە گوتم*
*ئەز مەمم، خەستەی خەمم، کوشتەی ئەمم، زینم دەوێ*

ئەگەر لەم تاکە دێڕەی سەرەوە وردبینەوە دەبینین جگە لە لایەنی ڕەوانبێژی و وردەکاریی و خەیاڵی شاعیرانە، ئەو یەکێتییە مۆسیقاییەش کە لە نێوان پیتەکانی (ز، خ، م..) دا دەبیندرێ، شێعرەکەی جوانتر کردووە. دەوەدا شک نییە کە ئەگەر لەم تاکەدا، وشەی «زین» بقرتێنین یان وشەی «دین»ی لە شوێندا دابنێین شێعرەکە سەقەت دەبێ.

نموونە بۆ ئاستی ئەستوونی لە »شێرکۆ بێکەس»:

*ئەم هەموو کۆستانە لە کوێ دانێم؟*
*گڵۆڵەی ئەم هەموو ژانانە لە چیدا هەڵگرم؟*
*پڵپڵەی ئەم هەموو فرمێسکە*
*گەردانەی ئەم هەموو هەنیسکە*
*بە چیدا هەڵواسم؟*

بە سەرنجدانی ئەو کۆپلەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیر توانیویەتی یەکێتییەکی پتەوی مانایی و مۆسیقایی لە نێوان وشەگەلی«کۆست، ژان، فرمێسک و هەنیسک، گلۆلە و پلپلە..» بە شکلی کۆلەکەیی بخولقێنێ.

لە شێوازی کێشی ناعەرووزیدا، زۆرکەس و لەوانە بەشێکی زۆر لە شاعیرە لاوەکان، پێیانوایە بە ڕیزکردنی چەند وشە و دەستەواژەی شۆڕکراو (لە سەرەوە بۆ خوارێ)، بەرهەمی هونەرییان داهێناوە؛ کەچی بەشێکی زۆر لەم گوتراو و نووسراوانە ناکرێ نێوی شێعریان لێ بنێین.

ڕاستە، لە سەرەتای شێعرگوتن یان شێعرنووسیندا، داهێنان و خولقاندنی بەرهەمی زۆر بەپێز لە هیچکەس چاوەڕوان ناکرێ، بەڵام کەسی گۆرین بەرلەوەی خۆی وەک شاعیر بناسێنێ، دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بێ، پلەی زانیاری و ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی لەمەڕ شێعر و شاعیریدا بباتە بان و، لە بڵاوکردنەوەی بە تاڵووکەی بەرهەمەکان، خۆ ببویرێ. تا لە بیرم نەچووە ئەوەش بلێم زۆربەی هەرە زۆری ئەو وشەڕیزکراو و قەڵاغکراوە سەیر و سەمەرانەی کە لە سایت و ماڵپەڕە ئینترنێتییەکان و هێندێک لە گۆڤارە کوردییەکاندا دەبیندرێن، نە تەنیا ناچنە خانووی شێعرەوە، بەڵکە لە باری زمان و داڕشتنیشەوە ناتەواون. بۆیە لەم پێوەندییەدا، ئەو شاعیرە لاوە بەردەنگەی من، هەم شیاوی سوپاسە و، هەم کارێکی زۆر باش و بە جێی لە خۆی نیشانداوە، کە بەرلەوەی بەرهەمەکانی بڵاوبکاتەوە لانیکەم ئەو پرسەی دەگەڵ کەسێک هێناوەتەگۆڕێ و داوای ڕێنوێنی لێ کردووە.

س. چ. هێرش

*تێبینی: بەشێک لە نامەیەک بوو کە کاتی خۆی نووسەر بۆ شاعیرێکی لاوی نووسیبوو.*
*لەم وێبلاگەیەش بڵاو کراوەتەوە:*
http://xoshawisty.mihanblog.com/post/archive/1391/10

## هەڵسەنگاندنی وەرگێڕانی شێعرێکی فرووغ:

... نووسەری بەڕێز کاک فەرهاد سێ پارچە شێعری لە شاعیری بەناوبانگ «فروغ فەرخزاد» (١٣١٤ – ١٣٤٥ هـ) وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و بۆ گۆڤاری «ڕوان»ی ناردوون. وێڕای سپاس لە کاک فەرهاد بە پێویست زانرا کە هێندێک سەرنج بدرێتە سەر ئەو شێعرانەی کە لە زمانی فارسی را دەگێڕدرێنە کوردی. دیارە ئەوەی زۆر گرنگە و ئەشێ لەبەرچاو بگیرێ پاراستنی جەوهەر و کاکڵی شێعرەکەیە کە دەبێ وەرگێڕ لێی غافڵ نەبێ. جوانکاری و وشە-ئارایی و تێفەدانی شێعرەکەش دەمێنێتەوە سەر توانای وەرگێڕەکە. هەرچەند شێعر وەرگێڕان لە ئەساسدا کارێکی سەختە، کەم وا هەیە شێعرە ئەسڵییەکە، وەک خۆی جوان وەرسەرن بمێنێتەوە. بەڵام ئایا وەرگێڕ بۆی هەیە بە ویستی خۆی وشەکان بگۆڕێ و وێڕای ئەوەش شیرازەی شێعرەکە تێک بچێ؟ ڕوحی ئەمەگداری و سروشتی ئەمانەتداری وامان پێ دەسەلمێنێ کە بڵێین نا. کەوابوو زۆر بە پارێزەوە دەبێ دەست بۆ کاری ئەوتۆ درێژ کەین.

لێرەدا لەو پارچە شێعرانەی کە کاک فەرهاد بە ناوی «گوڵی سوور»، «دیل» و «گوناه» وەریگێڕاون تەنیا بۆ نموونە پارچە شێعری «دیل» هەڵدەبژێرین و سەبارەت بەم، چەند سەرنج دەردەبڕین:

پارچە شێعری «دیل» (اسیر - مجموعه اشعار ص ٢٦ - ٢٧) لەو پارچە شێعرانەیە کە لە نێو فارساندا بە «چوارپارە» باون واتە لە زۆربەی حاڵاندا میسرەعی دوو و چوار هاوقافیەن. لەبەرچاوگرتنی «کێش»گەلێک پێویستە. هەرچەند وا هەیە شاعیر لەم جۆرە شێعرەدا کێشەکەی بشکێنێتەوە و میسرەعەکان کورت و درێژ کا. لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا، هەردووک پارچە شێعری «دیل» و «گوناه» جۆری چوارپارەن و لەسەر کێشی عەروزی نووسراون:

ترا می‌خوا / هم و دانم / که هرگز

به کام دل / در آغوشت / نگیرم

↓

مفاعیلن / مفاعیلن / فعولن

ئەوەی لە کاک فەرهاد نەتوانیوە کێشی شێعرەکە لەبەرچاو بگرێ و بە مەیلی خۆی هەڵکێش داکێشی بە وەرگێڕانەکەی خۆی کردوە، زۆر گرنگ نیە.

-١-

بەڵام لەوەیلە بەئیشتیای خۆی ووشەکانی گۆڕیوە تا قافیەکانی بۆ دەستە ڕێک بکرێتەوە، زۆر قسەیە. بەهەرحاڵێک ئێمە دەتوانین ووشەی زیاتر بەکار بێنین کە لە تەنگانەی یا قورسایی شێعرەکەدا (وێش ئەگەر شێعرەکان هاوکێش بن) چارەسەر بکەین. «جێم نابێتەوە» و «ناگەم بە مەبەس» هەمبەری کام ووشەی شێعرە ئەسڵییەکەیە کە کاک فەرهاد دەڵێ:

حەزم لێتە و دەشزانم هەرگیز
لەباوەشتا جێم نابێتەوە، ناگەم بە مەبەس
تۆ لەو ئاسمانە ساف و روناکەی ــــــ
من لەم کونجەدا باڵندەی دیلم، دیلی ناو قەفەس.

با بزانین دەقە فارسییەکە چۆنە؟

ترا می‌خواهم و دانم که هرگز
به کام دل در آغوشت نگیرم
توئی آن آسمان صاف و روشن
من این کنج قفس، مرغی اسیرم

دیارە نە (بەکام دل) دەبێتە «ناگەم بە مەبەس» نە (در آغوشت نگیرم) پێش دەڵە باوەشتا جێم نابێتەوە». ئەگەر گوتبای: «پڕ بەدڵ لە ئامێزت ناگرم» هیچ شتێک کەم نەدەبوو. ئەوجار شاعیرەوانە فروغ نەیگوتوە: (تو در آن آسمان صاف و روشن هستی) کە کاک فەرهاد بڵێ: «تۆ لەو ئاسمانە ساف و روناکەی». بەڵکو فروغ دەڵێ: (ئەتۆ ئەو ئاسمانە ساف و روونەی) مەبەستی ئاسمانەکە بە خەزەکەی ــــــ شوبهاندوە.

لە کۆپلەی دووهەم لەبری «میلە» ووشەی «شیشە» بەکار براوە، هەرچەند «شیش»ی کوردیش کە هەمان «سیخ»ی فارسییە، بەڵام لێرەدا ئەو مانایە نابەخشێ کە «میلە» یا لە میرری زیندان مەبەست بێ. دیارە کوردیش بەشی خۆی زیندان و گرتووخانەی دیوە تا «میلەی زیندان و شیشی گۆشت برژاندن» لێک جیا کاتەوە. بەهەرحاڵ میلە و لە میرر لە شیش باشترن.

لە کۆپلەی سێهەمدا ((فروغ)) ئاوا دەڵێ :

در این فکرم که در یک لحظه غفلت
ازاین زندان خامش پر بگیرم
به چشم مرد زندانبان بخندم
کنارت زندگی از سر بگیرم

کاک فەرهاد لەخۆڕا هاتوە زیندانەوانەکەی کردۆتە مێردی فروغی بەستزمان :

بەڕوی مێردە پاسەوانەکەم لە قاقا بدەم
ژیان سەرلەنوێ لەگەڵ تۆدا بەسەر ببەم

لە حاڵێکدا مەبەستی شاعیر ئەوەبوە بڵێ : ((دەڕوی (چاو) پیاوەکێشکچی یا زیندانەوانەکەیێ دەکەنم)) واتە بە بەرچاوی ئەودا باڵ دەگرێ ولەگەڵ خەزەنەی دیسان ژیان دەست پێدەکاتەوە.

لە بڕگەی چوارەم کاک فەرهاد بۆ هەردو نیوە بەیتی (میسرەع) دوهەم و چوارەم یەک واتای بە کارهێناوە لە حاڵێکدا جیاوازیان زۆرە :

عەودالی ئەوەم ، دەشزانم هەرگیز
لەم قەفەسەدا چیتر توانای دەرچونم نیە
تەنانەت ئەگەر پاسەوانەکەش ڕێم پێ بدا
من تازە، تەواو، هێزی دەربازبونم نیە

سەرەرای ئەوەش تۆ بڵێی ئەو باڵندە دیلە لەپێشەوەدا جارێک بۆی دەرچوبێ تا وشەی ((چیتر)) دەکار کرێ؟ فروغ ئاوای گوتوە :

در این فکرم من و دانم که هرگز
مرا یارای رفتن زین قفس نیست
اگر هم مرد زندانبان بخواهد
دگر از بهر پروازم نفس نیست

۳۰ ٤٢٣

ئەگەر واتای شیعرە بەیتی دووەم وچوارە لێکدەینەوە ئاوای لێدێ:

«بۆ من توانای دەرچوون لەم قەفەسەدا نەماوە»

«ئیدی بۆ باڵ لێکدان (فڕین)، هیچ نەفەسێکم نەماوە»

بێتولەوانەش چاوپۆشین ئیدی ناتوانین ئەوە لە کاک فەرهاد قبوول کەین کە لەزمان «فروغ»ەوە بڵێت:

من ئەو مۆمەم بە سوزی دڵم

کەلاوەیەک زێڕەوشان دەکەم

گەر بەوێ خامۆش بوونەوە هەڵبژێرم

ماڵێک بێ نەوا، پەرێشان دەکەم

ئەوە لەکوێ بیزراوە کە کەلاوەیەک بە سۆزی دل، زێڕەوشان بکرێ، ئەگەر کاک فەرهاد خۆی شێعرەکەی گوتبا، دەمگووت لێی گەڕێ با بە سۆزی دڵی خۆی هەزاران کەلاوە، زێڕەوشان بکات، بەس چی؟ بەڵام ئایا قافیە (سەروا) قات بوو کە بێت لەبری «فروزان»، وبەخاتری «پەرێشان» زێڕەوشان بازی دەربێنێ و کاشانەی خوێنەری کوردی ماڵ کاولی بێ نەوا، خامۆش کاتەوە؟ لەکۆتاییدا هیوادارم کە کاک فەرهاد لە کارەکانی داهاتوویدا، بە سەرنجێکی وردتر ئەرکی وەرگێڕان وە ئەستۆ بگرێ و بەم هیوایە لێشم دڵگیر نەبێ ئەگەر منیش بێم و تەرجومەی شێعری «دیل» (اسیر) پێشکەشی خوێنەرانی کورد بکەم:

«دیل»

هەواخوازم دەشیزانم کە هەرگیز

بەخوازی دڵ لە ئامێزت ناگرم

ئەتۆ، ئەو ئاسمانە ساف و روونەی

منیش دیل و مەلی قەفەس راگرم

لەدیوی لەپەرە ساردو رەشەکان

دوو چاوی حەسرەتم راماوو، داماو

-٤٢-

بە فکری وەم کە دەستێ بێتە پێشێ
دەسا من هەڵفڕم بۆ لات لە ناکاو

بە فکری وەم کە بۆ تاوێکی خافڵ
ئەلەو زینوانە خامۆشە ڕەها بم
بە ڕووی زیندانەوانا پێ کە نیشم
هەمیش دیسان لەگەڵ تۆدا ژیابم

بە فکری وەم دەشێزانم کە هەرگیز
لە دەرچوونی قەفەس، نیە هێز و تینێ
ئەگەر زیندانەوانیش مەیلی لێ بێ
نەفەس ئیدی نەماوە بۆ فڕینێ

لە پشت ئەم لەمپەرانە هەربەیانێک
دەرووی منوا بزەی دێتێ منالێ
دەگەڵ دەست پێدەکەم ئاوازی شادی
بە لێوی خونچەوە دێ، تێم دەئاڵێ

ئەگەر ئەی ئاسمان ڕۆژێ بخوازم
ئەلەو ڕینوانە خامۆشە ڕەها بم
بە چاوی کورپەیی گریا وچ بێژم
کە من باڵداری دیلم بێ لەوا بم

من ئەومۆمەم کە بەم سۆزی دڵی خۆم
چراخانی دەکەم ویرانەیێ من
ئەگەر هەم بمەوێ خامۆش بمێنم
پەرێشانی دەکەم کاشانەیێ من.

* * *

٩٢/٤/٢

## دیل*

هەواخوازم دەشیزانم کـە هەرگیز
بە خـوازی دڵ ئیتر ناتگرمە ئامێز
ئەتۆ ئەو ئاسمانە ساف و ڕوونەی
منیش ئێستا مەلێکم دیل و بێهێز

لە دیوی لەمپەرە ساردو ڕەشـەکان
دوو چاوی حەسرەتم ڕامـاو و داماو
بە فکری وەم کە دەستێ بێتە پێشێ
بەرەو لات هەڵفڕم ئەمنیش لە ناکاو

بە فکری وەم کە بۆ تـاوێکی خافڵ
ئە لەم زیندانە خـامۆشە ڕەها بام
دە ڕووی زینـدانـەوانا، پێکـەنیبام
هەمیش دیسـان دەگەڵ تۆدا ژیابام

بە فکری وەم، دەشیزانم کە هەرگیز
لەدەرچوونی قەفەس نیە هێزو تینێ
ئەگــەر زیندانـەوانیش مەیلی لێبێ
نەفـەس چیدی نەمـاوە بۆ فڕینێ

لە پشت ئەم لەمپەرانە هەر بەیانیەک
دە ڕووی مندا بـزەی دێـتێ منـاڵێ
کە تا دەست پێدەکەم ئاوازی شـادی
بە لێوی خونچەوە دێ تێم دەهـاڵێ

ئەگەر ئەی ئـاسمان! ڕۆژێ بخوازم
ئە لـەم زیندانە خـامۆشـە ڕەهـا بم
بە چـاوی کۆرپەڵەی گریاو چ بێژم؟
کـە من، باڵداری دیلم، بێڵە وا بم

من ئەو مۆمەم لەسای سۆزی دڵی خۆم
چراخـانی دەکـەم وێرانەیێ مـن
کـە خـامۆشی بخوازم هەڵبژێرم
پەرێشانی دەکەم کاشانەیێ من
****

*شێعر: فروغ فەروخزاد*
*وەرگێڕانەوە: س.چ. هێرش*

* *دواپین ڤەرسیۆنی شێعری 'دیل' کە لە لایەن هونەرمەند کەژاڵ ئادەمی بووەتە گۆرانی.*

## هەڵسەنگاندنی غەزەلێکی مەولەوی بەلخیی

**ئەورۆژانە کە خەریکی چاوپێداخشاندن و خوێندنەوەی بابەتەکانی جێی بایەخی («کۆخی هونەر»ی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات) بووم، بابەتێک بە نێوی «مەولەوی بەلخیی» سەرنجی ڕاکێشام و کاتێک بابەتەکەم کردەوە، بینیم کە ڕێزدار کاک «حەسەنی ئەیوبزادە» کە هەر خۆیشی بەرپرسی ئەو بەشەیە، غەزەلێکی لە مەولەوی بەلخیی ڕا بە ناتەواوی (بەم چەشنەی خوارەوە) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:**

مەولەوی بەلخیی
وەرگێر: ح. ئەیوبزادە

وەک گیان نەدیو،لە گیانمدا دیی و دەچی ئەی گیانی من
سەروی بە نازیلەی منی ئەی شەوکەتی گولزاری من
لەحەوت عەزمان خۆدەردەکەم لەحەوت دەریاگوزەر دەکەم
ئەگەر بە دل بروانییە روحی بە بێ لاشی ئەمن
بەلوتفی تو وەکو گیان لە خوم دەبمە نەدیو
ئەی بوونی تو نهێنییە لەنیو هەبووی نەدیاری من
ئەی کانی بەر کانان هەموو ، ئەی گیانی پیش گیانان هەموو
ئەی ئەوکەسەی بەر لە کەسان ئەی ئەوی من ئەی ئەوی من
بێ دەست و لاقت کردووم خورد و خەوت لێ سەندووم
سەرمەست بەشادیی ژورکەوە ئەی یوسفی کەنعانی من
ئەگەر دەروی بێ من مەرو ئەی گیانی گیان بێ لەش مەرو
لەو چاوگەلەم دەرمەکەوە ئەی بلیسەی روناکی من
20.07.2003

**هەروەک دەزانین، ئەو غەزەلە، دوو جار لە دیوانی مەولەوی[1] دا هاتووە کە لە یەکیاندا (ل168، جلدی دووهەم) 14 بەیت و لەوی دیکەیاندا (ل178) 13 تاکە شێعرن. دیارە، بێجگە لەو تاکەی ژێرەوە کە لە لاپەڕەی 168دا زیادی یە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە غەزەلەکاندا بەدی ناکرێ:**

***مر اهل کشتی را لحد، در بحر باشد تا ابد***
***در اب حیوان مرگ کو ای بحر من، عمان من***
***(بۆ ئەهلی کەشتی وەک لەحەد، نوقمی بەحر بێ تا ئەبەد***
***کوا مەرگ لە ناو ئاوی ژیان، ئەی بەحری من، عوممانی من)***

**هەروەک دەردەکەوێ، وەرگێڕەوەی ڕێزدار، لە سەرجەمی غەزەلەکە، تەنیا شەش تاکی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لەوانی دیکەی چاو پۆشیوە. هەڵبەت لێرەدا شایانی گوتنە کە من لەگەڵ ئەوەدا کە ئیرادەتێکی دووراودوری ئەدەبیم لە خزمەت نووسەری بە ئاوەنگی نەدیو، کاک حەسەندا هەیە، نەمتوانی لە بەچاودادانەوەی خراپ وەرگێڕانی ئەو غەزەلە، خۆم بپارێزم و، چەند سەرنجی سەرپێیی دەرنەبڕم.**

له وەرگێڕانی شێعر (بە تایبەت لە شێوازی عەرووزی) دا لەبەرچاوگرتنی چەند مەرجی سەرەکی پێویستە. بەر لە هەموو شت مۆسیقا و ئاهەنگی شێعرەکە زۆر گرینگە و، پاشان حاڵ و هەوای خودی شاعیریش لەوی گرینگترە، واتە دەبێ شێوەی زمان و شێوازی دەربڕین وێڕای پاراستنی وردەکاری و وشەئارایی و سەنعەتی شێعری لە زمانی یەکەم بۆ زمانی دووهەم بەو پەڕی توانایی و لێهاتوویی لەبەرچاو بگیرێ. وەرگێڕانەوەی ئەو غەزەلەی مەولەوی زیاتر لە گۆترەکاری دەچێ تا کارێکی ئاماڵ ئەدەبی. ئەوانەی کەم تا کورتێک شارەزای کاری وەرگێڕانەوەی شێعریی بەتایبەت لە دوو زمانی هاوخێزان و هاوڕیشەی فارسی و کوردیدا بن دەزانن، کە قافیە دەورێکی زۆر گرینگ لە کێش و مۆسیقای غەزەلەکەدا دەگێڕێ و، وەرگێڕەوە دەبێ بە چاوێکی ورد سەیری ئەو لایەنە بکا.

لەو شەش تاکەی سەرەوەدا، وەرگێڕەوە تووشی گەلێک ئاکاری سەرسووڕهێنەر بووە و، هاتووە وشەگەلی وەک: گیانی، گوڵزاری، ئەوی و ڕوناکی کردووەتە قافیە و لە بن یەک ڕیزی کردوون. بێ لەوەش کام کورد و کوردیوێژ هەیە کە »سەروی خەرامان» و «ڕەونەقی بێستان»ی بەلاوە ئاشنا نەبێ کە بێین لە بری ئەوانە دەستەواژەی «سەروی بەنازیلە» و«شەوکەتی گوڵزار» دەکاربێنین. ئەگەر چاوێک لە شێعری شاعیرانی خۆمان بکەین دەبینین وشەگەلی وەک خەرامان، ڕەونەق، ماهی تابان و سەرگەردان لە زۆر شوێندا دووپات کراونەتەوە و، ئیدی چ حەوجێ بەوە نەدەکرا وەرگێڕەوە لە بری «گیانی سەرگەردانی من» بێ و بڵێ:

*«ڕوحی بە بێ لانی ئەمن»!*

کێش و وەزن کە لە شێعر و بەتایبەت لە غەزەلدا زۆر گرینگە، لەو شەش تاکەدا لەبەرچاو نەگیراوە و، وەرگێڕەوە سەری ماشەری کێش و مۆسیقای وەها لێ ئاڵۆز دەبێ کە بۆی هەڵناکرێتەوە.

لێرەدا بۆ ئاگاداریی خوێنەرەوان و لایەنگرانی شێعر، تەنیا دێڕی یەکەمی ئەو غەزەلە کە لە سەر کێشی «بەحری ڕەجەزی هەشتانەی ساغ» (بحری رجزی موسەممەنی سالم) گوتراوە ڕادەنێین و بە زاراوەی شێعر و شاعیری بڕبڕی دەکەین تا کێش و هەوا و مۆسیقای سەرجەمی غەزەلەکەمان بۆ دەربکەوێ.

دێڕی یەکەمی فارسییەکە:

*پوشیده چون/ جان میروی/ اندر میا/ ن جان من*

*مستفعلن / مستفعلن / مستفعلن / مستفعلن*

*سرو خرا / مان منی / ای رونق / بستان من*

*مستفعلن / مستفعلن / مستفعلن / مستفعلن*

دێڕی یەکەمی کوردییەکە:

*وەک گیان نەدیو/ لە گیانمدا/ دێی و دەچی/ ئەی گیانی من*

*موستەفعەلون/موستەفعەلون/ موستەفعەلون/ موستەفعەلون*

*سەروی بە نا/ زیلەی منی/ ئەی شەوکەتی/ گوڵزاری من*

*موستەفعەلون/موستەفعەلون/ موستەفعەلون/ موستەفعەلون*

ئەگەر ئەو شەش تاکە وەرگێڕدراوەیە بە پێوانەی ئەم کێشە هەڵسەنگێنین، دەبینین سەرەڕای لەنگیی و سەکتەی شێعریی لە زۆر شوێندا، لە یەکدوو دێڕیشدا کێشی شێعرەکە تێکچووە. بۆ نموونە:

*به لوتفی تۆ/ وەکو گیان/ لە خۆم دەبمە/ نەدیو*

*مەفعولون/موستەفعەلون/ مەفاعیلوون/ فەعلون*

کە کێش و وەزنەکەی نەتەنیا دەگەڵ ئەوانی دیکە یەک ناگرێتەوە، بەڵکە هەر شەش تاکەکەی وەک داشقەشکاوێک لێکردووە کە ئەسپێکی کلک و گوێ بڕاو ، بە شەلەشەل ڕایبکێشێ.

لە کۆتاییدا، ئەگەر کاک حەسەن ئیزنی لە سەربێ و بە گەورەیی خۆی لێم دڵگیر نەبێ، ئەوا وەرگێڕانەوەی سەرلەبەری غەزەلەکە بەڕێزەوە پێشکێش بە هەست و سۆزی مەولەوی خوازان و هەقنەوازان دەکەم و، بۆ کەم و کووڕییەکانیش کە بێشک کەس لێی بێ بەری نییە، داوای بەخشین:

بەنهێنی چەشنی گیـــــان مەڕۆ، ئاوا لە ناخی گیانی من
سەروی خـــــەرامانی منی، ئـــەی ڕەونەقی بێستانی مـن
گەر هەر دەڕۆی بێ مەش مەڕۆ، ئەی گیانی گیان بێ لەش مەڕۆ
لـــەم چاوەما، چاوگەش مەڕۆ، ئەی مـــــەشقەڵی تابانی من
حەوت ئاسمـــان ناگرێ بەرم، لە حەوت دەریا تێدەپـــــەڕم
گەر تۆ بە ناز چاوێ بکەی لە گیـانی سەرگــــــەردانی من
هـــــەرکاتێ وا تۆ بێیە لام، دێن کفر و ئیمـــــان وەک غولام
ئـــــەی دینی تۆ دینی ئەمن، وەی ڕووی تۆ ئیمــــــانی مــن
بێ ســـەروپێم بەستووتمــەوە، بێ خوردوخەو هێشتووتمــەوە
هەر وەک یەعقووب بە دووتمــەوە، ئەی یۆسفی کەنعــانی من
بەم لوتفەیەی تۆ بووم بە گیـــان، ئاوا نهێنی بووم لە ژیـــان
ئـــــەی بوونی تۆی حەشاردراو لە ناو بوونی پنهــانی من
گوڵ بەرگو بۆی لە دەستی تۆ،ئەی چاوی نێرگیز مـەستی تۆ
ئـــەی چڵ بە چڵ ئاوبەستی تۆ، ئـــەی باخی بێ پایانی من
تاوێکی دێی داخم دەکـــــەی، تاوێک لە ناو باخم دەکــــەی
بـــەم لالە سۆراخم دەکـــەی، تا کوو هەڵێن چـــــاوانی من
ئـــەی گیانی پێش گیانان وەرە، وەی کانی پێش کانان وەرە
ئـــەی ئانی پێش ئانان وەرە، ئەی ئانی من، ئەی ئانی[2] من
چون مزڵی ئێمە خــاک نییە، گەر هەڵوەرێ لەش، باک نییە
ئەندێشی من ئەفـــلاک نییە، ئەی ژوانی تۆ کـــــەیوانی من
بۆ یـــادی ڕوویی مـــانگی من، با بێ هـــەرا و بـــانگی من
بەم بۆنی شای شەشـــدانگی من، هەر چرکەیێ حـــەیرانی من
ئەی گیان وەکوو زەڕڕەی هەوا، تا وای لە خۆری خۆت جودا
بـــۆچی بەبێ تۆ بێ؟ چما؟ ئەی ئەسڵی چـــوار ئەڕکـانی من
ئـــــەی شا سەلاحــەددینی[3] من، ڕێزانی مـــن، ڕێبینی مـــن
حـەوجێ نەبووی تەمکینی من،ئـەی بانی سـەر سـەربانی من[4]
س. چ. هێرش 2003

1) دیوان کامل شمس تبریزی، مولانا جلال الدین محمد بن شیخ بهاالدین محمد بن حسین بلخی مشهور به مولوی، مقدمه و شرح حال: استاد بدیع الزمان فروزانفر، حواشی و تعلیقات: م. درویش، غزلیات: قسمت دوم، م - ی، {لاپەڕەی 178، غەزەلی 439 }.

پوشیده‌چون جان‌می‌روی اندر میان جان من    سرو خرامان منی، ای رونق بستان من
چون‌می‌روی‌بی‌من مرو، ای‌جان‌جان‌بی‌تن‌مرو    وز چشم من‌بیرون مشو، ای‌مشعلهٔ تابان من
هفت‌آسمان را بردرم، وز هفت دریا بگذرم    چون دلبرانه بنگری در جان سرگردان من
تا آمدی اندر برم شد کفرو ایمان چاکرم    ای دیدن تو دین من وی روی تو ایمان من
بی‌پاوسر کردی‌مرا، بی‌خواب‌وخور کردی‌مرا    درپیش یعقوب اندرآ، ای یوسف‌کنعان من
ازلطف‌توچون‌جان‌شدم، وزخویشتن پنهان‌شدم    ای هست تو پنهان شده در هستی پنهان من
گل‌جامه درازدست تو، وی‌چشم‌نرگس‌مست تو    ای شاخها آبست تو، وی‌باغ بی پایان من
یك‌لحظه داغم می‌کشی، یکدم بباغم می‌کشی    پیش چراغم می‌کشی تا وا شود چشمان من
ای‌جان پیش ازجانها، وی‌کان پیش ازکانها    ای‌آن بیش ازآنها، ای‌آن‌من، ای‌آن[1]من
چون‌منزل‌ما خاك نیست‌گرتن بریزد باك‌نیست    اندیشه‌ام افلاك نیست ای وصل توکیوان من
بر یاد روی ماه من باشد فغان و آه من    بر بوی شاهنشاه من هر لحظهٔ حیران من
ای‌جان چوذره درهوا، تاشد زخورشیدت جدا    بی‌توچرا باشد؟چرا؟ ای‌اصل چارارکان‌من
ای‌شه صلاح‌الدین‌من، ره‌دان من، ره‌بین‌من
ای فارغ از تمکین من ای برتر ازامکان‌من[2]

2) ئان: دوو مانای هەیە، یەکیان بە مانای «ئەو- ئەم» دێ و ئەوی دیکەیان بە مانای شتێک یان کەسێک دێ کە حاڵەت یان جەزبەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێ. ئەو وشەیە لە شێعری حافزی شیرازی دا بە مانای حاڵەتێکی تایبەت لە ناز و عیشوەگەریدا هاتووە.

3) مەبەست سەلاحەددینی زەڕکوب، دۆست و موڕشیدی مەولانایە کە غەزەلەکە لە پێناو خۆشەویستیی ئەودا گوتراوە.

4) ئاواش دەبێ: ئەی بانی سەر ئیمکانی من .

## وەرگێڕانەوەی سێ غەزەلی مەولەوی

**وەرگێڕانەوەیەکی دیکەی سێ غەزەلی مولانا جلال‌الدین محمد بلخی رومی (مولوی)**

**§ وەرگێڕانەوە: س. چ. هێرش**

**دوای بڵاوکردنەوەی سێ غەزەلی مەولەوی، کە بەڕۆژ ئاکرەیی وەریگێڕابوونەوە، کاک سولەیمانی چیرە(هێرش) لە پەیامێکدا پێیراگەیاندم کە ئەو کارەی بەڕۆژ ئاکرەیی بە دڵ نییە. پاشان سێ غەزەلەکەی، بە دڵی خۆی، وەرگێڕانەوە و ناردنی بڵاویان بکەمەوە. لێرە دا ئەوانەی" کاک هێرش"یش دەخەمە بەر چاوان، با خوێنەران بۆخۆیان سەرپشک بن.– هێدی–***

**خۆش خەرامان وا دەڕۆی، ئەی گیانی گیان بێ من مەڕۆ**
**ئەی حەیاتی دۆستگەلی ناو بێستان بێ من مەڕۆ**
**ئەی فەلەک بێ من مەسووڕێ، بێ من، ئەی مانگ هەڵمەیە**
**ئەی زەوی بێ من مەچۆ، سا ئەی زەمان بێ من مەڕۆ**
**وا بە تۆوە خۆشە ژیان، هەم ئەم جیهان و ئەو جیهان**
**لەم جیهان بێ من مەژی، سا لەو جیهان بێ من مەڕۆ**
**ئەی عەیان بێ من مەزانە، ئەی زمان بێ من مەڵێ**
**ئەی نیگا بێ من مەڕوانە، ئەی ڕەوان بێ من مەڕۆ**
**شەو بە نووری مانگەوە ڕووی خۆی دەبینێتن سپی**
**من شەوم، تۆ مانگی من، بان ئاسمان بێ من مەڕۆ**
**ئەرخەیان بووە خار لە ئاگر وا لە سۆنگەی لوتفی گوڵ**
**تۆ گوڵی، من دڕکی تۆ، بۆ گوڵستان بێ من مەڕۆ**
**پێچی چەوگانت دەپێوم چاوی تۆم لێ دیار بێ**
**بمنوارە، ماژوێ، وام چاوەڕوان، بێ من مەڕۆ**
**چون حەریفی پادشای، بێ من مەنۆشە ئەی تەڕەب**
**چون کە چوویە بانی شای، ئەی پاسەوان بێ من مەڕۆ**
**وای بە حاڵی ئەو کەسە ڕێدەبڕێ بێ نیـشانی تۆ**
**چون نیشانی من ئەتۆی، ئەی بێ نیشان بێ من مەڕۆ**
**وای بە حاڵی ئەو کەسە ڕێدەبڕێ بێ زانست و عیلم**
**زانست و عیلمی ڕێم ئەتۆی، ئەی ڕێگەزان بێ من مەڕۆ**
**نێوی عیشقت لێ دەنێن خەڵک و، ئەمن پاشای ئەوین**
**ئەی تۆ باڵاتر لە وەهمی هەر هەموان بێ من مەڕۆ**
**********

**چ دەمزانی کە عیشقی تۆ، ئەمن ئاوا دەکا مەجنوون**
**دڵم چەشنی جەهەننەم کا و، دوو چاویشم وەکو جەیحوون**

چ دەمزانی کە سێلاوێک لە ناکاو چەشنی با دەمبا
بە چەشنی کەشتی دەمخاتە شەپۆلی خوێنی تێداچوون
دەدا پێڵێکی لەم کەشتییە کەوا قاشقاش دەکا تەختەی
کە هەر تەختێکی تێکدەڕمێ لە ناو خولخواردن و ونبوون
نەهەنگێکیش وەدەرنێ سەر، بنۆشێ ئاوی دەریایە
وەها بەحرێکی بێ پایان، ببێتە دەشتی ویشکبوون
بقەڵشێ دەشت و، هەڵلووشێ نەهەنگی بەحر و دەریاپێو
لە پڕ بیخاتە ناوچاڵێک، لەبەر قەڵسیی وەکوو قاڕوون
کە گۆڕانکاریی پێکبێتن، چ دەشت و بەحرە نامێنن
ئیتر چۆنی بزانم من، کە چۆنچۆنی هەموو ڕۆچوون
ئەوەند پرس و مەتەڵ زۆرن بەڵام من چشتێ نازانم
کەوا خواردم بە دمبێن من، لە دەریایە کەفێ ئەفیوون
**********
پێم نەگوتی مەڕۆ ئەوێ کە ئاشنات منم؟
لەم سەرابی فەنایە، چاوگەیی حەیات منم؟
ئەگەر سەد هەزار ساڵیش بە قەڵسی بڕۆی لە لام
دێیتەوە لام عاقیبەت، کەوا ئینتیهات منم
پێم نەگوتی کە خۆش مەکە دڵت بە نەخشی جیهان
کە نەخشبەندی سەراپەردەیی ڕەزات منم
پێم نەگوتی کە من دەریا و، ئەتۆ تاقە ماسییەکی
مەچۆ ویشکایی کەوا بەحری باسەفات منم
پێم نەگوتی کە چەشنی مەلان، بۆ لای داو مەڕۆ
وەرە کە هێزی فڕین و وزەی پەڕ و پات منم
پێم نەگوتی کە ڕێگەت لێ دەگرن و دەتتەزێنن
کە ئاور و تین و تاو و گەرمی هەوات منم
پێم نەگوتی کە ڕەوشتی پەلەشتت فێردەکەن
کەوا ونی دەکەی ئەتۆ، کە سەرچاوەی سەفات منم
پێم نەگوتی کە مەیێژە کاری بەندە چۆنچۆنی
سەردەگرێ؟ داهێنەری بێ ئەملا و ئەولات منم
ئەگەر تۆ چرادڵی بزانە ڕێی ماڵ لە کوێیە
یا گەر خوداڕەوشتی، بزانە کە کوێخات منم

---

***لە فەیسبوکی خالید حوسێنپور-هێدی وەرگیراوە.**

# قسەی ئەم ژمارەیە

## س. چ. هێرش

ئەوجاریش بەهار هات و دیسان خۆری ئاواتی کورد هەڵنەهات. ئەوساڵیش بەهار هات و... ئەو تۆگوڵاڵانەی کە لەکاتی بارینی کلووکلوو بەفری زستان، لە دێراوی خۆشکراوی گوڵپەرستان داچێنرابوون کە جێژوانی ئەویندارانی کوردستان بخەملێنن، دیسان وەکوو جاری جاران، بە گێژەڵووکەی چاوەڕواننەکراوی نەهاتیی، خونچەخونچە پەڕپەڕ بوون و گەڵا گەڵا هەڵوەران... ئەوجاریش بولبولانی غەزەلخوێنی بەهار، بە لارەملی لەپەنا و پەسێوی داوێنی کوێستان، زارو بێزار هەڵکوڕمان. زۆر بەهارە، خۆشی و ناخۆشی، گریان و پێکەنین، تەنگانە و فەرحانە، شین و شایی خەڵکی کورد تێکەڵ بووە و؛ عەزم و جەزم، بەزم و رەزم، بوون و نەبوون و مان ونەمانی ئاوێتەیەک بووە لە "رەقسی مەرگ" و "سەمای سوور"... بەڵێ، ئەوساڵیش نەورۆز هات و ... بەڵام "بەهارمان هەروا بێبارانە و گوڵاڵەی سوورمان خوێنی جەرگی یاران"...

هەروەک دەزانین، لە ماوەی دەرچوونی ژمارە ٢٢ی گزینگ، تا ئەو ژمارەیەی کە ئێستا لە بەردەستتان دایە، گەلێک کارەساتی ناشیاو و نائینسانی ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن. گرینگترینی ڕووداوەکان تا ئەو جێگەیەی کە بەرژەوەندی گشتی بەشەریەت و مافی مرۆڤ و ئاشتیی جیهانی بگرنەوە، یەکیان بوحڕان و کارەساتی شەڕی باڵکانە کە بە هەڵمەت و بۆمبارانی حەوایی ماڵوێرانکەرانەی ناتۆ ( ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی ئەورووپایی) بە نێوی دیفاع لە مافی خەڵکی کۆسۆڤۆ، بۆسەر یۆگۆسلاویی لەوان شەڕخوازتر و سەرەڕۆتر، دەستی پێکردووە و هەر ئێستاش بەردەوامە؛ وێش ناچێ بەم زووانە دامرکێتەوە کە تا ئێستا سەدان کوژراو و نزیکەی 650،000 ئاوارە و لێقەوماوی لێکەوتۆتەوە؛ زۆریش جێی داخە کە خەڵک هیچیان لەدەست نایە.

ئەوەی دیکەشیان پیلانی دزین و ڕفاندنی تێرۆریستیانەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان ( پ.ک.ک) بووە بۆ تورکیا کە بە هاوکاری و هاودەستی گەلێک دەوڵەت و ئاژانسە جاسووسییەکانی جیهانی بەڕێوەچووە. دیارە بە نیسبەت ئێمەی کورد ڕووداوی دەتەڵەخستن وەدەستدانەوەی سەرۆک ئۆجەلان کە لە 15ی مانگی فێبرواری (99) دا ڕوویدا و هەواڵەکەی شەوێک دواتر لە لایەن مەد تی ڤی بڵاو کرایەوە، گرینگترین ڕووداوی ئەم چەند ساڵەی دوایی بووە، کە بەداخەوە لە نێو تەمومژی بوحڕان و ئاڵۆزی شەڕی باڵکان دا ون بوو و، بە تایبەت بە داخستنی تەلەفیزیۆنی مەد تی ڤی لەلایەن بنکەی (ئای. تی. سی) بریتانیاوە ( کە ئەویش هەر درێژەی ئەو پیلانە بوو)، هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ئۆجەلان و مەسەلەی کورد لە تورکیا، ڕۆژ بە ڕۆژ کەمڕەنگتر بووەوە و لە ماسمێدیای جیهانیدا ئەو گەرمیی و گرینگیەی جارانی نەما.

چۆنیەتی وەڕێخستنی پیلان و داڕشتنی پلانی تەڵە و تەحویلدانەوەی سەرۆک ئاپۆ، بۆ هەموو کەس ئاشکرایە و حەوجێ بە باسکردن نییە، بەڵام ئەوەی گرینگ و شایانی باس بێ ئەوەیە کە: یەک:

دەداوخستن و وەدەستدانەوەی ئۆجەلان، بەو شێوە تورکییانە و تێرۆریستیانەی خۆی، بێحورمەتیەکی ئاشکرا بوو کە بە 30 میلیۆن خەڵکی کورد کرا و ، پەڵەی ئەو نەنگەش هەتا هەتایە لەسەر روخساری قەشانی 'دیمۆکراسیی ئوڕووپایی' دەمێنێتەوە؛ چونکە نە دەوڵەتی تورکیای ژەنەڕاڵە چەتە و قاچاخچییەکان ئەو ئازایەتیەی لێدەوەشاوە و، نە ئۆجەلانیش بەو هەڵە قورس و گرانەی دەکەوتە ئەو داوە؛ نە گورگ و چەقەڵیش دەکەوتنە مێمڵ و مەملەمەمۆ و سەماوە. دوو: ڕاپەڕین و هەستان و خۆپێشاندانی کوردان لە سەرتاسەری جیهان و هەر چوار پارچەی کوردستان، وێڕای تەلەفاتی گیانی و دەیان کوژراو، ئەو راستییەی جەخت کردەوە و گوێی بیروڕای گشتیی جیهانی سەرلەنوێ زرینگاندەوە کە کورد لە مافی ڕەوای مێژوویی خۆی پاشگەز نابێتەوە و ئەو مافە ئەگەر نەشدرێ دەبێ بستێندرێ. سێ: ڕووداوی تەحویلدانەوەی سەرۆک ئاپۆ، ڕاستییەکی دیکەشی خستە ڕوو، ئەویش هاوکاری و تەبایی وڵاتە دراوسێیەکانە لە ئاست جووڵانەوەی کوردی ئەوبەر سنوورەکان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان. چونکە، ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژین، تا کاتێک یارمەتی ئەو جووڵانەوانە دەدەن کە یان سوودی سیاسیان تێیدا هەبێ، یان بیانکەنە گۆپاڵی دەستی خۆیان؛ لەوە بترازێ نەتەنیا یارمەتییان نادەن، بەڵکوو دژیشی دەوەستن و، ئاخرسەر پێکەوە دەسازێنەوە. ئەگەر روسیا وەک دراوسێی ناتەبا و ناکۆک لەگەڵ تورکیا، لەو حیسابە دەرباوێین کە لە بەرانبەر ئەمریکادا، شەو و رۆژ خەریکی دەمپانکردنەوەیە؛ نموونەی زەق، سوریای لاوازی چاوبەرەژێر و عێراقی لە قەرەنتینە خزاو و ئێرانی لە 'تاڵەبان' ترساوە، بەتایبەت ئێران بەو هەموو هەڵڵا و گرمە و هەڵوێستەی کە لە ئاست دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل و، جاروباریش لە ئاست تورکیا نواندوویە و دەینوێنێ؛ نەتەنیا بە شێوەی رەسمی ئەو حەرەکەتە تیرۆریستییەی مەحکووم نەکرد، بەڵکوو تابوشتی خۆپێشاندان و هاودەردیی خەڵکی کوردیشی نەهێنا و، لە شارەکانی سنە و ورمێ و مهاباد و... دەیان کەس کوژران و سەدان کەس لە زیندان خران.

ئەوە و زۆر تەجرەبەی دیکە، دەبێ بۆ ئێمەی کورد ببێتە دەرسی عیبرەت کە هەر بە یەکگرتن و پشتبەستن بە یەکتر، دەتوانین لەنێو ئەو تەلێسمە ئەستەم و هەڵەمووتەی ژێئۆپۆلیتیکییدا، گەوهەری مافی ڕەوامان بدۆزینەوە، ئەو تەلێسمەی کە دەیان تراژێدی لەوە ناخۆشتری بە سەرهێناوین. دەوەدا هیچ شک نیە کە ئەگەر کورد و بزووتنەوە و ڕێبەرەکانیان هاوئاهەنگ و تەبا بان و بۆ یەکتریان تێنەچاندبا، کار بەو جێگایە نەدەکێشرا...

بە هەرحاڵ! بە پێی هەواڵی ئاژانسە ڕاگەیێنەرە گشتییەکان، دەوڵەتی تورکیا، بڕیاری ئەوەی داوە لە 31ی مانگی مای( 99) دا، دادگاییکردنی سەرۆکی (پ.ک.ک) عەبدوڵڵا ئۆجەلان، کە لەلایەن لێژنەی قەزایی تورکیاوە داوای ئێعدامی بۆ کراوە، لە جەزیرەی (ئیمرالی) هەر ئەو شوێنەی کە تێیدا زیندانی کراوە و بە سەختترین شێوە ئەشکەنجە دراوە، دەست پێبکرێ. ئەوەش ڕاگەیێندراوە کە ئیجازە بە هیچ نازر و نوێنەرێکی رەسمی نادرێ کە لەو دادگاییەدا بەشدار بن. دەوڵەتی تورکیا لەوانەیە لە سایەسەری ' دیمۆکراسی ئوڕووپایی' ئەوە و ئێعدامی سەرۆک ئاپۆشی بۆ بووزبخوا، بەڵام ئەستەمە لەلایەن هەواخوازان و درێژەدەرانی ڕێگای شێخ سەعید و سەید رەزا و شێخ عەبدولقادر و ئۆجەلان... ئەوەی دەسەرەوە بچێ و بتوانێ خەبات و ئیرادەی خەڵکی کورد تێکبشکێنێ.

ڕاسته، دەوڵەتی تورکیا، به گرتنی ئۆجەلان، سەرکەوتنێکی کاتیی وەدەست هێناوە، بەڵام ئایا بەڕاستی دەتوانێ بۆ هەمیشه لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد به 12 تا 15 ملیۆنەوە خۆی ببوێرێ و نەفەسێکی ڕاحەت بکێشێ؟ جوابی ئەو پرسیارە بەستراوەتەوە بەوە کە دەوڵەتی تورکیا تا چ ڕادەیەک دەخوازێ ئەو عەقڵە لاسەنگەی خۆی میزان کاتەوە و سیاسەت و شێوەی کەماڵیستیانە و تێرۆریستیانەی خۆی تورهەڵدا و، خۆی بە سەروەری خاکی خانەخوێیەک نەزانێ کە زەمانێک وەک میوان لێی دابەزیوە و فڕی بە سەریەوە نەبووە.

---

گزینگ – ژمارە 23، بەهاری 1999 ( 1378)

## مامۆستا ئەحمەد هەردی و شێعری ست فاتیمە

هاوینی ساڵی 1979 کە مامۆستا ئەحمەد هەردی لە شاری مەهاباد میوان بوو، بە پێشنیاری مامۆستا هێمن چووینە سەردانی و، بەڵام بەداخەوە ئەوکاتە نەکرا ئەو جۆرە پرسیارانە بەتایبەت سەبارەت بە شێعری چەپکە گوڵێک بۆ «ست فاتیمە» ئاراستەی بەڕێزیان بکرێ و، مەتەڵەکە هەروا مایەوە.
لە ماوەی ساڵانی 1983_1987 کە لە ناوچەی لۆلان، وێڕای گەلێک لە خوشک و برایانی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک ئاوارەیەکی هەڵاتوو یان ڕاونراو، لە بنکەکانی ژێر دەسەڵاتی (پارتی..) و (حشع)دا دەژیام، وابزانم ساڵی 84 یا 85 بوو کە ڕادیۆ بەغدا ـ بەشی کوردی، وتووێژێکی دەگەڵ مامۆستا هەردی بڵاوکردەوە و، ئەزقەزا پرسیارەکانیش زیاتر سەبارەت بە شێعری «ست فاتیمە» بوون. بەداخەوە، مامۆستا هەردی لەو وتووێژەدا وەک کەسێک دەهاتە بەرچاو کە دەتگوت تاوانێکی کردووە و دەیەوێ پاکانە بکا. بە کورتی، لەو وتووێژەدا دەرکەوت کە بنەماڵەی «ست فاتیمە» ـ ئەو کەسەی کە شێعرەکەی پێ هەڵگوتراوە ـ بە شێوەی ڕەسمی شکایەتیان لە مامۆستا هەردی کردووە و، ئەویش بۆ ئەوەیکە ئاوێک بە ئاورەکەدا بکرێ، ناچاربووە بڵێ کە کەسێک بە نێوی «ست فاتیمە» هەر لە ئارادا نەبووە و سەرجەمی شێعرەکە زادەی خەیاڵ بووە و بەس!
هەردی لە چاپی یەکەمی «ڕازی تەنیایی»دا کە حەوت ساڵ دوای گوتنی شێعرەکە چاپ کراوە (نەورۆزی 1957)، لە سەرووی شێعرەکەدا نووسیویە: «ئەمەوێ خوێندەواری خۆشەویست ئەوە بزانێ، کە ناوی (فاتیمە) وە نەبێ ناوێکی ڕاستەقینە بێت، بەڵکو وەکو لەگەڵ چیرۆکدا ناوی خواستەمەنی بۆ قارەمانی چیرۆکەکە دائەنرێ ئەمیش شتێکە وا... ئەمە لەو لاوە بوەستێ، لە لایێکی تریشەوە (ست) هەر تەنیا لە بەر ئەوە ووتراوە کە سەرنجی خەڵقی ڕابکێشێ و هێچی تر..» (ا . هـ).
ڕاستە، مامۆستا هەردی، بە گوێرەی ئەو گوتەیەی سەعدی: «درۆی بەرژەوەندخوازانە باشتر لە ڕاستیی گێرەشێوێنانە»، هەرچۆنییەک بێ، توانی خۆی لەو گێچەڵە دەرباز بکا، بەڵام ئایا مێژووی ئەدەبییش هەروا بە ئاسانی لێی خۆش دەبێ؟! پێموانییە.
مامۆستا هەردی لە چاپی دووهەمی «ڕازی تەنیایی» دا، کە لە ژێر هەموو پارچە شێعرەکان، ساڵی گوتن و دانانیان دیاری دەکا، لە ژێر پارچە شێعری «ست فاتیمە»شدا نووسیویە: سلێمانی، 1950؛ کەوابوو، شێعرەکە لە تەمەنی 27 ساڵیی مامۆستا هەردی دا گوتراوە و حەوجێ بە لەسەرڕۆیشتن ناکا کە ئەگەر لەو تەمەنەدا، «ست فاتیمە»یەکی ڕاستەقینەش لە ژیانی شاعیردا هەبووبێ، نەتەنیا کارێکی نەشیاو و بیلعەت نییە، بەڵکە ئاسایی و ئینسانیشە. ئەوەیکە کار بە شکایەت و دادگا و شتی لەم چەشنە کێشراوە، سەرنجراکێش نییە و هەرچەند دەبوو هەردی لەبری ئەو شێعرە، خەڵات کرابا؛ سەرنجراکێش و گرینگ ئەوەیە کە لە سای دوو چاوی مەست و بژن و باڵای «ست فاتیمە»دا، شێعرێکی ئاوا بەرز خوڵقاوە کە وەک شەڕابی حەوساڵە تا بمێنێتەوە پەسندترە، ئەویش ئەو حاڵەتەی هەیە و هەرگیز کۆن نابێ.*

*س. چ. هێرش*

بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەست، بڕوانە ئەو نامەیەی دۆستی بەڕێزم کاک نایب عەبدوڵڵا: *

ڕۆژێکیان چەند برادەرێک بووین لە لۆکاڵەکەی کوردەکانی هودیکسڤاڵ دانیشتبووین باسی شێعر و شاعیرانمان دەکرد، لە دواییدا باس هاتە سەر مامۆستا ئەحمەد هەردی و شێعرە بەناوبانگەکەی: ست فاتیمە. بەشێک لە برادەران وایان دەردەبڕی کە گوایە ئەو شێعرە خەیاڵییە و، ست فاتیمەش ناوی کەسێک نییە سەرنجی هەردی ڕاکێشابێ بۆ ئەم شێعرە. منیش بە باشی و ڕاستی کە ئاگاداری دانانی ئەو شێعرە بووم، بە کورتی بۆم گێڕانەوە. لە دواییدا هاوڕێی خۆشەویستم کاک هێرش داوای لێکردم کە ئەو ڕووداوە بخەمە سەر کاغەز و پێشکەشی بکەم. ئەمەش ڕووداوەکەیە:

*لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجادا من شاگردی «حەمە عەلی مەدهۆش»ی خەیات بووم. بە هۆی ئەوەی مەدهۆش شاعیر بوو، پەیوەندیی شێعر و برایانەی زۆر لەگەڵ هەردی دا هەبوو. لەو سەردەمەدا، ڕۆژ نەبوو هەردی نەیەتە دوکانی مەدهۆش. هەردووکیان زۆربەی کات هەر باسی شێعریان دەکرد، ئێمەش 7_8 شاگرد بووین و گوێمان لێ دەگرتن و پێمان خۆش بوو، بەتایبەتی مامۆستا هەردی زۆر بە جوانی شێعری دەخوێندەوە، ئێمە لەززەتمان زیاتر لە شێوەی خوێندنەوەکەی وەردەگرت، وەکوو دەڵێن ڕۆحی دەکرد بە بەر ئەو شێعرەدا کە دەیخوێندەوە. زۆر باش لە یادم ماوە ساڵی 1950 لە کاتی بەهاردابوو، هەردی هەموو بەیانییەک زوو لەو کاتەی مامۆستا و قوتابیان دەچوون بۆ قوتابخانە، هەردی لە سەرووی دوکانەکەمانەوە، کە ئەودەم بە تەنیشت (مەکتەبەی گەلاوێژ)ەوە بوو، لەسەر ڕێگەیان ڕادەوەستا، کە مامۆستا و ئافرەتەکان تێپەڕدەبوون، ئەویش دەهاتەوە دوکانی مەدهۆش و هەندێ جار دەیگوت ئەمڕۆش ئەم بەیتانەم بۆ هات، بۆ مەدهۆشی دەخوێندەوە.. ماوەیەک ئەم کارەی هەردی بەردەوام بوو. ئیتر ئێمەش هەموومان زانیمان و گوێشمان لێ بوو کە ئافرەتێکی مامۆستا هەیە و ناوی «فاتیمە»یە و سەرنجی ئەمی ڕاکێشاوە و، بە ماوەیەکی زۆر و بەو شێوەیە ئەو شێعرەی تەواو کرد. جا بەوەدا کە هەردی هەموو ڕۆژێک لە سەر ڕێگایدا ڕادەوەستا تا تەماشای بەژن و باڵا و چاوەکانی بکات.. دیار بوو پەیوەندییان نەبووە پێکەوە، تەنیا دووربەدوور یان لە مناسەباتدا سەرنجی ڕاکێشاوە.. بەڵام دوابەدوای بڵاوبوونەوەی شێعرەکە هەرچی بووبێ من ئاگام لێ نەبووە.*

*نایب عەبدوڵڵا، هودیکسڤاڵ ـ ساڵی 1994*

چەپکە گوڵێک بۆ «ست فاتیمە»

فاتیمە! دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانی یە
پڕ شەڕابی خۆشەویستی و ئـــــارەقی یەزدانی یە
بەژن و باڵەکەت نموونەی هــــەیکەلی یۆنانی یە
لار و لەنجەت مۆسیقایە، بەستـــەیە، گۆرانی یە
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیـــــانەکەم ست فاتمە!
تاقە پرشنگێکی چاوت ئەو پەڕی ئـــــــــاواتمە

گـــــــەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هـــــەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و ئانەیە
گیـــــــانەکەم! ئەمما دڵی من لـەو دڵە شێتانەیە

بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە
هەر بە تەنیا خۆشەویستی شک ئەبەم ست فاتیمە
سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەو پەڕی ئـــــــــاواتمە

خۆشەویستی وا کە نامەی خوایە بۆ پێغەمبــەران
بەرز و ناسک، وەک هەناسەی پڕ گوڵاوی دڵبەران
نەک وەکو حەزکردنی دینار و گەوهەر پەروەران
ئەو کەسانەی بۆ قڕانێ چەندە دڵیان هەڵوەران
:خەڵقی تر پارەپەرستی با بکـــــەن ست فاتیمە
من بە تەنها تۆ پەرستی، ئەو پەڕی ئـــــاواتمە

زۆر کەڕەت هانم ئەدا داخی دەروونی پڕ گــــڕم
بۆتی هەڵڕێم سکاڵای ناسکی گەرم و گـــــــوڕم
داخەکەم کــاتێ کە دێمە بەر دەمت واقی ووڕم
وام ئەشێوێنێ بە جۆرێ نایەڵێ هیـــچ دەربڕم
!بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فـاتیمە
گوێی بۆ ئەم ڕازە شل کەی، ئەو پەڕی ئاواتمە
*سلێمانی 1950*




## س.چ هێرش

ئەو ڕۆژانە کتێبی *'لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1978–1975'* بەرهەمی نووسەری دەستڕەنگینی کورد کاک *'نەوشیروان مستەفا ئەمین'*، بە بەرگێکی جوان و ڕازاوە کەوتە بازاڕەوە و ڕووخساری کەتێبخانەی کوردی پێ گەشایەوە. کاک نەوشیروان پێشتریش دوو کتێبی بایەخداری مێژوویی وەک: *'کورد و عەجەم، مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران'* و *'حکومەتی کوردستان، ڕێبەندانی ١٣٢٤– سەرماوەزی ١٣٢٥ ، کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا'* نووسیوە و پێشکێشی کتێبخانەی کوردی کردووە کە تا ڕادەیەکی بەرچاو جێی ڕەزامەندی بوون و کەلێنێکی بەتاڵیان لە کتێبخانەی کوردی پڕ کردووەتەوە.

کتێبی *'لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ...'* ٤٤٢ لاپەڕەی مام ناونجییە کە نزیکەی ٨٠ لاپەڕەیێک لە سەرجەمی کتێبەکە بۆ بەڵگە و دیکۆمێنت تەرخان کراوە و هەروەها نەخشە (خەریتە) یێکی جۆغرافیایی و وێنەیێکیشی تێدا هێنراوەتەوە کە ئەگەر نەشبووبا، چی وای لە نرخی کتێبەکە کەم نەدەکردەوە. هەروەک نووسەر، لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئیشارەی پێکردووە ئەو کتێبە ئاڵقەی یەکەمی زنجیرەیێکی پێنج ئاڵقەییە، کە چیرۆکەکانی دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٧٥–١٩٩٦ی کوردستانی عێراق دەگێڕێتەوە و هیوادارم خۆی گوتەنی، خوای گەورە دەست بە عومر و باڵیەوە بگرێ و، بە ڕێنووسێکی جوان و یەکدەست و یەکگرتوو، بەشەکانی دیکەش یەک لە دوای یەک بڵاو بکاتەوە و کتێبخانەی کوردی پێ برازێتەوە. جێی خۆیەتی ئەوەش بگوترێ کە لەبەرچاو نەگرتنی ڕێنووسێکی یەکدەست و هەروەها بێپێزیی چڕیشی کتێبەکە و پەرپەڕ بوونی لاپەڕەکان لە کاتی هەڵدانەوەیان،– کە دیارە سووچی نووسەری تێدا نییە– دەکرێ لە تایپ و مونتاژی ئاڵقەکانی دیکەدا ئەو خاڵانە لەبەر چاو بگیرێن و کەموکووڕییەکان تێهەڵێندرێنەوە.

دیارە لێرەدا سەبارەت بە نێوەرۆک و شێوازی نووسینی *'لە کەناری دانوبەوە..'* ، جگە لە دەستنیشانکردنی چەند خاڵێکی گشتی، نە ئەو دەرفەتە هەیە کە کتێبەکە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە شیبکرێتەوە و، نە نووسەری ئەو دێڕانەش خۆی لە جەرگەی ڕووداوەکاندا بووە تا بەوردی پێیاندا بێتەوە و هەڵە و ناهەڵەکانی دەستنیشان بکا. بەڵام شایانی گوتنە کە ئەو کتێبە سەرەڕای کەموکووڕی لە

باری میتۆدۆلۆژی و کرۆنۆلۆژییەوە (کە خۆی سەرجەمی کتێبە بیرەوەرییەکانی کوردی دەگرێتەوە)، پڕە لە زانیاریی بەکەڵکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و لانیکەم دەرخەری گەلێک ڕاز و ڕەمز و نهێنییەکانی سەردەمێکی دیاریکراوە کە ئەگەر نەبێژرابان و نەنووسرابان لەوانە بوو، بووبانە گرێپووچکەی مێژوویی و بە کەس نەکرابانەوە.

شتێکی زۆر گرینگ کە هەق نییە پیاو چاوی لێ بپۆشێ، قەڵەمی بەبڕشت و زمانی پاراوی نووسەرە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بابەتەکان و باسەکان بە شێوەی پچڕپچڕ پێشکەش کراون (کە خۆی گوتەنی شێوەیێکی ئاماڵ ڕێپۆرتاژییە)، خوێنەرەوە لە هیچکام لە بەشەکاندا هەست بە وەڕەزیی ناکا و لەگەڵ خوێندنەوەی هەر بەشێک فرە زانیاریی باش و بەنرخ لە هەموو بوارەکاندا چ مێژوویی و سیاسی، چ کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەدەست دێنێ، بەتایبەت ناساندن و شیکردنەوەی گەلێک وشەی پەتی و واژەرۆک و زاراوەی جۆراوجۆری کوردەواری شایانی سەرنجن. بۆیە نووسینی کتێبێکی ئاوا بەتام و شیرین، هەم جێی ڕێزلێنانە و هەم جێی دەستخۆشانەیە.

هەروەک دەزانین لەو ساڵانەی دواییدا، لە نێو کۆڕوکۆمەڵی کوردەواریشدا، بیرەوەری وێژی و خاترەنووسیی گشتی*(مێمۆریس)*[1] کە بەشێکە لە فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەیی، شوێنێکی بەرچاوی بۆخۆی تەرخان کردووە و گەلێک لە کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکان دەستیان داوەتە قەڵەم و خاترە و بیرەوەریەکانی خۆیان، بەتایبەت لە بواری سیاسییەوە،نووسیوەتەوە و دیارە بەشێکیان لەوبارەوە خزمەتێکی بەرچاویان لەخۆیان نیشان داوە و بەشێکی زۆریشیان زەحمەت بەخەسار چوون. هەڵبەت ئەوەی لەوبارەوە جێی داخە لەبەرچاونەگرتنی شێوە و مێتۆدێکی تایبەتە بۆ نووسینی بیرەوەرییەکان بەگشتی کە ئەویش خۆی تا ڕادەیەک دەکەوێتە ژێر کارتێکەریی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی ژیانی سیاسیی نووسەرانی خاترەنووس. ئەوەی تا ئێستا لە خاترەنووسیی گشتی کوردیدا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە دیاردەی ڕۆژنامەوێژی/ڕۆژانەنووسی*(دیاری)*[2] و ڕووداونووسی*(کرۆنیکال)*[3] یە لەسەر ئەساسی کرۆنۆلۆژی *(کرۆنۆلۆژی)*[4] . شتێکی ئاشکرایە کە ئەو ڕووداوانەی کە لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن، ئەگەر وەک خۆیان نەنووسرێنەوە، لە دواڕۆژدا یان لەلایەن نووسەری بیرەوەرییەکان تووشی شوێنەونکەی زەینیی دەکرێن یان تۆزی فەرامۆشیان بەسەردادێ و بەمجۆرە بەشێکی زۆر لە ڕاستیەکان کوێر دەبنەوە.

هەرچەند هیچکام لە جۆرەکانی خاترەنووسیی گشتی، شکڵێکی قانوونی و چوارچێوەیێکی لۆژیکی و فۆرمێکی ئەدەبی بەخۆوە ناگرن، بەڵام بەگوێرەی نێوەرۆک و بابەتی تەواوی ئەو بیرەوەرییانەی تا ئێستا نووسراون، دەکرێ بە چەند لقی جۆراوجۆر وەک: ڕۆژنامەوێژی/ڕۆژانەنووسی*(دیاری)*، ڕووداونووسی*(کرۆنیکال)*، خاترەنووسیی *(مێمۆریس)* و ژياننامەنووسیی *(ئاوتۆبیۆگرافی)*[5] ئاماژە بکرێ. ئێمە لێرەدا لە شیکردنەوەی هەرکام لەو بەشانە خۆ دەبوێرین و تەنیا ئەوەندە دەڵێین بۆ ئەوەی نێوەرۆک و کاکڵی ئەو بیرەوەرییانەی دەنووسرێن ببێتە پێوانەیێکی باوەڕپێکراو بۆ کاری مێژووناسی، نووسەرانی خاترەنووس پێویستە ئەو دابەشکردنەی سەرەوە لەبەرچاو بگرن، دەنا کارەکەیان لە ڕادەی خاترەنووسیی ئاسایی کە زیاتر پەنا بۆ زانیارییەکانی زەینی دەبردرێ، دەمێنێتەوە و کەڵکێکی وای بۆ بەرەی دواڕۆژ نابێ. بۆیە زۆربەی ئەوانەی بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە، یان بە چاوی ئەوڕۆ

سەیری دۆینێی ڕووداوەکانیان کردووە یان تووشی شوێنەونکەی زەینیی بوون و ئامانجەکانیان نەپێکاوە. ڕاستە کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دیاردەی خاترەنووسیی، تێپەڕبوونی زەمان و مەودای ڕووداوەکانە، بەڵام ئەگەر ئەو دیاردەیە بە هۆی بەڵگە و لەسەر بنەمای ڕۆژانەنووسیی و ڕووداونووسییەوە بکرێ، نەتەنیا کارێکی سەرکەوتوو دەبێ بەڵکوو دەچێتە نێو چوارچێوەی کارێکی زانستیشەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسەدا، ئەگەر کتێبەکەی کاک نەوشیروان بەو پێوانەیە هەڵسەنگێنین، ڕاستە لەگەڵ هیچکام لەو لقە سەربەخۆیانەی سەرەوە یەک ناگرێتەوە کە زیاتر ئاوێتەیەکە لە هەموو لقەکان، بەڵام بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو کتێبە بیرەوەرییانەی تا ئێستا نووسراون کتێبێکی بێوێنەیە. دیارە مەبەست لە یەکنەگرتنەوەی کتێبەکە لەگەڵ ئەو دابەشکردنەی سەرەوە تەنیا لەباری نێوەرۆک و شێوازەوەیە کە بە تێکڕایی چەند دیاردەی وەک: چاو، ڕووداو، زەین و گێڕانەوە دەور دەبینن. یانی ئەگەر لە خاترەنووسیدا چاو و بینین بەسەر گوێ و بیستندا زاڵ بێ، یان لایەنی کرۆنۆلۆژی ڕووداوەکان بەهێزتر بێ، ئەوا کارەکە سەرکەوتووتر دەبێ. هەرچەند *'لە کەناری دانوبەوە...'* لە زۆر شوێن دیاردەی گوێ و بیستن دەور دەبینێ، بەڵام نووسەر زمانی گێڕانەوەی بەتایبەت لەباری سەداقەت و ئەمانەتەوە ئەوەندە کاربڕە کە خوێنەرەوە کەمتر تووشی گومان و دڕدۆنگی دەکا.

خاڵێکی دیکەی گرینگ ئەوەیە کە کاک نەوشیروان لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: *"ڕوداوەکانم لە ڕوانگەی خۆمەوە بە شێوەی 'ریپۆرتاجی رۆژنامەوان' نوسیوەتەوە"* ، لە حاڵێکدا بەشێکی زۆر لە نێوەرۆکی کتێبەکە، سەیر و تێڕوانینەوەی دوێنێی ڕووداوەکانە بە چاوی ئەوڕۆ.پێویستە ئەوەش بگوترێ کە واژەرۆکی *'رێپۆرتاجی رۆژنامەوان'* هەڵەیە و دەبوو *'رێپۆرتاجی رۆژنامەوانیی'* ، یان *'رێپۆرتاجی رۆژنامەیی'* بەکار هێنابا. لە باری شێوەی کاریشەوە، هەر وەک ئاشکرایە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی *'رێپۆرتاژی رۆژنامەیی'* ئەوەیە کە واقیعی ڕووداوەکان وەک خۆیان بنووسرێنەوە و نووسەر یان ڕێپۆرتێر بە مەیل و ویستی خۆی واقیعی ڕووداوەکان نەگۆڕێ، ئەگەرچی ڕێپۆرتێر یان ڕۆژنامەوان بۆی هەیە دوای هێنانەوە و دەستنیشانکردنی فاکت و بەڵگەی پێوەندیدار، بیروبۆچوون و لێکدانەوە و شیکردنەوەی خۆی هەبێ. هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە بڵێین کە کاک نەوشیروان بە مەیلی خۆی ڕووداوەکانی گۆڕیوە و پاشان بۆ ئامانجێکی تایبەت نەتیجەی لێوەرگرتوون، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە کتێبەکە بەپێچەوانەی قسەی خۆی، ناچێتە نێو چوارچێوەی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەگەرییەوە و بەتایبەت لە کاتی نووسینی کەتێبەکەشدا ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەی کە لەوبارەوە بوویەتی، لەلای نەبوون. بەکورتی، ئەگەر لە هێندێک لایەنی شوێنەونکەی مەڕامیی (کە زۆربەی خاترەنووسەکان تووشی دەبن)، یان لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان بە پێوانە و بیروبۆچوونی ئەوڕۆیی نووسەر، چاو بپۆشین کتێبەکە بەتێکڕایی بە چاوێکی ورد و قەڵەمێکی سەرنجدەرانە نووسراوە و سەرەڕای ڕوونکردنەوەی گەلێک پێچوخەمی مێژوویی و سیاسی، زۆر بابەتی بەکەڵک و زانیاریی بەنرخی وەک: دیاردەی جۆغرافیایی، ئاژەڵداری(گا)، ڕاوەکەو، دابونەریتی مەڕداری، ژنبەژنە و ... تێدا تۆمار کراوە.

ئەوەی زیاتر سەرنجی خوێنەرەوە ڕادەکێشێ ئەوەیە کە کاک نەوشیروان، بەپێچەوانەی زۆربەی خاترەنووسەکان کەمتر خۆی وەک *'قارەمانی دێوقران'* نیشان داوە و ئەوەیکە لە پێشەکی کتێبەکەتدا

بویرانە ڕایگەیاندووە کە *"بێگومان من لە نووسینەکەم دا ناتوانم بێلایەن بم، چونکە خۆم لە کێشەکاندا لایەن بوم، بۆیە لە باتی ئەوەی خوێنەر ڕەخنەی بێلایەن نەبونم لێ بگرێ، باشترە داوا لە کەسانی پەیوەندیدار بکا ئەوانیش بیرەوەرییەکانی خۆیان لە باری سەرنجی خۆیانەوە بنوسنەوە"* ، ئەوەش خۆی هەڵوێستێکی بەجێیە و داواییێکی ئەوتۆ، دەتوانێ بەشێکی زۆر لە نهێنییەکانی ئەو سەردەمە ئاڵۆزە بۆ بەرەی داهاتوو ڕوون بکاتەوە.

لە کۆتاییدا وێڕای ئاواتەخوازی تەمەندرێژی و سەرکەوتوویی زیاتر بۆ نووسەری ڕێزدار کاک نەوشیروان، پێویستە ئەو خاڵە گرینگەشی وەبیر بخرێتەوە کە ئەو کەلوپەلانەی تێکەڵاوی *'ئارشیفە دەولەمەندەکەی مامجەلال'ی* کردووە (وا بزانم هەر دەبێ لە کوردستان بن) تا زووە بۆلای خۆیانی ڕابگوێزێتەوە. چونکە لەو بێنەوبەرە و بگرو هەڵلایەی کوردستاندا (کە ڕەحم بە منداڵی سەر لانکێ و ژنی زگپڕ ناکرێ) کێ دەزانێ چیان بەسەر دێ و چۆن سەریان تێدا دەچێ؟

*پەراوێزەکان:*

1–memoirs

2–diary

3–chronicle

4–chronology

5–autobiography

———————————————————————————

***ئەو نووسراوەیە لە گۆڤاری 'گزینگ، ژ ١٦، هاوینی ١٩٩٧، لاپەڕەکانی ٦٦ و٦٧ دا چاپکراوە.***

# کتێب بەسەر کردنەوە*



کۆمەڵە شاخێ بەرز و گەردەنکەش. نووسینی: کەریم دانشیار

کتێبی: "کۆمەڵە شاخێ بەرز و ..." ( قەوارەی مام ناوەندی، ١٨٦ لاپەڕە)
نووسینی "کوردان" لە لایەن "کتێبفرۆشی هەرزان"
(Kitab Arzan) ،بە چاپ گەیوە و ئامادەی فرۆشە.
من بۆخۆم ئەو ڕۆژانە کتێبەکەم پێگەیشت. درۆ نەبێ یەکەم جار نا، بەڵام دوو ڕۆژ دواتر، کتێبە شینم هەڵگرت. وردەوردە پێیدا هاتم و لێی ڕاهاتم و لەگەڵ "فەخرە" هاتم... جارناجاریش سیغارێک و چایەک... زۆر زوو "فەخرە"م کەوتە بەر دڵی. ئەوەیکە ئاوا پیاوانە لە چنگ ژاندەرمان دەرباز دەبێ، سەرەڕای ئەو کارەساتەی کە بە سەری دێ، زۆری خۆشحاڵ کردم، لەویش خۆشتر ئەوە بوو کە فەخرە توانی لە هەزاران خانی ڕۆستەم تێپەڕێ و خۆی بگەیێنێتە ئوڕووپایە...
لێرە بەو لاوە دەتگووت دەمێکە فەخرەی دەناسم، ئاگام لە تەواوی حەرەکات و سەکەناتی بوو، گوێقوڵاغ بووم بزانم چ دەکا. شێوەی کارکردن و ئاکاری، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری، وەک هەموو پەنابەرێک ئاسایی دەهاتە بەرچاو... ئەوەیکە جار جار قسەیێکی دەپەڕاند، وەسەر خۆم نەدەهێنا و تێدەپەڕیم... تا وەکوو لەگەڵ "برینۆ" دەبێتە ڕەفیق و چاوی بە کەچە تفەنگەکەی دەکەوێ، ئیتر لێرە بەولاوە زانیم فەخرە شتێکی بە دمەوەیە. "تۆ بڵێی خوایە موعجیزەیێک ڕوو بدا و فەخرە لە کەری شەیتانی بێتەوە خوارێ"...هەر بریا ئەو "برینۆ"یەت نەدیبایە، تۆ چۆن پیاوێکی؟! کورە ئەڵکۆلییەکی بێسەرو شوێن نەجات دەدەی و ... کە چی دڵت بێ "هەنار"ی شۆخ و شەنگ، تەنیا یادگاری "سۆیبە"ی خۆشەویستت... زۆر جار دەتگوت لە پەنامە و دەمەوێ دەستی بگرم، بڵێم کورە فەخرە ئەمن کردم ئەتۆ نەیکەی... ئای فەخرە، ئێستاش هەر وڕوکاسم تۆ بۆ وات کرد...
دیارە لێرەدا نەمویستوە وەک ڕەخنەگرێک– کە نە ئەو شارەزاییە دەخۆمدا شک دەبەم و نە ئەو وردبینییە– کتێبی "کۆمەڵە شاخێ بەرز و ..." هەڵسەنگێنم. بەڵکوو تەنیا ویستوومە، گرینگی بابەت و چۆنیەتی کارتێکەری و هەروەها هێز و توانای قەڵەمی نووسەر، کاک کوردان دەستنیشان بکەم و بڵێم ئەگەر نەتانخوێندۆتەوە بیخوێننەوە. ماڵم هەقە وات لێدەکا حاڵی بە حاڵی بی... بۆیە ئەگەر دەستم وێڕاگەیشتبایە، چەپکە گوڵێکی کوێستانی چلچەمەم بە دیاری دەدایە، بەڵام چ بکەم جگە لە پیرۆزبایی لێیان و ئاواتی سەرکەوتن بۆیان، هیچم لەدەست نایە. ***"هێرش"***

---

** لە گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١، پاییزی ١٩٩٣، لاپەڕەی ٥٤ دا چاپکراوە.*
***تێبینی: وێنەکە لە گووگڵ گواستراوەتەوە.*

## ڕانانی کتێب




# چەند سەرنجی دۆستانە سەبارەت بە "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و ..."

### س. چ. هێرش

لەم دواییانەدا کتێبی: "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢–٤٧ (١٩٦٣–١٩٦٨)ی حیزبی دێموکراتی کوردستان" (سوید ٢٠٠٣)، لە نووسینی بەڕێز کاک "محەمەدی خزری"یەوە، چاپ و بڵاوکرایەوە و بەمجۆرە کۆمەڵێک زانیاری دیکە و هەروەها هێندێک لایەنی ناڕوونی رووداوە جۆراوجۆرەکانی ئەو قۆناخە دەخرێتە ڕوو، کە لێرەدا جێی خۆیەتی دەستخۆشانەیەکی شیاوی ڕێز ئاراستەی نووسەر بکرێ.

ئەگەرچی نووسەر لە بەرایی کتێبەکەدا، وێڕای سەداقەت و تەوازوعێکی زۆر، ڕایگەیاندووە کە کتێبەکەی " جیا لە بواری تەکنیکی، هەڵەی ئەدەبی و وشەی نارەسەنی کوردی و ناپاراوی ڕستە و جوملەی زۆر تێدایە!..." (لاپەرەی د)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەستنیشانکردنی چەند خاڵی گرینگ لەو بارەیەوە پێویستە.

– دەوەدا شک نییە وەزعیەتی فیزیکی نووسەر، هەروەک خۆی لە لاپەڕەی (و) دا باسی دەکا، شیاوی لەبەرچاوگرتنە، بەڵام لەسەر ئەو حاڵەشڕا، هەق نەبوو کتێبێکی ئاوا باش و بەکەڵک، پڕ بێ لە هەڵەی ئیملایی[1] (ڕێنووسی) و واتایی[2] ، کە خوێنەرەوە تووشی چەرمەسەریی خوێندنەوە بکا.

– عینوان (سەردێڕ) و سەرباسەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دابەش نەکراون و، کتێبەکە پێڕستی بۆ دانەندراوە کە ئەگەر کەسێک بیهەوێ لەسەر بابەتێک زانیاریی پێویست بەدەست بهێنێ، بە وەرەقهەڵدانەوەی پەیتا پەیتا، شل وکوت دەبێ.

–دەبوایە عینوانی ڕووبەرگ و پاشبەرگ وەک یەک بووبان: 'جوڵانەوە" و "جۆڵانەوە"، ، "محمد خضری" و محەمەدی خزری.. هەروەها دەبوایە لاپەڕەبەندیی کتێبەکەش، شێوازێکی تایبەتی بۆ لەبەر چاو گیرابایە. بەشێک ژمارەی کوردی/عەرەبی بۆ داندراوە، بەشێک ژمارەی لاتین و بەشێکیش (نامە و نەزەری دۆستان) بێ لاپەڕە و ژمارەن.

– چەند وێنەی مێژوویی لە ئاخری کتێبەکەدا چاپ کراون کە ئەگەر کەسێک خاوەنی وێنەکان نەناسێ، بەو ناساندنەی کە نووسەر ئەنجامی داوە، خوێنەرەوە تووشی هەڵە دەبێ.(بڕوانە: ل ٣٥و٣٦).

– لە شێوەی خستنەڕووی بابەت و ڕووداوەکاندا و بەتایبەت لە بواری کرۆنۆلۆژیەوە(ڕۆژەو و یەک بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان)، نووسەر تووشی چەشنێک ئاڵۆزی و دووپاتبوونەوە بووە.

-خاڵێکی زۆرباش و درەوشاوە ئەوەیە کە نووسەر، بەپێچەوانەی بەشێکی زۆر لە بیرەوەرینووسانی کورد، کەمتر تووشی منمنکردن و خۆڕانان و بەخۆداهەڵگوتن و چی و چی.. هاتووە و هەروەها بە چاوێکی پرسیار و رەخنەگرانە ڕوانیویەتە ڕێکخراوە و ڕووداو و کەسایەتیەکان، کە لایەنی لامەلامە و بەرایی‌کردنی نەتەنیا پێوە دیار نییە، بەڵکە لە زۆر شوێندا، چەشنە تووڕەییەکی داخ‌لەدڵانەی مێژوویشی لەخۆی نیشانداوە. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەی(لاپەڕەی ز)دا دەڵێ: "هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ! لە سەر بوارە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای خۆمان، بۆ و بۆچی‌م، ئەوەندە زۆرن کە توانای ڕیزکردن و نووسینیانم نییە".

یەکێک لەو پرسیارانە کە لایەنی تراژێدی هەیە و بەداخەوە ئێستاش هەر بەردەوامە، ڕەشەکوژی و یەکترکوژی و بۆ یەکترتێچاندن و یەکترخیچاندنی خۆبەخۆی تێکۆشەران و سیاسەتوانانی کوردە لە ناو پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا. دیارە پلان و پیلانی بەشێکی زۆری ئەو گێرەشێوێنی و ئاڵۆزییەش، بە هاندان و دنەدانی ئەو دەوڵەتانەوە بەڕێوەبراون و دەبرێن کە پێوەندییان بە کێشەی کوردەوە هەبووە و هەیە، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە خەتا و سووچ و تاوانی سەرەکی، هەر خۆمان بووین کە نەمانتوانیوە خۆ لەو تەلیسمە دەرباز بکەین.

ئەوەی لێرەدا، سەبارەت بە ناوەرۆکی کتێبەکە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ، ئەوەیە کە ئەو بابەت و ڕووداوانەی کە نووسەر شاهیدیان بووە، بە بەراورد کردن لەگەڵ ئەو بابەت و ڕووداوانەی کە تا ئێستا لەمەڕ ئەو قۆناخەدا نووسراون و خراونەتە ڕوو، بێجگە لە چەند بابەتێک کە دواتر ئاماژەی پێدەکرێ، جیاوازییەکی زۆر زەق بەرچاو ناکەوێ، نووسەر بە سەداقەت و دەستپاکییەوە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە، دەمهەوێ لە پێشدا باسی ڕازو مەتەڵی هەڵنەهاتووی چارەنووسی سەدیقی ئەنجیری ئازەر بکەم کە نووسەر لە کتێبەکەیدا زۆر بە پەرۆشی باسی لێوە کردووە و "بەڵام، بەداخەوە لەسەر ڕووداوی شەهیدکردنی کاک سەدیق شتێکی تازەی نیشان نەداوە".(نامەی مامۆستا عومەری عەسری). بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست، لەپێشدا با ئاوڕێک لەو کتێب و سەرچاوانە بدەینەوە کە باسی "سەدیقی ئەنجیری ئازەر"یان کردووە و، پاشان بچینە سەر بابەتەکانی دیکە.

غەنی بلووریان لە *ئاڵەکۆک* دا دەنووسێ:

"لە کوردەکانی دانیشتووی تارانیش جیا لە قاسملو، "سارمەدینی سادق وەزیری" قازی دادگا و "سەدیقی هەنجیری ئازەر" کارمەندی باڵای ئیدارەی فەرهەنگ هاریکاریان دەکردین. سەدیق لە ساڵی ١٣٣٣-١٩٥٤ لە نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یارمەتی دەدان".(ل ١١٤)
"قاسملو و عەزیز لە تەورێز بوون، منیش ماڵێکم لە گەڕەکی "بارانئاوا" بەکرێ گرت.. دوای چوونی من بۆ تەورێز، "سەدیقی هەنجیری ئازەر"یش لە تارانەوە هات بۆ تەورێز.

ئێمە ئەو چوار کەسە کۆبووینەوە و لە سەر دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان بڕیارمان دا،.. ئێمە لە سەرەتای ١٣٣٣-١٩٥٤ یەکەم ژمارەی کوردستانمان دەرخست. سەدیقی هەنجیری و عەزیزی یوسفی بە زمانی فارسی وتاریان بۆ کوردستان دەنووسی و..".(ل ١٥٢)

"...سەدیقی هەنجیری و قاسملو و باقی تودەییەکانیتر ڕۆژانە لەو کافەیە یەکتریان دەبینی".(ل ١٥٤)

"سولەیمانی موعینی، هاشم ئەقەلوتتوللاب، حەمەدەمینی راتبی، عەبدوللای ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق) و ئەسعەد خودایاری هاتن بۆ تاران. رەحمانی قاسملو و سەدیقی هەنجیریش بەشداری ئەو کۆبوونەوەیان کرد. سەدیقی هەنجیری لە حیزبی تودە بڕابوو و، زۆر بە جیدی هاریکاری ئێمەی دەکرد..".[٣] (ل ١٥٥)

لە کتێبی چپ *در ایران به روایت اسناد ساواک* دا هاتووە:

"تاریخ: ٣/٥/٣|٥٨|ز| ...

...ئەنجیری ئازەر کە بەپێی فەرمایشتی تیمساری جێنشینی دووهەمی ساواک لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە لە تارانە و ئیمکانی هەیە لەگەڵ عەبدولرەحمانی قاسملوو و دوکتور شیرازی پێوەندی هەبووبێ".(ل ١٨و١٩)

"تاریخ: ٤٣/٩/٢٨/|٦٤|ز|، بابەت، کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ...کەسانێک کە لە کۆنگرەدا بەشدارییان کردووە و خاوەنی ناسناو بوون و راسپاردە(مەئموور) ئەوانی پێشتر ناسیوە بریتین لە: ١-سەدیقی ئەنجیری ئازەر* ٢-ئەحمەد تۆفیق٣-سولەیمانی موعینی٤-عەبدوڵلای موعینی٥-مونتەقیمی قازی٦-ئەمیری قازی٧-عەبدوڵلا مەلا عوسمان، خەڵکی بادیناوێی لاجان کە ساڵێک پێش هەڵاتۆتە عێراق٨-سەید حاجی دانیشتووی گوندی جەڕانی ئیران کە لە ساڵی ٣٨ هەڵاتووە٩- مراد رەسوڵ لەیلان شوغل دارتاش دانیشتووی شاری پیرانشار کە یەکساڵ پێش هەڵاتۆتە عێراق". مەئموور(راسپاردە) دوای شەش رۆژ مانەوە لە گوندی سونێ داوا لە ئەحمەد تۆفیق دەکا بگەڕێتەوە...".(ل٢٥٣)

* "سەدیقی ئەنجیری ئازەر کوڕی محەمەد ڕەسوول ئامۆژیار(مامۆستا)ی پێشووی پەروەردە و بارهێنان لە ساڵی ١٣٢٥ دەچێتە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە نەفعی پێشەوا قازی محەمەد تەبلیغاتی ئاشکرای دەبێ و دواتر تەبلیغی ناو خوێندکارانی پێڕاسپێردراوە. نێوبراو لە ساڵی ٢٨ بە رەسمی ئەندامەتی حیزبی هەڵوەشاوەی تودەی قەبوڵ کرد. وە لە ڕێکەوتی ٣٤/٧/٢ بە تاوانی چالاکیی خراپکاری و ئەندامەتی لە دەستە و کۆمەڵەیەکی خاوەن مەڕام و مەسلەکی کۆمۆنیستی لەژێر چاودێریدا بووە و ددانی بە ئەندامەتی خۆی لە حیزبی تودەدا هێناوە و بە ڕێگەی کەفیل(زەمانەت)ەوە لەلایەن دادستێنی ئەرتەشەوە ئازاد کراوە. دوای ئازادبوون و تەکمیلکردنی دەفتەرچەی بیۆگرافی حیزبی بە هۆی دردۆنگییەکی توندوتیژ ماوەیەک ئاکار و کردەوەی وی کەوتەوە ژێر چاودێری کە پێوەندی سەرلەنوێی وی ڕووندەکردەوە. نێوبراو لەنێوان ساڵانی ٣٦ و ٣٨ لە داڕشتنەوەی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەپێی فەرمانی حیزبی تودە نەخشی هەبوو و لە ساڵی ٤٣دا بە ویستی خۆی لەکار واز دێنێ و پاشان دەچێتە عێراق. لە ماوەی مانەوەی لە [کوردستانی] عێراق بە بۆنەی چالاکییەکانی حیزبی و پێشینەی لەمێژینە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵدەبژێردرێ و لە باری مەعنەوی و تیۆرییەوە دەستەڵاتی ڕێبەرایەتی حیزب بەدەستەوە دەگرێ و لە کۆتاییدا بە هۆی دارودەستەی ئەحمەد تۆفیق (گەڕێنەری سەرەکی حدکا) دەکوژرێ". (اسناد ساواک، پروندەهای

انفرادی...ل٢٥٣) "بۆ: ریاسەتی ساواکی ئوستانی ٤ی ورمێ، لە: ساواکی مهاباد، تاریخ، ٤٤/٧/٢٦، ژمارە؛ ٧٨٩٩ بوارەکانی مەبەست لە سەرچاوە دەستکەوت و بە شەرحی خوارەوە پێشکەش دەکرێ.

١-ئەحمەد تۆفیق ئێستاکێ دەگەڵ ١٦ کەس پێشمەرگە لە کاولۆکی نزیک ڕەواندز لە جیبهەیە، بە رەسمی لە حیزب وازی هێناوە بەڵام لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی قەبوڵ نەکراوە.

٢- ئەحمەد تۆفیق لە کاولۆک دەگەڵ پێشمەرگەکان لە جیبهەیە و سولەیمانی موعینی لە سونێ دەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی پێوەندی هەیە.

٣- بەرپرسی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێستا سەدیقی ئەنجیری ئازەر و کۆمیتەی ناوەندیە.

٤- ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بریتین لە: سەدیقی ئەنجیری ئازەر، ئەحمەد تۆفیق، سولەیمانی موعینی، ئەمیری قازی، مەلا سەید رەشید، مەلا رەحیم مینجەلان و عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (شاعیری میللی کورد)، بەرپرسەکانی وان بە شێوەی هەڵواردە ڕوون نییە. ...

... ١٣- لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە سەرماوەزی ١٣٤٢ [١٣٤٣ دروستە: هێرش] لە سونێی عێراق[کوردستان] پێکهات ئەساسنامەیەکیان بۆ حیزب گەڵاڵە کردووە سەرچاوە [ی هەواڵ] نوسخەیەکی لە سەدیقی ئەنجیری ئازەر کە ٦٤ لاپەڕەیە وەرگرتووە و بە ساواکی تەحویل داوە...

١٤- شوێنی چاپی ئیعلامییە و بەیانییە لە سونێیە بنووسی بەیانییەکان تا ماوەیەک پێش ئەحمەد تۆفیق بووە بەڵام ئێستا سەدیقی ئەنجیری ئازەرە، بەرپرسی چاپ عەوڵای موعینیە".(ل٦،٣ و٧،٣)

"-ژمارە ١١٣٦/٤٤هـ ڕێکەوت: ٤٤/٧/٢٨

بابەت: چوونی باپیری بۆ عێراق

محەمەدی باپیری لە ڕێکەوتی ٤٤/٧/٢٤ بە ڕێگەی خانێ [پیرانشار] چۆتە عێراق و دوای گەیشتنی بە دەربەندی عێراق دەگەڵ سەدیقی ئەنجیری ئازەر و یۆنس مولاقات[ی کردووە] و لە نێوبراوان شوێنی دانیشتنی حەسەنی ڕەستگار دەپرسێ، سەدیق دەڵێ چونکە مەلا مستەفا فەرمانی داوە تەواوی هەڵاتوە ئێرانییەکان و هەروەها کەسانی حیزبی لە گوندی سونێ نیشتەجێ بن لەم ڕووەوە حەسەنی ڕەستگار و ڕەسولی پێشنماز و مراد حاسڵ چەند ڕۆژ پێش بەرەو سونێ ڕۆیشتوون، باپیری هۆیەکەی لە سەدیق دەپرسێ و لەوەڵام دا دەڵێ چوار ڕۆژ پێش ئێستا جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە بە کەسانی حیزبی پارتی فەرمانیان دابوو دەبوایە حەتمەن ئەحمەد تۆفیق بکوژن و کەسانی حیزبی پارتی گوتوویانە بێتو قەرار بێ ئەحمەد تۆفیق لە عێراق بمێنێتەوە ئێمە ناتوانین کارێک ئەنجام بدەین بەڵام مەلا مستەفا گوتوویە کەس مافی نییە ئازارێک بە ئەحمەد تۆفیق بگەیەنێ چون ئەو کەسە ٢٢ ساڵە بۆ کوردان زەحمەت دەکێشێ و بۆ بەرگری لە خوێنڕێژی مەلا مستەفا فەرمانی داوە هەموو هەڵاتوەکان لە سونێ نیشتەجێ بکرێن". (ل٩،٣)

"... سەدیقی ئەنجیری و ئەحمەد تۆفیق لەو کەسانەن کە دەگەڵ ئەندامان و کۆمیتەی ناوەندی دژن و هەستی ناسیۆنالیستی دە نیهادی ئەو دوانەدا هەیە و هەروا بەشێک لە کوردەکان و ئەندامانی حیزبی هەڵوەشاوەی تودە سەدیقی ئەنجیری بە گرێدراو و ناردراوی ساواک دەزانن". (ل٣١٧)

"-ڕێکەوت: ٤٤/١١/١٢، ژمارە: ٤/١٥٦٩٩هـ

بابەت: ئەحمەد تۆفیق

لە ڕێکەوتی ٤٤/١٠/٢٩ ئەحمەد تۆفیق نامەیەکی بۆ حەسەن سەکر و حوسێنی شەریفزادە ناردووە و دوای چاک و چۆنیی ڕایگەیاندووە کە ماوەیەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی داوایان لێ کردووە کە دانیشتنێک بۆ چارەسەریی کێشەکان پێکبێ بەڵام نێوبراو ملی نەداوە تا ئەوەی کە دوو کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەچنە لای وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی لە تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە نێوبراو عوزرخوازی و داوای لێبوردن و پێشنیاری پێکهاتنی دانیشتن دەکەن نێوبراو قەبوڵی دەکا بەڵام سەدیقی ئەنجیری ئازەر بە توندی دەگەڵ پێکهاتنی دانیشتن دژایەتی دەکا دوو کەسی تاین گلەیی و سکاڵای خۆیان لە کاروکردەوەی سولەیمانی موعینی و سەدیقی ئەنجیری ئازەر و حەسەنی ڕەستگار دەردەبڕن، ئەحمەد تۆفیق دە نامەکەیدا ڕایگەیاندبوو جارێ وەزع ئاوایە و جەختی کردبوو لەوەپاش ئەو بابەتە بەتەواوی نهێنییە و کەس نابێ زانیاریەک بە دەست بهێنێ و هەروا دەگەڵ نامەی تاین دوو بەرگی کارتی پیرۆزبایی جێژنی ڕەمەزان بۆ سوارە سەکر و حوسێنی شەریفزادە ناردبوو، نێوبراوی سەرەوە بەشێوەیەک کارتی حوسێنی شەریفزادە کە لە عێراق ناسناوی هەورامییە بەدەست دێنێ و بەو ڕێکخراوەی تەحویل دەدا چونکە بە شەریفزادەی گوتبوو کارتەکەی سووتاندووە ئەوا عەینی ئەو بە پەیوەست پێشکەش دەکرێ.

نەزەری ڕاپۆرتدەر: دوو کەسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە چوونە لای ئەحمەد تۆفیق لەوانەیە نحۆی شکاک و مەلاسەید ڕەشید بووبن.

نەزەری ڕێبەری عەمەلیات: چون لەوانەیە ئەحمەد تۆفیق بارودۆخی حیزبی خۆی لەدەست بدا هەربۆیە پێی خۆشە ناکۆکییەکانی دەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی چارەسەر بکا". (ل ٣٣٦و ٣٣٧)

"-بە: ٣١٤، لە ٤هـ، ڕێکەوت: ٤٥/١/٨، ژمارە: ٢١٢

بابەت: هۆی ناکۆکی سەدیقی ئەنجیری ئازەر و ئەحمەد تۆفیق و پێکهاتنی سێهەمین کۆنگرە لە عێراق

مەلا محەمەدی خزری[٤] ڕادەگەیەنێ لە دووهەمین کۆنگرە کە ساڵی ڕابردوو لە عێراق پێکهاتبوو ئەحمەد تۆفیق لە دوکتۆر مەولەوی پاشملە لایەنگیری کردووە کە سەبارەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕابردوودا فیداکاری نواندووە، سەدیقی ئەنجیری ئازەر دەگەڵ بیروڕای ئەحمەد تۆفیق ناکۆک و دەڵێ دەبێ سەبارەت بە خزمەتەکانی غەنی بلوریان و عەزیزی یۆسفی کە لە حاڵی حازردا زیندانن ڕێز بگیرێ و ئەگەر بێتوو نێوبراوان بۆ درێژخایەن لە زینداندا بمێننەوە جێگەی ئەوان لە حیزبدا ئەشێ پارێزراو بێ، عەلی مەولەوی خزمەتێکی بە حیزب نەکردووە و لەلایەکی دیکەوە ئەحمەد تۆفیق بووەتە هۆی قەتڵی

ئەسعەدی خودایاری و دەبێ لە دادگادا موحاکەمە بکرێ ئەو کارە دەبێتە هۆی ناکۆکیی نێوبراوان و بەو مەبەستە سێهەمین کۆنگرە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٤٥ بە بەشداربوونی تەواوی کەسانی کۆمیتەی ناوەندی پێکبێ تا بەرپرسانی کۆمیتەی ناوەندی دیاری بکرێن و بە چالاکیی حیزبی خۆیان درێژە بدەن.

تێبینی– نەزەری ڕاپۆرتدەر: ڕێکەوتی پێکهاتنی سێهەمین کۆنگرە هێشتا دیاری نەکراوە. نەزەری ڕێبەری عەمەلیات: ناکۆکی نێوبراوان شیاوی سەلماندنە و مەبەست لە پێکهاتنی سێهەمین کۆنگرە بەتەواوی ڕوون نەکراوەتەوە. لە باری نهێنیکاری عەمەلیاتییەوە هەواڵی سەرەوە بە کاربەدەستانی موجاز[ڕاپەڕێنەر]ی دەرەوەی ساواک ڕانەگەیێندراوە.". (ل٣٥٣)

"– ٤٦/٤/٢٢

... ب– کۆنفرانسی دۆڵەڕەقە: کە لە ساڵی ١٣٤٥ بە مەبەستی سەروساماندان بە وەزعی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێی بانگهێشتی سولەیمانی موعینی لە دۆڵەڕەقە پێکهات لەو کۆبوونەوەیەدا سەدیقی ئەنجیری ئازەر بەهۆی بزربوون و مەلا سەید ڕەشید بەهۆی نەبوونی ئەحمەد تۆفیق لە کۆبوونەوە و ژمارەیەکی دیکە لە کادرەکان بەشدارنەبوون، لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەیەک بۆ تەدارەکی کۆنفرانس هەڵبژێردرا و بڕیار درا تا سێ مانگی دیکە کادرەکانی حیزبی بچنە ناوچەی کاری خۆیان و چالاکی بنوێنن بەڵام لە ڕاستیدا پێکهاتنی کۆنفرانسی دۆڵەڕەقە بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی قەتڵی سەدیق و کوژرانی نحۆ پاشایی بوو کە لە کۆتایی کۆبوونەوەدا نامەیەک بۆ مەلا مستەفای بارزانی نووسرابوو کە هەموو ئیمزایان کرد و ناوەرۆکەکە هەوڵی دۆزینەوەی سەدیقی ئەنجیری بوو بەڵام مەلا مستەفا وەڵامێکی نەداوە (نامەکە لەلایەن فایقەوە بە مەلا[مستەفا] درا)..."[٥] (ل٤١٤)

هەژار، لە چێشتی مجێوردا نووسیویە:

"کوردێکی سابڵاغی بە ناوی "سەدیق ئەنجیری" ماوەیەک بو لە تارانەوە هاتبوە (دەربەند) لە (باڵەکایەتی). هەوەڵ جار لە شاری قەڵادزەم دیت. دوایی لە دەربەند چەند جارێکم دەدیت. تاریفی خوێندەواری و زانیارییان دەکرد. پیاوێکی هێدی و هێمن و لەسەرەخۆ بو. لەو سەردەمانەدا کە ئەحمەد دوورخرابۆوە بۆ سنوری تورکیە و ئێمە لە (لێوژە) بوین، ڕۆژێک دەگەڵ سەعید ناوێک (کە بە چاوێک بو) بونە میوانی بنکەکەمان. پازدە ڕۆژ مانەوە. ڕۆژانە خۆی و سەعید دەچونە دەری دێ، بۆ جەمی نیوەڕۆ و شەو دەهاتنەوە و تەواو هۆگری سدیق ببوین. چەند جارێک لە مەکتەبی سیاسیەوە– کە زۆرمان لێ نزیک بو– خەبەریان داینێ کە ئێرانی ناوی ئەویان پرسیوە، با لەو نزیکە نەمێنێ. سامی و من حاشامان کرد و جوابمان نەدانەوە. ڕۆژێک دەبوایە دو ڕۆژنامەنوس و فیلمبەرداری ئەلمانی بێنە لامان لە لێوژە. کاک سامی بە سدیقی گوت: "ئەمڕۆ مەچنە ئەو سەکۆیەی ناو دارانە کە هەمو ڕۆژ لەوێ دادەنیشن، چونکە نازانین کێ دەگەڵ ئەو ئالمانیانە دێ، لەوانەیە جاسوسی ئێرانی ڕەگەڵیان کەوتبێ"، سدیق لەو قسە ناڕەحەت بو، گوتی: "دیارە دەتەوێ رامنەگری". ئیتر بێ خواحافیزی کردن دەگەڵ سەعیدە کوێر ڕۆیشتن.چوبونە جێگەی رادیۆ لە (گردێم)، ببونە میوانی "خالیداغای حیسامی". گوتبوی هێلکەم هەیە چۆنی دروست کەین؟ سدیق گوتبوی: دەچم لەو دەم چەمە پنگە دێنم، کوکی دروست دەکەین". ئیتر ئەو ڕۆینە بو نەهاتەوە و بێ سەروشوێن چو، کەس خەبەری نەزانی".[٦] (ل٤٩٠ و ٤٩١)

کەریم حیسامی لە *پێداچوونەوە* (بەرگی ۲)دا نووسیویە و دەڵێ:

"ئەحمەد تۆفیق کە بارزانی نەمر کردبووی بە حیزب و پشتی دەگرت، بە پشتیوانی چەکدارانی کوردستانی عێراق نەیارەکانی دەگرێ و دەکوژێ و ڕاویان دەنێ. دوای کۆنگرە سولەیمانی موعینی و سەدیقی ئەنجیری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دژی بۆچوون و هەڵوێستی ئەحمەد تۆفیق وەدەنگ دێن. سەدیقی ئەنجیری لەگەڵ برادەرێکی دیکە بۆ چاوپێکەوتنی سەرۆک بارزانی بەرەو بارەگای بارزانی دەکەونە ڕێ و لە (مامەڕووتە) میوانی خالیدئاغای حسامی دەبێ و هەر لەوێ بێسەر و شوێن دەچێ..."[٧] (ل ١٧٧)

یۆسفی ڕیزوانی[٨] یەکێک لە تێکۆشەرانی ئەو کاتە و ئەندامی حدکا نووسیویە:

"کاک سەدیقی ئەنجیری بە مەزڵوومی لە دایک بوو، بە مەزڵوومی بە هۆی سازمانی ئەمنیەتی شاهەنشاهی لە عێراق بە دەستی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی عێراق "زەکی کامل" خەڵکی ئاکرێ کە پێشمەرگەیەکی کاربەدەستی پ.د.ک بوو شەهید کرا و کوژرا. کاک سەدیقی ئەنجیری لەلایەن کاک هەژاری موکریانی دەعوەت و بانگ کرابوو کە وەک باس دەکەن حەسەن ئیسحاقیش دەستی لەو تاوانەدا هەبووە، بەڵام لە هەمووی سەیرتر بۆ دەبێ کاک هەژاری شاعیر و دڵسۆزی کوردا! بە خۆی ئیجازە بدات ئەو جینایەتە گەورەیە بشارێتەوە؟!!".[٩]

ئەحەدی ئەنجیری موتڵەق، نوێنەری پێشووی مهاباد لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ئێران و ئامۆزای سەدیقی ئەنجیری ئازەر، لە کتێبی داشامەجیددا (بە چاپکردنی وێنەیەک لە ناوبراو)، تەنیا ئەو تاکە ڕستەیەی لە ژێرەکەی نووسیوە و دەڵێ:

"ئامۆزلی [ئامۆزای] بەرێزم کاک صدیقی انجیری آزر، نووسەری چیرۆکی دایکی نیشتمان دە سالی ۲٤ [١٩٤٥] دا کە خۆشی تێیدا بەشدار بوو".[١٠]

درێژەی هەیە**

***

پەراوێزەکان

١– بۆ نموونە هەر لە لاپەڕەی ١، لە ١٩ دێڕدا ١٦ هەڵەی تێدایە؛ بانەڕی =بانەمەڕی، دێموکرات/دیموکرات= (یەکیان دەبێ بنووسرێ)، نووسیانە=نووسیویانە، دراوتە=دراوەتە، ئەوش=ئەوەش..هتد

٢– "شڕ و شەپیتە" (لاپەڕەی هـ) هەڵەیە، شڕوشالات، شڕوشیتاڵ، شڕوشیواڵ (هەنبانەبۆرینە) دروستە. "ناو ناتۆیەک" (ل١٣) و "نێو و ناتۆیەک" (ل ٩٩) هەڵەیە و، ناو ناتۆرە دروستە. "زممەیان دەهات" (ل ٢٧) هەڵەیە و جمەیان دەهات دروستە. "پەل و پا" (ل٢٩) هەڵەیە و پەلوپۆ دروستە. دیارە "کەریمی حیسامی"ش "پڵ و پا"ی بەکارهێناوە (لە بیرەوەریەکانم، بەرگی سێیەم، ل ٥١) کە ئەویش هەر هەڵەیە. "باشارم بەسترابوو" (ل ١٨٨) هەڵەیە و باشارکردن دروستە.. هتد.

٣– غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک (بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم)، ستۆکهۆڵم–١٩٩٧.

٤–زانیاریی ئەو بەڵگەنامەیە بەهۆی کەسێک کە هەم هاوڕێی مەلا محەمەد و هەمیش ڕاسپاردە و جاسوس بووە، بە ساواک دراوە:

*"...٩–محەمەدی خزری تەتەر و ڕابیتی نێوان مەئموور[ڕاسپاردە] و مەلا ئیبراهیمی ڕۆستەمی و سەید ئەحمەدی کوڕی عەبدولکەریمە و مەلا مستەفا تەتەری مهاباد و محاڵی شارویرانیـیە". (چپ در ایران...ل١٨١)*

٥– چپ در ایران به روایت اسناد ساواک، حزب دمکرات کردستان جلد اول، مرکز بررسی اسناد تاریخی، تهران. ١٣٧٨.

٦– هەژار، چێشتی مجێور، خانی شەرەفکەندی ئامادەی چاپی کردوە، چاپی یەکەم، پاریس–١٩٩٧.

٧–پێداچوونەوە ٢، بزووتنەوەی نیشتمانی کورد لە کوردستانی ئێران ١٩٤٧–١٩٧٨، کەریمی حسامی، ستۆکهۆڵم،١٩٩٧.

٨– " ئەم عەبدوڵلایە یوسفی ریزوانی سابلاغی بو، چەندم پێ سەیر بو کە لەم حیزبی دێموکراتی دواییەی ئێراندا ریزوانی هاتەوە و گورجێ کردیان بە سەرپەرستی هەمو مەڵبەندی هەوشار و قەرار وابو بیکەنە وەکیل لە مەجلیسی شورای ئیسلامی! دەبێ کام سێحری کردبێ کە وا لە بەر چاویان ببوە مەلایکەت؟! ئێستاش نازانم چکارەیە؟!..." (هەژار، چێشتی مجێور، ل ٤٥١، ٤٥٠ و ٤٥٢).

– کاک یۆسفی ڕیزوانی لە ساڵی ٢٠٠١ لە وڵاتی فینلاند بە هۆی نەخۆشی...؟ کۆچی دوایی کردووە و هەر لەو وڵاتەش بە خاک ئەسپێردراوە–هێرش.

٩– ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)، عەلی کەریمی، چاپی یەکەم، ١٩٩٩، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، گوتەنبێرگ،سوێد.(ل٣٩٤)

١٠– داشا مەجید، سڵاو لە سابڵاغ، نووسەر: ئەحەد ئەنجیری موتڵەق، بیستم اسفندماه هفتاد و یەک [١٩٩٣]، شوێنی چاپ..؟ (لاپەڕەی ١١٥).

***




***ئەم نووسراوەیە لە ئاخرین ژمارەی گۆڤاری گزینگ [ گزینگ–ژمارە ٣٩ و ٤٠، هاوین و پاییزی ٢٠٠٣] لاپەڕەی ١٠٤ تا ١٠٧ چاپکراوە. ڕوون نیە کە شادڕەوان س. چ. هێرش لە شوێنی دیکە درێژەی بە باسەکە دابێ!***

# سیمای ژێکافانەی زەبیحی لە ڕوانگەی مێژووەوە

هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە کتێبی: «ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)»

س. چ. هێرش

لەم دوواییانەدا کتێبی «**ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی** (مامۆستا عولەما)»، بە هەوڵ و هیممەتی بەڕێز عەلی کەریمی بڵاوکرایەوە و کەوتە بازاڕەوە. کتێبەکە، سەرجەم ٦٨٦ لاپەڕەی قەوارە وەزیری یە، کە بە شێوەیەکی زۆر جوان و ڕازاوە، لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی مێدیا زاگرۆس (Zagros Media)ەوە لە سوێد چاپ کراوە. کتێبەکە سەرجەم لەو بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە:

**پێشگوتن**

پێشەکی (د. ئەمیری حەسەنپوور)

دەسپێکی ژیان

نامەی دوکتۆر هاشم شیرازی

زەبیحی و کۆمەڵەی ژ.ک

کۆمەڵەی ژێکاف (مەلا قادر مودەڕەسی)

زەبیحی و نووسراوەکانی کۆمەڵەی ژ.ک

گۆڤاری نیشتمان

گیرانی زەبیحی و سەغیر بوونی کۆمەڵەی ژ.ک

**وتووێژ لە گەڵ بەڕێزان:**

ڕەعنا زەبیحی

عەبدوڵلا ئیسماعیل و شێخ لەتیف بەرزنجی

حەمەدەمین سیراجی

د. عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ

ئیبراهیم ئەحمەد

جەلال تاڵەبانی

هاتنەوەی زەبیحی بۆ مەهاباد

شێخ عێزەدین حوسێنی

**ەند وتووێژی نامەیی لە گەڵ بەڕێزان:**

سەلاح موهتەدی

عەبدوڵلای موهتەدی

یوسف ریزوانی

عەبدولڕەحمان زەبیحی و سەرەتای برایەتی (عەبدولقادر دەباغی)

**زەبیحی لە شەڕگەی زمان دا**

پەراوێزی ٨٧ (د. جەمال نەبەز)

ڕەخنەی زانستییانە یاخود شەلم کوێرم هیچ نابوێرم (زەبیحی)

با ڕێزی لێکۆڵینەوەی زانستی بگرین (د. ئەورەحمانی حاجی مارف)

بەربینگی زمانی کوردی بەربدەن! (د. ئەمیری حەسەنپوور)

نامەی ئەمیری حەسەنپوور بۆ زەبیحی و جوابی زەبیحی بۆ حەسەنپوور

**چەند بەرهەمی چاپکراوی زەبیحی:**

ئاشتیخوازی لادێ یی

مێژووی سوسیالیزم بە زمانی سادە

شۆڕشە پیرۆزەکەی گەلانی ئێران

دوا وتە: چەند لایەنێکی ژیانی زەبیحی (ئەوشیروان مستەفا)

**پاشکۆ**

(دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ لاوەکانی کورد، ڕۆژئەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ ساڵەکانی ١٣٢٢ و١٣٢٣، گۆڤاری نیشتمان ژمارە ٧ و ٨ و ٩، نامەکانی زەبیحی بۆ کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز، ڕێگا، نامەکانی عیسا پەژمان، چەند وێنەی دەست خەتی زەبیحی، ... و وێنەکان)".

دیارە لێرەدا بە هیچ عینوان مەبەست ئەوە نییە، ماندوویی و هەوڵەکانی بەڕێز عەلی کەریمی کە خۆی گوتەنی ماوەی دەساڵە ئەوە خەریکی ئەو بەسەرهاتەیە (ل ١١) شیاوی سەرنجدان نەبێ و بە هێند نەگیرێ. بەڵام ئەوەیکە تاچ ڕادەیەک سەرکەوتووە یان زەحمەت بەخەسار چووە، دەبێ خوێنەرەوان ئەزەر بدەن. هەرچەند چاوەڕوان دەکرا و من خۆم یەکێک لەوانە بووم پێموابوو، دانەر یا نووسەری کێبەکە بەو هەموو زەحمەتەی کە کێشاویەتی دەتوانێ گەلێک لایەنی نادیار و ناڕوونی مێژوویی و هەروەها گرێپوچکەی ژیان و بەرسەرهاتی مەرحوومی عەبدولڕەحمانی زەبیحی(١٩٢٠- ١٩٨٠) ئەوجۆرەی کە هەبووە و مێژوو وەباڵی بۆ دەکێشێ، ڕوون بکاتەوە؛ کەچی بەداخێکی زۆرەوە لایەنی ئێحساسی و ناشارەزایی و هەستی خاڵ و خوارزایی وەها باڵی بە سەر نووسینەکانی خۆیدا کێشاوە کە خوێنەرەوە شتێکی ئەوتۆی بەتایبەت لە ئاخرساڵەکانی ژیانی زەبیحی بۆ ڕوون نابێتەوە.

بەر لەوەی بەوێ هێندێک لایەنی نادروستی بۆچوونەکانی نووسەر و کاک ئەمیریش لەمەڕ زەبیحی لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ. ک و کۆماری کوردستان بخەمەڕوو، بەو پەڕی ئەدەبەوە هەم لە بەڕێز عەلی کەریمی وەک خوارزای عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هەم بەڕێز د. ئەمیری حەسەنپوور وەک پێشەکینووسی کتێبەکە، کە ئەرکێکی زۆر قورسی وەئەستۆ گرتووە، دەخوازم لە قسە و تێبنییەکانم دڵگیر نەبن و بە دڵێکی ئاواڵەوە لێم وەرگرن.

نووسەر کە بەشی زۆری زانیارییەکانی لە کەسانی وتووێژ لەگەڵداکراو هەڵێنجاوە، بێ ئەوەی لایەنی ڕاست و ناڕاستی قسەکانیان لێک هەڵاوێرێ، کۆڵێک زانیاریی هەڵە و قسەی هەڵبەست دەرخواردی

خوێنەرەوە دەدا و، بە تاوانکردنی ئەم یان ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوەی سیاسی، بە ئانقەست لە مەبەست دوور دەکەوێتەوە. دیارە سەرجەمی وتووێژەکان ـ چ حوزوی و چ نامەیی ـ بەتێکڕایی ـ لەگەڵ ئەوەشدا جێ جێ شەقلی شەرمە حوزوورییان پێوەدیارە، زانیاری باش و بەکەڵکیشیان تێدا بەدیدەکرێ. بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراوە، پێشەکییەکەی بەڕێز د. ئەمیری حەسەنپوورە کە هەرچەند هەوڵی داوە بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە و ئاماڵ تازەی تائێستە نەگوتراو، زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی زەبیحی ڕوون بکاتەوە، کەچی ـ بە پێچەوانەی نووسراوەی «*بەربینگی زمانی کوردی بەربدەن*» (ل ٤٤٦) کە باسێکی زۆر بە کەڵک و لە جێی خۆی دایە ـ لە زۆر شوێنی پێشەکییەکەدا، ڕشتەی باسەکەی لێ ئاڵۆز دەبێ و هەودای مەبەستی لە دەست دەرەوێتەوە. جا نازانم تووشی تەوژمی ڕوولێنان و دۆستایەتی بووە کە ڕاستییەکان لالاییان هاتووەتێ، یان فشاری ئیدەئۆلۆژیی نوێباوی دژی دەرەبەگایەتی؟!

شتێکی ئاشکرایە کە مێژوو بەگشتی خۆی لە کۆمەڵە چیرۆکێک پێکدێ، بەڵام هەموو چیرۆکێک ناتوانێ ببێتە مێژوو. کاک عەلی، بە ڕیزکردنی هێندێک کورتە چیرۆکی دەستکرد و دوور لە ڕاستی، ویستوویە تارماییەک بە سەر ڕاستییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بکێشێ. لە حاڵێکدا نە مەرحوومی زەبیحی، بە هەڵبەستنی ئەو چیرۆکانە دەبێتە قارەمانی ئەفسانەیی، نە بێوانیش ئەخش و کەسایەتی و ڕوخساری ژێکافانەی کاڵ دەکرێتەوە.

نووسەر لە نووسینەکانی خۆیدا تووشی گەلێک هەڵە هاتووە و چەند دەستەگوڵی بۆچوونانەی دوور لە ڕاستیشی بە ئاودا داوە کە ئەمن بە پەلەقاژەی خۆم هەوڵ دەدەم هێندێک لەو هەڵانە ڕاست بکەمەوە و ئەگەر بکرێ یەکدوو دەستەگوڵیشی بۆ بگرمەوە:

١) هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو لە دەستدا نییە ئەوکاتەی **«کە کوردان حکوومەتیان دەکرد و قازی محەممەد بە سابلاغ ڕادەگەیشت»** (ل ١٤٥-١٤٦)، زەبیحی گیرابێ. کەچی کاک عەلی لە زمانی «ڕەعنا خانمی زەبیحی» یەوە چیرۆکێک هەڵدەبەستێ و دەیەوێ وا نیشان بدا کە هەر لە سەرەتای چالاکی سیاسییەوە ئەو دوو کەسە واتە قازی محەممەد و زەبیحی وەک کێرد و پنیر وابوون و، گۆیا لە سەر دەسەڵات ڕقەبەرایەتی و بەربەرەکانی یەکتریان کردووە.

دیارە ئەو قسانە لە زمان «ڕەعنا خانم»ەوە کە ئەوکاتە کیژۆڵەیەکی ٥-٦ ساڵانەی بە عاستەم شت لەبیرماوی ڕووداوەکان بووە، زۆر جێگەی لۆمە و سەرکۆنەکردن نین؛ بەڵام ئەوەی جێگەی ڕەخنەیە ئەوەیە کە نووسەر بە تۆبزی و زۆرەملی قسەکانی ڕەعنا خانمی دایکی دەشێوێنێ و «خۆشاردنەوەی» زەبیحی لێدەکاتە گیران بە دەست کوردان(کە زۆر وێدەچێ پێش ساڵی ١٩٤١ بووبێ). زەحمەتی ئەوەشی نەکێشاوە هەڵەی شوێن و ڕووداوەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە. یەکەم: بە گوێرەی قسەکانی ڕەعنا خانم، زەبیحی لەوکاتەدا، دەبێ خەریکی کار و باری کۆمەڵە بووبێ. جا ئەگەر لەو شوێنەی کە «قاوەخانەی کەریم جووجوو»یان پێدەگوت، گیراو و دەستبەسەر کرابێ لە ماڵی «کەریمی یاهو» و «مەلای حەجۆکێ» کە هەردووکیان ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی ژ.ک بوون، چیدەکرد؟! دووهەم: ئەو شوێنەی کە بە قاوەخانەی «کەریم جووجوو» ناودەبرێ، لەو سەردەمانەدا مەدرەسە بووە و زەبیحی خۆی ماوەیەک لەوێ دەرسی بە قوتابییان گوتووەتەوە. دیارە ئەو شوێنە دواتر بە ڕووکاری خەیاباندا بووەتە شوێنی قاوەخانەی کەریم سێ بست (مەرحوومی حاجی کەریمی لاوەیی) و کتێبفرۆشی حەمیدی و چاپخانەی مەوفەقی و.... بێ لەوەش بە قسەی خودی نووسەر ئەگەر ئەوکاتە زەبیحی **«بەرپرسی شیرکەتی ئەوتی مەهاباد لەلایەن میرزا ساڵح (مەرحوومی حاجی ساڵحی شاتری) و میرزای توجارەتخانەی وی»** بووبێ (ل ٥٣)، چۆن بە دەست کوردان و ئەویش دەستەی «قۆڵ سوور» دەگیرێ کە خودی کۆمەڵەی ژ.ک پێکی هێنابوو؟! هەر خودا بۆخۆی دەزانێ کە ئەگەر زەبیحی لەو قاوەخانەیەدا گیرابێ، چۆنیان ڕێگا داوە **«تۆزێک مەرمەشا و دەزووی ڕەش و دەرزێکی»** بۆ بێنن و بۆ **«نامە بووسێن ئیستیفادەی لێبکا»**؟ کەوابوو داستانی ئەو گیرانەی زەبیحی، زۆر وە ڕاست ناچێ.

هەڵبەت گێڕانەوەی گیرانی یەکەمی زەبیحی وەک گوترا بۆ ئەوەیە کە نووسەر نیشان بدا زەبیحی ڕەقیبی سیاسی قازی محەممەد بووە. پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بڵێین کە زەبیحی سەرەڕای ئەوە ئینسانێکی زۆر سیاسی و چالاک و هەڵسووڕ بووە، بەڵام بە گوێرەی بارودۆخی چینایەتی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کوردستان و بەتایبەت شاری مەهاباد، کەسێکی وا نەبووە کە بکرێ لە بەرانبەر قازی محەممەددا زەق بکرێتەوە. چونکە پێشەوا قازی زۆر بەر لەو تاریخە، چ وەک ڕێبەری ئایینی و چ وەک خێرخوازێکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەرێکی کورد قسەی ڕۆیوە و لە ناو خەڵک و جەماوەردا نفوزی هەبووە.

٢) بە پێچەوانەی نووسەر کە دەنووسێ: **«... هەر لە یەکەمین کۆبوونەوە زەبیحی وەک سکرتێری کۆمەڵە هەڵبژاردرا و ئیشە ئاستەم و گرینگەکان کەوتنە سەر شانی.»** (ل ٧٣)، هیچکات کۆمەڵەی ژ.ک سکرتێری یەکەمی نەبووە. ئەفەری یەکەم بە پێی نفوز و ژمارەی ئەندامەتی مەرحوومی میرزا حوسێنی فروهەر(ڕێزینگەران) و ئەفەری دووهەمیش بە پێی هەڵسووڕیی و ژمارەی ئەندامەتی زەبیحی بوون. لە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی دەرناکەوێ کە کۆبوونەوەیەکی ئاوا بەسترابێ. دەوەدا شک نییە، کە زەبیحی وەک کوڕە گەنجێکی هەژاری خوێندەواری زرینگ و چالاک، زۆر تەنسیری بەرچاوی لە کاروبار و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کۆمەڵەدا هەبووە، بە پێی ئەو نامانەی زەبیحی کە لە خودی کتێبەکەدا هاتوون (دیارە دەبێ ژمارەیان زۆر لەوە زیاتر بێ) دەیسەلمێنن، کە زەبیحی بەرپرسی بەشی چاپەمەنی کۆمەڵەی ژ. ک و هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری **«نیشتمان»** بووە. دیارە بە پێی خوو و خدەی تایبەتی، جارجارە لە بەرەی خۆی زیاتر پێی ڕاکێشاوە و بۆ مێژوو هێشتا ڕوون نییە کە ئەو ڕاپۆرتانە لەلایەن خۆیەوە نووسراون، یان لە سەر ڕاسپاردەی ڕێکخراوەیی؟!

٣) ئەوەیکە زەبیحی و دلشاد ڕەسووڵی و قاسمی قادری لە لای شاری ورمێ گیراون و ڕەوانەی تاران کراون و، بە پێی زانیاریی ڕۆژنامەی کوردستان (ژمارە١٤ی ١٣٢٤) ماوەی ٨ مانگیش ڕاگیراون، شتێکی ڕاستە؛ بەڵام ئەوەیکە نووسەر بە ڕاشکاوی باسی دادگایی و چۆنیەتی دیفاکردنی زەبیحی دەکا (ل ١١٣)، مێژوو ناتوانێ ئەو وەباڵە وەئەستۆ بگرێ. هەروەها کاک عەلی بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەکانی سەرلەشکر زەنگەنە (ل١٠٣-١٠٤)، لە خۆوە پشووی سواردەبێ و دەڵێ: **«...لە باری ڕێکخراوەیی و کۆمەڵەوە، قازی محەممەد نە سەرۆک بوو نە لەکۆمەڵەدا بەوجورە دەستی ڕۆیوە کە مەئمووریيەت بدا بە یەکەم شەخسی کۆمەڵە کە بچێت بۆ لای ڕووسەکان....»** (ل١١٢). مادام کاک عەلی بۆخۆی پێیوایە **«کە زەبیحی بۆ ئیشی کۆمەڵە و پەیوەندی لە گەڵ**

**کوردەکانی باکوور چووەتە لای ورمێ»**(ل١١٤)، چ جیاوازییەک لە نێوان ئەو قسەیە و قسەی سەرلەشکر زەنگەنە نابیندرێ کە نووسیویە:

«...هەیئەتێکی تەبلیغاتی لە لایەن حیزبی کۆمەڵەی مهاباد و قازی محەممەدەوە بەرەو رەزاییە دێن تا لەوێ لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی رەزاییە دیدار و وتووێژ بکەن و ئەوانیش وەکوو خۆیان بۆ نافەرمانی هان بدەن. ... لە ئوتومبیلەکە و چەمەدانەکانیاندا هەشت نامە دۆزرانەوە کە دەبوو لە لایەن قازی محەممەدەوە بۆ میر جەعفەر باقرۆف رەئیس جمهوری ئازەربایجانی شوورەوی بە رێگەی کۆنسوولی شوورەوی لە رەزاییە بنێردرێن....» (١٠٣و١٠٤)

دیارە پشووسوارییەکەی نووسەر لێرەدایە کە بۆچی «<u>شەخسی یەکەمی کۆمەڵە</u>» لەلایەن قازی محەممەدی ناکۆمەڵەوە! ئەو کارەی پێ ڕاسپێردراوە؟ هەروەک دەزانین، قازی محەممەد نزیکەی ٦-٧ مانگ پێش ئەو ڕووداوە، لە مانگی نۆکبۆبری ١٩٤٤(خەزەڵوەری ١٣٢٣هـ) لە سەر دەستی خوالێخۆشبووان قاسمی قادری و مەلا قادری مودەڕیسی بە ناسناوی **«بینایی»** دەبێتە ئەندامی کۆمەڵە و، ئیتر دروست یان نادروست لە ناو کۆمەڵەدا قسەی ڕۆیوە. هەرچەند ئەویش بە ڕەسمی سەرۆکی کۆمەڵە نەبووە. گریمان وابێ، نووسەر ئەو قسەیەی «ڕەعنا خانم» چۆن بەرپەرچدەداتەوە کە لە زمان کاکیەوە دەیگێڕێتەوە؟ ـ **«دەنا قازی گوتوویەتی هەر جیگایەک کە خەتەر بێت و شکم لێی بێت و لێی نیگەرلن بم دەبێ زەبیحی بچێ چون ئەو خۆی پێ رزگار دەکرێ و زیرەنگە و لێی خاتر جەمم»**. (ل ١٤٨) هەروەها، چاوخشاندنەوەیەک بە نامەکانی زەبیحی دا، ئەوە دەسەلمێنن کە باشترین کەس بۆ دیتنی ڕووسەکان و ئەو جۆرە کارانە هەر خودی زەبیحی بووە.

٤) ئەوەیکە کاک عەلی دەنووسێ:

«پێویست بە گوتنە کە زەبیحی لە ئاخر ساعەتەکانی کۆمار لە لایان قازی محەممەدەوە چووە بۆ کۆنسولی سۆڤیەت لە ورمێ و داوای پەنابەری بۆ ١٧ ماڵە سابلاغی لەوانە ماڵی قازێکان و ماڵی خۆیان و... کردووە کە بە داخەوە روسەکان قەبولیان نەکردووە و پاش ئەوە زۆری لە گەڵ شەخسی پێشەوا حەول داوە کە لە گەڵیی بچێ بۆ خوارووی کوردستان کە پێشەوا قەبولی نەکردووە و نەچووە.» (ل١٤٢)

دیارە، ئەو چیرۆکە هیچ وێناچێ ڕاست بێ. هەرچەند ئەگەر ئەوە ڕاستیش بێ، پێوەندی و عەلاقەی باشی قازی محەممەد و زەبیحی دەردەخا، نەک ڕقەبەری و دووبەرەکی. بەڵام کاک عەلی چ وەڵامێکی بۆ ئەو قسەیەی خۆی هەیە کە دەڵێ:

«زەبیحی لە سەردەمی جوانە مەرگ بوونی کۆماری کوردستان لە سابلاغ گیر نابێ و پێش ئەوەی ئەرتەشی شای ئێران بگاتە سابلاغ لە گەڵ کاک سەدیقی حەیدەری سابلاغ بەرەو کوردستانی خوارو و ماڵی شێخ لەتیفی کوری شێخ مەحموودی نەمر لە سیتەک بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٣ ساڵ بەجێ دێلێ و ژیانی تەواو وەخت سیاسی دەگرێتە پێش و هەتا شەهید بوون و تێدا چوونی هەر کوڕ دەمێنێتەوە ...» (ل١٤٢)

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە قازی محەممەد و حاجی بابە شێخ دوای گەڕانەوە لە حەمامیان و وتووێژ لە گەڵ سەرلەشکر هومایوونی، بە هۆی هەواڵی رادیۆ تارانەوە ئاگادار دەبن کە ئازەربایجان (٢١ی سەرماوەز) تەسلیم بووە و دەوڵەت و ئەرتەش نیازی گەڕانەوەیان هەیە.

خوالێخۆشوو مامۆستا هێمن، دەنووسێ:

«... ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥-١٩٤٦ ئەرتەشی شرۆشپرێوی شاهەنشاهی تەواو ساڵەوەختێک پاش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان شاری مەهابادی گرتەوە...

... لە خانەقابووم کە خەبەری گیرانی پێشەوا و ڕابەرانی حیزب و کۆمارم بیست. پیاوم وەدووی هەژار خست بی بینمەوە و پێکەوە تەگبیرێک بکەین. ئەویش بۆی دەرچووبوو و بۆم نەدۆزراوە.» (تاریک و ڕوون... ل ٢٨)

کەوابوو، دەبێ زەبیحی چەند ڕۆژ پێش ئەو ڕووداوە، بەرەو کوردستانی خوارو ڕۆیشتبێ و خۆی قوتار کردبێ. چونکە قازی محەممەد چەند ڕۆژ دوای هاتنەوەی ئەرتەش دەستبەسەر دەکرێ. ئەو کەسەش کە دوای هاتنەوەی ئەرتەش، داوای لە پێشەوا قازی کردووە بەرەو کوردستانی خوارو لەگەڵی بچێ، خوالێخۆشبوو بارزانی بووە، نەک زەبیحی.

٥) کاک عەلی سەبارەت بە گیرانی زەبیحی و هاوڕێکانی و کەمتەرخەمیی پێشەوا قازی لە ئاست وان بەتایبەت زەبیحی، درێژە بە گێڕانەوەی وردە چیرۆکەکان دەدا و دەڵێ:

«ڕەنگە زۆر خەڵکی سابلاغ لە بێریان[بیریان] مابێ و لەو پیرانەی کە ماون باسی ئەوەمان بۆ دەکەن کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا جەماعەتێک لە خەڵکی سابلاغ وەک خۆپێشاندان دەچنە پێش دەرگای ماڵی پێشەوا و داوای ئازاد کردنی زەبیحی و هاوڕێکانی دەکەن و ئێعتراز بەوە دەکەن کە بۆچی تا ئێستا هیچ حەولێک بۆ ئازاد کردنی ئەو مرۆڤانە نەدراوە؟! تەنانەت باسی ئەوەشمان بۆ دەکەن کە بە دوای ئەو خۆپێشاندانە، پێشەوا داوا لە روسەکان دەکا کە حەولێک بدەن بۆ ئازاد کردنی زەبیحی و هاوڕێکانی و گوشاری روسەکان بوو لە سەر حکومەتی ئێران کە ئەوان ئازاد کران.» (ل١١٤ و١١٥)

دیسان لێرەشدا کاک عەلی دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ ئەگەر خۆپیشاندانی خەڵکی سابلاغ نەبووبا، لەوانەبوو پێشەوا هیچ هەوڵێکی بۆ ئازادکردنی ئەوان نەدابا. لە حالێکدا مەرحوومی هەژار لە شێعرەکەیدا بە ڕاشکاوی دەڵێ کە پێشەوا زۆری جزیا کێشا تا ئەو سێ برایەی لە بەند دەرهێنا:

فریشتەی خۆشی سەرچاوەی سروور
بابی هەژاران ئەی رەئیس جمهوور
نازانم تۆ چی لەچی خولقاوی
گیانی شیرینی و بینایی چاوی
..........................................
بەری کەوشی تۆ باڵی هومایە
شاهیدن بۆ من ئەو سێ برایە
زۆر جزیات کێشا تا دەرچوون لە بەند
بە دیداری وان ئێمەت کرد خورسەند...

ئەگەر ئەو پارچە شێعرەی هەژار لە دەستدا نەبایە، منیش وێڕای کاک عەلی دەمگوت وایە و باوەڕم بە ڕەعنا خانم دەهێنا کە بڵێ: **«گۆیا کاکم لە زیندانەوە خەبەری بۆ قازی ناردووە کە ئەگەر بێتوو شتێکی نەکا و ڕزگارمان نەکا خراپی دەبینێ!»** (ل١٤٧)

٦) نووسەر لە چەند جێی کتێبەکەیدا، ڕێکەوت و ماوەی نێوان دەرچوونی «نیشتمان» (٧،٨و٩) و تاریخی گیرانی زەبیحی و هەروەها

سەفەری دووهەمی پێشەوا قازی و سەرانی کوردی لێ تێکدەچێ. کاک عەلی، ئەگەرچی هەڵەی مانگی (ئابان)ی سەرلەشکر زەنگەنە، ڕاست دەکاتەوە، بەڵام بە پاش و پێشکردنی هێندێک ڕووداوی گرینگ، پێیوایە زەبیحی و هاوڕێکانی دوای دەرچوونی نیشتمانی ژمارە ٧، ٨و٩، یەکدا بەدوو گیراون و ڕەوانەی تاران کراون. ئەو، لە چەند شوێنی جیاوازی کتێبەکەیدا ئاوا دەنووسێ:

«هەر وەک ئاگادار کران بە دوای دەرچوونی نیشتمانی ٧، ٨ و ٩ یانی لە هاوینی ساڵی ١٣٢٣(١٩٤٤) زەبیحی لە گەڵ دوو نەفەر لە ئەندامانی چالاک و هەڵسوراوی کۆمەڵە قاسم قادری و دلشاد رەسوڵی لە ورمێ بە دەستی حکوومەتی شای ئێران دەگیرێن.

لە سەر گیرانی زەبیحی و هاوڕێکانی لە لاپەڕەکانی مێژووودا زۆر کەڕەت لە لایان زۆر نووسەری خۆیی و بێگانە نووسراوە و تا ڕادەیەکی زۆریش گێرەشێوێنی کراوە!...» (بڕوانە: ل ١٠٣)

«تا ئێستا بەوە گەیشتووین و شکمان لەوە دا نەماوە کە زەبیحی و هاوڕێکانی (سێ کەڵە پیاوی کۆمەڵە) بە دوای دەرکردنی نیشتمانی(٧، ٨ و ٩)دا دەگیرێن.

بە هەر جۆرێک حیسابی بکەین تاریخەکەی زەنگەنە (خەزەڵوەری١٣٢٤) ناتوانێ ڕاست بێت و لەوەش زیاتر ئەگەر تاریخی زەنگەنە ڕاست بێ، بۆچی لە جۆزەردانی ١٣٢٣ کە ئاخر ژمارەی نیشتمان دەرچووە تا ڕۆژی گرتنی زەبیحی، بە قسەی زەنگەنە (ئابانی١٣٢٤) کە دەبێتە ١٠ مانگ هیچ ژمارەیک لە نیشتمان دەرنەچووە؟!

جێگای سەرنجە کە کۆمەڵە بتوانێ لە ساڵێکدا ٩ ژمارە دەرکا بەڵام لە ١٠ مانگدا تاقە ژمارەیەک نەداتە دەر! (بڕوانە تاریخی ژمارەکانی نیشتمان ٩ -١)

ئەوە هیچ شک ناهێڵێتەوە کە بە دوای دەرکردنی نیشتمانی (٧، ٨ و ٩)دا مۆرە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی ژ.ک لە کایەدا نەماون و لە زیندان بوون!

کاتێکیش کە دێنەوە زۆر شت ڕوویداوە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دروست کراوە و جێژنی ئیستقلال گیراوە و تەنانەت ٢١ ژمارە لە کوردستان دەرچووە و...» (ل ١١٤)

ڕەوەندی مێژوو شتێکی زۆر سەیرە، بە هەڵکەوت یان بە پلان دارشتن چەند ڕووداو لە چەند جێگای جیاواز یەک دەگرنەوە:

١- حکومەتی ئێران لە هەرەی[هەرەتی] گەشە کردنی کۆمەڵەی ژ.ک و لە کاتێکدا هەموو وڵاتەکەی لە لایان هێزە سوێند خۆرەکانەوە داگیر کراوە و تەواو بێ دەسەڵاتە، زەبیحی و هاوڕێکانی دەگرێ و لە زیندانیان داوێ. (پوشپەری ١٣٢٤- جونی ١٩٤٥) جێگای سەرنجە کە لە بەیتێکی شێعرەکەی مامۆستا هەژار لە مەر هاتنەوەی زەبیحی... هاتوە:

«قرەی قەل ایوەی خستە زیندانی ئەوەش انتقام دەردی دەزانی»

دیارە "قرەی قەل" دەبێ دوژمنی ناوخۆ و مەبەست راپۆرت لێدان و جاسوسی کردن بێ، سەرلەشکر زەنگەنەش لە بیرەوەرێکانیدا باسی "خەبەر گەیشتن" دەکا!

٢- حکومەتی سۆڤیەت بە دوای گرتنی زەبیحی و هاورێکانیدا بە هۆی میر جەعفەر باقرۆف (سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت) دەعوەتی رەسمی لە قازی محەمەد و پیاوە ماقوڵانی کوردستان دەکا و داوایان لێ دەکا کە دەبێ کۆمەڵەی ژ.ک تێک دەن و حیزبی دێمۆکرات دروست کەن! (خەرمانانی ١٣٢٤- سپتامبری ١٩٤٥)

٣- قازی محەمەد لە پێشدا بە کردەوە دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵەی ژ.ک کە ئەوە دژی مەبەستە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵە بوو کە ئاغا و شێخ و مەلا و سەید بتوانن ببنە سەرۆکی کۆمەڵە! چونکا قازی محەمەد هەم ئاغا بوو هەم مەلا و توانی بە ماوەیەکی کەم بە کۆکردنەوەی ئیمزا لە خەڵکی سابلاغ کۆمەڵە تێک بدا و حیزبی دێمۆکراتی لە جێگای دروست کا و ئاغاوەت و سەردار عەشیرەتەکان بوونە شۆڕشگێر و هاتنە سەرۆکایەتی حیزبی تازە و جێگای شۆڕشگێرانی واقعی کۆمەڵەی ژ.ک یان گرتەوە! (خەزەڵوەری ١٣٢٤- ئوکتوبری ١٩٤٥)»

ئەو سێ ڕووداوە مێژوویە لە ماوەی کەمتر لە پێنج مانگ یەک بە دوای یەکدا ڕوو دەدا و ئەنجامی بەوە تەواو دەبێ کە تاقە ڕێکخراوی ناسیونالیستی کورد جوانە مەرگ بێ و بۆ جارێکی تر بەڕێوەبەرایەتی جوڵانەوەی گەلی کورد بکەوێتەوە دەست ئاغاوەت و عەشایر. (ل ١٢٤-١٢٥)

لێرەدا، بەر لەوەی هێندێک تێبینی بخەمە سەر ئەو بەشەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست، دوای هاتنی ئەرتەشی هاوپەیمانەکان بۆ ئێران و لێخرانی ڕەزاشا، سەرنجی نووسەر بۆ گرینگترین ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٦ (کە لە خشتە دیاریدەرەکانی خوارەوە و لاپەڕەی دواتر بەپێی ساڵ و مانگ ڕێکخراون) ڕادەکێشم:

## ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١/١٩٤٢ز)

* هاتنی ئەرتەشی هاوپەیمانەکان (ئینگلیس و سۆڤیەت) بۆ ناو خاکی ئێران.
* دوای لێخرانی ڕەزاشای پەهلەوی، لە مانگی خەرماناندا ئیدارەی شاری مهاباد بە ڕێبەرایەتی قازی محەمەد، دەکەوێتە دەست خەڵکی کورد...
* لە مانگی سەرماوەزدا، لە لایەن دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتەوە، هەیئەتێکی ٣٠ کەسی لە کەسایەتی و سەرۆک هۆزەکانی کورد بۆ باکۆ بانگهێشتن دەکرێن.

## ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٢/١٩٤٣ز)

* لە ٢٥ی گەلاوێژ(١٣٢١) دا، کۆمەڵەی ژ.ک لە شاری مهاباد وەک یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی دادەمەزرێ و تێکۆشانی خۆی دەست پێدەکا...

(ڕوژی ٢٥جی گەلاویژ جیژنی سالانەی کومەل [ە] بە شکوە و خوشیکی زورەوە گیرا و گەلی لە ئەندامەکان مقالەی باشیان نوسیبو خویندیانەوە کە لە پاشان چاپیان ئەکەین). «نیشتمان ژمارەی ٢، سالی یەکەم، خەزەل وەری ١٣٢٢»

## سالی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٣/١٩٤٤ز)

| | |
|---|---|
| خاکەلێوە | |
| بانەمەڕ | کۆبوونەوەی ١٠٠ کەس لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک و بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری «نیشتمان»... |
| جۆزەردان | گرتنی شارەوانی مەهاباد لەلایەن خەڵکەوە |
| پووشپەڕ | «نیشتمان»، ژمارە١، سالی یەکەم، پوش پەری ١٣٢٢، جولای ١٩٤٣ |
| گەلاوێژ | |
| خەرمانان | |
| ڕەزبەر | |
| خەزەڵوەر | «نیشتمان» ژمارە٢، سالی یەکەم، خەزەلوەری ١٣٢٢ |
| سەرماوەز | «نیشتمان» ژمارە ٣و٤، سالی یەکەم، سەرماوەز ـ ری بەندانی ١٣٢٢ |
| بەفرانبار | |
| ڕێبەندان | «نیشتمان» ژمارە ٥، سالی یەکەم، ری بەندانی ١٣٢٣ |
| ڕەشەمە | «نیشتمان» ژمارە ٦، سالی یەکەم، رەشەمەی ١٣٢٣ |

## سالی ١٣٢٣ی هەتاوی (١٩٤٤/١٩٤٥ز)

| | |
|---|---|
| خاکەلێوە | |
| بانەمەڕ | |
| جۆزەردان | دەرچوونی «نیشتمان» ژمارەی ٧و ٨ و٩، سالی یەکەم، بەهاری ١٣٢٣ |
| پووشپەڕ | |
| گەلاوێژ | |
| خەرمانان | بەستنی پەیمانی دالانپەڕ(سێ سنوور) |
| ڕەزبەر | سێ نامەی زەبیحی (ڕۆژانی٥و٧و١١ی ڕەزبەر) بۆ کونسوولی یەکێتی سۆڤیەت لە تەورێز... |
| خەزەڵوەر | ئەندامبوونی قازی محەمەد لە کۆمەڵەی ژ.ک دا |
| سەرماوەز | دوو نامەی زەبیحی (٥ و ٢٣ی دیسامبری ١٩٤٤) بۆ کونسوولی سۆڤیەت لە تەورێز. |
| بەفرانبار | نامەی زەبیحی (١ی ژانویەی ١٩٤٥) بۆ کونسوولی یەکێتی سۆڤیەت لە تەورێز |
| ڕێبەندان | |
| ڕەشەمە | |

## سالی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥/١٩٤٦ز)

| | |
|---|---|
| خاکەلێوە | نیشاندانی شانۆی «دایکی نیشتمان» |
| بانەمەڕ | |
| جۆزەردان | |
| پووشپەڕ | گیرانی زەبیحی و دڵشاد ڕەسوولی و قاسمی قادری لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە... |
| گەلاوێژ | |
| خەرمانان | سەفەری دووهەمی کوردەکان(قازی محەمەد و...) بۆ باکۆ (مانگی سێپتامبری١٩٤٥)... |
| ڕەزبەر | هاتنی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرچوونی «هاواری کورد» ژمارە١ |
| خەزەڵوەر | بەستنی یەکەمین کۆنگرە (١٣٢٤/٨/٢)ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان |
| سەرماوەز | هەڵکردنی ئاڵا لە مهاباد و نەغەدە گۆڤاری کوردستان، ژمارە ١؛ ژمارە٢... |
| بەفرانبار | ژمارە ١ی ڕۆژنامەی کوردستان (١٠/٢٠) هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان... |
| ڕێبەندان | ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی |
| ڕەشەمە | هاتنەوەی زەبیحی و ڕەسووڵی و قاسمی قادری «هەڵاڵە» ژمارە١ |

## سالی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦/١٩٤٧ز)

| | |
|---|---|
| خاکەلێوە | ژمارەی ٣ی گۆڤاری کوردستان * ژمارەی١ی هاواری نیشتمان * هەڵاڵە ژ ٢... |
| بانەمەڕ | دامەزرانی ڕادیۆی حکوومەتی میللی کوردستان ژ:٤ی گۆڤاری کوردستان * هەڵاڵە ژ٣ |
| جۆزەردان | |
| پووشپەڕ | |
| گەلاوێژ | |
| خەرمانان | |
| ڕەزبەر | |
| خەزەڵوەر | |
| سەرماوەز | هاتنەوەی ئەرتەشی ئێران بۆ موکریان و لە ناوچوونی کۆماری کوردستان |
| بەفرانبار | گیران و دەستبەسەرکردنی پێشەوا قازی و ڕێبەرانی دیکەی کورد |
| ڕێبەندان | دەستپێکردنی بێنەوبەرە و دادگایی کردنی ڕێبەرانی کورد... |
| ڕەشەمە | |



زەبیحی لە ساڵانی ٣٤-١٩٣٥ز

ئەگەر بە پێی ڕێکەوتی ڕووداوانی ئەو مەسەلانەی کە پێوەندییان بە باسەکەوە هەیە وردبینەوە، دەبینین نووسەر تووشی گەلێک هەڵە هاتووە:

ــ دوای دەرچوونی ئاخرین ژمارەی نیشتمان(٧، ٨و٩) لە بەهاری ١٣٢٣(١٩٤٤)، زەبیحی یەکدابەدوو نەگیراوە و لەو ماوەیەدا واتە یەکساڵی تەواو وەک (بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی ژ.ک) لەگەڵ کونسوولی بەرێزی یەکیەتی سۆڤیەت خەریکی نامەگۆڕینەوە بووە (بڕوانە بەڵگەنامەکانی ل ٦٠٧-٦٢٧).

ــ لە دەرچوونی ئاخرین ژمارەی نیشتمان و سەفەری دووهەمی پێشەوا (مانگی سێپتامبری ١٩٤٥ / خەرمانانی ١٣٢٤) بۆ باکۆ، دروست ١٤ مانگ تێدەپەڕێ. واتە دوومانگ دوای گیرانی زەبیحی، ئەو سەفەرە ئەنجام دەدرێ.

ــ هەروەک لە پێشدا گوترا، پێشەوا قازی لە مانگی ئۆکتۆبری١٩٤٤(خەزەڵوەری ١٣٢٣) دەبێتە ئەندامی کۆمەڵە. واتە ٦ مانگ پێش گیرانی زەبیحی. کەوابوو ئەو سێ ڕووداوە مێژووییە لە ماوەی کەمتر لە ٥ مانگدا یەک لە دوای یەک ڕوونادەن، بەڵکە لە دەرچوونی ئاخرین ژمارەی نیشتمانەوە، تا بەستنی یەکەمین کۆنگرە (١٣٢٤/٢)ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دروست ١٧ مانگ دەخایەنێ.

ئەوەیکە *نیشتمان* لەو ماوەیەدا، تەنانەت بە بوونی زەبیحیش (کە تا گیرانی دەکاتە ١٢ مانگ) بۆچی دەرنەچووە، دەبێ کاک عەلی وەڵام بداتەوە. ئایا قازی محەمەد و ڕووسەکان نەیانهێشتووە؟! بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن خودی زەبیحی یەوە بۆ کاربەدەستانی ڕووس نووسراون، بە ئاشکرایی دەردەکەوێ کە ئەوکاتە زەبیحی زۆرتر لەوان نیزیک بووە تا قازی محەمەد. هەروەها قازی محەمەد، هێشتا سەفەری دووهەمی نەکردووە کە داوایەکی ئەوتۆی لێکرابێ و بۆ زەبیحی و کۆمەڵەی تێچاندبێ. بێ لەوەش، ٤ مانگ بەر لەوەیکە قازی محەمەد بببێتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک (وای دابنێین نەیهێشتبێ)، ئەدی ئەو ماوەیە لەبەرچی و بۆچی *نیشتمان* هەر دەرنەچووە؟! باشە! ئەو نامەیەی خوارەوەی زەبیحی چۆن بشارینەوە کە ٤ مانگ دوای دەرچوونی *نیشتمان* بۆ کونسوولی یەکیەتی سۆڤیەت نووسراوە؟:

«ئیدارەی ناوەندی
ژمارە . . .
بەرواری ١١ی ڕەزبەری ١٣٢٣
چوونە گەڕانی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان هەر باسدەکرێ
(ئێستا مەبەستی ئەم کارە ناڕوونە)
لە مەهاباد خەبەرم وەرگرتووە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا سەرۆک عەشیرەتەکان (قەرەنی ئاغای مامەش، عەبدوڵائاغای مەنگوڕ، بایزئاغای گەورک، قازی محەمەد) لە ڕەزائیەن و لەوێڕا بەرێدەکرێنە تاران.
بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی ژ.ک، عەبدولڕەحمانی زەبیحی» (ل ٦١٨)

٧) گرینگترین خاڵ کە تا ئێستاش بۆ زۆر کەس باسهەڵگر و جێگای پرسیارە، چۆنیەتی ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵەی ژ.ک بە حیزبی دێمۆکرات و دامەزرانی کۆماری کوردستانە. با بزانین کاک عەلی کەریمی چۆن سەیری مێژوو دەکا و چ دەنووسێ؟:

«ئەوە چ ئاڵوگۆڕێکە کە بە بێ هیچ کۆبوونەوەیەک و بە بێ هیچ بڕیارێک لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە و بەو شێوەیە خۆی دەکا بە حیزبی دێمۆکرات، ئایا ئەوە زۆرتر لە کودەتا ناچێ کە بە بێ پرسی بەرپرسان و ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوە و لە غیابی ئەواندا، تەشکیلاتێک بگۆڕی و بیکەی بە شتێکی تر و لە کەرەسە و ئەندامان و شانەکانی بۆ ڕێکخراوی تازە کەڵک وەربگری؟!
بە کورتی و بە سادەیی ئەمن دەڵێم لە ماوەی هەتیو بوونی کۆمەڵەی ژ.ک و سەغیر بوونیدا، ژ.ک کوژرا و ناشترا (با دڵی زۆر کەسیشم لە خۆ کردبێ)!». (ل ١١٦)

هەروەک لە سەرەوە ڕوون کرایەوە، کۆمەڵەی ژ.ک لەو ماوەیەدا(١٢مانگ) کە کاک عەلی پێیوایە بە هەتیوی و سەغیری کوژراوە، زەبیحی زەق و زیندوو خەریکی ڕاپۆرت نووسین بووە. ڕەنگە ڕەخنەی زۆرکەس بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان لە جێی خۆیدا بێ و، ڕەخنەکەش زیاتر لە تێکڕای بارودۆخی نالەباری چینایەتی ـ کۆمەڵایەتی کوردستان و هەلومەرجی دیاریکراوی ناوچەیی ـ نێونەتەوەیی ئەو سەردەمەوە سەرچاوە بگرێ، نەک هێنانەگۆڕی مەسەلەی پیلان و کودەتا بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ژ.ک.

کاک ئەمیری حەسەنپوور، لە پێشەکیی کتێبەکەدا، بەوپەڕی هاسانکارییەوە دەنووسێ:

«ئەو زانیارییەی کە کاک عەلی کەریمی لەو کتێبەدا کۆی کردۆتەوە باسێک دێنێتە گۆڕێ کە یان تەواو بێدەنگی لێکراوە یان لەوانەیە زۆر کەس باوەڕی پێنەکا: زەبیحی لە زیندان دابوو کە کۆمەڵە هەڵوەشاوە و ح.د. ک و کۆماری کوردستان دامەزرا،...». (ل٢٣-٢٤).

با هەر لەجێیەوە ئەوەش بڵێم کە هەموو شارەزایانی مێژوو دەزانن قازی محەمەد گەورەترین غیرەت و جەسارەتی مێژوویی لە خۆی نیشاندا کە هەر لە دوای گەڕانەوەی سەفەری باکۆ بە گشتی و سەفەری تەورێز



پێشەوا قازی، قەدری جەمیل پاشا، زەبیحی لە ساڵی(١٩٤٦)

بەتایبەتی، ساوەساو و باوباوێنی سیاسی لەگەڵ ئازەری و ڕووسەکان یەکلاکردەوە و بە پشتیوانی خەڵکی کورد حکوومەتی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە ئەوە هەم دژی ویست و خواستی ئازەربایجانییەکان بوو و هەم دژی سیاسەتی ئەوکاتەی سۆڤیەت. قازی محەمەد لەوبارەیەوە فەرموویە:

«دوو دەفعە لە لایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم کە لە ئازەربایجاندا گرێمان هەبێ[بە ئازەربایجانەوە ببەستنەوە ـ هێرش] ئەمن پێشنیهادی وانم قەبوڵ نەکرد چون میللەتی کورد چوارساڵە کە خودموختاری هەیە و داوای ئیستیقلال و تێکخستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا، زۆرم پێ گران بوو کە لەو حەقەی دەست هەڵبگیرێ و ئیحساساتی ئێوە مانیعی ئەوەی بوو کە ئێمە بە خودموختاری ڕازی بین چونکو مودەی ئەو چەند ڕۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی ئێوە نوادووتانە وێنەیەکی حەساس و کامیلە و دەبێ دنیا بزانێ کە کورد ئیستیقلال و سەربەخۆیی دەوێ» (کوردستان، ژمارە ٣٠، دووشەمۆ خاکەلێوەی ١٣٢٥).

ئایا ئەو قسانە دەگەڵ ئامانجی ژێکافانە بە گشتی و هەروەها ڕوانگەی زەبیحیانە بەتایبەتی، چ ناکۆکی و ناتەباییەکی هەیە؟ بۆچی دەبێ دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە «کودەتا» و «هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ژ.ک» لە قەڵەم بدرێ؟

ئەوەیکە ئەندامانی کۆمەڵە ئاگایان لە هیچ نەبووە، شتی وا مەحاڵە. هەم زەبیحی (بەر لە گیرانی) و هەم زۆربەی ئەندامانی سەرەکیی کۆمەڵەی ژ.ک ئاگاداری ئەو ڕەوت و ڕووداوە بوون و هەموویان جگە لە مەرحوومی عەبدولڕەحمانی ئیمامی و یەکدوو کەسی دیکە نەبێ، ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵەی ژ.ک بە حیزبی دێمۆکراتیان بە قەناعەتەوە قەبوڵ کردووە. بۆ ئەوەی ئەکا قسەکانم خراپ وەرگیرێن، ئەمن هیچ جیاوازییەکی بەکاکڵ و ناوەرۆک لە نێوان ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژ.ک و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان(١٩٤٦)دا لە باری پراکتیکەوە نابینم. دەوەدا شک نییە، بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەک لەمەڕ شێوەی تیۆریک و ئەهێنی داواکان بەرەو شێوەی پراکتیک و بەکردەوە ڕاپەڕانی ئامانجەکان بڕوا، ئاڵوگۆڕێکی وا پێویست بوو. جا ئەوەیکە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە ئامانج و مەبەستی ژێکافانە و کۆماری کوردستان، بە پێی سیاسەتی ڕۆژ، دورکەوتووەتەوە، قسەیەک لە گۆڕێدا نییە. دیارە ئەو ڕەوتە بێ سێ و دوو تەواوی حیزبە کوردییەکانی کوردستانیش دەگرێتەوە کەوا ئەوڕۆ بۆ ئەستاندنی «خودموختاری و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و چی و چی» داگیرکەرە ناخۆییەکان بە بەشەخۆییەکانی خۆیان خۆش دەکەن.

سەرەڕای ئەوانە، لێرەدا ئەو پرسیارەش دێتەگۆڕێ ئایا دەبوو بە خاتری ئەو چەند کەسە، هەموو کاروبارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕاگیرابان و دەست لە سەر دەست داندرابا، تا ئەوان لە زیندان گەڕابانەوە؟!

هەروەک دەزانین و تائێستەش باوبووە، ئەو کەسەی کە کودەتا ڕێبەری دەکا، بەرانبەر و دژەکانی یان لە باری فیزیکییەوە لە بەین دەبا و یان بۆ هەمیشە لە سەحنەی سیاسەت دووریان دەخاتەوە. ئایا بە ڕاستی وا بووە؟! ئەگەر هەڵکردنی ئاڵا، دامەزراندنی کۆماری کوردستان، پێکهێنانی دەوڵەتی کورد، نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی و زۆر شتی تر، بە کودەتا لە قەڵەم بدرێ، چ قسەیەک بۆ کردنێ دەمێنێتەوە.

وەک کاک ئەمیر نووسیویە، ئایا بە ڕاستی ئەو باسە تا ئێستا بێدەنگی لێکراوە؟! ئایا ئەگەر کۆماری کوردستان دوای ١١ مانگ بە ساوایی و ساناییی لەناونەچووبا، ئەو باسی «هەڵوەشانەوە» و کودەتا و پیلان کە لەلایەن زۆر کەسانەوە گوتراوە و نووسراوە دەهاتە ئاراوە؟

ئەوە ڕاستە و حاشای لێناکرێ کە ٤ مانگ دوای گیرانی زەبیحی و نزیکەی مانگ و نیوێک دوای گەڕانەوەی قاز محەمەد لە باکۆ، کۆمەڵەی ژ.ک کراوە بە حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستانی پێ دامەزراوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر زەبیحی و دلشاد و قاسمی قادری لە دەرەوەبان چ دەبوو؟ ئەوەش نا! مادام زۆربەی ئەندامەکانی دیکە لە دەرەوە بوون و زۆربەشیان لە ماوەی کۆماردا کاربەدەست بوون، بۆچی هیچ نارەزایەتییەکیان دەرنەبڕیوە؟ خودی زەبیحی کە سی و چەند ساڵ دوای ئەو ڕوداوە لە حاڵی ژیاندا بووە، لە هیچ کوێ ئەو مەبەستەی باس نەکردووە. وادیارە دەبێ «کوندەکە لە شوێنێکی دیکەڕا دڕابێ»! هەرچەند بەڵگەی تەواوم بۆ ئەو بۆچوونە لە دەستدا نییە، بەڵام ئەمن بۆخۆم یەکێک لەوانەم پێموایە مەرحوومی زەبیحی وەک مۆرەیەکی باوەڕپێکراوی ڕووسەکان، بەر لە گیرانی، لەو ڕەوتە ئاگادار کراوە و ئەوەیکە چ بەڵێنییەکیان پێداوە، ڕوون نییە. ئەگەرنا، هەر ئەودەمی پێش ئەوەی بگیرێ ١٢ مانگ وەختی هەبووە ئەهێڵێ «کۆمەڵەی ژ. ک تێکبدەن»و، یان ئەوەشی پێنەکرابا، دەرچوونی گۆڤاری نیشتمانی درێژە پێدابا.

دیارە، زەبیحی جگە لەوەی کە لە حیزبی تازە دامەزراودا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێتەوە، دەنگۆی ئەوەش هەبووە کە لە ژێرەوە وەک بەرپرسی وەزارەتی بەرەسمی ڕانەگەیێندراوی کاروباری دەرەوەی کۆماری کوردستان ئەرکەکانی ڕاپەڕاندووە. کە وانەبێ، وێنەی زەبیحی لەگەڵ پێشەوا قازی و کاربەدەستانی کۆماری کوردستان و بەتایبەت لە کاتی ڕێوڕەسمی سلاو(ڕێژە)ی ئەفسەر و پێشمەرگەی کورد، ڕاوەستانی زەبیحی لە ڕیزی پێشەوە و لە تەنیشت قەدری جەمیل پاشا و پێشەوا قازی چ مەعنایەکی هەیە؟! (بڕوانە وێنەکانی ل٦٦٢، ٦٦٣ و ٦٦٥)

کاک ئەمیر و هەروەها کاک عەلیش زۆر چاک دەزانن، کە کۆمەڵە ئەگەر

به ڕواڵەتیش نێوی نەگۆڕدرابا، بە کاکڵ لە حیزبی تازە دامەزراو چاکتر نەدەبوو. بۆ نموونە لەو ۲۲ کەسەی کە زەبیحی وەک ئەندامی چالاکی کۆمەڵە بۆ ڕووسەکانی گوزاریشت کردووە، ئایا فەعلە، پیشەوەر، جووتیر، حەمباڵ (کۆڵچی)، بەقاڵ، کاسبکار و زەحمەتکێشی شار و لادێ دەبیندرێ؟ کە ڕێگەنەدرابا یان نەخوازرابا بنکەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەی ژ.ک ببێتە بنکەی ئاغاوەت و سەرۆک عەشیرەتەکان؟ بۆ ئاگاداری کاک ئەمیر هەر لەو لیستەدا کە زۆربەیان دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژ.ک بوون، جگە لە کوڕە ئاغا و کوڕە تاجر و کوڕە دوکانداری دەوڵەمەند جنسێکی دی بەدی ناکرێ. هەر بە پێی زانیاری مەرحوومی مەلا قادری مودەڕیسی و زۆرکەسی دیکە، زۆرترین سەرچاوەی داهاتی ماڵیی کۆمەڵەش ئاغاوەت و عەشیرەتەکان بوون.

کاک ئەمیریش ئەلهەق پێ لەو ڕاستییانە دەنێ و ئایشارێتەوە کە **«دامەزرێنەران و ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک یش ــ سەرباقی تێکەڵاویی بنکەی کۆمەڵایەتییان (وردەبورژوازی، ئاغاوەت و مەلا و فەقێ) ــ زۆربەیان وردەبورژوازی شار بوون.»** (ل۲٤)، بەڵام لە درێژەی باسەکەیدا کە دەڵێ: **«کۆمەڵە زگی بە جووتیاران دەسووتا و باسی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری ئاغاوەتی دەکرد بەڵام دژی دەرەبەگ ــ وەک چینێکی کۆمەڵایەتی ــ نەبوو»** (ل۲٤)، ئایا ئەو سەروبەندی کە کۆمەڵەی ژ.ک بە ڕواڵەت نێوی گۆڕدرا و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جێی داندرا، چ جیاوازییەکی بەکاکڵ و ناوەرۆکانە لە باری تێکەڵاویی بنکەی کۆمەڵایەتی و ویست و ئامانجی کوردایەتییەوە بەدی دەکرا؟ کوردستان کە خۆی لە قۆناغی دەرەبەگی ـ عەشیرەییدا بووە، چۆن دەکرا وەک بای سەرسەر بەرەو قۆناغێکی دیکە تێپەڕێندرێ؟ ئەگەر **«هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ژ.ک و دامەزرانی ح.د.ک، سازانی مێژوویی نێوان دەرەبەگایەتی و کوردایەتی هێناوە کایەوە»**؟ (ل۲۷) چ پێوانەیەک بۆ جیاکردنەوەی دەرەبەگایەتی و کوردایەتی دەبیندرێ؟ کام پێڕەوی نێوخۆیی کۆمەڵە دەیتوانی بۆنموونە ئەمەرخانی شکاک (وەک ماکەی خراپە) و مەرحوومی ڕەحمانی ئێلخانیزادە (وەک ماکەی چاکە) کە هەردووک لە ئاغاوەت بوون، بە ئەندام قەبوڵ نەکا، کە حیزبی تازە دامەزراو قەبوڵی کردووە؟ مادام ئەوانە هەموو لە خەتێکی پانی کوردایەتیدا قەبوڵ کراون و بارودۆخی کۆمەڵایەتیش هەر ئەوەی هەڵدەگرت، ئیدی شتێکی ئاشکرایە نەتیجە هەر ئەوە دەبوو کە هەبوو.

منیش وەک کاک ئەمیر کۆمەڵەی ژ.ک بە یەکەمین ڕێکخراوی مۆدێرنی کوردی دادەنێم، بەڵام ئەو، سەبارەت بە ڕێکخراوە «نوێباو»ەترەکانی دوای پەنجا و چەند ساڵ چ دەبێژێ؟ کە لە پێناو سیاسەتی «زۆر و بۆر»ی دەنگهێنانەوەی ڕێکخراوەییدا، بۆ وەرگرتنی «سەرۆک جاش» و «موستەشار» و «موختار» و «کوێخا» هێشتاش شیر و تیر لێک دەکێشن.

کاک ئەمیر پێیوایە کە **«زەبیحی، چ لە کۆمەڵەی ژ.ک دا و چ دوای وی، لە باڵی چەپی کوردایەتی دابوو»** (ل۲٤) و بۆ سەلماندنی قسەکەشی پارچەشێعرێکی وەرگێڕدراوی زەبیحی لە ئەبولقاسمی لاهووتی (ل۲٥) دێنێتەوە، لە حاڵێکدا تەنانەت شاعیرانی سەر بە باڵی ئاماڵ ڕاستی خۆماڵییش زۆرجار ئەو قسانەیان بەڕاشکاوی دەربڕیوە.

لە سەر ڕازی نەبوونی زەبیحی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان، کاک ئەمیر هیچ دەلیلێکی سەلمێنەری بۆ بۆچوونەکانی خۆی لە دەستدا نەبووە، ناچار پەنای بۆ قامووسەکەی دوای ۳۰ ساڵ نووسراوی



مەرحوومی زەبیحی لە ساڵی ۱۹۷۹دا

زەبیحی بردووە و لە شیکردنەوەی وشەی «بەیعەت پێکردن»[1] دا، بۆی دەرکەوتووە کە:

«زەبیحی لەو تێبینییەدا، بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە پێشەوا و ڕابەرایەتییەکەی دەگرێ و ئەوەش بۆچوونی کاک عەلی کەریمی سەبارەت بە ناکۆکی نێوان قازی محەممەد و زەبیحی، و کۆمەڵەی ژ.ک و ح.د.ک وەڕاست دەخا. لێرە دا، زەبیحی دەڵێ قازی محەممەد بە شێوەی "گشتی و نیمڕۆیی" کە مەبەستی حیزبایەتییە بە سەرۆکایەتی کۆمار هەڵبژێردرابوو، بەڵام ڕێ و شوێنی هەڵبژاردن و سەرۆکایەتی کاتیی وەلانا و، دین و سیاسەتی تێکەڵ کرد و، داوای بەیعەتی لە خەڵک کرد.

جیا کردنەوەی دین و سیاسەت یەکێک لە پێداویستەکانی دێموکراسییە و وادیارە کە زەبیحی لە تێکەڵاوکردنی دین و سیاسەت دا خنکانی دێموکراسی بەدی کردووە. ڕەنگە بۆچوون و ڕەخنەی وا ببووبێتە هۆی دەست بەسەرکردن یان هەڵپەساردنی زەبیحی؛ بەڵام زەبیحی کە دوای ڕووخانی کۆماریش بێدەنگی کرد و، دوای سی ساڵان ڕەخنەکەی لە نێوان مانای هەزاران وشەدا شاردەوە، چۆن دەکرا لە جەنگەی دەسەڵاتی کۆماردا - کە وەدی هاتنی خەونەکەی بوو - هاواری ڕەخنەی بەرز کردبێتەوە؟ لە زانیاری تر سەبارەت بە دەسەڵاتدارێتی کۆمار وادەردەکەوێ کە کراوەیی سیاسی بۆ کردەوە و بڕوای ڕەخنەگرانە یەکجار بەرتەنگ بووە.» (ل۲۸)

دەبێ بە عەرزی کاک ئەمیر ڕابگەیێنم کە زەبیحی لەو تێبینییەدا، بە هیچ عینوان مەبەستی ڕەخنە و شتی وا نەبووە و تەنیا بۆ باشتر لێحاڵیبوونی خوێنەرەوەی کورد و ڕێزلێنان لە پێشەوا قازی ئەو نموونەیەی هێناوەتەوە، ئەگەرچی لە مەعناکردنەوەدا مەبەستەکەشی چاک نەپێکاوە. کاک ئەمیر دەبێ ئەوەش بزانێ کە قازی محەممەد ئینسانێکی ئایینی بووە نەک عیلمانی، ئەگەر ئەوەشی کردبێ دووقات زیاتر دێموکراسی لەبەر چاوبووە کە لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەی ڕەسمی و قانوونی هەڵدەبژێردرێ، ڕاگرتنی دڵی خەڵکیشی هەر لەبەر بووە.[2]

هەروەها زاراوەی «بەیعەت پێکردن یا بەیعەت لەگەڵ کردن»[۳] کە لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە و بە مانای «پەیمان بەستن» دێ، لە ئەساسدا شتێکی نادێمۆکراسییانە نییە، کە کاک ئەمیر پێیوابێ **«زەبیحی لە تێکەڵاوکردنی دین و سیاسەت دا خنکانی دێمۆکراسی بەدی کردووە»!!**

ئەگەر خوێنەرەوە شیکردنەوەی وشەی «بەیعەت»ی قامووسەکەی زەبیحی، ئەو جۆرەی کە کاک ئەمیر تەفسیری کردووەتەوە بەو مانایە وەرگرێ، ئیتر ئەمن قسەیەکم نامێنێ.

بە کورتی، ئەو پێشەکییەی کە بۆ کتێبەکە نووسراوە، دەتوانێ گەلێک پرسیار و باس بێنێتەگۆڕێ، بەڵام بەهۆی درێژبوونی نووسراوەکە، تەنیا بە چەند خاڵی گرینگ ئیشارە دەکەم:

ـ زەبیحی لە دوای دەرچوونی ژمارە ١٠ی نیشتمان کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە کوردستانی گەرمێن دەری کردووە، بۆ هەمیشە سیمای ژێکافانەی خۆی لە دەست دەدا و، بە پێچەوانەی بۆچوونی کاک ئەمیر، هەر شتێکی دیکەی لە زەینیدا بووبێ، وێناچێ: **«لەو ئاخر سەفەرەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات ئارەزووی زیندوو کردنەوەی کۆمەڵەی ژ.ک ی لە داڵ دابووبێ»**. چونکە **«کۆمەڵەی ژ.ک بەرهەمی بارودۆخێکی مێژوویی بوو کە دوای چل ساڵان ئیتر دووپاتە نەدەکراوە»**. (ل ۳۳)

ـ هەرچەند کاک ئەمیر بە دروستی **«لاپەڕەیەکی تاریک لە ژیانی سیاسی»** زەبیحی وەک «پێوەندی گرتن لە گەڵ تەیموری بەختیار و پەناهیان و پەژمان[٤] و...» دەست نیشان دەکا (ل۳۲)، بەڵام لەوەیکە «زەبیحی بە نابەدڵی گەڕاوەتەوە بەڵام ڕوون نییە کە کێ هانی داوە بۆ گەڕانەوە» (ل۳۳)، وادیارە دەیەوێ خۆی بیوێرێ و، وا نیشان بدا کە بەڕاستی لەوبارەیەوە هیچ نازانێ!

ـ ڕەنگە هیچ کەس باوەڕ نەکا، کە کاک ئەمیری حەسەنپوور، کۆمەڵەی ژ.ک ی ١٩٤٢و «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان»ی ١٩٧٨، وەک یەک دادەنێ و بەوپەڕی جەسارەتەوە دەنووسێ:

> «کۆمەڵەی ژ. ک لە موکریان و لە کوردستانی ڕۆژهەلات ماوەیێک بوو زیندوو ببۆوە. "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان" بێجگە لە هاوناویی، لە ڕێبازی ڕێکخراوەییش دا لە کۆمەڵەی ژ.ک نزیک بوو...» (ل۳٤)

لە حاڵێکدا خودی ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە قەت ئیدعای وایان نەکردووە و قەتیشی ناکەن.

ـ کاک ئەمیر پێیوایە **«لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کتێبە ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو قۆناغەی ژیانی [زەبیحی]، خوێنەرەوە چۆنێتی ئەو ڕووداوەی بۆ ڕوون نابێتەوە»**، کەچی چەند لاپەڕە دواتر لەپڕ دەنووسێ: **«قەت چەکی هەڵنەگرت بەڵام لە سەر چەک داپەشکردن تێداچوو»** (ل٤٢). جا بۆ ئەوەی نارازی بوونی زەبیحی لە حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کورستان(١٩٤٦)، باشتر بە ئیسپات بگەیێنێ، بە بێ بەڵگە و سەنەد، بەرببینگ بە حدکا(١٩٨٠) دەگرێ و دەڵێ: **«وادیارە (لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبە دەردەکەوێ) کە لە بەکوشت دانی دا بەشدار بووە»** (ل۳٥). هەموو شتێک چاوەڕوان کرابا، ئەوە لە ئینسانێکی ئاکادێمی و لێکۆڵەرەوە، چاوەڕوان نەدەکرا.

لە کۆتاییدا، منیش پڕ بەدڵ پێمخۆشبوو مەرحوومی زەبیحی تووشی ئەو نەهاتی و تراژێدی و چارەنووسە دڵتەزێنە نەهاتبا کە بەشێک خوو و خدەی خۆی و بەشێکیش ڕۆژگاری بەرژەوەندخواز و دۆستانی مەسڵەحەتگەرا وەڕێیان هێنا...

بەهەرحاڵ، ئەو زەبیحی یەی کە مێژووی جوڵانەوەی کورد هەتاهەتایە لە یادی ناکا، ئەو «زەبیحی»یە نییە کە لە سەر داوای فروفیشاڵی فلانە کەس و فیسارە حیزب، فیشە کۆماکراوەکانی قامووسەکەی جێبهێڵێ و بکەوێتە ناو سەختترین تەڵەی هەڵە و، بۆ فیشەک داپەشین ڕووبکاتە گۆنگەڵی سیاسەتبازی و ئاخریش لەناوچوونەکەی ببێتە گرێپووچکەیەکی نەکراوە لە ماشەری مێژوودا؛ بەڵکە ئەو «بێژەن»ەیە کە «ژێ»ی نێوە خوازراوەکەی و «ژێ»ی ژێکافانەکەی لێک گرێدەری دووجەمسەری قەفچەی کەوانێک بوون کە لە ئەستەمترین کێ بەرکێی کوردایەتیدا تیری «نیشتمان» پەرستییان پێ دەهاوێژرا.

**پەراوێزەکان:**

١) **بەیعەت پێکردن** ـ ...ڕازی بوون بە سەرۆکایەتیی کەسێ و جڵەوی کاروباری خۆی تەسلیم کردن، هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات بە شێوەی ئیسلامەتیی. تێبینی ا) بۆ کردنی کەسێ بە خەلیفەی ئیسلام، موسڵمانان کۆدەبنەوە و تەگبیر و ڕاوێژ دەکەن تا ڕایان دێتە سەر یەکێک بیکەن بە خەلیفە. ئەوجار یەکەیەکە هەڵدەستن و دەستی ئەو کەسە دەگرن و دەڵێن: بەیعەتم پێکردیی. ب) خوالێخۆش بوو قازیی محەممەدی شەهید سەرەڕای ئەوە کە بە شێوەیەکی گشتی و ئیمڕۆیی بۆ پێشەوایی و سەرۆکایەتی حکومەتی میللی کوردستان هەڵبژێردرابوو، تا ماوەییکیش هەر کەس بۆ دیتنی دەچوو داوای لێدەکرد (بەیعەتی پێ بکا) و دەیگوت تا سەرۆکایەتیەکەی شێوەی شەرعی و ئیسلامەتی وەربگرێ... (*قامووسی زمانی کوردی*، بەرگی ۲، ل ۲۲۹.

۲) لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ۲٥، یەکشەمۆ ۲٦ی ڕەشەمەی ١۳۲٤دا ئاوا هاتووە:

«حەزرەتی محەممەدی قازی هەرچەند ماوەی ۲۰ساڵە لە نێو میللەتی خۆیدا سیمەتی ڕەهبەری هەیە دیسان لە دووی ڕێبەندانی ١۳۲٤دا لە لایەن نوێنەرانی کوردستانەوە ڕەسمەن بە پێشەوایی هەڵبژێردرا و بەیعەتی لەگەڵ کرا».

۳) "بەیعەت پەیمانێک بوو کە لە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەردا دەبەسترا و دووهەمیان تەواوی ئیختیاراتی ژیانی خۆی بە یەکەمیان [فەرمانڕەوا] دەدا و بەڵێنی دەدا کە فەرمانی ئەو چ بە سوود و چ بە زیانی وی بێ قەبوڵی بکا و لە گەڵی ئێنەکەوێ [بەریەرەکانی نەکا]، وشەی بەیعەت لە چاوگەی فێعلی «باع»ەوەیە و بە مانای فرۆشتن دێ و هەر بەمجۆرەی کە کڕیار و فرۆشیار بۆ وەرگرتنی کاڵا دەست لە ناو دەستی یەکتر دەنێن لە بەیعەتیشدا فەمانڕەوا و فەرمانبەر دەست دەخەنە دەستی یەک. یەکەمین بەیعەت لە ئیسلامدا بەیعەتی عەقەبەیە کە لە تەک پێغەمبەر ئەنجام درا و سوێندەکەشی تا ماوەیەکی زۆر بۆ بەیعەت وەرگرتن لە نێوان خەلیفەکاندا باو بوو و ئەو سوێندەش دەبەرگری تەواوی جۆری سوێندەکانە.

دەقی سوێندی بەیعەت، ئەگەرچی بە گوێرەی بارودۆخی زەمان دەگۆڕدرا بەڵام ئەساسی وی هەمان سوێندی بەیعەتی عەقەبەیە کە ئەنصار لە کاتی بەیعەت لە گەڵ پێغەمبەر(ص) ئاوایان گوت:

«ئەی پێغەمبەری خودا، تا تۆ پێ نەنێیە ماڵی ئێمە لە پەیمانێک کە لەگەڵ تۆدا هەمانبوو ئازادین بەڵام هەرکە هاتیە ماڵی ئێمە تۆ لە پەنای ئێمە دای و هەر بەمجۆرەی کە لە گیانی خۆمان و منداڵان و ژنانی خۆمان پارێزگاری دەکەین لە تۆش دیفاع دەکەین».

وە دەقێکی دیکە لە سوێندی بەیعەتی عەقەبە لە دەست دایە کە ژنان لە شوێنێکی ناسراو بە عەقەبە بەو سوێندە لەگەڵ پێغەمبەر بەیعەتیان کرد بەمجۆرە:

«بەیعەت دەکەین[پەیمان دەدەین] کە بۆ خودا شەریک قایل نەبین، دزی نەکەین، زەنا نەدەین[خۆمان نەفرۆشین]، منداڵانی خۆمان نەکوژین، بە هیچکەس بوختان و ئیفتیرا نەکەین، لە کاروکردەوەی چاک سەرپێچی نەکەین».

(تاریخ تمدن اسلام، تالیف: جرجی زیدان، ترجمه و نگارش: علی جواهر کلام، موسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١۳٦٩، لاپەڕەی ۹٥ و ۹٦).

٤) سەرهەنگ «عیسا پەژمان» (مەئمووری ساواک لە ناو شۆڕشی ئەیلوول)، بۆ ڕاگرتنی دڵی نووسەر و دۆستایەتی لەڕادەبەدەری لەگەڵ مەرحوومی زەبیحی، لە نامەکانیدا بۆ نووسەر، سەبارەت بە خوالێخۆشبوو بارزانی و کوڕەکانی زۆری ناماقووڵی فەرمووە کە هەر لە خۆی دەوەشێتەوە. (ل٦٤۲)

**تێبینی:** وێنەکان لە کتێبەکە وەرگیراون.



## بەستەی ماڵئاوایی:

–بۆ کەریمی حیسامی

پاییزە!
ئای چ پاییزێکی زەرد و گەڵاڕێزانە!
ڕۆژ، گەڵا گەڵا
زەردەپەڕی جودایی
بەسەر گەڕی گەرمی (سێڕۆژانە) دادەوەرێنێ و
مانگ، مانگی دەستلێکبەردانە.

پاییزە!
ئای چ پاییزێکی ڕژد و ڕەزاگرانە!
ئاسمان، ئاسۆ ئاسۆ
خماوی نەمان
بەسەر کۆلکەزێڕینەی ژیان دادەبارێنێ و
ساڵ، ساڵی ڕۆڕۆی یارانە.

ئێوارەیە!
کات زەردەپەڕە و ژوانگە بەتاڵ
ئەی شۆڕەسوارە ئەویندارەکەی نیشتمان
جڵەوی ئەسپە کوێتەکەت بەرەو کام هەوار تاودەدەی؟
مەڕۆ ئارام بگرە!
"هەرچی لەسەر سەبرانە لەسەر خێرانە".

هەوا بوومەلێڵە، وڵات تاریکستانە!
ئەی ئەستێرەی پڕشنگداری موکریان
تەم و تارمایی کام شەوەزەنگ شەق دەکەی؟
ئیستێکی بگرە و مەڕۆ
یارانی چاوبەگریان ئەلێرە جێمەهێڵە
کە جێت لەسەر سەرانە...

ئەی ڕێبواری ڕێگەی هات و چارەنووس
دڵنیا بە کە یاران
– ڕێڕەوانی ڕێی ئەوین–
یاد و (بیرەوەری) تۆ دەسپێرن بە بای شەماڵ،
تاکوو وەرزی بەهاران شەنگەبێرییان بە بەستە
پۆلی شوانان بە شمشاڵ
چیرۆکی خۆشەویستییت بخوێننەوە بە دەستە
لە بەرزایی (کێلەشین).

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی
ئەستێرە خوشی و شەو شەق بوو
تارمایی ڕەوی لە سەران و هەڵدێران
ڕێبوار ڕۆیی.. ڕۆیی بێ‌پشوو
بەرەو بەرزایی و ژوانگەی ئەستێران...

*س. چ هێرش– ستۆکهۆڵم ٢٠٠١/١٠/١٤*

# ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی
# و
# سیاسی لە موکریان

## (لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆماری کوردستان)

س.ج. هێرش

ئەگەر بمانەوێ لە پرۆسەی شێعری نیشتمانی و سیاسی ئەو بەشەی کوردستان واتە موکریان بدوێین، ناچارین دەبێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمی لەبەرچاوگیراو، بەتایبەت ئەو هۆیانەی کە بەستێنی ئەو دیاردەیان لە کوردستانی ژێردەستەڵاتی ئێران پێکهێناوە، بەکورتی و بەپێی توانا لێک بدەینەوە.

هەروەک دەزانین تا پێش شەڕی جیهانی یەکەم، کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرەڕای ئەوەیکە گەلێک بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی بە خۆیەوە دیوە، بەڵام لە هیچکامیاندا نە تەنیا هەستی نەتەوەیی و شعوری میللی لە حاند هەستی دینی و ئایینی و عەشیرەییدا پڕ ڕەنگ نەبووەتەوە، بەڵکوو شوێنێکی ئەوتۆشیان لەسەر ڕەوتی ڕۆشنگەری و شعوری کۆمەڵایەتی خەڵک دانەناوە. هەر بەو پێیەش لایەنی شێعری نیشتمانیش سەری هەڵنەداوە. دیارە ئەوەش زیاتر پێوەندی بە باردودۆخی کۆمەڵایەتی و نزم بوونی ڕادەی خوێندواری کۆڕ و کۆمەڵانی ئەو سەردەمەوە هەبووە و غەیری ئەوەش چاوەڕوان نەدەکرا.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری کلاسیکی کوردی ئەوبەشەی کوردستان واتە «لقی موکریان»ی سەر بە«ڕێبازی سۆران» (بە ڕێبەرایەتی نالی)، لانیکەم لەم قۆناغەدا، دوورەپەرێزی بووە لەو بیر و بۆچوون و دەربڕینەی کە «هەستی نەتەوایەتی»تێدا دەبریسکێتەوە. هەرچەند بیر و بۆچوونی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوە خوازی زۆر پێشتر لە «مەم و زین»ی خانی شاعیری گەورەی کورددا، ڕەنگی دابۆوە، بەڵام پەیام و هاواره مێژوویییەکەی لەو بەشەی کوردستاندا، زۆر درەنگتر تەقییەوە.

دەوەدا شک نییە کە شعوری میللی و هەستی نەتەوایەتی پێوەندییێکی ڕاستەوخۆی بە فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی، شێوەی بەرهەمهێنان، ڕادەی شارنشینی و شارستانی، پلەی خوێندەواری، زەوقی فەرهەنگی و هەروەها چۆنێتی ئاوێتە بوونی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. بۆیە ناکرێ ئەو ئەرک و مەبەستەی کەوا ئەوڕۆ لە ڕوانگەی نەتەوایەتییەوە بۆ شێعر لە بەر چاوی دەگیرێ، لەبەر چاو گیرابا. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەگەر زمان وەک دیاردەیێکی زەق و لایەنێکی گرینگ بۆ نواندن و نیشاندانی هەستی نەتەوایەتی بە حیساب بێ، دیارە شێعری کلاسیکی کوردی تا ئەو سەردەمە خزمەتێکی زۆر شیاوی لەوبارەوە کردووە. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە شێعر و شاعیری لە ئەساسدا ئەو ئەرکەی نەبووە و بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتیش نەیدەتوانی هەیبێ. گریمان ئەگەر ئەو زەوق و تواناییەش هەبایە، لە چوارچێوەی پێوەندیی زەویداری و سیستمی کۆچەری ــ عەشیرەییدا نەدەگونجا. ڕەنگە ئەو قسەیەی «**واسیلی نیکیتین**» بێ جێ نەبێ کە گوتوویە: «ئەدەبی نووسراوی کوردی جگە لە دەرەتانێکی تەسک بۆ فیۆداڵە خوێندەوارەکان و هەروەها توێژێکی کەم لە ڕۆشنبیرانی خاوەن ئامانجی نەتەوەیی شیاوی دەست پێڕاگەیشتن نەبووە. کەچی زۆربەی خەڵکی کورد کە لە نێو چەندین وڵاتی بێگانەدا بڵاوبوونەوە لە ئەدەبی نووسراو بێبەش کراون؛ سەرەڕای ئەوەش چینەکانی سەرووی ئەو نەتەوەیە خۆیان بە کۆڕوکۆمەڵانی هاوتەرازی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوانەوە دەبەستنەوە کە حوکمیان بە سەردا دەکەن و لە زمانی ئەوان( تورکی یا فارسی یا عەرەبی و هێندێک جاریش هەرمەنی) وەک زمانی ئەدەبی بۆ بەجێگەیاندنی پێوەندیی سیاسی و فەرهەنگی کەڵەک وەردەگرن».[1] بێ لەوەش دین و ئایین و تەریقەتەکانیش کەم تا زۆر وەک ڕاگر و پارێزەری نیزامی کۆنی کۆمەڵایەتی، ئەو بوارەیان نەدەڕەخساند کە شێعر زیاتر لە ئەرکی دیاریکراوی خۆی، پەل بۆ «بیدعەت» و شتی نەخوازراو ڕابکێشێ. هەر بۆیەشە لەو قۆناغەدا کە قۆناغی شێعری سۆفیەگەریی یە، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتی لاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ناڕەوا دەبێ ئەگەر لە بوونی تەریقەتەکانی کوردستان بەتایبەت قادری و نەخشبەندی بۆ شوێندانان لە سەر پرۆسەی شێعر و شاعیریدا، چاوبپۆشین. دوای ڕووخان و لەناوچوونی ئەمارەتە کوردییەکان، مەزگەوت و تەکیە و خانەقا وەک بنکەیێکی گرینگی کۆمەڵایەتی، گەورەترین خزمەتیان لە بواری بووژاندنەوە و پەرەپێدانی شێعر و ئەدەبی کوردیدا کرد کە دەشێ لەو بارەوە وەک نێوەندێکی ئامال دەوڵەتی کوردی لە قەڵەم بدرێن. بۆ نموونە شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان، وەکوو: «ئەحمەدی کۆری موکریانی»، «مەلا ساڵحی حەریق»، «میسباحی ئەدەب» و «وەفایی مهابادی» و زۆری دیکە... ئەگەر ڕاستەوخۆ پەروەردەی نێو حوجرەی مزگەوت و خانەقاکانی «بورهان»و «زەمبیل» و «شەمزینان»نەبووبن، لانیکەم جارجار بە ئاوی خاوێنی ئەوێ، دەستنوێژی عیشق و خۆشەویستییان شوشتووە و حاڵەتی جەزبەیان گرتووە و شێعریان گوتووە. هیچ عەیب و شوورەییش نەبووە، ئەو بارودۆخەی ئەوان تێیدا دەژیان هەر ئەوەی هەڵدەگرت.

شاعیرانی ئەو سەردەمە بە تێکڕایی جیهانبینی یەکێتی بوون(پانتەئیستی) و ئەوپەڕی سروشتی(ئیدەئالیستی) یان هەبووە و زیاتر باسی عیشق و عیرفان و سروشت و پێوەندییەکانی ڕوحی و مەعنەوییان کردووە و تانەت لە دەربڕینی گەورەترین کارەسات و ڕووداوی سەردەمی ژیانی خۆیانیش، چاویان پۆشیوە. بۆ نموونە شاعیرێکی گەورەی وەک وەفایی کە مرید و میرزای شێخ عوبەیدوڵلای نەهرێ بووە، سەبارەت بە ڕاپەڕینە مێژووییەکەی ساڵی ۱۸۸۰ی شێخ دژ بە حکوومەتی قاجارەکان، جگە لە چەند پارچە شێعر کە ڕاستەوخۆ بە شێخی هەڵاگوتووە، شتێکی ئەوتۆی لەو بارەوە دەرنەبڕیوە.

هاوکات لەگەڵ هەڵائیسانی شەڕی یەکەمی جیهانی و داگیرکرانی کوردستان لە لایەن هێزەکانی ڕووس و عوسمانییەوە، قورسایی باری شەڕ دەکەوێتە سەر ئەستۆی خەڵکی هەژار و ناتەیار و بێ چەک و مەچەکی کورد. لەم هەلە ناسکەدا، بەشێک لە شێخەکان و سەرۆکە ئایینییەکانی کوردەواری دەبنە بڵیندگۆی ئیسلامخوازی عوسمانییەکان و لە بری ئەوەیکە خەڵکی بێلایەن بهێڵنەوە، دژی سپای ڕووسی تێزاری هانیان دەدەن و بەمجۆرە زۆربەی خەڵکی کورد لەسەرۆک عەشیرەتەکانەوە ڕا بگرە هەتا چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی شارەکان، لە ڕووی ناچارییەوە دەکەونە ←

نێو شەڕێکی نەخوازراوی لاپەرەسەنی کە جگە لە ماڵوێرانی و کوشت و کوشتار و سووتانی زەویوزار، هیچ چەشنە بەرژەوەندییێکی لە بواری کۆمەڵایەتی ـ سیاسی بۆ گەلی کورد تێدا نابێ و تەنانەت گەلێک لە کەسایەتییە ناودارە بێلایەنەکانی ئەو سەردەمەش، بە تاوانی لایەنگری لەم و لەو بە دست هێزی داگیرکەری ڕووس و عوسمانی دەکوژرێن و لەدار دەدرێن.[٢] لە ئاکامی ئەو شەڕ و شوڕانە، قاتی و قڕی و گرانی لە کوردستان گەیشتووەتە پلەیێک کە خێزان ناچار بووە لە برسان منداڵی خۆی بخوا[٣]. بەم جۆرە چوارچێوەی ڕەوتی ئاسایی کۆمەڵگەی کوردەواری بە تەواوی لێک دەترازێ. بۆیە لەو قۆناخەدا دەراوی زانیاری سەبارەت بە چالاکی فەرهەنگی و ئەدەبی (شێعر و شاعیری) زۆر لێڵ و نارِوونە. دیارە لێرەدا مەبەست ئەدەب و شێعری نووسراوەیە، دەنا کورد لەو کاتەدا لە بواری ئەدەب و شێعری فۆلکلۆرییەوە بەهەمان ئەندازە کە نەخوێندەوارە، بە هەمان ئەندازەش دەوڵەمەندە.

تا ئەو جێیەی من ئاگادار بم و مەرجیش نییە وابێ، لەو قۆناغەدا جگە لەچەند پارچە شێعری کوردی، بەرهەمێکی ئەوتۆی شێعریمان بۆ نەماوەتەوە کە بتوانرێ پرۆسەی چالاکی ئەدەبی و شێعری پێ دەربخرێ. یەکێک لەو پارچە شێعرانەی کە بە یادگار ماوەتەوە و تارادەیێک ڕووداو و کارەساتەکانی شەڕ دەردەخەن، پارچە شێعرێکە لە **«عەلی بەگی حەیدەری»** (١٨٧٢-١٩٥٦)، کە سەبارەت بەو کوشتار و تالانەی کە لە لایەن ڕووسەکانەوە لە ناوچەی موکریان و بەتایبەت لە سابڵاغ کراوە، گوتراوە:

لەو دەمەی تاقم لە دیداری عەزیزانی وەتەن
دائیما جووتم لەگەڵ غەم، هەمدەمی حوزن ومیحەن
تۆزی خاکی هەرمیلێ ی تۆ سورمەیی چاوی دڵە
ئاوی سەرچاوەی زولالی شەربەتی ڕوح و بەدەن
حوببی تۆ دینی منە، ئایینی من، ئیمانی من
یاد و فکری ئاو و خاکت شوغڵ و وێردی من وەتەن
گوڵبنی گوڵزارەکەی تۆ بوو کە جێی قومری و هەزار
ئاشیانەی جوغدە ئێستا بۆتە جێی زاغ و زەغەن
شار و بازارت دەڵێن سەرپاکی وێران وخەراب
موڵک و ئاسارت هەموو پاماڵ و خاڵی و بێ سەکەن
کووچە و شارت کە پڕ ئاهووی خوتەن بوو بێ خەتا
جوملە وێران و خەرابن، پڕ لە سەگباب و لە سەن
حەیفە وا، بێ قوتبە قیبلەت بێ سەفا باغی وەفا
سەیرە وا، بێ سەیرە پرد و گۆلەکەی قازی حەسەن
مینبەر و مزگەوتی سوور و حوجرەکان وحەوشەکەی
پاکی جێ دەستەی قشوون و پاکی جێ وەعزی قەشەن
دڵبەرانت بوونە یەخسیر، چوونە قەفقاز و سبیر
نەوجەوانانت هەموو کوژران و نێژران بێ کەفەن
حەشرە واوەیلایە ئەوڕۆ کەربەلایە شاری مە
کوشتنە، تالانە، یەخسیرە، کەوا دێن و دەبەن
ڕەنجی موسلیم بێ حیسابە، ڕەحمەتێ یا موستەفا
زوڵمی کافر بێ ژمارە غەززەبی، یا زولمینەن
ئەی خودا هەر کوردە یەخسیری هەموو میللەت بووە
دەی! «عەلی» تا چاک نەفەوتاوە، بلێ فکرێ بکەن[٤]

عەلی بەگی حەیدەری، هەرچەند لەو پارچە شێعرەدا بە شێوەیێکی زۆر جوان و بە هەستێکی پاک بەشێک لە ڕووداو و کارەساتەکانی ئەو سەردەمەی بۆ تۆمار کردووین، بەڵام چونکە خۆی یەکێک لە شاعیرانی سەر بە خانەقای بورهان بووە، ڕووداوەکانی زیاتر لە ڕوانگەی جیهانبینی مەزهەبییەوە زەق کردووەتەوە تا لە ڕوانگەی نیشتمانییەوە. ڕاستە کۆشتار و تالان و بڕۆی ڕووسەکان لە ماوەی چەند ساڵان لە کوردستاندا بێ وێنە بووە، بەڵام زوڵم و سەرەڕۆیی و دڕندەیی عوسمانییەکانیش دەستێکی کەمیان لەوان نەبووە.

ئەوەی ڕاستی بێ، لە کورردستانی موکریان، سەرەتای شێعری نیشتمانی و سیاسی لە پێناو ئامانج و بووژاندنەوەی هەستی نەوتەوەیی، هاوکات لەگەڵ داگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بە هۆی دوکتور «مستەفا شەوقی» (مەستەفا قازی ناسراو بە قازی زادە)دەستی پێکردووە کە لە ساڵی ١٨٩٦ لە سابلاغ (مهاباد) لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٠دا مردووە. ئەو لە بنە ماڵەی قازی مهابادە و ئامۆزای قازی عەلی(باوکی پێشەوای قازی) و کوڕی قازی لەتیفە.[٥]

بەگوێرەی ئەو کۆمەڵە شێعرانەی کە لە بەردەست دان، ئەگەر مستەفا شەوقی خاوەنی ئەو شێعرانە بێ کە لە سەرەتای لاویدا نووسیونی، بە بەراوردکردن لە گەڵ ئەوە کە لە ساڵی ١٩٥٠دا کۆچی دوایی کردبێ، دەبێ بەرهەمی شێعریی گەلێک لەوە زیاتری لە پاش بە جێ مابێ. بەهەرحاڵ مەستەفا شەوقی یەکێک لەو شاعیرانەیە کە لە سەر بەستێنی شێعری کلاسیکی کوردی و لە سەر هەمان ڕووخسار و شکڵی باوی دەربڕین، ئاماڵ گۆڕانێکی لە باری ناوەرۆک و کاکڵەوە بەدیهێناوە. واتە بە پێچەوانەی شاعیرانی پێشوو، نەهاتووە شێعری ڕووتی بێ پشتیوانە، یان دەربڕینێکی گشتی بێژانە بێنێتە ئاراوە. هەرچەند ئەویش کە خۆی لە سەرەتای لاویدا لە خانەقای بورهان خوێندوویەتی و پێگەیشتووە، لە بیر و بۆچووندا زیاتر بۆ لای لایەنگیری لە عوسمانییەکان دادەشکێتەوە تا ڕووسەکان، بەڵام هەرچۆنێک بێ، وەک نوێنەری تازە پێگەیشتووی توێژی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە، هەوڵی داوە کوڕ و کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەرەو بیر و ئامانجی پێشکەوتنخوازانە هان بدا و هەستی نەتەوایەتی وکوردایەتییان وەخۆ بخا. بەتایبەت دوای ئەوەیکە مستەفا شەوقی بە مەبەستی خوێندن وڵات بە جێ دێڵێ و لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵانی ئازادیخوازی دەرەوەی وڵات لە شاری ئیستانبووڵ ئاشنا دەبێ[٦]، هەم لە باری جیهانبینییەوە و هەم لە باری بیر و بۆچوونی نیشتمانییەوە گۆڕانێکی قووڵی بە سەر دادێ و لە سەر مەسەلەی کوردان و هۆی وەپاشکەوتنیان (نەخوێندەواری و جەهل و نیفاق) زیاتر وردەبێتەوە؛ بۆیە ناوەرۆکی شێعرەکانی لە چاو ئەو کاتە، دەربڕی هەستێکی کوردانە و نیشتمانپەروەرانەن.

مستەفای شەوقی سەرەڕای ئەوەیکە ڕیشەی دەرد و ڕەنجی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردەواری چ بە شێعر و چ بە نووسراوە باس دەکا، تا ئەو جێیەی لە تواناشیدا بووبێ، هۆ و سەبەب و ڕێگا چارەشیان ڕوون دەکاتەوە. ئەو، لە پارچەشێعریکیدا کە بە بۆنەی قەتڵوعامی(سابلاغێ) لە لایەن ڕووسەکانەوە گوتوویەتی دەڵێ:

جەبین مینایی زێو، کوردی هوما، خاڵ مشکی تاتاری
شەدەشل، چاو بەکل، ڕوو سوورە گوڵ، تەڕراڕ و عەییاری
..................................................
وەرە تا شەرحی ئەحواڵی دڵی خۆمت لە بۆ بێژم
وەرە تا من بە فرمێسکم بشۆم بۆت پەردەیی تاری
عەلیمولڵا لە پاش تەشریف و چوونی تۆ لە (سابلاغێ)
وەتەن وێران و ماڵ سووتاو و کیژ بێ لاو و خوێن باری...

دە نێو مێرگوڵەکاندا سووشیی[7] زەرد و هەڵاڵەی سوور...
لە باغ و باغچەکاندا بولبولی شەیدا و پاساری
بە زوڵم و جەوری دوشمن بوو، بەهاریان زەردە پاییزێک
لە بێ ڕەحمیی و دڵ سەختی بە باریان بار لە لێو باری
لە ئاغایان و ئەشراف و مەلایان کەس نەما ئەورۆ
لە سەر ئەنقازی ماڵیان خۆ دەخوێنن کوند بە بێ عاری
لەوەی پێش من کە دەمگوت ئەی برایان غەفڵەتو بەس بێ!
جەفات فەرموو و تەعنەت دا کە شەوقی پووچە بازاڕی؟
ئەوێ وەختی ئەتۆ مەست و غرووری حوسن و ئانت بووی...
ئەتۆ شا و من جەوانێکی فەقیر بووم ڕوو بەشر[8]، شاری
لە تیژی ئاگری عیشقی تۆ زێهنم هێندە مودریک بوو!
کە ئەو ئەحواڵەکانم یەک بە یەک دیبوو بە بێداری[9]

هەروەک دەزانین لە شەڕی یەکەمی جیهانی گەلێک لە عەشیرەت و بنەماڵە شارەییەکانی کوردستان کەوتنە نێو ئاگری شەڕێکی نەخوازراو و داسەپاو، کە بە تێکڕایی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو سەردەمەی بە سەر سێ بەرەی جیاوازدا دابەش کرد، بەرەیێک لایەنگری هێزی ڕووس و بەرەیێک لایەنگری هێزی عوسمانی(کە هاوپەیمانی ئاڵمان بوو) و بەرەی سێهەمیش بەرەی دژ بە هەردوولا، واتە هەم ڕووس و هەم عوسمانی بوو. بەشێک لە شێخ و خەلیفەکانی سەر بە ڕێبازی نەخشبەندی بۆ نموونە:شێخ حیسامەدین(ی تەوێڵە) و مەولانا محەمەد سادقی مەرزینگ ( خەلیفە و سەرپەرستی خانەقای بورهان دوای وەفاتی شێخ) [10]، بەرەی یەکەم پێکدێنن کە بە هەواخوازی لە ئیسلام و لایەنگریی لە عوسمانی دژی هێزی داگیرکەری ڕووس فتوای جیهاد دەدەن و زۆربەی عەشیرەت و بنەماڵەکانی سەر بەو خانەقایانە لە موکریان، لە شەڕ و ڕووداوەکاندا بەشداری دەکەن. بەرەی دووهەم واتە لایەنگری لە ڕووس و دژی عوسمانی لەلایەن خانەقای شەمزینان بە ڕێبەرایەتی شێخ عوبدولقادری شەمزینان[11] و بەرەی سێهەمیش کە بەشێک لە سەرۆک عەشیرەت و بنەماڵە و حاکمەکانی موکریان دەگرێتەوە پێکدێ کە یەکێک لە بە ناوبانگترین سەرداری ئەو شەڕانە قازی فەتاحی شەهیدە کە لە پێناو بەرگری و دیفاع لە شاری سابلاغ، لە شەڕێکی نابەرانبەردا بە دەست ساڵداتەکانی ڕووس دەکوژرێ و بەشێک لە خزم وکەسوکارەکەی بە دیل دەگیرێن[12] کە «عەلی بەگی حەیدەری» لە شێعرکەیدا ئیشارەی پێکردووە. هەڵبەت جێی خۆیەتی ئەوەش بگوترێ کە شەڕ و بەرەنگاریی خەڵکی کوردستان، چ لە ئاست هێزی ڕووس و چ لە ئاست هێزی عوسمانی، هەڵوێستێکی دروست و نیشتمانپەروەرانە بووە، چونکە هەرچۆنێکی لە قەڵەم دەین ئەو شەڕ و خۆڕاگری و بەرەنگارییانە لە پێناو پاراستنی شەڕەف و نامووس و نیشتمان بووە؛ هەرچەند ئەگەر بە پێی بارودۆخی ئەوکاتە ئاماڵ بەرەیێکی یەکگرتووی ڕێکوپێک بە دیهاتبایە ڕەنگە تەلەفات کەمتر بووبا و تورکە عوسمانییەکانیش نەیانتوانیبا لەلایێک ئاوا بە هاسانی لە هەستی ئیسلامەتی خەڵکی کورد کەڵک وەرگرن و لەولاش گەورە پیاوانی موکریان وەک حەمە خانی بانە، محەمەد حوسێنخانی سەردار، سەیفەدین خانی سەقز و شێخ بابا سەعیدی غەوسابات(کە خۆی شاعیریش بووە) ڕەپێچەکدەن و لە سێدارەیان بدەن.[13]

مەبەست لە هەتڵەبوونی باسەکە، دەستنیشانکردنی ئەو خاڵە بوو کە مستەفا شەوقی وەک ڕۆشنبیرێکی خوێنگەرمی شارەیی ئەو سەردەمە، زۆر ڕێی تێدەچێ کە چەشنە بیر و بۆچوونێکی گەلاڵەکراوی سەبارەت بە شەڕ و بەرگری هەبووبێ بەڵام ئەم گەورە پیاوەی کە لە شێعرەکەدا مەبەستێتی ـ من ڕۆرتر بیرم بۆ لای مەولانا محەمەد سادق بڕ دەکا تا بۆ لای قازی فەتاح ـ بە گوێی نەکردووە و پاشان دەرکەوتووە کە پێشبینییەکانی وەڕاست گەڕاون و دیارە ئەو تیژ زەینییەش هەر بە هۆی ئاگری عیشقی ئەو کەسە بووە کە شێعرەکەی بۆ ناردووە.

لەو پارچە شێعرانەی کە بە دەستەوەن زۆربەیان ئەوە دەسەلمێنن کە شەوقی دەبێ لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی یەکەم لە وڵات بووبێ و پاشان بەرەو هەندەران پەرەوازە بووە؛ بۆیە تەنانەت لەو جێیەی کە بە زمانی غەزەلیش دەدوێ، سۆزی نیشتمان و ئەو وێنە تراژێدییانەی کە بە چاوی خۆی بینیویە کاریان تێکردووە و ڕەنگیان داوەتەوە. شێعرەکانیشی جگە لە یەک دوو پارچە نەبێ، هەموویانی دەبێ لە دەرەوە نووسی بێ. کەسێک کە شەڕگەی نەدیبێ و وێنە تراژێدییەزیندووەکانی لە مێشکیدا هەڵنەگرێتەوە ناتوانێ دەربڕی ئەو هەستە لە جۆشە و دەرخەری ئەو دیمەنە شاعیرانەیە بێ. ئەو، لە پارچە هۆنراوەی «حەسەبی حاڵ دەگەڵ وەتەن»دا، دەڵێ:

خەملیوە لە سەر قەبری جەوانان گوڵ و لاڵە؟
یا سووریی خوێنە کە بڵێی ڕەنگەکی ئاڵە
پێش تابشی خورشید، فەلەک وەقتی بەهاران،
وەک چاو لە فرمێسکی منە، قەترەیی ژاڵە
ئەی بادی سەبا، هەستە گوزەر کە بە وەتەن دا
پەخشان بکە سەر ئەرزی وەتەن بۆنی گوڵاڵە!
با بێت و بە تەنسیری فسوونی نەفەسی تۆ
وەک غونچە بپشکوێ دەمی ئەو کوردە کە لاڵە
با بێت و سبەینان ئەلەم و دەردی شەوی هەجر
بێژێ، کە لەوەی پاش خەوی مە، مەحزی وەباڵە!
قەهری فەلەک و جەوری ڕەقیب و ستەمی دۆست
سەر ناسیەیی پڕ شکەنی کرد بە قەباڵە
چارت نییە ئەورۆکە ئەتۆ دەستە شکاوی
بەد مەستیی مەی بوو کە شکا جام و پیاڵە
شەوقی وەرە لەو غووربەتە مائیل بە وەتەن بە
بێ خاکی وەتەن عیززەتی تۆ مەحزی خەیاڵە..
بەو کاکۆڵی ڕەش ڕەنگە! کەوا بۆزی فیراقە
با ڕام بێ لە بۆت فەزل و هونەر چونکە حەلاڵە[14]

ئەگەر لە لایەنی زێدەگۆیی و زێدە بێژی چاو بپۆشرێ، ئەو غەزەلەی شەوقی یەکێک لە جوانترین و پڕ ناوەرۆکترین غەزەلی شێعری کوردی بە حیساب دێ و لە هەمان کاتدا بە گرینگترین شێعری نیشتمانی. دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم کە شەوقی، بەو پارچە شێعرە و بەتایبەت بە گوتنی بەیتی چوارەم، تەوای ئەو کەلێن وکۆلێن و بۆشاییەی کە لە بواری شێعری نیشتمانییەوە تا ئەم قۆناغە بەدیدەکرێ پڕدەکاتەوە. شەوقی، دەمی کوردی لاڵی بە خونچەیێکی نەکراوە چوواندووە کە تەنیا بای سەبا(کە پەیامی شاعیر خۆیەتی) دەتوانێ بیپشکوێنێ و وەک گوڵاڵە کە بیرخەرەوەی خوێنی هەزاران لاوە، زمانی گۆیان وەخۆیان بخا و داوای کراوەیی و ئازادی و سەربەخۆیی بکەن...

شەوقی لە پارچە شێعرێکی دیکەیدا زۆر بە وردی هۆی ئەم «لاڵی» و «دەستە شکاوی»و «بەدمەستی»یە واتە تێنەخوێندنەوەی بارودۆخی زەمانە و هەروەها «شکانی جام و پیاڵە» لە چاوی ئەو کەسانەوە دەبینێ کە «دوژمنی» و «نیفاق» ئەیهێشتووە بە عیلم و مەعریفەت خاکی پاکی وەتەن تێراو بکەن:

زمـــانی ئێـــمـــە شـــیـــرینە، هەواری ئێـــمـــە ڕەنگینە
بەڵا چونکە هەمـــوومـــان دوژمنین زۆر سـەعـبـە ئیـدراکی
نیـــفـــاقی مـــە گـــوناهێکی عـــەزیمە جـــا ئۆبالی وی
بە گـەردەن شـێخ و ئاغـا و مـەلا و دەست و مـیـســواکی[15]

ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە شێعر و پلەی شاعیریی شەوقی بە گوێرەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری قسەی ئاخرمان بکەین و بە ئاکامێکی شیاو بگەین، دەبێ بڵێین کە شەوقی یەکێکە لە ئاڵاهەڵگرانی **قۆناغی ڕۆشنگەریی** کە زوڵم و زۆریی داگیـرکـەران و دوژمنانی کـورد لە لایێک و چەنددەستەیی و پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری کۆمەڵگەکەی لە لایێکی دیکەوە کـاریان تێکردووە و هەسـتـیـان هارووژاندووە، بۆیە بنەمـای بیـر و بۆچوونی نەتەوەخـوازی لە تەواوی شـێـعـرەکـانیـدا هەست پێدەکـرێ. ئەو، لە باری شـێـعـرەوە نە تەنیـا ئارمـانجـخـوازە بەڵکوو بە کـردەوەش پیـاوی کـار و تێکۆشـانە. شـەوقی بە پێـچـەوانەی شـاعـیـرانی دەستەی یەکەمی موکریان(**قۆناغی سۆفیگەری**) خـاوەنی دەنگی ڕەسـەنی سـەردەمی خـۆیەتی و بە زمـانی ڕەخنە و سـەرکـۆنەکـردن و پلارتێگرتن و هاندانی هەستی نەتەوەیی دەیەوێ گەلەکەی بەرەو جادە ڕێی شارستانی و ئازادی و بەختەوەری ڕێنوێنی بکا.

هەروەک ئاگادارین، هاوکات لە گەڵ پەرەگرتنی بەکاوەخۆی سەرمایەداری لە ئێرانی سەدەی نۆزدە و بەرەوپێشـچوونی پلەی شارسـتـانی لە لایێک و هەوڵی پێکهێنانی حکوومەتێکی بە هێزی ناوەندی و نوێکردنەوەی بنکەی دەسەڵات لە ئێران لە لایێکی دیکەوە، لە کوردستـانیش کەم وزۆر چەشنە ئاڵوگـۆڕێکی کـۆمـەڵایەتی و چینایەتی و فـەرهەنگی بە تایبـەت لە بواری هەسـتی نەتەوەییـدا پێکدێ کـە هەر وەک باسی لێـوە دەکـەین بە هاتنە سـەرکـاری ڕەزاشـای پەهلەوی لە سـاڵی١٩٢٥دا، ئەو دیاردەیە زەق تر دەبێتەوە.

جاری وایە مێژووش بەپێچەوانەی پرۆسەی قانوونمەندی کۆمەڵایەتی، دژ بە ڕەوتی ئاسایی خـۆی وەها هەتڵـە دەبێ کـە کـەس سـەرەدەری لێ ناکـا ئەوەیکە لەو قـۆنـاغـەدا، بازی خـۆشـپـەروازی پاشـایەتی بە دەست چاوبەسـتـانی ئینگلیس هەڵخرێ و بە سـووڕان و تەقڵـەلێـدان لە سـەر شەپکەی کۆنە سەربازێکی نەخوێندەوار بنیشرێ، یەکێک لەو کارە سەیر و سـەمـەرانەیە. لەوەش سـەیرتر سـازکـردنی مـێـژوویێکی دەسـتـکردە کـە ناسیۆنالیسـتە توند و تیژەکان، نەجاتی ئێران و «میللەتی ئێران» لە چاوی ئەو کۆنە سەربازە و پاشای داهاتووی ئێراندا دەبینن، بێ ئەوەی بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەرەوە و ناوەوە لێکبدەنەوە. ئەوەیکە هێندێک لە مـێـژوونووسـانی هەندەری و ناوەیی دەوڵـەتی دەسـتـکردی پەهلەوی بە دەوڵەتێکی «مۆدێرن / نوێباو» لە قەڵەم دەدەن، ئەگەر هەڵەیێکی ناشیانە نەبێ بێشک بۆچوونێکی بەرژەوەندخوازانەیە. دەوڵەتی مۆدێرن لە ئاکامی پرۆسـەیێکی قـانوونمەندی کۆمـەڵایەتی پێکدێ کە تێـیدا «مـافی ژیان» و «مـافی هاووڵاتی» هەمـوو چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ، بە گوێرەی قـانوون لەبەر چاوبگێـرێ و کـەس حـەقی نەبێ بە حوکـمی سـەرنێـزە ئەو دیاردانە پێـــشـــێـل بکا. جـــا با بزانین ئایا بـە ڕاســـتی ئەو هەســـتی «ئێرانیگەری» و ئەو دەوڵەتی مۆدێرنە لە کوێ ڕا سەرچاوەی گرت و چۆن بوو دواتر بە وەلانانی ڕەزاشا ئاداری لە سەر پاداری نەما؟

هەر وەک ئاشکرایە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و بەتایبەت سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر و کشانەوەی هێزەکانی ڕووس(بەر لە کۆتایی هاتنی شەڕ)، تەنیا مـزنهێزێکی کە تەواوی چارەنووسی سیاسی ئێرانی کەوتە دەست، دەوڵـەتی ئـینـگـلیس بوو. دیارە ئەمـــریکاش لە بنەوە یاریدەدەر و هاوبەرژەوەندی سـیـاسـەتی ئینگلیس بوو. دەوەدا شک نیـیـە کـە

«نارەزایەتی لە بێ وزەیی وڵات لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٩-١٩٢١و لایەنگری لە پێکهاتنی حکوومەتێکی بەهێزی ناوەندی و خـوازەری چاککاری، ڕەزاخـانی یارمـەتیـدا و پێشـڕەفـەتەکـانی، ئینگلسـیـان زیاتر بۆ پشـتـیـوانی وی هاوئاهەنگ کـرد»؛ ئەوەش حاشای لێ ناکرێ هەر وەک «ژیرینسکی لە سەر نەخشی گرینگی وەزیری موختاری بریتانیا سێر پێرسی لۆرێن(Sir Percy Lo-rain)سەبارەت بە هێنانی ڕەزاخان و هاسان کردنەوەی کاری وی پێدادەگـرێ و دەڵێ ئەوە لۆرێن بوو کـە ڕەخسـانـدی بریتـانیـا لە پشتیوانی شێخ خەزعەل دەست هەڵگرێ و دەسەڵاتی ڕەزاخانی بە سەردا بچارێنێ و ئەوە لۆرێن بوو کە ڕەزاخانی تێگەیاند کە سەری ناسازگاری لە گەڵ ڕووخانی قاجارەکان و دامەزرانی بنەماڵەیێکی تازە نابێ»[16]چونکە «بەگـــوێرەی بارودۆخی دەرەکی و ناوەکی ئێـرانی ئەوسـەردەمـە، دەکـرێ وای دابنێین سـەرەڕای ئەوەیکە چ کەسێک وەزیری موختاری بریتانیا لە تاران بێ، کاربەدەستانی ئینگلیسی بە هاسانی کەسێکی وەک ڕەزاخانیان بۆ ئەدەدۆزراوە کە بتوانێ دەسەڵاتی چەسپاو و هێمنایەتی ئێران بەرقـەراربکا، هەڕەشـە لە بەرژەوەندییـەکـانی بریتـانیـا نەکـا و دەوڵـەتی وی لەمـپـەرێک بێ لە نێـوان ئیـمـپـراتووری[بریتـانیـا] و سـۆڤـێت و کۆسپێک بێ لە سەر ڕێگای پەرەگرتنی بۆلشویزم».[17]

وەختـایێک ڕەزاخـان لە سـاڵی ١٩٢٥ بە نێوی «**پەهلەوی**» پاشایەتی ئێرانی بۆ مسۆگەر کرا، جگە لە بزووتنەوەی سمکۆ کە ماوەی چەند ساڵان درێژەی هەبوو و دەوڵـەتی ناوەندی ئێـــرانی کـــوندە جـــەرگ کـــردبوو، بزووتنەوەیێکی ئەوتۆی گـرینگ و جـێی ترس نەمـابوو کـە بە یارمـەتی ئینگلیس سەرکوت نەکرێ. بۆیە یەکێک لە هەنگاوە گرینگەکانی کە دەبوو لە پێناو دامەزرانی «ئێرانی نوێ» و ئامانجی «نوێخوازی» هەڵیهێنێتەوە، بە هێـز کردنی قـەوارەی ئەرتەش و پتـەو کـردنی نیـزامی بۆروکـراتیک ـ پۆلیسی بوو لە سەر ئەساسی کەم کردنەوەی دەسەڵاتی هۆز و عەشیرەت و نەتەوە نا فـارسەکـان. ڕەزا شا بە کەڵک وەرگرتن لە داهاتی لە حیسـاب نەهاتووی ئەوت و بە بەهرەوەرگـرتن لە سـیـاسـەت و ئامـۆژگـارییـەکـانی ئینگلیس توانی حکوومـەتێکی تەواو پۆلیـسی لە سـەرتاسـەری ئێـران و بەتایبەت لە کوردستان دابمەزرێنێ.

دیارە «لـەو بارەدا، ڕەزا شـــا لە لایەن بەشـــێکی زۆر لە ڕۆشنبـیـرانی خـاوەن نفـوزی ئێـرانی کـە پێـیـان وابوو هۆز و عەشیرەتەکانی نەژادی[نافارس] کۆسپێکی نالەبارن لە سەر ڕێی نوێخوازی، پشـتیوانی لێکرا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەزا شا خۆی لە سـەرەتاوە بۆ لە ناوبردنی هێندێک لە عـەشـیـرەتە خـاوەن دەستەڵاتەکان لە هێزی عەسکەری عەشیرەیی یارمەتی وەرگرت بەڵام مـاوەیێکی پێنەچوو هەمـوویانی تێکشکاند. سـەرۆکـەکـانی یان پەرەوەازە کـــرد، یان لە زینـدانی ئـاخنین و لەنـاوی بردن. هێندێکی چەک کردن و هێندێکیشی ناچار بە داسەکنان کرد و لە ڕێی ئامـــۆژیاری[فـــێـــر کـــردن و بارهێنان]، نفـــووزی بۆرۆکراتیک(ئیداری)، بەسەربازبردنی ئیجباری(مەشمول) و، گـــۆڕینی زمـــان و جلوبەرگ هەوڵی دا ئەوان بکاتە بەشـێک لە کۆمەڵگەی فارس زمانان.»[18]

بەکـــورتی هەروەک نووســـەر و لێکۆڵـەرەوەی ئێـــرانی «شـــاهروخ مسکوب»دەڵێ:

«تەنیا ڕێگایێکی کە تەقریبەن هەموو بیرکەرەوانی ئێراندۆست بۆ دەرمانی پەرێشانی[ئێران]دۆزیانەوە، دوو ڕێی تێکنەڵقاو و یەک لایەنە بوو:

ـ ئێرانیگەری(ناسیۆنالیزم) لە ئیدەئۆلۆژیدا؛

ـ دەوڵەتی بەهێزی ناوەندی، لە گۆڕەپانی کردەوەدا.»[19]

کە گونجاندنی ناوەرۆکی هەردووک خاڵی ئەو سیاسەتە، لە پێوەندی لە گەڵ کوردستاندا جگە لە ستەمی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و نەتەوایەتی ـ فەرهەنگی، دوژمنایەتێکی ئاشکراش بوو بۆ تواندنەوەی یەکجاری نەتەوەی کورد لە نێو «هەوێتی نەتەوەیی ئێرانی»دا.

هەرچەند ڕەزاشا لە پێوەندی لەگەڵ خاڵی دووهەمدا توانی بە حوکمی سەرنێزە و هێزی عەسکەری هێمنایەتێکی ئاماڵ گۆڕستانی لە کوردستان پێکبێنێ، بەڵام سەبارەت بە خاڵی یەکەم سەرەڕای پروپاگەندەیێکی زۆری ئیدەئۆلۆژی و سیاسی و فەرهەنگی، نەیتوانی کورد لە چوارچێوەی «هەوێتی نەتەوەیی ئێرانی»دا بتوێنێتەوە.

باوەکوو لەو سەروبەندەدا، هەروەک پیاوە قەدیمییەکانی موکریان دەگێڕنەوە و دەڵێن: «کەڵ بە موو بەند بوو»، کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەتەنیا سەریان بۆ ئیدەئۆلۆژی «ئێرانیگەری»ی شوڤێنیستە خاوەن دەستەڵاتەکانی دەوڵەتی ناوەندی شۆڕ نەکرد، بەڵکوو لە باری هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتیشەوە زیاتر تێهەڵچوونەوە.

ئەوەی پێوەندی بە شێعر و شاعیرییەوە هەبێ، دەبێ بڵێین، سەرەڕای ئەوەکە لەو قۆناغەدا بە ڕەسمی زمانی کوردی قەدەغە دەکرێ، شێعری کوردی کە هەم ڕەنگدەرەوەی بیر و بۆچوونی نیشتمانی و هەم دەربڕی نارەزایەتی لەدژی سیاسەتی تواندنەوەی فەرهەنگی و زمانی کوردی بێ، لە سەر بەستێنی شێعری شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان(قۆناغی سۆفیگەری) ڕەوتی خۆی درێژە پێدا. بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە یەکێک لەو سەنگەرانەی کە زمانی کوردی تارەداییێک لە نەمان پاراست مەتەریزی شێعر بوو، لە هەمان کاتیشدا چاکترین و هاسانترین چەکی بەرەنگاری کە تەنانەت خەڵکی نەخوێندەواریش دەیتوانی هەم بیبێژێ و بیژنەفێ، هەم لەبەریشی بکا و بۆ خەڵکی دیکەشی بخوێنێتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە سەر دەرگای هەموو مەدرەسە و ئیدارەکانیش نووسرابوو « بە فارسی قسان بکەن».[20]

دیارە لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، چ لەناچاری بێ و چ بە زۆرە ملی، هەبوون کەسانێک کە پشتیان لە زمان و ئەدەب و شێعری کوردی کرد و بەمجۆرە نەختالێک زەوقی فەرهەنگی و ڕەوتی شێعر و ئەدەبی کوردی کوێر بۆوە. بەڵام هەرنەندازە پرۆسەی دامەزرانی «ئێرانی نوێ» و هەستی ناسیۆنالیستی نەتەوەی سەردەست، ئەویش لە سەر حیسابی تواندنەوەی گەلانی نافارس، توند و تیژتر دەبوو، بەهەمان ئەندازەش هەستی نەتەوایەتی کوردیش کە وەک پۆلووی ژێرخۆڵەمێش وابوو لە ناورگی شێعری کوردیدا دەگەشاوە. وەختاییێک لە سالی ١٣١٣(١٩٣٤)، جێژنی هەزارساڵەی «فیردەوسی»دانەری شاهنامە، لە تاران بەڕێوەدەچێ، لە لایەن هەستیاران و شاعیران و نیشتمانپەروەرانی کوردیشەوە لە مزگەوت و خانەقا و دیوەخان و قاوەخانەکانی کوردستان لەوپەڕی حوکمی پۆلیسیدا، شێعری کوردی دەخوێندرێتەوە و بەمجۆرە چەشنە ئەدەبێکی بەرەنگاری لە نێو کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵکی کورددا پەرەدەگرێ. لێرەدا جێی خۆیەتی هێندێک لەم شوێن و ناوەندانەی کە لە بواری بووژاندنەوەی شێعر و زمانی کوردیدا نەخشێکی بەرچاویان هەبووە و نەیانهێشتووە ئەو ئاگرە بکوژێتەوە، دەستنیشان بکەین و بۆ نموونە هێندێکیان ناو بەرین:

ـ خانەقای شەمزینان لە شاری مهاباد،

ـ خانەقای زەمبیل،

ـ دیوەخانی عەلیخانی ئەمیری،

ـ دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شافعی لە شاری مهاباد،

ـ مەحکەمە و دیوەخانی قازی عەلی و قازی محەمەد،

ـ خانەقای شەمسی بورهان...

هەرچەند لەو قۆناغەشدا زۆربەی شاعیرانی سەر بەم بنکەکۆمەڵایەتییە ئایینییانە هەر لە سەر شێواز و دەربڕینی کۆن شێعریان دەگوت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ سەبارەت بەکارتێکەری و شوێندانیان لە سەر داهاتووی شێعری موکریان بە تایبەت گەشەپێدانی زمانی کوردی چاویان لێ بپۆشرێ.

دوای هاتنەسەر کاری بنەماڵەی پەهلەوی و جێگیربوونی دەوڵەتی ناوەندی و پروپاگەندەکردن بۆ ئیدەئۆلۆژی ئێرانیگەری و «هەوێتی نەتەوەیی ئێرانی»، لە شێعر و ئەدەبی کوردیشدا کەم و زۆر چەشنە هەڵوێست و بەرهەڵست و نارەزایەتییێک لە حاند پێشێل بوونی مافی نەتەوەیی و فەرهەنگی، بەرجەستە دەبێتەوە و وردە وردە ڕێگا بەرەو شێوازییێکی دیکە کە تا دوێنێ زۆربەی شاعیرانی قۆناغی سۆفیگەری خۆیان لێ دەبوارد، خۆش دەکرێ. بەم جۆرە لەو سەردەمەدا کە دەنگی ئازادی لە گەروودا خەفە کرابوو، لە شێعری موکریاندا، تۆوی بەخۆداهاتنەوە و بیر و بۆچوونی پێشکەوتنخوازانە و هەستی نەتەوەیی لە شێوەردی زەرهەڵگەڕاو و لە ناو بێبەشکراوی کۆمەڵگەی کوردەواری دادەچێندرێ. بە کورتی دەتوانین بێژین شێعری موکریان باوەکوو لەباری شکڵ و ڕووخسارەوە درێژەدەری هەمان شێوازی پێشوو بوو، بەڵام لە باری کاکڵ و ناوەرۆکەوە هێندێک تایبەتمەندیی بەرچاوی تێدا بەدیهات کە لەو خاڵانەی خوارەوەدا خۆ دەنوێنن:

ـ دەربڕینی هۆی پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری و بەشخوراوی و ژێر دەستەیی کۆمەڵگەی کورد.

ـ نواندن و دەرخستنی زوڵم و سەرەڕۆیی حکوومەتی ناوەندی و لە قاودانی سیاسەتی دووڕوویی و کوردنامۆیی.

ـ ڕەنگدانەوەی ڕووداوە گرینگەکانی کوردستان، وەک ڕاگوێزانی هێندێک لە هۆز و عەشیرەتەکانی کورد بە زۆرەملی، قەدەغەکردنی زمانی کوردی، گۆڕینی شێوەی جلوبەرگی کوردی و داسەپاندنی شەپکەی پەهلەوی و...

ـ هاندانی کۆڕوکۆمەڵانی کوردەواری و هورووژاندن و ڕاکێشانیان لە پێناو ئامانجی نەتەوەیی و ئازادی و سەربەخۆیی.

ـ لۆمە و سەرکۆنەکردنی سەرۆک عەشیرەت و تاقمە دەسترۆیشتووەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی.

ـ هەروەها ڕەخنەی توند و تیژ لە کار و ئاکاری دزێو و ناشیرینی کۆمەڵایەتی کە دەبنە هۆی دووبەرەکی(نیفاق) و بەدبەختی و ماڵوێرانی...

دیارە شێعر وەک دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی، پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕادەی خوێندەواری و زەوقی فەرهەنگی و پلەی شارستانی و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە شێعری موکریانی ئەو قۆناغەش ڕەنگدەرەوەی بارودۆخی کۆمەڵگەی خۆیەتی. ئەگەر تا دوێنێ شێعری کوردی بە تێکڕایی دەربڕی چەشنە بیر و بۆچوونێکی عیرفانی و ئیدەئالیستی (خوداخوازی و ئینسانئەوازی) و گشتی بێژانە و هەمەلایەنە بوو، لە مە بەدوا پێ دەنێتە قۆناغێکی ڕیئالیستی(کۆمەڵخوازی و نەتەوەنەوازی)و تایبەتبێژانە و یەکلایەنە کە هەم باری نەتەوایەتی تێدا بەرجەستە دەبێتەوە و هەم باری چینایەتی. لە نێو شاعیرانی موکریاندا

بۆغوونه دەکرێ لە دوو شاعیری ناودار و مەزن «**مەلامارفی کۆکەیی** (١٨٧٤-١٩٤٥)» مەلا و پێشنوێژی مزگەوتی شادەرویشی شاری مهاباد و، میرزا «**ئەبولحەسەنی سەیفی قازی** (١٨٧٧- ١٩٤٤)» ناسراو بە (سیف القضات) مامۆستای شاعیرانی موکریان نێو بەرین کە هەردووکیان بە هەق وێکهێنەری ئاڵقە و جەمسەری لایەنی چینایەتی و نەتەوایەتی شێعری موکریانن.

مەلا مارفی کۆکەیی سەرەڕای ئەوە کە لە گوتنی شێعری کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی دا دەستێکی بەرزی هەبووە، کۆمەڵگەی کوردەواریشی باش ناسیوە و هۆی پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری و چاولەبەری گەلی کوردی شارەزایانە دەست نیشان کردووە. ئەو لە پارچەشێعرێکیدا ئەو مەبەستانە بە ڕوونی دەردەبڕێ و دەڵێ:

ئەی میللەتی مەزلوم و فەقیر و دەستەوەستان
بێ عیلم و مەعاریف وەکوو ئەتفالی دەبستان
ئەی بێ بەش و بێ بەهرە لە ئازادی و شادی
مەحرووم وعەقەب کەوتوو وەکوو کوێر و ئەقوستان
بۆ بێخەبەرن دەوری جەهالەت سوپەری بوو
بێنووره چرای جامیعەیی بادەپەرستان
........................................
شاعیر وەرە قوربانی قەریحە و قەڵەمت بم
بینووسە لە بۆ ئاکرە و ئامێد و لوڕستان
«باوەندی»و «سەنجابی» و ئافاقی جنووبی
بۆ کوردی پەراکەندە لە گەرمێن ولە کوێستان
بۆ میللەتی بێچارەیی بێ ساحیب وسەردار
بە خسووس تەبەقەی کوردی عێراق و عەجەمستان
بۆ ئاتیە فکرێکی بکەن فرسەتە ئەورۆ
تاکەی دەبنە چاولەبەر و ئالەتی دەستان [٢١]

ماکەی قین و ناڕەزایەتی دژ بە دوژمنانی کورد وەختایێک زیاتر زەق و تۆخ دەبێتەوە کە مەلا مارف کوڕێکیشی بە نێوی «مەلاعەلی»لە ساڵی ١٩٢٤دا، لە شەڕێکی نابەرانبەر لەگەڵ ژاندارمەکانی سەر بە ڕەزاخان لە ناوچەی بۆکان دەکوژرێ. [٢٢]

کۆکەیی هەر وەک لە شێعرەکانی ڕا دەردەکەوێ، توانیویەتی بە چەکی زمان و شێعر، بەرەنگاری زوڵم و سەرەڕۆیی کاربەدەستانی هەندەری و خۆماڵی دەورانی ڕەزا شا بێتەوە و لێیان لە هەڵا بدا و ببێتە زمانی قاودان و نوێنەری ناڕەزایەتی تەواوی ئەو چین و توێژانەی کە لە لایەن ئەمنیە و ئاژان و کاربەدەستانی دەورانی ڕەزاشا، لە گوند و شارەکانی کوردستاندا دەڕووتانەوە.

هەروەک دەزانین ڕەزاشا دوای هاتنە سەر تەختی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٢٥، قانوونی سجیل وەرگرتن و بەسەربازبردنی ئیجباری(مەشمول) و دواتریش لە ساڵی ١٩٢٧ قانوونی جل گۆڕین بە چاولێکەری لە وڵاتانی ئوڕووپایی و هاوسەنگی لەگەڵ سیاسەتی کەمال ئاتاتورک لە تورکیا، دەردەکا کە بۆ بە جێگەیاندنی ئەو فەرمانانە، کار بەدەستانی سەر بە ڕێژیم لە تەواوی کوردستاندا، بە شێوەیێکی زۆر زاڵمانە، وێڕای بوغز و غەرەزی میللی لەگەڵ خەڵکی کورد ڕەفتار دەکەن و کار دەگاتە ئەوە کە « مەندیلی مەلایان، شەدەی لاوان، چارشێوی ژنان، ئێفەکی ڕانک و پانتۆڵ لەبەرانیان دەسووتاند...». [٢٣] هەرچەند لێرە ولەوێ گەلێک سەربزێوی و ناڕەزایەتی وەک ڕاپەڕینی مەلا خەلیلی گۆرەمەڕێ لە دژی شەپکەی پەهلەوی سەریان هەڵدا، بەڵام هەژار گوتەنی «...مەلا خەلیل کە شکا دەبوو مەلا و فەقێ ئیجازەیان پێ بێ کڵاو لە سەر نەکەن» [٢٤]. مەلامارف لە پارچە هۆنراوەیێکی خۆیدا، سەرەڕای دەربڕینی وەزعی نالەباری ژیان و پیری و هەژاری خۆی، ڕەفتار و ئاکاری دزێوی کاربەدەستانی ڕێژیمی «پەهلەوی»یش لە قاودەدا و دەڵێ:

دەچمە سەر چۆم و خەیابان یەک نەفەس ئاسوودە بم
شەهرەبانی حازرە و داوای کڵاوم لێدەکا
سەیری خۆشتر، من کە «مەعرووفم» لە نێو ئەم شارەدا
تازە « احصائیە» داوای ئیسم و ناوم لێدەکا [٢٥]

لێرەدا بۆ ئەوەی هەم ڕێبەران و ڕێڕەوانی شێعر و ئەدەبی موکریان بناسرێ و هەم پلە و پایەی شێعری مەلا مارف وەڕووبخرێ، وا باشە ئاوڕێکیش وە سەر نووسراوەی مامۆستا هێمن بدەینەوە کە سەبارەت بە وی گوتوویەتی:

«لە بیرمە شەوێکی لە دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێ بێ. کۆمەڵێک گەورەپیاو و شێعرناس کە ئەوی لەبیرم مابێ یەکیان مامۆستای مەزن تورجانی زادە بوو، تاریفی ئەو شێعرەیان دەکرد کە مەلامارف بۆ شافیعی ناردبوو، من بە ئەدەب لە سەر چۆک دانیشتبووم و متەقم نەدەکرد. تا گەیشتە ئەم شێعرە:

جائیزەی شێعرم لە تۆ ناوێ مەگەر بارێ ڕەژی
تا سەر و ڕووی دوژمن و بەدخواهی تۆی پێ ڕەش بکەم

ئەو دەم وەدەنگ هاتم وگوتم ئەم شێعرە مانایەکی دیکەشی لە بن دا هەیە ئەویش ئەوەیە کە میرزا ڕەحمەت ئەوەندەی دوژمن و بەدخواە هەیە کە بارێک ڕەژیان دەوێ تا مەلامارف ڕوویان پێ ڕەشبکا. مامۆستا تورجانی زادە تاوێک مات بوو و گوتی: "ئافەریم ڕۆڵە تۆ کێ ی؟ خۆم پێ ناساند گوتی: لە کن کێت خوێندووە؟ گوتم لە خزمەت مامۆستا فەوزی، گوتی: ئەوە بۆیە شتی وا دەزانی.

بەڵێ مەلامارف ئە کەسە بوو کە بەو هەموو زانست و هونەرەوە بە زگێک تێر و بە دووزگانی برسی بوو. دوایەش کە مرد وەک حەریق لە گۆڕستانی مەلا جامی نێژرا و گۆڕی ئەویش وەک گۆڕی هەزاران مەلا و سەید و پیاوچاک بە دەستی "وەرئەهرام" تەخت کرا.» [٢٦]

با لێرەدا ئەوەش بڵێین ئەو «**تورجانی زادە**»یەی کە مامۆستا هێمن نێوی بردووە، ئەگەر هەمان «مەلا محەمەدی تورجانی زادە» سەرنووسەری ڕۆژنامەی «**ڕۆژی کورد**» کە لە لایەن «سمکۆ»وە دەردەچوو، نەبێ؛ ئەحمەدی تورجانی زادەی برایەتی کە خۆی ئەدیبێکی گەورە و خاوەن ناو بووە. ئەو مامۆستایەی «هێمن»یش هەمان فەوزی ی بەنێوبانگی خەڵکی سلێمانی و مامۆستای خانەقای شێخی بورهان بووە کە گەلێک نووسەر و شاعیری کوردی پێگەیاندوون.

هەروەک لە پێشدا باسکرا لە نێو ئەو شوێن و بنکە کۆمەڵایەتییانەی کە بە ڕاستی ئەخشێکی پڕ بایەخیان لە پەرەپێدانی شێعر و شاعیریدا هەبووە خانەقای بورهان بووە کە «پیاوی گەورە و زانا بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمی موکریان وەک مامۆستا فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوا قازی موحەمەد، حاجی مەلا موحەمەدی شەرەفکەندی، عەلیخانی ئەمیری بە تایبەتی ئاغا خوێندەوار و زاناکانی فەیزوڵلابەگی هات و چۆی خانەقایان دەکرد و بە مانگ و دوو مانگ لە وێندەرێ دەمانەوە». [٢٧]

یەکێک لەو شاعیرانەی کە دەکرێ وەک پێشەنگی شێعری نیشتمانی و سیاسی موکریان نێوی بێنین کە شوێن پێی لە سەر شاعیرانی دواتری موکریان بە ڕوونی دەردەکەوێ سەیفی قازی یە کە زۆرجار هەر لەو خانەقایە لە کۆڕی شێعر خوێندنەوەدا بەشداری کردووە و بۆ سوختە و ←

فەقێ و موستەعیدان شێعری خوێندۆتەوە. هەرچەند لە شێعرەکانی ڕا ئەوجۆرەی کە پێویست بێ دەرناکەوێ کە لە چ زەمانێکەوە دەستی بە شێعر گوتن کردووە، بەڵام هەرچۆنێک بێ، ئەو یەکەم شاعیری ئەو قۆناغەیە کە توانیویەتی بە دمەزەردکردنەوە و تیفتیفەدانی خەنجەری شێعری موکریان، دەستپێشخەری شێوازێکی نوێ بێ چ لە باری ناوەرۆکەوە وچ لە باری کاکڵەوە. هێمنی موکریانی سەبارەت بە وی دەڵێ: «... ئەم شاعیرە بە مامۆستای شاعیرانی نیوەی یەکەمی کوردستانی ئێران دەزانم. شاعیرەکانی پێش ئێمەی موکریان وەک شێخ ئەحمەدی سریلاوا و دوکتور شەوقی و خاڵەمین و سەید کامیل ئەگەر نەشڵێن بیری نەتەوایەتی لەوی فێر بوون دیارە ئوسلوبی لە کارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی و زمانی شوان و سەپان و جووتیاریان لە وی وەرگرتووە ئێمەش شاعیرەکانی پاش ئەوان وەک هەژار و عەتری گڵۆڵانی و هێمن پەیڕەوی ئەوانمان کردووە و دیارە شاعیرەکانی لاویش وەک سوارە و هاوار و مەحموودی و مەلا غەفوور ئەم ڕێڕەوەیان بەرنەداوە».[28]

سەیفی قازی سەرەڕای نوێکردنەوەی بیری گەل پەرستی و نەتەوەخوازی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی، لە باری داهێنانی کێشی خۆماڵی و دەکارهێنانی وشەی پەتی و پاراو، بە یەکێک لە ئەدیبانی گەورە لە قەڵەم دەدرێ کە هەژاری موکریانی لە بارەیدا، دەڵێ: «نازانم خەڵک دەربارەی بەرهەمی سەیف دەڵێن چی. بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم بڕوام وایە ئەگەر سەیف تەنیاساڵی قرانی نووسیبایە و هیچی ترنا. دەرگای هەرمان و نەمری وەک ئەدیبێکی گەورەی کورد بەروادا کراوەتەوە[بە ڕوودا کراوەتەوە] و لە لای شاعیرە مەزنەکان پاڵپشتی بۆ دانراوە.»[29]

پێموایە حەوجێ بە شیکردنەوە ئەکا کە سەیفی قازی لە هۆنراوەی «ساڵی قران»دا، ناکامی سیاسەت و ناکاری دزێوی ڕەزاشای وەها لە دیمەنی «بەهارێکی زستانی»دا دەربڕیوە، کە کەم شاعیری کورد توانیویە بەمجۆرە دەربڕێ بە تایبەت لە باری وشەئارایی و وێچواندن (تشبیە)و تێخوێنی(تمثیل) و تێبتژی(استعارە) و وێنە(ئیماژ)ی شێعرییەوە کەم کەس دەیگاتێ:

دنیا وا سور بوو لە بەفر و سیخوار
فرمێسکی سوورم بە سپی دێنە خوار
با لە کێو و دەشت خۆڵ وسەر دەکا
گریانی کێوان بەحران پڕ دەکا
عەرزیش لە بۆمن هێندەی قوڕ پێوا
بەهاری دەگەڵ زستان لە شێوا
لەگلەک لە گەل کەوت نەما تەتەقی
سیرووش لە سیرە و فیتوو و چەقچەقی
پاک پەشێمانن لە بۆ گەرمێنێ
بۆچ دەهاتنەوە عەمرو نەمێنێ...

ئایا ئەگەر مانای ڕواڵەتیی شێعرەکان بخەینە لاوە و بە نووکی قەڵەمەکەمان بنکۆڵیان بکەین هیچ مانای دیکەمان نادەنە دەست؟ بۆچی نا! دوای ئەوەیکە سمکۆ، بەرەو کوردستانی گەرمێن(١٩٢٦) پاشەکشەی کرد و پاشان سەرلەنوێ گەڕاوە[30]... ئاخیری بە هەر فێڵێک بێ بە دەست ڕەزاشا لە ناودەچێ، کە سەیفی قازی، سەبارەت بە وی گوتبووی:

سمکۆی خودا کە داوە بە مە، ساحیب و ڕەئیس
شوکری بکەین بە زار و زبان و ددان و لێو
مەقسوودی وی ئەمە، کە هەقی مە بداتە مە
تەکلیفی مەش وەهایە، فیدای بین بە نێر و مێو

کەچی ئێستا بە لەناوچوونی بزووتنەوە کوردییەکان و کپ بوونەوەی دەنگی گەلی کورد لە هەموو پارچەکان، سەرسوڕماوی خۆی لە نەمانی هەڵۆی کوردان و زەمانی قەل و قشقەڵان دەردەبڕێ و کوڵوکۆی خۆی بەم جۆرە لە تەنیایی دیمەنی سروشتێکی بێ ڕەحمدا هەڵدەڕێژێ:

لە بن بەردان مان هەر سەرمازەڵە
لە باغ و باغچان قەل و قشقەڵە
لاڵ بم نابینم لە چیا و لە ڕازان
زیرەی هەڵۆیان، چریکەی بازان
بەفری بێ وەعدە ڕەشانگی بڕی
ڕەشانگ و سپی پاکیان سەر بڕی
سەربڕا گاشین پاش مانگا بۆرە
لە باتی گاران ڕۆڕۆ و گابۆرە
شین و گابۆرە لە نێو ڕەعیەتی
بە باچوو ڕەنج و سەعی و زەحمەتی

سەیفولقوزات هەر لەم پارچە هۆنراوەیدا، شەڕ و دووبەرەکی نێوان عەشیرەتەکان و بەتێکڕایی ناکۆکی و ناتەبایی گەلی کورد بە زمانێکی جوان و شاعیرانە دەردەخا و وێڕای ئامۆژگارییان، دەڵێ:

شەماڵ و زریان دایم شەڕیانە    ئاغاوەت شڕن، کرمانج قڕیانە
حەیفە میللەتێک شەشهەزارساڵ بێ    نۆکەری ماڵان ڕووت وڕەجاڵ بێ
نۆکەری ماڵان شەرمە لە بۆمە    کۆڵان هەڵگرین بە کۆمە کۆمە
چیدی دوژمنان بە خۆ خۆش مەکەن    بوزوو و کەپەنک باڵاپۆش مەکەن
تاکەی لە دەرکان کز و بڵاو بین    بێ مەزن وگەورە سەر بێ کڵاو بین؟
هەرکەس ئارەزووی ماڵانی هەبێ    وەجاغی کوێر بێ منداڵی نەبێ
ئەو بەدبەختییەی لەکورد ڕوویدابوو    لەبەر نەخوێندن کۆزیان ساوابوو
واجبە خوێندن بۆ دنیا و دینێ    پێغەمبەر فەرمووی بۆ چوونی چینێ
بە گوتە و شانامان میللەت دەمێنن    بە مەزن و گەوران شان دەشەکێنن
دەردی دڵ دەکەم کورت وکرمانجی    حەسەن کرمانجە چی لە دیلمانجی؟
تاریخ هەزار و سێسەد ودوازدە    بیستی فەروەردین داد و بێدادە[30]

سیفی قازی لە پارچە شێعرێکی دیکەیدا کە بۆ دۆستێکی خۆی دەنوسێ، سەبارەت بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەمنیە و گزیرەکانی ڕێژیم لە سەر مەسەلەی سجیل وەرگرتن و مەشمول بردن و کڵاو و شەپکە لەسەرکردن و بەرتیل خواردن، پەتەی زوڵم و بێ ویژدانی و دزی و فزییان دەخاتە سەر ئاو و دەڵێ:

ئەگەر دەپرسی وەزعی زەمانە    میللەت پەرێشان ئەمان ئەمانە
کاری کوردان هەر، خۆزگە بە پارە    هەر کەس بە دەردێک چوو گرفتارە
جەمعێک بەبیانووی تەجدیدی نەزەر    سەرگەردان کران لە قاپیە و لەدەر
لە ناو مەشمولی کوردی موکریان    کچیان ئارەزوو لە جیاتی کوڕیان
لە خەڵکی دەدەن کوانێ کڵاوت؟    بۆچت لە سەرنا شەدەی بڵاوت
یەکی دی دەگرن سجیلت کوانێ    ماڵی قاچاغت لە سەر دووکانێ؟
توتنی نووسراوت بۆ کوێ بردووە؟    ئیمزای ماڵیەت، کوا وەرگرتووە؟
هێندە پوڵ درا بە بیانووی قشوون    وشتر بە بێگار دەگرن بە قانوون
نە ئاغاوەت مان نە میر و مەزن    هەرزن و بزن چیایە مە زن

لە ساڵی ١٩٢٦ کە سمکۆ بەرەو ڕەواندوز پاشەکشەی دەکا، سەیفی قازی لە شاری ورمێ دەبێ و هەر لەوێ لە ژێر تەئسیری ئەم ڕووداوەدا ڕوو دە خودا دەکا و هۆنراوەیێک دەڵێ. لە بن هۆنراوەکەش بە خەتی خۆی و بە زمانی فارسی ئەو دێڕانە دەنووسێ: «لە تاریخی مانگی ربیع الثانی لە شاری ورمێ بە بۆنەی ڕووداوی سمایل ئاغای شکاک کە خۆی ڕانەگرت و



مەرحووم مامۆستاسەیفولقوزات

بەرەو ڕەواندوز پاشەکشەی کرد چونکە چەکدارەکانی بە جێیان هێشت، گوتراوە»[31]، کە لێرەدا چەند شێعرێکی دەخەینە ڕوو:

کـــوردین و بێ کـــەسین و لـە هەر لایە دەرکـــراو
دەســـتێ وە دەس مـــە دە، کـــە لە ڕێت ئێـــمـــە لانەدا
دنیـا کـە سیـجنی مـوئمـینـە، فـەرمـووت و دات خـەبەر
هەر بۆمـــەیە لەگـــەڵ مـــە، هەر لە ئێـــمـــە ڕوو دەدا
لێـــمـــە نە شـــا و نە ئەمـــیـــر، نە ســـەردار و نە وەزیر
نە حـــاکـم و نە نایب، نە ســـەرتیـپ و نە ســـوپا
نیـــمـــانە مـــەرکـــەزێکی کـــەوا پاڵی پێـــوەدەین
نە مـــەزن وگـــەورەیێکی کـــە بۆیان بەرین پەنا
پاڵەســـتـــۆدان و جـــواب، فـــڕێدان لە پللەکـــان
دەست پێـــوەنان، پشـــتـــەملە، زللە و گـــێت و نەیا[32]
نە مـــەدرەســـە، نە دەرس، نە عـــیلم ونە ســـەنعـــەتێک
زوڵـمـــە لەگـــەڵ مـــە هەرکـــە بە چاوێک نەکـــەن نیگا
ئاخـــر بە زاتی تۆیە ئۆمـــێـــدی نەجـــاتی مـــە
ڕازی لە ئۆمـــەتی تۆ، مـــیللەتێک ببێ فـــەنا ؟![32]

ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشە و زۆریش گرینگە، ئەوەیە کە سەیفولقوزات دوو وشەی «ئۆمـەت»و «مـیللەت»ی بەو پەڕی ژیرانە دەکارهێناوە کـە یەکەمیان ماناى گشتی و دینی هەیە و دووهەمیان ماناى سیاسی، واتە کوردیش هەقی خۆی هەبێ وەک هەموو ئۆمەتی خودا، دەوڵەتی میللی خۆی دابمەزرێنێ. هەر وەک دواتر دەردەکەوێ، ئەم شێوازی نیشتمانپەروەرانەی سەیفی قازی، شەقڵی خۆی لە سەر خەرمانی سووربووی شێعری سەردەمی کۆمار دەدا... کـە هیـوادارم بتوانم لە دەرفەتێکی دیکەدا ئەو باسە درێژە پێبدەم.

## پەراوێزەکان:

١) واسیلی نیکیتین، کرد و کردستان، ترجمه محمد قاضی، ص ٥٨٥.
٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
ـ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥، ل ٦١تا ٦٣.
ـ کەریم حسامی، پێداچوونەوە، ستۆکهۆڵم ١٩٩٦، ل ٢٣تا ٢٩.
ـ ابراهیم افخمی، **تاریخ فرهنگ وادب مکریان**، انتشارات محمدی ـ سقز، ل ١٩٩.
٣) مامۆستا خاڵەمین، زیدی من کۆکە، **گۆڤاری سروە**، ژمارە ٢٠، ڕەشەمەی ١٣٦٦، ل٢٥.
٤) دکتۆر مارف خەزنەدار، **لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە**... بەغدا ١٩٨٤. ئەم پارچە شێعرە هەم لە کتێبی دوکتور مارف خەزنەدار دا ناتەواو بوو، هەم لە نووسراوەکەی خاڵەمین دا(سروەی ژمارە ٢٠، ل٢٥)، بە یارمەتی هەردووک نوسخە ئاوام لێکرووە کە دەیبینن.
٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **نووسراووەکانی دوکتور مستەفا قازی(شەوقی) لە گۆڤاری ژین‌دا(١٩١٨–١٩١٩)**، گردەوەکۆیی: حەسەنی قازی، مارسی ١٩٩٤، ل ١.
٦) ئەحمەدی شەریفی، دوکتور مستەفا شەوقی، سروە، ژمارە٦٢ خەرمانانی ١٣٧٠، ل ٢١-٢٣.
٧) **سووش**: گیایەکی بۆن خۆشە(هەمبانە بۆرینە: هەژار، ل ٤٢٨). لەم نووسراوانەی کە ئەمن لە گۆڤاری سروە، ژمارە ٦٢، ل ٢٢؛ هەروەها لەگۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١١٢ ساڵی١٩٨٦، ل ٨٥، دیومن، ئەو وشەیەکراوەتە:«سوێسن» و «سەوسەن» کە هەردووکیان هەڵەن و دروستەکەی هەر«سووش»ە.
٨) **بەشر**(بشر): نکورویی، گشادەرویی، تازەرویی، فرهنگ معین، ص ٥٤٠؛ لێرەدا وشەی ڕوو بەشر بە واتای ڕووگەش، خۆش ڕوو، ڕووکراوە هاتووە (لێرەدا مانای ڕووهەڵماڵاوی دەدا)؛ کەچی لە ڕێنووس و مانای ئەم وشەیەشدا هەر هەڵە کراوە. بڕوانە سەرچاوەکانی پێشوو(خاڵی ٧).
٩) دەقی ئۆفسێت، **نووسراوەکانی**... گردەوەکۆیی: حەسەنی قازی، ل٦و٧.
١٠) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **زندگی نامە عارف ربانی ... شمس الدین برهانی**، تالیف: ابوبکر خوانچە سپهرالدین، ص ٢٢١ تا ٢٣٦.
١١)د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.
١٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.
١٣) بڕوانە:سەرچاوەکانی پەراوێزی خاڵی ٢.
١٤) **ڕۆشنبیری نوێ**، ژمارە١١٢، ساڵی ١٩٨٤، ل٨٣.
١٥) سەرچاوەی پێشوو. ل ٨٤.
١٦) **ایران نامە**، سال چاردهم، شمار ١، زمستان ١٣٧١، ص ١٣٦.
١٧) همان سەرچاوە... ص ١٣٧.
١٨) **ایران نامە**، سال سیزدهم، شمارە ٤، پییز ١٣٧٤، ص ٥٣٩.
١٩ **ایران نامە**، سال دوازدهم، شمارە ٣، تابستان ١٣٧٣، ص ٤٨١.
٢٠) کەریمی حسامی، **پێداچوونەوە**، ل ١٤٨.
٢١) بۆ سەرجەمی پارچە شێعرەکە بڕوانە: جەمال نەبەز، **گۆڤاری نیشتمان** ... ژمارە١، ل ١٩تا ٢٢، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ـ سوێد، ١٩٨٥.
٢٢) ابراهیم افخمی، **تاریخ و فرهنگ**... ، ل ٤٠٠؛ هەروەها، **خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو(چهره مهاباد)**، ١٣٧٤، ل ١٩٦.
٢٣) مامۆستا هێمن، سروە، ژمارە٣٤، ل ٤٢، بانەمەڕی ١٣٦٨.
٢٤) **مامۆستای کورد**، ژمارە ١١-١٢، هاوینی ١٩٩١، **لە مەڕ ژیان و ... هەژار**، ل ٦٧.
٢٥) بڕوانە پەراوێزی خاڵی ٢٣، ل ٤٢.
٢٦) سەرچاوەی پێشوو...
٢٧) هێمن، **تاریک و ڕوون**، ل ٩.
٢٨) هێمن، **پاشەرۆک**، ل ٤١و٤٢، انتشارات سیدیان، ١٣٦٢.
٢٩) هەژار، پێشەکی **دیوانی سیف القضات**، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، ل ١٠.
٣٠) شێعرەکان لە **دیوانی سیف القضات**، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، وەرگیراون. لە دیوانەکەدا ساڵی قران و دانانی هۆنراوەکە هەزار و سێسەد وچاردە نووسراوە، بەڵام ئەو دیوانەی کە لەلایەن شادڕەوان دوکتور ڕەحیمی قازی بۆ من بەیادگار ماوەتەوە، لە سەر ئەساسی ئەو نوسخەیەی کە لە باکۆ هەیبوو هێندێک شوێنی بە خەتی خۆی گۆڕیوە و یەک لەوانە (چاردە)یە کە کردوویەتە(دوازدە).
٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦و ٢٧.
٣٢) گێت: وشەیێکی تورکی یە بە مانای بڕۆ، نەیا: وشەیێکی فارسی یە بە مانای مەیە.
٣٣) لە هێندێک شوێن بۆ ڕاستکردنەوەی کێش و ئاهەنگی شێعرەکان، سووکە دەستکارییێک کراوە.

# ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی و سیاسی لە موکریان

## (سەردەمی کۆماری کورستان)

بەشی دووهەم

● س.ج. هێرش ●

لە بەشی یەکەمی ئەوباسە (گزینگ، ژمارە ١٣، ل ٦٣-٧٠) دا، ئیشارەکرا کە بە هۆی پێشێلکرانی مافی نەتەوایەتی و سیاسی و تەنانەت ئینسانی وکولتووربیەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لەلایەن دەولەتی ڕەزاشای پەهلەوییەوە، یەکێک لە ئەرک و ئامانجی ڕۆشنبیران و شاعیرانی نیشتمانپەروەر، وەخۆخستنی هەستی نەتەوایەتی و هاندانی بیری کوردایەتی بووە لە عاست سیاسەتی کوردتواندنەوەی حکوومەتی ناوەندیدا. هەروەها گرینگترین چەکی بەرەنگاریش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە، کە توانیبێتی لە نێوان مانی فیزیکی و ئیتنیکی تا مانی مەعنەوی و میللی چەشنە بالانس و پارسەنگێک ڕاگرێ، شێعر بووە. کەوابوو ئەگەر بمانەوێ باری شێعر و شاعیری لە نێوان سالانی ١٣٢٠-١٣٢٥(١٩٤١-١٩٤٦) شیبکەینەوە، بێشک دەبێ لەو ویست و ئامانجانەیان گرێبدەینەوە کە لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە نێو کۆمەلگەی کوردەواریدا بە هۆی شاعیرانی دەستەی یەکەمی لقی موکریانی سەر بە ڕێبازی سۆرانی سەریان هەلداوە و بە هۆی شاعیرانی دەستەی دووهەم (کە جگە لە «سەیفولقوزات» زۆربەیان تازەکار بوون) پەرەی پێدەدرێ و لە هەر سێ دیاردەی بەیەکەوە گرێدراوی «کۆمەڵەی ژ.ک» و «حیزبی دێمۆکراتی کوردستان» و «کۆماری کوردستان» ڕەنگ دەدەنەوە.

هەوڵ و خۆشکردنی بەستێنی بیر و بۆچوونی نەتەوایەتی بۆ وەدیهێنانی مافی ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستان، بەر لەوەی بە هۆی ڕێکخراوێکی سیاسی دەست پێبکرێ، لە شکڵ و چوارچێوەی شێعردا خۆی نواندووە کە سەرەتای پرۆسەکەشی دەگەڕێتەوە سەردەمی خانی لە «مەم و زین»دا. دیارە بە پێی ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان واقیعی مێژوویی و کر و ئاکاری کۆمەلایتی کۆمەلگەی کوردستاندا هەبووە، ئەو پرۆسەیە لە هێلێکی ڕێکوپێک وڕاستەکیدا بەرەو پێش نەچووە و زۆرجار لە بەرانبەر لەمپەر وکۆسپەکاندا، کوێر بووەتەوە.

ڕێبازی شێعر بەتێکڕایی لە کۆمەلگەی کوردەواریدا بەر لەوەی لە گەوە و پێچی واقیعە مێژووییەکان تێپەڕێ و پێ بنێتە نێو جەغزی واقیعە کۆمەلایەتییەکان ئەو ئامانجانانەی لەبەر چاو بووە:

- بووژاندنەوەی زمان و کولتوور وەک یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دیاردەی نەتەوایەتی.
- بەرجەستە کردنەوەی هۆ و ئامرازی دواکەوتوویی، هاندان و وەخۆخستنی هۆز وعەشیرەت و ڕێبەرە ئایینییەکانی کۆمەلگەی کوردەواری بۆ تێپەڕکردنی قۆناغی ژیانی خێلەکی بەرەو ژیانی شارستانی.
- سەرکۆنەکردن و لەقاودانی ئاکار وکردەوەی دژی نەتەوایەتی بەشێک لە چین و توێژەکان وەک لەمپەری سەرەکی و جەمسەری ئالقەی پێوەندی لەگەڵ دەولەتی نەتەوە سەردەستەکان.
- بیرخستنەوەی زۆلم و زۆری و سەرەڕۆیی کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی سیاسەتی دەولەتی ناوەندی و جەخت کردنەوە و وەدەستهێناوەی مافە زەوتکراوەکان.
- پەسن و پێهەلگوتنی تۆخمە جۆراوجۆرەکانی ماکەی خێر(سروشتی و ئەفسانەیی و ئینسانی) و ماکەی شەڕ(شەیتانی و ئەفسانی و نائینسانی).
- دەرخستن و نواندنی هۆ و دیاردە دەرەکی و ناوەکییەکانی کۆمەلایەتی و پڕڕەنگ کردنەوەی دروشم و داوخوازەکان وەک ڕەمز و سیمبۆلی نەتەوەیی.
- وەڕووخستنی ئەرک و ئاوات و ئامانجەکان بۆ پێکهێنانی دەولەتی یەکگرتووی نەتەوەیی.

ئێمە ئەگەر بەو خسلەت و تایبەتمەندییانەی سەرەوە، ڕێبازی شێعری ئەو سەردەمە بنوارین، بەو ئاکامە دەگەین کە بەر لەوەی کۆماری کوردستان(وەک شکلێک لە دەولەتی یەکگرتووی نەتەوەیی) لە چوارچێوەی واقیعی کۆمەلایەتیدا دابمەزرێ، لە چوارچێوەی شێعری کوردیدا دامەزراوە. «سیفولقوزات» دەلێ:

کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
دێن و دەچین و، بۆ مە قەت، نییە خودان وخێو
خەلکی هەمووی لە باغ و لە شارانە کەیف خۆش
ئێمە بلاو و بێ سەرە ماوین لە دەشت و لە کێو!
بۆ عاسمان دەڕۆن و لە بەحران دەکەن سەفەر
هەر عەرزە نیشتگاهی مە، سنعاتە وەرد و شێو
ژێردەستیی و، ئیتاعەتی بێگانە تا بەکەی؟
شەرمە لە بۆ مە هێندە بژین بێ نیشان و نێو
ئازادی، سەربەخۆیی، میری و گەورەیی
داوا بکەن بە زار و زبان و ددان و لێو[1]

کاتێک «هێمن» شاعیری لاوی ئەو سەردەمە لە هۆنراوەی «کوردم ئەمن»دا دەلێ:

گەر لە برسان ولەبەر بێ بەرگی ئەمرۆ ڕەق هەلێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لە سەر هەردم ئەمن

من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن[2]

دیارە مەبەستی «هێمن» لە(کوردبوون) تەنیا مانا ئیتنیکییەکەی نییە بەڵکوو ناوەرۆکی نەتەوەیی ـ سیاسییەکەیەتی کە لە بەرانبەر بیر و بۆچوونی نەتەوەخوازی(ناسیۆنالیزم)ی ئێرانی دا دەریدەبڕێ و رایدەگەیێنێ.

هاوکات لەگەڵ هەڵایسانی ئاگری شەڕی دووهەمی جیهانی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٠- ١٣٢٥(١٩٤١-١٩٤٦)ەوە وەلانانی ڕەزاشای پەهلەوی لە سەر تەختی پادشایەتی لەلایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە، بارودۆخ و بەستێنێکی زۆر لەبار، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات(موکریان) دێتە ئاراوە کە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی و نەتەوەیی کورد بە ناوی «کۆمەڵەی ژ.ک» وەک ڕەنگدەرەوەی ویست و خوازی نەتەوایەتی و مێژوویی زۆربەی خەڵکی کورد لەدایک دەبێ و تێکۆشانی خۆی لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا دەخاتە نێو جەغزێکی بیرکردنەوەی نوێ و ئەورۆیی؛ کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان زیاتر شێوەی کاری سیاسی بە کاربڕ دەزانێ تا بەکارهێنانی چەک و شێوەی زەبر و زەنگ.[3]

هەر لەسەرەتای دامەزرانی «کۆمەڵەی ژ.ک»ەوە، سەرەڕای چەند کەس لە شاعیرانی موکریان کە تێیدا دەبنە ئەندام و لە گۆڤاری «نیشتمان» ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەیەدا، چالاکی قەڵەمی و شێعری خۆیان دست پێدەکەن؛ گەڵێک شاعیر و نووسەری بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەتایبەت کوردستانی گەرمێن لە دەورەی کۆدەبنەوە و بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی یەکگرتوو(جەمهووری) تێدەکۆشن. شاعیرێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە، لە هۆنراوەی (بیکەین بە جەمهووری)دا، بە ڕوونی ئەو مەبەستەی دەخاتەڕوو و دەڵێ:

برا بیری چرایێکی بکەن تاریکە شەو دادێ
قیامێکی بکەن تا فرسەتە بیکەن، بە جەمهووری
کەسێ میللەت پەرست و خاوەنی فیکر و سیاسەت بێ
تەرەقی میللەت و ئاسایشە مەقسوود و مەنزووری[4]

بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی نەیارانی کورد، «کۆمەڵەی ژ. ک» نە تەنیا سەر بە هیچ هێزێکی دەرەوەیی نەبووە، بەڵکوو وەک یەکەمین ڕێکخراو و سەنگەری سەربەخۆی خۆماڵی لە نێو دڵی نیشتماندا سەری هەڵداوە و هەڵگری ئاڵای ڕزگاری و سەربەخۆیی بووە و ڕاگر و پەرەپێدەری بیری نیشتمانپەروەری.

«هێمن» وەک ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵە و نووسەری گۆڤاری «نیشتمان» بە ئاشکرا داوای مافی پێشێلکراوی خۆی دەکا و دەڵێ:

کوردم و داوای حقوقی پایەماڵی خۆم دەکەم
ماڵی خۆمە مڵکی کورد؛ داوایی ماڵی خۆم دەکەم
گەرچی لای ئاغا خەیاڵی خاوە فیکری میللیەت
من لە لام باشە هەتا ماوم خەیاڵی خۆم دەکەم
من لە دەست بێگانە قەت ناکەم شکایەت ئەی ڕەفیق
گەر شکایەت کەم لە چەنگی مام وخاڵی خۆم دەکەم
یا دەڕێژم خوێنی پاکی خۆم لە سەر ئەم مەقسەدە
یا نە فیکرێک بۆ برای ڕووت و ڕەجاڵی خۆم دەکەم

چاوەدێری ڕۆژی خۆشی جێژنی سەربەستیم ئەمن
گەر موودارا وا دەگەڵ ئەم ڕۆژی تاڵی خۆم دەکەم[5]

لەگەڵ داگیرکرانی ئێران لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە (بەشی باشوور: ئینگلیس و ئەمریکا، بەشی باکوور: یەکیەتی سۆڤیەت)، ناوچەی موکریان و بەتایبەت شاری مهاباد، دەبێتە ناوچەیێکی ئازادکراو و زۆربەی کاروبارەکانی ئیداری و خۆماڵی بە دەست کوردانەوە ڕادەپەڕێ. بەڵام سەرهەڵدانەوە و تۆخبوونەوەی مەسەلەی هۆز وعەشیرەتەکانی کوردەواری کە لە نێو جەغزی بەرژەوەندخوازیی خێڵەکیدا قەتیس مابوونەوە و ئاگایی نەتەوەییان لەو پلەیەدا نەبوو کە بەرەوئامانجە سەرەکییەکان هەنگاو بنێن؛ بۆ «کۆمەڵەی ژ.ک»، کۆسپێکی بەرچاو بوو. دەوڵەتی ناوەندی ئێران، کە بە کردەوە وزەی مانۆڕدانی لە ناوچەی موکریان و دوروبەردا نەمابوو، بۆ بەرژەوەندی خۆی، لەو دیاردەیە کەڵکی وەردەگرت. جێی سەرنج ئەوەیە کاتێک دەوڵەتی سۆڤیەت ژمارەیێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد بۆ باکۆ(١٩٤١) بانگهێشتن دەکا، دەوڵەتی ناوەندیش ترسی ڕێدەنیشێ و ئەویش هێندێک سەرۆک عەشیرەتی دیکە بۆ تاران بانگ دەکا و بە پارە و دراو و باربووکردن پلانەکانی خۆی بە هۆی ئەوان لە ناوچەی موکریان دادەڕێژێ.... لەلایێک گەنمی ناوچەی موکریان بە نرخێکی هەرزان دەکڕن تاکوو خەڵکی کوردستان تووشی ئاستەنگی و دستەنگی و برسیەتی بکەن. لەلایێکی دیکەوە کۆپینی قەند و شکر بە سەر ئەو سەرۆک عەشیرەتانەدا دادەبەشنەوە تا زاریان شیرین بکەن و دژی ئامانجەکانی «کۆمەڵەی ژ.ک» هانیان بدەن. هەربۆیەش ناوەرۆکی شێعری زۆربەی شاعیرانی سەر بە «کۆمەڵەی ژ.ک»، سەرکۆنەکردنی ئەو کاروناکارانە و بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلان و پروپاگەندانە بووە کە دژ بە کۆمەڵە وەڕێدەخران.

«هەژار» کە یەکێک لە چالاکترین یارانی کۆمەڵە بووە، لە زۆر شوێنی «دمەتەقێ»یەکانیدا باسی ئەو ئاکارە ناشیرینانە دەکا و بۆ نموونە دەڵێ:

بایز ــ ئەدی ئاغامان خەریکی چییە؟
لەمێژە ئاگام لە حاڵی نییە
باپیر ــ ئەمن چوزانم هیچ ناسەڵمێنێ
خەریکە دیسان قەندی بستێنێ
بایز ــ جا قەندی بۆچی دەدەنێ کاکە؟
خۆ ئاغا نەیبووە قەت بۆ وان چاکە
باپیر ــ قەندی دەدەنێ، دەبەستن دەستی
هەتاکوو نەکا بیری سەربەستی
بایز ــ لەباتی قەندی چی دەدا قیمەت؟
شەرەف و ناموس، ویجدان و غیرەت...[6]

«هێمن» لە پارچە هۆنراوەی (ئەمن دەیڵێم وبێ باکم)دا، کردەوەی دزێوی ئەو سەرۆک عەشیرەتانە لەقاودەدا و دەڵێ:

ئەوەندە گێژ و بێهۆشن، حەیا و ناموس دەفرۆشن
لە بۆ ئازادی ناکۆشن، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
خودای ئەم میللەتە قەندە، لە بۆ قەندن هەموو بەندە
بە حاڵی وان دەکەم خەندە، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم[7]

«هەژار» لە هۆنراوەی(بەخت و عەقڵ)دا سەبارەت بەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە سەرەڕای ئەو هەموو بێ حورمەتییەی کە لەلایەن ڕێژیمی

پەهلەوییەوە پێیان کرابوو، بەڵام هێشتا دەستیان لە کاری دزێو و شەڕەخۆری هەڵنەدەگرت، دەڵێ:

کامەیان دەوڵەمەندە مەرد و ڕەند
تۆزێ ناموس دەدا بە تۆزێ قەند
کێهە یەکجار نەجیب و ژیر و کوڕە
دەچتە سەودا، شەرەف دەدا بە شڕە[8]

مەسەلەی وەرگرتنی کۆپینی قەند و شکر، ئەوەندە گرینگ و بەرچاو بووە تەنانەت «هەژار» لە یەکێک لە جوانترین و پاراوترین غەزەلەکانی خۆیدا دەیکاتە ئیستیعارەی شێعری و دەڵێ:

ڕوحت بردم بە قەندی لێوەکانت
دەزانی کورد بە قەند وێرانە ماڵە[9]

هەروەک دەزانین، کەسانێک هەبوون کە بە پروپاگەندەی ناڕەوا بۆ «کۆمەڵەی ژ.ک»یان تێدەچاند و بە سووکی باسیان دەکرد، «هەژار» لە هۆنراوەییێکی دا لە عاست ئەو کەسانە هەڵوێست دەگرێ و دەڵێ:

لە خۆشی کۆمەڵەوە چەند خۆش ورینگە ورینگم
بزانە کوردە ئەمن کێم کە هێندە ژیر و زرینگم
بە ڕێی نەجاتی وەتەن دا دەڕۆم بە عەزمی مەتین
موحافیزی وەتەن ئەمنم مەتاڵی گوللەیە سینگم
لە عیشقی شیرینی میللی لە بیستوونی موخالیف
لە باتی تیشەیی فەرهاد ئەمن مژۆڵە قولینگم
لە دەم بڕینی ئەوانەی لە کۆمەڵەم بەدگۆن
لەبار وتیژە دەمی، موو دەکا مقەست وبڕینگم[10]

مەسەلەییێکی گرینگی دیکە کە لەو سەردەمەدا سەرنجی شاعیرەکانی ڕاکێشاوە، مەسەلەی «ژن»بووە. هەروەک دەزانین، «ژن» لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، شان بەشانی پیاوان لە زۆر کاری سەختی قۆناغی هەرەوەزی(نێوماڵ و مەزرا و زەویوزار)دا بەشداری کردووە و بگرە زۆرجار ئابووری ماڵەوەشی بەڕێوەبردووە. یەکێک لە دیاردە نوێیەکانی شێعری ئەو سەردەمەی کوردستان، سەرنجدان بەو مەسەلەیە بووە کە «ژن (دایک)»یش ــ وەک نیوەی کۆمەڵگە ــ دەبێ لە پرۆسەی ژیانی کۆمەلایەتی و شارستانی و بەتایبەت لە تێکۆشانی سیاسیدا بەشدار بێ...

«هەژار» لە هۆنراوە زۆر بە نرخەکەی:«لای لایە»دا، هەوڵ دەدا لە زمان دایکانەوە کە جگەرگۆشەکانیان بە دەست دوژمنی زاڵم لە ناودەچن، ئەو مەبەست و ئامانجە زەق کاتەوە کە لە بەشێکیدا دەڵێ:

بۆت بەخت دەکەم عومری درێژم
سەد تاڵ و سوێریت لە سەر دەچێژم
ئەمامی بالات بە فرمێسکی چاو...
شەو و نیوەشەو لێی دەنێم شەواو
سەدچاک و پیرت بۆ دەخولێمەوە
لە بن سێبەرت بحەسێمەوە
هەر ڕەسیدە بووی دوژمنی زاڵم
دەتبڕێ بزەیی نایە بە حاڵم
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
دەک خاکم بەسەر ڕەنجم بە بایە

پەشێو پێت خۆشە یەخسیر نەمێنی؟
سەربەستیت پێ بڵێم بکەویە شوێنی؟
قەڵەم دەست دەیە، ببە مەکتەبی
وەخت و بێوەخت لە خوێندن نەبی
ئەو کاتی لەگەڵ کاکت دووپەدوو
بکەن هاواری حەقی لە دەست چوو
دەس دەنە دەس یەک بە ڕا و تەکبیر
یەکتان بە قەڵەم یەکتان بە شمشیر
هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە
شیریش جەوهەری لە قەڵەم ڕایە[11]

«هێمن» لە هۆنراوەی«ئاخافتنی خوشک و برایان» بۆ یەکەم جار ئەو مەبەستەلە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدا باس دەکا و لە زمان برایانەوە خوشکان بەرەو گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان هاندەدا و دەڵێ:

دێدەگیان، کچی کوردی ژیکەڵە
داوێنی پاکت دوور بێ لە پەڵە
«لەنین» هەڵستا زوڵمی «چار»شێوا
تۆ هێشتا حەپسی لە نێو چارشێوا
کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە
هەر هەقی کچی کوردی پێ پەستە
بپسێنە لەپێ تۆ زنجیر و کۆت
«دێدە» گیان بدە یاریی «برا»ی خۆت
لە ڕێی نیشتمان بە هیوای خودا
خەریکی کار بین با خوشک و برا
لە گوێن «ژاندارک» هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەر نێ لە خاکی کوردان[12]

ئاشکرایە کە«هێمن » لێرەدا ویستوویە بە تیرێک دوو نیشان بنگێوێ: یەک؛«ژن» لە کۆت وزنجیری کۆمەڵایەتیدا ئازاد ببێ و دوو؛ بە هۆی بەشداری «ژن» لە خەباتدا، نیشتمان ڕزگار بکرێ...

هەروەک دەزانین و زۆریش ڕوونە، هیچکام لە دامەزرێنەرانی «کۆمەڵەی ژ.ک» و تەنانەت دواتریش بەڕێوەبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، خاوەنی ئیدەئۆلۆژی چەپی سەر بە سۆڤیەت نەبوون. بەڵام هەروەک لە سەرەتای چالاکی کۆمەڵە ڕا دەردەکەوێ، سیاسەتی کۆمەڵە و تەنانەت بەشێک لە پیاوماقووڵانی سەر بە چین و توێژەکانی شار، بە تێکڕایی پێشبردنی خەتێکی گشتی لایەنگری بووە لە هێزی هاوپەیمانەکان( ئینگلیس و ئەمریکا، سۆڤیەت) لە ناوچەدا. کاتێک یەکیەتی سۆڤیەت بەپێی ئەو بارودۆخەی کە لە ناوچەدا بۆی ڕەخسا و توانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە کە لە نێو چوارچێوەی سیاسەتی گشتی خۆیدا ئاوڕ وە مەسەلەی کوردان بداتەوە؛ هیوا و هومێدێکی زۆر کەوتە نێو دڵی بەشێک لە بەڕێوەبەرایەتی «کۆمەڵەی ژ.ک»ەوە ( بەر لەوەی بە «حیزبی دێمۆکرات»وەرچەرخێ). دیارە ئەو دیاردەیە سەرۆک عەشیرەت و هۆزەکانیشی دەگرتەوە کە سالی ١٩٤١ بەشێکی زۆریان بۆ باکۆ بانگهێشتن کرابوون، کە هەر لە نێو ئەو داڕودەستەیەدا لایەنگرانی خەتی ئینگلیس و ــ هەر بەو پێیەش لایەنگرانی خەتی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی ←

ئێران دەبیندران.

هەروەک لە ئاکامی ڕووداوەکانیش ڕا دەردەکەوێ، خەتی لایەنگری گشتی کاتێک بە لانی سۆڤیەت پڕ ڕەنگتر دەبێتەوە کە بۆ «کۆمەڵە» و تەنانەت بۆ زۆربەی پیاوماقوولان و ڕۆشنبیرانی کورد ڕوون دەبێتەوە کە ئینگلیس خوازەری لایەنگری لە مافی کوردان نییە( پێشێل کردنی پەیمانی«سێڤر» ، سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شێخ مەحمودی نەمر و دواتر بۆمباران کردنی ناوچەی بارزانییەکان و هاتنی ئەوان بۆ ئێران... بەڵگەیێکی ئاشکرای ئەو ناخۆشەویستییە بوون). هەرچەند خەتی هیوا بەستن بە دەوڵەتی ئینگلیس تەنانەت لە نێو بەشێک لە ڕۆشنبیرانی پێشکەوتووی سەر بە «کۆمەڵەی ژ.ک)یش هێشتا تەواو ڕەش نەبووبۆوە، بەڵام ئینگلیس بە پێی سیاسەتی بەرژەوەندخوازی خۆی نەیهەویست یارمەتی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بکا.

لە ڕاستیشدا ئەوکاتە، قورسایی چالاکی و سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیس لە بەرانبەر ئاڵمان(و تەنانەت سۆڤیەتیش کە هاوپەیمانی خۆی بوو) زیاتر کەوتبوە ناوچەی ئەوتەلانی کوردستانی گەرمێن و بایەخێکی ئەوتۆی بە مەسەلەی کورد نەدەدا.

«فایق بێکەس» شاعیری ناودار و ئەندامی کۆمەڵەی «ژ.ک/ هیوا»لە هۆنراوە بەناوبانگەکەی خۆی ـ بیست وحەوت ساڵە ـ کە لە ئاهەنگێکدا لەبەردەم «ئیدمۆندز»کاربەدەستی دەوڵەتی ئینگلیس دەیخوێنێتەوە، سیاسەتی دژایەتی ئینگلیس لە عاست مەسەلەی کوردان بە ڕوونی دەردەخا، کە لێرەدا بڕگەیێکی دەخەینە ڕوو:

بیست وحەوت ساڵە دڵم لێت پڕە
ئەحواڵم بە دەست تۆوە زۆر شڕە
سەد بەڵێن بدەی لە لای من تڕە
بەسیەتی ئیتر ئەم وڕە ـ وڕە
نۆکەریت ناکەم ورگم هەڵدڕە
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟![13]

دیارە ڕەوا نییە لە سەکۆی تێخوێندنەوە و هەڵسەنگاندنەوە نوێیەکانی ئەوڕۆ ڕا چاو لە دۆینێی ئاڵۆزی ئەو سەردەمە بکەین، بۆیە دوور لە هەر چەشنە خۆش خەیاڵی و بەرچاوتەنگی و پاکانەکردنێک، لێرەدا هەوڵ دەدەین هۆی ئەو دیاردەیە واتە پێوەندیی سیاسی کورد و سۆڤیەت کە تانەت بەستێنی شێعر و شاعیریشی گرتەوە، ڕوون بکەیەنەوە:

١) سیاسەتی زۆڵم و زۆری و سەرەڕۆیی حکوومەتی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی دەرهەق بە کوردان ئەوەندە توند و تیژ و دڕندانە بوو، تەنیا پڕیشکەیێک پێویست بوو کە ئاگری خەبات لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەڵائیسێنێ و، ئەو پڕیشکەیەش بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانی و هاتنی هێزی هاوپەیمانەکان و وەلانانی ڕەزاشا، کەوتە نێو باڕووتی ئاوات و ئامانجە لەمێژینەکان.

٢) هەڵسوکەوت و ئاکار و ڕەفتاری «ئەرتەشی سوور» لە بەرانبەر خەڵکی بێچەکی کورد، بەتایبەت بە بەراوردکردن لەگەڵ تاڵان و بڕۆ و کوشتاری «ئەرتەشی سپی» شەڕی یەکەمی جیهانی کە تائەوکاتیش لە زەینی خەڵکیدا مابۆوە[14]؛ وەک فریشتە دەهاتە بەرچاو.

٣) تا ئەوکاتە هیچ هێزێکی گەورەی هەندەری نەبوو کە لە مافی گەلی کورد پشتیوانی بکا، تەنانەت ئەگەر ئەو پشتیوانییەی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ماوەیێکی کاتیش بووبێ، توانی وەک پارسەنگێک لە ناوچەدا، مانۆری دەوڵەتی ناوەندی لە سەر کوردان لاواز و بێ بایەخ بکاتەوە.

٤) نە ئینگلیس و نە ئەمریکا، حازر نەبوون یارمەتی کوردان بکەن، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە قازی محەمەد پێشەوای گەلی کورد هەر لە سەرەتاوە بۆ نزیکبوونەوە لەوان زۆری هەوڵدا.

٥) بوونی خەتێکی لایەنگری کردن لە دەوڵەتی سۆڤیەتی زاڵبوو بە سەر نازیسم دا لە نێو خەڵکی کورد و بەتایبەتیش لە نێو «کۆمەڵەی ژ.ک» و دواتریش لە نێو«حیزبی دێمۆکرات» ، هەڵبەت وەک هێزێکی دۆست و ڕاگری پارسەنگ، نەک وەک هێزێکی مەڕامی و ئیدەئۆلۆژیکی.

٦) بارودۆخی ناوچەیی و ژێۆپۆلیتیکی کوردستان (موکریان) و هەلومەرجی سیاسی و دیپلۆماسی.

٧) بەشداری نوێنەرانی ڕاستەوخۆی ڕووسەکان لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە ومێتینگەکانی ناوچەی موکریان و پێوەندییان لەگەڵ خەڵکی کورد بەگشتی و سەرۆک عەشیرەتەکان بەتایبەتی.

٨) بڵاوبوونەوەی نێو و نیەتی خێرخوازانەی یەکیەتی سۆڤیەت، لە شۆڕشی ئۆکتۆبر(١٩١٧) بەو لاوە.

بەمجۆرە، بە ئاوێتەبوونی سەرجەمی ئەو خاڵانە بەیەکەوە، چارەنووسی مەسەلەی کوردان لە سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەت گرێدەدرێ و هەر بەو پێیەش زۆربەی شاعیرانی موکریان بۆ بەرژەوەندی مەسەلەی کورد، ئەو دیاردە سیاسییە لە نێو شێعردا دەگونجێنن.

«سەیفولقوزات» پیرە پێشەنگی شاعیرانی موکریان کە لە ساڵی ١٣٢٣هـ(١٩٤٤)کۆچی دوایی دەکا و ڕووداوەکانی دواتر بەچاو نابینێ، لەوبارەوە گوتوویەتی:

کوردینە ئەوڕۆ ڕۆژی گەپ وکەیف و شادییە
لەو نیعمەتە کە بۆمە ستالینە حامییە
دەستی وە ئێمە داوە کە چیدی زەلیل نەبین
بانگمان دەکا کە ئێرە جێگەی ئیتمینانییە[15]

«هەژار» هاتنی ئەرتەشی سوور، بە(فریشتەی ئازادی) دەشوبهێنێ و لە بەشێکی هۆنراوەی «بەخت وعەقڵ»دا دەڵێ:

هات بە گرمە فرۆکە لە لای مەسکەو
بۆ عەجەم، وەک شەهێن دەچێ بۆ کەو
هەڵمەتێکی گەیاندە تەختی جەم
تێکی دا شەوکەت وجەلالی عەجەم
بە بڵاوبوونی دوو پەڕ ئاگاهی
بوو بڵاو ئارتێشی شاهەنشاهی
شا کە شێر بوو لە ڕاوی مسکین دا
دیم کە مشکە لە ژێر ستالین دا
ئەوی خواردی گەرووی جەفاوجەوری
دی، فڕۆکە و ڕشایەوە فەوری
چ فڕۆکێک؟ موجەسسەمەی شادی
کێی تێدابوو؟ فریشتەی ئازادی[16]

«کۆکەی سانی» وەک کەسێک کە «غافڵ لە وەزعی ڕۆژگار»بێ، موژدەی پێدەگا و دەڵێ:

موژدەیان دامێ کە تۆی غافڵ لە وەزعی ڕۆژگار
تۆ مەگەر نەتبیستووە یەک دەوڵەتی شەوکەت قەوی
دایرەی فەرهەنگی ئێرانی بە دەستووری سەحیح
تا نمایش پێ بدا ئەوزاعی کوردی مونزەوی
میللەتی ئێمەش لە سایەی پەرچەمی داس و چەکوچ
فەرشی شادی ڕابخا بیکاتە بەزمی خوسرەوی
خۆ بە گیان و ماڵ و ڕوحیش حازرە هەر ساعەتێک
گەر تەڵەب کەن شاعیری سانی لە نەسلی کۆکەوی[17]

«هەژار» و «هێمن» کە دوو ئەندامی چالاکی «کۆمەڵەی ژ.ک» بوون و دواتریش دەبنە **شاعیری میللی** کۆماری کوردستان؛ «دەوڵەتی سۆڤیەت» وەک بەدیهێنەری ڕاپەڕین و هەستان و پارێزەری کۆماری کوردستان چاو لێدەکەن. هەربۆیەش قورسایی باری پەسن و تەبلیغاتی ڕەسمی ئەو دیاردەیەی سەردەمی کۆماری کوردستان زۆرتر دەکەوێتە سەر شانی ئەو دوو شاعیرە. ئەوان، وێڕای پەسن و تاریفکردنی قازی محەممەد وەک پێشەوا و ڕەئیس جەمهووری کوردستان کە بەهەق لێی دەوەشاوە؛ بۆ خۆشکردنی تەندووری ئاواتەکان، نێوی «هۆردووی سوور» و «ستالین»یشیان دەکردە دەستەچیلەی شێعرەکانیان. «هێمن»لە جێژنی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و هەڵکردنی ئاڵادا، لە بەشێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

ڕۆژی خەم هاتەوە ئەییامی سروور
جێژنەیە و بەزم و زەماوەندە وسوور
تازە ئاوێرێ بە خاکی واندا
نەتەوی وغەیرە بکا چیدی عبوور
چونکوو لایەنگری مەزلومانە
چونکوو بۆ کوردی هەژارە چاوسوور
هەربژی تاکوو ئەبەد نیستالین
پایدار بێ و نەبەزێ هۆردووی سوور
بۆ فیداکاری لە ڕێی کوردی دا
هەر بژی ڕەببی ڕەئیسی جمهوور[18]

«هەژار» بە بۆنەی هەڵکردنی ئاڵا لە شاری بۆکان، لە پارچە هۆنراوەیێکیدا دەڵێ:

بێ ببینێ ئەو کەسەی پێی وایە کورد سەرناکەوێ
کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەت لە سەرمان ناڕەوێ
ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتیحادی شوڕەوی
سورمەیە بۆ چاوی ئێمە خاکوخۆڵی مەسکەوێ
ڕەببی(ئیستالین) بژی بۆ لاگری مەزڵوومەکان
تا زەمانە خولدەدا و تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ
ڕەببی هەرکەس دوژمنی ئەو میللەتە دڵپاکەیە
ژێرکەوێ، کۆستی کەوێ، ڕەببی سەعاتێک نەسرەوێ[19]

«هێمن» لە هۆنراوەی (بەهاری زانین)دا، سوورایی گوڵی مێلاقە بە سەربازی سوور و شێواویی گوڵی سونبوڵ بە سوپای ژاپۆن و ئاڵمان دەچوێنێ و، ئازادی کوردان لە سەرکەوتنی سوپای سووردا دەبینێ کە لێرەدا بەشێکی دەخەینە ڕوو:

ئەوا هات مانگی خۆشی خاکە لێوە
ئەما سەرما و بۆران و کرێوە
لە لێوی جۆگەلە مێلاقە ئەوڕۆ
لە گوێن سەربازی سوور وێستا بە پێوە
نە وەک کاکۆڵی یارم، بەڵکە سونبول
وەکوو ژاپۆن و ئاڵمانێ پەشێوە
هەموو قەومێک وەسەر کەوتووە لە هەوراز
بەشی تۆ کوردە تاکەی هەر نشێوە
هەتا پێ ییێک لە بێرلین بچێتە پێشێ
سوپای سوور، دێتە پێش ئازادی ئێوە
بژی مارشال ستالین پێشەوای ڕووس
کە ئازادی لە گیتی دا بەشێوە[20]

«هەژار» شاعیری میللی لە شوێنێکی دیکەدا، بە بۆنەی بەخێرهێناوەی سێ کەس لە دامەزرێنەرانی «کۆمەڵەی ژ.ک»: «دڵشاد ڕەسوولی»، «عەبدولڕەحمانی زەبیحی ـ بیژەن» (خەڵک دەیانگوت: بێژن) و «قاسمی قادری» کە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ورمێ لە لایەن دەوڵەتی ئێران گیرابوون، دیداری سەرلەنوێی ئەوان و«ئیستیقلالی کوردستان»و پەسنی «پێشەوا قازی» و «هۆردووی سوور» تێکدەخاتەوە و دەڵێ:

«بیژەن» کە تۆم دی بڕوات ببێ پێم
جێژنی ئیستیقلال تازە بۆوە لێم
«دڵشاد» هەر شاد بی وەک شادت کردم
لە زیندانی خەم ئازادت کردم
«پیاو»ی ئازا و ژیر بەخێر بێتەوە
دوامین گرێی دڵ بەو دەکرێتەوە
پێتان دڵخۆشە دایکی نیشتمان
ڕووسوورن لە ڕاست ناموس و ویجدان
کۆتاییو نەکرد بۆ سەربەرزی گەل
بەڵان ڕووی ڕەش بێ لێی قڕاندن قەل
یاخوا هەربژی پێشەوای بەڕێز
سەرۆکی گەورە و سەربەرز و بەهێز
شادە کورد هەتا پێشەوا هەیە
خودا شادمان کەی تا دنیا هەیە
بژی هۆردووی سوور بە فەتح وزەفەر
وەک بۆ هەژاران خۆی کردە لەمپەر[21]

«خالیدی حیسامی ـ هێدی(شێواو)» لە ئاهەنگێکی ئاڵاهەڵکردندا کە ڕۆژی٩/١١/١٣٢٤ بەڕێوەچووە لە بەشێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:

ئۆخەی کە قەومی کوردیش پێکهات مەرام ومەیلی
لە هەوری ڕەش وەدەرکەوت ئەستێرەکەی سوهەیلی
ڕەببی بژی ئیستالین بە هۆی ئەو قارەمانە
کوردیش بە خۆشی ئەوجار گەلێکی نێو گەلانە
هەر شاد بێ ئەرتەشی سوور ئەو لشکرە حەلیمە
تا پشتیوانی چاتر مەحکەم ببێ گەلی مە

پیرۆز بێ جێژنی کوردان دڵشاد بێ لەشکری سوور
هەربژی خۆشەویستمان سەدر و ڕەئیسی جەمهوور[22]

هەر وەک لەو هۆنراوانەی سەرەوەڕا دەردەکەوێ پەسن و پێهەڵگوتنی دەوڵەتی سۆڤیەت، سەرەڕای ئەوە کە تێخوێنەرەوەی بارودۆخی سیاسی و دیپلۆماسی و ڕەنگدەرەوەی زەوقی کۆمەڵایەتی و بیروڕای گشتیی بووە، تاڕادەیێکش جەختکەرەوەی تەبلیغاتی ڕەسمی حکوومەتی کۆماری کوردستانیش بووە.[23]

دیارە لە نێو شاعیرانی موکریاندا هێندێک کەس هەبوون لەگەڵ ئەوەش کە پشتیوانیان لە حیزب و کۆماری کوردستان کردووە، بەڵام کەمتر خۆیان لەو دیاردەیە داوە. ئەوانە بریتی بوون لە«خاڵەمین بەرزنجی»، «هەباسی حەقیقی»، «سەید کامیلی ئیمامی ـ ئاوات(زرینگ» و «محەمەدی گلۆلانی(عەتری)» و... کە هەر کام بە بۆنەی جۆراوجۆر شێعریان گوتووە و لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا بەشداریان کردووە. «خاڵەمین» لە هۆنراوەیێکدا کە لە جەلەسەی ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢٤دا دەیخوێنێتەوە، لە سەر یەکێتی و برایەتی پێدادەگرێ و دەڵێ:

بە گوێی دا وای سریواندم فریشتە
گوڵی هیوای کوردستان دەپشکوێ
شەفای دەردی دڵە حیزبی دێمۆکرات
دەوایە بۆ برینی جەرگی توێ توێ
بڵێ: بەو دەستە، دیکتاتۆری زگ زل
زگی دەدڕم لە جێی خۆی هەر ببزوێ
برابن پیاوی چا بن دوژمنی خۆ و
بە هەموان ڕێی کەون تا ئەسپو دەسوێ
هەتا هەڵکەوتووە بۆت ئەو هەلی خۆش
دەلینگی لێ بدە و قامک مەنێ گوێ
لە بۆ قازانجی کوردان نای پسێنم
ئەگەر سەدساڵی دەستم بەستی بەموێ
ئەگەر خوێندبێتەوە باوەڕ دەکەی پێم
قەسیدەی بانەمەڕ یا خدرە گروێ[24]
کە دەستی برا لە هەر کارێکی ببڕی
بزانە لاقی خۆت دەبڕی بە تەشوێ
ڕەببی هەرکەس لە کوردان ماڵی تێکدا
شەویلکەی ڕەق بێ چاوی زەق بێ نەجوێ
تکای خاڵم لە هێمن هەر ئەوەندە
نەپێوێ نیوە شێعرانم بە دەزوێ[25]

«سەید کامیلی ئیمامی(زرینگ)» لە هۆنراوەیێکدا تاریفی «پێشەوا قازی» دەکا و دەڵێ:

هاتەدەر ئەوڕۆ لە میحنەت میللەتی مەغدووری کورد
گەینە ئاوات و مەرامی خۆ، هەموو ڕەنجووری کورد
بێ کەس و بێ دەربوون ئەمما تۆ گەیشتی بوویە کەس
هەر بژی بۆ لاگری مە، ئەی ڕەئیس جەمهووری کورد
هیممەتی تۆ بوو لە سەر هەر هەرد و بەرزایی وڵات
دەیشەکێنێ بای فەڕەح بەیداخی سەوز وسووری کورد

ئەی زرینگ تۆش ڕوح وگیانی خۆت فیدای ئەو زاتە کە
تا بڵێن پێت ئافەرین ئەی ڕۆڵەکەی مەشهووری کورد[26]

«هەباسی حەقیقی» لە هۆنراوەیێکدا بە بۆنەی جێژنی هەڵکردنی ئاڵا لە شاری بۆکان، کوردەکان بۆ پاراستنی نیشتمان و ئاڵای کوردستان کە وەک ڕۆژ لە بورجی میناڕەنگ هاتووە دەرێ هاندەدا و دەڵێ:

هاتەدەر ڕۆژ لە بورجی میناڕەنگ
لاچوو تاریکی تێپەڕی شەوەزەنگ
گوڵی شادی لە باغی ئازادی
هاتە دەر زۆر بە ناز و عیشوە و ڕەنگ
بولبولی نیشتمانی کوردستان
دەچریکێنێ بۆی، بە سەد ئاهەنگ
حافزی نیشتمان و ئاڵا بن
مەپرینگێنەوە لە تۆپ و تفەنگ[27]

«محەمەدی گلۆلانی(عەتری)» کە یەکێک لە شاعیرە بە تەمەن و خاوەن ئەزموونەکانی موکریان بووە و زۆرتر ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی لە قاڵبی غەزەلدا دەربڕیوە، لە هۆنراوەیێکیدا لە زمان (دایکی وەتەن)ەوە خۆشحاڵی خۆی وێڕای پەسنی قازی محەمەد، لە وەزعی پێکهاتوو ڕادەگەیێنێ ودەڵێ:

لاوەکان دایکی وەتەن ئەوڕۆکە زۆر خۆشحاڵە لێو
چون لە سەر نێو ونیشانی، دستی مەردیو کردەوە
ئەی بژی (سەدری موعەززەم) پێشەوای قەومی کورد
چون لە سەر تەختەی زەمانە ئەردی کوردی بردەوە
هەر بژی (سەدری موعەززەم) ڕێنوێنی قەومی کورد
هەر بژی، ناموسی نۆ میلیۆنی کورد کۆ کردەوە[28]

بە گوێرەی ئەو بەڵگە شێعرییانەی کە لێرەدا وەک دەستاوێژ خرانەڕوو، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و توند و تیژبوونی ڕەوتی خەبات لە ماوەی کۆماری کوردستان دا، شکڵ و ناوەرۆکی شێعری کوردیش، تاڕادەیێک گۆڕانی بەسەردادێ و، هەربەو پێیەش ئەرک و ئامانجی شێعر بەتایبەت بۆ کۆمەڵەگەی نەخوێندەواری ئەو سەردەمە کە وەک گرینگترین کەرەسەی تەبلیغات و ڕاگەیاندن چاوی لێکراوە، دەگۆڕدرێ. بۆیە بە کورتی دەکرێ چەند خسڵەت و تایبەتمەندیی جیاواز لە جاران بۆ ئەو ڕەوتە کەمخایەنەی سەردەمی کوردستان دەستنیشان بکەین و بڵێین:

ـ شێعر، تا ڕادەیێک لە قاپیلکەی شێوازی کلاسیکی(سۆفیگەری و ئەوپەڕی سروشتی) و بێلایەنی و دوورەپەرێزی ڕەها دەبێ، لە چوارچێوەی مزگەوت و خانەقا و دیوەخانان دێتە دەر و ڕەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەرەنگاری بە خۆوە دەگرێ.

ـ شێعر، سەرنج دەداتە مەسەلەی «ژنان» و بۆ تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و سیاسی هانیان دەدا.

ـ شێعر، هێڵی زمانی ڕەق و دەقی باوی فکری و فەلسەفی بەردەدا و دێتە سەر هێڵێکی پەتی و پاراو ساکار.

ـ شێعر، جەغزی کێشی عەرووزی و ناخۆیی دەشکێنێ و دێتە نێو سنووری کێشی پەنجەیی و خۆماڵی و خەڵک پەسندەوە.

ـ شێعر بۆ یەکەمجار دەبێتە سەنگەر و پێداهەڵدەری ئامانجی وەدیهاتووی قۆناغێکی مێژوویی و نەتەوەیی گەلی کورد، کە لە «کۆماری کوردستان» دا خۆی نواندووە.

ئەوەی ڕاستی بێ، هەرچەند قەڵەمڕەوی جوغرافیایی کۆماری کوردستان لە چاو خاکی بەرین و بەربڵاوی کوردستان (و تەنانەت بەشی ڕۆژهەڵاتیش) زۆر تەسک و تەنگەبەر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئاکامی پرۆسەیێکی مێژوویی و نەتەوەیی گەلی کورد چاوی لێکراوە. هەر بۆیەش، بە تێکڕایی لەلایەن شاعیران و ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی نیشتمانپەروەری هەموو بەشەکانی کوردستان بەتایبەت کوردستانی گەرمێن وەک دەستکەوتێکی گرینگی نەتەوەیی پشتیوانی لێکراوە.

ڕاستە کۆماری کوردستان، بە هۆی پیلانی دوژمنانی ناوخۆیی و هەندەری و بەتایبەت پاشگەزبوونەوەی سۆڤیەت لە بەڵێنییەکانی، زۆر زوو جوانەمەرگ بوو و بۆی نەلوا وەک دەوڵەت شکڵی قانوونی و نێونەتەوەیی بە خۆوە بگرێ و سەقامگیر بێ؛ بەڵام توانی وەک نوختە وەرچەخانێکی گرینگی مێژوویی بکرێتە بەڵگە و شەقڵی خۆی لە لاجانگی مێژوو بدا و بدرەوشێتەوە.

بە کورتی، هەروەک لە ناوەرۆکی باسەکەشدا دەردەکەوێ، ئەگەر گرینگترین ئەرکی شێعر لەو ماوە کورتەدا، پەسن و تەبلیغات و پڕ ڕەنگ کردنەوەی هەموو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە بێ کە لە خزمەت بەرژەوەندیی ئەو کۆمارە ساوایەدا بووبن، کۆماری کوردستانیش سەرەڕای تەمەن کورتی و کەمخایەنی، ئەو بوارەی ڕەخساند کە ئەو ڕێبازە ئەدەبییەی کە بە هۆی شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان سەری هەڵدابوو، بە هۆی شاعیرانی دەستەی دووهەم(سەر بە کۆمار) وەک: «هەژار» و «هێمن»و ... پەرە پێبدرێ و تا ئێستەش درێژەی هەبێ...[30]

لە کۆتاییدا، بەر لەوەی ڕشتەی قسەکانم لێ ئاڵۆز بێ، دەخوازم بە یادی هەموو شاعیرانی ئەو دەورەیە، لە ئاوریشمی شێعر پەنجا گوڵینگی ڕەنگاوڕەنگ بە باڵای «چوارچرا»ی «کۆماری کوردستان» هەڵاوەسم و بەو تاکە شێعرەی «هێمن»ی ماشەری باسەکەم هەڵوێژنم:

ئەی پەریزادی مەهابادی! ئەتۆ ون بووی لەمن
تۆ بەدیکەم کوا پەریزادە و پەری چینم دەوێ

•••

**تێبینی:**

١) هۆنراوەی هەموو شاعیرەکان لەو باسەدا بە ڕێنووسی (ستاندار) ئەوڕۆیی نووسراونەتەوە.

٢) لێرەدا، جێی خۆیەتی، پڕ بەدڵ سپاسی کاک **مەحمود مەلا عززەت**، د. ئەمیری حەسەنپوور و **حەسەنی قازی** بکەم کە فتۆکۆپی هێندێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی «کۆماری کوردستان»یان لە پێوەندی لەگەڵ ئەوباسەدا بۆ ناردووم.

**سەرچاوە وپەراوێزەکان:**


١) بڕوانە: *دیوانی سیف القضات*، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، ل٣٥و٣٦.
٢) **هێمن**، *تاریک وڕوون*، ل ٤٩، چاپەمەنی سەیدیان، مەهاباد.
٣) **جەمال نەبەز**، *گۆڤاری نیشتمان*، ل ٢/3/، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد، ١٩٨٥.
٤) ـــ ل ١٩ /114.
٥) ـــ ل ١٩ /48.
٦) ـــ ل ١٠ /132.
٧) ـــ ل٢١و٢٢ /116-117.
٨) **هەژار**، *ئاڵەکۆک*، ل ٧)١٢، چاپخانەی تەورێز، ١٩٤٥(١٣٢٤ه).
٩) **هەژار**، *بۆ کوردستان*، ل ٣١٤، چاپی چوارەم، سوێد، ١٩٨٨.
١٠) **جەمال نەبەز**، *گۆڤاری نیشتمان*... ل ٢٢ /79.
١١) **هەژار**، *بۆ کوردستان*، ل ٣١٠ تا٣١٢، چاپی چوارەم، سوێد، ١٩٨٨.
١٢) بڕوانە: **جەمال نەبەز**، *گۆڤاری نیشتمان*... ل ٢٣/80.
١٣) ـــ لاپەڕەی ٧٢ تا ٧٧.
١٤) بڕوانە: بەشی یەکەمی ئەو باسە، گزینگ ژمارە ١٣، ل ٦٤.
١٥) بڕوانە: *دیوانی سیف القضات*، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، ل ٦٩.
١٦) **هەژار**، *ئاڵەکۆک*، ل ٧)١٢، چاپخانەی تەورێز، ١٩٤٥(١٣٢٤ه).
١٧) گۆڤاری *کوردستان*، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤(٦ی دێسامبری ١٩٤٦).
١٨) ڕۆژنامەی *کوردستان*، ژمارە ٢٠، ٨ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(١٩٤٦).
١٩) ڕۆژنامەی *کوردستان*، ژمارە ١١، ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(١٩٤٦).
٢٠) گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ١، لاپەڕەی ١٨، ڕەشەمەی ١٣٢٤، چاپخانەی بۆکان.
٢١) ڕۆژنامەی *کوردستان*،ژمارە ٢٠، ٨ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(١٩٤٦).
٢٢) ڕۆژنامەی *کوردستان*، ژمارە ٢٠، ٨ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(١٩٤٦).
٢٣) ئەو دیاردەیە جارێکی دیکەش لە ساڵی ١٣٥٨(١٩٧٨) سەبارەت بە بزووتنەوەی کورد، سەری هەڵدایەوە و تەنانەت شادڕەوان دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەری (حدکا)، هاوینی هەر ئەوساڵە لە ئوتقێکی خۆیدا لە «چوارچرا»ی مهاباد، ئەو دیاردەیەی جەخت کردەوە و گوتی: «... دەمەوێ مزگێنیتان بدەمێ کە سۆڤیەت لەهەر بارەوە پشتیوانیمان دەکا...».
ئەو کاتە کە خۆم لە تەنیشتی ڕاوەستابووم دوای قسەکان عەرزم کرد: کاک دوکتور بە ڕاستیتە، لە وەڵامدا گوتی: لەوەی گەڕێ، جارجار دڵگەرمی پێویستە»!
٢٤) «خدرە گرۆێ» کەسێک بووە کە لە زەمانی ڕەزاشادا، لە بەرانبەر کردەوەیێکی بێ ئامووسانەی کاربەدەستانی شا، لە ماڵە خۆی مەتەرێزدەگرێ و دوای کوشتنی چەند ئەمنییە(ژاندارمە)بۆخۆشی پیاوانە دەکوژرێ.
٢٥) گۆڤاری *کوردستان*، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤(٦ی دێسامبری ١٩٤٦).
٢٦) ڕۆژنامەی *کوردستان*، ژمارە ٨، ٨ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(١٩٤٦).
٢٧) گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ١،، ڕەشەمەی ١٣٢٤، چاپخانەی بۆکان
٢٩) گۆڤاری *کوردستان*، بانەمەڕی ١٣٢٥(١٩٤٦).
٣٠) بە لەبەر چاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە باسەکەدا، ئاماژەی پێکراوە، ئەو ڕێبازە بە هۆی شاعیرانی وەک: حەریق و ئەدەب و وەفایی و... بە شێوازی کلاسیکی ( عیرفانی و غەرامی و... )سەری هەڵداوە و دواتر بە هۆی کۆمەڵێک شاعیری دیکە وەک: مەلا مارفی کۆکەیی و شەوقی و سەیفولقوزات پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ ترەوە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە ئێوی ڕێبازی ئەدەبیی موکریان جێگیردەبێ. ئەو ڕێبازە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بە بەشداری و چالاکی گەلێک شاعیری هەڵکەوتوو وەک: هەژار، هێمن، خاڵەمین، ئیمامی(ئاوات)، هەباسی حەقیقی و خالیدی حیسامی(هێدی) و... هەروەها دەستەیێک نووسەری لێهاتوو وەک: سەید محەمەدی حەمیدی، دڵشاد ڕەسوڵی، عەبدولڕەحمانی ئێلخانیزادە(موهتەدی)، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، حەسەنی قزڵجی و... پتەوتر دەبێ و دواتریش پەرە پێدەدرێ.
زۆربەی ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لە دەورەی کۆماری کوردستاندا چالاکیان نواندووە، جگە لە یەک دووکەس نەبێ، هەموویان کۆچی دواییان کردووە و ئەرکی درێژەدانی ئەو ڕێبازەیان بە بەرەی داهاتوو سپاردووە. ■

# پرواز: سیاوش کسرایی

پرواز:

سالها شد تا که روزی مرغ عشق
نغمه زد بر شاخهٔ انگشت من
آشیان آسمان را ترک گفت
لانه‌ای آراست او در مشت من.

دست من پُر شد ز مروارید مهر
دست من خالی شد از هر کینه‌ای
دست من گل داد و برگ آورد و بار
چون بهار دلکش دیرینه‌ای.

سینه‌اش در دستهایم می‌طپید
از هراس دامهای سرنوشت
سخت می‌ترسید از پایان وصل
وز پلیدیهای خاطرهای زشت:

ـ آه اگر روزی بمیرد عشق ما
وای اگر آتش به یخبندان کشد
خندهٔ امروز ما در شام یأس
اختران اشک در چشمان کشد.

من نوازشگر شدم آن بال و پر
من ستایشگر شدم آواز او.
خواستم، بوئیدم و بوسیدمش
با نیازی بیشتر از ناز او.

عاشقان! هر کس که دارد از شما
مرغ عشقی بر فراز شاخسار
پاسداری بایدش هر روز و شب
چشم ترسی بایدش از روزگار.

هر کجا در هر خَم این رهگذر
در کمین، بدخواهِ سنگ اَنداز هست
عشق من پَر داشت آه ای عاشقان
پَر برای جنبش و پرواز هست...

در غروب یک زمستان سیاه
مرغ من زآشیان خود گریخت
دور شد، در اشک چشمم محو شد
بعد از او هم سقف این کاشانه ریخت.

در بهار پُر گل این بوستان
دست من تک ساقه پائیز ماند
برگهای خشک عشقی سوخته
بر فراز شاخه‌ها آویز ماند.

گرچه دیگر آسمانها تیره است
شب، ز دامان افق سر میکشد
باز با پرواز مرغان بهار
آرزوئی در دلم پَر میکشد.

می‌فریبد دل به افسونها مرا
می‌سراید بر من این آوازها:
بال دارد، بال دارد مرغ عشق
باز خواهد کرد او پروازها...

به یادگار برای رفقای باکو
اردیبهشت ۱۳۶۸

سیاوش کسرایی

شێعری: ئەسرایی
وەرگێڕانی: هێرش

«فڕین»

ساڵەها بوو... تاکو ڕۆژی قوسوی عیشق
چاوی بڕیبە سەرچڵی ئەنگوستی من
ئەغمە بێزجێی هێشت هەواری ئاسمان
بوو بە ژوانگە و تارەلانی. مستی من

دەستی من پڕبوون لە سرواری ئەوین
مستی من تێی دا، ئەما هیچ کینەیێ
دەستی من کردی جرۆ، دای خونچە گوڵ
وەک بەهاری دڵگری دێرینەیێ

زەندەقی چوبوو لە داوی چارەنوس
لێی دەدا، دڵ دڵ لە دەستم دا، دڵی
وێدە دوو دڵ بوو لە دوا ڕۆژی ژوان،
هەم لە ئاکاری دزێو و نادڵی:

- ئاخ ئەگەر ڕۆژێکی بمرێ عیشقی مە
وای! کە ئاگر ساتێ ئەیما، پێن و ناو
زەردە خەندێلیان لە شەوگاری پەئس
بزبز، ئەستێرەی ئەنگ دەرژێنن چاو-

بووم بە پێدا هەڵدەری باڵ و پەڕی
هیمەت و سەرخۆش بووم لە سای ئاوازی ئەو
رامدە بووسی، بۆم دەکرد، خۆشم دەویست
ئەمدی وەک من کەس بگێتێ نازی ئەو

***

ماوەیتی ←

عاشقان هەرکەس لەنێو، بێهەوەی
قوومری عیشقێ، وا بەسەر پۆپی چنار
شەونخونی پێدەوێ، ڕۆژ و شەوێ
چاو دەترسێ هەم لە چاوی ڕۆژگار

هەرچەنێ سواری لەم کۆلانە دا
ڕاست و چەپ بەرخواس، هەڵام بۆ سەبە
«عیشقی من باڵی هەبوو ئەی عاشقان
بۆ فڕینە گەر پەڕو باڵی هەبە...»

وەرزی زستانێکی تووش لای زەرد و پەر
قوومری خنجیلانەکەم بۆ ڕا و هەڵات
دووربوو ون بو لە نێو فرمێسکی چاو
کۆشکی من بێ دی ڕما و چۆڵ بوو وڵات

لەم بەهارە پڕگوڵەی ئەم باخەدا
تەک ئەلی پایز لە دەستما، ما یەوە
دوا گەڵای وشکی ئەوینێکی خەتوز
وا بەسەر پۆپەی چڵا، دەستما یەوە

گەرچی نەدی ئاسمان گرتوو ڕەشە
دارەپۆشێ باڵی شەو، ئاسۆی خەیاڵ
هەرکەدەفڕێ پۆلی باڵندەی بەهار
وەختە پەڕ بگرێ دڵم وەک بای شەماڵ

دەمەر بووێنێ و دەداهاتم، دڵم
ئەم سروودانەم بەسەر دا، هەڵدەڵێ:
بگرە دوو باڵ بگرە دوو باڵ قوومری عیشق
بەرزە فڕبە بەرزە فڕ، وەک هەودەڵێ...

***

باکۆ - گولانی ١٣٦٨
هێرش

## «فڕین»

ساڵەها بوو.. تاکوو ڕۆژێ قومری عیشق
چاوی بڕیە سەر چڵی ئەنگوستی من
نەغمەبێژ جێی هێشت هەواری ئاسمان
بوو بە ژوانگە و تازەلانی، مستی من

دەستی من پڕ بوون لە مرواری ئەوین
مستی من تێیدا نەما هیچ کینەیێ
دەستی من کردی چرۆ، دای خونچەگوڵ
وەک بەهاری دڵگری دێرینەیێ

زەندەقی چووبوو لە داوی چارەنووس
لێی دەدا دڵدڵ لە دەستم دا، دڵی
زێدە دوودڵ بوو لە دواڕۆژی ژوان
هەم لە ئاکاری دزێو و نادڵی:

« ئاخ ئەگەر ڕۆژێکی بمرێ عیشقی مە
وای کە ئاگر ساتێ نەیما، تین و تاو
زەردەخەندێکمان لە شەوگاری یەئس
بزبز ئەستێرەی ئەشک دەڕژێننە چاو »

بووم بە پێداهەڵدەری باڵ و پەڕی
مەست و سەرخۆش بووم لە سای ئاوازی ئەو
ڕامدەمووسی، بۆم دەکرد خۆشم دەویست
نەمدی وەک من کەس بکێشێ نازی ئەو

عاشـــقان هـــەرکەس لە ئێـــوە بیـــهەوێ
قومـــــــــری عیشقێ وا بە سەر پۆپەی چنار
شـــــەونخـــوونی پێدەوێ، ڕۆژ و شـــەوێ
چاوەترسیـــــی هـــــەم لە چـــاوی ڕۆژگار

هەر خـــــــەمێ بنـــــوارِی لەم کـــۆڵانـــــەدا
ڕاست و چەپ بەدخـوایە، هەر لام بۆسەیە
«عیشقی من باڵی هەبـــوو ئەی عاشـــقان
بۆ فڕینـــــە گـــەر پەڕ و بـــاڵێ» هـــــەیە..

وەرزی زستـــانێکی تووش لای زەردەپەڕ
قومـــری خنجیـــلانەکەم تـــۆرا و هــــەڵات
دووربوو، ون بوو لە نێو فرمێـــسکی چاو
کۆشکی من بێ وی ڕما و چۆل بوو وڵات

لـــــەم بەهــــارە پڕ گوڵەی ئەم بـاخەدا
یەک چڵی پاییــــــز لە دەسمـــــا مایەوە
دوا گەڵای ویشـــکی ئەوینێکی خەڵووز
وا بەسـەر پۆپـــەی چڵا دەشنــــــــایەوە

گەرچی ئیـــدی ئاســـــمان گرژ و ڕەشە
دادەپۆشێ باڵی شــــەو، ئاسـۆی خەیاڵ
هەرکە دەفڕن پــۆلی باڵنـــــدەی بەهار
وەختە پەڕ بگرێ دڵم وەک بای شـەماڵ

دەمفــریوێنـــیٚ و دەدا هــــــــــانم دڵم

ئەم ســــــرووودانەم بە ســـەردا هەڵدەڵیٚ:

بگــرەوە باڵ بگــرەوە باڵ قومری عیـشق

بـەرزەفڕ بە، بــەرزەفڕ، وەک هـەوەڵیٚ ..

....

شێعر: سیاوەش کەسرایی

وەرگێڕانەوە: س.چ.هێرش، باکۆ- گوڵانی1989

## بەشداریی لە "هێندێک تێبینی زمانیی"

س. چ. هێرش

ئەو ڕۆژانە لە بلۆگ (ماڵپەڕ)ی "ڕوانگە" کە کاک حەسەنی قازی خۆی بەڕێوەی دەبا و بابەتی تێدا دەنووسیٚ، چاوم بە باسێکی زۆر بە کەڵک و پێویست و وروژێنەر لە ژێر نێوی "هێندێک تێبینی زمانیی" کەوت کە تەواو سەرنجی منی تامەزرۆی باسێکی ئەوتۆی ڕاکێشا و، هەر بۆیەش وێڕای دەستخۆشانە لە بەڕێزیان، دەمەویٚ بە پێی توانایی و سەلیقەی زمانیی لەو زنجیرە باسەدا بەشدار بم و بیروبۆچوونی خۆم دەربڕم.

شیاوی گوتنە، لە زنجیرە باسی تایندا کە تا ئێستا 4 بەشی لیٚ بڵاوبووەتەوە، نووسەر هەوڵی داوە (وە وابزانم درێژەشی دەبیٚ) کۆمەڵێک وشە و زاراوە و دەستەواژەی قەبە و داتاشراو و بەهەڵە دەکارکراو دەستنیشان بکا کە لەگەڵ بنەمای زمانەوانی و ڕێسای ڕێزمانیی یەک ناگرنەوە.

بەر لەوەی بمهەویٚ بچمە سەر ئەسڵی بابەت، جێی خۆیەتی جەخت لە سەر ئەوە بکەمەوە کە من دەگەڵ بەشێکی زۆر لە بیروبۆچوونە زمانییەکانی نووسەر واتە کاک حەسەن کۆکم و، دیارە ئەوەش لە ئاکامی تێکەڵاوی و هاوکارییەک بووە کە ماوەی چەند ساڵێک لە گۆڤاری"گزینگ" دا بەیەکەوە بوومانە.

نووسەر لە بەشی یەکەمدا، دوو زاراوەی ڕەزاگرانی"لەسەر زاری" و "لەمیانە"ی هێناوەتەوە و لە توێی باسەکەیدا قەبەبوونی ئەو دووانەی بە دەلیل و دەستاوێژ سەلماندووە، هەربۆیەش حەوجیٚ بە لەسەرڕۆییشتن لە لایەن منەوە ناکا!

لە بەشی دووهەمدا، وشەگەلی "شوناس"، "ناسنامە" و "پێناسە" کە زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەران بەتایبەت لە کوردستانی باشوور دەکاریان دێنن، شیکراونەتەوە. نووسەر، لەبری ئەو وشەگەلە سێ جێگری وەک: "ناسێنە" یان "ناسە"، "هەوێتی" و "کێیی" داناوە و لە باسەکەیدا ئاماژەی پێکردووە،من وشەی"هەوێتی"م هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە زۆر بە دڵ بووە، کە لە بری وشەی ئینگلیسیی "ئیدێنتیتی" دەکار کراوە.

نووسەر، لە بەشی سێهەمی باسەکەیدا، بە هێنانەوەی بڕگەگەلێک لە بیروبۆچوونەکانی مامۆستا "دەیڤید کریستاڵ"، چەند وشە و زاربێژی ئینترنێتیی وەک: ماڵپەڕ، زێد و وێبنووس خستووەتە بەرباس و، لە کۆتاییشدا پێشنیاری ئەوەی کردووە کە لە بری بلۆگ{نووس}، وێبنووس دابندرێ کە تا لە بیرم نەچووە ئەوەی لێ قەبوڵ دەکەم، بەڵام ئەوەیکە دەڵێ: "بە پێی بۆچوونی من ئەم وشە و زاراوانەی خوارەوە کە تا ئێستا دەکارکراون هێندێکیان بە جوانی جێی خۆیان کردووەتەوە"، جێگەی قسەلێکردنە. لەو وشە و زاراوانەی کە نووسەر باسی دەکا تەنیا یەکێکیان واتە: "ماڵپەڕ" جێی خۆی کردووەتەوە نەک (هێندێکیان!). هەروەها ئەگەر قەراربێ "ماڵپەڕ" جێی خۆی کردبێتەوە و نووسەریش پەسندی کردبێ، ئیدی "زێد" کە مانای ماڵ| هوم دەدا، وابزانم زیادی یە.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە مادام نووسەر خۆی دەروازەی ئەم باسەی بۆ خوێنەرەوان و لایەنگرانی ئەو بابەتە کردووەتەوە، دەبوو گەلێک وشە و زاراوە و زاربێژی باوی دەکارهاتوو، وەک "ئێمێسێن"، "چات"، شات، پاڵتاگ (چەقەخانە)... بخاتە بەرباس کە شارەزا و خاوەنڕایان لە سەریان دوابان و بە ئاکامێکی شیاو و گونجاو گەییشتبان.

لە کۆتاییدا وێڕای سپاس لە کاک حەسەن بۆ دەستپێشخەری ئەو زنجیرەباسە، هیوادارم کەسانێکی زیاتر تێوەبگلێن و بیروڕای خۆیان بخەنەڕوو.

با بەشی چوارەم بۆ دەرفەتێکی دی هەڵبگرم و بڵێم: جارێ لای ئێوەمان خۆش.

28/06/2007

Posted by Ruwange --- ڕوانگە at 11:12 AM 0 comments Links to this post




## ژیاننامەی شاعیر:

1– سولەیمانی چیرە (هێرش) لە دایکبووی ساڵی 1951 ، لە تەمەنی 5 ساڵیدا لە گوندی (هەمزاوا)ی نیزیک شاری مهاباد کە بۆ یەکەمجار مەدرەسەی لێ کراوەتەوە دەبەر خوێندن نراوە و سێ ساڵی دەورەی سەرەتایی دە خزمەت مامۆستایان: «حاجی گوڵجەبینی» و «سولەیمانی حەبیب پەنا» دا دەرسی خوێندووە. دواتر وێڕای بنەماڵەکەیان، بە یەکجاری نیشتەجێی شاری مهاباد بووە. لە ساڵی 1347ی هەتاوی (1968ز) دیپلۆمی ئەدەبی وەرگرتووە.

2– ساڵی 1348ی هەتاوی کە بە هۆی کەمتەمەنیی بە سەرباز وەرنەگیراوە، لە کارگەی دارتاشی (نەججاڕی)ی باوکیدا کاری کردووە. پاشان هەر لەو ساڵەدا لە ڕشتەی جۆفرافیای ئابووری(دانیشکەدەی ئەدەبیات|کۆلیجی ئاداب)ی زانستگەی تەورێز درێژەی بە خوێندن داوە و لە ساڵی 52–1353(73–1974) پلەی لیسانسی لەو ڕشتەیەدا وەرگرتووە.

3– لە دەورانی خوێندنی زانستگادا چەندجار لە لایەن دامودەزگانی پۆلیس و ساواک بە تاوانی ڕێکخستنی خۆپێشاندانی خوێندکاران و چالاکیی سیاسی گیراوە و ئەشکەنجە دراوە کە جاری ئاخر بە ساڵێک زیندان سزا دراوە و لە گرتووخانەی شاری تەورێز ڕاگیراوە.

4– دوای وەرگرتنی لیسانس، بە پلەی ئەفسەری. ساڵێک (74–1975) لە شاری مەریوان، لە دەبیرستانی تێکەڵاوی کوڕان و کچانی «فەڕوخی» لە پۆلەکانی دواناوەندیدا وانەکانی مێژوو، جۆغرافیا و ئەدەبیاتی گوتووەتەوە. بەڵام ساڵی دواتر، لە لایەن دامودەزگای ساواکەوە بە تاوانی پێیشینەی سیاسی، دەرەجەی ئەفسەری لێ ئەستێندراوەتەوە و بە پلەی سەرباز، بۆ شاری بیرجەند لە باشووری ئەستانی خۆراسان دوورخراوەتەوە.

5– سالی 1976 وەک مامۆستا لە شاری شائابادی غەرب(ئیسلامئاباد) دامەزراوە، بەڵام دوای ساڵێک خزمەت و دەرسگوتنەوە لە دەبیرستانەکانی ئەو شارە، دیسان لە ساڵی 1977، بە هۆی دامودەزگای ساواکەوە لە سەر کار دەرکراوە.

6– لەو ساڵە بە دواوە، بۆ بەڕێچوون و بەڕێوەبردنی بژیوی خێزان (هاوسەر و 2 منداڵەکەی) گەلێک کاری جۆراوجۆری گۆڕیوە و، ئاخرسەر وەک جێگری حیسابداری لە شیرکەتێکی خانووبەرەسازیی بە

نێوی «میللی ساختومان ـ دراگادۆس» لە شاری ئەهواز کاری کردووە، بەڵام لەوێش چەند مانگ بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (1979) بە تاوانی بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی دژی ژێژیمی پاشایەتی و هاندانی کرێکاران لە سەر کار لابراوە.

7- دوای سەرکەوتنی شۆڕش (1979)، هەر لە شوێنی پێشوو،واتە لە شاری ئیسلامئابادی سەر بە ئەستانی کرماشان دەستی بە دەرسگوتنەوە کردووەتەوە. بەڵام لە لایەن ڕێژیمی تازەخۆگرتووی کۆماری ئیسلامییەوە لە ساڵی 1980 بە تاوانی دێمۆکرات ـ توودەیی، سەرەڕای چەندجار هەڕەشەی کوشتن و تیرۆرکردن لەلایەن گروپی «شیت» (کورتکراوەی: شورای یاری توهیدەستان) و پاسدارانەوە، کارەکەی لێ ئەستێندراوەتەوە و؛ بۆ بژیوی ژیان ماوەیەک لە دوکانێکی باربووکراودا خەریکی کتێبفرۆشی (کتێب و قەڵەم و دەفتەر و کاغەز) بووە کە دوکانەکەیان دوا جار لێ تەقاندووەتەوە. ماویەکیش وێڕای کار و چالاکیی سیاسی لە ڕێکخراوی ئەیالەت(هەرێم)ی حیزبی توودەی ئێران ـ کرماشان، کاری شۆفیریی لە سەر وانێت (پیکاب) کردووە.

8- لە ساڵی 1982 دا پەڕیوەی باشووری ولات دەبێ و تا 1987 لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە (رۆستێ، خواکورک و بادینان..) دەمێنێتەوە تا دواجار، پاش برینداربوونی بە هۆی بۆمبارانی شیمیایی. بۆ هەمیشە نیشتمان بە جێ دەهێڵێ و لە هەندەران (نیزیکەی دوو ساڵ لە ئازەربایجانی سەروو ـ باکۆ و، لە ساڵی 1989 شەوە لە وڵاتی سوێد) دەگیرسێتەوە.

9- نێوبراو لە ساڵی 1988ەوە پێوەندی بە هیچ ڕێکخراو و حیزب و لایەنێکی سیاسیی کوردی و ناکوردییەوە نامێنێ و بۆ هەمیشە واز لە سیاسەتی ڕێکخراوەیی و حیزبایەتی دەهێنێ. ئەو بۆ بژیوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی، هەرگیز سەرباری وڵاتی سوێد نابێ و، تا کاتی نەخۆشی خەریکی کاری جۆراوجۆر دەبێ.

10- هێرش لە 9ی ئاپریلی 2013 دوای ململانێ دەگەڵ نەخۆشییەکی سەخت ، لە نەخۆشخانەی کارۆلینسکای ستۆکهۆڵم، ماڵئاوایێ لە بنەماڵە، ئەدەبدۆستان و ژیان دەکا و لە ستۆکهۆڵم دەنێژرێ.

11- لە ساڵەکانی 1962 بەم لاوە دەگەڵ رادیۆی کوردی کرماشان پێوەندی نامەیی هەبووە. هەر دە پێوەندی دەگەڵ ئێزگەی رادیۆ کوردییەکان (بەغدا و تاران و کرماشان)دا، زەوق و عەلاقەی شێعر و شاعیری تێدا بەدیهاتووە و، بە گوێگرتنی رادیۆ و خوێندنەوەی کتێب و بڵاوکراوەی کوردی وردەوردە خۆی ڕاهێناوە.

12- زۆربەی نووسراوە و بەرهەمە شێعرییەکانی و هەروەها بەشێکی زۆر لە غەزەلە وەرگێڕاوەکانی «حافزی شیرازی»، یان لە کاتی بێنەوبەرە و گیراندا دەستیان بەسەردا گیراون و، یان لە کاتی ڕاوڕاوێن و هەڵاتهەڵاتی سیاسیدا لە ناوچوون و فەوتاون.

13– ماوەی دە ساڵ (لە پاییزی 1993 تا هاوین و پاییزی 2003 ەوە)، بەرکار و بەرپرسی گۆڤاری وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی«گزینگ» بووە کە تا کاتی وەستانی، 40 ژمارەی بەشێوەی ڕێکوپێک لێ بڵاوکراوەتەوە.

14– نووسەر، دوای وەستانی گۆڤاری «گزینگ»، ماڵپەڕێکی فەرهەنگی ـ ئەدەبی هەر بەم نێوە لە ڕایەڵەی ئینتێرنێتیدا کردبۆوە و بێژگە لە شێعر و نووسینەکانی خۆی، بابەت و بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی دیکەشی تێدا بڵاودەکردەوە.

15– بێژگە لە گوتار و نووسینەکانی گۆڤاری «گزینگ»، تا ئێستا ئەو بەرهەمانەی بڵاو کردووەتەوە:

- «بزەی خوێن» (شێعر)، 1990.
- «هێمن و من» (بیرەوەری)، سوێد: 1992.
- «حیکایەت و پەندە شیرینەکانی مەلا نەسرەدین» (وەرگێڕانەوە)، سوێد 1996.
- ئامادەکردن و پێشەکی و پێداچوونەوەی «دیوانی هێمن موکریانی» وەئەستۆگرتووە کە ساڵی 2003 لە سەر ئەرکی ماڵیی کتێبفرۆشی هەرزان چاپ و بڵاوکراوەتەوە (ئەو کتێبە سەرجەمی بەرهەمە شێعرییەکانی «مامۆستا هێمن»ی گرتووەتەخۆ).
- «حافزی هێرش»، غەزەلگەلی حافزی شیرازی بە کوردی، (وەرگێڕانی ۲۷۰ غەزەل)، سوێد 2015.






NORRA BEGRAVNINGS PLATSEN, SOLNA KYRKVÄGEN, GRIND 3.